# گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕووناکبیرییە

بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ دوو مانگ جارێك دەری دەکات

ژمارە ٥٦-٥٧ ئەیلول- ٢٠١٢

**سەرنووسەر**
عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی

**سکرتێری نووسین**
دانا فایەق

**دیزاین**
ئارام عەلی

چاپ: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی



سلێمانی- بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ- نزیك فولکەی خاڵە حاجی- بەرامبەر قوتابخانەی گەشەی بنەڕەتی

٠٥٣٣٢٩٠٢٧٥

gelawejinwe@yahoo.com

*سانسۆری وەرگر یان سانسۆری رۆشنبیر............ سەلاح حەسەن پاڵەوان......... ............٥
*«پرسیارە بێوەڵامەکان»ی رەفیق سابیر............ عەباس بۆسکانی............................ ١٠
*شاعیری مەزن.. شیعری پیرۆز...................... عەبدوڵڵا عەباس............................ ١٧
*ونبوونی رەهەندی ئیرۆتیک........................ حسەین لەتیف............................... ٢٢
*شیعری ئێران و پێگەی جیهانی....................... و: کاروان حەسەن............................ ٢٧
*ڕازێکی دەروون....................................... سەباح ڕەنجدەر................................ ٣٨
*کاتێک هونەرمەند دەکەنە تارماییی!................ رزگار کەریم سەعید............................ ٤٣
*گێڕانەوە وەکو بونیادی سەرەکیی..................... سۆران ئەحمەد چۆمانی......................... ٥٤
*دۆسیەی ژمارە .............................. (پەیوەندیی نێوان سینەما و ئەدەب).......... ٦٩-١٦٩
*من جونەیدم، زاوا تازەکەی سەفوەت بەگ......... مەحمود نەجمەدین............................ ١٧٠
*دوا مژی سیگارێ...................................... هەژار عوسمان................................ ١٨٠
*چارەکێک ژیانی تر.................................... ئومێد حاجی عوسمان............................ ١٨٣

*له چاوی ورچدا.......................... و: جەلیل کاکەوەیس........................ ١٨٦
*کارەساتی کان له نیۆیۆرک................... و: مستەفا زاهیدی......................... ١٩١.
*وێنەیەکی ترس.............................. و: سەنگەر زراری.......................... ٢٠٠
*تەنیاییەکی ئێجگار دەنگ بەرز................ و: دلاوەر قەرەداغی....................... ٢٠٢
*جیلوەی شکۆدار............................. نەوزاد ڕەفعەت........................... ٢١١
*چەند وشەیەک بۆ شێرکۆ بێکەس................ و: ئاوات حەسەن ئەمین..................... ٢١٤
*بڕیار نەبوو وەها بژیم....................... داستان بەرزان............................ ٢١٨
*بڕیار، زمان، شێوازی ژیان................... سۆران ئازاد.............................. ٢٢١
*گفتوگۆ لەگەڵ عەتا محەمەد-دا.............. سازدانی: هەرێم عوسمان................... ٢٢٥
*چەند سەرنجێک لەسەر کتێبی................. حەکیم مەلا ساڵح.......................... ٢٦٠
*ئەڤین، هەربوونی، مەرگ..................... و: بابەک سەحرانەوەرد..................... ٢٧٩
*سۆفیا لۆرین بە هەوێداری.................... غەمگین بۆڵی.............................. ٢٨٢
*دەستێکم پڕە لە باران....................... و: ئاکۆ کەریم مەعروف..................... ٢٨٦

دۆسیەی
ژمارەی
داهاتوو



# ئەزموونی ڕۆماننووسیی
# بەختیار عەلی



# سانسۆری وەرگر یان سانسۆری رۆشنبیر



**سەلاح حەسەن پاڵەوان**

ئەو تین و تەوژمەی ئەدەبی کوردی لە سەرەتای هەشتا و نەوەدەکاندا هەیبوو ئەمڕۆ بەرەو کوێ دەچێت؟ ئایا توانای نوێبوونەوەی هەیە، یان تووشی باری جێگیری بووە و نە دەچێتە پێشێ و نە دێتە خوارێ؟ یان تووشی باری نووشستی بووە و خەریکە دەکەوێتە نێو شێوەیەک لە دووبارەبوونەوەی بەردەوام؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن ئەمڕۆ دەبێت هەر ئەدیب و دەزگەیەکی ئەدەبی لە خۆی بکات و کەم تا زۆر پێداچوونەوەی بۆ هەبێت.

# وتار

بوونی سستی و لاوازی پرسێکن کە کەم تا زۆر دەمانخەنە نێو خانەی بەرپرسیارییەوە، لەبەرئەوەی کەسی رۆشنبیر هەڵگری بەرپرسیارییەکە، کە دەبێت رێز لەو بەرپرسیارییە بگرێت، لێرەدا نامەوێ تەنیا ئەم بەرپرسیارییە بە تاق و تەنیا بخەمە سەر شانی رۆشنبیر، بێگومان هەندێ لایەن و هۆکاری دیکەش بەرپرسیاری بوونی هەر شێوە ناکۆکییەکی رۆشنبیری و سستیی رۆشنبیرین، رۆشنبیران بەشێکین لەو بازنەیەی کە بوارەکانی تری سیاسەت و کۆمەڵایەتی و زانستی دەگرێتەوە.

زۆر لە رۆشنبیرانی ئێمە هیچ بەرپرسیارییەکیان بەرامبەر بە حەز و ئارەزووی وەرگرەکانیان نییە، زۆریان بە ئاستی نزم دەڕواننە خوارەوەی خۆیان و وا دەزانن تەنیا ئەوان کۆگای زانیاری و مەعریفین و کەسانی تر تەنیا کۆمەڵێ گوێگری قوتابی ئاسان و لەوە کەمتریش کۆمەڵێ گەمژە و نەزانن. رۆشنبیران وا دەزانن کە هەر خۆیان هەڵگری ئالای رۆشنبیریین و ئەوانی تریش دەبێ پاشکۆی ئەوان بن، هەندێکی تر لەو رۆشنبیرانە ئەوەندە بێئاگان لە وەرگر (خوێنەر یان گوێگر یا تەماشاکار) وا دەزانن هەرچییەک بڵێن و هەرچییەک بنووسن بەسەر ئەواندا دەڕوا و هیچ گوێ بە پەرچدانەوەی ئەوان نادەن، واتە رۆشنبیر هەست بەبوونی سانسۆری وەرگر ناکات.

نەبوونی سانسۆری وەرگر وا لە رۆشنبیر دەکات بێ ئەوەی گوێ بە هیچ پەرچدانەوەیەک بدات دەست بداتە کاری بەرهەمهێنان، یان ئاگاداری توانا و زانیارییەکانی وەرگر نین و لەو گۆڕەی شتیان پێ دەفرۆشن، ئەمەش بۆخۆی دەبێتە مایەی دروست کردنی دیوار، ئەو دیوارانەی کە بەشەکانی تری مەعریفیش لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دروستی دەکەن، وەک دیوارەکانی نێوان میللەت و سیاسەت، فەلسەفە و گوێگرانی فەلسەفە.

کەس و کۆمەڵی وەرگر بەرامبەر بە رۆشنبیر کەوانەیەکی داخراو نییە، وەرگر وێرگوڵێکە و بەردەوام شتە گرنگەکان دەخاتە نێو خۆیەوە، سەردەم لە دوای سەردەم دەیەها رۆشنبیر دروست دەبن و هەر زوو لە پڕ دەپووکێنەوە، ئەو رۆشنبیرانە دەشێ بتوانن بۆ ماوەیەک حەز و سۆز و وروژاندنی وەرگر بۆ خۆیان پاوان بکەن و وایان لێ بکەن تەنیا بەچاوی ترسەوە بڕواننە بەرهەمەکانیان، بەڵام ترس لەوە نا کە رۆشنبیرەکە ئەوەندە مەزنە، نەخێر، بەڵکو گومانکردن لە خودی خۆی، وەرگر بۆ ماوەیەکی زۆر بە گومانەوە دەڕوانێتە توانای ئەو نووسەرە، بەڵام چرکەیەک یان ساتێک دێت کە هەست بکات ئەوەی بەرامبەری ترساوە، دیکتاتۆرێکی بۆش و فش بووە و تەنیا سێبەرەکەی بووە ئەوی ترساندووە.

لەم ساڵانەی دواییدا هەندێ رۆشنبیر پەیدا بوون، گێلی و نەزانی، هەندێ وەرگریان بۆ خۆیان پاوان کردووە و بەڕاست و چەپدا گرووپی پێداهەڵدان بۆ خۆیان پێکدێنن، بەڵام هەر زوو لە رۆژنامەیەکدا خوێندمەوە، کە خوێنەرێک نووسیبووی ئەو ماوەیەکی زۆر شارەزای ئەدەبی جیهانی نەبوو، نووسینی هەندێ نووسەر ئەوەندە سەرسامی کردبوو کە مەزەندە ناکرێ، بەڵام کاتێک بە قووڵی چووەتە نێو ناخی خوێندن و داهێنانە دانسقەکانەوە، ئینجا تێگەیشتووە شێوەیەک گێلی هەبووە لە پشتەوەی بڕیارەکانی لەپێشینەی.

رۆشنبیر نابێ خۆی سانسۆر بێت بۆ سەر وەرگر

# رۆشنبیران وا دەزانن کە هەر خۆیان هەڵگری ئاڵای رۆشنبیریین و ئەوانی تریش دەبێ پاشکۆی ئەوان بن

بەڵکو دەبێ ئەو وەرگر وەک سانسۆرێ ببینێ، سانسۆرێکی ئەرێنی نەک نەرێنی، واتە وەک سەرچاوەیەک تەماشای وەرگر بکات، کە ئەو وەرگرە سەرچاوەی لێکدانەوە و شیکردنەوەی بابەتەکان و نووسین و داهینانەکانی بێت.

ژمارەی ئەو رۆشنبیرانەی کە لای ئێمە بە ئاسانی رێگەی خۆیان بۆ نێو میدیاکانی بڵاوکردنەوە دەکەن زۆرن، بێئەندازە رۆشنبیری نوێ و کۆڵکە رۆشنبیر وەک قارچک سەر لە زەویی میدیاکانەوە دەردەهێنن، هەر خێرا دەبنە خاوەنی بەرهەم و هەر خێراش چاوپێکەوتن و بەرهەم و بگرە تیئۆریزەش دەکەن و دەبنە تیئۆردانەر و بیرکەرەوەی مەزن.

ئەمە دیاردەیەکە پێوەندیی بە زۆر لایەنەوە هەیە، هەڵەکان هەمیشە لە شوێنێکەوە دەست پێ دەکەن، زنجیرەی هەڵەکان لەگەڵ خۆیاندا کۆمەڵێ هەڵەی دیکە دێننە ئاراوە، ئەو هەڵانە کەم تا زۆر کار دەکەنە سەر رەوتی بیرکردنەوە. زۆربەی نووسەرە جیهانییەکان کاتێ هاتوونەتە نێو دنیای کارکردنەوە بەو هێزەوە هاتوون تا ببنە دەنگ، بەڵام هەر لە سەردەمی خۆیاندا تووشی نائومێدی بوون. رۆشنبیری چاک و داهێنەر گوێ بەوە نادات کێ دەستخۆشی لێ دەکات و کێ دەستی ئافەرین بەسەر شانیدا دەهێنێ و بەدووی ئەوەشدا راناکات کە ئاستی بڵاوبوونەوەی دەگاتە چ شوێنێک، هەروەها پێویستی بە گرووپ و گرووپکاری نییە تا ببێتە رۆشنبیرێکی خاوەن ناو. داهێنەر لە نێو ئەزموون و ژیانی خۆیدا دەژی و پێدەگا و گەورە دەبێت.

سروشت و کرداری بەرۆشنبیربوون پرۆسەیەکە کات و سەردەم دەستنیشانی پێگەیشتنەکانی دەکەن، کات و سەردەم ئەو هێزەی پێ دەبەخشێ تا بتوانێ لە نێو پرۆسەی بەرۆشنبیربووندا جێگەیەک بۆ خۆی داگیربکات، وەرگریش لە پێودانگی بەرهەمەکانییەوە تێ دەگات کە بیرکردنەوە و بەرهەمەکانی ئەو کەسە لە چ ئاستێکدایە، نەگۆڕی و چەسپاویی گوێگر هەندێ کات زیانی کوشندە بە داهێنەران دەگەیەنێت، رۆشنبیری داهێنەر پێویستی بەوەیە کە گوێگر و خوێنەر و بینەرەکانی مەودا جۆراوجۆرەکان بناسن و پێڕەوی ئەو دەنگانە بکەن کە میلۆدیای گۆڕاوی تێدایە و سەردەم دەیگۆڕێ، نەک لە قاڵبێکدا بمێننەوە و سەردەم لە دوای سەردەم هیچ گۆڕانێک بە خۆیانەوە نەبینن.

ئەوەی کە جێگەی تێبینییە کەسانی داهێنەر پێویستیان بە وەرگری رەهەندی هەمەچەشن هەیە، بەڵام لەم سەردەمەی ئێمەدا وەرگر بە دەست یەک رەهەندییەوە دەناڵێنێ و هەروەها لە ئاستی یەک شێوە بیرکردنەوەدا هەست بە بەردەوامی و نەپچڕاوی دەکرێت، ئەمەش بۆ خۆی وردبینی دەکوژێ و ئەو رەهەندانە نادۆزرێنەوە کە لە نێو بەرهەمە داهێنەرەکاندا دەردەکەون.

رۆشنبیری داهێنەر پێویستی بە وەرگری فرە رەهەند هەیە، بیرکردنەوە و ئاسۆی روانینی بەرفراوان بێت، تا نهێنییەکانی بدۆزێتەوە، ئەو ناتوانێ جێگەیەک بۆ خۆی بدۆزێتەوە گەر وەرگر نەیدۆزێتەوە، ئەو دۆزینەوانەش دەبێ بە توانای عەقڵی و رۆشنبیری بگاتە ئەنجام، نەک کەسی وەرگر هەڵگری سۆزی بارگەکراو بە هەست بێت، پاشان ئەو وەرگرە نابێ لە ژێر هیچ کاریگەرییەکدا بێت و لە دەرەوەی کاریگەرییەکان کار لەگەڵ بەرهەمەکەدا بکات، رۆشنبیر دەبێ بزانێ چۆن رێگەی خۆی دەدۆزێتەوە

زۆر لە رۆشنبیرانی ئێمە هیچ بەرپرسیارییەکیان بەرامبەر بە حەز و ئارەزووی وەرگرەکانیان نییە، زۆریان بە ئاستی نزم دەڕواننە خوارەوەی خۆیان و وا دەزانن تەنیا ئەوان کۆگای زانیاری و مەعریفین و کەسانی تر تەنیا کۆمەڵێ گوێگری قوتابی ئاسان و لەوە کەمتریش کۆمەڵێ گەمژە و نەزانن

و چۆن پێوەندییەکان دەستنیشان دەکات.

پەی پێبردن یەکێکە لەو پرسانەی کە زۆر گرنگە بوونی هەبێت لەلای وەرگر، بەڵام هەندێ جار کەسی وەرگر بەتەنیا ناتوانێ بەو ئەرکە هەستێت، رەنگە هەندێ جار بکرێت لەسەر ئاستی هونەری و ئەدەبیی تاک ئەمە رووبدات، بەڵام وەک ئاستێکی بەرفراوان وەرگر پێویستی بە پەیبردنە، پێویستی بە هەڵوەشاندنەوە و لێکجیاکردنەوەی ئەو بۆچوونانەیە کە لە مێشکیدا هەن، تا بتوانێ تێکستەکەش لەبەر رۆشنایی ئەو هەڵوەشاندنەوە و جیاکردنەوەیە لێک بداتەوە، هەروەها دەنگە دەربڕدراوەکان بخاتە نێو لێکدانەوەیەک و شیانبکاتەوە، کە ئەمەش بۆ خۆی پرسیاری هەمەچەشن قووت دەکاتەوە.

بۆیە وەرگر و رۆشنبیر بەرامبەر بە یەکتری ئەرکی گۆڕینەوەیان هەیە، گۆڕینەوەی هێز و تواناکان لەگەڵ یەکتریدا، پێویستە رۆشنبیر، وەک سانسۆرێ هێزی وەرگر ببینێ، وەرگریش پێویستی بەوەیە خۆی بداتە دەست حەز و ئارەزووە دەروونییەکانی خۆی بەومەرجەی نەبێ بە کۆیلە و هەوڵ بدا لە پێوەندییەکی داپچڕاو لە کاریگەرییەکانی دەرەوەی خوودی خۆی، بڕیار لەسەر ئەوە بدات، کە ئەمانە چۆن بوونیادێکن و چ پێوەستێکی فیکری پێکەوەیان دەبەستێتەوە.

ئەوەی زیاتر گرفتی رۆشنبیر و وەرگر دروست دەکات ئەو پێوەندییە دەرەکییانەن کە هەندێ جار بڕیار لە توانا و هێزی نووسین دەدەن، یان ئەو بڕیارانەن هەندێ جار دەبنە سەرەتا و کۆتایی بڕیاردەر لە هەڵبژاردنی هەر بابەتێکی رۆشنبیری، لە سەردەمی جەنگی ساردا هەندێ رۆمان کران بە نموونەی رۆمانی مەزن کە تەنیا ململانێ سیاسییەکان دروستی کردن، بەڵام هەستی وەرگریش بەو ئاراستەیەدا برا کە راستییەکان بە شێوەیەکی زیندوو و واقعبینانە تێی نەڕوانێ، هەندێ نموونەی مەزنی جیهانیش پەراوێز کران.

ئەمڕۆ لە نێو کایەی رۆشنبیریی کوردیشدا ئەو کاریگەرییانە رۆڵی خۆیان هەیە و زۆر پێوەندی هەن ناتوانن وا بە ئاسانی لە مەسەلە گرینگەکان نزیک ببنەوە، رۆشنبیری ئێمە بەهۆی دابڕاوی لە سانسۆری خۆیی و وەرگرەوە کەوتووەتە بەر بێ پەروایی و هەر خێراش مەسەلەکان چەواشەی دەکەن، لەو چەواشەییەدا تەنیا خوودی رۆشنبیر تاوانبار نییە، بەڵکو کاریگەرییەکانی دەرەوەی رۆشنبیر و وەرگریش تێیدا بەشدارن، رۆشنبیر بەهۆی نەزانین و دوورکەوتنەوەی لە خوێندنەوەیەکی قوڵی زانستییانە بۆ هەموو ئەو بوارانەی کە هەڵی دەبژێرێ، توانای ئەوەی نامێنێ دەستنیشانی پێوەندییەکان بکات و توانای بینینی قوڵی پرسە ئاڵۆزەکانی رۆشنبیری نابێت، قەیرانی گەورەش لەوێدا سەر هەڵدەدا کە تا چ ڕادەیەک رۆشنبیر کەوتووەتە ژێر کاریگەرییە نارۆشنبیرییەکانی دەوروبەری خۆی، کاتێک ئەو کاریگەرییە مەزن بووە ئەوە کاریگەری گەورەتر دەکاتە سەر رای گشتیی خوێنەر و پێوەندییەکە لە بارە تەندروستییەکەی خۆی دەردەچێت.

وەرگری ئێمە دەبێ لەو قاوغە بێتە دەرێ کە خۆی بۆ خۆی داناوە، واتە دەبێ شێوەی روانینی بگۆڕێ، ئەمەش هەروا بە کردەیەکی ئاسایی نایەتە دی، ئەم کردەیە کە دەیڵێین پرۆسەیەکی دوورودرێژی پەروەردەیی و کولتوورییە و کۆمەڵگە بە هەموو چین و توێژەکانییەوە تێیدا بەشدارن، دەوڵەت

## رۆشنبیر ئەو کەسە نییە کە تەنیا بۆ خۆی بژی و هیچ بەشداربوونێکی کردارییانەی لەو کارلێکردنەی نێوان خۆی و دەوروبەرەکەیدا نەبێت

و مێدیا و پەروەردە دەبنە سێ کوچکەی ئەو بڕیاردانە.

سانسۆر هەرچەندە وەک وشە بیر و لێکدانەوەی کۆتکراو لە بیر و هزردا راست دەکاتەوە، بەڵام لێرەدا مەبەست لە بوونی رووە راستەقینەکەی سانسۆرە، واتە بوونی پێوەندییەکی ئاڵوگۆڕکارییانە لە شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ خود و دەرەوەی خوودا وەک رێگرتن لە شێوەی بیرکردنەوە و بەخۆداچوونەوە و دارشتنەوەی بۆچوونەکان، رۆشنبیر پێویستی بە کۆنترۆڵکردنی خود هەیە، واتە دەبێ وا بڕوانێتە دەوروبەری خۆی کە بە هێز و توانایەکی فیکری و رۆشنبیریی پتەو ئابلۆقەدراوە، دەبێ بڕوانێتە وەرگر وەک هێزێکی هەمیشە ئامادە و هەمیشە تەیار بۆ ئاشکراکردنی گشت کەموکوڕییەکان، پاشان دەشبێ لە شێوەی مامەڵەکردن و بیرکردنەوە و داهێنانەکاندا سانسۆری خودی خۆی بێت.

سانسۆری وەرگر واتە بوونی ئەو توانا و هێزە لای وەرگر کە بتوانێ هەموو پێوەندییەکان بدۆزێتەوە و خوێندنەوەیان بۆ بکات، وەرگر سانسۆری توانا رۆشنبیرییەکانی خۆی بکات، فلتەرێکی رۆشنبیری بێت تا بتوانێ توانا و هێزەکانی خۆی بەرامبەر بە کەسی رۆشنبیر مومارەسە بکات، کەسی وەرگر کەسێکە رێک لەو دیوارە دەچێ کە لەبەردەم شەپۆلی ئاودایە هەست بە شەپۆلی ئاوەکانی داهێنان دەکات، بەڵام هەست بە تەڕیی ئاوەکە ناکات، وەرگر دەتوانێ بەرامبەر بە هەموو ئەو شتانەی کە رۆشنبیر دەیڵێ سانسۆرێکی هەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانێ توانای ئەوەشی هەبێت کە حەز و ئارەزووەکانی خۆی بۆ چێژوەرگرتن لەو تێکستانە بەکار بهێنێت.

زۆربەی ئەو تێکستانەی کە لە دەرەوەی ئەم پەیوەندییە سانسۆرییەدا لەدایک دەبن، تووشی شێوەیەک لە دڵەڕاوکێ و نادڵنیابوون دەبن، هەروەها زۆربەیان بە بێ بڕیاردان لەدایک دەبن و زەمەن بەسەریاندا دەڕوا و دڵنیا نین لە بوون و توانای خۆیان، دڵنیا نین کە توانا و هێزی داهێنانیان هەیە، بۆیە بوونی سانسۆر بە مانا سلبییەکەی ناشکێتەوە، بگرە مانایەکی ئیجابی و گرنگی هەیە و کەم تا زۆر لە چوارچێوەی ئەو مەسەلەیەدا دەسوڕێتەوە، کە دەبێ کەسی رۆشنبیر وا هەست نەکات کە لە بۆشاییدا دەسوڕێتەوە و کەس نییە لە نهێنییەکانی نووسینی ئەو بگات، ئەم بوونە کەم تا زۆر نهێنیی توانای نووسین و داهێنانی رۆشنبیر دەردەخات، هەروەها یارمەتیدەرە بۆ دووبارە پێداچوونەوەی خۆی، یارمەتیدەرە بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی پێوەندی لەگەڵ وەرگردا.

لە سەرەتادا وشەی وەرگرمان بەکارهێنا بە مەبەستی جیانەکردنەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە مامەڵەی رۆشنبیری لەگەڵ رۆشنبیردا دەکەن، جا ئەو وەرگرە چ خوێنەر بێت یا تەماشاکەر یا بیسەر، رۆشنبیر لە میانەی کارکردنیدا پێویستی بە شێوە هاوسەنگییەک هەیە لە نێوان خۆی و وەرگردا، وەرگر دەبێ پەرچدانەوەیەک بنوێنێ بەرامبەر بە کردەی داهێنانی رۆشنبیر، رۆشنبیر ئەو کەسە نییە کە تەنیا بۆ خۆی بژی و هیچ بەشداربوونێکی کردارییانەی لەو کارلێکردنەی نێوان خۆی و دەوروبەرەکەیدا نەبێت.

وەرگری ئێمە دەبێ لەو قاوغە بێتە دەرێ کە خۆی بۆ خۆی داناوە، واتە دەبێ شێوەی روانینی بگۆڕێ، ئەمەش هەروا بە کردەیەکی ئاسایی نایەتە دی، ئەم کردەیە کە دەیڵێین پرۆسەیەکی دووردرێژی پەروەردەیی و کولتوورییە و کۆمەڵگە بە هەموو چین و توێژەکانییەوە تێیدا بەشدارن



# «پرسیارە بێوەڵامەکان»ی ڕەفیق سابیر

## زایەڵەی منالّی و زەمان



**عەباس بۆسکانی**

ئەو پارالیێڵەی بە ئاشکرا لەم قەسیدەیەدا کاردەکات لە ئاستێکەوە وەک ئۆتۆبایۆگرافیایەک دەبینرێت، بەڵام سەرسوڕهێنەرانە ناکرێت بڵێین قەسیدەیەکی ئۆتۆبایۆگرافییانەیە، چونکە مێژوویەتی خۆی لەدەستداوە، هیچ کام لە ڕووداوەکانی تاق نییە بە ژیانی منالّێکی ونبووی دیاریکراوەوە، بەڵکو لە تەنیشت ئەوەوە حیکایەتی نەوەیەکی ونبووە لە بەرجەستەنەبوونی مێژوویی و عوقمی سیاسیدا ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات کەشفی دەنگە شیعرییە جیاوازەکان بکات، لە پاڵیا مانا بۆ دەلالاتە سایکۆلۆژی و ئیستاتیکییەکانی تێکستەکە بکات لە ئاستە جیاوازەکانی بەتێکستبوونیدا.

### دەنگی گێڕەرەوە:
دەنگی گێڕەرەوە دەنگی شاعیرە لە دیدگای منداڵیی خۆیەوە کە بەسەر پاشخانێکی تراژیدی لە بیرەوەریدا کەوتووە. هەرەمییەتی مانا لەم قەسیدەیەدا لە چوار پێکهاتەی سەرەکی پێکهاتووە، کە دەنگی هەنووکەیی شیعرەکەی پێکهێناوە. شایانی باسە هەر ئاستێک لەو ئاستانە لەسەر بنەمای ئاستی پێشووتری پێکهێنراوە.

### دەنگی مێژوو:
ئەو چوارچێوە هەرە مەزنەیە کە هەموو دەنگەکانی تێدایە و بۆتەقەی تێکهەڵپژانی هەموو ئاستەکانی دییە. لەم ئاستەدا جۆرێک لە قەدەرییەت ڕوانگەی ڕووداوەکانی بەرەو ئەو دەرەنجامە درامییانە ئاراستە کردووە، قەدەرییەتێک کە پێکهاتە سیاسییەکان و شکستە سیاسییەکان پێکیهێناوە. دەنگی مێژوو تەنها لە ئاستی بەرجەستەنەبوونە سیاسییەکاندا نییە، سەرەڕای ئەمە، لە ئاستی ئاڕاستەکردنی ژیانی باوکێکە کە بە خەسارەتەکانی قایلە و بەشێکە لەو زنجیرە درێژەی مێژوو، کە یادەکانی وەک سیلسیلەیەک لە نەهامەتی وێنا دەکات، سەرەڕای نەهامەتی سیاسیی، نەهامەتی ڕۆحیی باوکێک و منداڵێکیش لە کۆنتێکستە مێژووییەکەیدا.

### دەنگی هەنووکەیی شاعیر:
ئەگەر خوێنەر لە ئاستە بایۆگرافییەکەی قەسیدەکە نەبوورێت، لەوانەیە بوێرێت حوکمی ئەوە بدات کە خودی ڕەفیق سابیر خۆی کردووەتە ناوەندی تێکهەڵپژانی تەواوی هەژموون و تەواوی نوقسانییە ڕۆحییەکانی هەم لە ئاستە مێژووییەکەیدا و هەم لە ئاستی هەنووکەی شیعرەکەدا. بەم خود بەشاهیدکردنە میسداقییەتێکی مێژوویی دەدات بە گێڕانەوەکەی کە لەوانەیە پێداویستی لە مەودا ئیستاتیکییەکەیدا نەبێت. ئەو پاراڵێلەی «بەمناڵبوون» و «بەشاهیدبوون» دروستی دەکەن تا ئاستێک شیعرەکە دەباتە کەناری بەدیزاینکردنێکی هیومانیستی وەها کە لە پشتی ڕووداوەکانەوە چیرۆکێکی گێڕدراوە هەیە نە بایۆگرافیایە و نە یۆتۆپیاییە، بەڵکو تێکەڵەیەکی سەرنجڕاکێشە لە تێکهەڵپژانی ترادیژیاکان بەیەکتریدا. مەرجیش نییە ئەم جۆرە لە ئەندازیارکردنی تراژیدیاکان پرۆسەیەکی نێگەتیڤانە بێت، بەڵام هەندێک جار و لە نێوان کۆنتێکستی گشتیی شیعرەکەدا ڕۆڵی ئەندازیارە شیعرییەکە زۆر ڕوونە زۆر ڕەوانە و زۆرباش دەزانێت قەدەری شیعرەکەی بەرەو کوێ دەئاژوێ.

### دەنگی بیرەوەری- منداڵی:
گرنگترین و تراژیدیترین دەنگی ناو شیعرەکەیە. هەر لە سەرەتاوە ئەم بەمناڵبوونە بە تەکنیکی پێشکەشکردنی شیعرەکە «بۆ باوکم» خولقێنراوە. جێگەی سەرنجە تەمەنی ئێستای «دەنگی هەنوکەی شاعیر» کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە لە پرۆسەی خولقاندنی دەنگی ئەو منداڵەی لەم ئاستەدا دەگێڕێتەوە:
پێکدادانی ئەم دوو ئاستە لە دەنگی ناراتیڤی دەنگی منداڵیی هەنووکەی ئەم شیعرە پێکدەهێنێت کە لە ئەنجامدا و لە ڕێی ئاوێتەبوونی لەگەڵ ئاستەکانی تری دەنگدا دەنگی گشتیی ڕەهای شیعرەکە دروستدەکات. یەکێک لە هێما ئیستاتیکییەی کە ئەم شیعرە وێنای دەکات ئەو دەنگی منداڵێتییەیە کە لەو دوو چانی بە تەفعیلکراوانەدا (هەندێک جار وەک قافییە) لە پرۆسەی ئاخاوتنی لەگەڵ باوکی مردوودا لەپڕ وەک جۆرێک لە لاواندنەوە دەردەکەون:

- «ئاشقێکە وێڵ بەزەمان نامۆ
حیکایەتێکە پڕ خەم و نسکۆ

چاوی دەبڕێتەئێوارە و ئاسۆ» ..........

•هەردوکمان تەنیاین بەزەمان نامۆ
دوو حیکایەتین پڕ خەم و نسکۆ
..........دوو بەرزەفڕین بە خۆیشمان نامۆ!»

پرۆسەی ئەم لاواندنەوەی باوکە «ئاشقێکە وێڵ» لە لاواندنەوەی دووەمدا دەبێتە پرۆسەی لاواندنەوەی باوک و «خود»ی مناڵ پێکەوە «هەردووکمان تەنیاین» هەقیقەتی فەنابوونی باوک دەبێتە پردێک بۆ بەقوربانیکردنی باوک و مناڵ پێکەوە.

## دەنگی هەنووکەیی شیعرەکە:

ئاوێتەبوونی گشت ئاستەکانی دەنگی شیعرییەت سیماکانی ئەم ئاستە پێکدەهێنێت. جێی سەرنجە کە دەتوانرێت تایبەتمەندێتیی هەموو ئاستەکان بە ئاشکرا ببینرێن و لە هەمان کاتدا سیمای ئەم دەنگە پێکهاتووە نوێیە بە ڕوونی بەرجەستە بکرێت.

•«منداڵێك بوویت لە مناڵیت بێزار. لە کۆڕەو و شەوە قەترانییەکاندا منداڵیت دەگۆڕییەوە بە جامێك شیر و لەتێك نان». (دەنگی مێژوو)

•«داهاتووی خۆم ونکردووە». (دەنگی هەنوکەی شاعیر)

•«من بە پەنجەی مناڵانەم تابلۆی جەستەت لەسەر بەفر دەکێشم» (دەنگی مناڵی)

•«بەسەر جیهانێکدا کەوتیت لەنێوان ڕاستی و ئەفسانەدا بوو» (دەنگی مناڵی)

•«ئاشقێکە وێڵ بە زەمان نامۆ» (دەنگی هەنوکەی مناڵی)

•«ئێستا من بە ئاگری گوناهێك دەسوتێم، گوناهی من نییە» (دەنگی هەنوکەی شیعرەکە)

ئەم پرۆسەی تێکەڵبوون و ئاوێتەبوونەی دەنگی شیعریی گرنگییەکەی لەوەدایە مێژوو لە مەودا واقیعییەکەی خۆی دەرنەچووە، هیچ نەفەسێکی ئەفسانەئاسا یان پاڵەوانانەخش (Epic) وێنا نەکراوە و ئەو هەموو ئاستەش لە ناراتیڤ چالاکانە لە جوڵەدان.

## سیمبۆلیزمی سپێتی:

ئەوهەستەی ڕەنگی سپی دروستی دەکات هاوکێشەیەکی داڕێژراوە بە بەرائەت وەک پرسیارەکانی مناڵێک کە هەست بە قوربانیبوونی خۆی دەکات، بەرامبەر بە جۆرێکی دی لە بەرائەت کە جەستەیەکی مردووی داپۆشراوە بە «کلوە بەفرەکان». ئەم هاوکێشەیە بە زانینەوە تێکشکێنراوەکە هەر لەسەرەتاوە پرۆسەی ئەو دارمانە داڕێژراوە بۆ نەهێشتنەوەی مانا بۆ ئەو سپێتی و ئەو بەرائەتەی وا لە جەستەی باوکی مردوودا کە لێرەدا بیرەوەریی شکستە سیاسی و سایکۆلۆژییەکان وەک زەنگی مێژوویەکی بە ئازار حازر دەکات و بەفرێک کە چەرچەفی شاردنەوەی ناشرینییەکانی جارانە زیاتر لەوەی واقیعێکی ڕووتبوونەوە و کەشفبوون و مناڵیبوون بێت.

بەڵام شتێکی سەیرە کە لە زەمەنی باڵقی و گەورەبووی شاعیردا وا ئەم مناڵە قسەکەرە داینەمۆی گێڕانەوەی سیلسیلەی دڵشکانەکانییەتی. گەڕانەوەیەکی سایکۆلۆژی پەتییە بۆ مناڵی یان پرۆسەی گەورەنەبوونێکی بەردەوامە لە زەمەنی هەنووکەیی قەسیدەکەدا؟

شاعیری ئایرلەندی تۆماس مۆر (Thomas More) لە قەسیدەی «میلۆدییە ئایرلەندییەکان» دا لەبارەی لاشەی مردووی باوکییەوە دەنووسێت:

«ئاخ ئەوە تۆ مردوویت! ئاخ تۆ مردوویت
تۆ ئەو کەسەی بەو بریقەیەی کە لەچاوانتەوە دەماندەیتێ دەتناسینەوە،

**بە پێچەوانەی تێگەشتنە باوەکانمان بۆ سپێتی، لەم شیعرەدا تا ئاستێکی قووڵ وەك مانا و ڕەمزییەتی ڕەنگی سپی وایە لە خەوندا کە نیشانەی مەرگە**

ئەو چاوانەی ئێستاش وەک هی ئەو پیاوە دەجووڵێیتەوە کە دەژیا»

لای تۆماس مۆر باوک هێشتا زیندووە، زەمەنێک دەجولێنێ کە ئێستایە و سەرچاوەی هەژموونێکی نەفسییە کە لاشەی مردووی باوکی پێکیدەهێنێت. سەرەڕای دوو جاران لەسەریەک تەئکید لەوە دەکاتەوە لێی بپرسێ «تۆ مردوویت؟» دوو جاران بە خۆی دەڵێت باوکی مردووە، بەڵام هێزێکی سایکۆلۆژی هەیە هێشتا بەزیندوو دەیچوێنێت. لای رەفیق سابیر ئینکارکردن نییە لە بەرجەستبوونی مردن لە لاشەی باوکیدا، ئیعترافێکی ڕاستەوخۆ هەیە، بەڵام ئەم باوەڕپێکردنە سەرقاپی چاڵێکی زۆر قووڵ لە یادەوەری هەڵدەداتەوە و دەیکاتە سەرەتایەک بۆ گێڕانەوەی داستانێکی درێژ لە مێژوویەکی ژیاو لە باوکیدا و لە دۆڕانێکی زۆر قورس بە مێژوو کە ئێستا لە لاشەیەکی ساردوسڕی ژێر بەفردا وێنا کراوە.

بە پێچەوانەی تێگەشتنە باوەکانمان بۆ سپێتی، لەم شیعرەدا تا ئاستێکی قووڵ وەک مانا و ڕەمزییەتی ڕەنگی سپی وایە لە خەوندا کە نیشانەی مەرگە. لە کولتووری ڕۆژئاوادا ڕەنگی سپی نیشانەی بوکێنی و بەرائەتە، لە ڕۆژهەڵات نیشانەی کفن و مردنە، لەوانەیە بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەم پرۆسەی مردنە دیسان بگاتەوە ئەو چەمکی «بەرائەت»ی ڕۆژئاوا بەڵام لە پاراڵێلی ئەوبەری ژیاندا کە مردنە. ڕەفیق سابیر بە تێگەیشتنە ڕۆژهەڵاتییەکەی ئەم سپێتییەی وێناکردووە، بەڵام تێکشکانی مانایی وەهای پێکهێناوە کە نەتوانین ڕەهاگوزار حوکمی ئەوە بدەین مەبەستی تری نەپێکاوە. بۆ نموونە زۆر جاران «کلووە بەفرەکان» دەرەنجامی گفتاری هەقیقیی شیعرەکە نین، بەڵکو شێوازێکن بۆ نیشاندانی نوقسانییە گەورەکانی شیعرەکە، بەمانای گەیشتن بەم ڕەنگە بەم سپێتییە گەیشتن نییە بەو مانا هەقیقییەی شیعرەکە دەیەوێ بمانباتە سەری.

- «کلوە بەفرەکان دەبارێن بەسەر تەنهاییتدا»
- «نە ئێوارە لە پەیڤینم تێدەگات
نە ئەو درەختە تەنیایەی ژوور سەرت
کە بەفرە گەڵای گرتووە»

سەرەڕای ئەوەی چەندبارەکردنەوەی بارینی «کلوە بەفرەکان» جۆرە ئیقاعێک دەدات بە زەمەنی ڕوودانی ڕووداوەکان، جا چەند لەگەڵ زاکیرەی مێژوویی یان منالیدا دووربکەوینەوە، ڕستەی «کلوە بەفرەکان دەبارێن» ڕاماندەکێشێتەوە زەمەنی هەنووکەیی شیعرەکە.

لەوانەیە زیادەڕەوی نەبێت ئەگەر باس لە پێشڕەویی هەردووک لە جەیمس جۆیس (James Joyce) و ولییەم باتڵەر یتس (William Butler Yeats)وەک دوو هەرە کاریگەرترین نووسەری سەردەمی مۆدێرنەی ئەوروپا بکرێت. هەرچەندە ئەم دوو نووسەرە بەشێوازی جیاواز لە یەکتری لە کاراکتەرە خولقێنراوەکانیان و لە هەڵوێستەکانیان توانیویانە دەرگای ئیحتیمالاتی ئیستاتیکی تر بۆ داهێنەرانی دوای خۆیان بکەنەوە. بەکارهێنانی سیمبوڵ لای ئەمان بە شیوازی تایبەتممەند بە تێکستەکانیان بووە. لەکاتێکدا یتس سیمبۆڵی ئاڵۆز و هەقیقەتی زۆر بەرینی وەک باکگراوندی تێکستەکانی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی هەقیقەت و دیدگای ئایدیۆلۆژی دەها گەورەتر کەشفبکات. لەلای جۆیس وەگەڕخستنی سیمبوڵ کەمتر لەگەڵ مەتیریاڵە بینراوەکانی دەوروبەردا بەرجەستە دەبێت، جۆیس کارامانە شتە کەمتر بینراوەکانی بەکاردەهێنایەوە و لەگەڵ فابریکی تێکستەکانیدا ئاوێتەی دەکردن، ئەفسانە و کاریگەرییە میتافیزیکییەکانی ناو کولتوور هەمووی

لای رەفیق سابیر ئینکارکردن نییە لە بەرجەستبوونی مردن لە لاشەی باوکیدا، ئیعترافێکی ڕاستەوخۆ هەیە، بەڵام ئەم باوەڕپێکردنە سەرقاپی چاڵێکی زۆر قووڵ لە یادەوەری هەڵدەداتەوە و دەیکاتە سەرەتایەک بۆ گێڕانەوەی داستانێکی درێژ لە مێژوویەکی ژیاو لە باوکیدا و لە دۆڕانێکی زۆر قورس بە مێژوو کە ئێستا لە لاشەیەکی ساردوسڕی ژێر بەفردا وێنا کراوە

وەک کەرەسەیەکی خام بۆ تێکستە داهێنەرەکانی بەکار دەهێنانەوە.
لای ڕەفیق سابیر، بە چەشنی یتس کەرەسە خامەکەی داهێنان دەوروبەرە پانوبەرینەکەیەتی، دیدگای ئەمیش خوێندنەوەی زرەمێژوویەکە لە هزری منالێکەوە. گێڕانەوەی حیکایەتێکی سارد و پڕشکستە و ئەو کەشفکردنەش گەیاندوویەتییە ئەوەی تراژیدییەی خود لە بازنەی پانوبەرینی خولیا پڕ سێکسییە پڕتاوانەکان لە دیدگای منالێتییەوە بدۆزێتەوە.
ڕەنگی سپی زۆر نابات لەژێر زەبری زاکیرەی شیعرییدا دەدرێت:
«کلوە بەفرەکانیش وەك كفنێكی دڕاو جەستەت دادپۆشن»
دڕانی ئەم سیمبۆڵە تەعبیر شێواندنی وێنەی باوکە لە هزردا جۆرێکە لە ئەتککردنی بەرجەستەبوو لە جەستەی باوکدا، ئەتککردنەکەش کە لە دیدگای ئەو دۆڕاندنە سەرتاسەرییەیە کە لە لە لاشەی باوکی مردوودا بووەتە کەرەسەی بیرکردنەوە و مۆتەکەی دوواندنی خود و جیهان لە منالێتیدا.

## گرێی ئۆدیپیۆس- ڕەفزکردنی گەورەبوون:

سەربەخۆبوونی کاراکتەر و ڕۆڵی لە وێناکردنی کۆمەڵگەدا هاوکێشەیەکی گرنگی ئەو لێکۆڵینەوانەن کە لە پاراڵێلی سەربەخۆبوونی کاراکتەر و هەقیقەتی بوونەی کۆمەڵایەتی هەیانە. تالکۆت پارسنز (Talcot Parsons) وەک ئەنالیزەکەرێکی گرنگ بۆ تەئکیدکردن لەسەر «ئەو ئیستیقلالییەتە بچوکنەکراوەیەی کە سیستیمی کۆمەڵایەتی هەیەتی» سەرەڕای ئەوە پارسنز لە گرنگیی ئەو کاریگەرییەی کە ئەو «زاتە پێکهاتوەی کە دەرەنجامە بۆ کاری تاکانە (Individual)» هەیانە لەسەر بونیادی سۆسیۆلۆژی کاراکتەرەکان وەک کۆیەکی هۆمۆجین. لێرەدا جۆرێک لە سەربەخۆیی لە گەشەی هزری و پەیوەندی مەحکومن بە پێکهاتەی ناواخنیی زاتە تەنهاکان و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانیان. ثیۆدۆر ئەدۆرنۆ (Theodor Adorno) پەرەی بە گرنگی ئەو پەرەسەندنە داوە، کە چۆن گرفتە کۆمەڵایەتییەکان وەک هاندەرێک ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە فۆرمیلەکردنی کاراکتەری کۆمەڵایەتیی تاکەکاندا. لە «پرسیارە بێ وەڵامەکان»دا بۆتەقەی کۆمەڵایەتی و سیاسی وەک دوو ڕووی دراوێکی بێنرخ وێنا کراوە، تاقە بەهای ئەو وێناکردنە ئەو چیرۆکە تراژیدییایانەیە کە وەک برووسکە بیرەوەری تێدەپەڕن، لێرەشەوە چەند گرفتێکی سایکۆلۆژی قووڵ کە پەیوەندن بە زاتی شاعیر- منالبوونیی شاعیر- هەنوکەی گێڕەرەوەوە هەیە. کاتێک باوک دەبێتە نوێنەری مەودایەکی زەمەنیی قەبوڵنەکراو کە تێیدا شکستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی بە چالاکی سێکسوالی بالانس دەکات:

- «داهاتووی خۆت بە ئەڤین و بیرچوونەوە دەسپارد و
لە نێو گوناهەکانتدا دادەگیرسایت»
- «ئەمە ڕێکەوتە یان چارەنووس
ئێستا من بە ئاگری گوناهێك دەسووتێم
گوناهی من نییە
باجی هەژانێك دەدەم كە تۆ ساردترین شەوانی زستان و
هەرێمەكانی ڕۆحت پێ گەرم دەكردەوە»

گرێی منالبوون لەم شیعرەدا پەیوەندییەکی پێشبڕکێی ڕوون نییە بۆ مەوقیعییەتی باوک، یانی هاوکێشەکە لە دوو زەمەنی جیادا کاردەکات، زەمەنی باوکبوونی «باوک» لەپاڵ زەمەنی گەورەبوونی «منال» لەسەر

# لای ڕەفیق سابیر، بە چەشنی یتس کەرەسە خامەکەی داهێنان دەوروبەرە پانوبەرینەکەیەتی، دیدگای ئەمیش خوێندنەوەی زڕەمێژوویەکە لە هزری منالێکەوە

مەرگی «باوک». ئەو پەیوەندییە گاڵتەئامێزەی منالەکە هەیەتی بە هەقیقەتی فەنابوونی باوکییەوە بەجۆرێک لە جۆرەکان پیشاندانی سەرکەوتنییەتی بەسەر ئەو خولیا ئۆدیبییەی لە نائاگامەندی منالەکەدا هەیە:

●«لە کوێن لەزەتە نەمرەکان کە درێژترین شەویان
لە چرکەیەکدا چڕدەکردەوە؟
لە کوێن ڕەوە گوناه و
تەزوە ئەبەدییەکان؟
لەکوێن؟..
لەکوێن؟..
بۆ هیچیان ترسی سەر ڕوخسارت ناسڕنەوە؟
بۆ هیچیان «سکاڵایەك لەگەڵ ڕۆحی کلۆڵت ناکەن» و
جەستەی تەزیوت گەرم ناکەنەوە؟.»
●«ئێستا ڕووتیت لە بەرامبەر چارەنووسدا»
●«کوا ئەو ئامێزەی شەوانە دەیکردیتەوە بە منداڵ و
لە نێو جۆلانەی تریفەدا ڕای دەژاندیت؟»

لە ئاستێکی تردا خود یەکسانکردنێکی بە پیلان هەیە بە باوک، خودیەکسانکردنێک بە مانای خودقوربانیبوون خودخەسارەتبوون:

●«هەردووکمان تەنیاین بەزەمەن نامۆ
دوو حیکایەتین پڕخەم و نسکۆ
.......(هەتا)........................ دوو بەرزەفڕین بە خۆیشمان نامۆ!»
●«لەژێر ئەم فەزا لێڵەدا
دەڵێی دوو دیلین.. دوو کۆیلەین
ڕێکەوت پێکمان نامۆ دەکات
چارەنووسیش، لە دووڕیانێکی ئەبەدییدا،
بەرەو دوو ونبوونمان دەبات»

ئەم خود هاوتاکردنە ناتوانرێ تەنها لە ئاستە مێژوییەکەیدا بخوێندرێتەوە و پاساوی بە مێژوویەکی نەزۆک و جیهانێکی نادایەروەر بکەین، سەرەڕای ئەمانە، خودئامادەکردنێکی ڕۆحییە بۆ ئەو پرۆسەی ئەوجێگرتنەوە ئۆدیپییەی کە لەناخی منالی قسەکردوودا لە شیعرەکەدا.

ئەبولعەلاء ئەلمعەری عەرەب دەڵێت:

بە عەرەبی: «هذا ما جناه علي ابي وما جنيت على احد»

بە کوردی: «ئەمە ئەو گوناهە بوو کە باوکم بەرامبەرم کردی
من گوناهم لە کەس نەکرد»

ڕەفیق سابیریش دەنووسێت:

●«تۆ لە شەوی زوقماویدا بە گوناه خۆت گەرم دەکردەوە. لە خۆڵباراندا بە ئەڤین تینوویەتیی خۆت دەشکاند و.........»
●«تۆ لە گەرمەی دیالۆگی جەستەدا
لە ساتێکی وورووژانی گیاندا
زللەیەکت دا لە زەمان و
شوێنەوارێکت جێهێشت لە نێو قوڵایی و نێو زەماندا،
لەسەر جەستەی شەوە قەترانییەکە»
●«ئەمە ڕێکەوتە، یان چارەنووس؟
ئێستا من بە ئاگری گوناهێك دەسووتێم
گوناهی من نییە
باجی هەژانێك دەدەم کە تۆ ساردترین شەوانی زستان و
هەرێمەکانی ڕۆحت پێ گەرم دەکردەوە»

بالانسی ناوەکی دەنگی منالێتی لە شیعرەکەدا هەیکەلییەتی خۆی نەک تەنها بە تاوانبارکردنی

لە «پرسیارە بێ وەڵامەکان»دا بۆتەقەی کۆمەڵایەتی و سیاسی وەک دوو ڕووی دراوێکی بێنرخ وێنا کراوە، تاقە بەهای ئەو وێناکردنە ئەو چیرۆکە تراژیدییایانەیە کە وەک برووسکە بیرەوەری تێدەپەڕن، لێرەشەوە چەند گرفتێکی سایکۆلۆژی قووڵ کە پەیوەندن بە زاتی شاعیر- منالبوونیی شاعیر- هەنوکەی گێڕەرەوەوە هەیە. کاتێک باوک دەبێتە نوێنەری مەودایەکی زەمەنیی قەبوڵنەکراو کە تێیدا شکستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی بە چالاکی سێکسوالی بالانس دەکات

# لێکۆڵینەوە

باوکە لە نەزۆکی مێژوو: «ئەمە وڵات بوو دات بە من یان تاتەشۆر» بەڵکو بازنەی ئەو تاوانبارکردنە پان دەبێتەوە بۆ (گوناهە!) سێکسییەکانیشی! جێی سەرنجە کە ئەم پاراڵێلە لە تاوانبارکردن لە هەردوو مەودا مێژوویی و سایکۆلۆژییەکەیدا لە یەک کاتدا ڕۆڵی ئیستاتیکیی خۆیان دەبینن. ئیشارەتێکی ڕوون دەرهەق ئەودیوی کێشەکەدا نییە، ئەویش پەیوەندیی هەردووک لەمانە بە «دایک»ەوە، دایک بە هۆشدارییەوە نەخراوەتە ئەم هاوکێشەی گلەیی و نەزۆکی و پێشبڕکێ سایکۆلۆژییەی نێوان کوڕ و باوکەوە. دایک ئەو بازنە گەورەیەیە کە چیرۆکەکانی هەڵگرتووە، ئەو نیشتیمانەیە کە زەوتکراوە و بیرچووەتەوە. ئەم شیعرە پارادۆکسێکی عەنتیکە لە نێوان حزوری نەزۆکیی مێژوو و شاردنەوەی دایکدا دەخولقێنێ، لەکاتێکدا هەردووکیان لاپاڵییەکدا تەواوکەری ئەو نائومێدییە مەزنەن کە شیعرەکە دەینوێنێت.

●«**کلوە بەفرەکان بەپرتاو دەبارێن: بەسەر تەنیاییتدا**
**بەسەر فرمێسکەکانی دایکمدا**
**بەسەر مناڵیمدا**
**بەسەر ئەو خەڵکە تۆقیوەداکە لە حەوشەکەمان ئاپۆڕەیان داوە**
**بەسەر خەمناکترین ئێوارەدا دەبارێن و دەبارێن»**

لێرەدا دایک هاوشان کراوە بە مناڵێتی مناڵەکە بە جۆرێک هەردووک وەک جۆرێک لە توشبوونە بەقەدەرێکی هاوبەشەوە و بە دەرەنجامێکی هاوبەشەوە «فرمێسکەکانی» دایکی و «مناڵی» منداڵەکە. ئیدانەکردنی باوک لەم حاڵەتەدا ڕاستەوخۆ نییە، بەڵام ئەم ئیحتیمالییەتە وەلاش نەخراوە. جێگەی سەرنجە مناڵێتی جۆرێک دووجەمسەرەیی (Duality) لە کاراکتەری مناڵەکەدا دەخولقێت، گەهێ لەگەڵ باوک-مێژوودا هاوشانە:

●«**هەردووکمان تەنیاین بە زەمەن نامۆ**»

●«**دوو بەرزەفڕین بە خۆیشمان نامۆ!**».

گەهێ:

●«**بەسەر تەنهایی دایکمدا، بەسەر مناڵیمدا**».

ئەم دوو جەمسەرییە، ئەم بە باوکبوون و ڕەفزکردنە، ئەم هاوشانبوونە بە دایک و ئەم خودنەبوونە کێشەی ئەو مناڵە زیاتر دەکات کە لە ساتێکی مردنی باوکیدا تەواوی مێژوو دەخاتەوە ژێر پرسیاری بێپیلانانەی مناڵانە. کە هیچ خەمی گێڕانەوەی بەلانس نییە بۆ دۆڕاندنە قووڵەکان و هەنووکەیەک، کە هەمووی تەنهایی و پرسیاری بێ وەڵامە.

### بیبلیۆگرافیا


ڕەفیق سابیر. بەتەنیا جێی مەهێڵن. سەرجەمی شیعرەکان (١). چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕەنج. کوردستان. ٢٠٠٦.

John McRae. The Language of Poetry. Routledge. Londond& New York. ١٩٩٨.

Talcott Parsons, 'Psychoanalysis and the Social Structure,' in The psychoanalytic. Quarterly, Vol. XIX, ١٩٥٠, No. ٣, p. ٣٧١ et seq.

Raymond Barfield. The Ancient Quarrel between Philosophy and Poetry. Cambrdge University Press. UK. ٢٠١١.


### ماڵپەرە ئەلەکترۆنییەکان:


http://www.musicanet.org/robokopp/moore.html

http://desktoppub.about.com/cs/colorselection/p/white.htm



### پیاچوونەوەیەك لەوانەیە وەختی بێت..

# شاعیری مەزن شیعری پیرۆز



عەبدوڵڵا عەباس

(شاهیدی ئەدەم... کە ژیاوم!)تان لەبیرە؟ یادداشتی ژیانی شاعیری چیلی، خاوەن پاداشتی (نۆبڵ) لە شیعردا (پاپلۆ نیرۆدا)، یەکەم جار ئەم یادداشتانە ساڵی ١٩٧٤ لە (بەرشلۆنە)ی ئیسپانیا چاپکرا، دوای رابووردنی چەند مانگێک بەسەر کۆچی دوایی شاعیردا و دوای ئەوە چەندان جاری دی چاپکرایەوە و بۆ زۆربەی زمانە زیندووەکانی دنیا وەرگێڕدرا، کتێبەکە بریتییە لە دوانزە بەش: (لاوێکی لادێی، ونبوویەک لە شاردا، رێڕەوەکانی دنیا، تەنیایی رووناک،، ئەسپانیا لە دڵدا، بەدوای شەهیداندا گەڕام، مەکسیک و گوڵی دڕکاوی،، نیشتمان لە تاریکیدا، سەرەتا و کۆتایی لە غەریبی، گەڕانەوە لە رێی دەریاوە، شیعر و سوتان، نیشتمانی سازگار...)

# وتار

لەوانەیە بەشی یانزەهەمی ئەم بیرەوەرییانە، گرنگترین بەش بێ، لەو بەشەدا نیرۆدا باس لە کاریگەریی شیعر ئەکات، لەو بەشەدا ئەو رووداو و بیرەوەرییانە ئەگێڕێتەوە، کە شیعر تیایاندا گرەو ئەباتەوە! ئەیگێڕێتەوە کە نەیئەزانی ئەوەی دایهێناوە و پێی ئەوترێ (شیعر)، رۆژانێ دێن خۆی ئەبینێتەوە لە شەقام و شوێنە گشتییەکاندا لە سەرزاری خەڵک ئەوترێ و ئەوترێنەوە! تا گەیشتە رۆژانێ خۆی بینییەوە لەسەر خواست و بە حەزی خەڵک بە هەموو وڵاتی شیلیدا گەڕا و شیعرەکانی ئەخوێندەوە، لەو بەشەدا نیرۆدا ئەیگێڕێتەوە:

١

(با باسی ئەوەتان بۆ بکەم لە گەورەترین بازاڕی میللیدا لە شیلی رووی دا: لەو بازاڕە لەگەڵ هەڵهاتنی تیشکی خۆردا ئۆتۆمبێلی گەورە گەورە ئەوەستن، بارە میوەیان تیا دائەگیرێ، حەماڵەکان کە ژمارەیان زۆرە و زۆریان پێپەتی و رووتەڵەن و هەژار و برسی و هیلاکن و لە کەلاوە نیوە داڕماوەکانی دەوروبەری بازاڕەکەدا ئەژین،... رۆژێ لە رۆژان، چەند پیاوێک هاتنە لام و لەگەڵ خۆیاندا بردیانم و سواری ئۆتۆمبێلێکیان کردم بەبێ ئەوەی بزانم بۆ کوێ ئەچین، ئەو رۆژە نوسخەیەک لە دیوانی (ئیسپانیا لە دڵدا) لە گیرفانما بوو، لە رێگە پێیان وتم گوایە لە نادیی حەماڵەکان داوەتکراوم، شیعریان بۆ بخوێنمەوە! کاتێ چوومە ناو هۆڵە گەورەو رووت و نیوە وێرانەکە، موچرکەی تەزین بە لەشمدا هات، نە لەبەر ساردیی وەرزی زستانی ئەو رۆژە، بەڵکو لەبەر ئەو دیمەنەی لە هۆڵەکەدا بینیم، عەشاماتێکی زۆر، هەندێکیان لەسەر سندوقی شکاو دانیشتبوون و لەوان زیاتر بە پێوە وەستابوون و زۆربەیان جلی شڕیان لەبەردا بوو، تیایاندا هەبوو وەک بە رووی تۆفانی زستاندا لاساری بکات، سنگیان رووت و وەستابوون، منیان لەسەر کورسییەکی پشت مێزێکی بچوک رووبەڕووی ئەوان و لەو دیمەنەدا دانا، هەستم ئەکرد ئەوان چاوی تێڕامانی قوڵیان تێبڕیبووم، لە دڵی خۆمدا پرسیم: چی بکەم لەگەڵ ئەم خەڵکە و لەم دیمەنە زۆر تایبەتییەدا؟ چیم پێیە بتوانێ کاربکاتە سەریان و سەرنجیان رابکێشێ؟ لە هێنان و بردنی ئەوەدا بووم چاکترین چارە ئەوەیە هەستم و رابکەم...! بەڵام زوو لەو ئیختیارە پەشیمان بوومەوە و دەستم کرد بە گیرفانمدا و کتێبەکەم دەرهێنا و کەوتمە قسەکردن بۆیان، وتم: ماوەیەک لەمەوبەر لە ئیسپانیا بووم، لەوێ شەڕ و ململانێیەکی خوێناوی رووی دا، گوێم لێبگرن دەربارەی ئەو رووداوە چیم وتووە..

هەرگیز بە بیرما نەئەهات کۆمەڵە شیعری (ئیسپانیا لە دڵدا) دیوانێکە وا بە ئاسانی هەزم ئەکرێ و خەڵک وا زوو تێی ئەگات. راستە هەندێ رووناکیی ئاسان لە هەندێ شیعری ئەو دیوانەدا دیارە، بەڵام ئەو هەندەش لە ژانێکی گەورەڤ و هەمەلایەندا چەقیون، لێکدانەوە و هەزمکردنیان ئاسان نییە! لەبەر ئەوە من وا دەستم دایە خوێندنەوە، کە شیعرێ دووان و خواحافیزییان لێ ئەکەم و بۆی دەرئەچم،، بەڵام کار وا نەڕۆی، هەستم لە یەکانگیریی گوێگرتنی قوڵی ئەواندا هانی دام شیعر بەدوای شیعردا کەوتمە خوێندنەوە، بێدەنگییەک دەستی بەسەر

هۆڵەکەدا کێشابوو، دەنگ و دەنگدانەوەی شیعر تەنیا سەروەربوو، تیشکی لە رووە هیلاکەکاندا ئەدرەوشایەوە، ئەو رۆژە تێگەیشتم شیعرەکانم نیشانەیان پێکاوە، خوێندمەوە و هەر خوێندمەوە و خوێندمەوە، هەتا وای لێهات خۆم، ئاوازی شیعر ئەیلاواندمەوە، ئەوسا هەستم کرد پەیوەندییەکی موگناتیسی لە نێوان من و شیعرەکانم و ئەو رووە هیلاکانەدا درووستبووە

خوێندنەوە زیاتر لە سەعاتی خایاند، کاتێک خەریک بوو هەستم، حەماڵێ کە کۆپانی کوڵهەڵگرتنەکەی هەر بە پشتەوەبوو، لەناو هۆڵەکەوە هاواری کرد:

-ئەمەوێ بەناوی هەمووانەوە سوپاست بکەم.. دیسان حەزئەکەم پێت بڵێم ئێمە لە هیچ بۆنەیەکدا ئاوا لە ناخمانەوە نەخرۆشاوین، وەک شیعرەکانی تۆ خرۆشاندینی!. کە ئەو لە قسەکانی بووەوە، غەڵبەغوڵب و دەنگی گریانی هەندێکیانم بیست، چوومە ناویانەوە، بە چاوی ئەو رووە هیلاکانەدا ئەمڕوانی و تەوقەم لەگەڵ دەستە زبرەکانیاندا ئەکرد، توند دەستیان ئەگوشیم، هەستم ئەکرد خۆشەویستییان لێ ئەچۆڕێ..... بەرەو دەرەوە و شەقام رێم گرتەبەر، لە خۆم پرسی: دوای ئەم تاقیکردنەوەیە، کە لە رێکردن بەناو گوڵ و ئاگر ئەچێ، شاعیر ئەتوانێ وەک خۆی ئاسایی بمێنێتەوە؟)

٢

لە رووداوێکی دیدا نیرۆدا ئەگێڕێتەوە، ئەڵێ:

(لەگەڵ چەند هاوڕێیەکمدا چووینە مەلهایەک لە مەلها ناوزڕاوەکان، ئەوسا باوی تانگۆ و بەرەڵایی و خوێڕیەتی بوو! کە دانیشتین، زۆری نەبرد سەما لەسەر شانۆ وەستا، ئەو قەوانی مۆسیقای تانگۆیەی لەسەر گرامەفۆنەکە بوو وردوخاش کرا! لەولاوە پەرداخێ گیرایە دیواری شانۆکە، کە لە ناوەڕاستیدا دوو خوێڕی یەکترییان دایە بەر بۆکس و کەللەی توند و خەڵکەکە لە ترسا بەیەکا هاتن و دیمەنەکە لە تابلۆی سەمایەکی بەرەبەیانی مێژووی ئەکرد لە دارستانێکی چڕدا....

منیش بێ بیکردنەوە لە لەشولاری لەڕوو بێهێزی خۆم هەستام و بەرەو روویان چووم و نەڕاندم بەسەریاندا: خوێڕییە بێشەرمە چەتوونەکان، بۆ دانانیشن و واز لەم خەڵکە ناهێنن بۆخۆیان کەیف و سەمای خۆیان بکەن؟ ئەم خەڵکە هاتوون سەما بکەن، نەک سەیری سەروفەسالی ئێوەی شەڕانی بکەن!

هەردووکیان لێک بوونەوە و کەوتنە روانین بەیەکدا، هەروەک باوەڕنەکەن من توانیبێتم ئەو جنێوانەیان پێ بدەم. یەکێکیان بەرەو رووم هات و ویستی تێم بسرەوێنێ، بەڵام سەیر ئەوەبوو شەڕانییەکەی دی کە دوایی زانیم بۆکسوەشێنێکی بەناوبانگە، فرسەتی لێ هێنا و تێی سرەواند و گرمۆڵەی کرد!. من رزگارم بوو، دوو کارگێڕی مەلهاکە هاتن و بەزیوەکەیان هەڵگرت و بەرەو دەرەوە بردیان. کابرای شەڕانی لەسەر شانۆکەوە داوای لێبووردنی لە خەڵکەکە کرد و وتی گوایە خەتای ئەوی دی بووە شەڕی پێ فرۆشتووە، بەڵام من دامە بەر جنێو پێم وت: برۆ.. تۆ لەو خوێڕیتری...!

بەهەرحاڵ سەر شانۆ پڕبووەوە لە سەماکەران و دانیشتوان کەوتنە پێکهەڵدان و من وام

نووسینەوەی یادداشت، ئەوەی سیاسی یان شاعیر و هونەرمەند و داهێنەرەکانی تری دنیای رۆشنبیری و سیاسی و هەتا کۆمەڵایەتیش و بەڵکو هەتا ئەوەی هاووڵاتیی ئاسایی ئەینووسنەوە، ئەشێن بین بە بەڵگەی ژیان و مێژووی ئەو سەردەمانەی تیایدا نووسراون و ئەکرێ بین بە بەڵگەنامەی قۆناغەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیری لای گەلەکانی خۆیان و سەرچاوەی ناسینیان لای گەلانی دی

# وتار

هەست ئەکرد ئازایەتیی من خۆشیی بۆ هەموان گێڕایەوە، دوایی کە هەستاین و ویستمان بڕۆین، لە ڕێڕەوە تەنگەکەی بەرەو دەرەوە تەماشام کرد بۆکسوەشێنەکەی دوایی جنێوم پێی دا، بۆم وەستاوە هاواری کرد:چاوەڕێم ئەکردی....!
بە مستەکۆڵەیەکی سوک بەرەو دەرگاکە گلۆری کردمەوە. هاوڕێکانم بێ سێ و دوو کردن رایانکرد و بە تەنیا رووبەڕووی جەللادێک جێیان هێشتم، بە خێرایی چاوێکم گێڕا، بەڵکو دارێ بەردێ بدۆزمەوە و تێی بگرم و لە دەستی رابکەم، هیچم نەهاتە بەرچاو، ئەو وتی: با قسە بکەین....!
هەستم کرد قسەکردن لەگەڵ کەسێکی وا بێسوودە، بۆیە خۆم گیڤکردەوە، بەرەو رووی چووم و مستەکۆڵەیەکم تێسرەوان، هەر جوڵەی بۆ نەکرد، بەڵام سەیر ئەوەبوو وەڵامی نەدامەوە و دەستی نەجوڵاند و سەیرم کرد چاوی زەقکردووە و لێم دەڕوانێ و هاواری کرد:
-تۆ پاپلۆ نیرۆدای شاعیر نیت؟
-بەڵێ ئەوم
-راست ئەکەی، من خوێڕیم، خەریکم دەست لە شاعیرێک ئەوەشێنم، هەرخۆم ئەزانم چەندەم خۆش ئەوێ.
سەری شۆڕکردەوە، هاتەوە قسە و وتی: من گەوادم.. ناڕەسەنم، ئەو خوێڕییەش شەڕی لەگەڵ کردم قاچاخچییە... هەموومان ناڕەسەنین، من تەنیا یەک شتی جوان لە ژیانما هەیە، ئەویش دەزگیرانەکەمە، ئەویش بۆیە منی خۆش ئەوێ، چونکە شیعرەکانی تۆم لەبەرە و بۆی ئەخوێنمەوە. لە گیرفانی کراسەکەیدا رەسمێکی دەرهێنا و دایە دەستم، رەسمی کیژێکی جوان بوو، دووبارە وتی: ئەو منی لەبەر شیعرەکانی تۆ خۆش ئەوێ.
وای وت و کەوتە خوێندنەوەی هەندێ لە شیعرەکانم:
لە هەناوما
تۆوێک چێنراو
وەک من خەمبارە و
تەماشام ئەکات ........
لەم کاتەدا پاڵێک نرا بە دەرگاکەوە، هاوڕێکانم هاتنە ژوورەوە و هەریەکەو تێلایەکی بەدەستەوە بوو، بەڵام دیمەنی رووبەڕوو وەستانی ئێمە سەرسوڕماوی کردن. منیش بە بەردەم ئەو بۆکسوەشێنەی شیعر چۆکی پێ دادا رەت بووم و.. ئەو بەردەوام بوو لە وتنەوەی شیعرەکان:
بە فیدای ئەو ژیانە بم
لە دەمارەکانییەوە
کڵپە ئەکات...!)
پاپلۆ نیرۆدا یەکەم شیعری لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا بڵاوکردەوە و لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا پاداشتی نۆبڵی وەرگرت، دوا دیوانی شیعریی ساڵی ١٩٧٢ بە ناوی (جوغرافیای هەڵوەشاندنەوە) بڵاوکرایەوە، رێکەوت لەگەڵ کودەتاکەی (بینۆشیت) دژی حکومەتەکەی ئەلەندی کۆچی دوایی کرد و هەندێ سەرچاوە وایان ڕاگەیاند کودەتاچییەکان کوشتیان!

٣

زانیاریم نییە چەند لە ئەدیب و ئەدەبدۆستەکانی خۆمان یادداشتەکانی (نیرۆدا)یان خوێندووەتەوە، بەندە دووجار و بە وردی خوێندوومەتەوە و هەندێ

بەشی تایبەتم لێ کردووە بە کوردی و لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) و (ڕووناکی)دا بڵاوکراونەتەوە، هەمووجار کە ناونیشانی ئەو یادداشتانەم بیر ئەکەوێتەوە (شاهیدی ئەدەم... کە ژیام!) ناونیشانی یادداشتەکانی ئەم شاعیرە، کە تیشکی ژیان ئەداتەوە، گێڕانەوەی ڕاستگۆیانەی مرۆڤێکە کە نەک هەر وەک شاعیر بەهرەدار و لێهاتووبووە، بەڵکو لە گێڕانەوەی ڕۆژو مانگ و ساڵانی ژیانی ئینسانیدا ڕاستگۆتر دوواوە.

نووسینەوەی یادداشت، ئەوەی سیاسی یان شاعیر و هونەرمەند و داهێنەرەکانی تری دنیای ڕۆشنبیری و سیاسی و هەتا کۆمەڵایەتیش و بەڵکو هەتا ئەوەی هاوولاتیی ئاسایی ئەینووسنەوە، ئەشێن بین بە بەڵگەی ژیان و مێژووی ئەو سەردەمانەی تیایدا نووسراون و ئەکرێ ببن بە بەڵگەنامەی قۆناغەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری لای گەلەکانی خۆیان و سەرچاوەی ناسینیان لای گەلانی دی، بەڵام بەداخەوە ئەم دیاردە شارستانییە (یادداشت نووسینەوە) لەلای ئێمە، بەشێکی هەرەزۆریان و (دەگمەنیان نەبێ) ئەوەی زاڵە بەسەر ئەو یادداشتانەدا، شەرم لەلایەک و دووفاقی لە گێڕانەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و توانا و لێهاتوویی شەخسییان پێوە دیارە، لەبەر ئەوە یادداشتەکانیشمان هەروەک چۆن دیوی دەرەوە بە بەراورد لەگەڵ (ناوەوەی خۆمان) وایە خوێنەر و هاوولاتییەکانمان تووشی نائومێدی ئەکات. ژمارەی ئەو یادداشتانەی لای ئێمە بڵاون، کەم نین کە خاوەنەکانیان ئەوەی بە پێی عورفی کۆمەڵایەتی نابێ بکرێن و ئەوان بە ئارەزووی قووڵەوە کردوویانە، لە یادداشتەکاندا خۆیان لێی لاداوە، بەرامبەر بەوە قسەی زۆریان نووسیوەتەوە، کە نەیانکردووە و زۆری ئەوەی کردوویانە ئەیشارنەوە.

بایەخی یادداشتەکانی نیرۆدا وەک شاعیرێکی داهێنەر و سیاسی و مرۆڤ لەوەدایە وای نەکردووە، لەبەر ئەوە تەوژمی ژیان بە تاڵ و شیرینییەوە لە هەموو دێڕەکانی بیرەوەرییەکانیدا هەستی پێ ئەکرێ. نیرۆدا وەک شاعیر و ئینسان و سیاسی پەیوەندیی هۆنینەوەی ژیانی خۆیی بە خەڵکی و خاک بە وردی نووسیوەتەوە و پێوەی دیارە هیچی لەوەی تیایدا ژیاوە نەیشاردووەتەوە، بۆیە کردوویەتی بە بەڵگەی ئەوەی ژیاوە!، بەڵام لای ئێمە نەک هەر نووسینەوەی بیرەوەری، بەڵکو هەندێ جار لە گفتوگۆی ڕۆژنامەنووسیدا، کە ڕووبەڕووی پرسیاری تایبەتی ئەبینەوە، دەممان تەتەڵە ئەکات، بەڵام کە پرسیاری دانا توانایە و توانا دانایەمان لێ ئەکەن، قسە ئەڵێی بەڕووە لە دەممان‌دا ئەتەقێتەوە، لەکاتێکدا بۆ ئەتەکێت نەبێ لە دوو یان سێ پەند بەولاوەمان لەبەر نییە، لەبەر ئەوە قسە و باسمان دەربارەی ژیان، کە خۆمان بە نووسینەوەی یادداشتەوە خەریک ئەکەین، زۆربەی زۆریان وەک (ئاو) بێ تام و بێ بۆنە! نە شاهیدی ژیانە نە داهێنان... هەمووی لە ترسا: ترسی ناوەوەی خۆمان، بەر لە ترسی دەرکیی خۆمان...

لای ئێمە نەک هەر نووسینەوەی بیرەوەری، بەڵکو هەندێ جار لە گفتوگۆی ڕۆژنامەنووسیدا، کە ڕووبەڕووی پرسیاری تایبەتی ئەبینەوە، دەممان تەتەڵە ئەکات، بەڵام کە پرسیاری دانا توانایە و توانا دانایەمان لێ ئەکەن، قسە ئەڵێی بەڕووە لە دەممان‌دا ئەتەقێتەوە



# ونبوونی ڕەهەندی ئیرۆتیك

## لە ڕۆمانی (وەرزی کۆچ بۆ باکوور) و چیرۆکی (لۆزان)دا



حسەین لەتیف

لە تەواوی چیرۆک و ڕۆمانەکانی شێرزاد حەسەندا باوکسالاری سەنتەرە، تەواوی دیمەنە سێکسییەکانی ناو تێکستەکانی ئەو بۆ کەمکردنەوەی شکۆی باوک و نێرسالارییە، لە ڕێگەی تێکستەکانییەوە دەیەوێت حەقیقەتی سیستمی کۆمەڵایەتیی کوردی نیشان بدات، سیستمێک کە لەسەر هێز بەندە، سیستمێک کە ڕەگی لە مێژوویەکی ئێجگار دووردا هەیە، لە کەوتنی خواوەندە مێیینەکانەوە دەستی پێکردووە



شێرزاد حەسەن

و هەتا ئەمرۆش بەردەوامە، لە کەوتنی خواوەندە مێینەکانەوە هەتا ئەمرۆ ئەو سیستمی نێرسالاری و باوکسالارییە خەریکی رەگداکوتانە، شێرزاد حەسەن کار لەسەر دەستکاریکردنی ئەو سیستم و شارستانییەتە دەکات کە خۆی لە چوارچێوەی باوکسالاری و نێرسالاریدا دەبینێتەوە، پەیوەندیی نێوان کەسەکانی ناو تێکستی ئەو پەیوەندیگەلێکن لەسەر بنەمای هێز دامەزراون، هەر کاراکتەرە و چەندە هێزی هەبێت ئەوەندە خاوەن زمانە، تا ئەو سنورەی هێزی بڕەدکات زمان و گوتاری دەگات بەوێ، لە دەقەکانی شێرزاد حەسەندا هێز سنور و مەودای بیرکردنەوە و زمان دیاری دەکات، تا هێز زیاتربێت ئەگەری بەقوربانی بوون کەمتر دەبێتەوە، قوربانیی یەکەمی دەقەکانی شێرزاد حەسەن مێیینەن، چونکە هێزیان نییە، پاشخانێک نییە ئیلهام و هێزی لێ وەربگرن.

لە چیرۆکی لۆزاندا پەیوەندیی نێوان بەهێز و لاواز دەچێتە ئاستێکی ترەوە، بە جۆرێکی تر فۆرمۆلە دەبێتەوە، ئەو پەیوەندییەی لەم تێکستە «لۆزان»دا هەیە، پەیوەندیی نێوان دوو کارەکتەری ناو یەک فەرهەنگ نییە، بەڵکو پەیوەندیی نێوان دوو کارەکتەری جیاوازی ناو دوو فەرهەنگی لەیەکتر جیاوازە، جیاوازیی نێوان لاس و لۆزان هێندەی جیاوازیی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوایە، ئەگەر پەیوەندیی نێوان نێر و مێ لە سیستمی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی کوردیدا لەسەر هێز دامەزرابێت، ئەوا پەیوەندیی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاواش لەسەر هەمان بنەمایە، چەندە بۆشایی لە نێوان نێر و مێدایە هێندەش بۆشایی لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوادایە، وەک چۆن لە سیستمی کۆمەڵایەتیی کوردییدا پەیوەندیی نێوان نێر و مێ سروشتی دوو هێڵی تەریبی هەیە، ئاوەهاش پەیوەندیی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا هەمان سروشتی هەیە. چەندین دەقی ئەدەبی هاوشێوەی دەقی لۆزانی شێرزاد حەسەن لە رووبەری ئەدەبی عەرەبیدا دەبینین کە باس لە پەیوەندیی نێوان رۆژئاوای بەهێز و رۆژهەڵاتی بێ هێز دەکەن، ئەو دەق و تێکستانەش هەروەک ئەوەی شێرزاد بەرمەبنای پەیوەندیی سێکسی پەیوەندیی هێز و بێهێز بەیان دەکەن. نەجیب مەحفوز لە رۆمانی «بدایە و نهایە» و توفیق حکیم لە رۆمانی «عصفور من الشرق» و سوهەیل ئیدریس لە رۆمانی «الحی اللآتیی» و عەبدولڕەحمان مونیف لە رۆمانی «ألآشجار واغتیال المرزوق»دا لە ڕێگای سێکسەوە باس لە پەیوەندی و بەریەککەوتن و لێک دوورکەوتنەوەی نێوان دوو شارستانییەت دەکەن، یەکێک لە ناوازەترین دەقەکانی ئەدەبی عەرەبی رۆمانی «وەرزی کۆچ بۆ باکوور»ی تەیب ساڵحی نووسەری سودانییە کە لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوودا نووسیوویەتی، و هەندێک لە رەخنەگرانی عەرەب ئەو دەقەی تەیب بە قەرزاری دەقی «لەناو جەرگەی تاریکی»دای جۆزیف کۆنراد دەزانن. من لەم نووسینەدا هەندێک خاڵی هاوبەش و جیاوازی نێوان رۆمانەکەی تەیب ساڵح و چیرۆکی لۆزانی شێرزاد حەسەندا دەخەمە روو.

تەبیب ساڵح لە رۆمانی وەرزی کۆچ بۆ باکووردا لە رێگەی خوڵقاندنی کارەکتەری مستەفا سەعیدەوە بەسێکسکردن لەگەڵ کچانی رۆژئاوادا تۆڵەی داگیرکردنی سودان لە رۆژئاوا دەکاتەوە، پاڵەوانەکەی تەیب ساڵح لەگەڵ چەند ئافرەتێکی



تەیب ساڵح

ڕۆژاوایی پەیوەندی دەبەستێت و بەڵێنیان دەداتی زەواجیان لەگەڵ بکات، بەڵام بەڵێنی خۆی ناباتە سەر و ئافرەتەکان خۆیان دەکوژن، پاڵەوانی ڕۆمانی وەرزی کۆچ بۆ باکوور دەیەوێت نەک بەگژی ئێستای ڕۆژئاوا یان ڕۆژئاوای ئێستادا بچێتەوە، بەڵکو بەگژی تەواوی ئەو هەوڵانەشدا دەچێتەوە کە ڕۆژئاوا لە ڕێگەی کاری فەرهەنگییەوە ویستوویەتی وێنەیەکی نادروست بۆ دەرەوەی خۆی دروست بکات، ئۆتیلۆ کە شاکارێکی مەزنی ولیام شەکسپیرە و خودی ئۆتیلۆ لەو شاکارەدا کەسێکی مەغریبی دەموچاو ڕەشە و بەفیتی یاگۆ دەکەوێتە گومانکردن لە دیزدەمونەی هاوسەری، گوایە دەستی لەگەڵ یەکێک لە ئەفسەرەکانی سوپای دانیمارکدا تێکەڵ کردووە، کە ئۆتیلۆ خۆی سەرۆکی سوپاکەیە، ئەو گومانە وای لێدەکات هاوسەرەکەی خۆی بکوژێت، یەکێک لەو تەفسیرانەیە کە بۆ کەسایەتیی ئۆتیلۆ دەکرێت ئەوەیە شەکسپیر کە دەموچاوێکی ڕەش بۆ ئۆتیلۆ دروست دەکات بەو مەبەستەیە بڵێت ئەوانەی لە دەرەوەی ڕۆژئاوان ناخیان ڕەشە بەو ڕادەیەی دەموچاویان ڕەشە، تەیب ساڵح بەو مەبەستەوە شانۆیی ئۆتیلۆ لە ڕۆمانەکەیدا تەوزیف دەکات هەتا بڵێت ململانێی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەرهەمی ئێستا نییە، بەڵکو بەرهەمی مێژووە، مێژوویەک ڕەگی لەناو شارستانێتیی ئەوروپای سەردەمی فیوداڵیدایە، ئێستاش لە ئەوروپای شارستانێتی سەرمایەداریدا بەردەوامە، بەڵام مستەفا سەعید لە کاتی دادگاییکردنەکەیدا دەڵێت «من عوتەیل نیم، عوتەیل درۆیەکی گەورەیە». «بەڵکو من دڵۆپێک لەو ژەهرەم کە ئێوە لە دەمارەکانی مێژووتاندا».

جۆرج تەرابیشی موفارەقەیەکی قوڵ بەڵام کورت لە بارەی کەسایەتیی ئۆتیلۆ لەگەڵ کەسایەتیی مستەفا سەعید دەکات، ئەو «پێی وایە ناکرێت مستەفا سەعید هەمان کەسایەتیی ئۆتیلۆی هەبێت، چونکە ژنەکەی خۆی بە هۆکارێکی شەخسی و تایبەت نەکووشتووە، هەروەها ئۆتیلۆ ناکرێت ئۆتیلۆ بێت، چونکە ئەفریقییەکی ڕەشپێست ناتوانێت ببێت بە خاوەنی دێزدەموونە، یان جین مۆرس و ببێت بە خاوەنی جیهانەکەیان و ئاوێزانیان بێت، شەکسپیر درۆ لەگەڵ مێژوودا دەکات، چونکە ئۆتیلۆ مەغریبییەکی ڕەشپێست، سەرکردەی سوپا، ژنێکی ئەرستۆکراتی سپیپێستی هێناوە، بەهۆی دڵپیسییەوە کوشتوویەتی، ئۆتیلۆ کەسایەتییەکی داستانییە، بەڵام لە ڕووی شارستانییەوە مەحاڵێکە، ئۆتیلۆ حەقیقەتێکی شانۆییە، بەڵام درۆیەکی مێژووییە.

## چیرۆکی لۆزان

لۆزان چیرۆکێکی شێرزاد حەسەنە، تەنها دوو کارەکتەری لە خۆی گرتووە، کارەکتەرێکی کوردی «لاس» کارەکتەرێکی فەڕەنسی «لۆزان» ئەم دوو کارەکتەرە خوێندکاری بەشی فەلسەفەن لە زانکۆی سۆربوون و پەیوەندییەکی هاوڕێیەتی لە نێوانیاندا دروست بووە، ئەو کچە فەڕەنسییە تا سەر ئێسک ڕۆمانسییە و حەز لە ئەنجامدانی کردەی سێکسی لەگەڵ لاس دەکات، بەڵام لاس بە پێچەوانەوە ئەو حەزەی بەدی ناهێنێت، ئەو بەدینەهێنانەش پەیوەندیی بە ئەوەوە هەیە کچەکە ناوی لۆزانە، لۆزان لە لاس دەپرسێت (لاس.. ئەو شەوە پێت وتم: بۆ ناوی خۆت ناگۆڕیت.. داوایەکی سەیرە بەلامەوە.. تێنەگەیشتم.. ناوی من

# قوربانیی یەکەمی دەقەکانی شێرزاد حەسەن مێیینەن، چونکە هێزیان نییە، پاشخانێك نییە ئیلهام و هێزی لێ وەربگرن

چیەتی..؟ لاس (لۆزان ناوێکی خۆش و مۆسیقییە، بەڵام ناوێکە، نەک هەر بۆ من، بۆ هەموو کوردان بە کارەساتێکەوە.. بگرە بە خیانەتێکەوە پەیوەستە) لێرە بەدواوە لۆزان تێدەگات کە لاس مەبەستی لە هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سیڤەر و هاتنە ئارای پەیمانی لۆزانە کە کوردی تیادا بەش بەش کرا، لۆزان دەڵێت (بەس ئەوەیان پەیوەندی بە منەوە نییە.. من بمزانییایە تووشی تۆ دەبم.. موعجیزەم دەخواست لەو ساتەی کە دایک و باوکم ناویان لێنام لۆزان نەمدەهێشت.)

## کۆدەکانی وەرزی کۆچ بۆ باکور و لۆزان

وەزیفەی خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی کردنەوەی کۆدەکانێتی، لە وەرزی کۆچ بۆ باکوردا تەیب ساڵح دەڵێت مستەفا سەعید لە ١٦ی ئۆگەستۆسی ساڵی ١٨٩٨ لەدایک بووە.

ئەم بەروارەی لەدایک بوونی مستەفا سەعید کارەکتەری ڕۆمانەکە دەکرێت وەک کۆدێک تەماشای بکەین، بەڵام کۆدێک کۆمەکی زۆرمان دەکات بۆ تێگەیشتن لە فەلسەفەی ڕۆمانەکە ئەو کۆدەش بریتییە لەوەی لەو بەروارەداکە مستەفا لەدایک بووە سوپای بەریتانیا بە سەرکردایەتیی کۆشنەر هێرشی کردووەتە سەر سودان و نزیکەی بیست هەزار کەسی لە سودانییەکان کوشتووە .بەکارهێنانی ئەم مێژووە سیستمی ڕەمزی ڕۆمانەکە بەهێزتر دەکات، چونکە تەیب ساڵح نەهاتووە بەروونی پێمان بڵێت بۆ ئەو بەروارەی هەڵبژاردووە بۆ لەدایک بوونی کارەکتەرەکەی، بەڵکو ناچارمان دەکات بەدوای ئەوەدا بگەڕێین چی لە پشتی ئەو بەروارەوە هەیە، بۆ بە دروستی ئەو ساڵە و ئەو ڕۆژەی هێناوەتەوە و کردوویەتی بە ڕۆژی لەدایکبوونی پاڵەوانی ڕۆمانەکە، دیارە باکگراوندێکی مێژوویی لە پشت ئەوکارەوە هەیە و هاوکاتیش بارگاوییە بە تێروانینێکی شۆڕشگێڕانە، ئەم مێژووی لەدایک بوونە ئاماژەیەک بۆ لەدایک بوونی نەوەیەک کە توانای بەگژداچوونەوەی نەک سوپایەکی سەربازی هەیە بەڵکو ئەگەر ئەم دەربرینە شیاو بێت بەگژی شارستانییەتی ڕۆژئاوادا دەچێتەوە. ئەگەر مستەفا سەعید پاڵەوانی ڕۆمانی وەرزی کۆچ بۆ باکوور تەواوی ئەو مێژووە بەنەفرەت بکات کە سودانی تێدا داگیر کراوە، ئەوا لاس پاڵەوانی چیرۆکەکەی شێرزاد حەسەن تەواوی ئەو مێژووە بەنەفرەت دەکات کە پەیمانی لۆزانە، ئەوەی کە جیاوازە لە نێوان چیرۆکی لۆزان و ڕۆمانی وەرزی کۆچ بۆ باکووردا ئەوەیە کە لۆزان حەقیقەتێکی مێژوویی و خەیاڵکردێکی ئەدەبییە.

پاڵەوانەکەی وەرزی کۆچ بۆ باکوور دەگەڕێتەوە بۆ نیشتمانی خۆی و درێژە بە ژیان دەدات بە پێچەوانەی لاسی پاڵەوانی چیرۆکی لۆزان کە بە هەلاهەلایی ژوورەکەی لۆزان بە جێدەهێڵێت. گەرانەوەی موستەفا سەعید بۆ سودان ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە ڕۆژئاوا توانای هەزم و قبوڵ کردنی ئەوێکی ئەفەریقی نییە، هەر لێرەشەوە جارێکی تر هەست بە بایەخی تەوزیف کردنەوەی شانۆگەری ئۆتیللۆ یان وەک عەرەب دەڵێت (عوتەیل) کە شەکسپیر نووسیویەتی، لە ڕۆمانی وەرزی کۆچ بۆ باکوردا دەکەین، بەبێ تەوزیف کردنەوەی شانۆگەری ئۆتیللۆ (عوتەیل) ئەو هێز و توانایەی ئێستەی نەدەبوو، چونکە شەکسپیریش ئۆتیللۆ بە

چەندین دەقی ئەدەبی هاوشێوەی دەقی لۆزانی شێرزاد حەسەن لە رووبەری ئەدەبی عەرەبیدا دەبینین کە باس لە پەیوەندیی نێوان ڕۆژئاوای بەهێز و ڕۆژهەڵاتی بێ هێز دەکەن، ئەو دەق و تێکستانەش هەروەک ئەوەی شێرزاد بەرمەبنای پەیوەندیی سێکسی پەیوەندیی هێز و بێهێز بەیان دەکەن

# لێکۆڵینەوە

مەغریبییەک ناو دەبات، پاڵەوانەکەی وەرزی کۆچ بۆ باکووریش سودانییە، هەمیشە لەو زانکۆیەی کە دەخوێنێت و پاشان سەرپەرشتی چەندین تێزی ماستەر و دکتۆرا دەکات، بەڵام هەمیشە لەلایەن راگرایەتیی زانکۆوە پێی دەڵێن سەرەرای ئەو هەوڵانەی لە تۆدا خەرجمان کردووە هەڵگری عەقڵیەتێکی دواکەوتوانەیت، کە هەریەک لەو دوو وڵاتەش مەغریب کە شەکسپیر شوناسی ئەو وڵاتەی خستووەتە گیرفانی ئۆتیللۆوە و سودانیش کە تەیب ساڵح پاڵەوانێکی نەتەوەیی لێوە دەنێرێت بۆ بەگژداچوونەوەی رۆژئاوا سەر بە ئەفریقان، کەواتە ململانێی نێوان ئەفەریقا/ رۆژئاوا، رۆژهەڵات و رۆژئاوا حەتمیەتێکی مێژوویی بووەو، و بەیەک گەیشتنیشیان وەک چۆن مەحاڵێکی سیاسی و ئابوورییە، بە هەمان شێوە مەحاڵێکی ئەدەبیشە.

هەروەک جۆرج تەرابیشی دەڵێت «مستەفا سەعید پێویستی بەوەیە بکوژێت و پەلامار بدات هەتا بیسەلمێنێت خۆی «درۆ» نییە جەخت لەسەر ئینتیمای خۆی بکاتەوە».

«پەیوەندیی کۆلۆنیاڵی سروشتی وەهایە لێکترازانی هەستی سێکسی بەدوای خۆیدا دەهێنێت: پیاوی سپی پێست پێی وایە و وەها رەفتار دەکات هەموو ژنانی کۆلۆنیالکراو بۆ ئەو فەراهمن، لە بەرانبەریشدا پیاوانی کۆلۆنیالکراو پەرچەکرداری پەرگیرانە و هاوشێوەی ئەوەیان هەیە: هەموو ژنێکی سپیپێست، رووپاکییەکەی بانکردنێکی هەمیشەیە بۆ لاقەکردن.

لە چیرۆکەکەی شێرزاد و رۆمانەکەی تەیبدا خاڵێکی گرنگتر هەیە، کە لە نێوان هەردووکیاندا هاوبەشە، ئەویش ئەوەیە لە هیچ کامیاندا سێکس رەهەندی چێژ و ژیان ویستی تێدا نییە، سێکس رەهەندە ئیرۆتیکییەکەی خۆی لەدەست داوە، زیاتر لەوەش لە هەردوو دەقەکەدا سێکس ئامرازێکە بۆ تۆڵەکردنەوەو زەلیل کردنی بەرانبەر، بەڵام ستایڵی بەکارهێنانی سێکس بۆ تۆڵەکردنەوە جیاوازە لە هەردوو تێکستەکەدا، ئەویش ئەوەیە پاڵەوانی وەرزی کۆچ بۆ باکوور بە سێکسکردن تۆڵە لە رۆژئاوا دەکاتەوە، بەڵام پاڵەوانی چیرۆکی لۆزان تۆڵە بە سێکس نەکردنەکە دەکاتەوە، هەریەک لە پاڵەوانی رۆمانەکەی تەیب ساڵح و وەرزی کۆچ بۆ باکوور ویژدانی نەتەوەکەی خۆیانن.

چەمکی پەیوەندی لە هەردوو دەقەکەدا ئاستی نێوان نێر و مێ تێدەپەڕێنێت و دەگوێزرێتەوە بۆ پەیوەندیی نێوان دوو شارستانییەتی جیاواز، شارستانییەتی رۆژهەڵات کە تیایدا پەیوەندیی نێوان نێر و مێ لەسەر بنەمای هێزە، ئەمە لە کاتێکدا لە شارستانییەتی رۆژئاوا پەیوەندیی نێوان نێر و مێ رەهەندێکی مرۆڤدۆستانە و ژیان ویستی هەیە. پاڵەوانەکەی شێرزاد و تەیب ساڵح بەو لۆجیکەی پەیوەندیی نێوان نێرو مێی لە رۆژهەڵاتدا پێ رێکخراوە، دەڕواننە پەیوەندیی نێوان رۆژهەڵات و رۆژ ئاوا و هیچ هارمۆنیایەک لەو نێوانەدا نامێنێتەوە.


**ژێدەر:**

*گەڕەکی داهۆڵەکان – شێرزاد حەسەن

*موسم الهجره الی الشمال- طیب صالح

*شرق و غرب رجوله وانوثه - جورج گرابیسی



# شیعری ئێران و پێگەی جیهانی

## لەگەڵ خانمی سیمین بەهبەهانی و دکتۆر زیائی موەحید_دا

**گفتوگۆی ڕامینی جیهانبەگلو**
**لە فارسییەوە: کاروان حەسەن**

(والت وێتمان)ی شاعیری سەدەی نۆزدەهەمی ئەمریکی لەو باوەڕەدابوو، بۆ هەبوونی شاعیرانی گەورە دەبێ خوێنەری گەورەمان هەبێت. ئێران هەمیشە سەرزەمینی بەرفراوانی شاعیرانی گەورەی وەک حافز و سەعدی و خەیام و فردەوسی و مەولەوی بووە و ئێرانییەکانیش هەمیشە هۆگرییەکی تایبەتیان بۆ شیعر و شاعیران نیشان داوە. (گۆتە)ی شاعیر و نووسەری سەدەی حەڤدەهەمی ئەڵمانی، حافزی بە یەکێک لە مەزنترین ئەدیبانی جیهان دەژمارد و لەو باوەڕەدا بوو ئەگەر گوتەزایەک بە ناوی ئەدەبیاتی جیهانییەوە

# گفتوگۆ

بوونی هەبێت، بێگومان حافز یەکێکە لە کۆڵەکە گرنگەکانی. بەم شێوەیە کاریگەریی شیعری کلاسیکی ئێران لەسەر نووسەران و شاعیران و فەیلەسوفانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە سەدەی نۆزدە و بیستی میلادیدا، مەسەلەیەکە مێژوونووسان و ڕەخنەگرانی ئەمڕۆی جیهان لەسەری هاوڕان. بەڵام بە پەیدابوونی شیعری نوێ لە ئێران و تازەگەرییەک کە لە دۆخ و شێواز و واتا لەسەر دەستی کەسێکی وەک نیما فۆرمی وەرگرت، نوێخوازییەک کە فەرەیدون تەوەلی و ئەحمەد شاملو و سوهراب سپێهری و فروغ فەروخزاد و نادر نادرپوری هێنایانە گۆڕێ، شیعری ئێرانی لەنێو ئەدیبان و ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاواییدا کەمتر ناوبانگی پەیداکرد. شاعیرانی ئێرانیی دەیەکانی (١٣٤٠-١٣٥٠-١٣٦٠) زۆر کەمتر لە شاعیرانی کلاسیکی ئێران لە جیهاندا گرنگییان پێدرا و وەرگێرانی ئەم شیعرانە کەمتر کەوتووەتە بەردەستی ئارەزوومەندانی شیعری جیهانییەوە. ئەم ئامادەنەبوونەی شیعری ئیرانی لە کۆڕە ئەدەبییەکانی جیهاندا هاوڕا بووە لەگەڵ ئەوەی کە شاعیرانی ئێرانی کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی سیاسەت و ئایدیۆلۆژیاوە، کە لە سەردەمی پێش و پاش شۆڕش یەخسری ئامانجخوازیی تایبەتی خۆیان بوون و لە کاروانی شیعری جیهانی بەجێمان. بەم شێوەیە زۆرێک لە شاعیرانی ئێرانیی سەردەمی نوێ بە بەرهەمی شاعیرانی ناچەپ و ناشۆڕشگێری جیهانی ئاشنا نەبوون و بەم پێیە تێڕوانینێکی لوت و گوێ براویان سەبارەت بە شیعری جیهانی بەدەست هێناوە. نەبوونی گفتوگۆیەکی هەمیشەیی لە نێوان شاعیرانی هاوچەرخی ئێرانی و بزوتنەوەی شیعری جیهانی، شیعری نوێی ئێرانی دووچاری دۆخێک کرد کە ئەمڕۆ یەکێک لە شوێنەوارە گرنگەکانی، ئامادەنەبوونی شاعیرانی ئێرانە لە ڕیزی بردنەوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات. ئەوەی کە چۆن دەتوانین شیعری ئەمڕۆی ئێران بە پێگەی جیهانی بگەیەنین، بابەتێکە کە هێشتا بە شێوەیەکی جدی لەنێو شاعیرانی ئێرانیدا نەهاتووەتە گۆڕێ. ئایا پێداویستییەکانی ئەمە وەدیهێنانی بزوتنەوەیەکی بەرفراوانە لە وەرگێڕانی شیعری ئەمڕۆی جیهان بۆ فارسی و شیعری ئەمڕۆی ئێران بۆ زمانە بیانییەکان؟ گفتوگۆی زیندوو لە نێوان شاعیرانی ئێرانی و شاعیرانی جیهان بە چ شێوەیەک و لە چ چوارچێوەیەکدا بەدی دەهێنرێت؟ ئایا شیعری ئێرانی دەتوانێت پەیوەست بێت بە ڕەوتی ئەدەبیاتی جیهانییەوە؟ کە ٢٥٠ ساڵ لەمەو پێش (گۆتە)ی شاعیر لە بارەیەوە دەدوا.

***خانمی بەهبەهانی بە بڕوای ئێوە تایبەتمەندییەکانی شیعری نوێی ئێرانی کامانەن؟ ئایا ئەو بابەتەی کە لە سەردەمی نیما و ئەو بزوتنەوەیەی کە لە سەردەمی پاش نیما لە ژێر کاریگەری کولتووری ئەورووپا لە ئێران هاتەگۆڕێ، ئەمڕۆکەش هەروەک ڕابردوو بۆ پێشکەوتنی خۆی وزە لە کولتووری ڕۆژئاوا وەردەگرێت؟ یان ئەوەیە لە یەکێک لە سەردەمەکاندا ئەمە ڕاوەستاوە؟**

**سیمین بەهبەهانی:** بە ڕێکەوت پرسیارێکی جوانە، دەمەوێت بڵێم بەو ئەزموون و ڕوانینەی کە ئەم چەندین ساڵە لەسەر وێنەی شیعری ئێرانی هەمە، پێویستە بڵێم ڕەنگە لە دەیەکانی ڕابردوودا واتە سێ دەیە و چوار دەیە و پێنج دەیە لەمەو پێش ئەم وزە وەرگرتنە لە شیعری دەرەکی لە ڕوانگەی منەوە زیاتر بووە. واتە شاعیرانی ئێمە بەزۆری ئاشنایەتییان لەگەڵ زمانە دەرەکییەکانی وەک فەڕەنسی و ئینگلیزی هەبووە و لەوانەوە سوودیان وەردەگرت.

لە شیعری ئەو زمانانە و لە شاعیرانی کۆن و هاوچەرخی ئەوروپا سوودیان وەردەگرت. لە ئێستادا ئەم سوودوەرگرتنە گەلێک کەمترە و ئەگەر هەشبێت بە شێوەیەکی دروست نییە. من نموونەیەکتان بۆ دەهێنمەوە. نیما ئاشناییەتی لەگەڵ ئەدەبیاتی فەرەنسیدا هەبوو، زۆریش سوودی لێ وەرگرتووە، ئەڵبەتە لاسایی نەدەکردەوە و خودی نیما بە جۆرێک بوو کە لاسایکەرەوە نەبوو، ئەگەر شتێکی وەربگرتایە بە ناخی خۆیدا ڕۆی دەبرد و بەشێوەیەکی میللی یان تەنانەت ناوچەیی دایدەڕشتەوە. قوتابییەکانیش ئەم کاریگەرییەیان لەسەر بوو. هەر لەو وەختەی کە نیما برەوی پەیدا کردبوو و قوتابیگەلێک و پەیڕەوانێکی هەبوو، ئێرانییەکان لە بزوتنەوەکانی دیکەی دەرەکی سوودیان وەردەگرت. بە نموونە من بزوتنەوەی (کەڵەشێری شەڕانی) بە نموونە بۆ ئێوە دەهێنمەوە، ئەم (کەڵەشێرە شەڕانی)یانە چوار کەس بوون، هۆشەنگ ئێرانی و غەریب و شیروانی و وێنەکێشەکەیان کە (زیاء پور)بوو. بڵاوکراوەیەکیان دەردەکرد کە ناوەکەشی بەهەمان شێوە (کەڵەشێری شەڕانی) بوو. ئەم بڵاوکراوەیە لەژێر کاریگەریی بزوتنەوەی دادائییەکان و سوریالیستەکانی فەرەنسادا بوو لەو سەردەمەدا گەلێک نوێ بوو. پاش تێپەڕبوونی ئەم ماوەیە کە ڕەنگە نزیکەی ٤٥ ساڵ بێت. ئەمڕۆ دەبینم دیسانەوە شاعیرە لاواکانمان هەمان شت و هەمان وشە و هەمان ئەو کۆمەڵە بزوتنەوەیەی کە لە وڵاتانی خۆیاندا شکستیان هێناوە یان ئەوەیە لە وڵاتانی خۆیاندا ئەم بزوتنەوانە دووچاری ئەوە بوون کە بکەونە ژێر کاریگەریی کۆمەڵێ بزوتنەوە یان ئاوێتە ببن بە کۆمەڵێ بزوتنەوەی دیکە، ئەمڕۆ لاوەکانی ئێمە لاسایی ئەم بزوتنەوانە دەکەنەوە، بەبێ ئەوەی بزانن چی دەکەن. من ناڵێم ئەمە خراپە. چونکە هەر


سیمین بەهبەهانی

ئەزموون و هەر کارێک بەهەرحاڵ بەرهەمێکی دەبێت، ئەگەر سەرنەکەوێت لەناودەچێت و ئەگەر سەرکەوێت دەمێنێتەوە. بەهەرحاڵ من دەڵێم ئێران گەلێک کەوتووەتە ژێر کاریگەریی بزوتنەوەکانی ڕۆژئاوا، ئەوەی کە بۆچی ئێمە کاریگەریمان لەسەر ئەوان دانەناوە بابەتێکی دیکە و ئەگەر دەرفەت هەبێت لە بارەیەوە قسە دەکەین.

***بەڕێز دکتۆر موەحید، ئایا لە ڕوانگەی ئێوەوە لە پاش ئەو قسانەی کە خانمی بەهبەهانی کردیان، دەکرێت شیعری ئێرانی بە شیعرێکی جیهانی دابنێین؟ شیعری ئەمڕۆی ئێران و شاعیرانی ئەمڕۆی ئێران ئەگەر وەک شاعیرێک ناویان بهێنرێت**

# گفتوگۆ

**کەسانێکی نەناسراون لە جیهانی ئەمڕۆدا، زۆربەی کات ناویان لەگەڵ سیاسەتی ئەمڕۆی ئێراندا دەهێنرێت. مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەمڕۆ لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپدا، ئارەزوومەندانی شیعر یان ئەو کەسانەی کە لەگەڵ شیعردا سەروکاریان هەیە، کەسانێکی وەک (ئۆکتافیوپاز) یان (پابلۆ نیرۆدا) زیاتر لە کەسانێکی وەک ئەحمەد شاملو یان سوهراب سپێهری دەناسن.**

**دکتۆر موەحید:** بنوارە ڕامین من هەر لە بنەڕەتەوە لەگەڵ پرسیارەکەی تۆدا کێشەم هەیە، واتە بەجیهانیبوونی شیعر. من دەتوانم لەوە تێبگەم کە



**زیائی موەحید**

چۆن وێنەکێشی بە جیهانی دەبێت، لە بەجیهانی بوونی میوزیک و سینەماش تێدەگەم، بەڵام کەمێک کێشەم لەگەڵ بەجیهانیبوونی شیعردا هەیە. چونکە بەڕادەیەک بە زمانی وڵاتێکەوە نووساوە کە قسەکردن لە بارەی بەجیهانیبوونییەوە لەڕاستیدا وەک ئەوە وەهایە کە ئێمە لەوە تێبگەین کە فڵانە شاعیر لە فڵانە وڵات گەلێک ڕێزی لێدەگرن. بەڵگەی منیش گەلێک ڕوونە، شکسپیر شاعیرێکی جیهانییە، بەڵام ئێمە جگە لە ناوی شکسپیر و شانۆنامەکانی کە ئێستا بە هەر نرخێک بێت وەرگێڕانیان دەکەین و نمایشیان دەکەین، یان ئەو سۆناتایانەی شکسپیر کە وەردەگێڕدرێن، لە کولتووری ئێمەدا شکسپیر چ پێگەیەکی هەیە؟ لەڕاستیدا ئێمە لەگەڵ شکسپیر چەندە دەتوانین پەیوەندی بەرقەرار بکەین؟ ئایا بەو ڕادەیەیە کە ئەوروپییەکان یان بەریتانییەکان پەیوەندیی لەگەڵدا بەرقەراردەکەن؟ بێگومان ئێمە یەکێکین لەو وڵاتانەی کە لەگەڵ شیعری جیهانیدا کراوینەتەوە، واتە ئێمە زۆربەی شاعیرانی فەڕەنسی دەناسین و بەرهەمەکانی ئەوانمان وەرگێڕاوە، لە (بۆدلێر)ەوە بیگرە تاکو (ڕامبۆ) و (رنەشار) و شاعیرانی دیکە یان شاعیرانی بەریتانی. بەڵام ئەم شاعیرانە چەندە کاریگەرییان لەسەر کولتووری ئێمە داناوە؟ ئەمانە جیهانین بەڵێ، (تەدهیوز) جیهانییە، بەڵام ئایا دەکرێت بارودۆخی (تەدهیوز) لە فارسیدا بەو توانا زمانییەی کە لە ئینگلیزیدا هەیە وەری بگێڕین؟ بەم پێیە لە بارەی شیعرەوە ئێمە یەک کێشە و یەک لەمپەری زمانیمان هەیە، هەم ئەوان هەیانە لە بەرامبەر ئێمەوە و هەم ئێمە هەمان لە بەرانبەر ئەوانەوە. بەجیهانیبوونی شیعر لە ڕوانگەی منەوە مەسەلەیەکی گەلێک ئاڵۆزە و کەسانێک کە دەیانەوێت لە بارەی شیعری وڵاتی

ئێمەوە داوەری بکەن، ئەگەر بە پێوەر جیهانییەکان بیانەوێت داوەریی بۆ بکەن بە چ جۆرێک دەتوانن ئەم داوەرییە بکەن؟ تەنانەت لە بارەی مەولەوییەوە چۆن دەکرێت داوەری بکەن؟ نەناسراوترین شاعیری ئێمە لە ڕۆژئاوادا حافزە. حافز لە ڕۆژئاوادا نەناسراوە و هەرگیزیش ناناسرێت. چونکە شیعری ئەم شاعیرە بەجۆرێک بە سونەت و زمانی فارسییەوە نووساوە کە ناکرێت وەرگێڕان بکرێت. بەم پێیە دەبێت دڵمان بەوە خۆش بکەین کە نیەتێکی باش لەو کەسانە هەبێت کە زەوقی شیعریان هەیە و بڵێن زۆرباشە ئەمە شاعیرە بەم پێوەرانە: پێوەری کاریگەری، پێوەری شاعیرێکی مەزن بوون لە سەردەمی خۆیدا، تا ئەو نوێکارییەی کە کردوویەتی، بەم پێوەرانە ئەمە شاعیرێکە کە لە وڵاتێکدا بەو سونەتە شیعرییەی کە ئێمە هەمانە ئەمە کەسێکی هەڵکەوتووە، وەک شاملو کە لە شیعری ئێمەدا کەسایەتییەکی هەڵکەوتوو بوو، خانمی بەهبەهانی لە غزەلدا کەسێکی هەڵکەوتووە، کارێکی تازەی کردووە و نوێگەرییەکی تازەی کردووە. پێویستە ئەمانە لەپێش چاو بگرین. ئەگینا ئەوەی کە شیعر بەجیهانی بێت من لەمە تێناگەم. یانی چی بەجیهانی بێت؟ من لە بەجیهانیبوونی شیعر تێناگەم. واتە تاڕادەیەک وا بیردەکەمەوە بانگەشەیە. شیعرێک کە لە زمانێکی دیکەوە بۆ زمانی فارسی وەردەگێڕدرێ، من نازانم چەندە هەمان ئەو شیعرەیە کە لە ڕاستیدا ئەوان لێی تێدەگەن وەک شیعر. من ئەم کێشەیەم لەگەڵ پرسیارەکەی ئێوە هەبوو.

***ئێوە ئەو بابەتەتان خستنەڕوو، کە جیهانیبوونی شیعر ڕەنگە بێمانا بێت، لە بنەڕەتدا خستنەڕووی بێمانایە. باسێک کە دەمەوێت لە بارەیەوە قسە بکەین و دەمەوێت ڕای خانم بەهبەهانی لەمبارەیەوە بزانم، مەسەلەی گفتوگۆی شیعری ئێرانییە لەگەڵ هزری ڕۆژئاوادا، کە سەردەمانێک شیعری کلاسیکی ئێران توانیویەتی ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ هزری ئەوروپیدا دروست بکات. ئێستا ئەم گفتوگۆیە گفتوگۆیەکی نیوەو ناتەواوە، بەڵام بەهەرحاڵ ئەم گفتوگۆیە دروست بووبوو. من چەند نموونەیەک بۆ ئێوە دەهێنمەوە، نموونەم بە (گۆتە) هێنایەوە و ئەو ئاماژەیەی کە لە دیوانی (ڕۆهەڵات و ڕۆژئاوا) بۆ حافز کردوویەتی ئاماژەیەکی گرنگە. ئەوەی کە ئێوە ناوی خەیام و کۆمەڵێ شیعری خەیام تەنانەت لە سینەمای هۆلیووددا دەبینیت، کە بۆ وێنە نموونەی بەرچاوی کە لە زەینی مندایە فیلمی (پاندۆرا)یە کە (ئاڤاگاردنەر) لەو فیلمەدا ڕۆڵ دەگێڕێت. ئەوەی لە بارەی شاعیرگەلێکەوە کە من لەگەڵ زۆرێک لەوان قسەم کردووە لە دەرەوە، لە فەڕەنسا و ئەمریکا، بۆ نموونە عەتار دەناسن و شیعرەکانی عەتاریان خوێندووەتەوە. ئەگەر ئێوە لەگەڵ ئەواندا لە بارەی شیعری ڕۆژهەڵات بدوێن، بێجگە لە (تاگۆر) کە بۆ هندستان وەک ناوێک بە نموونە دەیهێننەوە، بەدڵنیاییەوە لەگەڵیدا ناوی یەکێک لە شاعیرەکانی کلاسیکی ئێرانیش دەهێنرێت. بابەتێک کە من دەخوازم لە بارەیەوە بدوێین و پرسیارێک من لە خانمی بەهبەهانیم هەیە و دەمەوێت ڕاوبۆچوونیان بزانم، ئەوەیە کە ئایا ئەم گفتوگۆیە لە نێوان شیعری ئێرانی و شیعری وڵاتانی دیکە دونیادا بەتەواوی پچڕاوە؟ ئایا دیسانەوە مومکینە بێتەوە گۆڕێ؟ ئەگەر مومکینە پێویستە چۆن دروست ببێت؟ ئەگەر مومکین نییە لەبەرئەوەیە کە ئەسڵەن ناتوانرێت دروست ببێت، یان لەبەرئەوەیە شیعری ئێرانی شیعرێکە تەنیا بۆ ئێرانییەکان دەهۆنرێتەوە؟ هۆکارەکەی چییە؟**

**خانمی بەهبەهانی:** دیسانەوە ئەمەش پرسیارێکی

ئەگەر ناوەندە زانستییەکانی ئێمە بیان توانیایە شیعری هاوچەرخی ئێمە بەباشی بە دونیا بناسێنن، یەکەم بە منداڵەکانی خۆمان و قوتابیانی خۆمانی بناسێنن و نیشانی بدەن، لەوانەیە لە دونیاشدا شیعری ئێمە پێشکەوتنێکی زیاتری بەخۆیەوە دەبینی یان باشتر دەناسرا

# گفتوگۆ

جوانە. ئەوەی کە شیعر بەشێوەیەکی گشتی قابیلی وەرگێڕان نییە ئەمە حەقیقەتێکە، کە لە ڕاستیدا کۆمەڵێ وردەکاریی شیعری هەیە کە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە ناکرێت بگوازرێتەوە. بەڵام هەربەوجۆرەی کە ئێوە گوتتان، چۆن لە ڕابردوودا توانیویانە شاعیرانی ئێمە بناسن و چۆن لە ئێستا ئێمە دەتوانین شاعیرانی وڵاتانی دیکە بناسین؟ واتە تەنانەت لە وەرگێڕانی بەرهەمەکانیان چێژ وەربگرین؟ کەوایە ئەم ئاڵوگۆڕە بە تەواوەتی یاساغ نییە، واتە دەکرێت ئەم ئاڵوگۆڕە هەبێت لە هەلومەرجێکدا، ئێستا ئەو هەلومەرجە چییە؟ دەڵێین کە بۆچی مەولەوی و خەیام و حافز و سەعدی و....لە دونیادا بەناوبانگن؟ ئێوە دەبینن کە ناوی خەیامیان لە ڕستۆرانتێک ناوە، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە خەیام بە باشی دەناسن، یان شیعرەکانی مەولەوی لە ئەمریکا فرۆشێکی لەڕادەبەدەریان هەیە، دیارە ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە مەولەوی دەناسن. کەوایە دەبینین پەیوەندییەک هەبووە. ئێستا دەپرسین بۆچی ئەم پەیوەندییە کە شیعری کۆنی ئێمە لەگەڵ دونیادا هەیبووە لە ئێستادا شیعری تازە و نوێمان ئەو پەیوەندییەی نییە؟ ئەڵبەتە نیما لە هەموو دونیادا دەیناسن، هەندێک لە شاعیرانی وەک ئەحمەد شاملو و بەڕێز موەحید و....هتد دەناسن، بەڵام نەک بەڕادەی پێویست. من وا بیردەکەمەوە هۆکارە سەرەکییەکەی پێویستە لە زانکۆکاندا بەدوایدا بگەڕێین. گەلێ ڕۆژهەڵاتناس هەن کە دێن و لەسەر شیعری وڵاتێکی وەک ئێران ئیش دەکەن، یان کار لەسەر شیعری هندی یان عەرەبی دەکەن. ئەمانە زمانی فارسیی کۆنیان بە باشی دەزانی. هەمان فارسیی کۆنیشیان بەکاردەهێنا. بەم پێیە دەیان توانی بەرهەمی شاعیرانی کۆن زۆر بەباشی بڵاوبکەنەوە، توێژینەوە لە بارەیەوە بکەن

و بە دونیای دەرەوەی بناسێنن. ئەم پەیوەندییەی ڕۆژهەڵاتناسان پێویستە لە ئێستادا لەگەڵ کوێدا بێت؟ واتە لەگەڵ کوێ پەیوەندییان هەبێت تاکو بتوانن ئەم کارە بکەن؟ دەتوانن ئەمە لە ناوەندە زانستییەکاندا بکەن. لە کۆندا ناوەندە زانستییەکان تایبەت بوون بە ژمارەیەک لەو کەسانەی کە زانا بوون، پێکەوە کۆدەبوونەوە، لە ڕاستیدا گەلێ کتێبخانەی باڵا و قوتابخانەگەلی باڵا بوون. ڕۆژهەڵاتناسان لەگەڵ ئەوان و مامۆستاکانیاندا ئاشنا دەبوون، سەروکاریان دەکرد. ئێستا پێویستە ئەم کارە لە زانکۆکاندا بە ئەنجام بگەیەنرێت. لە زانکۆکانی ئێمەدا ئەم مەسەلەیە زۆر بەجدی وەرنەگیراوە. تا ئێستاش لە کتێبەکانی خوێندنی ئێمەدا شیعری شاعیرانی نوێ نابینیت، واتە کاتێک دەیانەوێت وانە بڵێنەوە هەر سەعدی و حافز دەخوێنرێت. لە زانکۆکانیشدا نابینین لە بارەی شاعیرانی هاوچەرخەوە شتێک بگوترێت. ڕۆژهەڵاتناسێک خاڵی دەستپێکی کوێیە کە پێویستە لەگەڵیدا کاربکات و سوودی لێوەرگرێت؟ زانکۆیە. زانکۆکانی ئێمە لەم ڕووەوە کەمتەرخەمیان کردووە. لام وایە ئەگەر ناوەندە زانستییەکانی ئێمە بیان توانیایە شیعری هاوچەرخی ئێمە بەباشی بە دونیا بناسێنن، یەکەم بە منداڵەکانی خۆمان و قوتابیانی خۆمانی بناسێنن و نیشانی بدەن، لەوانەیە لە دونیاشدا شیعری ئێمە پێشکەوتنێکی زیاتری بەخۆیەوە دەبینی یان باشتر دەناسرا. بەڵام بەدبەختانە ئەمە نەبووە، من تاوانی ئەمە دەخەمە ئەستۆی ناوەندە زانستییەکانی خۆمان. بەڵام مەسەلەیەکی دیکەشمان هەیە کە کێشەی ئێمەیە. کێشەی ئێمە کێشەی زمانە. واتە شیعری ئێمە بەم شەست هەفتا ملیۆن ئێرانییە پەرەدەسێنێ. کە دەتوانم بڵێم ئەمانە زۆربەیان نەخوێندەوارن.

له وڵاتی ئێمەدا نەخوێندەواری زۆرە، ئەم زمانە توانای ئەوەی نییە کە لە دونیادا خۆی نیشان بدات. لە کاتێکدا کە زمانی عەرەبی، بنوارە چەند ملیۆن بە زمانی عەرەبی قسە دەکەن و وەرگێڕێکی زۆریشیان هەیە، بەم شێوەیە شیعری عەرەبی لە ئێستادا لە دونیادا لە شیعری ئێمە ناسراوترە. چەند شاعیرێک ناوسراوی عەرەب هەن کە لە دونیادا بەناوبانگن، بەڵام لە ئێراندا زۆر کەممان هەن، بەڕادەیەک کە نزیکە لە نەبوونەوە. بەم پێیە زمانی ئێمە زمانێکە کە کەمتر قسەی پێدەکرێت. لەگەڵ ڕۆژهەڵاتناسانیشدا پەیوەندیی شیعری مۆدێرنی ئێمە هێشتا دروست نەبووە. ئەگەر پەیوەندییەک هەبێت هەمان شیعری کۆنمانە. بەم پێیە کەوایە جێگەی خۆیەتی کە نەناسرابێت. دیسانەوە لە ڕوانگەی منەوە کێشەیەکی دیکەش هەیە. ئەویش مەسەلەی وەرگێڕە. بنوارە وڵاتانی دیکە بەنموونە ئەگەر بە زمانی لاتینی شیعر بناسرێت، شیعری ئیسپانی و ئیتالی و فەڕەنسی و ئەڵمانی و ئینگلیزی ئەمانە لە ڕیشەوە جیاوازیی زۆریان لەگەڵ یەکدی نییە، بەم پێیە وەرگێڕێکی فەڕەنسی زۆر بە باشی دەتوانێت شیعری ئیتالی و ئیسپانی وەربگرێت. وەرگێڕێکی ئینگلیزی زۆر بەباشی ئەتوانێ شیعری ئەڵمانی وەربگێرێت، وەرگێڕێکی سویدی دەتوانێت بە باشی شیعری ئەڵمانی یان فەڕەنسی وەربگێڕێت. ئەمانە کۆمەڵێ زمانن هەرکەسێک کە دانیشتووی ئەورووپا بێت بەزۆری لەگەڵ ئەم زمانانەدا ئاشنایەتیی هەیە. بەم پێیە وەرگێڕ کە لە زمانی یەکەمەوە (زمانی دەق) دەست پێدەکات دەتوانێت زمانی یەکەم بۆ زمانی دووەم بە باشی بگوازێتەوە. ئێمە لە زمانی فارسیدا وەرگێڕێکی لەم جۆرەمان نییە کە بتوانێت زمانی یەکەم بە دروستی بە زمانی دووەم بگەێنێت. بە پێچەوانەوە گەلێ وەرگێڕمان هەن کە زۆر بەباشی دەتوانن زمانی وڵاتانی دەرەکی بۆ ئێمە بگوازنەوە. بەم شێوەیە دەبینین کە شیعری دەرەکی بۆ ئێمە بە باشی ناسراوە، بەڵام شیعری ئێمە بۆ زمانەکانە دەرکییەکان نەناسراوە. من وابیردەکەمەوە ئەم هۆکارانە بێت.

***زۆر سوپاس خانمی بەهبەهانی، بەڕێکەوت درێژەی قسەکانم لەگەڵ دکتۆر موەحید لەسەر فەرمایشتەکانی ئێوەیە، لە بارەی هەمان بزوتنەوەی وەرگێڕانەوەیە. چونکە ئەوان خۆیان یەکێک لەو وەرگێڕانەی بەدەر لەوەی کە شیعر دەنووسن، شیعریش وەردەگێڕن، کتێبکی ڕیکلە (سلان و باتراکەر)یان وەرگێڕاوە لەگەڵ ئەبازری و فەرهاد پور. لەگەڵ ئەو بابەتەدا کۆکن کە وەرگێڕانی شیعر لە زمانەکانی دیکەوە بۆ فارسی دەتوانێت بزوتنەوەیەکی زۆر گرنگ بێت. ئێستا ئەو پرسیارەی کە من لە بەڕێزیان هەمە و دەمەوێت ڕاوبۆچوونیان بزانم، ئەوەیە کە بۆچی شاعیر و وەرگێڕەکانی ئێمە ئەوەیان هەڵبژاردوە لە ٥٠ ساڵی ڕابردوودا ژمارەیەک لە شاعیرانی جیهان وەربگێڕن و بێدەنگی لە کۆمەڵی شاعیری دیکەی جیهان بکەن و ئەسڵەن شیعرەکانیان وەرنەگێڕن؟ بەبڕوای من ئەم هەڵبژاردنانە، هەڵبژاردنێکی سیاسی بوون، واتە بە گریمانە شیعرەکانی (لۆرکا) و (پابلۆ نیرۆدا) لە سەردەمانێکدا زیاتر وەرگێڕاون، چونکە شاعیری چەپ بوون و کۆمۆنیست بوون. ژمارەیەک لە شاعیرانی وەک (ماییناس بتافوا) یان (ماندل شتام) وەرنەگێڕاون، یان درەنگتر وەرگێڕاون، یان شاعیرەیەکی زۆر گرنگی ڕووسی وەک (ئاخماتڤا) زۆر درەنگتر وەرگێڕاوە. بەڕێز موەحید من دەمویست بزانم کە تا چ ڕادەیەک ئێوە لەو باوەڕەدان کە ئەم بزووتنەوەی وەرگێڕانە، کە خودی ئێوە بەشداریتان**

## گفتوگۆ

**تێیدا کردووە، هاوکاریمان دەکات لەوەدا کە ئێمە زیاتر بزانین لە بزوتنەوەی شیعری جیهانیدا وەرگێڕان چۆن فۆرم وەردەگرێت؟**

**دکتۆر موەحید:** لەم پرسیارەدا زۆر مەسەلە جیاواز دەخرێنەڕوو کە هەرکامێکیان پێویستە بە جیا باس بکرێن. من بۆ خۆم دوو شاعیرەی ژنم ناساندووە لە ئێراندا کە خۆشبەختانە بووەتە هۆی ئەوەی کە کەسانی دیکە بەدوایاندا برۆن و کۆمەڵێ شیعری دیکەی ئەوان وەربگێڕن. یەکێکیان (سیلڤیا پلات) بوو و ئەوی دیکەیان (ین دیکنسن)، کە هیچ کامیان شاعیری سیاسی نین. زۆر شاعیری عەرەب هەن ئێمە دەیان ناسین و وەرمان گێڕاون. بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەگەر تەماشا بکەین دەبینن، لە وڵاتانی عەرەبیدا شیعری ئێمە ناناسن، واتە کەسانێک کە لە دەرەوە بۆ ئێران دێن، تەماشا دەکەن و دەبینین جگە لە نیما یوشیج کەسی دیکە ناناسن، نیماش تەنها بەناو دەناسن نەک وابزانی شیعرەکانی دەناسن یان لە بواری چیرۆکدا کە باشتر بۆ وەرگێڕان دەست دەدات، تەنها یەک کەس دەناسن، ئەویش «هیدایەت»ە، کە دیسانەوە ئەمیش هەر بە ناو دەناسن. لێگەڕێن خاڵێکی زۆر سەرنجکێشتان پێ بڵێم. یەکەمین شیعری نوێی ئێرانی واتە شیعری (قەقنەس)ی نیما لە ساڵی (١٩٣٧) بڵاوکراوەتەوە، بەڵام یەکەمین شیعری نوێی عەرەبی لەلایەن (شاکر سەیاب)ەوە نووسراوە و لە ساڵی (١٩٤٧) بڵاوبووەتەوە. واتە ئێمە (١٠) ساڵ پێش وڵاتانی عەرەبی شیعری نوێمان بونیاد ناوە. هۆکاری ئەوەی کە بۆچی شیعری ئێمە نەناسراوە، بەڵام شیعری وڵاتانی عەرەبی ناسراوە؟ ڕێک لەبەر ئەوەیە کە وڵاتانی عەرەبی زمانی دووەمیان تەنانەت زمانی یەکەمیشیان دەکرێ بڵێین ئینگلیزییە و لەگەڵ شاعیران ڕۆژئاوادا پەیوەندییان هەیە و زۆربەیان لە دەرەوە سەرنووسەری گۆڤارە شیعرییەکان بوون، ئەمەش ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە سەردەمانێک ئەم وڵاتانە ژێر دەستەی وڵاتانی دەرەکیی وەک ئینگلیزی زمان و فەڕەنسی زمان بوون. بەم پێیە ئەوان بەڕووی دونیادا کراونەتەوە، لەکاتێکدا (شاملو) و (غلامحسین ساعدی)، من لەبیرمە کاتێک لە سەردەمی شۆڕشدا ئەوان لە بەریتانیا بوون، لە ڕاستیدا لەگەڵ هیچ کەسدا پەیوەندییان نەبوو، ئەمانە لەڕاستیدا زمانزانییان بەو ڕادەیە نەبوو، کە برۆن و لەگەڵ شاعیرانی ڕۆژئاوادا پەیوەندی دروست بکەن و خۆیان بەوان بناسێنن. واتە بەڕادەیەکی زۆر مەسەلەکە پەیوەندییە نەک خودی شیعر، شیعر بەوڕادەیە گرنگ نییە کە پەیوەندیی گرنگە. ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ دونیا دەرەوەدا گەلێک کەمە، لە پاش شۆڕشیش کەمتر بووەوە، بە هۆکاری جیاواز کەمتر بووەوە. دیسانەوە من دەگەڕێمەوە سەر قسەکانی پێشووم. ناسینی شیعری وڵاتێک پەیوەندییەکی تۆکمە و تەواوی لەگەڵ کولتووری ئەو وڵاتەدا هەیە، ناسینی سونەتی ئەو وڵاتە و زمانی ئەو وڵاتەیە و ئەمەش وەرگێڕانی بۆ زمانێکی دیکە تاڕادەیەک نەکردەنییە. ڕەنگە ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەنها وڵاتێک بین کە زۆرترین شاعیری ڕۆژئاوا بناسین. شاعیرانی فەڕەنسا و بەریتانیا بەباشی دەناسین، کاتێک کە دەڵێم بەباشی دەیان ناسین، واتە ناوەکانیان دەزانین، شیعرەکانیانمان وەرگێڕاوە، بەڵام ئەوەی کە تا چ ڕادەیەک ئەمانە شاعیرن و پێگەیان چییە؟ ئەمە لە وەرگێڕاندا ون دەبێت و لەدەست دەردەچێت. بەم پێیە تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندیی هەیە بە ناسینی شاعیرانی دیکەوە، ئێمە کەممان نەهێناوە و لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە بە بەرهەمەکانیان ئاشنا

## ڕەنگە ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەنها وڵاتێك بین کە زۆرترین شاعیری ڕۆژئاوا بناسین

بووین و بێگومان هەرچەندە ئەم وەرگێڕانانە ناتوانن جەوهەری شیعر نیشان بدەن، بەڵام کاریگەرییان هەبووە. بەدبەختانە ئێمە لە فارسییەوە بۆ ئینگلیزی کێشەمان هەیە، یان لە فارسییەوە بۆ زمانەکانی دیکە کێشەمان هەیە. خۆشبەختانە لەم دوایانەوە ڕەوتێک هاتووەتە گۆڕێ، ئەم زانیارییە ڕەنگە بۆ ئێوە سەرنجکێش بێت کە لە وڵاتانی عەرەبیدا هیچ وڵاتێک بە ئەندازەی عێراق وڵاتی شیعر نەبێت. وڵاتێکە کاتێک کە کەوتە ژێر گەمارۆی ئابووری (مجله الاداب) کە پەنجا ساڵە بڵاودەبێتەوە و لە گۆڤارە بەناوبانگەکانی ئەدەبیاتی عەرەبە، تیراژەکەی نیوە، لەبەرئەوەی گەمارۆی ئابووری درا و خەڵکی نەیان دەتوانی بیکڕن. خۆشبەختانە (مجله الاداب) ژمارەیەکی تایبەت کرد بە شیعری ئێرانییەوە و یەکێک لە وەرگێڕە باشەکانی زمانی عەرەبی (موسا ئەسوار) کە زمانێکی عەرەبی باش دەزانێت هەروەکو زمانی دایکی، بەڕێزیان لەسەر داوای سەرنووسەری ئەم گۆڤارە بڕیاری دا کە شیعری ئێرانی بناسێنێت. ئێمە هاوکاری ئەومان کرد و بڕێک لە شاعیرانی ئێرانی و شیعرمان هەڵبژارد و ئەو وەریگێڕان، گوتاری نووسی، ڕەوتی گۆڕانی شیعری ئێرانمان باس کرد. دواتر گۆڤارەکانی ڕۆژئاواش وردە وردە خەریکن ئەمە بە گرنگ دەگرن و دەیانەوێت کارێکی لەم چەشنە بکەن.

من هیوادارم ئەم بزوتنەوانە ببنە هۆی ئەوەی شیعری ئێرانی بە دەرەوە بناسرێت. بەڵام دیسانەوە ئەوەش دەڵێمەوە کە وەرگێڕانی شیعر و ناساندنی شیعر بە وڵاتانی دیکە گەڵێک جیاوازیی هەیە لەگەڵ وەرگێڕانی چیرۆک. ئێستا من خۆم بە هونەری ڕەوانبێژی سنووردار دەکەم. چیرۆکنووسێکی ئێرانیی وەک (سادق هیدایەت) دەتوانرێت بە تەواوی بخرێتەڕوو، بەڵام مەولەوی بەو ڕادەیە کە خراوەتەڕوو تەنیا بە ناو خراوەتەڕوو. تەنانەت فیردەوسی کە لە دەرەوە زۆرترین وەرگێڕانی بۆ کراوە و تەنانەت بیستوومە چیرۆکی (ڕۆستەم و زۆراب) چووەتە نێو بەشێک لە کتێبی منداڵانەوە، بۆ نموونە (نیزامی، ئادەمی، خاقانی، حافز) ئەمانە دەتوانن ناویان لە دەرەوە هەبێت. ئێوە خۆتان لە فەڕەنسا بوون و ئەوە دەزانن کە (سەعدی) بە شاعیری سەردەمی ڕۆشنگەریی فەڕەنسا، واتە سەردەمی (Enlightenment) دادەنێن. خێزانێکی فەڕەنسی سێ پشت منداڵەکانیان ناونا (سەعدی)، کە یەکێکیان بووە سەرۆک کۆماری فەڕەنسا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر ئێوە وا بزانن کە لە فەڕەنسا (سەعدی) بەو جۆرەی کە ئێمە دەی ناسین ئەوان بیناسن......... شیعر ئەمەیە، تایبەتمەندیی شیعر ئەمەیە، کە بە شێوەیەک بە زمانەوە نووساوە، بە هۆی وەزن، بەهۆی وشەسازی و گەمە زمانییەکانەوە، کە ناکرێت شاعیرێک لە وڵاتێکدا کە جێگەی خۆی کردووەتەوە و ڕیشەی لە سونەتیی ئەو وڵاتەدا هەیە و بەهێزە، لە وڵاتێکی دیکەدا بەهەمان ئەندازە کە ئێمە حەزدەکەین بناسرێت. بەهەمان شێوە شاعیرانی وڵاتانی دیکەش لە وڵاتی ئێمەدا، کە شیعرەکانیان وەردەگێڕێن و دەیان خوێنینەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمانە خودی شیعرەکانی ئەوان نیین. بەم پێیە بزوتنەوەی وەرگێڕان یارمەتی دەدات کە ناوەکان ئاڵوگۆڕ بکرێن، بەڵام ئەوەی کە تا چەندە خودی شیعر و جەوهەری شیعر ئاڵوگۆڕ بکرێت من هەندێک بەگومانم.

***یەکێک لەو مەسەلانەی لە شاعیرانی دیکەی دونیا وەک شاعیرانی ڕووسیا و ئەمریکای لاتین و شاعیرانی وڵاتانی ئەنگلۆساکسۆنی دەیبینین و بە شێوەیەکی زۆر کەمیش لە شاعیرانی عەرەبدا وەک (ئەدۆنیس)**

# گفتوگۆ

**دەبینین، بەدڵنیاییەوە ئەو گرنگییە کە خودی ئەم شاعیرانە لە پەنای کاری شاعیرییاندا بە مەسەلەی شیعر و جەوهەری شیعری دەدەن و کۆمەڵێ کتێبیان سەبارەت بە شیعر نووسیووە. ڕەنگە ئەم گوتار و نووسینانە وەرگێڕانیان ئاسانتر بوویێت و زیاتر توانیبێتیان بە دونیا بگەن و وەربگێڕێن. ئێمە لەنێو شاعیرانی ئێرانیدا ئەم جۆرە کەسانەمان زۆر کەمە، واتە شاعیرانی ئێرانی زۆر بە کەمی خۆیان بە باسی شیعر و جەوهەری شیعرەوە مەشغول کردووە. خانمی بەهبەهانی ئێستا من ئەو پرسیارە لە ئێوە دەکەم، ئەو ئاڵوگۆڕەی کە ئێمە خەریک بووین لە بارەیەوە قسەمان دەکرد، کە بە بڕوای من دەتوانێت ڕۆڵێکی زۆر گرنگ بگێڕێت، ڕۆشتنی شیعری ئێمەیە لە ئێرانەوە بۆ وڵاتانی دیکەیە و بینینی شیعری جیهانی و هاتنی شیعری وڵاتانی دیکەیە بۆ ئێران، کە لەم ٢٥ ساڵەی ڕابردوودا زۆر بە کەمی ڕووی داوە. بە بڕوای ئێوە تا چەندە ئەم ئاڵوگۆڕە دەتوانێت یارمەتیمان بدات کە ئێمە بچینە نێو فەزایەکی دیکەی شیعرەوە و بە حەقیقی لەم بزوتنەوە جیهانییە شیعرییەدا بتوانین بەشداری بکەین؟**

**خانمی بەهبەهانی:** ئاڵوگۆڕ زۆر کاریگەرە. کەس ناتوانێت نکۆڵیی لێ بکات. کاتێک شاعیرانی وڵاتێکی دەرەکی لەگەڵ وڵاتێکی دیکەدا پێکەوە ئاڵوگۆڕی هزری دەکەن، دوو هزر و کولتوور لەگەڵ یەکدی ئاوێتە دەبن و ئاوێتەبوونی ئەم دوو کولتوورە بە واتای لەدایکبوونی ڕیفۆرم و کولتوورێکی نوێیە، لەمەدا ناتوانین گومان بکەین. بەڵام ئێستا کە بەڕێز دکتۆر موەحید قسەیان دەکرد لەبارەی ئەوەی کە شیعری ئێمە قابیلی وەرگێڕان نییە و بە دروستی و بە باشی وەرنەگێڕاوە و وەرناگێڕێت، منی خستە تێفکرینەوە، واتە شاعیرانی دەرەکی ئەوەی کە وەرگێڕاوە ڕەنگە بەوردی بەو جۆرەی کە بووە وەرنەگێڕابێت، بەڵام بەهەرحاڵ، ڕۆحی نووسینی شکسپیر کە بەنموونە هێنایەوە یان کەسانی دیکە، وای دابنێ (ئالیوت)، شاعیرانی دیکە یان شاعیرانی فەڕەنسا بە نموونە (ئاراگۆن) و (ئیلوار)، ئەمانە هەموویان لە فارسیدا بەباشی سەرنجیان ڕاکێشاوە، واتە ئێمە دەتوانین ناسینێکمان بۆ کارەکانیان هەبێت. لە کاتێکدا هەروەکو بەڕێز دکتۆر موەحید فەرموویان ئێمە ناتوانین خۆمان بەوجۆرەی کە هەین بخەینەڕوو، واتە شیعری ئێمە بەو جۆرەی کە هەیە وەرناگێڕدرێت. ئەمە خاڵێکی بیری من خستەوە، بیر دەکەمەوە ڕەنگە دروست بێت و ڕەنگە جێگەی قسەوباسیش بێت. ئایا لە ڕاستیدا شیعری ئێران لە بنەڕەتدا شیعرێکی خوازەیە؟ من لە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی شاعیرانی فەڕەنساوە لەوە تێگەشتم کە ئەوان زۆر بە کەمی خوازە بەکاردەهێنن. واتە قسەکانیان لە ئێمە ڕوونتر دەکەن. بێجگە لە شاعیرانی مۆدێرن، چونکە ئەڵبەتە ئێستا زۆر لەژێر پەردە و خوازەدا قسەدەکەن، بەڵام ئەو شاعیرانەی کە تاکو ئێستا لە ئێراندا ناسێنراون، ئەمانە شیعرەکانیان ڕوونە و لە سۆز و هەستی بزواو و لە ئامانجەکانیان دەدوێن، بەجۆرێک کە ئێمە دەتوانین لێیان تێبگەین. بەڵام لە ئێراندا بەم جۆرە نییە. کاتێک ئێمە لە قاڵبی خوازەدا دەدوێین، شیعرەکانمان چەند لایەن و ڕووی هەیە، واتە لەڕاستیدا شیعرێکی ڕووکاری نییە. شیعرێکە کە لەژێر هەر وشەیەکیدا خوازەیەک خۆی شاردووەتەوە و مانایەکی دیکە و تێگەشتنێکی دیکەی تێدایە، ئەم شیعرە وەرگێڕانی زۆر کێشەیە و ناکرێت. بەنموونە لە زمانی فەڕەنسیدا گریمان من شیعرێکی سان ژۆن پرێس وەردەگێڕم، کاتێک کە دەیەوێت لە بارەی ئاشتییەوە بدوێت، دەڵێت

کادوسەی ئاسمان، سافی سمبولی ئاسمان بە واتا ئارامی و بێ بزاوتی و هەموو شتێک بەرقەرارییە، ئەو کادوسەی ئاسمان بە هەورەتریشقە دەڵێت. ئەو بروسکەیەی کە لێی دەدات دەیچوێنێت بە کۆمەڵێ ماری تێکئاڵاو. مرۆڤ زۆر بە کەمی ئەم جۆرە خوازە یان چواندنە لە شیعری ڕۆژئاوادا دەبینێت، زۆر بە دەگمەن، بە نموونە ناچار دەبێت بنووسێت کە مەبەست لە کادوسەی ئاسمان هەمان هەورەبروسکە و هەورە تریشقەیە. ئەو بروسکەیەی کە لێی دەدات وەک ئەو مارانەیە، کە بە دەوری یەکدیدا پێچ دەخۆن. بەڵام لە شیعری فارسیدا هەر بەیتێکی حافز لە ژێریدا چەند مانایەکی خۆی شاردووەتەوە، کاتێک تەماشای خاقانی دەکەین گۆبەندێکە بۆ خۆی، کاتێک کە چیرۆکەکانی مەولەوی دەخوێنینەوە، دەبینین کە هەرکامێکیان ڕاڤەیەکیان هەیە کە مرۆڤ ڕاڤە بکات. بەم پێیە ئەدەبیاتی فارسی چ لە سەردەمی کۆن و چ لە ئێستادا، بەنموونە من لەسەر شیعرەکانی بەڕێز موەحید ڕەخنەیەکم نووسی بوو، تەماشام دەکرد و دەمبینی کە ئەسڵەن ئەو مانا ڕواڵەتییەی کە مرۆڤ بیەوێت لێی تێبگات، دەتوانێت چەندین مانا لە ناویدا دەربهێنێت. شیعری لەم جۆرە وەرگێڕانی دژوارە، بە ئاسانی وەرگێڕان ناکرێت، بەڵام شیعری ڕۆژئاوا دەکرێت بۆ زمانی فارسی وەربگێڕێت. ئێمە ڕاهاتووین کە خوازە بە باشی بناسین، بەڵام ڕۆژئاواییەکان کاتێک ئێمە بە خوازە لەگەڵیان بدوێین هەرگیز تێناگەن ئێمە چی دەڵێین. ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانیش ئەمە بێت.

***بەڕێز دکتۆر موەحید ئایا لە ڕوانگەی ئێوەوە هەر بەوجۆرەی کە ڕۆژئاوا شیعری فەلسەفی هەیە و شاعیرانێکیان هەن کە ڕۆڵی فەلسەفییانەیان گێڕاوە بەنموونە سلان و ڕنەشار و فەیلەسوفانی وەک هایدگەر، ئایا ئێوە لەو بڕوایەدان لە ئێرانیش ئێمە ڕۆژێک بتوانین شیعری فەلسەفی (ئەڵبەتە مەبەستم لە شیعری نوێی ئێرانە، چونکە شیعری کۆنی ئێمە شیعری عیرفانی ئێران پەیوەست بووە بە فەلسەفەوە) ئایا شیعری نوێی ئێران بەبڕوای ئێوە دەتوانێت بە پێگەی فەلسەفی بگات یان نا؟**

**دکتۆر موەحید:** من هیوادارم کە ئەم کارە بە ئەنجام بگەیەنرێت و من بابەتێکی تێروتەسەلەم هەیە لەسەر خستنەڕووی مانای شاعیرانی سەردەمی کۆن، کە ئەوان conceptualization یان هەیە، مەولەوی و حافز و خەیام هەیانە. بەڵام بەدبەختانە لە شیعری هاوچەرخدا کەوتنە ژێر کاریگەریی سیاسەتەوە زیاترە و لە شیعری دەیەی ٧٠ و شاعیرانی دیکەدا ڕێژەگەرایی و مەشغوڵ بوون بە کۆمەڵێ بابەتەوە کە پەرتەوازەیی تیایاندا بەڕادەیەکە، کە ناتوانین جوگرافیایی مانای بۆ وێنا بکەین، بەو واتایەی کە بەدبەختانە هزر لە شیعری هاوچەرخی ئێمەدا گەلێک لاوازە. شیعرە هەیە، وێنە هەیە، دیدگای شاعیرانە بۆ جیهان هەیە، بەڵام ئەوەی کە شاعیرێک بە گشتی خستنەڕووی مانایەکی بۆ جیهان هەبێت، بەدبەختانە لە شیعری ئێمەدا زۆر لاوازە، بەڵام دیسانەوە ئەو ڕوانینەی کە ئێستا نەوەی نوێ بۆ فەلسەفە هەیانە و ئەو شەوق و زەوقەی من وەک مامۆستایەکی فەلسەفە لە زانکۆ دەیبینم، بەهیوام ئەم ڕەوتە بەرەوپێشەوە بڕوات و ئێمە شاعیرانێکمان هەبێت، کە ڕوانینێکی گشتییان هەم لە بەرانبەر جیهانەوە هەبێت و هەم دیدێکی فەلسەفییان لە بەرانبەر جیهانەوە هەبێت.

**سەرچاوە:**

ایران در جستجوی مدرنیته.

بەدبەختانە لە شیعری هاوچەرخدا کەوتنە ژێر کاریگەریی سیاسەتەوە زیاترە و لە شیعری دەیەی ٧٠ و شاعیرانی دیکەدا ڕێژەگەرایی و مەشغوڵ بوون بە کۆمەڵێ بابەتەوە کە پەرتەوازەیی تیایاندا بەڕادەیەکە، کە ناتوانین جوگرافیایی مانای بۆ وێنا بکەین، بەو واتایەی کە بەدبەختانە هزر لە شیعری هاوچەرخی ئێمەدا گەلێک لاوازە. شیعرە هەیە، وێنە هەیە، دیدگای شاعیرانە بۆ جیهان هەیە، بەڵام ئەوەی کە شاعیرێک بە گشتی خستنەڕووی مانایەکی بۆ جیهان هەبێت، بەدبەختانە لە شیعری ئێمەدا زۆر لاوازە



# ڕازێکی دەروون

## جەلالی میرزا کەریم



**سەباح ڕەنجدەر**

ئەدیب لە جەوهەری خۆیدا بۆ مرۆڤ و ئەو بەشەی سروشت دەنووسێت، کە سیما و خەسڵەتی مرۆڤیان وەرگرتووە، یان لە سیما و خەسڵەتی مرۆڤدا بوونی خۆی دەدۆزێتەوە و دایدەڕێژێت. بەو شێوەیە ئەدەب مرۆڤ دەخاتە چەقی گەردوون و زەمینێکی تاک و شایانی بۆ تەرخان دەکات. ئەو دێڕە تیژانەی لە ناو شیعرەکانی (جەلالی میرزا کەریم)دا دەردەکەون و ون نابن، ئەوە دارمانی بەها و ناکۆکی و پێوەندییە هاوسۆزەکانن، لە بارێکی دیاریکراودا دەردەکەون و هاوسەنگیی هێما و هێماپێکراوێک بە تەواوکردنی یەکتری دەدەن. زۆر لەسەر ڕستەی سەرەتا و کۆتایی ڕادەمێنێ، وەک بڵێی سەرەتا و کۆتایی بکاتە ناوەند و نوختەی بینینی دۆخگۆڕین. گرژی لە نێوان دێڕەکانی سەرەتا و کۆتاییشدا وەک هونەرێک

# هەموو ئەدیبێکی نوێبەخش خاوەنی هەقیقەتی باڵای خۆیەتی. ئەم هەقیقەتەش تەنیا شێواز و فۆرمی نووسینەکەیەتی

دەمێنێتەوە و مەودایەک وەردەگرێت. سەرەتا و کۆتایی دەبێتە بەشێک لە بنیادی پێکهاتەی واقیعی شیعرەکە و دەخرێتەڕوو، ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لەودا پێکهێناوە. دەکرێت ئەم تین و تاوەی سەرەتا و کۆتاییە وەربگرین و بڵێین جۆرێکی زۆر تایبەتە بۆ دامەزراندنی پێوەندییەک. ئەم پێوەندییە سەر بە دەقێکی دەستنیشانکراوە و هەوڵی دووبارە ڕێکخستنەوەی ڕەوت و مانای ناو دەق دەدات. خۆی شێواز و فۆرمێکی پەرەپێدراوی کولتووری خۆماڵییە. نموونە، بەیتی کوردی وەک هەستی ڕاستەقینەی خۆی زۆر لە سەرەتا و کۆتاییدا ڕادەمێنێ. کەواتە ئەم شێواز و فۆرمە پرسیارێکە لە بارەی ئاکامی بەردەوامبوونی کولتوورەوە. دەتوانین ئەو شێواز و فۆرمە بە هەقیقەتێکی نوێبەخشی بزانین، چونکە سەرەتا و لە پێشتردا بووەتە هۆی بەدیهێنانی پێویستییەکانی نوێبەخشی. هەموو ئەدیبێکی نوێبەخش خاوەنی هەقیقەتی باڵای خۆیەتی. ئەم هەقیقەتەش تەنیا شێواز و فۆرمی نووسینەکەیەتی. لەم جۆرە نووسینەدا ئەدەب زۆر لە ڕۆژانەی واقیع دوور ناکەوێتەوە و هەموو شتێک پێکدەهێنێ. وردبوونەوە لە وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانە، کە ئێستێتیکایەکی بیندراوی بە شێوەی جووڵاو تێدا پێشکێش و پەخشکراوە یەکێکە لە کانگاکانی بەهرەوەرگرتن و ختووکەدانی ناخ بۆ دۆخی شیعری، دۆخی شیعریی جیهان و جەوهەری مرۆڤە و بە قووڵی ڕێزی ژیانی تێدا دەگیرێت. شیعر ئەگەر بە قووڵی ڕێزی ژیانی تێدا نەگیرا، بێ بگرە و بەردە ڕووکەش و یەکئاستە.

زمان لای وەک موگناتیس وایە ئامانجی دەربڕین و کەرەستەکانی داهێنان لە بیرکردنەوەی داهێنەر دێنێتە دەرەوە بۆ جووڵاندن و خۆدەربڕین. پێوەندیی نێوان وێنەی هەستی و وێنەی زەینی بەرەو هەڵوەشانەوە دەبا و وێنەی ویستی کۆمەڵگەی کوردی دەکێشێ، کە ویستێکی کۆواتایە و بە دوای داگیرسانی هێڵێکی سەوز سەرگەردان و ماندووە، کە وەرچەرخان و گۆڕانێک دروست بکات، شیعر دەکاتە جێگرەوە و جێگرەوەش دەکاتە شیعر و خۆی تێدا دووبارە دەکاتەوە، وەک چالاکییەکی بیندراویش بەشداربوونی کارای خۆی لە ناو پێشان دەدات و پێکهاتە وەردەگرێت. ئەگەرچی ئەو بۆچوون و پێودانگ و جێگۆڕکێکردنە جۆرە ڕایەڵێکی هەڵخەڵەتێنەری شیعریی بێگەردە. بۆ بەرهەمهێنانی شیعری بێگەرد، هەزار ڕێگە هەیە بۆ خۆدەربڕین و خۆهێنانە سەر دۆخی داهێنان و دەست لە دڵی شتەکان دان و ڕۆچوون بەناو سەرزەمینی شیعردا.

مرۆڤ شیعر بنووسێت و سیاسەتیش بکات، بێ هیچ گومان و دڵ لە دڵدانێک لە یەکێکیاندا ساختەکارە. بەشێک لە شاعیرانی ئەمڕۆ هێندەی خەریکن لە ناوەندە سیاسییەکان نزیک دەبنەوە، کەمتر لەوە خەریکی شیعری بێگەردن.

هەر دەقێکی شیعری بارێکی تایبەتیی داهێنەر دەهێنێتە ئاوێنەی بەرانبەر بۆ خۆناساندن و جۆرێک گفتوگۆ و لێوردبوونەوە، پێویستیشە بەو پێودانگە، کە بارێکی تایبەتە لێی وردببینەوە، چونکە بارە تایبەتەکە ئەو هۆ و ئامانج و دەرهاوێشتەیەیە دەقە شیعرییەکەی لێوە بەرهەم هاتووە و بووەتە ئامادەبوون لە بووندا. باری تایبەتیش، کە بوو بە بەرهەم، دەگات بە بەدەستهێنانی ئاگایی نووسین و دەبێتە ئاکارێک بۆ سروشتی خودی، سروشتی خودیش دڵگەرمی و هەستیاری لەبارە تایبەتییەکەی نووسەر دەکاتە هێما و هێماپێکراو

وردبوونەوە لە وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانە، کە ئێستێتیکایەکی بیندراوی بە شێوەی جووڵاو تێدا پێشکێش و پەخشکراوە یەکێکە لە کانگاکانی بەهرەوەرگرتن و ختووکەدانی ناخ بۆ دۆخی شیعری، دۆخی شیعریی جیهان و جەوهەری مرۆڤە و بە قووڵی ڕێزی ژیانی تێدا دەگیرێت

# وتار

و وێنەی گەورە، یان بچووککراوی چۆنیەتیی بیر و بیرکردنەوەی. لەم ئاڵوگۆڕ و کردەیەدا خودی نووسەر دەبێتە خودی ئەدەب و نیشانەی هونەریی ئەدەب دەدۆزێتەوە. لەم حاڵ و بارەدا هونەری دۆزراوە بۆ بەرانبەر شیاوی تێگەیشتن دەبێت و بە باڵاترین پلەی خۆی گەیشتووە.

سۆفی لە دەروونی خۆیدا بە دوای ئازادیی خوداییدا دەگەڕێت و لە ئازادیی خوداییدا هەقیقەت داپۆشراو نییە. شیعری (ڕازێکی دەروون)ی جەلالی میرزا کەریم، گۆڤاری تووتن، ژمارە (٤)ی ئایاری ١٩٧٠، بەغدا. ل: ٦١. بە شێوەیەکی پڕشنگدارانە دەربڕین لە هەڵبەز و دابەزی ڕۆحێکی پڕ گومان و پەرێشان دەکات. زیاد و کەمی لە دەقەکەدا فڕێداوە و کاکڵەی هێشتووەتەوە، واتا جومگە سەرەکی و پێویستییەکان. خاوەنی ئەزموونێکی تێڕامان و لێخوردبوونەوەیە لە ژیانێکی جەنجاڵدا، ئەزموونی ڕۆح ڕایەڵ و هەستێکی ڕەسەنە لە ئامادەبوون لە بووندا، بوونێکی پڕ گومان و پەرێشان. ئەم شیعرە تایبەتێکە لە ڕوخسارە کاریگەرەکان و ئەو شتە دەردەبڕێ، کە شاعیر لە ڕۆحیدا، یان لە شوێنێکی نزیک ڕۆحییەوە بە دوای سەرهەڵدانیدا عەوداڵە و سەرسام و چاوەڕوان لە پێشوازیدا وەستاوە.

بۆ نیشاندانی کاکڵەی ڕۆحێکی پڕ گومان و پەرێشان. ئەم شیعرە بژاردەیە، بە تین و تاو و سەرنجی تەواوەوە لە ڕیشاڵی دەروون دەڕوانێت و جەوهەری هەستەکانی ئەزموون دەکات. پاش ئەزموونکردن و مامەڵە لەگەڵ کەرەستە ئەزموونکراوەکەدا دەیگوازێتەوە پانتاییەکی پیشاندراو. بە بوونێکی دیار و ئامادە و ئازادەوە لە نوختەی بینینی نەمری و درەوشانەوەدا دەوەستێت. وەک سۆفی لەگەڵ بنەڕەتی بوونی خۆیدا گفتوگۆ پێکدەهێنێت، گفتوگۆش یارمەتیی بیرکردنەوەی دەدا، زمان و شیعر وەک خود و سروشت بەناو هەموو شتەکاندا تێدەپەڕێنێت، بەرامبەر هەموو شتەکانیش دەیانوەستێنێت، هەریەکەیان لە ڕێگای ئەوی تریانەوە هەست پێدەکرێت و دەبێتە هۆی ڕوودان و چالاکیی بوونی باڵا.

ئامانجی نووسین خەیاڵ و واقیع بەگەڕ دەخات بۆ پێشبڕکێ و ململانێ. خەیاڵ واقیع دەهێنێتە یاد و واقیعیش خەیاڵ تیشکدار و دەوڵەمەند دەکات. لەم شیعرەدا تیشکی دەروون دەوڵەمەندی و بەهێزی و باوەڕبەخۆبوونی بە شاعیر داوە و لە کاریگەرییەکانی دەرەوەی ڕزگار کردووە. وێنە بە هێزێکی جۆراوجۆری، ویستی و نەستی و نیشانەی پێوەندییەوە، خۆی زاڵ دەکات و خەیاڵ زاخ دەدا، هەستیارییەکی پەنهان لە وێنەکان پەخش دەبن، بە هۆی زاوزێکردنی یەک بە دوای یەکی وێنەکان دەتوانین دەست لە هەستیارییەکان بدەین و فەزای چوار دەوری ویستی و نەستی و نیشانەی پێوەندیی وێنەکان ببینین. بەم جۆرە کەسایەتییەکی پڕ گومان و پەرێشان لە ململانێ لەگەڵ خۆیدایە و دووچاری خۆخواردنەوەی بەردەوامی دەکات. ئەنجام لەناو گومان دێتەدەرێ و گومانەکە خاو دەکاتەوە، بە دەستەواژەی «بڵندە جێت»، یان «تێئەگەیت کێیت» خۆی بەختەوەر و خۆشحاڵ دەکات و پیرۆزییەک بە خۆی دەدات، خودی پیرۆزییەکەش لە ڕەوتی دەقەکەدا دەردەکەوێت و ون نابێت. تێیدا هەقیقەتی ڕۆحی خۆی بەرجەستە دەکات و ئەوپەڕی بوونی خۆی دەسەلمێنێت. لەگەڵ ئەم بەرجەستەکردنەشدا بۆ سازدانی جیهانی ئەدەبی. سروشت هاوتای مرۆڤە، سروشت وەک بابەت لە ئەزموونی ئەم شاعیرەدا کەم مامەڵەی لەگەڵ

**مرۆڤ شیعر بنووسێت و سیاسەتیش بکات، بێ هیچ گومان و دڵ لە دڵدانێک لە یەکێکیاندا ساختەکارە**

کراوە، یان لابەلا هاتووەتە ناو دەق و پەیوەستێکی قووڵ و قووڵبوونەوەی نییە. بارودۆخ و سەردەم و ڕووداوە جیاجیاکانی کات و شوێن دەبنە هۆی پێکهێنانی نووسەر، بەڵام کە نووسەر لە ڕێگای نووسینەوە گەڕایەوە سەریان، ئەوکاتە بارودۆخ و سەردەم و ڕووداوە جیاجیاکانی کات و شوێن دەبنە ئامانجی نووسین.

**نیسانی ٢٠١٢ هەولێر**



**جەلالی میرزا کەریم**

# ڕازێکی دەروون

١

گوێ شلی ئەو وتانەم لە شەوەزەنگدا
چرپەیانە لە خامۆشیی تاری سینگدا
ئەو سکاڵا تاڵەی هەردەم
هەڵدەڕێژێ زووخاوی خەم
ئەو پرسیارە بێ وەڵامەی ڕێی پێنابەم
نە تێی دەگەم
نە دەشتوانم لێی هەڵبێم و خۆم دەربازکەم

٢

چیم لە بوونمدا ئاخۆ دەسکەوت
بڵێسە و گڕ
یان هێنمیی گیانی نەسرەوت
شادمانی یان خەمی دڕ

٣

دنیا و تەمەنی لەمەودوام
ئاخۆ چۆن بێ
پڕ جریوەی ئەستێرەبێ
ئاسمانەکەی دوێنێی بڕوام

٤

ئەی خۆم کێ بم
بەزەیی بم یان شەڕخواهی
خۆشەویستی یان ڕقاوی
ئاخۆ چی بم

٥

تەزوویەکیش بەگیانمدا دێت
فرمێسک و بزەی لێدەتکێت
کاتێك دەروون
دێتە گڕ و کفت و هەڵچوون
وێنەیەکی پرسیاراوی
دەخەمە بەرچاوی وێڵم
تێیدا دڕکی ئاگراوی
پڕ لە چزەی ژین دەشێلم

بۆ بەرهەمهێنانی شیعری بێگەرد، هەزار ڕێگە هەیە بۆ خۆدەربڕین و خۆهێنانە سەر دۆخی داهێنان و دەست لە دڵی شتەکان دان و ڕۆچوون بەناو سەرزەمینی شیعردا

## وتار

٦

له فرمێسکدا
له بزەی یادی جارانمدا
له هەنسکدا
له شاڵاوی بیرسووتانمدا
له ناخەوه
له ناخێکی به داخەوه
ڕوخساری خۆم بەدی دەکەم
رووم تێ دەکات
ڕووی تێ دەکەم
دێینه دووان
لەمن یەك و لەو بەسەدان

٧

جا له ڕوخسارم تێ دەگەم
بۆ وتەیەك گوێ شل دەکەم
له قووڵایی دڵمەوه دێت
دەنەڕێنێت و پێم دەڵێت
نازانیت کێیت
پایەت چەنده
کامەیه جێت

٨

تۆ مرۆڤیت
بڵنده جێت
چەند بەژان بێ ژینی دوێنێت
ئەمڕۆ ئازاد ملی ڕێگات
بگره بەرەو دنیای هیوات
ئەوسا هەر وێنەی ڕووی دوێنێت
هەزار و یەك ڕەنگ دەنوێنێت
باخی وشکی زەردی سیسبوو
به دەریای گوڵا دەنەخشێنێ
به هەزاران وتەی نووستوو
له خەوی قورس هەڵدەسێنێ
پەڵه هەوری ڕەشی سینگت
دێته ڕەوینەوه و نەمان
لێڵیی گۆمی خولیای مەنگت
ڕوون دەبێتەوه گەش و جوان
تێدەگەیت کێیت
بۆچی دەژیت
کامەیه جێت
بەرەو کوێیه هەنگاوی ڕێت
تێدەگەیت کێیت

**١٩٧٠/٢/١٢ بەغدا**




# کاتێك هونەرمەند دەکەنە تارمایی!

## تابلۆی کێشەکانی شانۆی کوردی

**رزگار کەریم سەعید – لەندەن**

هەر کەسێک لە هەچ بوارێکدا بووبێت لە ئەوروپاوە چووبێتەوە کوردستان توشی کێشەو دەردەسەری و بێزار بوون کراوەو گەڕاوەتەوە بۆ ئەوروپا.. تەکنۆقراتەکان، هونەرمەندەکان، پەروەردەشوناسەکان، ئایتییەکان... هتد زۆر کەس دەناسم بە ئەوپەڕی دڵسۆزییەوە گەڕاوەتەوە تا «یارمەتی و ڕێنومایی»

# وتار

بدات بە دامودەزگا حیزبییەکان و دەوڵەت، بەڵام هەر هەموویان لە یەک مەسەلەدا یەکدەگرنەوە کە کوردستانی ئەمڕۆ نایانەوێت ئەوانی ئەورووپای شارستانییەت و پسپۆڕان بێنەوە و یارمەتیان بدەن... ئەمەش دەگەڕێنمەوە بۆ چەند هۆیەک کە یەکێکیان ئەوەیە÷ کە کەسانێکی حیزبی لەم ئەورووپایەوە چوونەتەوە و هیچیان نەخوێندووە یان هیچ شتێکی ئەوتۆ فێر نەبوون و لەوێ هەست کراوە کە خۆیان لەوان پسپۆڕتر و شارەزاترن و تووشی نائومێدی بوون بە هاتنەوەی ئەو کەسانە کە ئەگەر شەهادەیەکیشیان هەبووبێت لە مستەوای ئەو بەرپرسیاریەتیەدا نەبوون کە بۆی چوونەتەوە.. دووەم÷ بە یەقین دەزانم کە پسپۆڕانی ڕاستەقینە و کەسانی خاوەن شەهادەی دانشگای بەرز و بەتوانا تا ئێستا نەهاتوونەتەوە بۆ کوردستان یان نایانەوێت بێنەوە یان ئەو سیستەمەی ئەورووپا لە کوردستان جێبەجێناکرێت، چونکە دوو دەڤەری جیاوازن.. کەواتە کەسە پسپۆڕە ڕاستەقینەکانتان نەدیوە و تاقی نەکردووەتەوە، چونکە مانگانەی ئەوانتان پێنادرێت کە ئەمە کێشەیەکی تەکنیکییە و چارەسەری دەوێت تا ئەوانە بتوانن بێنەوە.. ئەوا واز لە قوتابخانەی منداڵەکان بێنە کە کێشەیەکی زۆر مەزنە بۆ ئەو خێزانانەی کە دێنەوە کوردستان. زۆربەمان بەزۆری چەک و جەنگ لە کوردستان دەربەدەرکراوین، بەندە ٢٧ ساڵ بەر لە ئێستا کوردستانم جێهێشت ئەو کاتە دەرچووی ئەکادیمیای بەغداد بووم بەشی شانۆ. پاش چوار ساڵ و نیو بە ڕێگاوە بە دەردە سەری گەیشتمە ئینگلتەرا و بە برسێتی لە چاکترین ئەکادیمیایی دێرینی سینەمادا لە ئینگلتەرا بەکالۆریۆسێکی ترم هێنا. باسی ناوەڕاستی نەوەدەکان دەکەم ئەو کات غەمی ئەوەم بوو، کە کوردستانەکەم بوو بە دەوڵەت پێویستیان بە بەهرە و توانا و ئەزموونی ئێمەمانان دەبێت. کاتم بەفیڕۆ نەدا و خەریکی ڕاوە دۆلار نەبووم تا زەوی و خانووی پێ بکڕم تا ئەوپەڕی تواناش لە کاتی نەهامەتی کورداندا یارمەتیی کەسوکار و هاوڕێکانم دەدا، چونکە پێویستیەکی سەر شانم بوو. ئەو ساڵانەی کە بەکالۆریۆسی دووەمم لە لەندەن دەخوێند کەسانێک هەبوون پێیان دەگوتم: بۆچی دەخوێنی بۆ ئەوەی لە کوردستان بڵێن شەهادەی هەیە! سەیر لەوەدایە هەر ئەو کەسانە ئێستا هەوڵی ماستەر و دکتۆرا دەدەن نەک بۆ کاری مەعریفی نا تەنها بۆ پۆست وەرگرتنی حیزبی. ئەم هەموو ساڵانە دەوڵەت چی کرد با بڵێین حیزب چی کرد لەبری بانگەشەی هاتنەوەی هونەرمەندی ڕەسەنی کورد بکەن هەستان کارگەی هونەرمەندانیان دروست کرد. پێم دەڵێن: توڕە مەبە. لە خۆتی تێک نەدەیت. تکایە ئەم جۆرە نووسینانە بڵاونەکەیتەوە ئەگینا لە پاشەڕۆژدا نایەڵن زنجیرە دراماکەت و فلیمەکانت دروست بکەیت. سیناریۆکانت لە کتێبخانەکەتدا تۆزیان لێ دەنیشێت و ئیتر چی دی هیچت بۆ ناکەن. خوا پێم نەگرێت لەوانەیە پاش ئەم هەموو ساڵانە و ئەو شەهیدە نازدارانەی خێزان و بنەماڵەکەشتان شتێکت بۆ دروست بکەن! لەم ڕۆژانەدا باسی جیاکردنەوەی دەوڵەت دەکەن لە حیزب، بەڵام مەخابن تازە ئینگلیز گوتەنی: زۆر درەنگە! چونکە لە ٢١ ساڵی ڕابووردودا بەلایەنی کەمەوە دوو نەوەی حیزبیتان لە جێگا گرنگەکانی ناو دەوڵەت چەسپاندووە.. لە ڕووی هونەری و میدیا و شانۆ و سینەما و تەلەفزیۆنەکانەوە هەموو پۆستە گرنگەکان و سادەترین فەرمانبەر و هونەرمەندی ناو ئەم ڕێکخراوانە لە سەدا ٩٨ یان حیزبین.. تاک

و تەرا کەسێکی تێدایە کە ئەویش خەسێنراوە تا هیچ ڕەخنە و گازندەیەکی نەبێت کەواتە بۆیە کاری داهێنان نەماوە و بینەر تۆراوە.. دەڵێن بەهۆی تەلەفزیۆن و ئایپاد و ئای فۆن و ئینتەرنێت و یوتوب و فەیس بووکەوە خەڵک تاقەتی نییە بێتە سەیری شانۆییەکان.. نا نەخێر ئێستاش لەم ئەوروپایەدا خەڵکی هەموو ئەو گاجیتانە وەلاوە دەنێت تا ئێوارەی هەینی یان شەممە و یەکشەممە خۆی و ئەندامانی خێزانەکەی بچنە دەرەوە بۆ تەماشای شانۆییەک و کاتێکی خۆشی دانسقەی خێزانی بەرنە سەر!! بلیتی زۆربەی شانۆییە میوزیکییەکانی لەندەن تا سێ مانگ پڕبووەتەوە و نییە.. بلیتی تیپە فرینجەکان بەر لە دوو هەفتە هەمووی بڕاوە و ڕیزێرف کراوە.. ئەمە دەلالەت لە چی دەکات؟! دەلالەت لەوە دەکات کە داهێنان هەیە ئەکتەری بەتوانا ئیش دەکات هەرچەندە ئێستاکێ پارەی مانگانەی ئەکتەری شانۆیی لەم مەملەکەتەدا لە هەرزانترین باردایە.. سەدەها شانۆیی هەن کە پارەش نادەن بە ئەکتەر بەڵام ئەکتەران هەر بەخۆبەخشی نواندن دەکەن..

لەم ڕۆژانەدا دوو نووسینم خوێندەوە دەربارەی کێشەکانی شانۆی کوردی یەکێکیان پەڕتوکی (شانۆ و ناسنامە)ی کامەران سوبحان بوو، کە ساڵی ٢٠٠٤ دەزگای سەردەم چاپی کردووە و من کە بەداخەوە لەم ماوەیەدا بەدەستم کەوت و نووسینەکەی تریشیان (نیهاد جامی) بەناوی (چەمکی گوتار لە ڕەخنەی شانۆییماندا) بوو، کە لە ماڵپەڕی چراکان و دەنگەکاندا بڵاوکرابووەوە.. ڕاستی ئەم پەرتوک و نوسینەی ئەم دوو لاوەی کورد زۆر دڵخۆش و شادمانی کردم.. زۆر نووسینی تریشم خوێندبووەوە کە پسپۆڕانی شانۆی منداڵان لە گۆڤاری تیپی شانۆی سالاردا نووسیبوویان دەربارەی شانۆی منداڵان. زۆر خۆشحاڵم کە لاوی کورد بەو شێوە جوانە ئەمڕۆکە مشتومڕی شانۆ و کێشەکانیان دێننە کایەوە و ئەمەش بۆ دوارۆژی نەوەکانی داهاتوومان گرنگییەکی چاک و بەپیتی دەبێت.. و دەشڵێم شانۆی کوردی ئەمڕۆش نەبێت ڕۆژێک هەر دێت کە بەخێر دەبێت!

برایان، خوشکانی خێزانی شانۆی کوردیمان، زۆر جار من وتەی خێزانی شانۆی کوردیمان بەکار دەبەم، چونکە ئێمە یەک خێزانین و جیا جیا نین لە یەکتری، من کە لە دوورەوە دەڕوانمە شانۆی کوردی و ٢٧ ساڵێکە لە دەرەوەی وڵات دەژیم وەک ئێوە کێشەکانی شانۆی کوردی نابینم. بەڵام لەبەر ئەوەی دوورم لە شانۆکەوە بە تێڕوانینێکی ترەوە دەیبینم.. یەکێک لە کێشەکان کە من لە ژیانی هەرزەکاریمدا هیچ کاتێک بە عەقڵما نەدەچوو مەسەلەیەکی وەها ڕۆژێک لە ڕۆژان بێتە ناو کایەی شانۆی کوردیمانەوە کێشەی پیران و گەنجانە، کە زۆر مشتومڕی لەسەر کراوە.. لە هیچ کون و قوژبنێکی دونیادا ئەم جۆرە کێشەیەم (بەو شێوەیە) نەدیوە شانۆییەکان لە نێوان خۆیاندا ببن بە دوو تیپ: گەنجان و پیران.. دەبن بە قوتابخانە و ڕێبازی جیا جیاوە بەڵام نابن بە شانۆی پیرەکان و گەنجەکان.. کەواتە خەلەلێکی سەقەت هەیە و دەبێت پەنجەی بخەینە سەر.. بەندە کە دەڵێم خێزانی شانۆییمان مەبەستم ئەوەیە لە یەک خێزاندا داپیرە و باپیرە هەن، پاشان باوک و دایک و منداڵەکانیان.. بۆچی باپیرە ڕقی لە کوڕەزاکەی بێت گەر یاریگاکە و دەوروبەرە کەی ناتەندروست نەبێت..؟!! گەر تەماشای ئەم هاوکێشە سادەیە بکەیت هەموویان ئەندامانی یەک خێزانن کوڕەزا و کوڕ دەبێت ڕێز لە توانا و بەهرەمەندی باپیرە و باوک و دایکان بگرێت و مشتومڕی نێوان خۆیان بکەن گەر کێشەیەک لەئارادا بوو نەک هەرکەس پشت لەوی تر

لە هیچ کون و قوژبنێکی دونیادا ئەم جۆرە کێشەیەم (بەو شێوەیە) نەدیوە شانۆییەکان لە نێوان خۆیاندا ببن بە دوو تیپ: گەنجان و پیران.. دەبن بە قوتابخانە و ڕێبازی جیا جیاوە بەڵام نابن بە شانۆی پیرەکان و گەنجەکان.. کەواتە خەلەلێکی سەقەت هەیە و دەبێت پەنجەی بخەینە سەر.

# وتار

بکات و دژی بوەستێتەوە و ددان بەتوانای ئەوانی تردا نەنێت.. ئێمە لە سەدەی بیست و یەکەمدا دەژین، کە شوناسنامەی (ساکاری، Simplicity، و تاک و قەومیەتە) کێ لەگەڵمایە کێش دژی ئەم گوتەیەیە دەتوانم تا سەر ئێسقان دەمەتەقێی بکەم، دەزانم باسی چی دەکەم!! وەک کەسێکی دوور لە شانۆی کوردییەوە من دەبینم «کورد خاوەنی شانۆی خۆیەتی» لە بزووتنەوەو گوتارو لەدایک بوون ڕسکاوە و ڕزگاری بووە.. عەرەبێک یان فارسێک کە باسی شانۆی کوردی دەکات دەڵێت: شانۆی کوردی.. ناڵێت بزووتنەوەی شانۆی کوردی و گوتاری شانۆی کوردی، چونکە دەزانێت کە ئەم شانۆیە مێژوویەکی هەیە کە سەد ساڵ دەبێت بە داڕمان و سەرکەوتن و نەهامەتیدا تێپەڕیوەو ئێرەییش دەبات کە کورد خاوەنی سەرمایەو دەوڵەتی خۆیەتی و خاوەنی گەلێک هونەرمەندی بەرزو تێکستی شانۆی شیعری و خۆماڵی خۆیەتی.. دەباشە تۆ بۆ نابینیت کە خۆت لەناویدا دەژیت..؟ بزووتنەوەی شانۆی کوردی و ئەزمونی شانۆی کوردی قسەی بەعسییە قەومەچییەکانی عەرەب بوو کە دەیانویست شوناسنامەی ئەم میللەتە بسڕنەوە.. ڕاستە شانۆی کوردی دەبێت÷ خاوەنی تێکستی شانۆیی خۆی و قوتابخانە و ڕێبازی خۆی بێت.. بەڵام ئازیزان کورد لە (٦١٢ ی پ. ز)ەوە خاوەنی ڕووخساری شانۆیی بووە لە سەردەمی مادەکانەوە.. برۆن بۆ مۆزەخانەی بەریتانی و تابلۆکانی شەڕی ئاشورییەکان و مادەکان تەماشا بکەن بزانن چەند ئەم قسەیەم بەڵگەدارە.. ئەم پرۆپۆزەڵەم ١٥ ساڵ بەر لە ئێستا، پێشکەشی کۆلێژی سینەما کردووە لە لەندەن، پرۆفیسۆرەکەم دانی پێدا ناوە کە ڕاستە جلوبەرگی سەربازی و جوڵانەوە و پۆز و بالانس و لەشولاری کاراکتەرەکانی ناو تابلۆکان هێمای ئەوە دەکەن کە کورد خاوەنی ڕووخساری درامایی بووە.. کورد سینەمای هێنایە ناو وڵاتی میسرەوە یەکەم ٥ فیلمی عەرەبی (سەلاح کوردی و کوڕەکانی — کۆمپانیای دۆلار فیلم) دروستی کردن.. لە ساڵی (١٨٩٩)ەوە تا ئەمڕۆ سەدەها کورد کاری جلوبەرگ و ماکیاژ و سینەماتۆگرافی و دەرهێنانی کردوە لە میسرو وڵاتانی عەرەبیدا، تا چەندێ ئەو زاتانە خۆیان بە کورد دەزانن یان بە هاووڵاتییەکی میسری یا سوری کێشەکە لێرەدایە.. بۆ نمونە÷ بەر لە ١٧ ساڵ ئەکتەرێکی ئینگلیزم ناسی و باسی ئەوەم بۆ کرد کە ئێمەی کورد شانۆیی شەکسپیرمان زۆر کردووە.. ئەو خانمە گاڵتەی پێکردم و گوتی÷ باشە (To Be or not to be) بە کوردی چۆن دەگوترێت.. بەندە توڕە بووم گوتم÷ بەکوردی وەها دەگوترێت بە عەرەبیش زۆر لە کوردییەکە جوانتر و پڕماناترە و بۆم گوت.. کەچی ئێستا لە ٢٠١٢دا سەیرم پێدێت شانۆی گلۆبی شەکسپیر و شانۆی ڕۆیاڵ شەکسپیر ٣٧ شانۆیی بە ٣٧ زمانی جیهانی شەکسپیر دێننە سەر شانۆکانی بەریتانیا.. جیهان لە گۆڕاندایە ئەو مەسەلانەی کە بەر لە ١٠ ساڵ ئینگلیز لێی دەترسا ئێستا نەماوە.. مەسەلەی پیرەکان و فەلسەفەی گەنجان پۆڵێنێکی زۆر ناقۆڵا و ناژیرانەیە.. لەلایەکی ترەوە دەبێت جیاوازی هەبێت لە نێوانی شانۆی کوردی و ئەدەبی شانۆیی کوردیدا کە تێکست و نووسینی خۆماڵیمانە.. (جۆن ئۆزبۆرن) بە یەک شانۆیی (شانۆی توڕەی) هێنایە بەریتانیاوە..(ئەرەیتسۆفانیس) بە یەک شانۆیی شانۆی کۆمیدیای هێنایە ناو شانۆی یۆنانەوە تەنها مانیفێستۆی شانۆی کوردی ماوە کە بنوسرێتەوە و هیچی تر.. ئێوە ڕەنج و مێژووی دەیەها کەس دەنێنە

چاڵەوە لەم بوارەدا کاکە گیان (شێرکۆ بێکەس و فوئادی مەجید میسری و شێخ سەلام و بێکەس و حەمەفەریق حەسەن و ڕەووف حەسەن و ئەحمەد سالار و خوشکە گەزیزە و... هتد) تێکستی شانۆی کوردیان نووسیوە و ڕەنگە کەسانێکی تریش هەبن کە من مێشکم خیانەتم لێدەکات و لە بیرم نییە.. (ئەحمەدی خانی.. تێکستی منداڵانی هەیە گەر لێی وردبیتەوە) کەسانێکی وەک (قاسم محەمەد و یوسف عانی و دکتۆر عەونی کەرومی) کە دان بە شانۆ و بوونی شانۆی کوردیدا بنێن ئەی کەواتە خەلەلێک لە (جیناتی مێشکی) کورددا هەیە کە دان بە توانای خۆیدا نانێت. یان خۆبەسووک زانی بۆتە مۆدە لای ئێمە! گەر یوگینا باربە سەمایەکی لادێیەکی مەکسیکی بە ڕوخساری شانۆیی لەقەڵەم بدات کەواتە بووکە بەبارانێ و ڕۆژباش ئەی پاشاکەی یاری لەمەڕ منداڵانی خۆشماندا دەبێت مەزاهیری شانۆیی بن چونکە هیچ جیاوازیەکیان نییە لە یەکتری.. ئەمانیش کاراکتەریان تێدایە و دیالۆژ و دراما و جلوبەرگ و نواندن و گرێ و لوتکە و وێنە و.. هتدیان تێدایە ئەی گەر ئەم یارییە فۆلکلۆرییانەمان دراما نەبن ئەی چین؟! یوگینا باربا باسی بووکە بەبارانێی لادێ یەکی مەکسیک دەکات و بە ڕوخساری شانۆی ئەنترۆپۆلۆجی لە قەڵەم دەدات. برام ئەوروپاش وا دەستی پێکردووە قەیناکا ئێمە لەدوواوەین بەڵام شتمان هەیە.. شانۆمان هەیە.. خاوەنی کولتورین و مێژوومان هەیە.. کاکە گیان کورد خاوەنی پسپۆڕی خۆیەتی لە هەموو ئەوروپا و ڕۆژئاوادا ئێمە خاوەنی (پرۆفیسۆر کەمال سەیدۆ)ی سورین کە مامۆستای زانکۆی بەرلینە لە سینەمادا خێزانەکەی ئەڵەمانییەوە پسپۆڕی مۆنتاژە، خاوەنی مامۆستا (جەلال جوانرۆیی)ین لە ئەکادیمیای (تیچ — فیلم) لە نیویۆرک خاوەنی دەیەها کەسی شارەزاین. چەند کەس دکتۆر (شوان جەعفەر) دەناسێت، کە لە فەرەنسا شانۆی تەواو کردووە و دەرچووی ئەکادیمیای بەغدایە و کاتێک ئەو شانۆیی بە فەرەنسی لە (پاریس) پێشکەش کردووە ئێمە، ئاگاشمان لێنەبووە. چەند کەس کاکە (شوان سباستیان) دەناسێت کە عازفێکی نێو نەتەوەیی کوردە و ئەوروپای هێناوەتە زەل زەلە و یەکێکە لە پیانۆژەنەکانی دونیا.. چەند کەس (هیشام زەمان) دەناسێت کە فیلمەکانی هیچ کەسێک لە دونیادا نەیتوانیوە ٦٨ خەڵاتی جیهانی بەدەست بهێنێت ئەو لاوە هێشتا تەمەنی خۆی نادات لە ٣٥ ساڵی بەدەستی هێناوە؟ چەند کەس (پێشڕەو بابان) دەناسێت کە لە ئۆرکسترای کۆبنهاگن میوزیک لێدەدات پادشای دانیمارک و خێزانەکەی دێن بۆ ئەو کۆنسێرتانە؟! چەند کەس (عەتا قەزاز) دەناسێت کە سەدامی هێنایە هەلەکە سەما لە ئیتالیا.. مامۆستا (قادر دیلان)تان کوشت بە ئازارەوە چەندی تر دەکوژن و چەندی تر دەکەنە هونەرمەندی تارمایی و مێژووەکەیان دەسڕنەوە؟!! بۆ دێن و ڕوو دەکەنە چەند کەسێکی بێتوانای ئەوروپا کە لێکچەر و وۆرک شۆپتان بۆ بکات کە لێرە هیچی نەخوێندووە.. کێشەیەکی تریش ئەوەیە کە گەنجان کاتێک لە پەیمانگا خوێندوویانە کێ وانەی شانۆی پێ گوتوونەتەوە.. با بڵێم÷ پێم بڵێ مامۆستاکەت کێیە، پێت دەڵێم تۆ کێیت!! کێشەیەکی تریش ئەو دەرچووانەی کە لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغداوە دەهاتنەوە چیان دەکرد.. کێ مامۆستایان بوو (سەلاح قەسەبی شانۆی وێنەیی و پانتاییەکان. دکتۆر عەونی ئاشقی شانۆی برێخت و.. هتد) تاقیکردنەوەکانی ئەمانەیان دەبردەوە بۆ شار و+ ڕۆشنبیری تاکی خۆیان+ بەهرەی خۆیان و لە

کورد سینەمای هێنایە ناو وڵاتی میسرەوە یەکەم ٥ فیلمی عەرەبی (سەلاح کوردی و کوڕەکانی — کۆمپانیای دۆلار فیلم) دروستی کردن.. لە ساڵی (١٨٩٩)ەوە تا ئەمڕۆ سەدەها کورد کاری جلوبەرگ و ماکیاژ و سینەماتۆگرافی و دەرهێنانی کردوە لە میسرو وڵاتانی عەرەبیدا، تا چەندێ ئەو زاتانە خۆیان بە کورد دەزانن یان بە هاووڵاتییەکی میسری یا سوری کێشەکە لێرەدایە

شارەکەدا هەوڵیان دەدا بیلێنەوە.. (ڕۆژێکیان دکتۆر عەونی کەرومی لە لەندەن داوای لێکردم کە یارمەتی بدەم شانۆیی بکات و داوا لە حکومەتی کوردستان بکەم بۆی، پێم ڕاگەیاند ئێمە بووینەتە تارمایی زۆری پێ سەیر بوو دڵی پڕ بوو، وەک عادەتی خۆی کە دڵی ئازاری دەدا کە قوتابییەکانی کوچکەیەکیان نییە کە هونەرەکەیانی تێدا پێشکەش بکەن دەستی دەکردە گریان.. داخەکەم گوتی: من لە وەختی زایەعدا دەژیم دوو عەمەلیاتی دڵم کردووە تەنها دەمەوێت لە ئەڵەمانیا حکومەتی کوردی یارمەتیم بدەن).. ئەو شانۆیی کوردی دەرهێنا بوو لەو ساڵانەدا لە ئەڵەمانیا.. دەبوا وەفامان بۆی هەبوایە پێش مردنی.. من لە نووسینی (کێشەکانی شانۆی کوردی)دا لە ساڵی ١٩٨٤دا کە لێکچەرێک بوو لە بەغداد گرتم ئەوکاتانە باسی نەبوونی ئەکتەری پرۆفێشناڵم دەکرد و دەمگوت ئەکتەری (هاوی)مان زۆرە و پێویستە ئەکتەری باوەڕ پێکراومان هەبێت ئێستا ئەو کێشەیەمان نەماوە.. باس لە نەبوونی ئافرەت دەکرا ئێستا ئەو کێشەیەمان نەماوە، باس لە نەبوونی ڕەخنەگری ئەکادیمی دەکرا و ناچار بەندە و فازیل جاف و فازیل قەساب و یاسین بەرزنجی و ئەنوەر قادر و کەریم عوسمان و بەرزان عوسمان و دلاوەر قەرەداغی و دانا ڕەووف و ئازاد بەرزنجی و شەماڵ عومەر و حەمە عەلی خان و ئیسماعیل هەورامی بە عەرەبی دەینووسی لە ڕۆژنامەی عێراقدا کە شایانی باسکردنە و.. هتد دەستمان کرد بە بڵاوکردنەوەیەکی زۆر و بێشوماری نووسینی ئەکادیمی ڕۆشنبیری شانۆیی و ئێستا ئەو کێشەیەمان نەماوە، پەرتووکی شانۆی کوردی بە پەنجەی دەست دەژمێررا ئێستا ئەڵێی: لە لەندەن و نیۆیۆرک و تۆکیۆوین و ساڵی ١٠ تا ٣٠ پەرتوکی شانۆیی و هونەری بەگشتی دەردەکرێن و وەردەگێڕڕین.. باسی نەبوونی پسپۆڕی دیکۆر و جلوبەرگ و ڕووناکی دەکرا ئێستا ئەو کێشانەمان نییە.. ئەی ئێوە چیتان گەرەکە؟!! کاروانەکە بەباشی دەڕوات و ئێوە لەناوەوە شەڕو شۆڕی داهێنانی خۆتان بە نادروستی و ناتەندروستی دەست پێکردووە و هەر کەسە خۆی بەخاوەندی شانۆ دەزانێ و ڕێزو خۆشەویستیی تێدا نەهێشتووەتەوە.. کەسانی داهێنەری میللەتەکەتان بە بڕیارێکی سیاسی کردووەتە تارمایی.. تەنانە ئەو نەخۆشییەشتان گوازتووەتەوە بۆ ئەوروپای یەکسانی بەهۆی کۆمەڵێ گەندەڵەوە.. خەلەلەکە ئێمەین.. خۆمانین.. کابرایەکی سادەی سوڵتە لە سەردەمی کابینەکەی دکتۆر بەرهەم ساڵحدا گوتبووی: ئەو ڕۆژەی کە نیو ملیۆن دۆلارەکەمان بەخشیوە بەسەر هونەرمەنداندا ڕقم لە هەموو هونەرمەندانی دونیا هەڵسا.. کەواتە پەیوەندیی بە خودەوە هەیە نەک داهێنان.. ئەمە کێشەکەیە ئازیزان..

من بیستوومە کە تیپی شانۆی ‹با› شانۆیی دەکات بینەری تایبەتی خۆیان هەیە.. کە زۆربەیان ڕۆشنبیر و هونەرمەندن.. ئەی دەباشە تیپی شانۆی ‹با› چەند جار نێردراوەتە ئەورووپا؟! کەواتە خەلەلەکە پەیوەندیی بە داهێنانەوە هەیە.. پەیوەندیی بە ئیستاتیکاوە هەیە نەک زۆر بێ و بۆر بێ و کێ بەتەڵی ساحەکەوە هەیە و کێش ڕێگری لێدەگیررێت.. لە بنی هەمانەکە بدە بزانە لە دوو سێ ساڵدا شانۆی کوردی لەسەر پێی خۆی ڕاناوەستێت.. دەست بخەرە سەر برینەکان.. ماستاوچی مەهێڵە ڕسوای کە.. ئەمە چارەی کێشەکان دەکات برام، خوشکی ئازیزم.. فێستیڤاڵی شانۆیی دەکرێت لە ئەورووپادا بۆ مەبەستی خۆ بردنە پێشەوە لای کەسانی سوڵتە لە کوردستان، لەپڕێکا فێستیڤاڵ دەمرێت و ئیتر دەنگی

نامێنێت، بۆ، چونکە ئەو کەسانەی کە لێبوونەتەوە لە داهێنان و توانای خوێندنیان نییە تا خۆیان دەمەزەرد بکەنەوە یان تا ئێستاش زمانی وڵاتەکەیان بە باشی فێرنەبوون و لەسەرماڵی شارەوانی دەژین، لێرە دەیانەوێت بەهۆی ئەم کۆمیدیایانەوە بگەنە کوردستان.. پاشان هەر کەسەی خۆی دەگەیەنێتە سوڵتە و شت وەرگرتن و بەرژەوەندیی تایبەتی، فێستیڤاڵ دەمرێت و دامودەزگا و مۆرەکان دەپێچرێتەوە و ئاشبەتاڵی لێدەکرێت.. ئەوە مێژوو شایەتحاڵی ئەم قسەیەمە، لە هەمان کاتدا ئەو کەسانە کە بەداخەوە دەرچووی پەیمانگەکانی عیراق و کوردستانن دێن لە کۆنفرانس و فێستیڤاڵەکاندا نایەڵن کابرایەکی ئەکادیمی ٥ خولەک قسە بکات و کەسانی خۆیان بە ١٠ خولەک و نیو کاتژمێر قسەی هەلەق و پەلەق دەکەن و ئاگایان لە باری شانۆی ئەوروپا و کێشەکانی نییە و نازانن باسی چی دەکەن تەنها قەرەباڵغی دروستکردن و پرێس و میدیا نەبێت و پاشان هەر کۆمیتەی سەرۆکایەتیی ئەو ڕێکخراوانە دەرگاکەی دادەخات و دەبێت بەشەر لە نێوان ئەندامەکانیدا.. پێم بڵێن÷ ئەم قسانەم ڕاست و دروستن یان نا؟! خۆ هێشتا ماوین و شایەتحاڵی ئەم رووخسارە بەدکارانە بووین.. بڵێن کە وانییە.. بڵێن بەری چاوت کلی پێوەیە و بوختان دەکەیت.. پاش ئەوەی ئەو چەند کەسە بە مەرامی خۆیان دەگەن لە کوردستان ئیتر کەس باسی فێستیڤاڵ و مێستیڤاڵ ناکاتەوە، چونکە گوڵەکەیان خزمەتکردنی شانۆی کوردی نییە، بەڵکو گوڵەکەیان گەیشتنە بە سوڵتە و بەرژەوەندیی تایبەتی..

بیستوومە ٦٠٠ پارچە زەوی دراوە تا ئێستا بە ڕۆژنامەنووسان و ١٦٩ی تر بەرێگەوەیە.. باشە با سەرۆک وەزیران نێچیرەڤان بارزانی سەرۆکی کابینەی حەوتەم و دکتۆر بەرهەم ساڵح سەرۆکی کابینەی شەشەم وەڵامی یەک پرسیاری سادەم بدەنەوە.. ئایا لە هەموو ئەمەریکادا ٧٦٩ ڕۆژنامە نووسی پرۆفێشناڵ هەیە تا لە «سلێمانیدا» ئەو هەمووە هەبێت.. ئایا لە بەریتانیادا یا لە کەنەدادا ئەو ژمارەیە لە ڕۆژنامەنووسی پرۆفێشناڵ هەن؟! برایان تکایە، نازانم تا چەند ئەو زانیارییە ڕاستە بەڵام لە کەسێکی بەئەمەکی خاوەن هەست و نەستی ناسکەوە ئەمەم بیستووە.. کاکە لیژنەی پارێزگاتان هەبوو بۆ هونەر و شانۆ بڕیاری گەورە دەدەن لەو شارەدا.. تکایە دەمانەوێت لەم غەریبییەوە بزانین کە کێن.. چەند پسپۆڕی ئەکادیمیان تێدایە و چۆن بەرنامە ڕێزی بودجە و فێستیڤاڵ و خەڵات بەخشینەوە دەکەن و چەند شەهادەی ئەکادیمیا و پەیمانگای هونەرە جوانەکانیان تێدایە..؟

لە بەریتانیادا گەر هونەرمەندێک کێشەیەکی هەبوو دەیباتە ناو سەندیکای هونەرمەندانەوە گەر لەوێ چارەسەر نەکرا دەیباتە ناو «لیژنەی چاودێریکردنی سەندیکاوە» گەر لەوێ چارەسەری نەکرا دەیباتە «بۆردی باڵای هونەرەوە».. مەحاڵە لەو پلانەدا چارەسەر نەکرێت، بۆ چونکە دادوەری هەیە.. یەکسانی هەیە.. خەڵەلەکە بەنیئادەمەکانە نەک شانۆی کوردیی خاک بەسەر.. من پارە دەدەم بە سەندیکا هەموو مانگێک ئەویش هەندێک خزمەتگوزاری گرنگی ژیان هەیە بۆم ئەنجام دەدات.. کەچی ئێوە پارە و زەوی و ڕێزلێنان وەردەگرن و کەچی هەزارەها کێشەتان هەیە، چونکە یەکسانی و دادوەری تەواو نییە.. سامۆیل بێکیت ئاسا بناغەکە سەقەتە!! ئەگەر هەر یەکە لەلای خۆیەوە بنووسێت بەبێ بریندارکردنی یەکتری و حیزب دەستی تێنەخات کێشەکان بە یەک کۆنفرانسی شانۆکاران چارەسەر دەکرێن.. با

کاروانەکە بەباشی دەڕوات و ئێوە لەناوەوە شەڕو شۆڕی داهێنانی خۆتان بە نادروستی و ناتەندروستی دەست پێکردووە و هەر کەسە خۆی بەخاوەندی شانۆ دەزانێ و ڕێزو خۆشەویستیی تێدا نەهێشتووەتەوە

# وتار

تێبگەین بزانین خەتای خۆمانە یان سوڵتە یان حیزب و یان چی و چی؟! بابزانین ڕێکخراوی هونەرمەندان کاری چییە و چۆن دەڕوات بە ڕێگەوە؟! بابزانین هونەرمەندی کورد بۆ پێناکەنێت و غەمبارە؟! کەی کۆنفرانسێکی مەزنی هەموو هونەرمەندانی شانۆیی کوردستان گیراوە؟

تێپەکان پۆلێن دەکرێت بۆ مەبەستی گرانت و پارە وەرگرتن، چۆن زاتتان کرد تیپێکی مێژوویی وەک (پیشڕەو نوانی سلێمانی) پۆلێن بکەن بۆ ئەو مەبەستە.. ڕاستە کاری شانۆییان نەماوە یان کەم بووەتەوە ئەمە پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە نەوەیەکی زۆریان پیربوون و نەوە نوێیەکانیان لە دەرەوەی وڵاتن.. لە بەریتانیا پۆلێنکردنەکان وەها نین ئاغا گیان.. چۆن زات دەکەن تیپێکی کە کوڕی وەک (سمکۆ ناکام و عوسمان چێوار یان غازی بامەڕنی و شێخ تالیب بەرزنجی و کاوەی ئەحمەد میرزا و ئازاد جەلال و فازیل قەساب و فازیل جاف و.. هتد) تێدا بووە پۆلێن بکەن بە دی و ئی.. ئەی لە دەست مێژووەکەیان بۆ کوێ ڕادەکەن؟! نەوەکانی داهاتوو دادگاییتان دەکەن.. لێتان دەپرسینەوە.. ئائەمەیە کە باسی تارمایی دەکەم.. بە تارماییکردنی تیپ و کۆمەڵ و هونەرمەندان سیستەمێکی بۆ دانراوە و بڕیارێکی سیاسییە..

ئەو پرۆفیسۆرە کێ بوو کە دوو سێ شەهادەی پەیمانگە و ئەکادیمی هەبوو تا ئەم پۆلێنانە بکات.. کە شانۆیی دەکەن چەند کەس لە هۆڵەکەدایە ٢٠ یان ٣٠ چەند کەس لە سەری ڕەخنەی زانستی دەنووسێت یان چەند کەس کۆڕێکی لەسەر دەگرێت وەک سالآنی ڕابووردوو یان شایانی ئەو مەسەلانە نییە، کە باسی بکرێت و وزەی تێدا بەکاربهێنرێت؟!

کۆمەڵێک لاوی کوڕ و کیژ هەن لەم ئەوروپایەدا هونەری شانۆ و سینەمایان خوێندووە و لە ناو ئەوروپییەکاندا کار دەکەن و دەیانەوێت بزانن کێشەکانی شانۆی کوردی چین لەم دوورەوە.. لێرەکانە لەدایک بوون و پێکەنینیان بەهەندێک مەسەلە دێت و نایانەوێت بچنە ناو کێشەکانەوە، چونکە ئەوان شتی وەهایان نەبینیوە لەم وڵاتە پێشکەوتووانەدا و ئێوەش ناناسن دەیانەوێت شارەزای هونەری میللەتەکەیان بن، چونکە دەیانەوێت بە زمانەکانی ئەوروپا باسی کەلچەری میللەتەکەیان بکەن بۆ ئەوروپییەکان.. بانگیان بکەنەوە با سەردانێکی وڵاتەکەیان بکەن.. بۆیان باس بکەن.. کەسانی دڵسۆز هەن لەم ئەوروپایەدا دەیانەوێت هونەری کوردی بگەیەننە جیهان.. زۆربەشیان کوردی باکووری کوردستان و ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی کوردستانن و دەیانەوێت ئاشنای میللەتەکەیان بن و تینوون بۆیان.. کێشەکانمان بۆ بنووسن.. چەند قوتابی بەهرەمەند وازی هێنا لە شانۆ بەهۆی کاریگەریی دروستکردنی کۆلکە هونەرمەندی نێو کارگەکانی حیزبەوە، کە هیچیان لەبارا نییە جگە لە گەندەڵی نەبێت.. چەند ساڵە هاوار دەکەین کە (بنکەی توێژینەوەی زانستی — Think Tank) با دروست بکەین چونکە ئێمە دەوڵەتین.. (نیهاد جامی) باسی نەبوونی ڕەخنەی شانۆیی دەکات.. گەر ٣٠ ساڵ بگەڕێینەوە دوواوە چاکترین ڕەخنەی شانۆییمان هەیە و لە بەریتانیا و پرێسی بەریتانیشدا هەروا دەنووسن دەربارەی ڕەخنەی شانۆیی لای خۆیان.. کاتێک (ئەنوەر قادر محەمەد و یاسین بەرزنجی و محەمەد ئابلآخی و بەندە) ڕەخنەی شانۆییمان دەنوسی گەر نەگبەتی میللەتەکەمان نەبوایە و لە وڵاتێکی تری دونیادا لەدایک ببوینایە ئێستا خاوەنی ڤێلا و دوکان و ملیۆنەها دۆلار دەبوین. باس لەوە دەکرێت کە

ڕەخنەکانمان (سەرنج) و بۆچوونن.. نەخێر گەر تۆزێک بگەڕێیتەوە دوواوە بۆ گۆڤارەکانی بەیان و ڕۆشنبیری و هاوکاری دەبینیت ڕەخنە شانۆییەکانمان جگە لە ڕیپۆرتاژەکانی (مەحمود زامدار و ڕۆژنامەنووسەکان) ئەوانی تری ڕەخنەی شانۆیی بوون بە هەموو بنەما و پێکهاتەکانی ڕەخنەی زانستییەوەو گەلێک کەسی تریش دەیان نوسی وەک (جەمال غەمبار و مامۆستا ڕەووف و تەنانەت فوئادی مەجید میسری) کە بەراووردی ئەو ڕەخنانە دەکەم لەگەڵ ڕەخنەی شانۆی ئینگلیزیدا لە (گاردیان و تێمس و ئیندپێندنت و گۆڤاری شانۆ.. هتد) هیچیان لەوانە کەمتر نییە تەنها جیاوازیی ئەوەیە لە ئینگلتەرە یان (Review – پێداچوونەوە) دەنووسن یان ڕەخنەی ئەدەبی تێکستەکە (Critic) یان (هەڵسەنگاندن)ی پێشکەشکردنەکە.. سەرنجەکانی کەسێک یان هونەرمەندێک یان دەرهێنەرێک ڕەنگە پێداچوونەوە یان خوێندنەوەیە بێت بۆ شانۆییەک بە عەقڵ و بۆچوونی ئەو کەسەوە نەک بە بۆچوون و ڕویای دەرهێنەری شانۆییەکەوە کە ڕەخنەگر دەڵێت: خۆزگا وا نەبوا وا بوایە.. بەڵام ڕەخنەمان هەبووە کە لە هەموو ڕوویەکی ئەکادیمییەوە بە ڕەخنە لە قەڵەم دەدرێت.. بەڵام ئەو زاتانە یان لە کوردستان نین.. یان کارێکی تریان هەیە بیکەن.. گەر بێینەوە سەرباسی خێزانی شانۆییمان خەلەلیکی سەقەت هەیە لە تێڕامانەکانماندا ئەویش ئەوەیە کە (شانۆ تاپۆکراوە لەسەر هەندێ کەس و تیپ – شانۆ و تیپەکان پۆلێن دەکرێن) لەسەر بیری تەسکی حیزبایەتی و بۆ مەبەستی بەرژەوەندی پارە وەرگرتن نەک توانا و مێژووی ئەو تیپە یان ئەو زاتە هونەرمەندانەوە.. سوڵتە نازانێ چی بکات.. چونکە لە شانۆ تێناگات.. سوڵتە دوو هەوڵی داوە یەکەمیان دەیەوێت خزمەت بکات، بەڵام هەندێک خۆپەرست مێشکی وەردەگێڕن و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان هاوکێشەکە تێکدەدەن.. لەلایەکی ترەوە سوڵتەی حیزبیش هەوڵ دەدات هونەرمەندی حیزبی دروست بکات ئیتر مەبەستی نییە کە چی پێشکەش دەکات.. ئەمە کێشەکەیە بۆیە هاوکێشەی «شانۆ + داهێنان = بینەر» تێکچووە شانۆ و داهێنەران کار بۆ بینەر دەکەن، بەڵام بینەر تۆراوە.. ئەمەش پەیوەندیی سۆسیۆلۆژیای بەوە هەیە کە کێ ئێستا لەو شارەدا دەژی؟ کۆمەڵگای کوردی لەو شارەدا پێک هاتوون لە کێ؟ لە بەریتانیا دەوڵەت پارەی ساڵانە دەدات بە تیپە شانۆییە گەورەکان کە بەردەوام وەرزی شانۆیی نەوەستێت، چونکە خێزان و ئەندامانی کۆمەڵگە دەیانەوێت لە پشووی هەفتەدا بێن بۆ سەیری شانۆییەکان، گەر شانۆییەک بینەری کەم بوو سوڵتە زیانەکەی دەبژێرێت، چونکە شانۆ و چوونە شانۆ لەم وڵاتە شارستانییەدا بە (خۆشگوزەرانی) پۆلێنکراوە.. دەوڵەت و شارەوانی گرانت و پارە دەدەن بە هەر گروپێکی باش کە لەکار نەوەستن بەتایبەتی شانۆی لاوان پێگەیاندن.. ئێمە پێویستمان بە (شانۆی نەتەوەیی) هەیە کە هەرجارەی دەرهێنەرێکی کورد کارێک بکات و چ لاو بێت یان پیر گرنگ نییە.. پێویستمان بە شانۆی وەرزی هەیە، کە هەر وەرزەی لە ناو شانۆی نەتەوەییدا بکرێت و ڕانەوەستێت و حکومەت پارەکەی بدات.. نەک تیپ تیپێنەو حیزب حیزبێنە بێت و ئەوەی لە سوڵتەوە نزیکە پارە بەبەخشرێتەوە و هونەرمەند فێری سواڵکەری بکرێت یان ڤێستیفاڵی شانۆیی بکرێت و بە میزاجی لیژنەیەکی زۆر ناپرۆفێشناڵی خەڵات بدرێت بە ئەکتەران و دەرهێنەران کە گوێت لێی دەبێت کێ وەریگرتووە تووشی شۆک دەبیت و

پێویستمان بە شانۆی وەرزی هەیە، کە هەر وەرزەی لە ناو شانۆی نەتەوەییدا بکرێت و ڕانەوەستێت و حکومەت پارەکەی بدات.. نەک تیپ تیپێنەو حیزب حیزبێنە بێت و ئەوەی لە سوڵتەوە نزیکە پارە ببەخشرێتەوە و هونەرمەند فێری سواڵکەری بکرێت یان ڤێستیفاڵی شانۆیی بکرێت و بە میزاجی لیژنەیەکی زۆر ناپرۆفێشناڵی خەڵات بدرێت بە ئەکتەران و دەرهێنەران کە گوێت لێی دەبێت کێ وەریگرتووە تووشی شۆک دەبیت

# وتار

دەپرسێت: ئەرێ کاکە داهێنەر نەماوە لەناو ئەو میللەتەدا بەس ئەمانە نەبێت!..
لە ئەوروپا کۆمەڵگەلێک خەڵکتان دروست کردووە کە فرپیان بە سینەما و فێستیڤاڵ و شانۆوە نییە و ڕێکخراو دروست دەکەن بۆ ئەوەی هایجاکی هونەرمەندی ڕاستەقینە بکەن و ڕێگریان بن چەند جار کۆبووینەوە لەگەڵیاندا هەر دەڵێی خەڵکی ئەم وڵاتەش نین دەڵێی لە ئەفغانستان و تاڵەبانەوە هاتوون سەرمایەکە لای ئەوانە چەند جار ئێمەی هونەرمەندی (تارماییەکان) کە شەهادەمان هەیە داوامان لە دەوڵەتی بەریتانی و ئەوروپی کرد پارەی نەدەینێ و گوتیان: فلان ڕێکخراوی کوردی و فیسار بنکەی کوردی ئەمەندە هەزار پاوەندیان وەرگرتووە بۆ چالاکی فیلم و شانۆیی و کەچی هیچ شانۆییەک نەکرا.. هونەرمەندێکی کورد لەم دوو سێ ساڵەی دواییدا ڕقی هەڵسا و چوو خانوویەکی هەبوو لە کوردستان فرۆشتی تا بێت سەنتەرێکی شانۆی کوردی بکاتەوە بە پارەی خۆی، کسپە لە جەرگمەوە هات بۆ ئەو ئازایەتی و مەردایەتییەی کە سێ ساڵە ئەو سەنتەرە دەبات بەڕێوە.. ئاخر گوناه نییە کابرایەکی ئەکتەر شتی وەها بکات، چونکە دڵسۆزی لاوان و شانۆی نەتەوەکەیەتی.. پێویستە سوڵتەو دەوڵەت بە دوای ئەو تارماییانەدا بگەڕێت و یارمەتیان بدات نەک گرنگی بە کەسانی بەرژەوەند پەرست بدات.. کەواتە چۆن کابرایەکی هیچ حاڵی نەبوو لە سینەما نیو ملیۆن دۆلاری دەدرێتێ کە فیلمێکی کوردی دروست بکات بە بڕیار و میزاجی ئەم سیاسی یان ئەو ناسیاو ئەوە خۆی لەخۆیدا نادادپەوەرییە.. زۆرمان هونەرمەندی سکراپ بنیوە ساڵانە ٧جار بانگ دەکرێنەوە کە لێکچەر بڵێنەوە و سەرە واوێکیشیان لەسەردا نییە و دەیەها هونەرمەندی خاوەن شەهادەی بەرز و ڕاستەقینە هەن کە حیزب ڕازی نییە بانگیان کاتەوە ئەمە نادادوەرییە بەرامبەر ڕوشنبیری و هونەری کوردی دەکرێت..
کاکە گیان هیچ بۆ من مەکە، چونکە «پێویستم پێی نییە» تەنها داوای یەکسانی و دادوەری دەکەم و خزمەتی نەوەکانی داهاتووم مەبەستە تا ئەو زانیاری و مەسەلە تەکنیکییانەی لێرەکانە فێری بووین بیدەین بە نەوەکانی داهاتوو.. بۆ ڕێگە دەگریت؟! بۆ ڕاستگۆ نیت لە خزمەتکردنی شانۆ و هونەری میللەتەکەتدا.. بۆ زنجیرە دراما دەدەیت بە کەسانێک کە ناتوانین تەماشای بکەین ئەمەندە بەرباد و بێ تامن.. بۆ ئێمە میللەتێکی نزیککوژی دوورپەرست و مردووپەرستین؟! کاتی ئەوە هاتووە کە پسپۆڕان و بەڕێوەبەران و خاوەنی پۆستە گەورەکانی دامودەزگا هونەرییەکانی کوردستان چاوێک بەم کێشانەدا بخشێنن و چارەیەک بۆ ئەم نادادوەری و گەندەڵییەی هونەر بدۆزنەوە. ئێریک بێنتلی دەڵێت: شانۆ مەبادیئە (Principles)؟.. باوەڕ ناکەم کێشەی گەندەڵی سیاسی و هونەری بەم زووانە چارەسەر بکرێت و هەروا دەمێنێتەوە و هونەرمەندانی تارمایی ڕووە و نەمان و سڕینەوە دەبرێت و باوەڕمان نەماوە و پاشەڕۆژ ڕووناک نییە. لەیەک ڕۆژدا سەدەها کەسی ناودارو ژەنەڕاڵی ڕووسی دەرکران لەسەر گەندەڵی، وەرەو سەیری ڕوسیا بکە چیی لێهاتووە بزانە چەند باری ئابووری پێشکەوتووە.
نەوەیەکی زۆر بەدبەخت بووین، مناڵیمان بە لافاو و بوومەلەرزە و مەنعی تەجەوول و قڵیشانەوە و شەڕی براکوژی بەسەر برد. خۆشیمان لە شەوانی سلێمانی و گەڕان و سەفا نەدەبینی وەک مناڵێک، کە گەورەش بووین مەرگەسات لە دوای مەرگەسات دەهاتە پێش، زانکۆمان تەواو کرد بەو هیوایەی کە

# زۆرمان هونەرمەندی سکراپ بنیوە ساڵانە ٧جار بانگ دەکرێنەوە کە لێکچەر بڵێنەوە و سەرە واوێکیشیان لەسەردا نییە

ڕۆژێک ببینە خزمەتکارێکی بە ئەمەکی گەلەکەمان، بەڵام ئەفسوس.. من باسی هەزارەها کەسی بە ئەمەکی خاوەن شەهادە دەکەم. ڕۆژێکیان منداڵێکی ئینگلیزی دراوسێمان گوتی: باشە بۆ نامەیەک بۆ سەرۆکی کوردستان نانوسی و باسی ئەم کێشانەی تێدا بکەیت؟! ئەو کە تەمەنی ١١ ساڵان بوو دووجار نامەی بۆ سەرەک وەزیران نووسیبوو وەڵامی درابووەوە، نامەکانی نیشان دەدام و فەخری دەکرد کە سەرۆک وەزیران وەڵامی داوەتەوە.. منی نەگبەت، نامەی بۆ بنووسم.. بینێرم بۆ ئەدرێسی مەریخ. کوا ئیمەیڵ و ماڵپەڕ و تەلەفۆنی لێپرسراوەکان ئیش دەکات؟! بەس بۆ دیکۆر دانراون و هیچی تر..

ئێمە پێویستمان بە (بنکەی توێژینەوەی نەتەوەیی - Think Tank ) هەیە کە پسپۆڕان کاری تێدا بکەن.. پێویستمان بە (کۆنفرانسی شانۆکاران و سینەماکاران) هەیە کە دوو ساڵ جارێک لە ناو خاکی کوردستاندا بگیررێت و پڕ بێت لە لێکچەری باش و ڕەخنە و باسی کێشەکانی شانۆی کوردی و پیلاندانان بکات کە چی بکرێت بۆ ئەو کێشانە.. پێویستمان بە (شانۆی نەتەوەیی – National Theatre) هەیە کە وۆرک شۆپ و فێرکەران و دەرهێنەران کاری تێدا بکەن و ساڵی ٤ شانۆیی پێشکەش بکات.. پێویستمان بە (شانۆی منداڵان – Children Theatre) هەیە کە پسپۆڕانی پەروەردە شوناسی و دەرهێنەران و منداڵان کاری تێدا بکەن بۆ پاشەڕۆژی نەتەوەکەمان.. پێویستمان بە (شانۆی بوکەڵە- Dummy) هەیە پێویستمان بە (سینەمای منداڵان و هۆڵی پێشکەشکردن)ی تایبەت بە منداڵان هەیە.. پێویستمان بە (سەندیکایەکی هونەرمەندان) هەیە کە بە دادوەری خزمەتی هونەرمەندان بکات.. پێویستمان بە ناردنی تیپی شانۆی نەتەوەیی و منداڵان هەیە بۆ فێستیڤاڵە جیهانییەکان تا شانۆیی خۆماڵی کوردی پێشکەش بکەن.. پێویستمان بە یەک (فێستیڤاڵی نەتەوەیی شانۆیی) هەیە کە لە کوردستاندا بکرێت نەک ١٠ جۆر فێستیڤاڵی شانۆیی.. پێویستمان بە (یەک فێستیڤاڵی سینەمایی نەتەوەیی) هەیە کە چ لە ئەوروپا یان لە کوردستان بکرێت با گەڕۆک بێت با دوو هەفتە لە کوردستان بێت و دوو هەفتە بێتە (لەندەن) چونکە لەندەن دڵی ئەوروپایە و دەزگای بۆ دابنرێت گوێزانەوەی فێستیڤاڵێکی سینەمایی ئاسانترە لە شانۆیی.. پێویستمان بە ڕێکخستنی وانەی نواندن و میوزیک هەیە لە وەزارەتی پەروەردەدا وەک ئەوروپا تا بتوانین کێشەکانی شانۆمان چارەسەر بکەین لەبری ئەوەی کە خەریک بین بەوەی کە کێ بکەینە تارمایی و بیسرپینەوە یان کێ بکەینە ئەستێرەی بەتاڵ و زلی بکەین، چونکە سەر بە ئەم گروپ یان ئەو کۆمەڵەیە. پێویستمان بە گۆڤارێکی شانۆیی و سینەمایی ڕاستەقینە هەیە کە پسپۆڕان بیبەنە ڕێوە.. هەموو ئەوکارانە ئەوەندەی تێناچێت کە ئێستاکێ بەگەندەڵی بە فیڕۆ دەڕوات بۆ دەستە و تاقمێکی تایبەتی کە کۆنترۆڵی هەموو شتێکیان گرتووەتە دەست.. پێویستە جارێ سەرەتانی گەندەڵی نەمێنێت و کێشەکان بە شەفافی چارەسەر بکرێن. سەرەتانی گەندەڵی بە پاراسیتامۆڵ چارەسەر ناکررێت بە لابردنی کەسێک یان دوان، دەبێت لە ڕەگ و ڕیشەوە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە. پێویستمان بە شانۆی نەتەوەیی هەیە کە پسپۆڕان ببنە باڵیۆزی شانۆی کوردی لە فێستیڤالە مەزنەکانی ئەوروپادا کە قورساییان هەیە نەک فێستیڤاڵی ناوچەیی و بچووک و بێ کاریگەر.



# گێڕانەوە وەکو بونیادی سەرەکیی (چیرۆك، رۆمان)

***ناساندێک بۆ بکەر و رەهەندەکانی گێڕانەوە لەنێو تێکستە جیاوازەکاندا***

**سۆران ئەحمەد چۆمانی**

**شەهرەزاد تا حیکایەتەکە بگێڕێتەوە، بەرەو نهێنی مەعریفەمان دەبات... میشێل فوکۆ**

هونەری گێڕانەوە (The Art of Narrative) یان (Narrative Art) بونیادێکی سەرەکییە بۆ چیرۆک، رۆمان، داستان، کورتە چیرۆک ... تاد. زۆرجار ئێمە لە شیعیریشدا رووبەڕووی زمانی گێڕانەوە دەبینەوە. ئایا گێڕانەوە چییە؟ گێڕانەوە چی دروست دەکات؟ ڕەگەزی گێڕانەوە لە بەرانبەر چیدایە؟ هەموو ئەم پرسیارانە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی جیهانییدا پانتاییەکی بەرفراوانیان داگیر کردووە. یەکێک لە پێناسە گرنگەکان بۆ هونەری گیرانەوە، پێناسەی ئینسکلۆپیدیای جیهانی (ویکیپدیا)یە، بەم شێوەیە

گێڕانەوەمان پێدەناسێنێت. (گێڕانەوە هونەری چیرۆک دروست کردنە)١. ئایا ئەوە لە ڕێگەی گێڕانەوە نییە ئێمە دەتوانین وێنا بۆ ڕووداوەکانی چیرۆکێک بکەین؟ بونیادی گێڕانەوە خۆی لە زمانەوە هاتووە، زمانیش بەشێکی دانەبڕاوە لە فیکر و گوزارشت لە ئاستی تێڕامان و بیرکردنەوە و دەربڕینی ئێمە دەکات. گێڕانەوە لە ڕۆماندا هەر لە دەسپێکەوە تاوەکو کۆتایی ئامادەیی خۆی لە دروستکردنی وێنە، کە ئێمە مەبەسیمان لە وێنەی خەیاڵە (imagination) هەیە. بەڵام با بزانین چ هۆکارێک ئاڕاستەی گێڕانەوەی تێکستێک دیاری دەکات؟ ئایا چۆن فرەدەنگی لە ڕۆماندا بەهۆی گێڕانەوە دێتە کایەوە؟

لە کاتێکدا گێڕانەوە بونیادی چیرۆک و کورتە چیرۆکیشە، بەڵام ئێمە مەبەستمانە زیاتر بەلای ڕۆماندا بچین، چونکە هەست دەکەم لە ڕۆماندا زیاتر دەتوانین مەبەستەکانمان بە ڕووی ئەو بابەتەدا شی بکەینەوە. ئەگەر چیرۆک پانتایەکی کەمتری هەبێت بۆ فرەدەنگی، ئەوا لە ڕۆماندا ئەو پانتاییە بەرفراوانییەکی گەورەی هەیە و ئاراستەکانی خۆی وەردەگرێت.

بەر لەهەر شتێک ڕووداو (accident) و خەیاڵ (Imagination) پێشمەرجی سەرەتان بۆ گێڕانەوە، ئەگەر بوون وەک ڕووداوێک سەیر بکەین، کە ئێمە بەهۆی ئەو ڕووداوەوە ئێستا لە جیهاندا دەژین، ئەوا دەبێت بڵێین ڕووداو پێشمەرجی سەرەکیی گێڕانەوەیە. ئەم وێنەیە لە مرۆڤی سەرەتاییەوە دەست پێدەکات، تاکو بە درێژایی مێژوو بەردەوامی خۆی دەبێت. بەڵام جیاوازییەکەیان لەو تەکنیکانە دایە، کە کەسێک لەکاتی گێڕانەوە بەکاری دێنێت. هەرچی بۆ ڕۆمانە، ئەوا دەڵێین ڕۆماننووس خاوەن سەلیقەیەکی بێ وێنەیە بۆ گێڕانەوە. لە ڕێگەی گێڕانەوە ئاڕاستەی زمانی ئەو ڕۆمانە دیاری دەکرێت، ئاخۆ ئەو زمانە مۆنۆلەگە یان زمانی فرە دەنگی و دیالۆگە. ئایا بکەرەکانی ئەو گێڕانەوەیە چین؟ چۆن بزانین کاتێک کاراکتەرێک دەست دەکات بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان، بزانن ئاخۆ ئەو کاراکتەرە باکگراوند و کاریگەریی ڕووداوەکانی بەسەرەوەیە، یان زمان و فیکری ڕۆماننووسی لەپاڵە؟ ئایا ئەم کارهاکتەرە دەتوانێت لە باکگراوندی مەعریفی نووسەر ڕزگار بێت، ئەگەر بێت و زمانێکی سەربەخۆی بۆ گوزارشتکردنی لە ڕووداوەکان نەبێت؟ یان ئایا زمانی گێرانەوە توانیویەتی بگاتە ئاستی گوزارشتکردن لە ڕووداوەکان؟ بەرجەستەبوونی خەیاڵ بەم زمانەوە لە چ ئاستێک دایە؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکە لە کاتی خوێندنەوەی ئەدەبی گێڕانەوە ڕووبەڕوومان دەبنەوە و پەلکێشمان دەکەن بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی گێڕانەوە و بەرجەستەبوونی خەیاڵ بە زمانەوە لە ئاست ئەدەبی گێرانەوەدا. دواجار گێڕانەوە تەنیا چەند کەمە ئەنجامێک نادات بە دەستەوە، هەموو ئەو مانا و ئایدیایانەی ڕۆمان یان چیرۆکێک لەگەڵ خۆی دەیهێنێتە ئاراوە، پێوەندییان بەو پرۆمبالیتکەیەی گێڕانەوەیە، کە ئاڕاستەکانی تێکست دیاری دەکات. ڕەنگە ئەو بۆچوونەی (ئەلبێرت کامۆ) لە ئاست ڕۆماندا، لێرەدا شیاو بێت بیهێنینەوە و بۆچوونەکەمانی پێ بسەلمێنین، کە دەڵێت: ڕۆمان هیچ نییە، جگە لە فەلسەفەیەک لە قالبی چیرۆکدا نەبێت. ئەم بۆچوونە ئەوەمان پێ دەڵێت، کە گێڕانەوە

لە ڕۆماندا زیاتر دەتوانین مەبەستەکانمان بە ڕووی ئەو بابەتەدا شی بکەینەوە. ئەگەر چیرۆک پانتایەکی کەمتری هەبێت بۆ فرەدەنگی، ئەوا لە ڕۆماندا ئەو پانتاییە بەرفراوانییەکی گەورەی هەیە و ئاراستەکانی خۆی وەردەگرێت

# لێکۆڵینەوە

سیحرێکی ڕاستەوخۆی هەیە لە گەیاندنی پەیامی فەلسەفی، تا ئەو ئاستەی پەیامە فەلسەفییەکان لە ڕێگەی گێڕانەوە بەرجەستە دەبن. لەژێر ئەم بۆچوونەدا دەتوانین بڵێین گێڕانەوە گەیاندنی مەعریفەیە بە زمانێکی مێتافۆریانە، کە ئەمەش وادەکات ئەم پەیامە فەلسەفییە لە تەنیا دیدگایەک قەتیس نەکرێت و چەندین دیدگای جیاواز ببنە هەوێنی خوێندنەوەی ئەو مانایانەی لە پشت گێڕاوەدا خۆیان مەڵاسداوە. ئەم بۆچوونەی (فوکۆ)، کە لەبارەی چیرۆکەکانی (هەزار و یەک شەو)ەوە دەریبڕیوە و پێیّ وایە «شەهرەزاد تا حیکایەتەکە بگێڕێتەوە، بەرەو نهێنی مەعریفەمان دەبات.» هەمان ئەو مەبەستانەن، کە پێمان دەڵێن: گێڕانەوە گەیاندنی پەیامی فەلسەفییە. جێگەی خۆیەتی لێرەدا بڵێین زۆرێک لە فەیلەسووفان بۆ گەیاندنی پەیامە فەلسەفییەکانی خۆیان، پەنایان بۆ ئەدەبی گێڕانەوە بردووە. لەوانە (ژان ژاک ڕۆسۆ)، (فیۆدۆر میخایلۆڤیچ دۆستۆیڤسکی)، (فرانتز کافکا)، (فریدیش ولیام نیتشە)، (ئەلبێرت کامۆ)، (ژان پۆل سارتەر)، (سیمۆن دی بۆڤوار) ... تاد (دۆستۆیڤسکی) یەکێکە لە نموونە گرنگەکان و لە ڕێگەی ئەدەبی گێڕانەوە پەیامە فەلسەفییەکانی خۆی دەربڕیوە. کاراکتەرەکانی ئەو کاتێ چیرۆک و بەسەرهاتەکانی خۆیان دەگێڕنەوە و بۆچوونی خۆیان لە ئاست کێشەکان دەردەبڕن، لەڕێگەی گێڕانەوە ئێمە هەست بە ناخ و سایکۆلۆجییەتی کارەکتەرەکان دەکەین، کە چۆن لەنێوان گومان و دوودڵی بۆچوونەکانیان دەردەبڕن. بۆ نموونە لە ڕۆمانی (گەمژەکان) (پرێنس شا)ی کارەکتەر ڕوودەکاتە (پرینس میشکین) و دەڵێت:



کامۆ و سارتەر

«پرێنسی ئازیز .... دروستکردنی بەهەشت لەسەر زەوی کارێکی ئاسان نییە و وادیارە تۆ ئەمە بە ئاسان دەزانی: بەهەشت بابەتێکی زۆر ئەستەمە. پرێنسی ئازیز زۆر ئەستەمترە لەوەی، کە لەناو ئەو دڵە جیاوازەی تۆدا هەستی پێ دەکرێ.»

ئەگەر سەرنجی ئەم شێوە گێڕانەوە بدەین، راستەوخۆ ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە (پرێنس شا) لە رێگەی دەربڕینی بۆچوونەکەی، ئێمە رووبەڕووی کۆمەڵێک کێشەی فەلسەفی دەکاتەوە. شێوەی گێڕانەوە ئەو کارەکتەرە جۆرێک لە بێهیوایی و بێهوودەیی مرۆڤی لە بەرانبەر بە دەستهێنانی سەرزەمینی خۆشبەختی هەیە، ئەم هەستەی کاراکتەر کارلێکێکی مێتافۆریانەی پێک هێناوە، بۆ گوزارشتکردن لە بۆچوونەکانی.

دەتوانین (ژان ژاک رۆسۆ)یش بە نموونە بهێنینەوە، ئەو فەیلەسووفەی زۆرترین جار بۆ دەبڕینی بۆچوونە فەلسەفییەکانی خۆی، پەنای بۆ ئەدەبی گێڕانەوە بردووە. رۆمانی (ئێلۆئیزی نوێ) یەکێکە لە نموونەکان، سیحری گێڕانەوەی ژیانی شار و نغرۆبوونی (سەن پرۆ)ی کاراکتەر

لەناو ئاژاوە و ناکۆکییەکی هەڕەمەکی شاریبوون، بەرجەستەبوونێکی سەرسوڕهێنەری ئەو بۆچوونانەی (رۆسۆ)یە لە بەرانبەر ژیانی مۆدێرن و ئاکارەکانی، کە (رۆسۆ) لەرێگەی ئەدەبی گێڕانەوە ئەم کێشە و بیروبۆچوونە فەلسەفیانەی بەرجەستە کردووە.

(نیتشە) بۆچوونە فەلسەفییەکانی لە شاکارە فەلسەفییە مەزنەکەی خۆی (وەهای گوت زەرادەشت) لە رێگەی ئەدەبی گێڕانەوە، دەربڕیوە. سەراپای ئەم شاکارە فەلسەفییە زمانی گێڕانەوە بەسەریدا زاڵە و لەرێگەی مێتافۆرەوە وێنای جیهانە فەلسەفییەکەی خۆی کردووە. (زارادەشت)ی کارەکتەر خۆی رووداو و بەسەرهاتەکان دەگێڕێتەوە و هەر لە رێگەی زمانی مۆنۆلۆگی خۆیەوە، کە لە زۆر شوێندا رووبەڕووی دەبینەوە، بیرووبۆچوونەکانی خۆی دەردەبڕێت. سیحری گێڕانەوە ئەم شاکارە بێسنوورە و هەست بە قووڵبوونەوەیەکی یەکجاری زۆری فەلسەفییانە دەکرێت. ئەمەش پێمان دەڵێت، کە بۆچوونی فەلسەفیی تەکنیک و شێواز لە



مارکیز

# لێکۆڵینەوە

گێڕانەوەدا دەهێنێتەو کایەوە و دروستیان دەکات. پرسیارێک لێرەدا دەورژێت، ئەویش ئەوەیە، کە ئاخۆ (نیتشە) بۆچی لە ڕێگەی (ئەدەبی گێڕانەوە) بۆچوونە فەلسەفییەکانی خۆی دەربڕیوە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە بۆ هەندێک لە بۆچوونەکانی (نیتشە) سەبارەت بە زمان بگەڕێینەوە، بۆ نموونە بە بڕوای (نیتشە) زمان بە زیندانی ماناکانە. بۆ دەربازبوون لە زیندانی ئەو زمانە، (نیتشە) پەنای بۆ مێتافۆر بردووە، ئەو مێتافۆرەش لە ڕێگەی گێڕانەوە بەرجەستە بووە. لەژێر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەدا دەتوانین بڵێین گێڕانەوە لەڕێگەی فیکر و تەکنیکەوە مێتافۆر دەهێنێتە ئاراوە و ماناکان لە کۆت و بەندی زمان ڕزگار دەکات.

(ژان پۆل سارتەر)یش فەیلەسووفێکە زۆترین جار بۆ گەیاندنی بۆچوونە فەلسەفییەکانی پەنای بۆ ئەدەبی گێڕانەوە بردووە. بۆ نموونە، ئەگەر بمانەوێت دیدی (سارتەر) لەبارەی ئازادییەوە بزانین، ناکرێت بۆ ڕۆمانی (The Age of Reason)، کە دەکرێت بەم شێوەیە بکرێتە کوردی (تەمەنی هۆش)، نەگەڕێینەوە. لەوێدا (سارتەر) سێ کارەکتەری جیاوازی خوڵقاندوون. ئەوانیش (دانیاڵ)، (ماتیۆ)، (برۆنیت)ن. (دانیاڵ) کارەکتەرێکی نێربازە، کاتێ کۆمەڵ دەبێتە ڕێگرابیەکی سەخت لە بەرانبەر پرۆژەکانی، بڕیار دەدات لە گەشت ویستێکی ڕابردوو و حەز و هیواکانی هەڵگەڕێتەوە، بەوەی زاڵبوون بەسەر ویستەکانی خود، بەدەستهێنانی سەربەستیی خودییە. (برۆنیت)یش ئەندامی پارتی کۆمۆنیستە و پرۆژەکانی بوونی خۆی بەو پارتە گرێ داوەتەوە.

ئەو ڕەهەندە فەلسەفییانەی، کە (سارتەر) لە ڕێگەی کاراکتەرەکانی بەرجەستەی کردوون و وایکردووە سێ کاراکتەری جیاواز ڕۆڵ لە ڕۆمانەکەیدا بگێڕن، بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە (سارتەر) لە ڕێگەی ئەو سێ کاراکتەرە جیاوازە، شێوە و بۆچوونی سێ جۆر لە بوون نیشان بدات، کە ئاخۆ ئەوان چۆن بڕیار دەدەن پرۆژەکانی بوونی خۆیان هەڵبژێرن و چۆن بژین. لەڕێگەی هونەری گێڕانەوە ئێمە ئاشنای ڕووداو و کاریگەریی ڕووداوەکان لەسەر دیدگای کاراکتەرەکان، دەبینین. لەم ڕۆمانەدا (سارتەر) ئازادیی دەکاتە ئامانجێکی ئۆنتۆلۆجیانە. پرسیارێک دێتە بەردەممان، ئەویش ئەوەیە ئاخۆ (سارتەر)، ئەگەر بۆ دەربڕینی ئەم بۆچوونە فەلسەفییانەی لە بەرانبەر ئازادییدا پەنای بۆ ئەدەبی گێڕانەوە نەبردبا و لە ناخی سێ کاراکتەردا ئەمەی بەرجەستە نەکردبا، دەیتوانی پەیامەکەی بەم شێوەیە بگەیەنێت؟ ئایا لە دەرەوەی هونەری گێڕانەوە، کە هۆکارێکە و (سارتەر) بۆ دەرنرپینی بۆچوونەکانی پشتی پێ بەستووە، بەبێ ئەم سێ کاراکتەرە ئەم بۆچوونە بەم شێوەیە دەگەیشت؟ یان بەرجەستە دەبوو؟ هەر (سارتەر) لە شانۆنامەی (No Exit) بە کوردی دەکرێت بڵێین (بێ دەرچوون)، باس لە سێ کەس دەکات، کە لەژوورێکدان و کات ناتوانێت هیچ گۆڕانێک لە شتەکاندا بکات، چونکە ئەو شوێنە هی ئەو کەسانەیە، کە پاش مردن بۆ سزادان، داندراوە. (گارسن)ی کاراکتەر، کە خۆیشی لەو ژوورەدایە، دەگاتە ئەو بڕوایەی، کە (ئەوانی دیکە The others) بۆ ئەو دۆزەخن و دەستیان بەسەر بوونیدا گرتووە. جگە لەم شانۆگەرییە، (سارتەر)

لە کتێبی (The Transcendental Ego) بۆ ئەم مەبەستە دەستەواژەی (بوون بۆ ئەوانی دیکە Being-for-Others )ی بەکار هێناوە، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەم شانۆنامەیە، کە ئەدەبی گێڕانەوەیە، (سارتەر) توانیویەتی بە قووڵی ئەم بۆچوونە فەلسەفییەی بەرجەستە بکات.

(ئەلبێرت کامۆ) لە کۆی بەرهەمە ئەدەبییەکانی، تووشی سەرسوڕمانمان دەکات، بەرانبەر بە هونەری گێرانەوە و تەکنیک و سایکۆلەجییەتی کارەکتەرەکان لە کاتی گێڕانەوەدا. ئەگەر دەسپێکی رۆمانی (نامۆ- The Stranger) بهێنینەوە، کەم بەم شێوەیە دەست پێدەکات: «ئەمرۆ دایکم مرد، نازانم لەودەچێت دوێنێ بووبێت» لەوە تێدەگەین، کە هەستی و شێوە ژیان و بۆچوونی ئەو کارەکتەرە لە بەرانبەر ژیان و رووداوەکانیدا چۆنە. بێهوودەیی و پووچگەرایی سەراپای شێوە ژیانی ئەم کارەکتەرەی داگیر کردووە. ئەمە زیاتر لە هونەری گێڕانەوەی کارەکتەرە سەرەکییەکەدا دەردەکەوێت.

## بکەرەکانی گێڕانەوە:

لەهەر تێکستێکی گێڕانەوەیی، دوو بکەری گێڕانەوە هەن، یەکێکیان گێڕانەوەی نووسەر یان حیکایەتخوان خۆیەتی، ئەوی دیکە گێڕانەوە کاراکتەرەکانە. گێرانەوەی حیکایەتخوان بە رووداو و شێوەی شتەکانمان دەناسێنێت، بۆ نموونە چۆن رووداوەکان دەست پێدەکەن و کاراکتەرەکان کێن. گێڕانەوەی دووەم، کە هی کاراکتەرەکانە، هیچ جیاوازییەکی نییە، ئەگەر کەسێک یان چەند کاراکتەرێک چیرۆکەکان بگێڕنەوە (مەبەستمان لە جیاوازیی لەسەر ئاستی گێڕانەوەیە). تەنیا ئەوە نەبێت، کە ئەگەر تەنیا کاراکتەرێک شتەکان بگێڕێتەوە، ئەوا زمانی گێڕانەوەکە دەبێتە مۆنۆلۆگ. ئەگەر بێت و چەند کارەکتەرێک بن، ئەوا زمانی گێڕانەوەکە دەبێتە فرە دەنگی.

بۆ پیشاندانی وێنەکانی ئەو دوو جۆر گێڕانەوە، چەند نموونە دەهێنمەوە. (کافکا) بەم شێوەیە رۆمانی (بەدگۆڕان The Metamorphosis – ) دەست پێدەکات: "لە بەیانییەکدا، گریگۆر سامسا بە نیگەرانییەوە لە خەو هەڵدەستێک، لە جێگاکەیدا ئەوەی تێبینی کرد، کە گۆڕاوە بۆ مێشوولەیەکی بەد (قالۆنچە) (٢)".

ئەگەر سەرنجی ئەم دەسپێکە بدەین، ئەوا لەوە تێدەگەین، کە حیکایەتخوان (Narrator) دەست دەکات بە گێڕانەوە نەوەک کارەکتەر. کە ئەمەش تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆ نموونە ئەگەر کارەکتەرەوە دەستی کردبا بە گێڕانەوەی رووداوەکە، ئەوا خاسڵەتێکی دیکەی دەبوو، رەنگە ئەو کارەکتەرە زیاتر بەلای کێشە دەروونییەکانی خۆی، لەکاتی رووبەرووبوونەوەی لەگەڵ ئەم رووداوە کردبا، ئەمەش ئاراستەی گێڕانەوەکە دەگۆڕێت.

یان رۆمانی (خۆشەویستیی لە زەمانی کولێرەدا) ی (گابریل گارسیا مارکیز) زمانی گێڕانەوە هەم کارەکتەرەکان بکەری گێرانەوەن، هەمیش گێڕانەوەی نووسەر. هەر وەک لە دەسپێکدا هاتووە: «هەرگیز نەیدەتوانی خۆی لەوە لابدات: بۆنی دارچوالەی تاڵ هەمیشە چارەنووسی خۆشەویستییە نامرادەکانی بەیاددەهێنایەوە. دکتۆر خۆڤیناڵ ئۆربینۆ هەر کە بە خێرایی خۆیکرد بەو ماڵە

# لێکۆڵینەوە

تاریک و خامۆشەدا «هەستی بەمەکرد»، کە بۆ بەدەنگەوەچوونی حاڵەتێکی زۆر بەپەلە بانگرابوو، بەلایەوە ئەو حاڵەتە خێرایی ساڵانی پێشووی لەدەست دابوو.»٣ (ل٧)

لەم دەسپێکەدا حیکایەتخوان کەسی دووەمە، واتە جێناوی (ئەو) بۆ کارەکتەر بەکار هاتووە. ئەمەش گێڕانەوەی کاراکتەر نییە، بەڵکو حیکایەتخوان کەسێکە لە دەرەوەی رووداو. ئەم جۆرە گێڕانەوەیە شێوەی دەرەوەی رووداوەکانی کاراکتەر نیشان دەدات، واتە کاراکتەر لە دید و ناخی خۆیەوە رووداوەکان ناگێڕێتەوە، بەڵکو حیکایەتخوانێک دەست دەکات بە گێڕانەوە و ناخی کارەکتەر و شێوەی دەرەکی رووداوەکانمان نیشان دەدات.



لە بارەی جۆری دووەمی گیڕانەوە، کە گێڕانەوەی کاراکتەر خۆیەتی، ئەوا دەتوانین رۆمانی (ژیانی نوێ)ی (ئۆرهان پاموک) وەک نموونە بهێنینەوە. دەسپێکەکەی بەم شێوەیە: "رۆژێک کتێبێکم خوێندەوە و سەرتاپای ژیانم گۆڕا"٤

ئەم دەسپێکە گێڕانەوەییە، دەمانخاتە بەردەم سێ دۆخی جیاواز، دۆخی یەکەم: ئەو کاتەیە، کە پێی دەڵێن (رابردوو)ی کاراکتەر، واتە بەر لە خوێندنەوەی ئەو کتێبە کارەکتەر لە دۆخێکی جیاوازتر بووە، کە دواتر بە درێژایی هونەری گێڕانەوەی ئەو رۆمانە، ئێمە ئاشنای دەمی رابردوو دەبین. دۆخی دووەم: دەمی ئێستای کاراکتەرە، کە لە دوای خوێندنەوەی ئەو کتێبە دەست پێدەکات. لەم دۆخەدا کاراکتەر لە بەرانبەر بڕیارێکدایە، کە پێویستە بیدات و ئاراستەی ژیانی خۆی پێیەوە دیاری بکات، هەر ئەم بڕیارە دەبێتە (ژیانی نوێ). واتە لە رێگەی ئەو بڕیارەوە کاراکتەر ژیانێکی نوێ دەست پێدەکات. دۆخی سێیەم: ئەو کاتەیە، کە پێی دەڵێن داهاتوو، واتە کاراکتەر لە رێگەی بڕیاری ئێستایدا، بەرەو داهاتوو هەنگاو دەنێت و دەرئەنجامی پرۆژەی خوێندنەوەی ئەو کتێبە دەبینێت، کە خوێندوویەتییەوە و ژیانی پێیەوە گۆڕاوە. بە سەرنجدانی ئەم دەسپێکە، لە گرنگی و کاریگەریی گیڕانەوە لە گەیاندنی پەیامی نووسەر بۆ خوێنەر، تێدەگەین. وەک چۆن لەم دەسپێکە کورتترین گێڕانەوە گوزارشتی لە چەند دۆخێکی جیاواز کردووە. ئەم گێڕانەوەیش پێی دەڵێن (گێڕانەوەی

بەختیار عەلی

کاراکتەر – Narrative of character).
واتە کاراکتەر ڕۆڵی حیکایەتخوانی بینیووە و دەست دەکات بە گێڕانەوە دۆخە جیاوازەکان و لە دیدی خۆیەوە گوزارشت لە کەشە تایبەتییەکان دەکات. ئەم گێڕانەوەیە زیاتر شێوەی ناوەوەی خود (self inside –)ی هەیە، واتە کاراکتەر لە قووڵایی ناوەوەی خۆیەوە، دەست دەکات بە گێڕانەوە و گوزارشت لە دۆخی خۆی دەکات. جگە لەم ڕۆمانە، (پاموک) لە ڕۆمانی «من ناوم سوورە»دا٥، توانیویەتی زمانی گێڕانەوەی فرەدەنگی بهێنێتە کایەوە، واتە کارەکتەرەکان زمانی گێڕانەوەی تایبەت بە خۆیان هەیە و هەریەکەیان بە زمانی خۆیان گوزارشت لە بۆچوونەکانیان دەکەن. بۆ نموونە (مردوو)ی کارەکتەر بەم شێوەیە دێتە ئاخاوتن:

«ئێستا من مردوویێکم، تەرمێکم لە بنی بیرێکدا. لەمێژە دوا هەناسەم داوە و زۆر دەمێکە دڵم ڕاوەستاوە، بەڵام جگە لە بکوژە نامەردەکەم، کەسی تر نازانێت چیم بەسەر هاتووە.» (ل١١).

بەهەمان شێوە (سەگ)ی کارەکتەر بەم شێوەیە دەست بە گیڕانەوەی خۆی دەکات:

«وەک ئێوەش دەبینن، کەڵبەکانم هێندە تیژ و درێژن بەزۆر لە دەممدا جێیان دەبێتەوە. دەزانم ئەمە دیمەنێکی ترسناکم پێ دەبەخشێت، بەڵام چێژی لێ وەردەگرم.» (ل٢٣)

(دار)ی کارەکتەریش بەم شێوەیە دێتە گۆ:

«من دارێکم، زۆر تەنیام. لەگەڵ باران دەگریم. بۆ ڕەزای خوا گوێ لەم قسانەم بگرن» (ل٧٧)

ئەوەی لەم ڕۆمانەی (پاموک) بەرچاو دەکەوێت، ئەوەیە کە کارەکتەرەکان چیرۆکەکانی خۆیان دەگێڕنەوە، واتە حیکایەتخوان کاراکتەرەکان خۆیانن، نەوەک زمانی گێڕانەوەی نووسەری تێدا بەدی بکرێت. هەموو کاراکتەرەکانیش جێناوی یەکەمی سەربەخۆی تاک واتە (من I am) بەکار هاتووە. ئەمەش وادەکات ئێمە ڕاستەوخۆ بزانین حیکایەتخوانەکان کاراکتەرەی ڕۆمانەکەن و خۆیان لەناو چەقی ڕووداوەکاندا دەست دەکەن بە گێڕانەوەی چیرۆکەکانیان. یەکێک لەو داهێنانە قووڵانەی، کە (ئۆرهان پاموک) لە ڕێگەی زمانی گێڕانەوەوە لەم ڕۆمانەدا دایهێناوە، زمان بەخشینە بە شتە بێگیانەکان، وەکو (سەگ)، (دار)، (پارە) جگە لەمانە، زمانی گێڕانەوەی بە (مردوو)یش بەخشیوە. پارادۆکسی ئەم داهێنانە ئەوەیە، کە نووسەر مانا لە خودی شتەکاندا دەبینێت، واتە شتەکان خۆیان گوزارشت لە خۆیان بکەن، نەوەک لە ڕوانگەی کارەکتەرێک، کە لەژیان دایە و لە ڕێگەی تیڕوانینی خودی خۆی بڕوانێتە شتەکان و زمانیان بخاتە پاڵ.

لە ئەدەبی گێڕانەوەی کوردییدا، چەندی نموونەیەکمان هەیە، کە هونەریانە توانیویانە کار لە گێڕانەوو بکرێت و پەیامی نووسەر بۆ خوێنەر بگەیەنێت. بۆ نموونە (کاروان عومەر کاکەسوور) لە ڕۆمانی (ئای لە ڤیلیا لە ڤیلیا)٦، پاش دانانی چەند خاڵێک وەک دەسپێک، بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

« (مەهاباد)ی (نەخشە خان) هەرچەند دەچێتە ئەو ژوورەی ئازووقە و لە بنمیچ و دیوارەکانی دەڕوانێت، ئێوارە تەمومژاویەکی چەند ساڵ لەمەوبەری بیردەکەوێتەوە و دەچێتە خەیاڵی قووڵ قووڵەوە، کە تیایدا (نەوال جابر)ی

# لێکۆڵینەوە

گۆرانیبێژ بە دزیی خەڵکەوە دوانە لەیەکچووەکەی بوو و دایکی بە پەڕۆی سپیی نەرمی وەکو سەرتوێکی گامێش پێچاینی..»

سەرنجدانمان لەم دەسپێکە، چەند خاڵێکی گرنگی هونەری گێڕانەوەمان پێدەناسێنێت، چونکە دەستپێکردن بە ناوی دوو کاراکتەر، کە بە سەیرکردنی دیوار و بنمیچ روودەچنە ناو بیرەوەرییەکانیانەوە، کە ئەمیش مانەوەی بیرەوەرییە لە یادەوەری کارەکتەر و کاتێک کەسەکە بەهۆی شتێکەوە بیرەوەرییەکی خۆی بیر دێتەوە، ئەمەیش کارلێکی نێوان شتێک لە دەرەوەی خۆمان و بیرەوەرییەک لە نەستماندا دەهێنێتە کایەوە. رەنگە کتێبی (لێکدانەوەی خەونەکان)ی (سمیگۆد فرۆید) جوانتر گوزارشت لەم بۆچوونەمان بکات، کە زۆربەی ئەو شتانەی دەیانبینین دەچینە نەستمان و لەوێ جێگیر دەبن، پاش دە بیست ساڵێک بەهۆی بیستنی شتێک لە خەوێکی قووڵدا خەونی پێوە ببینین، بەڵام بە شتێکی جیاوازتر و تێکەڵتر، کاریگەریی خەون لەو هەڵوەشاندنەوەیدایە، کە هیچ شتێک لەژێر رۆشنایی خەون وەک خۆی نامێنێت. جگە لەمەش لە بەرانبەر وشەی (پەڕۆی سپی) بەهۆی هونەری گێڕانەوە و تەکنیکەکانی، حیکایەتخوان (سەرتوێکی گامێش)ی بەکار هێناوە، کە رەنگی رەشە، یان بڵێین مانگا رەنگی رەشە. بەدرێژایی هونەری گێڕانەوەی ئەم رۆمانە، ئێمە رووبەڕووی ئەو تەکنیکە دەبینەوە، کە راڤەی جۆراوجۆری هەیە. ململانێی نێوان رەنگی (رەش، سپی، سوور) بە شێوەیەکی هونەریانە لەو رۆمانەدا دابەشکراوە. لەنێوان (رەش، سپی) دەتوانین ئەم نموونەیە بهێنینەوە:

«قاپە شووشە ڕەشەکەی گرت بە دەستیەوە و چووە پشت دەرگا سپیەکەی حەوشەوە.» (ل ١٥)

یان لەنێوان (سوور، رەش) ئەمە یەکێکە لە نموونەکان:

«لەو تەلە سوورەی دەڕوانی و سەری لێ دەبردە پێشەوە، کە سەرێکی بە دەرگاکە و سەرەکەی تری بە پارچە نانێکی ڕەشی چەورەوە بەسترابووەوە..» (ل٢٧٩)

ئەم تەکنیکە لە فیکر و ئایدیای شتەکانی ناو ئەم رۆمانە سەرچاوەی گرتووە، واتە لەرێگەی دوو شتی ناجۆر لەیەکتر، گوزارشت لە چەندەها شتی دژبەیەک دەکرێت. ئەم ئادیایە رەگێکی چەقبەستووی لەمێژوودا هەیە، بۆنموونە لە ئایینی (زەردەشت) لە بەرانبەر خوای شەڕ و خراپەکاری (ئەهریمەن) خوای چاکە و سوودمەندی (ئەهامەروزادە) هاتووە. ئەم ململانێیە چەندین ئاراستەی جیاوازی خوێندنەوەی خۆی هەیە، کە لە رێگەی گێڕانەوە بەرجەستە کراون.

جگە لەمە، نووسەر بەهۆی سەلیقەیی خۆی لە تەکنیکەکانی گێڕانەوەدا توانیویەتی تاقووڵاییەکانی هەستی کاراکتەرەکان بچێت و دنیابینیان وێنا بکات. دەتوانین (دیالۆگ)ێک بهێنیەوە، کە ئەو رووچوونە بەناو کارەکتەرمان بۆ دەردەخات:

-تۆ درۆزنی هالە.. تۆ دەتەوێت بە ڕۆژی ڕووناک چاوبەستم بکەیت و ڕاستییم لێ بشاریتەوە.. تۆ ئەگەر باوەڕت بەم شتانەیە، کە دەیانڵێیت، بۆچی شووتکرد..؟! کە شووتکرد، بۆچی هێشتت سکت پڕبێت..؟!

-منیش تاوانبارم شازە منیش.. ئەگەرچی بۆ ئەوە شووم نەکرد، تا ببمە هۆی خوڵقاندن

و لەناوبردنی ڕۆحی تر، بەڵام هەر بکوژم.. هەر تاوانبارم.. پیاو لە خشتەی بردم شازە گیان.. پیاو زۆری لێ کردم دەستم بە خوێن سوورکەم تاقە شەزەمانی شارە بۆگەنەکەم.. ناخی منیش وەکوو هی تۆ بۆگەنیکردووە ڕۆحی شیرینم.

-ناخی تۆ بۆگەنی کردووە ئا، هەر بۆیە ناتوانی کەست خۆشبوێت، بەڵام ڕازیی نابم من بهێنیتە ڕیزی خۆت.

-مرۆڤ ڕابردوویێکی بەسەرچووە شازە گیان.. ڕق و خۆشەویستی لە ئاستی مەرگدا هەمان شتن گوڵم.. ژیانی ئێمە وەکوو ئەو داستان و چیرۆکانە وایە، کە باس لە سەردمە زووەکان دەکەن.. ئەو پاڵەوانانەت خۆشدەوێن، کە دەچەوسێنەوە و ڕقیشت لەوانەیە، کە چەوسێنەرن.. حەز بە سەرکەوتنی ئەمان و دۆڕانی ئەوان دەکەیت، بەڵام هەر هەموویان مردوون مردوو شازەکەم.. ئەنجام هەر ئەنجامە..» ..... تاد (ل ١٥٩)

لەم شێوە گێڕانەوەیەدا، هەست بە ناخ و جووڵە و نائومێدی و دنیابینینی دوو کاراکتەر دەکرێت، کە یەکیان لە ڕێگەی ئەزموونی ڕابردووەوە لە ڕێگەی بوونی خۆیەوە، کە تێیدا بێهوودەییانە دەروانێتە ژیان، هەست بە تاوانباریی خۆی دەکات لە ئەنجامی خولْقاندنی منداڵێک، چونکە مردن ئەنجامی ئەو وەچە خستنەوەیە. کاراکتەرەکەی دیکە هێشتا ئەو ئەزموونەی نەکردووە و باوەڕی بەو شێوە ڕوانینە ناهێنێت، چونکە پێی وایە، ئەگەر ئەمە بۆچوونی کەسەکە بێت، ئەی کەواتە بۆچی وای کردووە؟ کاراکتەرەکەی دیکە ئەوە دەگەڕێنێەوە بۆ ئەستۆی پیاو، کە زۆری لێ کردووە. ئەم شێوە گێڕانەوەیەی، کە نووسەر لەو ڕۆمانەدا هونەریانە



ئۆرهان پاموک

کاری تێدا کردووە، بەهۆیەوە تواندراوە قووڵایی و ئاوەزی کاراکتەرەکان بەهۆی زمانی دیالۆگەوە وێنا بکرێت و گوزارشت لە ناخیان بکات. بەبڕوای من زمانی گێڕانەوەی دیالۆگی، کە لەم نموونەیەدا نیشندراوە، یەکێکە لەو ئاستە هونەرایانەی، کە ئەم ڕۆمانە هەڵگریەتی.

لە ڕۆمانی (مامزێر)ی (کاروان عومەر کاکەسوور) زمانی گێڕانەوەی کارەکتەر مۆنۆلۆگە، ئەگەرچی زمانی دووەمیش، کە زمانی حیکایەتخوانێکی دیکەیە لە دەرەوەی ڕووداوەکاندا بوونی هەیە، ئەمەش بۆ ئەو مەبەستەیە، کە جگە لە کارکتەر، ئێمە ئاشنای دیوێکی شاراوەی دیکەی کاراکتەر بین، بەوەی لەدەرەوەی ناخی کاراکتەر، ئەو کاراکتەرە چۆن وێنا بکرێت بۆ ئەوانی دیکە؟ جگە لەوەی زمانێکی زۆر کورت و پوخت و تەکنیکدار بەکار هاتووە، کە دواجار ئەو تەکنیکانە بەندن بەو ئایدیایانەی ئەو ڕۆمانە لەخۆیدا هەڵیگرتووە.

دەتوانین دەسپێکی ڕۆمانەکە وەک نموونەیەک بهێننەوە، کە دەڵێت: «لە ڕێگا، کاتێ جەنگاوەرە ڕیشنەکان ڕووتوقووت بەسەر لمە داخبووەکەدا دەیانهێنان، لەناو سەرجەمی دیلەکاندا تەنها چاوی منیان نەبەستبوو... ئێستایش، کە ئەوەتا شەکەت و ماندوو خراوینەتە ناو ئەم قەفەزە گەورانەی بەر هەتاوی چلەی ئەم هاوینە پرووکێنەرەوە، تەنها پرسیار لە من ناکەن... ئەگەرچی بەتەواوی لەم نهێنییە تێناگەم، بەڵام وای بۆ دەچم ئەوانیش زانیبێتیان من هەرگیز ناتوانم ڕووداوەکان وەکو خۆیان بگێڕمەوە... هەمیشە کەسەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت... سنوورەکانی کات و شوێن دیار نامێنن... سیمای ئەفسانەیی بە خۆیانەوە دەگرن...» (لە ڕۆمانەکەوە)

ئەگەر سەرنجی ئەم دەسپێکە بدەین، کۆمەڵێک دۆخ لەیەک گێڕانەوەی پوختدا کۆبوونەتەوە، بۆ نموونە ئەو شوێنەی کاراکتەری بە ڕووتوقوتی تێدا دەهێندرێت، لمی داخبووی بیابانە، بیابانیش ڕۆژی گەرم و شەوی سارد خاسڵەتێکی سەرەکییەتی. دەمەکانی ئەم دەسپێکە هەر سێ دەمی کاتی لەخۆوە گرتووە، وەکو (رابردوو، ئێستا، داهاتوو)، بۆ نموونە کاتێ بەڕێگەیاندا دەهێنن، ئەوا دەکەوینە بەردەم دەمی رابردوو، ئێستای کارەکتەریش ئەو کاتەیە، کە ماندو و شەکەت و لەناو قەفەزێکی گەورەی بەردەم هەتاوی پڕوکێنەرە. داهاتووشی دەکەوێتە پاش ئەم دوو زەمەن و گێڕانەوەی ڕووداوەکان. بەشێوەیەکی گشتی «دنیای خودی مامزێر، لە دەرەوەی فەزای شوێن و کاتە، نە مێژووی دیارە و نە ئاییندە، (ئێستا)ی ئەویش بوونێکی گوماناوییە، بەڵام بە هۆی تەکنیکەکانی گێڕانەوە «techniques Narrative» دنیای کاراکتەر و دەرەوەی کاراکتەر تێکەڵ بە یەکتر دەبن.»٧.

بەڵام ڕۆمانی (سووارەکان بەقاچاغ بووکیان گواستەوە)، هەردوو جۆری حیکایەتخوانی تێدا بەدی دەکرێت، کە یەکەمیان گێڕانەوە حیکایەتخوانێکە لەدەرەوەی ڕووداوەکان، یان دەتوانین بڵێین لە دەرەوەی زمانی کارەکتەر، جۆری حیکایەتخوانی دووەمیش، کاراکتەرەکان خۆیان، جیاوازییەکەیان لەگەڵ ڕۆمانی (مامزێر) ئەوەیە، کە تەنیا یەک کاراکتەر حیکایەتخوان نییە، بەڵکو چەند کاراکتەرێک ڕۆڵی حیکایەتخوانی لە بەشە جیا جیاکاندا دەبینن. لەو ڕۆمانەدا بەهۆی تەکنیکەکانی گێڕانەوە، فرەندەنگییەکی

قووڵی نێوان کاراکتەرەکان دروست بووە، تا ڕادەیەک لە ڕێگەی گێڕانەوە ئێمە ئاشنای نهێنی و چیرۆک و بەسەرهاتە جیاوازەکان، لە دیدی کاراکتەرە جیاوازەکان، دەبین. ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی و ناڕاستەوخۆی بەسەر زهن و شێوازی ژیانی کاراکتەرەکان جێهێشتووە. ئەگەر گێرانەوە مەبەستێک بێت بۆ مانەوەی بەسەرهات و چیرۆکەکان، ئەوا لەم ڕۆمانەدا هەست ناکەین سەروکارمان لەگەڵ چەند چیرۆکێک دایە، بەڵکو هەست بەوە دەکرێت ئێمە لەناو ژیانی ئەو کاراکتەرانە دەژین و شێوەی ژیانکردنیان دەبینین، هەست بە ژیان دەکەن، لە قووڵایی گوتە و گیڕانەوەکانی کاراکتەرە بەسەرهات جیاوازەکان. ئەمش وایکردووە کاراکتەرەکان ئاسان خۆیان نەدەن بەدەستەوە، واتە لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی خۆیشیاندا هەست بە خۆپاراستن لە هەندێک کۆتی سایکۆلۆجی دەکرێت، بۆ نموونە (سەنگەر)ی کاراکتەر دوو دیوەی نهێنی هەیە، شەرم و ترس.

هەرچی (بەختیار عەلی)یە، لە ڕۆمانەکانیدا هەست بە هەندێک کێشەی گێڕانەوە دەکرێت، بۆ نموونە (بەختیار) کێشەیەکی بەرچاوی هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە کاراکتەرەکانی لە ڕووی گێڕانەوەوە زمانێکی سەربەخۆیان نییە، بەڵکو باکگراوندی مەعریفەی نووسەریان لەپاڵ دایە، زۆربەیان بە زمانێکی شاعیرانە دەدوێن و باسی خۆیان دەکەن، بەڵام لەپاڵ ئەمەدا هەندێک تەکنیک بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە لە ڕۆمانەکانیدا بەکار هاتووە، بۆ نموونە حیکایەتخوانی ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)، (خەندانی بچکۆلە)یە، کە کچێکە تا ڕادەیەک سەروکاری لەگەڵ لایەنی مەعریفە و گێڕانەوەی بەسەرهاتەکاندا هەیە، بۆیە کاتێک (خەندانی بچکۆلە) دەدوێت، بۆمان دەردەکەوێت، کە زمانێکی شیعرئامێز لەپاڵ گێڕانەوەی بەسەرهاتەکاندا هەست پێ دەکرێت. یان لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) دوو حیکایەتخوان هەن، کە یەکیان «عەلی شەرەفیار»ی چیرۆکنووسە و ئەوی دیکەیان (جەلادەتی کۆتر) ە، کە (جەلادەتی کۆتر) هونەرمەندێکە و زمانی گوزارشتکردنی لە خۆ، جیاوازە لە کەسێکی ئاسایی، کە سەروکاری لەگەڵ هونەر و ئەدەبدا نییە. (عەلی شەرەفیار)یش ، چونکە چیرۆکنووسە، بێگومان ئەویش بۆ تەعبیرکردن لە شتەکان تەکنیک و فێڵی تایبەت بەخۆی بەکاردەهێنێت، بۆیە لە ڕێگەی ئەو تەکنیکەوە (بەختیار عەلی) چارەسەری ئەو کێشەیەی کردووە، کە زمانی کاراکتەرەکانی جیاوازە لە کەسانی ئاسایی. بۆ نموونە (عەلی شەرەفیار) لە بەشی سەرەتادا دەڵێت:

«من دوای گەڕانەوەم بە هەفتەیەک، لە دوکانی دۆستێکەوە تەلەفونم بۆ ئەو ژمارەیە کرد کە لەسەر زەرفە سپییەکە بوو، کچێکی ئێجگار دەنگ ناسک و هێمن هەڵیگرت، وەک ئەوەی لەسەرزەمینێکی ترەوە قسەبکات، وەک ئەوەی لە خەونێکی قووڵدا بێت، وەک ئەوەی مۆسیقایەکی تەلیسماوی لە دەنگیدا بێت و بیەوێت بەو مۆسیقایە فریوتبدات وەڵامیدایەوە.»[٨] (ل١٠)

لەم بەشە کەمەی گێڕانەوەیەدا هەست دەکەین، کە (عەلی شەرەفیار) زمانێکی جیاوازتری لە کەسێکی ئاسایی هەیە بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان. بۆ نموونە دەستەواژەی (لەسەر زەمینێکی ترەوە)، (خەونێکی قووڵ)، (مۆسیقایەکی تەلیسماوی)،

# لێکۆڵینەوە

ئەو دەستەواژە شیعریانەنە، کە حیکایەتخوان لە کەسێکی ئاسایی گێڕەرەوە جیادەکاتەوە. دەتوانین ئەمە وەک کێشەیەک دەستنیشان بکەین، بەوەی کاراکتەرەکان بەهەندێک کۆتی مەعریفی یان ئەدەبییەوە بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان، بەند کراون، کە مەبەستم بەندی زمانییە.

یان لە شوێنێکدا (جەلادەتی کۆتر) دەڵێت: «لە هەموو شارەکاندا ڕێگەیەک هەیە دەچێتەوە سەر جوانییە جاویدانەکان. من دەمگوت: جوانی دواجار لەو شەڕەدا دروستدەبێت، ڕێگای مرۆڤ بۆ ناو ئەو باغە ڕێگەیەک نییە مرۆڤ تەنیا لە خەیاڵدا بیبڕێت، بەڵکو ڕێگایەکە بە ناو هەموو ژیاندا تێدەپەڕێت. ڕێگایەکە مرۆڤ بە عەقڵ و بە ویژدانی دەیدۆزێتەوە، نەوەک تەنیا بە هەستەوەرەکانی.» (ل٤٤٢)

ئەگەر سەرنجی زمانی گێڕانەوەی ئەم پەرگرافە بدەین، بۆمان دەردەکەوێت، کاراکتەر کەسێکە جیا لە کەرەکتەرێکی ئاسایی، کە بە زمانی ناخی خۆی دەدوێت. جگە لەوە ئەو شتانەی کارەکتەر لەبارەیانەوە دەدوێت، بەندە بە هەندێک کێشەی فکرییەوە، کە پێم وایە دەکرا ئەم پێکهاتە فکرییە لەشێوەی ڕووداودا بەرجەستە ببا نەوەک لە ئاست زماندا گوزارشتی لێ بکرێت.

بەڵام لە (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان)دا، تاڕادەیەک سەربەستیی کاراکتەرەکان لە گێڕانەوەی ڕووداو و دەربڕینی هەستەکانیان، دەکرێت. بۆ نموونە لە شوێنێکدا (مەنگوڕی بابەگەورە) دەڵێت:

«هیچ شتێک ڕەوا نییە، ئەوەش ڕەوا نییە پیاو لە شارێکی وا پیس و پۆخڵی وەک ئەم شارەی ئێمەدا لەدایک بێت، کە بە بازاڕدا دەڕۆیت بۆنی شێلم و کەلەرەمی رزیو کاست دەکات. کچەکە لەسەر هەقە، دەیەوێت تۆزێک کوڕەکان شەڕواڵەکانیان لەپێ بکەن و بجووڵێن، گەورەترین ناهەقی ئەوەیە ئێمە لەم شارەدا لە دایک بووین...»

ئەم گووتانەی کاراکتەر، جۆرێک سەربەستیی تێدا بەدی دەکرێت لەسەر ئاستی زماندا، چونکە زمانی کاراکتەر زیاتر لە زمانی رۆژانەیی و شێوە ژیانی خۆیەوە نزیکە، نەوەک زمانی نووسەر. ئەمەش خاڵێکی پۆزەتیڤە لە هونەری گێڕانەوەی ئەم رۆمانەدا و کاراکتەرەکان بە زمانی خۆیان دەدوێن.

هەرچی لەبارەی رۆمانی (غەزەلنووس و باخەکانی خەیاڵ)، ئەوا رووبەڕووی هەمان کێشەی زمانی گێڕانەوە دەبینەوە، کە زمانی کاراکتەرەکان لە ئاست شێوە یان ئەو کات و شوێنەی رۆماننووس لە رۆمانەکەیدا وێنای کردووە، کێشەدارە لەسەر ئاستی زماندا. ئەو بەرزە زمانە، ئەگەر لەگەڵ بۆچوون و هەستەکانی کاراکتەرەکان بگونجێت، ئەوا بۆ زەمینەی و جیهانی ئەو رۆمانە نەگونجاوە.

لە دەرئەنجامدا پێم وایە سەربەستیی کاراکتەر لە گێڕانەوە جیاوازیی ئاڕاستەکانی گوزارشتکردن لە خۆ و دەووروبەر بە شێوەیەکی قووڵ بەرجەستە دەکات، چونکە هەرچەند دیدگاکان جیاوازتر بن و زمانی کاراکتەرەکان سەربەخۆتر بێت، ئەوا ئاڕاستەی قووڵتر و کاریگەرتر بەرمان دەکەوێت. بە بڕوای (باختین) کاراکتەر لە رێگەی زمانەوە دەخوڵقێت، ئەگەر بێت و ئەو کاراکتەرە زمانی سەربەخۆی نەبێت، ئەوا نەخوڵقاوە. ئەو خاڵە جەوهەرییەی (میکایل باختین) لە رۆمانەکانی (دۆستۆیڤسکی) پێی لەسەر دادەگرێت، سەربەخۆیی کاراکتەرەکانە لە زماندا، کە ئەمەش

ڕادەی سەرکەوتووی درستبوونی کاراکتەر لە ڕێگەی زمانەوە نیشان دەدات. یەکێک لەو مشتومڕە ئەدەبییانەی بەردەوام دەکرێت و ڕەنگدانەوەی لە ڕەخنەی ئەدەبیی جیهانییدا هەیە، ئەویش پێوەندیی نێوان کاراکتەر و نووسەرە. خاڵێک کە لێرەدا زۆر جێگەی سەرنجە، ئەویش ئەوەیە کاراکتەرەکان دەتوانن لە نووسەرەکان جیاواز بن، بە تەنیا و تەنیا لە ڕێگەی زمان و دەربڕینەوە، کە چۆن گوزارشت لە خۆیان دەکەن. ئەم لە ڕێگەی هێنانەوەی دوو نموونە، کە ئەوانیش (کاروان عومەر کاکەسوور) و (بەختیار عەلی)یە، مەبەستمان بووە بچینە خاڵی جەوهەری گێڕانەوەی تێکستەکانیان و لەنێو بەرهەمەکانیشیاندا جیاوازی بدۆزینەوە. بۆ نموونە ئەگەر کاراکتەرەکانی (بەختیار عەلی) لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) لە گێڕانەوەدا نەیانتوانەوە سەربەست بن، ئەوا ئەم هاوکێشەیە بۆ ڕۆمانی (کۆشکی باڵندە خەمگینەکان) پێچەوانەیە. هەرچی لەبارەی (کاروان کاکەسوور)ەوەیە پێمان وایە کاراکتەرەکانی تا ئاستێکی بەرز سەربەستن و لە ڕێگەی زمانەوە هەست بە جیاوازییان دەکەین. بەڵام پێشمان وایە زەمەن و دۆخی ڕۆمانەکانی لەیەکتر جیاوازن، ئەو دۆخەی کاراکتەرەکانی (ئای لە ڤیلیا لە ڤیلیا) تێیدا گوزارشت لە بۆچوونەکانیان دەکەن، زۆر جیاوازە لە دۆخی کاراکتەرێکی وەکو (مامزێر) کە دیلە و لەنێو قەفەز دایە. هەرچی ئەم نووسنەیە دەروازەیەکی بچووکە بەڕووی باسێکی گەورەدا.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:


١. http://en.wikipedia.org/wiki/Narrative_art

٢. / / Kafka , Franz / The Metamorphosis translated by Lan Johnston. malaspina University – College Nanimo, BC. Public Domain Released, January١٩٩٩

٣. گابریل گارسیا مارکیز/ ڕۆمان: خۆشەویستیی لەزەمانی کۆلێرەدا/ وەرگێڕانی: محەمەد کەریم/ دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی/ ٢٠٠٨

٤. ئۆرهان پاموک/ ژیانی نوێ/ وەرگێڕانی لە تورکییەوە: ئیبراهیم شێخ شەرەفی/ لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم/ ٢٠١٠

٥. ئۆرهان پاموک/ من ناوم سوورە/ وەرگێڕانی لە تورکییەوە: بەکر شوانی/ دەزگای ئاراس ٢٠٠٨

٦. کاروان عومەر کاکەسوور/ ئای لە ڤیلیا لە ڤیلیا (ڕۆمان)/ لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم/ چاپی یەکەم/ ساڵی ٢٠٠١

٧. سۆران ئازاد/ کاردانەوەی فیکر لە ڕۆمانی کوردیدا: (ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلی و مامزێری کاروان کاکەسوور وەک دوو نموونە)

٨. بەختیار عەلی/ ڕۆمان: شاری مۆسیقارە سپییەکان/ لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند/ چاپخانەی ڕەنج/ ٢٠٠٥


## بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوەش:


- د. محەمەد کەمال/ ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ. چاپی سێیەمی یانەی قەڵەم ٢٠١١
- مارشاڵ بێرمەن: ئەزموونی مۆدێرنتەتی/ وەرگێڕانی: مەنسوور تەیفوری.
- د. محەمەد کەمال نیتشە و پاش تازەگەری/ فەلسەفی/ / دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم/ چاپی دووەم، ٢٠٠٩
- نیهاد جامی/ ئارپستەکانی زمان و گێڕانەوە لە چیرۆکی (ئەسپیدیلۆن)دا. لە سایتی دەنگەکان بڵاوکراوەتەوە.
- فریدریش نیچە / وەهای گوت زەردەشت/ وەرگێڕانی: عەلی نانەوازادە/ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی/ ٢٠٠١



# دۆسیەی پەیوەندیی نێوان ئەدەب و سینەما



# سینەما، کورد، سینەما

رەزا عەلی پوور

سینەما چ وەک دیاردە و فێنۆمێن و چ وەک تەکنۆلۆژیا و هونەر، دیاردەیەک و هونەرێکی شارییە. بە پێچەوانەی زۆربەی هونەرەکانی دیکە، سینەما تەنها دەتوانێ لە شاردا لە دایک ببێت و گەشە بکات، جگە لەوە لەبەر ئەوەی سینەما پێیەکی لەسەر تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتنە زانستییەکان راوەستاوە، هەروەها پێش ئەوەی میدیۆمێکی هونەری بێت وەک داهێنانێکی زانستی هاتەگۆڕێ. پێوەندیی راستەوخۆی بە ژیان و شاری مودێرنەوە هەیە، لانی کەم دەکرێ بڵێین تەنها لەو چەشنە شارانەدا سەریهەڵدەدا و گەشەی ئاسایی خۆی دەکرد کە بەشێک لە پێشکەوتنی ئامرازی و مودێرنیزاسیۆنیان تێدا بووبێت. ئەگەر هەر لێرەوە سەیری سینەما بکەین تێدەگەین کە نابێ چاوەڕوانییەکی ئەوتۆمان بە نیسبەتی مێژووی لەدایکبوونی سینەماوە هەبێت لە کوردستاندا. ئەمەش لەبەر ئەوەی لەو کاتەیدا کە سینەما لەدایک دەبێت، هیچ کام لە شارە کوردنشینەکان ئەو ئاستە لە

# دۆسیە

پێشکەوتنیان تێدا نەبووە کە بتوانن ببن بە میوانداری ئەم هونەر و پیشە نوێیە. بەرهەمهێنانی سینەمایی لە کوردستاندا گەلێک درەنگ دەستی پێکرا، گەرچی هەندێ هەوڵدراوە کە سەرەتایەک لە ئەرمەنستان بۆ دەسپێکی سینەما لە کوردستاندا دیاری بکرێت و فیلمی «زارێ» کە بە شێوەی بێدەنگ و ساڵی ١٩٢٦ لە لایەن حەمۆ بەیک نەزەرۆفەوە سازکراوە بە یەکەم فیلمی کوردی دابنرێت. زارێ مێلۆدرامێکە سەبارەت بە عەشقی کوڕێک بە ناوی سەیدۆ و خۆشەویستەکەی بە ناوی زارێ و باس لە ژیانی عەشایەری کوردی ئێزەدی دەکات. ئەم فیلمە جگە لەوەی بە بەشێک لە مێژووی سینەمای ئەرمەنستان دادەنرێ، تەنها سەرەتایەکە بۆ نواندنی ژیانی کورد لە ڕێی سینەماوە، بۆیە لەبەر چەندین دەلیلی ناوەڕۆکی و فورمیک دەکرێ بڵێین سەرەتایەک نییە بۆ ئەوەی بە ناوی سینەمای کوردی بناسرێت، لێرەوە بە بازدانێکی گەورە (تا ئەو شوێنەی من ئاگادار بم) تا لای یەڵماز گۆنای وەک بەرهەمهێنانی فیلم ـ لە لایەن خودی کوردەکانەوە ـ شتێکی ئەوتۆ نەکراوە کە جێگەی سەرنج و دیتنەوە بێت.

ئەگەر لایەنی بەرهەمهێنانی فیلم ئەو دۆخەی بووبێت، دیتن و سەردان لە سینەما مێژوویەکی دیکەی هەیە کە پێویستی بە توێژینەوەی ورد هەیە. سینەما لە کوردستاندا هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ هەندێ گرفتدا بەرەوڕوو بووە کە هەندێکیان وەک ڕەگوڕیشەی بەشێک لە گرفتەکانی ئێستەشی دەردەکەون. سینەما وەک میوانێکی نامۆ و ناوادە وابوو لە کوردستاندا، میوانێک کە تا ساڵانێک تەنها دەبینرا و پاشان قسەی دەکرد بە بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ وێنەیەک لە بینەرانی خۆی لە کوردستاندا نیشان بدات. دیارە نەبوونی سینەمایەک کە لە هەناوی خودی ئەو کۆمەڵگەیەوە هاتبێتە دەر و وێنەی ئەو کۆمەڵگەیە بنوێنێت بە سانایی بینەر بەرەو فیلمانی دەرەکی ڕاکێش دەکات. ئەمەش بە نیسبەتی کوردەوە بە دوو شێوە دەکرێت؛ هەم ببێت بە بینەری فیلمانی ناوەند و هەم هەندێ کاتیش ببێت بە بینەری فیلمانێک کە ناوەندیش لە ئەمریکا و وڵاتانی دیکە وەریدەگرت. وەک دەزانرێ تا ساڵانێک لەوە پێش نە سینەمای ئێران بە فیلمی فارسییەوە و نە سینەمای تورکیا بە زەبەلاحیی خۆیەوە لەبەر ناهاوسەنگ بوون و وەک دەیڤید ئێی کۆک دەڵێ لەبەر هەڵچوون و داچوونی کوشندەی، بوونێکی گرنگ و سەربەخۆیان نەبووە و هەروەها سینەما لە عێراق و سووریا بە ئێستەشیانەوە جێگەی تێڕامانێکی ئەوتۆ نەبوونە، لەملاشەوە ئەو فیلمانەی بەرهەمیان دەهێنا خودی بینەرانی ئەو وڵاتەی تێر نەدەکرد و بە ناچار فیلمانی هێندی و ئەمریکایی و میسریش بازاڕێکی بەرچاویان هەبوو. کوردیش جگە لەو فیلمانە، بینەری فیلمەکانی ناوخۆی وڵاتیش بوو کە بە دەگمەن نەبێ وێنەی خۆی تێدا نەدەبینییەوە. جگە لەو خاڵە هەر لەسەرەتاوە یەکەم خاڵێک کە مەودای بۆ درووست دەکرد زمانی فیلمەکان بوو کە وەردەگێڕدرانە سەر زمانی فارسی و تورکی و عەرەبی، لێرەدا بەلەبەرچاوگرتنی ڕادەی خوێنەواربوونی کورد و ڕادەی ئاگادارییان لە زمانی ناوەند، ڕەنگە سانا بێت بڵێین بەشێکی گەورەی کوردان بە شێوی ئۆتوماتیکی لە سینەما دوور دەکەوتنەوە.

بەدەر لە هۆکاری دواکەوتوویی شارە کوردنشینەکان و ئامادە نەبوونی ئەو بەستێنە پێویستە بۆ سەرهەڵدانی سینەما، ڕەنگە بکرێ گرنگترین هۆکار بۆ جێنەکەوتنی سینەما لە لای خەڵک بگەڕێنینەوە بۆ هەندێ زەینییەت و کێشەی کولتووری. دیارە لە شوێنێکدا کە نەکرێ وێنەیەک لە خۆ بخرێتە سەر سکرین، وەک گوترا

# بێ موبالاتییەکی گەورە لە هەمبەر سینەما لای ئێمە بووە و تەنانەت هەندێجاریش بە سووکی سەیری سالۆنی سینەما کراوە

بە ناچار پەنا بۆ هەندێ فیلمی دەرەکی دەبردرێت، ئاساییە ئەو فیلمانەش رەنگدەرەوەی هەندێ خواست و تایبەتمەندیی کۆمەڵگەی دیکە بن و لە هەندێ کاتیشدا فیلمانی فارسی و میسری و تورکی بە کاریگەرێتی لە فەزای سینەمای جەماوەر پەسەند، هەندێ وێنەیان نیشاندەدا و دەستیان دەخستە سەر هەندێ باس کە رەنگە بە نیسبەتی خودی کۆمەڵگای خۆیان و کوردستانی داخراوترەوە وەک تابۆ دەربکەوتایەن. لێرەوە سینەما لە کوردستاندا ئۆتوماتیکی لە لایەن هێزە کونسێرڤاتیستەکانەوە کە دەسەڵاتێکی گەورەیان هەبووە دەکەوتە بەر هێرش. دیارە وەک دەزانرێ سینەما وێڕای گرفتی زمان و کولتوور و... دیسان ئەو دەسەڵاتەی هەیە کە خەڵکانێک لە خۆی کۆ بکاتەوە و کاریگەرێتی دابنێ، لێرەوە هەندێ لایەن سینەما و رۆیشتن بۆ سینەمایان بە مەترسییەک بۆ سەر خۆیان بینیوە، بە زاڵکردنی ئەو زەینییەتە لە کوردستاندا سەبارەت بە سینەما، دەکرێ بڵێین خودی فیلم دیتن و رۆیشتن بۆ سالۆنی سینەما _ هەندێ حاڵەتی لێ بەدەر بێت_ وەک بابەتێکی شاز سەیری دەکرا و ئەم روانینە تا ئەمڕۆش دەردەکەوێت. بۆیە دەتوانین جۆرێک لە دژە سینەمابوونی نەرم لە کولتووری کوردیدا بدۆزینەوە، یان لانی کەم دەتوانین بڵێین بێ موبالاتییەکی گەورە لە هەمبەر سینەما لای ئێمە بووە و تەنانەت هەندێجاریش بە سووکی سەیری سالۆنی سینەما کراوە و هەندێجاریش فیلم وەک درۆ و ناڕاست کە فەڕی بەسەر حەقیقەتەوە نییە بینراوە. دیارە گەڕانەوە بۆ ئەو کاتانەی کە لە کوردستاندا پێشوازی لە سینەما کراوە و خەڵک سەردانی هۆڵەکانی سینەمایان کردووە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ کونجکۆڵی و هەروەها هەندێ تاکە فیلم لە ئاست و ناوبانگێکی بەربڵاوی ئەو سەردەمەدا، بۆیە بەدەر لەو حاڵەتە شازانە، بە جورئەتەوە دەکرێ بڵێین هەرگیز لای ئێمە سینەما رۆیشتن نەبووە بە کولتوورێکی گشتی و وەک عادەتێکی کولتووری، یان بنەماڵەیی لێ نەهاتووە. لێرەوە رەنگە باشترین رێگە بۆ پەیبردن بە خاوبوونی رەوتی سینەما لە کوردستاندا و پەرگیرنەبوونی، لەو خاڵەدا بێت کە ئێمە هەر لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی ناقس و هەڵە لەگەڵ سینەمادا ئاشنا بووین و لەبەر ئەوەی کەمترین وێنەی راستەقینەی خۆمان تێدا بینییەوە، وەک بابەتێکی رازێنەرەوەیی و ناگرنگ و هەندێجاریش سالۆن و هۆڵەکان وەک شوێنی کەسانی سووک دانرا. ئەمە جگە لەوەی وەک گوترا کورد کەمترین جار وێنەی خۆی لە سینەمادا بینیوەتەوە و ئەو وێنەیانەش وا لە سینەمادا لەلایەن غەیرە کوردەکانەوە لە سەر کورد بەرهەم دەهاتن _تا ئێستەشی پێوەبێت_ وێنەیەکی شێوێندراو بوون و رەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیا و زەینییەتی باو و جێکەوتوو بوون، نەک وێنەی خودی کورد، بۆیە جۆرێک بێ متمانەیی سەبارەت بە وێنەی سینەمایی و سینەما لە پاڵ نازەرووری بوونیدا درووست بووە. دیارە لەملاشەوە نەبوونی دەسەڵاتێک بۆ جێخستن و دامەزراندنی سینەما لە کوردستاندا و نەبوونی پلانێک بۆ گەشەی ئەم هونەرە بە لەبەرچاوگرتنی نیاز و خواستەکانی بینەرانی، وادەکات شتێک بە ناوی سینەمای کوردی بوونی نەبووبێت و ئەوەی بووە هەوڵی تاکیی هەندێ دەرهێنەر بێت بە کاریگەرێتیی وەرگرتن و پاشان گۆڕان و دەستکاریکردن لە سینەمای ناوەندیی ئەو وڵاتانەی وا تێیدا ژیاون. بەهەرحاڵ هەر کام لەم هۆکارە نێگەتیڤانە لە پاڵ چەندین کێشەی دیکە، بە تەنها دەتوانن لەمپەرێکی گەورە بن لەبەردەم گەشەکردنی سینەمادا و کاریگەرێتییان لەسەر بوونی ئێستەشی ببێت.



سینەما وەک میوانێکی نامۆ و ناوادە وابوو لە کوردستاندا، میوانێک کە تا ساڵانێک تەنها دەبینرا و پاشان قسەی دەکرد بە بێ ئەوەی راستەوخۆ وێنەیەک لە بینەرانی خۆی لە کوردستاندا نیشان بدات. دیارە نەبوونی سینەمایەک کە لە هەناوی خودی ئەو کۆمەڵگەیەوە هاتبێتە دەر و وێنەی ئەو کۆمەڵگەیە بنوێنێت بە سانایی بینەر بەرەو فیلمانی دەرەکی راکێش دەکات



# شیعری کوردی و سینەما



عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی

لەم نووسینەدا سەرەتا کەمێک باسی سینەما و شیعر دەکەین و پرسیاری بوون و چۆنێتیی پەیوەندیی نێوان شیعری کوردی و سینەما دەکەین و دەپرسین: ئایا سینەما هاتووەتە ناو شیعری کوردییەوەو شیعری ئێمە وەک تەکنیک سوودی لێ بینیووە؟ دوای ئەوە چەند نموونەیەک لە شیعری نوێی کوردی هەڵئەبژێرین، بێجگە لەمانە نموونەی تریشمان ئامادەکردووە، بەڵام ئەوانە لە دووتوێی کتێبێکدا دەبینن، بەشێکی تری تێدایە دەربارەی چیرۆکی کوردی و سینەما.

# بەهێزکردنی کاریگەریی بینین لە شیعردا
# هۆیەکی زیاترە بۆ خۆنزیککردنەوە لە سینەما

مەبەستیشمان لەم لێکۆڵینەوە، ئەوە نییە بە نزیکبوونەوەی ئەم دوو هونەرە تاکڕەگەزیی هەریەکەیان بسڕێنەوە، بەڵکو ئەمانەوێت تیشک بخەینە سەر ئەو پەیوەندییانەی کە شوناسی هونەرە جیاوازەکان دەوڵەمەنتر و فراوانتر دەکەن.
شیعر سیحرێکی شاراوەی خۆی بە سینەما ئەدات و سینەمایش ئەو ناوچە هەستپێنەکراو و نادیارانەی شیعر بەرجەستە دەکات و بە یارمەتیی هێز و کەرەستە و زمانی خۆی دەیانخاتە بەرچاومان.
پێش سەدەی بیست زۆربەی زۆری را و بۆچوون وابوون شوناسی شیعر بەوە دەپارێزرێت، کە رەگەزی زاتیی خۆی پتەوبکات و جەخت لەسەر تاکڕەگەزیی بکات. دەگوترا تێکەڵاوی رەگەزی تر نەبێت و تا بکرێت خۆی لە سنووریان نەدات و توخنیان نەکەوێت. شیعر شیعرە نە لە پەخشان نزیک دەبێتەوە و نە تێکەڵاوی چەشن و جۆرەکانی تر دەبێت، بەڵام ئەم بۆچوونە لە تیۆری ئەدەب و رەخنەدا بەردەوام نەبوو. هەر لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە (لای رۆژئاواییەکان لە سەدەی هەژدە و نۆزدەوە) شیعر بەسەر پەخشاندا کرایەوە. لەمەش چەندین جۆری شیعریی پەیدابوو.
ئیتر وردە وردە لە قۆناغی پەرەسەندیا لە رەگەزی شانۆ و رۆمان و گێڕانەوە بە گشتی و هونەری شێوەکاری و سینەما نزیکبووەوە.
لە پەیوەندی پەیداکردندا، شیعری کوردی، تاڕادەیەک سوودی لەو رەگەز و هونەرانە بینیوە، بەڵام لەبارەی نزیبوونەوەی لە سینەما قسە و بۆچوونی زۆر هەڵئەگرێت.
سینەما خۆی هونەرێکی نوێیە و مێژووی داهێنانی بۆ ساڵی ١٨٩٥ دەگەڕێتەوە، کە فیلمی (کرێکاران لە کۆمپانیا دێنە دەرەوە) ئامادەکرا و پیشاندرا. شیعری میللەتان وەک سوودوەرگرتن لە هونەرەکانی تر سوودی لە سینەما بینیوە.
هونەری شانۆ لە سینەماوە نزیکترە، هەرچەندە جیاوازییان زۆرە، بەڵام لە هەمانکاتدا لێکچوونی دیاریش لە نێوانیاندا هەیە، بۆ نموونە ئەو شتانەی لێکیان نزیک دەکەنەوە پەیوەندییان بە بوونی دیکۆر و روناکی و بوونی ئەکتەرەوە هەیە. گەورەترین جیاوازییش ئەوەیە سینەما جێگۆڕە و دەجولێت، بەڵام شانۆ شوێنێکی دیاریکراوی هەیە و جێگۆڕکێ بە دیمەنەکانی ناکرێت. فلاشباکیش یەکێکە لەو تەکنیکانەی رۆمان و چیرۆک و سینەما لێکتر نزیک دەکاتەوە ... هتد.
شیعری نوێ، بەتایبەتی لە قۆناغە پێشکەوتووەکانیدا، بایەخی بە لایەنی وێنەیی داوە، گفتوگۆی لەگەڵ چاودا رەخساندووە. ئەوەندە پابەندی وزەی (بیستن)نەبووە، کە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی شیعرەوە، شیعر کەوتبووە ژێر دەسەڵاتییەوە.
بەهێزکردنی کاریگەریی بینین لە شیعردا هۆیەکی زیاترە بۆ خۆنزیککردنەوە لە سینەما، هەرچەندە هەر زوو وتراوە شیعر وێنەکردنە یاخود وێنەیەکی قسەکەرە. بوونی شیعر لە دەرەوەی زماندا یەکێکە لەو خاڵە گرنگانەی کە جان کوهین جەختی لەسەر کردووە. چۆن وشە شیعرییەتی خۆی هەیە ئاوەهایش شتەکانیش شیعرییەتی خۆیان هەیە هونەرەکانی تر، سینەما لە نێوانیاندا شیعرییەتی تایبەتی خۆیان هەیە.
هەر لێرەوە دوو زاراوە دەکەونە ناو فەرهەنگی سینەما و شیعرەوە، تێکەڵاوبوونی سینەما و شیعر وەدەردەخەن، ئەوانیش سینەمای شیعری و شیعر

شیعر سیحرێکی شاراوەی خۆی بە سینەما ئەدات و سینەمایش ئەو ناوچە هەستپێنەکراو و نادیارانەی شیعر بەرجەستە دەکات و بە یارمەتیی هێز و کەرەستە و زمانی خۆی دەیانخاتە بەرچاومان

یا فیلمی سینەمایین. هەردوو سوود لە کەرەستەی یەکتر دەبینن و شوناسی خۆیانی پێ دەوڵەمەند دەکەن.

ئەپۆلۆنیر لە وتاری (رۆحی نوێی شیعر)دا وەختی خۆی پێشبینیی ئەوەی کردووە، کە رۆح و وزەی نوێی شیعر لە سینەمادا دەبێت و شاشە یا هەر فەزایەکی بینراوی تر جێگەی لاپەڕەی سپی دەگرێتەوە. هەروەها ساڵی ١٩١٦ لە چاوپێکەوتنێکدا رای خۆی دەربارەی سینەما خستووەتە روو، وتوویەتی: ئەمڕۆ هونەرێک هەیە لە توانایدایە جۆرێک لە ویژدانی مەلحەمی لە رێگەی عەشقی شاعیران بۆ لیریکی و راستیی درامیی بارودۆخەکان وەبەربهێنێت، ئەویش هونەری سینەمایە (١).

شاعیرانی سوریالیزم هەر لە سەرەتاوە بایەخیان بە سینەما دا. ساڵی ١٩١٧ لوی ئەراگۆن لەسەر دیکۆری سینەمایی نووسی. ئەوەی دەربڕی کامێرای سینەمایی چەند بە توانایە بۆ چوونە ناو جەرگەی شتەکانەوە، تا نرخ و بەها و بڵندی ببەخشێتە ئەو شتە باوانەی وێنەیان دەگرێت. سینەما شاعیرانی کەمەندکێشکرد (٢)، تا ئەو رادەیەی فیلمیان بە شیعر دەکرد و شیعریان دەکرد بە فیلم، لەوانە مان رای شاعیر، کە ساڵی ١٩٢٨ فیلمێکی کورتی بە ناونیشانی (چرای دەریا)وە لە شیعرێکی روبیر دیسنۆسەوە ئامادەکرد و بە فیلمێکی سوریالیی دانا. رووداوێکی درامیی تیا نەبوو، بریتی بوو لە کۆمەڵێک کردار و تیمە و مۆتیف، کە سەرنجی تایبەتییان لە چاوی بینەردا دەچان.

سوریالیستەکان هەر زوو درکیان بەوەکرد، سینەما رێگەیەکی تری بۆ دەربڕین پەیداکردووە، لە


بەهمەن قوبادی

بینینکاریدا شتەکانی ناخ و ئەوانەی بە مێشکدا دێن دەخاتەڕوو. ئەوان چەندین سیناریۆیان نووسی و چەندین شیعریان کرد بە فیلم. کارەکە گەیشتە ئەوەی قەسیدەی سینەمایی بنووسن (سوریالیستەکان بە شێوەیەک کەوتنە ژێر کاریگەریی سینەماوە، تا رادەی نووسینی قەسیدەی سینەمایی لە شێوەی دەقگەلێکدا، کە ئیلهامیان لە فیلمەوە وەردەگرت، وەک لە ئەزموونەکانی فیلیپ سۆبۆ و بنجامان بیریەدا دەیانبینین. قەسیدەی سینەماییش دەقێکی ئەدەبییە لە شوێن و زەمان و یاسای جازییەت رزگاری بووە، هەستێکی گەورەتر بە جوولە و هەرەکەت بۆ شاعیر زامن دەکات) (٣).

کەواتە بەیەکاچوونی زمانی شیعری و زمانی سینەمایی پێداویستی و دەوڵەمەندکردنە.

# سینەما بە زمانی بینین وا لە خوێنەری شیعر دەکات ببینێت

شوناسجوانکردن و فراوانکردنە، نەک قەتیسبوونی هەریەکەیان لە جوغزی خۆیدا. سینەما بە زمانی بینین وا لە خوێنەری شیعر دەکات ببینێت. مانا لە دیمەن و وێنەکان هەڵێنجێنێت، نەک هەواڵ دەربارەیان ببیستێت.

ئێستا دەپرسین، ئایا شیعری کوردی لە سینەما نزیکبووەتەوە؟ ئایە شاعیری کورد و شیعری کوردی پێشوازییان لێ کردووە؟ سوودیان لە تەکنیک و کەرەستەکانی بینیووە؟

لە قۆناغی نوێگەریی یەکەم و دووەمەوە زیاتر، واتە سەردەمی پێشەنگایەتی و شاعیرانی ساڵانی حەفتای سەدەی رابردووەوە، شیعری کوردی بەسەر هەندێک چەمک و کەرەسە و تەکنیکی هونەر و رەگەزەکانی تردا کراوەتەوە، شوناسی خۆی پێ دەوڵەمەندکردوون. ئاست و رادەیان چۆنە ئەوە بابەتێکی ترە. وەک سوودبینین لە کەرەستە و تەکنیکی رەگەزی تر، چیرۆک و شانۆ و هونەری شێوەکاری... هتد، جۆرە کەرەستەیەک هاتووەتە ناو شیعرەوە، چەشنی دەمامک و گفتوگۆ و مەودای درامی و مەودا و چەمکی هونەریی.. هتد، کە نەبوون بەوەی لە شوناسی شیعر کەم بکەنەوە و جەوهەری بشێوێنن، بە پێچەوانەوە ئەمانە بوون بە وەسیلەیەک بۆ دۆزینەوەی چەندین رێگە دەربرینی شیعری.

سەبارەت بە سینەما، وەک لە پێشەوەیش ئاماژەمان پێدا، هونەرێکی تازەیە، شیعر لێی دوورنەکەوتووەتەوە، وەک هێزێکی هونەریی نوێ کاریگەریی خۆی نواندووە، لە ئاستێکی کەمدا و بە دوو شێوە:

١- شێوەیەک کاریگەرییەکە راستەوخۆ و مەبەستدار نەبووە. تێیدا خوێنەر یا تەماشاکەر هەست بە بوونی فەزایەک دەکات. راستەوخۆ بە زمان و چەمک و زاراوەی سینەمایی ناوی فەزای سینەمایی لێ نانێت. لە هەندێک شیعری نەوزاد رەفعەت، شێرکۆ بێکەس، ئەنوەر قادر محەمەد، فەرهاد پیرباڵ، ئەحمەدی مەلا، رەفیق سابیر، لەتیف هەڵمەت، جەلال بەرزنجی، بەختیار عەلی، محەمەد عومەر عوسمان، هاشم سەڕاج، عەباس عەبدوڵڵا، عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا. کەریم دەشتی، دڵشاد عەبدوڵڵا دلاوەر قەرەداغی، جەمال غەمبار..... دەبینرێن. هیچ ناوێکی سینەماییان لێ نەنراوە، ئێمەی خوێنەر و رەخنەگر دەتوانین کاریگەرییەکەی ببینین. لە هەندێک دەقی کۆمەڵە شیعری (چرای گۆڕستانی) رەفیق سابیردا یا کۆمەڵە شیعری (سەمای بەفری ئێواران)ی جەلال بەرزنجیدا هەستەکەین لەبەر دیمەن و فەزایەکی سینەماییدایین. بۆ نموونە (شەوانی ئەشکەوت) یەکێکە لەو دەقانەی رەفیق سابیر:

بەدرێژایی شەو باران دەباری
سەگێك لە نزیك ماڵیانەوە دەوەڕی
لەناو جێگاوە، پەردەی پەنجەرەکەی لادا
هەورە تریشقەیەك لەناکاو تاریکایی شڵەقاند پێش چاوی رووناك کردەوە.
راچڵەکیو پەردەکە دادرایەوە.
بەڵام خێرا بەخۆدا شکایەوەو وتی:
(گرمەی هەور لەنێو ئەشکەوتدا سامناکترە)
ئەو ئەشکەوتەی شەوان زارکەکەیان بەتاوێر دەبەستو تارۆژ دەبوەوە
ئێشکیان لە خەوی پڕ ئارامیی یەکتری دەگرت

# دۆسیە

ئێشکیان لە ئاگر و خۆشەویستی و
لە کۆمەڵە ئیسقانێکی بەجێماو دەگرت
کۆمەڵە ئێسقانێك
تەواو لە قامیش دەچوو
بۆنی سەردەمێکی تاریکی لێ دەهات
وەك دیواری ئەشکەوتەکە، (وەك
دەموچاوێکی ئاوڵاوی) کون کون بووبوو.
١٩٨٠

دەتوانین بڵێین ئەمە نیمچە سیناریۆیەکە دەکرێ بکرێت بە فیلم و دەرهێنانی سینەمایی بۆ بکرێت. لە هونەری سینەمادا دوو جۆر سیناریۆ هەن، نووسینێک کە نووسەرێکی سینەمایی خۆی دەینووسێت یاخود لە چیرۆکێک یان ڕۆمانێکەوە کارەکەی ئامادە دەکات و دەیکات بە سیناریۆ، بەڵام ئەمە قۆناغی یەکەمە. ڕەنگە تا ئەوکاتە هەر نووسینێک بێت لە شێوەی سیناریۆدا، واتە لەسەر کاغەز بە نووسراوی، زۆر شتی تری بۆ دیاری نەکرابێت، کە پەیوەندیی بە کاتی جێبەجێکردنەوە هەیە.

سیناریۆ هەیە بە شێوەیەکی تەواو ئامادەیە بۆ دەرهێنان، بە وردی دەخرێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، سیناریۆ وەک لە پێناسەیدا هاتووە بریتییە لە نەخشەیەک (بۆ گفتوگۆ، وەسفی کردار (هەمیشە لە زەمەنی ئێستادا) جگە لە چەند ڕێنماییەکی تر، کە پەیوەندییان بە کەس و جلوبەرگ و دیکۆر و کاریگەریی بینین و دەنگ و مۆسیقاوە هەیە.) (٤)*

ئەم دەقەی ڕەفیق سابیر، دەقێکە لە شیعرەوە بەرەو سینەما دەڕوات. مەبەستمان لەمە ئەوەیە خەسڵەت و سیمای جەوهەری شیعرە، بەڵام بەرەو کەش و دیمەنی سینەمایی ڕێدەکات، بێ ئەوەی خۆی ناوبنێت و ئاماژە بە زاراوەیەکی سینەمایی بدات و بە ڕێنمایی و ڕاستەوخۆ بمانباتە سەر جیهانی سینەما.

شیعرەکە بۆ خۆی بنیادێکی حیکایەتئامێزی هەیە، دیمەنێک دروستدەکات چاومان دەخاتەگەر، شتمان وەک تەنی مادی بۆ بەرجەستە دەکات.

زەمان و شوێنمان بۆ دەستنیشان دەکات. شیعری کوردی لەم نموونانەی تێدایە، بێ مەبەستی بە سینەماچووندا نووسراون، بەڵام بەرەو نزیکبوونەوەمان لە سینەما دەبەن. هێڵی سەرەتاییان تێدایە بۆ ئەوەی بکرێن بە سیناریۆ. جیان لەو جۆرە سیناریۆیانە، کە پێیان دەگوترێت سیناریۆی تەسویری و گەیشتوونەتە ئەو قۆناغەی بخرێنە بەردەستی دەرهێنەر و کاری دەرهێنانیان تێدا بکرێت. سیناریۆی وێنەگرتن (سیناریو التصویر) ئەو سیناریۆیەیە، کە (ئامادەیە بۆ وێنەگرتن و گفتوگۆ و ڕووداوی تێدایە، هەروەها ئەو زانیارییە گشتییانەی تێدایە، کە دەرهێنەر و وێنەگری سینەمایی پێویستیان پێیەتی. ئەم زانیارییانە وەسفی گرتەکان و ژمارە و شوێنی وێنەگرتن و کاتەکانی تێدایە، ئاماژەیش بەوە دەکرێت ئایا دیمەکەنە پێویستی بە کەرەستەی کاریگەری تر هەیە؟.

ئەو چەقە هونەرییەیە کە دەرهێنەر کاتی وێنەگرتن پشتی پێ دەبەستێت، مۆنتێریش ڕێنمایی لێ وەردەگرێت، بۆ کاری مۆنتاژی فیلمەکە، وەک فەرهەنگی هونەری سینەماییش باسی دەکات، سیناریۆی وێنەگرتن دواشێوەی چیرۆکی سینەماییە، پاش تەواوبوون لە قۆناغەکانی ئامادەکردنی و

جێبەجێکردنی سینەمایی و دانانی گفتوگۆی پێویست بۆی، ڕوونکردنەوەی تەواو و زانیاریی ورد و هەموو وردەکارییەکی هونەریی لەخۆگرتووە، لە ڕووی دانانی کامێرا و جموجوڵی و قەبارەی گرتەکان و دیاریکردنی گواستنەوەکان لە هەموو دیمەنێک و هەموو گرتەیەکدا. بریتییە لە فیلم و لەسەر کاغەز نووسراوە) (٥)

لە پێشەوە وتمان شاعیر، وەک زۆر دەقی تری کوردی، ڕاستەوخۆ، بە ئاشکرا ئاماژەی بە هیچ زاراوە و تەکنیکی سینەمایی نەداوە، تا ببن بە دەلیل و ڕاستەوخۆ بەرەو سینەمامان ببات. نە باسی وشەی سیناریۆ دەکات لە ناونیشاندا، نە باسی گرتە و مۆنتاژ یا دیمەنی سینەمایی دەکات. نە جۆری گرتەمان بۆ دیاری دەکات، ئەگەر هەبێت، بەڵام



**ڕێبوار سیوەیلی**

ناڕاستەوخۆ دەمانبات و لەبەر دیمەنێکی نیمچە سینەماییدا دەمانوەستێنێت.

دیمەنێک کە بریتییە لە چەند وێنەیەک پێکەوە وێنەیەکی گەورە و تەواو دروستدەکەن، پێی دەوترێت وێنەی گشتی، کە لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی چەند دیمەنێک دروستدەبێت. هێڵێکی گێڕانەوە کۆیان دەکاتەوە. لەو جۆرە وێنانە ناچێت کە لە ڕەوانبێژیی کۆندا لە لێکچوواندنی دوو شت دروستدەبوون، بەڵکو هێڵی گێڕانەوەکە لە بونیادی دەقەکەدا وا دەکات وێنە گشتییەکە، کە وەک دیمەنێک وایە، بە کەڵەکەبوونی وێنە بچکۆلەکان نەبێت تا سنووری کۆتایی، تەواو نەبێت، واتە وێنە بچکۆلەکان بۆخۆیان سەربەستیی ڕەهایان نییە، چونکە ئامانج لە بوونیان پێکهێنانی وێنە و دیمەنە گشتییەکەیە. پێم وایە کاریگەریی ڕەگەز و هونەرەکانی تر زیاتر بوونی ئەم جۆرە وێنەیەیان چەسپاندووە، بەتایبەتی هونەری سینەما. سینەماخوازیی وێنە گشتییە شیعرییەکە، وا دەکات وەرگری شیعرەکە هەر بیر لە لایەنی بیستنی دەق نەکاتەوە، بەڵکو بایەخی سەرەکی بە هەستی بینین بدات، چونکە ئەو لەبەر وەرگرتنی کارێکدایە لە هونەرێکی گەورەی بینینکاریدایە، بۆیە وەرگرتنی دەقەکە لەلایەن ئەمەوە لە سیستمی وەرگرتن و خوێندنەوەی بیستنکارییەوە دەگۆڕێت بۆ سیستمی بینینکاری. وێنەیەکە وەک سیناریۆیەک، بەڵام سیناریۆیەکی سەرەتایی، هێشتا هەر لە مێشکی شاعیردا بێت و نەگەیشتبێتە دەست سیناریستێکی بوارەکە، یا دەرهێنەرەکە.

(قەسیدەی سیناریۆ: قەسیدەیەکە دیمەنی جیا و جیاوازی تێدایە، پشت بە چەمکی گرتەی جیا دەبەستێت، هەموو گرتەیەکیش خۆی لە خۆیدا

پەیوەندی لەگەڵ گرتەی پاش خۆیدا دەدرکێنێتو بە کاری کۆکردنەوەو تێکەڵاوکردنی گرتەکان، لە کۆتاییدا شریتێکی شیعریمان دەست دەکەوێت) (٦)

لێرەدا شریتی شیعری لە شریتی سینەمایی نزیک دەبێتەوە، گێڕەرەوە لە دەرهێنەر، کۆکردنەوەی هەموو دیمەنەکان لە مۆنتاژی سینەمایی، رستە یا رستەی وێنەیی لە گرتەی سینەمایی. ئەگەر وشە لە شیعردا یەکەی سەرەکی بێت لە پێکهێنانی شریتی شیعریدا، ئەوە گرتە (shot)یەکەی سەرەکییە لە پێکهێنانی فیلمدا. هەموو گرتەیەکیش لە رووی درێژی و قەبارەوە جۆری هەیە: گرتەی نزیک، گرتەی گشتی، گرتەی دوور، گرتەی زۆر نزیک... هتد، کە لە دواییدا لەبەر پێویستیی باسەکەمان دێینە سەریان، لە کۆی گرتەکانیش دیمەن پێکدێت: (لە کۆی گرتەکان دیمەن و هەڵوێست پێکدێن، لە کۆی دیمەنەکانیش فیلم پێکدێت، گرتە یەکەی زمانی سینەماییە، وشەیش یەکەی زمانە ئەدەبییەکەیە) (٧)

رای تر هەیە ئەوە رەتدەکاتەوە کە هەر تەنها وشە وەک یەکەیەکی زمانەوانی لەناو شیعر یا ئەدەب بەگشتیدا تەواو بەرامبەر گرتەی سینەمایی بێت، چونکە وشە، وەک کەسانێک بۆی دەچن هەر بۆخۆی ناتوانێت شتێک دەرببڕێت، تەنها لەگەڵ وشەکانی تردا نەبێت، بەڵام گرتەی سینەمایی بە پێچەوانەوەیە (ئەگەر چەمکی گرتە وەک یەکەیەکی زمانی سینەمایی وەربگرین و وشەیش وەک یەکەی زمانی ئەدەبی، ئەوە هەڵەی ئەم چەمکەمان بۆ دەردەکەوێت، چونکە گرتە بۆخۆی زۆرتر لە رووداوێک دەرئەبڕێت، بەڵام وشە بە پەیوەندی و تێکەڵاوبوونی لەگەڵ وشەکانی تردا نەبێت ناتوانێت) (٨)

لەم بۆچوونەدا جۆرێک راستی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستی بە وردەکاریی زیاتر هەیە. خاوەنی ئەو رایەی سەرەوە چاکی کردووە، کە وتوویەتی زمانی ئەدەبی، ئەگینا وشە، هەموو وشەیەک وەک دال مەدلولی تایبەتی خۆی هەیە، کە دەڵێین شاخ، وشەکە وێنەیەکی زەینیمان لا دروست دەکات، بەڵام هەر تەنها ئەوەیە و بەس، خۆ ئەگەر بخرێتە رستەیەکەوە، ئەوە ئەرکێکی تری دەبێت. کەواتە چاکترە بەرامبەر گرتە، پەیوەندیی نێوان وشەیەک و چەند وشەیەکی تر دابنێین، بچین بۆ رستە و وێنە و سەرووتر لێیان.

لە سینەمادا وێنە جوڵەدارە، شیعری نوێش بۆ خۆی بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە وێنە دەبەستێت، رەنگە لە قۆناغێکی شیعریدا شێوە رەوانبێژییە باوەکە دەسەڵاتداربووبێت. جۆرێک وێنەی بێجووڵەی دروستکردبێت، بەڵام لە قۆناغی نوێتردا، واتە لە قۆناغی نزیکبوونەوە لە سینەما یا کاریگەریی سینەما بەسەر هونەرەکانی ترەوە، شیعر بۆ وێنەکارییەکەی کەڵکی لە خەسڵەتی وێنەی جووڵەدار وەرگرتووە. هەر لێرەوە جۆرێک وێنە دێتە ناو شیعرەوە دەکرێت ناوی (وێنە- سیناریۆ)ی لێ بنرێت، مەبەستیش لەم جۆرە وێنەیە (ئەو وێنە شیعرییەیە، کە لە بونیادیدا پشت بە چیرۆکێک دەبەستێت. ئەم بونیادە تەواو نابێت تا ئەو کاتەی ئەم چیرۆکە تەواو دەبێت، لەگەڵ رەچاوکردنی ئەوەی کە دەبێت وەرگرتنی چیرۆکەکە وەرگرتنێکی شیعرییانە بێت، بنەمای سەرەکی لە گێڕانەوەدا ئەوەیە، کە چیرۆکێک هەیە دەگێڕدرێتەوە، هەروەها شێوەی گێڕانەوەی چیرۆکەکەیش، هەموو

سیناریۆیەکیش دەبێت چیرۆکێکی تێدا بێت بۆ گێڕانەوەو وەسیلەی تەکنیکیی خۆیشی هەبێت بۆ گەیاندنی ئەم چیرۆکە (٩).

دیارە سیناریۆیش لە ڕێگەی دابەشکردنی دیمەنەکانەوە، لە شێوەی مەنزەرەدا وەسفی دیمەنەکە دەکات، هەروەها لە ڕێگەی ڕێکخستنی کادرەوە لەسەر ڕووبەری دیمەنەکە بۆ بنیادنانی پێکهاتەی گشتی.

شیعری (شەوانی ئەشکەوت)ی ڕەفیق سابیر وێنەیەکی گشتیی جووڵەدارە، بونیادێکی حیکایەتئامێزی هەیە، شیعرەکە بە تەواوبوونی ئەم حیکایەتە نەبێت تەواو و کامڵ نابێت.

سیناریۆیەکە لە مێشکی خۆیدا دایڕشتووە، چیرۆکێکی تێدایە دەگێڕێتەوە. شاعیر کامێرایەکی بەدەستەوەیە لە وێنەیەکەوە دەمانبات بۆ وێنەیەکی تر. لە شوێنێکەوە دەمانگوێزێتەوە بۆ شوێنێکی تر. لەناو ژوورەکەوە کە کەسەکەی تێدا تەنیایە بۆ ناو ئەشکەوت، کە جاران ئەمی تێدا تەنیا نەبوو، لەگەڵ کۆمەڵێک کەسی تردا، کە هاوڕا و هاوبیر بوون، هەستیان بە دڵنیایی کردووە . ئەم دەقە وەک سیناریۆی وێنەکێشانێک وایە بۆ پێکهێنانی دیمەنێک. دیارە ئەو وێنە گشتییانە زیاتر هونەری سینەمایان تێدا بەدی دەهێنرێت. ڕەفیق سابیر شیعری زۆرە، کە بە سوودوەرگرتن لە تەکنیکی سیناریۆی نەخشەکێشانی دیمەن پێکهاتوون.

شاعیری سیناریست لەناو ئەم تاک دیمەنەدا دوو دیمەنی تری دروستکردووە، دیمەنێک کە وێنەی کەسێک دەدات لەناو ژوورێکی تەنیادایە و هەورەتریشقە ئاگاداری دەکاتەوە و دەیهێنێتە سەر خۆی. دیمەنی دووەمیشیان دیمەنی ئەشکەوتێکە تێیدا وێنەی ئەم کەسە و هەندێک هاوڕێی دەخاتەڕوو. لەناو هەریەک لەم دوو دیمەنەدا، وێنەی بچوکتر دەبینرێن، کە هەر یەک لەو دوو دیمەنە پێک دەهێنن، سیناریۆ، گرتەی سینەمایی، مۆنتاژ بەکاردەبرێن. گرتە یەکەی زمانی سینەماییە، لە کۆی گرتە دیمەن یا هەڵوێست پێکدێت و لە کۆی دیمەنەکان فیلم دروست دەبێت. زمان و شریتی شیعرییش هەر وەهایە . لە وشە و پەیوەندیی لەگەڵ وشەی تردا، با بڵێین رستە و وێنە و کۆکردنەوەیان دیمەنێک یا وێنەیەکی گشتی دروستدەبێت.

کات و شوێن دیاریکراون: شەو لە دیمەنی یەکەمدا و شەو لە دیمەنی دووەمدا، شوێنیش بریتییە لە دوالیزمی ژووری تەنگ لە دیمەنی یەکەمدا و ئەشکەوت لە دیمەنی دووەمدا، واتە چاوی کامێرا لەنێوان ئەم دوو شوێنەدا دێت و دەچێت.

ئەتوانین لەلایەن خۆمانەوە کاری دەرهێنەر بگرینە ئەستۆی خۆمان و هەندێک گرتە و جۆرەکانیان دیاری بکەین:

١-بە درێژایی شەو باران دەباری سەگێک لە نزیکماڵیانەوە دەوەڕی.

گرتەیەکی گشتی، یا گرتەیەکی دامەزرێنەرانەیە، دیمەنێکی دەرەکی پیشاندەدات، زەمەن و جێگەی تێدا دیاری دەکرێت. پاشان کامێرا بە گرتەیەک دەگوازرێتەوە بۆ سەر سەگێک. ڕەنگە دەرهێنەر هەموو لەشی سەگەکە پیشان نەدات، بەڵکو تەنها دەمی یا لە سەرییەوە تا ملی پشان بدات، ئەمیش بە گرتەیەکی ناوەنجیی نزیک.

٢-لەناو جێگەوە پەردەی پەنجەرەکەی لادا.

دیمەنێکی ناوەوەیە، شاعیری وێنەگر گرتەیەکی نزیک لە لەشی کادر، واتە بابەتی وێنەگیراومان

لە سینەمادا وێنە جوڵەدارە، شیعری نوێش بۆ خۆی بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە وێنە دەبەستێت، ڕەنگە لە قۆناغێکی شیعریدا شێوە ڕەوانبێژییە باوەکە دەسەڵاتداربووبێت. جۆرێک وێنەی بێجووڵەی دروستکردبێت، بەڵام لە قۆناغی نوێتردا، واتە لە قۆناغی نزیکبوونەوە لە سینەما یا کاریگەریی سینەما بەسەر هونەرەکانی ترەوە، شیعر بۆ وێنەکارییەکەی کەڵکی لە خەسڵەتی وێنەی جووڵەدار وەرگرتووە

پیشان دەدات. لە سینەمادا گرتەی ناوەنجی سەری کەسەکە تا ناوتەنەی دەگرێت.
٣-هەورە تریشقەیەک لەناکاو تاریکایی شڵەقاند پێش چاوی رووناک کردەوە.
دیمەنێکی دەرەوە، بەڵام کامێرا بە گرتەیەک دێتەوە ناوەوە. هەرچەندە هەورە تریشقە دوورە و لە ئاسمانە و خۆی دەهاوێت، بەڵام گرتەی زۆر نزیک بەکاردەبرێت، بەتایبەتی کە پێش چاوی کەسەکە رووناک دەکاتەوە.
گرتەی زۆر نزیک، زۆر لە کادر یا کەس یا بابەتی وێنەگیراو نزیک دەبێتەوە، تا جەخت بکاتە سەر بەشێک لە بابەتەکە و لێی وردبێتەوە. لێرەدا شاعیری وێنەگر مەبەستێتی تەنها جەخت بکاتە سەر چاوی کەسی باسکراوی دەقەکە و تیشک بخاتە سەری، نەک لە دەوروبەریشی وردبێتەوە. باشترین گرتە بۆ ئەمە، جۆری گرتەی ئێجگار نزیکە، کە تەنیا لە لەشی کەسەکە سەری گرتووە و لەسەریشی لە چاو وردبووەتەوە.
٤-راچڵەکی و پەردەکە دادرایەوە.
دووگرتە بەدوای یەکدا بەخێرا یەکێکیان رەنگە تەنها شانی کەسەکە بێنێتە پێشەوە بۆ دەربڕینی حاڵەتی راچڵەکین.
٥-بەڵام خێرا بەخۆدا شکایەوەو وتی: (گرمەی هەور لەنێو ئەشکەوتدا سامناکترە) لێرەدا دیمەنی یەکەمی دیمەنە گشتییەکە پێکدێت و تەواو دەبێت کە لە دوو بەش پێکهاتووە. ئەگەر وردبینەوە دەرئەکەوێت لە چەند وێنە و دیمەنێکی بچووک پێکهاتووە، بە چەند گرتەیەک زەمەن و شوێن و دیکۆرمان بۆ ئامادە دەکات. وێنەی کەسێکی نووستوومان بۆ دەگرێت، کە هەورەتریشقە رایدەچڵەکێنێت. دیارە ئەم دیمەنە لە هەندێک کەرەستە و وەسیلەی دەنگ خاڵی نییە (وەڕینی سەگ، هەورە تریشقە).
دیمەنی دووەمی وێنە یا دیمەنە گشتییەکە لە (ئەو ئەشکەوتەی شەوان زارکەکەیان بە تاوێر دەبەست) دەست پێ دەکات، بەڵام مەنەلۆژی ناوەوەی کەسەکە (گرمەی هەور لەنێو ئەشکەوتدا سامناکترە) بۆ ئەم بڕین و گواستنەوە سینەماییە ئامادەمان دەکات. ئیتر شاعیری وێنەگر بڕینێک بەکاردێنێت بۆ ئەوەی لەم شوێنەوە (ژوورەکە کە وەک شوێن دەلالەتە بۆ ئاوەدانی و جێگیربوون) بمانباتە ناو شوێنێکی ترەوە (ئەشکەوتەکە) کە دەلیلە بۆ سروشتی داخراو و چۆڵەوانی و بیدائییەتی ئینسان). دیمەنی دووەم لەناو ئەشکەوتەکەدا دەست پێ دەکات و تەواو دەبێت. یەکسەر کامێرای شیعری دەمانباتە ناو ئەشکەوتێکەوە شوناسی کەسی ناو ژوورەکەی دیمەنی یەکەم و چەند هاوەڵێکمان دێنێتە پێش چاو، ئێشکیان لە ئاگری خۆشەویستی و ئێسقانی بەجێماو دەگرت. خەسڵەتی شیعری وێنەیی جووڵەدار ئەوەیە هەواڵمان لەبارەی شتەکانەوە پێ نابەخشێت، بەڵکو پیشانمان دەدات، ئەمەیش وا دەکات کردار و جوولە زۆر ببن، نەک بەکارهێنانی ناو و ئاوەڵناو. رەفیق سابیر بۆ ناساندنی کەسی ژوورەکە و کەسانی ناو ئەشکەوتەکەی جاران، کە ئەمیش یەکێک بوو لەوان، کۆمەڵێک وێنە و کردار بەکار دەبات، ناویان نابات شۆڕشگێر، یا هاوەڵانی سەر بە گروپێک. یەکێک لەو تەکنیکە سینەماییانەی لەم دەقەدا بەکاربراون، تەکنیکی (فلاشباک)ە، کە کەسی وێنەگراوی ناو دەقەکە، بەهۆی راچڵەکین لە وەختی هەورەبروسکەی شەودا، دەگەڕێتەوە بۆ رابردوو (ئەگەرچی لە سینەمادا،

# خەسڵەتی شیعری وێنەیی جووڵەدار ئەوەیە هەواڵمان لەبارەی شتەکانەوە پێ نابەخشێت، بەڵکو پیشانمان دەدات

شتەکان لە ئێستادان)، لە ژوورەکەدا سام و ترسی هەورەبرووسکەی شەوانی ناو ئەشکەوتەکەی جارانی دێنێتەوە یاد.
فلاشباک زیاتر لە حەفتاکانەوە هاتووەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە، چیرۆک بەتایبەتی و پاشانیش لە چەندین نموونەی شیعریدا لای نەوزاد رەفعەت، شێرکۆ بێکەس، شاعیرانی ساڵانی نەوەد بەدواوە دەبینرێت. شاعیران لە رێگەی تەکنیکی سینەمایی وەک: گرتە، مۆنتاژ، فلاشباک، دیمەن... تا رادەیەک سوودیان لە هونەری سینەمایی بینیوە. وێنەی دیمەن چوارچێوەیەکە هەردوو هونەری شیعر و سینەما تێیدا لێک نزیک دەبنەوە. ئەتوانین لە چەند نموونەیەکی شاعیری کۆچکردوو (دڵشاد مەریوانی)دا جۆرێک لە گرتە و مۆنتاژ بەدی بکەین.
بۆ نموونە: لە شیعری (من و تۆ)دا، دوو رووداوی جیا و دژ بە یەک لە یەک کاتدا روو دەدەن و بە هاوسەنگی رێدەکەن.
لە سینەمادا ئەمە پێی دەگوترێت پەرەسەندنی هاوسەنگ (التطور المتوازي). پەرەسەندنی دوو رووداوی جیایە یا زیاتر لە دوو رووداو لەناو رێڕەوی فیلمەکەدا، لەیەک کاتدا روودەدەن، پەرەسەندنی هاوسەنگ لە رێگەی بڕینی هاوسەنگەوە، لە شوێنی رووداوێکەوە بۆ شوێنی رووداوێکی تر بەدیدێت، بە مەبەستی وێنەگرتنی دوو رووداو کاتی روودانیان) (١٠)
شیعرەکەی دڵشاد مەریوانی:
من و تۆ

لە کاتێکدا بۆ یەکتری پێ دەکەنین
لەمسەر گێتی. منداڵێك دادەنەوێ
پارچە شووشەیەك لەرێی رێبوارەکان لادەدا.
لەو سەرگێتی. پیاوێك دادەنەوێ
بەردێك هەڵدەگرێ. دەیگرێتە کۆترێك.
لە کاتێکدا یەکتری دەگرینە باوەش
لەملا. منداڵێك کتێبەکانی وەردەگرێو
بەرەو قوتابخانە دەچێ
لەولا. دزێك چەکەکەی هەڵدەگرێو بۆ
بڕینی ماڵێك دەچێ
بیر لەوە بکەوە منو تۆ
لە چ سەردەمێکدا یەکتریمان خۆشدەوێ.

لەم شیعرەدا دوو رووداوی سەرەکی لە یەک کات و دوو شوێنی جیاوازدا روو دەدەن. هەر یەک لەو دوو رووداوە سەرەکییە لە چەند رستە و وێنە و گرتەیەکی بچووک پێکدێت.
ئەمسەرگێتی و ئەوسەرگێتی دوو شوێنە جیاوازەکەن، کە رووداوەکانی تێدا دەرئەکەون.
رووداوەکان دژ بە یەکن. سەر بە دوالیزمێکن کە بریتییە لە چاکە و خراپە، لە خۆشەویستی و قین. بۆ روونکردنەوەی زیاتر ئەو کردارانەی سەر بە خۆشەویستی و سۆز و میهرەبانین دەخەینە خشتەیەکەوە بە ناوی (ا) و ئەو کردارانەیشی، کە پەیوەستن بە قین و رکەوە دەخەینە خانەیەکەوە بە ناوی (ب):

| ا | ب |
|---|---|
| ١-لەمسەر گێتی.. منداڵێک دادەنەوێ پارچە شووشەیەک لە رێی رێبواران لادەدا.<br>٢- لەملا.. منداڵێک کتێبەکانی وەردەگرێ و بەرەو قوتابخانە دەچێ. | ١-لەوسەر گێتی.. پیاوێک دادەنەوێ بەردێک هەڵدەگرێ.. دەیگرێتە کۆترێک.<br>٢-لەولا.. دزێک چەکەکەی هەڵدەگرێ و بۆ بڕینی ماڵێک دەچێ. |



**شێرکۆ بێکەس**

دوو دیمەنەکە بریتین لە کۆمەڵێک وێنە و گرتە، بەڵام هەردوو شوێنەکە (لەمسەر گێتی/ ئەوسەر گێتی) و جۆری کردارەکانیش جیایان دەکەنەوە. دوو جۆر رووداو لە دوو شوێنی جیاوازدا بە شێوەیەکی یەکسان و لەیەک کاتدا دروستدەبن و پەرەدەسێنن و کۆتاییان پێ دێت.

بڕینی هاوسەنگ دروستدەبێت، بۆ گواستنەوە لە رووداو و شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، بۆ ئەوەی لەیەک کاتدا وێنەی رووداوە جیاوازەکان پێکەوە بگیرێن.

شاعیری وێنەگر بە رستەی لەمسەر گێتی و لەوسەر گێتی بڕینەکە ئەنجام دەدات، تا بە ئاسانی لەیەک کاتدا لەنێوان ئەم دوو دیمەنە جیاوازەدا بگوازێتەوە و بێت و بچێت، بەڵام لە سینەمادا بۆ ئەم گواستنەوەیە مۆنتێر قۆناغێک لەگەڵ گرتنی رووداوێکدا دەبڕێت و دەوەستێت تا بچێت بەلای رووداوەکەی ترەوە، کە لە شوێنێکی تردا روودەدات، بە مەبەستی گرتنی.

شێرکۆ بێکەس خاوەنی دەیەها شیعرە، کە بریتین لە چەند دیمەنێک، بە ژمارە یا بە نیشانەی خاڵێک دوو خاڵ دیمەنەکان لێک دائەبڕێت، بەڵام بۆ کۆکردنەوەیان لە رێگەی مۆنتاژەوە دیمەنێکی گشتی و گەورەمان بۆ بەرهەم دێنێت. وێنە و ئیقاعی سینەماییان پێوە دیارە. کردارێکی زۆر لەو وێنە بینراوانەدا هەن، دەمانبەنە ناو فەزای سینەماییەوە. بەتایبەتی لەو نموونانەیدا، بابەتێک هەیە بۆ گێڕانەوە، گێڕانەوەیەک لە خەسڵەت و سات و هەناسەی شیعرییەوە هەڵقوڵاوە.

لەو نموونانەی دەگەڕێین، کە مۆنتاژی کۆمەڵێک دیمەنن. چەندین شاعیری تریشمان لەم جۆرە شیعرانە بیبەش نین. باشتر وایە نموونە لە شیعرە کورتەکانی وەرگرین.

هەست و هێزە بینینکارییەکە لە شیعرە کورتەکانیشیدا وا لە خوێنەر دەکەن مەنتیقی خوێندنەوەی بگۆڕێت بۆ بینین، هەرچەندە تا ئێستایش سیستمی بیستن لای شێرکۆ زاڵە، تەنانەت لە زۆر شوێنی دەقە واڵاکانیشیدا دەستبەرداری نابێت، بەڵام ئەمە زۆر لە هێزی سینەمایی بینینکاریی ئەو شیعرانەی کەم نەکردووەتەوە. دەکرێت بە شێرکۆ بێکەس بڵێین شاعیری گرتە (شاعر اللقطة) و بە زۆر لەو شیعرە کورتانەی بڵێین شیعری گرتە (شعر اللقطة).

دەبینین لە گرتەیەکی ئێجگار بچوکدا گەردونێکی گەورەمان بۆ بەند دەکات، ساتی شیعرین و بە گرتەیەک بەرجەستەیان دەکات.

ئێمە پێمان باشە بە زۆر لەو شیعرە کورتانەی کە خۆی ناوی ناون پۆستەر، بڵێین شیعری گرتەی

**جیاوازیی نێوان وێنەی ناو هونەری شێوەکاری و وێنەی جیهانی سینەما ئەوەیە، کە لە یەکەمیاندا وێنە بێجووڵەیە، بێدەنگە، بەڵام لە دووەمیاندا، واتە لە سینەمادا وێنە جووڵەدارە**

سینەمایی، چونکە زۆربەیان پڕن لە کردار و جوولە، بونیادێکی حیکایەتئامێزیان هەیە و زیاتر کار لە چاومان دەکەن و هێزی بینین لای خوێنەر پتەو دەکەن. ئەگەرچی پۆستەریش گفتوگۆ لەگەڵ چاودا دەکات، بەڵام زیاتر خەسڵەتی هونەرە شێوەکارییەکە زاڵە. جیاوازیی نێوان وێنەی ناو هونەری شێوەکاری و وێنەی جیهانی سینەما ئەوەیە، کە لە یەکەمیاندا وێنە بێجووڵەیە، بێدەنگە، بەڵام لە دووەمیاندا، واتە لە سینەمادا وێنە جووڵەدارە. شێرکۆ بە کامێرا و گرتە زۆرجار دیمەن و پەیوەندیی نادیار و نەبینراومان بۆ بەرجەستە دەکات. هەندێک جار لەو گرتە بچوکانەدا جیهانێک دەخاتەڕوو، لە جیهانە گەورەکانی شیعرە درێژەکانی گەورەترە.

حەوز
لەم حەوزی خانەقایەدا
شەوان درەنگ
کە مانگ ئەگاتە خوارەوە و
ئەچێتە ناو ئاوەکەوە.
ڕێك بە تەنیشتی مانگەوە
من سەری (مەحوی)یش ئەبینم
پێکەوە ئەلەرێنەوە!

شوێن لەم شیعرەدا بە گرتەی دامەزرێنەر (اللقطة التاسيسية) دیاری دەکرێت، ئەمیش گرتەیەکە کە تەنها شوێنی مەبەست (حەوزەکە) پیشان دەدات و لە دەوروبەری خۆی دای ئەبڕێت. پاشان گرتەیەکی تر بەکاردەهێنرێت لە خوارەوە چاومان بەرەو ئاسمان دەبات، تا بڕوانین و سەرووی خۆمان ببینین، دیارە بۆ بینینی شتێکی بەنرخ و بەها و بەرز و شکۆمەند، کە ئەویش مانگە. مرۆڤ بۆ شتی بەرز و سەیر، چاوی بەرز دەکاتەوە و نیگا دەهاوێت. بەم جۆرە گرتەیە دەوترێت (گرتە لە گۆشەیەکی نزمەوە) و لە هونەری سینەمادا بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت:

(ئەو گرتەیە کە بۆ سەروو دەڕوانێت، بەرەو کەسەکە یا کەسەکان، بەرەو ئەو شتەی کە مەبەستە وێنەی بگیرێت. گۆشەی وێنەگرتنەکە لە خوارەوەیە بەرەو سەرەوە. بۆ نموونە زۆر جار بنمیچی ژوور لە دیمەنی ناوەکیدا لە ڕێگەی گرتەیەکی نزمەوە دەرئەکەوێت) (١١)

ئەو شتەی لە سەرەتای ئەم شیعرەدا وێنەی دەگیرێت (مانگە)، مانگیش لە بەرزاییەوە بەرەو حەوزەکە دێت، کەواتە بۆ گرتنی وێنەکەی، گرتەی (لە گۆشەی نزمەوە) بەکار دەهێنرێت، چونکە لە خوارەوە بەکار دەبرێت بۆ گرتنی وێنەی شتێکی بەرز (مانگ).

یەکێک لە خەسڵەتەکانی ئەم گرتەیە بەرز نرخاندنە. (ئەشێ بە بەرکارهێنانی گۆشەی نزم، یا نزمە گۆشە لە وێنەگرتندا، هەستکردن بە بەرزی و خۆبەزلزانین بەدی بهێنرێت) (١٢).

شێرکۆ لەم دیمەنەدا مانگ لە مەدلولی خۆبەزلزانین و فیز و لووتبەرزی بارناکات، بەڵکو جۆرێک لە بەخشندەیی و خاکیبوون و خۆبەمرۆڤکردنی دەداتە پاڵ، بە دەلیلی گرتەی دووەم کە تێیدا مانگ لە پاڵ سەری مەحویدا دەبینرێت، پێکەوە ئەلەرێنەوە، وەک مرۆڤی شاعیری لێدێت لە مەدلوولی بەرزیی دووردەخرێتەوە بۆ بەیەکسانی کردنی لەگەڵ زەوی و شتەکانی (سەر).

ئەم گرتەیەیش گرتەی نزیکە کە (تا ڕادەیەک لە کادر یا بابەتی مەبەست بۆ وێنەگرتنەکە نزیک

شاعیری وێنەگر بە ڕستەی لەمسەر گێتی و لەوسەر گێتی بڕینەکە ئەنجام دەدات، تا بە ئاسانی لەیەک کاتدا لەنێوان ئەم دوو دیمەنە جیاوازەدا بگوازێتەوە و بێت و بچێت، بەڵام لە سینەمادا بۆ ئەم گواستنەوەیە مۆنتێر قۆناغێک لەگەڵ گرتنی ڕووداوێکدا دەبڕێت و دەوەستێت تا بچێت بەلای ڕووداوەکەی ترەوە، کە لە شوێنێکی تردا ڕوودەدات، بە مەبەستی گرتنی

دەبێتەوە. بۆ نموونە سەری کەسەکە پیشان ئەدات، خەسڵەتی سەرەکیی گرتەی نزیکیش ئەوەیە کە بینەران لە کەس و شتی مەبەست نزیک دەکاتەوە، کە گەرەکە جەختی لەسەر بکرێت، لەگەڵ دوورخستنەوەی دەوروبەری کەسەکە یا شتەکە لە دەرەوەی سنووری وێنەکەدا) (١٣)

لە گرتەکەدا لە مەحوی تەنها سەری پیشان ئەدرێت و لەپاڵ مانگدا لە حەوزەکەدا ئەلەرێنەوە. هەم سەری مەحوی و هەم مانگ لە وێنەکەدا لە دەوروبەری خۆیان دائەبڕێن، بە واتایەکی تر تیشک ناخرێتە سەر دەوروبەریان و پیشان نادرێت، ئەمەیش وەک لە سەرەوە وتمان ئەرکی گرتەی نزیکە، کە لە کەس یا شتی مەبەست تەنها سەر یا شتێکی بچووکی دەگرێت.

لەم شیعرەدا بە هەردوو گرتەی (گرتە لە گۆشەیەکی نزمەوە) و (گرتەی نزیک) لێکدانی دوو هێڵ دروست دەبێت، هێڵێکی شاقوڵی لە سەرەوە بۆ خوارەوە، کە وێنەی جووڵەی مانگ و ڕێکردنی لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەکێشیت و گرتەی نزیک کە بە هاوتاکردنی مانگ و سەری مەحوی لە حەوزەکەدا هێڵێکی ئاسۆیی دەکێشێت. لێکدانی هەردووکیان لادانی هونەری و دەلالی و ستاتیکی بەرهەمدێنێ.

ئەگەر لە ڕەوتی نوێی شیعری کوردیدا دیقەت بدەین و وردببینەوە، ئەتوانین نموونەی چاک لەو شیعرانە هەڵبژێرین کە کاریگەریی سینەمایان بەسەرەوە دیارە، ڕەنگە هەندێک لە خاوەنەکانیان، ئەوەندە ئاگاداری هونەری سینەما و تەکنیکەکانیشی نەبووبن. تیایشاندایە لە پێکهێنانی شیعرەکانیاندا کەڵکیان لە مۆنتاژی سینەمایی وەرگرتووە، لە ڕێگەی کۆکردنەوەی دیمەن وێنەو گرتەکانەوە.

هەن دەکرێ بە شیعرەکانیان بڵێین شیعری (گرتە). نموونەیش هەیە وەک سەرەتایەک وایە بۆ سیناریۆ.. لەلایەن خۆمانەوە ئەتوانین تەکنیکی سینەمایی تێدا ببینین و جۆری گرتەی بۆ دیاری بکەین. ئەمە هەنگاوێکە بۆ دۆزینەوەی کاریگەریی سینەما لە شیعردا، بێ ئەوەی ئەو شاعیرانە ناوی سینەما یا کەرەستەکانی ببەن، قۆناغی سەرەتایە. مۆنتاژ و گرتە لە هەندێک نموونەی شیعریی پێش لەدایکبوون و پەسەرەندنی سینەمایشدا دەبینرێن. ئەو شاعیرانە لە سەردەمێکدا ژیاون کەرەستەی بینینی جوڵەدار نەبووە. بە خەیاڵیاندا نەهاتووە ڕۆژێک ئامێرێکی سیحراویی وەک سینەما دروست دەبێت، نەک ڕەخنەگرانی ئەدەب، بەڵکو تیۆرداڕێژەران و دەرهێنەرانی هونەری سینەما خۆی، لەو نموونە شیعرییانە دوواون و ئاماژەیان پێ داون.

سینەمایی گەورە (مارسیل مارتن) باسی مۆنتاژ لە شیعری (دەریای تیشکەکاندا)ی شاعیری فەڕەنسی رامبۆ دەکات. دەرهێنەری بەناوبانگی رووسی (ئیزنشتاین) لە شیعری (بولتافا)ی شاعیری رووسی پۆشکین دەکۆڵیتەوە، لە تەنها برگەیەکدا سێ گرتە دەدۆزێتەوە، پاشان لە مۆنتاژ دەکۆڵێتەوە کە ئەو وێنانەی کۆکردووەتەوەو دیمەنی هەڵاتنی ماریای پێشخستووە. ئەو دوو شاعیرە پێش سەرهەڵدان و دامەزراندنی سینەما و مۆنتاژ و گرتە ژیاون.

ئەتوانین لە شیعری کۆنی کوردیشدا نموونەی گرتە و مۆنتاژ لای مەولەوی بدۆزینەوە. مەولەوی لە سەردەمێکدا ژیاوە کامێرا و سینەمای نەبینیوە، لە دێیەکی هەوراماندا ژیاوە ئەم کەرەستانەی بەخەیاڵیشدا نەهاتوون.

دێڕێکی هەیە ڕەنگە هەر شیعرێک بێت و لە یەک بەیت پێکهاتبێت. لە شیعری کۆنی ڕۆژهەڵاتدا شاعیر هەبووە لە ژیانیدا تاکە بەیتێکی نووسیووە. هەن شیعری زۆریان هەیە، بەڵام شیعریشیان هەیە لە تەنها بەیتێک پێکهاتووە.

د. ئەنوەر قادر محەمەد بۆ ئەوە دەچێت (شین بێت بۆ عەنبەر خاتوون) (١٤).

قازان قەتاران قوڵنگەن حەوایی/ حەیفەن باڵاکەت
شەو بە تەنیایی

ئەتوانین لەم بەیتەدا دوو گرتە و دیمەن دیاری بکەین. شیعرەکە وێنەی سرووتی مردوو بەڕێکردنمان پێ دەبەخشێ.

گرتەی یەکەم: قازان قەتاران.

وێنەی کاتی مردووشۆردنە. جاران قازان یەک لەدوای یەک ریز دەکران و ئاویان تیا گەرم دەکرا، بۆ ئەوەی مردووەکەی پێ بشۆردرێت. ڕەنگە شوێنی گرتەکە ماڵ یا مزگەوت بێت، ئەمە گرتەی یەکەمە.

گرتەی دووەم: قوڵنگەن حەوایی.

شاعیری وێنەگر یەکسەر و زۆر بە خێرا، بە گرتەی دووەم لە ماڵ و دیمەنی شۆردن دەمانگوازێتەوە و دەمانباتە سەرقەبران. بە گرتەی دووەم دیمەنێکی تری سرووتەکەمان بۆ ئامادەدەکات، ئەویش کات و سات و دیمەنی گۆڕهەڵکەندن و بەخاکسپاردنە. بەو چوار وشەیە و چوار گرتەیە سرووتی بەڕێکردنی کۆچکردوومان پێ دەگەیەنێت، کە لە دوو گرتە و دوو دیمەن پێکدێن.

وەک زمانی ئاخاوتن چوار ئاماژەی کورتن، وەک زمانی سینەما دوو گرتە و گواستنەوەی خێرا لە دوو شوێنەوە، دوو دیمەن لە دوو شوێنی جیاوازدا (ماڵ/ سەرقەبران)، بەڵام مۆنتاژ و پێکەوەگرێدانی هەردوو دیمەنەکە سرووتە گشتییەکە پێکدەهێنن، واتە سرووتی چۆنێتیی بەڕێکردنی مردوویەک بەپێی پێداویستیی کۆمەڵایەتی و ئایینی میللەتێک. ئەشێ تا ئێرە وێنەگرتنی شتێکی گشتی بێت، بۆ هەموو مردوویەک. لە بەشی دووەمی دێڕەکەدا پەیوەندیی وێنەگر/ گێڕەرەوەی شیعرەکە لەگەڵ کۆچکردوودا دەرئەکەوێت، کە لەسەر بنەمای خۆشەویستی و سۆز دروستبووە. (حەیفەن باڵاکەت شەو بە تەنیایی).



**ئەنوەر قادر محەمەد**

ئەو شیعرە بو بارێکی تریشدا تەفسیر دەکرێت، گوایە شاعیر ئاماژە بە کۆچی بە کۆمەڵی باڵندە دەدات و حەسرەت بۆ ئامادەنەبوونی یار و تەنیایی خۆی دەکێشێت. بەم بارەشدا گرتە و مۆنتاژی سینەمایی هەن.

بێگومان ئەم سەردەمە سەردەمی وێنەیە، زمانی وێنە لە هەموو روو، لە هەموو بوارێکدا هێزی کاریگەریی خۆی هەیە، شیعریش لێی دەرباز نەبووە. ئەگەر شاعیری کورد هەوڵی مەبەستداری نەبووبێت بۆ بەکاربردنی تەکنیکی سینەمایی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و دیار، ئەوە مەنتیقی ڕۆشنبیریی وێنە ڕێگەی نەداوە دوورەپەرێز بێت. بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بە شێوازی بینینکاری،

شیعری خۆی لەو هونەرانە نزیک کردووەتەوە، کە ڕەگەزی سەرەکییان هێزی بینینە.

ئێمە مەبەستمان لەمە، ئەوەیە کە هێشتا شاعیرانی کورد نەچوونەتە قۆناغێکەوە، تێیاندا دەرکەوێت ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ چەمک و تەکنیکی سینەمادا بکات، واتە بە مەبەستەوە دەستیان بۆ بەرێت. یا تێیاندا هەبێت، ئەزموونێکی تایبەتی و دیاری هەبێت، بە چەند شیعرێک یا کۆمەڵە شیعرێک ڕاستەوخۆ، بە ناوهێنان بمانباتە سەر سینەما. واتە ناوی زاراوە و تەکنیکی سینەمایی لەو ئەزموونەدا ببات. ئەم ئەزموونە لە شیعری نوێی عەرەبدا هەیە. بۆ نموونە لە پێشەنگەکان لای بڵند حەیدەری و لە شیعری حەفتاکاندا لای شاعیری عێراقی کازم ئەلحەجاج دەبینرێت. بڵند حەیدەری چەند شیعرێکی هەن ڕاستەوخۆ دەمانبەنە سەر هونەری سینەما. ئەمەیش بۆ ئەوە نا شیعرەکەی ببێت بە فیلمێکی سینەمایی، بەڵکو بۆ ئەوەیە مەودایەکی تر بۆ دەربڕینی شیعر بڕەخسێنێت. لە شیعرێکدا بە ناونیشانی (خەونێک لە چوار گرتە)دا بە ئاشکراو بەناوهێنانی (گرتە) دەقەکە بەسەر چوار گرتەدا دابەش ئەکات (گرتەی یەکەم، گرتەی دووەم، گرتەی سێیەم و گرتەی چوارەم).

بڵند باسی گرتە دەکات، بەڵام جۆرەکانی دیاری نەکردووە، وەک ڕەخنەگری عێراقی سەعید ئەلغانمی دەڵێت: ڕەنگە ئەو ئەرکەی بۆ دەرهێنەر جێهێڵابێت. هەرچەندە وەک ئەو بۆی ئەچێت دەقەکە خۆی جۆری گرتەکە دیاری دەکا (١٥).

کازم حەججاج شیعرێکی هەیە بەناوی (سیناریۆی مردنی سەربازێک لە زەوییەکی تر)دا بەئاشکرا ناوی کۆمەڵێک تەکنیکی سینەمایی بردووە.

هەر لە ناونیشانەوە زاراوەی سیناریۆ دەمانباتە سەر پەیوەندیی دەقەکە بە سینەماوە. کازم ژمارەی بۆ دیمەنەکان داناوە (١- ١٠) گرتە بەکار دەبات، ناوی زاراوەی (بڕین) و (تێکەڵاوکردن)دەبات و دیمەنەکانیان پێ دەبڕێت و جیایان دەکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت توانای گواستنەوەی هەبێت. پاشان پەنا دەباتە بەر تەکنیکی (تێکەڵاوکردن) بۆ کۆکردنەوەی دیمەنە بڕاوەکان. هەندێک لە ڕەخنەگرانی عێراق بەم شیعرەی کازم حەجاج دەڵێن قەسیدەی سیناریۆ، لەوانە فازل سامر و د. ئەسیر محەمەد شهاب (١٦).

ڕەخنەگرو نووسەر جەبرا ئیبراهیم جەبرا بایەخنەدانی شاعیرانی عەرەب بە تەکنیکی سینەمایی بۆ لاوازیی خەیاڵی شاعیر و هەژاری لە دید و بینیندا دەگەڕێنێتەوە.



دڵشاد مەریوانی

ئێمە لە پاڵ ئەمانەدا، دواکەوتنی بایەخدانەکە لای شاعیری کورد لە ڕوویەکەوە، بۆ دیدی شاعیری کورد دەربارەی شوناسی شیعر دەگەڕێنینەوەوە، تا دوو سێ دەیە پێش ئێستایش، چ ڕەخنە چ شاعیری کورد بۆ ئەوە دەچوون کە دەبێت شیعر تاکڕەگەزیی خۆی بپارێزێت، ئەگەر خەسڵەتی ڕەگەزەکانی تری پێوە دەرکەوت

ئەوە شوناسی شیعریی خۆی لە دەست ئەدات.
ئەم بۆچوونە لە بەردەم دەوڵەمەندکردنی رەگەز و هونەرە جۆراوجۆرەکان بە خەسڵەتی یەکتری، رێگر بووە و سنوورێکی تەسکی هەم بۆ پێناسەی شیعر و هەم بۆ خەیاڵ و جموجوڵی شاعیر دروستکردووە.
لە نەوەدەکان بەدواوە، لەگەڵ پەرەسەندنی جۆر و چەشنەکانی رۆشنبیریی وێنە دەرگە والآکرا. بەڕادەیەک ئەمڕۆ چەندین جۆر و زاراوەی ئەدەبی لەم خەیاڵکراوەیی و وزەی وێنەوە پەیدابوون، وەک ئەدەبی ژمارەیی، شیعری ژمارەیی، چیرۆکی ژمارەیی، شانۆی ژمارەیی...هتد.
بیروبۆچوونی شاعیرانیش لەمەڕ پۆیتیکای (شیعر) گۆڕاوە. مەرج نییە شیعر هەر لەناو بازنەی هونەر و رەگەزی شیعردا پەیدا ببێت، بەڵکو شیعر لە هەموو رەگەزەکانی تردا پەیدا دەبێت، تەنانەت لە دەرەوەی ئەدەب و دەقی ئەدەبیشدا.
من ساڵی ١٩٨٧ شیعرێکم بە ناونیشانی (چاوەڕوانیی لە چوار دیمەنی سینەماییدا) نووسی، ساڵی ١٩٩٢ لە ژمارە چواری گۆڤاری پرۆژەدا ئامادەبوو بۆ چاپ، بەڵام بەهۆی کێشەی داراییەوە، لە چاپخانە راگیرا و راوەستا. ساڵی (١٩٩٦) ناردم بۆ رۆژنامەیەک. رۆژنامەکە بە بەردەوامی داوای ئەوەی لێ دەکردم کە نەوەستم لە بەشداریکردن لەگەڵیاندا، هەموو شتەکانیان بەرێکوپێکی بڵاودەکردەوە، ئەم دەقە نەبێت. پاش دوو مانگ لە بەرپرسی رۆژنامەکەم پرسی، لە وەڵامدا وتی: مامۆستای بەرێز بەداخەوە ئێمە لاپەڕەی سینەماییمان نییە، هیوادارم بە بەردەوامی شتمان بۆ بنووسی!.
منیش لە وەڵامدا وتم: کاکە خۆ من شیعرم بۆ ناردوون نەک بابەتێکی سینەمایی. شیعرە و سوودی لە تەکنیکی سینەما بینیوە. ئەویش وتی: مامۆستا شیعر شیعرە و هیچی تر.
ئەم گفتوگۆیەی نێوان من و ئەو بەرپرسە دەری ئەخات تا ئەوکاتەیش بۆچوونمان بۆ شیعر و شوناسی شیعر چۆن بووە.
بێگومان زاڵبوونی بیرکردنەوەیەکی وەها لە رۆژنامە و گۆڤار و میدیا و زانکۆ و قوتابخانە و نێوەندی رۆشنبیریدا دەبێتە رێگر لەبەر پەرەسەندنی رەوتی ئەدەبی و شیعریدا.

چاوەڕوانیی لە چوار دیمەنی سینەماییدا

١
لە پشت پەنجەرەی چاوەڕوانیدا
ئافرەتێك
بۆ دەشت
بۆ گرد
بۆ
شاخی دوور دەڕوانێت

٢
پیاوێك و
ئەسپێك،
لە هەگبەکەیدا
دەسماڵێك
و
شووشەیەك عەتر
و تەنها
دوو سێو

بێگومان ئەم سەردەمە سەردەمی وێنەیە، زمانی وێنە لە هەموو روو، لە هەموو بوارێکدا هێزی کاریگەریی خۆی هەیە، شیعریش لێی دەرباز نەبووە. ئەگەر شاعیری کورد هەوڵی مەبەستداری نەبووبێت بۆ بەکاربردنی تەکنیکی سینەمایی بەشێوەیەکی راستەوخۆ و دیار، ئەوە مەنتیقی رۆشنبیریی وێنە رێگەی نەداوە دوورەپەرێز بێت

٣

روبارێك
دەمئەكاتەوە!!

٤

شەوە
ئافرەتێك
پشت پەنجەرەی چاوەڕوانی گرتووە.

شیعرەکە لەسەر بنەمای بینینکاری بەرزبوەتەوە، لەچوار دیمەن پێکهاتووە.

ناونیشان وەک ئاستانەی دەق (عتبە النص) دوو شتی لەخۆگرتووە، کە نیشانە و ئاماژەن، سیمۆلۆژییانە بە دوو جۆر خزمەتی (خوێنەر/ بینەر) دەکەن، یەکەمیان ئەوەیە لە پێکهاتەیدا، واتە پێکهاتەی ناونیشانەکە، دوو وشە هەن (دیمەن و سینەما) تێکەڵاوکردنی دوو رەگەزمان بۆ دیاردەکەن (شیعر+ سینەما) یا (وشە و بینین) و راستەوخۆ هەواڵەی سینەمامان دەکەن و رەگەزی دووەممان لە شیعرەکەدا بۆ دەدۆزنەوە (رەگەزی سینەما). ئەرک و خزمەتی دووەم، کە ناونیشان پێشکەشی دەکات، تیمە و بابەتی دەقەکەیە واتە وشەی (چاوەڕوانی)، کە بەشێکە لە پێکهاتەی ناونیشانەکە.

چاوەڕوانی سەرتاسەری دەقەکەی داگیرکردووە، دەسپێک چاوەڕوانییە و کۆتاییش چاوەڕوانی پیاوێک لە شار دێتەوە، هەگبەکەی دیاریی بچوکی بۆ ژنەکەی تێدایە، بەڵام رووبار لە کەمینایە بۆی. ئافرەتەکە هەر پشتی پەنجەرەی چاوەڕوانیی گرتووە، رووبار کاری خۆی کردووە.

مەرگی کارەساتی
باڵی پەپوولەیەك وەریوەتە سەر زەردیی گەڵاكان
بەسەر لقی درەختێكیشەوە بازێك
لە پاڵ بەردێكدا: پڵنگ و
لەناو خێمەیەكدا مرۆڤێ نووستووە. .
بێدەنگیی هاوار دەكات:
(گومان لە پاكیی ئەم دیمەنە ئەكەم!)

ئەم دەقەی رێبوار سیوەیلی شیعرێکی کورتی کۆمەڵە شیعری (شیعرەسات)ە. ساڵانی (١٩٩٧- ٢٠٠٠) نووسیونی.

ئەو شیعرەی سەرەوە ژمارەی (٥٢)ی هەڵگرتووە.. چەمکی (شیعرەسات) وەک شاعیر خۆی دەڵێ (لەسەر کێشی مەرگەسات یان کارەسات و بە تێهەڵکێشکردنی هەردوو وشەی شیعر و سات بەکارهێناوە، بەڵام لەمانادا لێکدی جیادەبنەوە: شیعرەسات و وشەیەکە بۆ تەعبیرکردنی شیعریی لە سات، یاخود بەشیعرکردنی ساتەکان) (١٧).

راستە ئەو شیعرەی سەرەوە ساتی شیعرییە و لە قەفەسی دەقێکدا بەندکراو، بەڵام چەند دیمەنێکی جیاوازە و مۆنتاژکراون. پێمان وایە نموونەیەکی پێشکەوتووی بواری بەیەکاچوونی شیعر و سینەمایە، شارەزایی رێبوار لە بەکاربردنی گرتە و مۆنتاژدا دەرئەخات. لە یادمە رێبوار لە هەشتاکانەوە بایەخی بە سینەما و سیناریۆش دەدا.

ئەوەی کە راستەوخۆ لەم دەقەدا بۆ وێنە و تەکنیکی سینەما رێنمایمان دەکات، ناوبردنی وشەی (دیمەنە) لە دوا رستەی شیعرەکەدا (گومان لە پاکیی ئەم دیمەنە دەکەم) دیمەنیش زاراوەیەکی سەر بە هونەری بینینە، سینەما، شانۆ. پاشان هەر

رستەیەک لە دەقەکە گرتەیەکە دیمەنێکی بچووک ئەدات.

دیمەن لە پێناسەکردنیدا هاتووە (دیمەن، سکان، یەکەیە، ئەو بڕگەیە کە لە فیلمی سینەماییدا لە چەند گرتەیەکی کەڵەکەبوو پێکدێت، شوێنێکی وێنەگرتن یا تاکە رووداوێکی درامی کۆیان دەکاتەوە) (١٨).

ئەم دیمەنەی رێبوار لە چوار گرتە پێکهاتووە:

١-رستەی یەکەم: باڵی پەپوولەیەک وەریوەتە سەر زەردیی گەڵاکان.

لێرەدا پشت بە گرتەی (زۆر نزیک) دەبەسترێت. لە سینەمادا وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا، بەشێکی بچووک لە کەس یا بابەتی مەبەست دەگرێت، وەک دەمی یا چاوی و زۆر لێی نزیک دەبێتەوە، یا دێتە سەر سەر و لە چاو یا لووت یا گوێ ورددەبێتەوە. کامێرای شیعری بە گرتەیەک زۆر زۆر لە پەپوولەیەک نزیک دەبێتەوە، بە مەبەستی ئەوەی جەخت لەسەر بەشێکی بچووکی بکات، ئەویش باڵەکەیەتی.

٢-رستەی دووەم: (بەسەر لقی درەختێکەوە بازێک).

دیسانەوە گرتەی (زۆر نزیک) بەکاردەبرێت، بە مەبەستی نزیکبوونەوە لە درەختێک، لە درەختەکەیش بەشێکی بچووکی (لقێکی) کە بازێک بەسەرییەوە نیشتووەتەوە.

٣-لە پاڵ بەردێکدا: پڵنگێک گرتەیەکی (دوور) بەکاربراوە، گرتە دوورەکەیش وێنەی کەسەکە لەسەرەوە تا پێی لەگەڵ بەشێک لە شوێنی دەوروبەری دەگرێت.

وێنەگری شاعیر لە بابەتی مەبەست کە (پڵنگەکە) یە دووردەکەوێتەوە بۆ ئەوەی بەشێک لەو شوێنەیش پیشان بدات، کە پڵنگەکەی تێدایە، ئەویش (پاڵ بەردێکە).

٤- لەناو خێمەیەکدا مرۆڤێکێ نووستوو.

کامێرای شیعری بۆ گرتنی دیمەنی ناوەکی، ناو خەیمەکە دەبرێت، بۆ گرتنی وێنەی کەسێکی نووستوو.

لێرەدا (تاک گرتە the one- shot) بەکاردەبرێت، تاک گرتەیش ئەو جۆرە گرتەیە، کە وێنەی تاکە کەسێک دەگرێت.

هەریەکە لەم رستانەی سەرەوە وێنەی شیعریی سینەماییین، بە گرتەی هەمەچەشن گیراون. هەریەک لەوانە، بۆ خۆیان، بە پێی رێزمانی زمانی شیعری و سینەمایی مانایەک دەبەخشن، وەک دال مەدلولیان هەیە، بەڵام مەدلولێکی ئاسایی، رەنگە تەنها رستە و گرتەی یەکەم پڕ لە سات و ستاتیکای شیعری بێت (باڵی پەپوولەیەک وەریوەتە سەر زەردیی گەڵاکان) لە هێزی جوانیی هایکۆیەکی یابانی دەچێت، بەڵام رستە و وێنەکانی تر ئاسایین و مەدلوولی بەهێزیان نییە (بەسەر لقی درەختێکەوە بازێک، لە پاڵ بەردێکدا پڵنگێک، لەناو خێمەیەکدا مرۆڤێکی نووستو.)

ئەگەر بە تاک و وەک رستە یا وێنە سەیریان بکەین، هەم زمانێکی ئاسایی و هەم پێکهاتەی وێنەی ئاسایی و هەم گرتەی ئاسایشمان دێنە بەرچاو. لەم دەقەدا رستە رستە و وێنە وێنە، بە تەنهاو دوور لە یەکتر، هێزی شیعری فرە ناکەن، بەڵکو کۆکردنەوەی وێنە و گرتەکانە، پەیوەندیی وێنەیەک لە تەک وێنەیەکی تردایە، جوانی و هێز بەو دەقە دەبەخشن.

لە بنەڕەتدا ئەم وێنە و رستانە بۆ ئەوە ئامادەنەکراون بەجیا ببینرێن و تاک تاک بخوێنرێنەوە، کۆکردنەوەی

رستە و مۆنتاژکردنی گرتەکان ئەو دیمەنەیان لێ پێکهێناون، کە بێدەنگی گومان لە پاکی دەکات. دیمەنێک کۆمەڵێک وێنە و هەڵوێستی دژ بە یەکی کۆکردووەتەوە و بە کۆی وێنەکان، واتە ئەنجامی دیمەنەکە، لادانی شیعری لە واقیع دروستکردووە، بێگومان بۆ بەخشینی ساتی ستاتیکیی شیعری.

گومان لەوە دەکرێت لە ژیاندا ئەو وێنە و هەڵوێستە دژانە کۆبکرێنەوە، بەڵام ئەرکی شیعر بە هاوسێکردن و گونجاندنی ئەو دژانەیە. لە کۆتایی شیعرەکەدا دەرئەکەوێت بێدەنگییش بەرامبەر ئەو دیمەنە بووە بە بینەر یا تەماشاکەرێک و کەوتووەتە دوو حاڵەتەوە: حاڵەتی سەرسوڕمان و هاوا،ر کە تێیدا وەک هەر بینەرێکی دەرەوەی ئەم دەقە هەست بە سیحری ئەم دیمەنە دەکات و تەبایی دژەکانی ناوەوەی دەبینێت، ئەمەیان بە وەسیلەی سەیرکردن دەرئەبڕێت. حاڵەتی دووەمیش ساتی دڵەراوکێ و دوودڵی و گومانێتی، گومان لە پاکیی دیمەنەکە، لە کۆبوونەوە و هاوماڵی و گونجانی دژەکانی ناوی. گێڕەرەوەی وێنەگر، لە دەرەوەی دیمەنەکە بێدەنگی بە مرۆڤدەکات (انسنه الصمت) ئەیهێنێتەگۆ، وەک زیندوو مامەڵەی لەگەڵ دەکات. مەبەستیش لە قسەکردنی بێدەنگی و بە مرۆڤکردنی ئەوەیە رۆڵی را و تالیقدان و روونکردنەوەی پێ ببەخشێت.

تالیقدان لە سینەمادا (زاراوەیەکە بۆ ئاماژەکردن بە وشەکان یا روونکردنەوەی ئەو شتەی کەسێک دەیگێڕێتەوە، بە مەبەستی بەخشینی زانیاریی راستەوخۆ لەسەر چیرۆکەکە یا کەسەکانی ناو فیلمەکە، نەک لە رێگەی گفتوگۆوە. ئەشێ گێڕەرەوەیش کەسێک بێت لەناو فیلمەکەدا بێت یا دەنگی مرۆڤێکی نەناسراو بێت گوێمان لێیەتی بەڵام نایبینین)(١٨). واتە دەنگی کەسێکی نەبینراوە دەکرێ پاش مۆنتاژیش بێت، زانیاریی دەنگدار بخاتە سەر زانیاریی وێنە. گێڕەرەوە لەم دیمەنە شیعرییە سینەماییەدا دەرناکەوێت، هەڵوێست و رادەربڕین بە بێدەنگیی ناو دەقەکە دەبەخشێت.

لە سەرەتای فیلمێکی بەهمەن قوبادیدا کەسێکی نەناسراو و نادیار قسە دەکات. لەم شیعرەدا لەجیاتی کەسێک، بێدەنگی دەنگی پێ دەبەخشرێت و وەک مرۆڤێک هاوار دەکا و رای خۆی ئەدات.

لە دەقەکەی رێبواردا مانا تەواو نابێت و رادەی شیعری بەرزنابێتەوە، تەنها لە رێگای مۆنتاژکردنی گرتەکانەوە نەبێت. جۆرەکەیشی مۆنتاژی گێڕانەوەیی نییە (المونتاج السردی)، کە حاڵەتی زنجیرەیی زەمەنی و مەنتیقی دەپارێزێت، بەڵکو مۆنتاژی (coneptutual montage)، کە زیاتر مەبەست لە بەکاربردنی بەرهەمهێنانی فیکر و کارتێکردنە. واتە گرتەکان بەشێوەیەک رێکدەخرێن کاریگەریی هەڵچوون و فیکر بەرهەمبهێنن، یا مۆنتاژی فیکری، کە مەبەست لێی بەخشینی فیکر یا هەستێکە لە رێگەی هاوماڵکردنی چەند وێنەیەکەوە، ئەو فیکر و مەبەستە ویستراوە بە تاک تاک دانانی وێنەکان وەدەستنایەت.

ئەگەر دیقەت بدەین بۆمان رووونددەبێتەوە لە شیعرەکەدا مەبەست پەرەسەندنی هێڵی گێڕانەوە نییە، گرتەکان پەیوەندیی وا لە نێوانیاندا نییە، پەپوولە، پڵنگ، باز، پیاوێکی نووستوو، هەر یەکە لە ئاوازێکە، پنتێک نییە لێیەوە پەرەسەندنی زنجیرەیی پەیدا ببێت، بەڵکو مەبەست گونجاندنی دژەکانە، لە رێگەی مۆنتاژەوە، کە بەهایەکی هەستی و فیکری هەڵئەرێژێت.

مەبەستی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوە نەبوو باسی سینەما و فیلمی شیعری و شیعری سینەمایی بکەین، کە هەردووکیان بەرهەمی نزیکبوونەوەی سینەما و شیعرن، بەڵکو گەرەکمان بوو تیشک بخەینە سەر پەیوەندیی سینەما و شیعر و کرانەوەیان بەسەر یەکتردا، تا بزانین شاعیری کوردیش سوودی لە کەرەستەی سینەمایی بۆ فراوانکردنی جیهانی شیعریی خۆی بینیووە.

سینەما لای کورد لە سەرەتادایە، بۆیە زووە بپرسین سینەمای شیعریمان هەیە؟ ئایە فیلممان هەیە تێیدا مامەڵە لەگەڵ دەقێکی شیعریدا کرابێت؟ هەروەها مەبەستیشمان ئەوە نییە شیعرمان هەبێت و دەرهێنەرێک هاتبێت دەرهێنانی سینەمایی بۆ کردبێت. زیاتر بیرمان لای ئەوە بوو چۆن سستمی بینینی سینەمایی وەک هونەرێکی نوێ و سیحراوی کاری لە شیعر کردووە و تەکنیکی خۆی خستووەتە بەردەستی تا ئاسۆی هونەرێکی نووسراو، گەش و جوانتر بکات.

سینەمای شیعری بەشێوەیەکی قووڵی فەلسەفییانە وەک پارۆلینی دەرهێنەری بەناوبانگی ئیتاڵی بۆی دەچێت فیکر و هەست دەرئەبڕێت، بەشێوەیەکی فەلسەفی لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی قووڵدەبێتەوە.

یا جان کۆکتۆ روونی دەکاتەوە سینەمای شیعری، سینەمای بیرکردنەوەیە، ئەم جۆرە سینەمایە خەمی نییە بینەر تەنها چاوەڕوانی شتێک بێت بۆ وەرگرتنی بەشێوەیەکی ئاسان، بەڵکو وا لە بینەر دەکات بیر بکاتەوە تەئویلی بۆ خەون و خەیاڵی بابەتی نێردراو هەبێت.

دەرهێنەرەکانی فیلم و سینەمای شیعری، بەتایبەتی ئەوانەی کە خۆیان شاعیرن، مەبەستیانە خەون و پرسیاری قورس و قووڵ و هەست و خەیاڵ و ناوەوەی خۆیان بگەیەنن. ئەمانە چەشن و شێوازی تایبەتن و جیان لەو حاڵەتە شیعرییانەی، کە لە بابەتی چەندین فیلمدا دەیانبینین و دەرهێنەرەکانیان شیعریان تێدا نەکردووە بە بنەمای سەرەکیی فیلمەکان یا مەبەستیان نەبووە کاری دەرهێنان بۆ شیعرێکی تایبەتی بکەن.

لای عەرەب، کە لە ئێمەوە نزیکن، وەک سینەما، مامەڵەی راستەوخۆ لەگەڵ چەند شیعرێکی دیاریکراودا کراوە. دەرهێنانی سینەمایی بۆ شیعری مەحمود دەروێش، حەسەب شێخ جەعفەر، شاعیری یەمەنی عەبدولعەزیز مەقالیح کراوە. راستە ئەمەیش جەختکردنە لەسەر بەیاکاچوونی ئەم دوو هونەرە، بەڵام بەدەرە لە مەبەستی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەدا.

لە کۆتاییدا ئەڵێین، ئەم لێکۆلینەوەیە بەشێکە لە کتێبێک، بەشەکەی تری لەسەر چیرۆکی کوردی و سینەمایە، چیرۆکەکانی (محەمەد فەریق حەسەن)مان کردووە بە نموونە. پێیشمان وایە، ئەم چیرۆکنووسەمان لەم بوارەدا پێشەنگە، زوو لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە، بەئاگاییەوە لە چیرۆکدا سوودی لە تەکنیکی جۆراوجۆری سینەمایی بینیووە.

سینەما لای کورد لە سەرەتادایە، بۆیە زووە بپرسین سینەمای شیعریمان هەیە؟ ئایە فیلممان هەیە تێیدا مامەڵە لەگەڵ دەقێکی شیعریدا کرابێت؟ هەروەها مەبەستیشمان ئەوە نییە شیعرمان هەبێت و دەرهێنەرێک هاتبێت دەرهێنانی سینەمایی بۆ کردبێت. زیاتر بیرمان لای ئەوە بوو چۆن سستمی بینینی سینەمایی وەک هونەرێکی نوێ و سیحراوی کاری لە شیعر کردووە و تەکنیکی خۆی خستووەتە بەردەستی تا ئاسۆی هونەرێکی نووسراو، گەش و جوانتر بکات.

**پەراوێز:**


١.أمين صالح: السورياليه في عيون المرايا. ترجمه واعداد دار الفارابي ودار الفراشه للنشر والتوزيع. لبنان/ الكويت. سنه٢٠١٢م. ص١٧٤.

٢.هەمان سەرچاوە، لا ١٧٦.

٣.هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٧٧.

٤.پول ئارون – دینیس سان – جاک – ئالان ڤیالا: معجم المصطلحات الآدبیه، ترجمه: د. محمد حمود، مجد المؤسسه الجامعیه للدراسات والنشر والتوزیع، بیروت، ٢٠١٢م، ص٦٣٢.
٥.معجم المصطلحات السینمائیه: ترجمه واعداد خیریه الشلاوی، مراجعه هاشم النحاس، الهیئه المصریه العامه للكتاب، ٢٠٠٥، ص١٧٣.
٦.د: أثیر محمد شهاب، سینمائیه النص الشعری/ الشعر العراقی نموذجا، دار الثقافیه العامه، بغداد، ٢٠١٠م، ص٨١.
٧.معجم المصطلحات السینمائیه ص ١٧٥.
٨.أحمد سالم: فی التعبیر السینمائی (الفلملوجیا)، دار الشؤون الثقافیه، بغداد، ١٩٨٦، ص٦٢.
٩.بڕوانە: د. حمد محمود الدوخی: المونتاج الشعری فی القصیدة العربیه المعاصره. دراسة فی أثر مفردات اللسان السینمائی فی القول الشعری، اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٩م، ص٦٦.
١٠.معجم المصطلحات السینمائیه، ص١٥٧.
١١.معجم المصطلحات السینمائیة، ص١٢٩.
١٢.هەمان سەرچاوە، لا ١٢٦.
١٣.د. محمد الصفرانی: التشكیل البصری فی الشعر العربی الحدیث (١٩٥٠ – ٢٠٠٤م)، النادی الآدبی بالریاض والمركز الثقافی، الدار البیضاء، ٢٠٠٨م، ص٢٣٢.
١٤.بڕوانە: ئەنوەر قادر محەمەد: لیریكای شاعیری كورد مەولەوی، سەردەم، سلێمانی، چاپی٣ \٣، ٢٠٠، لا ١٤٩.
١٥.بڕوانە: سعید الغانمی: منطق الكشف الشعری، المؤسسه العربیه للدراسات والنشر، بیروت، ١٩٩٩م، ص ١٣٨.
١٦. بۆ ئەمە بڕوانە: فاضل ثامر: شعریة الحداثة، من بنیة التماسك الی فضاء التشظی، دار المدی، بغداد، ٢٠١٢. ص٢١٧-. هەروەها: د. أثیر محمد شهاب، سینمائیة النص الشعر، ص٨٠.
١٧.ڕێبوار سیوەیلی، زمانی عەشق، زەمەنی ئەنفال، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٠، لا ١٨٦.
١٨.معجم المصطلحات السینمائیة، ص ١٦٩.
١٩.هەمان سەرچاوە، لا ١٤٦.

**دیوانەكان:**

٢٠.رفیق سابیر: ڕاز و گومان، سەرجەم شیعرەكانی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦، بەرگی دووەم، لا ٢٦٣ – ٢٦٤.
٢١.دڵشاد مەریوانی: كۆبەرهەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، لا ١٧٦.
٢٢.شێركۆ بێكەس: هەست و نەست: دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠، لا ١٠٣.
٢٣.ڕێبوار سیوەیلی، زمانی عەشق، زەمەنی ئەنفال: چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٠، لا ١٧٨.

**بۆ هەندێك زانیاری دەربارەی سینەما سوود لەم سەرچاوانەی تریش بینراوە:**

*كریستوفر بریست: دلیلك الی صناعة السینما، ترجمة: مجید یاسین، دار الشؤون الثقافیة، ١٩٨٦.
*نومی غرین: بییر باولو بازولینی/ السینمای كبدعة، ترجمة د. سمیره بریك، وزارة الثقافة السوریة، دمشق ٢٠٠١.
*جیرار جونیت: الانتقال المجازی من الصورة الی التخییل، ترجمة: د. زبیده بشار – القاضی. وزارة الثقافة السوریة، دمشق ٢٠٠٩.
*طاهر عبد مسلم، عبقریة الصورة والمكان / التعبیر – التأویل – النقد، الشروق، عمان – الآردن، ٢٠٠٢م.
*یوری لوتمان: نشانه شناسی و زیباشناسی سینما، ترجمه، مسعود أحمدی، سروش، تهران، ١٣٧٥.
*دكتر سید حسن حسینی: مشت در نمای درشت / معانی وبیان در أدبیات وسینما، انتشارات سروش، تهران ١٣٨٣.
*استیفان شارف: عناصر سینما، ترجمه: محمد شهباز و فریدون خامنه بور، چاپ دوم، انتشارات هرمس، تهران، ١٣٨٢.

# ڕابردوو.. چیرۆکێك بۆ مێژوونووس، بابەتێك بۆ سینەما



**عەلی عوسمان یاقووب**

لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی نێوان سینەما و مێژوو لە سی ساڵی ڕابردوو، لەسەر ئاستی جیهاندا، پەرەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. چەندین کتێب لەم بارەیەوە نووسراون، بێجگە لەو تێبینی

و سەرنجانەی، کە بەردەوام لە گۆڤارە جیهانییەکاندا بڵاو دەکرێنەوە دەربارەی شێوەی مامەڵەکردنی فیلمە مێژووییەکان لەگەڵ ڕووداو و کەسایەتییەکانی ڕابردوودا. ئەگەرچی جیانەکردنەوەی ئەو فیلمانە لە لێکۆڵینەوە مێژووییەکان مایەی ستایشکردنە و هۆکاری بەجێی هەیە، بەڵام ئایا چۆن دەگەین بە تێگەیشتنێکی ژیرانەتر دەربارەی توانا شاراوەکانی فیلم لە لێکدانەوەی ڕابردوو، هەروەها لە ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک بۆ مێژوو. ئەمە پرسیارێکە، خەڵک بە گشتی و مێژوونووسەکان بە تایبەتی دەیکەن. پرسیارەکە بۆ مێژوونووسەکان ڕەنگدانەوەی نیگەرانییەکانی ئەوانە سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان سینەما و مێژوو.

هەڵبەت مێژوونووسەکان، لە بایەخدانیان بەو شێوازەی کە فیلم بەکاری دێنێت بۆ گەیاندنی تێگەیشتن و بینینەکان دەربارەی ڕابردوو، لە ڕاستێتی گرتە سینەماییەکان دەکۆڵنەوە، بەڵام تا چەند سینەما، ڕێک لە کاتی بەرهەمهێنانی فیلمی مێژووییدا، حەز و خولیاکانی کۆمەڵگەی تێدا ڕەنگ دەداتەوە؟ دەشێ ئەمە هێندە جێگەی بایەخپێدان نەبێت بۆ مێژوونووسەکان. سەرەڕای ئەمەیش، هەموو فیلمێکی مێژوویی، کاتێ کۆدەکانی ڕابردوو دەخوێنێتەوە، ئاماژە بە «ئێستا» دەکەن. فیلمسازەکان هەوڵ دەدەن ئەو پەیامە بە بینەر بگەیەنن، کە لێکدانەوەکانیان بۆ مێژوو پەیوەندیی بە سەردەمی ئێستاوە هەیە. ئەوان، بۆ ئەوەی وا بکەن سینەما بۆ بینەر مانابەخش بێت، چەندین ئاماژەی شاراوەی پەیوەست بە مەسەلە هەنووکەییەکان بەبەر چیرۆکەکانیاندا دەکەن. بیرکردنەوە بەم شێوەیە دەربارەی پەیوەندییەکانی ڕابردوو بە «ئێستا» لە فیلمە مێژووییەکاندا تەمومژاوی و سەرنجڕاکێشە، بەڵام ئایا ئاستی ئەم پەیوەندییانە تا چ ڕادەیەکە؟

پرۆفیسۆری فەرەنسی «پیار سۆرلین» پێی وایە پەیوەندییەکە زۆر بەهێزە، چونکە ئەو مێژووەی، کە لە سینەمادا بەکار دێت «تەنها چوارچێوەیە و دەبێت بە بنەما یان دەخرێتە پاڵ بیروباوەڕێکی سیاسی». مێژوو بەپێی بۆچوونی «سۆرلین» بە زاکیرەی کۆمەڵگەوە پێناسە دەکرێت. کۆمەڵگەکان مێژوو دروست دەکەن و گرووپە جیاجیاکانی نێو کۆمەڵگەیش وەکو یەک دیوە جیاوازەکان و شێوەی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو نابینن. هەڵبەت هەر گرووپێک چی لە زاکیرەدا بێت دەربارەی ڕابردوو، ئەوە بەکار دێنێت بۆ داڕشتنی بیروڕا و دیالۆگ دەربارەی «ئێستا». نووسەر و تیۆریستی ئەڵمانی لە بواری فیلمسازییەوە «سیگفرید کراکورا» پێی وایە، ئەگەر فیلم خۆی بە مەسەلە رووکەشەکانەوە ببەستێتەوە، تەنها کاری داڕشتنەوە ئەنجام دەدات، لە کاتێکدا ئەو فیلمەی، کە واقیعی ئێستا دەجووڵێنێت لە ڕەهەندێکی فراوانترەوە کار دەکات، لەوەی، کە تەنها وێنەکان بکێشێت٢. پاشان، هەموو جووڵەیەکی مێژوو لە ڕێگای فیلمەوە لە بارودۆخێکدا ڕوو دەدات، کە بەردەوامییەک لە هزری خەڵکدا لە نێوان «ئێستا» و ڕابردوودا هەبێت.

فیلمی مێژوویی ژمارەیەک بەروار و ڕووداو و کاراکتەری تێدایە، کە بۆ بینەران زانراون و بینەران لەوە دەگەن، کە گومان لەوەدا نییە، شتێکی ڕاستەقینە هەیە. شتێکە ڕووی داوە، ئەویش مێژووە. ئەگەر ئەمە تێگەیشتنێکی گشتی بێت، خەمی سەرەکی فیلمسازەکان هەردەم ئەوە نییە ڕابردوو سەرلەنوێ بە وردی دووبارە بکەنەوە. «سۆرلین» پێی وایە پێویستە مێژوونووسەکانیش ئەم بۆچوونە پەسند بکەن و بەو کەموکووڕییانە نیگەران نەبن، کە لە پێشاندانی ڕووداوەکانی ڕابردوودا دەردەکەون. «سۆرلین»

## مێژوونووسەکان پێویستە بە شێوەیەکی زانستیانە ڕابردوو بپشکنن، لە کاتێکا فیلمسازەکان زیاتر شێوازێکی جوان و بەرز لە باری زمان و هۆنراوەئاسا بەکار دێنن

لەم بۆچوونەدا لەگەڵ مێژوونووس «ڕۆبێرت برێنت تۆپلین»٣ هاوڕایە، کە پێی وایە سووکەزیادەڕۆیی یان ڕێکخستنەوەی ڕەگەزەکانی ڕابردوو پاساوی هەیە. ڕاستییەکەی، وەکو «تۆپلین» ڕوونی دەکاتەوە فیلمە مێژووییەکان بەرهەمی هونەریین و زادەی خەیاڵن٤. بە وردبوونەوە لەو فیلمە مێژووییانە، دەردەکەوێت، کە زۆربەی هەرەزۆری فیلمەکان لە ڕێگای چیرۆکێکەوە ڕابردوو دەخەنە ڕوو و جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە پێکهاتەکانی چیرۆک ئەو دیمەنە سینەماییانە دادەڕێژن، کە گوزارشت لە ڕووداوەکانی مێژوو دەکەن. بە واتایەکی تر، ئەو فیلمە سینەماییانە شێوەی چیرۆکێک وەردەگرن، بۆیە، لەگەڵ فۆرمە هونەرییەکانی تایبەت بە مێژوونووسیندا دەگونجێن، کە سەرچاوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ «ئەلیادە»ی «هۆمیرۆس». بەهەرحاڵ، خۆ لە دەرەوەی باڵادەستی ئەدەب بەسەر بواری سینەماشدا، کارکردنی چیرۆک لەسەر ڕابردوو کارێکی ئاساییە و پێویست بە نکۆڵیلێکردن نییە، مێژوونووسە پرۆفێشناڵەکان بەردەوام فۆرمەڵەی چیرۆکیان وەکو سەرچاوەی زانیاری بەکار هێناوە بۆ ئەوەی پشێوی و پاشاگەردانیی ڕووداوە مێژووییەکان لە چوارچێوەیەکی ڕێکوپێک و مانابەخشەوە بەیەکترییەوە ببەستنەوە. لێرەدا ڕاستییەک دێتە پێشەوە: فیلمساز و مێژوونووس پلانی چیرۆک بەکار دێنن بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی ڕابردوو، بەڵام، هەڵبەت، نەک بە هەمان ئامانج و بۆ هەمان ئەنجام. مێژوونووسەکان پێویستە بە شێوەیەکی زانستیانە ڕابردوو بپشکنن، لە کاتێکا فیلمسازەکان زیاتر شێوازێکی جوان و بەرز لە باری زمان و هۆنراوەئاسا بەکار دێنن. کاتێک مێژوونووسەکان بڕیار لەسەر ڕێکخستنی لێکۆڵینەوەکانیان بە شێوازێکی چیرۆکئامێز دەدەن شێوازێکی زانستییانە هەڵدەبژێرن، کە چەندین ڕەهەند لەخۆ دەگرێت سەبارەت بە سەرچاوەی زانیارییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، بە پێچەوانەی ڕوونکردنەوە پراکتیکییە لۆژیکییەکان، کە زانست هەوڵ دەدات پێشانی بدات، ناکرێت پێکهاتەکانی چیرۆک بشێوێندرێت. لە ئەنجامدا، مێژوونووسەکان، کە چیرۆکەکان دادەڕێژن، تەنها دەتوانن ئاماژە بە پێکەوە گونجانی برگەکانی ڕووداوەکان و ڕیزبەندییەکی مانابەخش بکەن لەو ڕووداوانەی، کە دەیخەنە ڕوو. ناتوانن ئەو ڕێسا زانستییانە بخەنە ڕوو، کە لە پشت ئەم ڕیزبەندی و پێکەوەگونجانەی برگەکان دایە. کەواتە مشتومڕی مێژوونووسەکان هیچ بەهایەکی بەڵگەئامێزی ڕەهای نییە، بەڵکو دەکرێت کەم تا زۆر متمانەیان پێ بکرێت. فیلمسازەکان هەوڵ دەدەن جێگەی متمانەپێکردن بن، بەڵام پێویست ناکات بایەخ بە کێشەکانی تایبەت بە شێوازی زانستییانەی لێکۆڵینەوە بدەن وەکو مێژوونووسەکان دەیکەن. ئەوان کاتێ وابەستەی تواناکانی خەیاڵی هونەری دەبن زیاتر لە ڕێساکانی لۆژیکی زانستییانە، تەنها سەبارەت بە هۆکارە دراماتۆرییەکانەوە، گێڕانەوە بەکار دێنن و بەو «هۆ»یەوە ڕابردووە مێژووییەکە بە تەواوی دەخەنە نێو فەزایەکی سەمبوڵئامێزەوە، کە تێیدا، زۆر جار، ڕووداوە ڕاستەقینە و خەیاڵییەکان بە ئاسانی تێکەڵی مەترسیی بانگەشە مێژووییەکان دەبن. جڵەوشلکردن بۆ وێناکردنی ڕابردوو بەم شێوەیە، وا لە فیلمە مێژووییەکان دەکات پەل بۆ بوارەکانی هونەر، زانست هەروەها ئەو چالاکییانەیش بهاوێن، کە دەبن بە مایەی چێژلێوەرگرتن. دیارە ئەمانەیش بەپێی دەستوور و نەریتی هونەر و وێژەدا بە تەواوی لە یەکتر جیاکراونەتەوە. بەمەیش ئەو تۆمەتە قووڵتر دەبێتەوە، کە مێژوونووسەکان دەیخەنە پاڵ سینەما،

کۆمەڵگەکان مێژوو دروست دەکەن و گرووپە جیاجیاکانی نێو کۆمەڵگەیش وەکو یەک دیوە جیاوازەکان و شێوەی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو نابینن. هەڵبەت هەر گرووپێک چی لە زاکیرەدا بێت دەربارەی ڕابردوو، ئەوە بەکار دێنێت بۆ داڕشتنی بیروڕا و دیالۆگ دەربارەی «ئێستا»



که گوایە سینەما زۆر بە دەگمەن دەچێتە ژێر باری ڕاستییە مێژووییەکانەوە.

جێگەی سەرنجە، کە سەرچاوەی ئەم بینینە نەگەتیڤەی مێژوونووسەکان بۆ فیلمە مێژووییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لەوەدایە، کە ناتوانن ئەو جیاوازییە سادەیە ببینن لە نێوان ئەوەی، کە وێنەکان لە فیلمە سینەماییەکاندا لە ڕێگای مانا ئاشکرا و سادەکانیانەوە، لە دەرەوەی فۆرمە مێتافۆرییەکانەوە، گوزارشتی لێوە دەکەن لەگەڵ ئەو مانایەی، کە هەوڵ دەدەن لە چوارچێوەی فۆرمە مێتافۆرییەکانەوە بیگوازنەوە.

ئەو ڕاستییەی، کە دەڵێت فیلمسازەکان ڕووداو و



کەسایەتییە مێژووییەکان دەشێوێنێنن، مانای ئەوە نییە، کە ئەوان ناکارامەن، بەڵکو ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەو ڕاستییەی، کە ئەوان هێندە بەدوای ڕاستییە مێژووییەکاندا ناگەڕێن. پێویستە مێژوونووسەکان لەوە بگەن یان ئەوە لەبەرچاو بگرن، کە کاتێ فیلمە مێژووییەکان بە دەگمەن پێوەرە ئەکادیمییەکانی مێژوونووسین جێبەجێ دەکەن، لە باری پراکتیکییەوە هەردەم هەوڵ دەدەن ڕاستییەکی مێژوویی زیاتر سەمبولئامێز بگوازنەوە. بۆیە«ویلم هێسلینگ» پێی وایە زۆر لە شارەزاکانی بواری مێژوو، بۆ نموونە، نەیانتوانیوە لەوە بگەن، کە فیلمی «نیکسۆن»ی «ئۆلیڤەر ستۆن»٥، ئێستاش بینینێکی مێژوویی

بەنرخ بەرجەستە دەکات، ئەو فیلمەی، کە سەرەڕای ئەو هەموو لێکۆڵینەوەیەی لەخۆی دەگرێت، ناکرێت لە باری مێژووییەوە بە بیۆگرافیی متمانەپێکراوی سیوحەوتەمین سەرۆکی ئەمریکا دابنرێت. بەهەرحاڵ، دیارە هەر ئەو کاریگەرێتییە گشتییە ئێجگار گەورەیەی ئەو فیلمە مێژووییانەیە، وای کردووە، مێژوونووسەکان، بە تایبەتی ئەوانەی، کە سوورن لەسەر بیروباوەڕی خۆیان، وەکو «ڕۆبەرت برێنت» و «ڕۆبەرت ڕۆزنستۆن» تێگەیشتنێکی وایان لەلا دروست بێت، کە مێژوونووس ناتوانێت بە شێوازی ئەکادیمیانە ڕابردوو قۆرخ بکات. ئەوان لەو ڕاستییە دەگەن، کە لە سەردەمێکدا، میدیای بینین و بیستن بە شێوەیەکی پراکتیکی بەسەر هەموو ئاستەکانی گەیاندندا زاڵە، فیلمە مێژووییەکان، سەبارەت بەو پێشاندانە درامییە چیرۆکئامێزە نیمچەخەیاڵییەی بەرجەستەی دەکەن، توانیویانە بە شێوەیەکی بەردەوام کاریگەرێتیی گرینگ بەسەر هۆشیاریی مێژوویی کۆمەڵگەدا جێبەجێ بکەن، بە واتایەکی تر کاریگەرێتییان بەسەر تێگەیشتن و بینینی ئێمەوە هەیە بۆ ڕابردوو. مێژوونووسەکان بەوە سەرقاڵ نین، ئاخۆ سینەماکاران، لە ڕوانگەی هەستکردن بە ئەرکی سەرشانیانەوە، ڕێز لە ڕاستییە مێژووییەکان دەگرن یان نا، بەڵکو بە دوای ئەوەدان بزانن ئاخۆ ئەوان چۆن بەو شێوازە سەیرەی خۆیانەوە مامەڵە لەگەڵ ڕابردوو دەکەن. مشتومڕکردن دەربارەی ئەوەی ئاخۆ فیلمە مێژووییەکان بە چ ئاڕاستەیەک کار دەکەن، شیکردنەوەیەکی سوودبەخشی لێ دەکەوێتەوە دەربارەی شێوازی فیلمەکان لە خستنەڕووی ڕووداوەکانی ڕابردوو. لە ڕوانگەی ئەمەوە، با هەندێک لە ڕەهەندەکانی ئەو شێوازەی، کە سینەما بە بەکارهێنانی پلانی چیرۆک بۆ

داڕشتنی ڕابردوو بەکاری دێنێت، شی بکەینەوە دیارە چیرۆک بەبێ کارەکتەر نابێت. لە چیرۆکدا کاراکتەری سەرەکی protagonist هەروەها کاراکتەری دژ antagonist هەیە. هەڵبژاردنی تەکنیکی گێڕانەوە، هەڵبژاردنی شێوازی مێژوویی زانستیانەیە، کە تێیدا کردارەکانی تاکەکەسێک ڕۆڵی سەرەکیی دەبێت. ئەمە بۆ فیلمساز و بۆ مێژوونووس هەمان شتە، بەڵام مامەڵەکردن لەگەڵ کارەکتەر و هەڵبژاردنی شێوازی گێڕانەوە جیاوازە. فیلمساز بە شێوازێک کاراکتەرە سەرەکییەکە دەخاتە ناو هەڵومەرجێکی مێژووییەوە، کە زۆر جیاوازە لە شێوازی مامەڵەکردنی زۆربەی مێژوونووسان لەگەڵ کاراکتەرەکان. فیلمسازەکان خۆیان تەنها بە گێڕانەوەی سەرکێشی و کردارە مەترسیدارەکانی کاراکتەرەکانیان دەبەستنەوە و ڕاستییە مێژووییەکان لەمەدا چڕ دەکەنەوە، بەڵام مێژوونووسەکان، لەپاڵ ئەمەشدا، هەوڵ دەدەن لێکدانەوە بۆ کردارەکانی کاراکتەرەکان بکەن. لەوانەیە ڕەوتی پڕ جۆش و خرۆشی کردار و ڕەفتارەکانی تاکە کەسێک باری سەرنجی بینەری فیلمە مێژووییەکان داگیر بکات، لە کاتێکدا مێژوونووسەکان هەوڵ دەدەن سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕابکێشن، کە ئەم ڕەفتار و کردارانە بەشێکن لە پرۆسێسێکی مێژوویی نادیار، کە کردار و ڕەفتاری کاراکتەرەکان ئاڕاستە دەکەن. بێجگە لەمەش، لێکۆڵینەوە مێژووییەکان، ئەگەر بە شێوازێکی ڕەخنەگرانەوە ئەنجام بدرێت، پەرە بە هەڵوێستێکی ڕوون و باری سەرنجێکی دیار دەدەن بەرامبەر بە ڕابردوو، بەڵام ئەم هەڵوێست و باری سەرنجە ڕوون و دیارە لە فیلمە مێژووییەکاندا لە ڕەفتار و حیواری کاراکتەرەکاندا هەڵکێشراوە یا لە ڕێگەی وێنە سینەماییەکانەوە دەگوازرێنەوە. کەواتە، لەودیو شریتی سینەمایی چیرۆکئامێزەوە



## ئۆلیڤەر ستۆن

«ڕێکخەرێک» هەیە، کە مانا دەبەخشێتە دیمەنەکان و هەڵوێست و باری سەرنجی لەسەر بینا دەکرێت. ڕۆماننووسی فەرەنسی «ئالان ڕۆب گرێیە» دەڵێت: «سینەما بە تەواوی ناچارە باری سەرنجەکە دیار بکات، ئینجا ئەگەر کاراکتەرێک هەبێت یان نەبێت تا ئەرکی پێشاندانی باری سەرنجەکە بگرێتە ئەستۆ. ئەو وێنەیەی، کە کامێراکە دەیگرێت، هەردەم ڕەنگدانەوەی مەسەلەیەکی دیاریکراوە و هەڵبەت کامێراکەش لە شوێنێکی دیاریکراوەوە دەیگرێت. هەر گۆڕانکارییەک لە کاتی وێنەگرتندا لە بینینیدا ڕوو بدات چاوی کامێراکە ئاگای لێیەتی و بە شێوەیەک لە شێوەکان پاساوی خۆی هەیە»٥

ڕاستە، بەپێی پرەنسیپەکانی فیلمسازییەوە، فیلمە مێژووییەکان وا بە باشتر دەزانن، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ بە ڕابردووەوە بکەن بە ڕادەیەک، کە هەستە مێژووییەکە بۆ بینەر بگوازنەوە، بەڵام مێژوونووسەکان بەکارهێنانی تواناکانی مێشک و لێکدانەوە هزرییەکان و خۆ دوورخستنەوە لەم پەیوەندییە ڕاستەوخۆیە و هەست گەیاندنەوە بە باشتر دەزانن. هەڵبەت ناکرێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بۆچوونەوە، بڵێین تەنها مێژوونووسەکان دەتوانن پەرە بە سەرنج و بینینی ڕەخنەگرانە بدەن. ڕاستی، هەندێک لە فیلمە مێژووییەکان پێشانیان داوە چۆن حەکایەتبێژ بەکار دێنن بۆ خستنەڕووی تێبینی ڕەخنەگرانە دەربارەی ڕەوتی ڕووداوەکان و هەندێک فیلمیش، وەکو فیلمی «JFK جۆن. ئێف. کەنەدی» سەلماندوویانە، کە تەنانەت بەبێ حەکایەتبێژێکی دیار و ڕوونیش، دەکرێت پەرە بە بیروڕایەکی ڕەخنەگرانە دەربارەی ڕابردوو بدەیت. بەهەرحاڵ، مرۆڤ ناتوانێت نکوڵی لەوە بکات، کە مێژوونووس بە ئاسانی ئەو حەزەی لەلا پەیدا نابێت، کە بینینی خۆی بە تەواوی لەسەر کاراکتەرە مێژووییەکانەوە دابمەزرێنێت، کە لە شوێنی ڕووداوەکاندا دایاندەنێت، لە کاتێکدا لە فیلمە مێژووییەکاندا، ڕۆڵی سەرەکیی کارەکتەر، بە ئاسانی ئەو ڕابردووە ناهێنێتە پێشەوە، کە مرۆڤ بتوانێت تەنیا لە ڕێگەی ڕەفتار و پاڵنەرە کەسێنییەکانەوە تێی بگات. نموونەیەکی زەق بۆ ئەمەیش فیلمی «هەموو پیاوەکانی سەرۆک کۆمار»ە، کە «ئالان. جەی. پاکیولا» دەریهێناوە. بەپێی بۆچوونی پرۆفیسۆری مێژوو «ڕۆبێرت بێنت تۆپلین»، ئەم فیلمە بۆ بینەر وا پێشان دەدات، کە «ریچارد نیکسۆن» بەهۆی ڕیپۆرتاژەکانی «بۆب ودوارد» و «کارل بێرنشتاین»، کە لە ڕۆژنامەی «واشنتن پۆست»دا بڵاو کرایەوە، لە سەرۆکایەتیی ئەمریکا هێنرایە خوارەوە بێئەوەی فیلمەکە بایەخ بە توانای دەسەڵاتە ڕاستەقینەکانی تر بدات، وەکو دادوەرەکان، ئەندامانی کۆنگرێس و دادوەری گشتی، هەروەها چوارچێوە مێژووییەکەی ئەو دراما سیاسییە٦.

ئەگەرچی لە ڕووی پرەنسیپ و ڕێبازی لێکۆڵینەوە مێژووییەکانەوە دەکرێت مشتومڕ لەسەر ئەوە بکرێت، کە ڕەفتارە کەسێنییەکان دەتوانن کار بکەنە سەر ڕەوتی مێژوو، بەڵام مێژونوسەکان پێیان وایە خستنەڕووی ڕووداوە مێژووییەکان لە ڕێگەی ڕەفتارە کەسێنییەکانەوە فۆرمێکی سادەی مێژووە و شارەزایی پێوە دیار نییە. بە هەرحاڵ، لە سینەمادا دیوە خراپە بەرچاوەکانی ئەم بینینە کەسێنییە بۆ مێژوو، کە لە زۆر ڕووەوە دەردەکەوێت، وەکو نەبوونی بینینێکی سەرتاسەری، نەبوونی تێگەیشتنێک بۆ پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕانکاریی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، هەروەها بچووککردنەوەی مێژوو بۆ ژیانی چینی سەرووی کۆمەڵگە، هەردەم بە هەندێک لە دیوە باشەکانی ئەم جۆرە بینینە

مێژوونوسەکان بەوە سەرقاڵ نین، ئاخۆ سینەماکاران، لە ڕوانگەی هەستکردن بە ئەرکی سەرشانیانەوە، ڕێز لە ڕاستییە مێژووییەکان دەگرن یان نا، بەڵکو بە دوای ئەوەدان بزانن ئاخۆ ئەوان چۆن بەو شێوازە سەیرەی خۆیانەوە مامەڵە لەگەڵ ڕابردوو دەکەن

هاوسەنگ بووە، گرینگترینیان ئەوەیە، کە شێوازی کارکردن لەسەر ڕابردوو لە ڕێگەی مێژووی تاکەکان وا دەکات مرۆڤ هەست بە ڕابردوو بکات و تێی بگات، هەروەها وەکو درامایەکی سەرنجڕاکێش، بینەر تێکەڵی دەبێت و دەتوانێت بە ئاسانی هاوسۆزی بێت. سینەما نایەوێت مێژوو وەکو تێکڕای پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی ئەبستراکت پێشان بدات، بەڵکو وەکو ڕیزبەندییەکی کۆنکریتی ڕووداوەکان پێشانی دەدات، کە هەندێک کەسی تایبەت دەیبزوێنن و پێیان باشترە کەسانێکی گرنگ و بەرچاو بن لە دونیای سیاسەت، هونەر یان زانستدا. هەر بۆیە، بۆ نموونە، فیلمەکانی شۆڕشی فەڕەنسا لە ڕواڵەتدا وا پێشان دەدەن، کە لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی ململانێی نێوان چەند کەسێکی مێژوویيە وەکو «لوێسی شانزەهەم»، «ماری ئەنتوانێت»، «ڕۆبسپێر» و «دانتۆن»، بەو هۆیەوە هۆکارەکان لە قووڵاییەوە ناپشکنن، کە بە ئاسانی نابیندرێن. لەگەڵ ئەمەشدا، بینینی مێژوو بەم ئاڕاستە کەسێنییە، بە پێچەوانەی هەندێک بۆچوونەوە، پێویست بەوە ناکات فیلمساز بەوە تاوانبار بکرێت، کە فۆرمێکی سادەی مێژوو بەکار دێنێت و شارەزایی پێوە دیار نییە. دواجار، ئەوان دەتوانن کاراکتەرەکانیان بە شێوەیەکی وردتر لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیی فراوانترەوە بەرەوپێش ببەن، وەکو چۆن فیلمسازی پۆڵەندی «ئەندرێ ڤایدا» لە فیلمی «دانتۆن»دا دەیکات. بێجگە لەمەش، مەرج نییە کاراکتەری فیلمەکان دەقاودەق گوزارشت لە کەسەکان بکەن، بەڵکو دەشێ ئەرکێکی سەمبولئامێز جێبەجێ بکەن. هەڵبەت ئەم سەمبۆلیزمە ئاستی فیلمە مێژووییەکان لە مانا مێژووییە دەقاودەقەکە بەرزتر دەکاتەوە و وا لە بینەر دەکات بە دوای دیوە شاراوەکاندا بگەڕێ. «تۆپلین»، دەربارەی فیلمەکەی «JFK جۆن. ئێف. کەنەدی» پێی وایە، کە «ئۆلیڤەر ستۆن»ی فیلمساز هێندە بە تەنگ ئەوەوە نییە، کە گوزارشتێکی دەقاودەق و ڕاستەقینەی کەسایەتیی «جیم گاریسۆن» بکات، ئەو پارێزەری، کە بە هۆکاری پیلانی کوشتنی «جۆن کەنەدی» زانی، بەڵکو بە تەنگ ئەوەوە بوو، کە گوزارشتێکی سەمبولئامێز لە کارەکتەرێک بکات، کە سوورە لەسەر گەڕان بە دوای ڕاستی لە جیهانێکی پڕ لە درۆ و فریودان٧. مێژوونووس و تیۆریست لە بواری فیلمی ئەمریکی «جانێت ستەیگەر» پێی وایە، کە ئامانجی «ستۆن» ئەوە نییە شیکردنەوە بۆ ڕووداوە مێژووییەکان بکات، بەڵکو دەیەوێت داستانێکی کۆمەڵایەتی دابڕێژێت، کە یارمەتیی خەڵکی ئەمریکا بدات لەوەی کە بیرۆکەیەکی خراپ بۆ شێواندنی «خەونی ئەمریکا» هەیە. دیارە مەبەست لە «خەونی ئەمریکا»، بەپێی بۆچوونی مێژوونووسی ئەمریکی «جەیمز تروسلۆ ئادەمز» وەک لە کتێبی «ئەفسانەی ئەمریکا»دا باسی لێوە دەکا، بریتییە لە «فەراهەمکردنی ژیانێکی خۆشتر بۆ هەموو خەڵک»٨ لە سەرێکی ترەوە، کێشەی تاک و مێژوو تەنها لەسەر ئاستی چیرۆکدا بەکار نایەت. سیمیۆلۆگیستەکان - ئەوانەی لە بواری زمانی ئاماژە شارەزان - ڕوونیان کردووەتەوە، کە زمانی فیلم سیستەمێکە لە کۆمەڵێک کۆدی جیاواز، کە چەندین کۆدی تر لەخۆ دەگرێت. بە واتایەکی تر لە سینەمادا چیرۆکە ئەبستراکتەکە لە ڕێگەی کۆدەکانی دیمەن و دەوروبەر و نواندنەکانەوە دەبیندرێت، بەڵام ئەم بینینەیش لە ڕێگەی کۆدەکانی کامێرا و مۆنتاژەوە پێشان دەدرێت. لەمەش زیاتر، کۆدە ئاڵۆزەکانی بینین و بیستن، وەکو مۆسیقا و تێبینییەکانی دەنگی پشت پەردە، بەپێی مانا وا لە فیلمە مێژووییەکە دەکەن دەنگ و شێوە ببەخشێتە ڕابردوو. هەڵبەت شێوازی جێبەجێکردنی ئەم

پرەنسیپە لە هەموو فیلمێکدا وەک یەک نییە. وەک چۆن هەر مێژوونووسێک بە زمانێکی تایبەت گوزارشت لە هەمان ڕاستییە مێژووییەکە دەکات، شێوازی ئەکتەرەکان بۆ پێشاندانی کاراکتەرە مێژووییەکان، گوزارشت لە بینینی جیاجیا دەکات سەبارەت بە هەمان ڕووداو یا کەسایەتییە مێژووییەکە. بۆیە ناکرێت هەر ڕۆڵێکی زاڵ بۆ هەر بابەتێک یان کاراکتەرێکی مێژوویی لە فیلمدا شی بکەینەوە بێئەوەی ئەو شێوازەیش شی بکەینەوە، کە لە چوارچێوەکەیەوە ئەو بابەتە یا کاراکتەرە مێژووییە دەبینرێت، هەروەها ناکرێت کۆدەکانی کامێرا و مۆنتاژیش لە پێشاندانیاندا فەرامۆش بکەین. فیلم هەردەم بە یارمەتیی ئەم کۆدانەوە مانا مێژووییەکە دەگوازێتەوە. هەڵبەت هەندێک لەو کۆدانە تەکنیکین و پەیوەندییان بە شێوازی بەکارهێنانی کامێراوە هەیە لە جووڵەپێکردن و پاش و پێشخستنی ڕووداو و دوورونزیکردنەوە و... هتد، هەندێکیشیان سەمبوڵن. مەبەست لە کۆدە سەمبوڵییەکان ئەو ئاماژە شاراوەن، کە لەودیوی شتە بینراوەکانن.

لەگەڵ ئەوەشدا، ناکرێت شیکردنەوەی ڕۆڵی تاک لە فیلمە مێژووییەکاندا تەنها لە چوارچێوەی میکانیزمێکی سیمیۆتیکی ئەودیو کۆدەکانی فیلمەکەوە ئەنجام بدەین. پێویستە دیوە پراگماتیکییەکانی ئەم کۆدانە ڕوون بکرێنەوە. وەک چۆن هەڵومەرجە سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی و کولتوورییە جیاوازەکان ئاڕاستەی بەکارهێنانی زمانی مێژوونووسەکان دیار دەکەن، هەر ئاواش شێوازی پێشاندان و دەرخستنی کاراکتەرەکانی فیلم دەکەوێتە ژێر کۆمەڵێک کاریگەرێتیی تێکەڵ و ئاڵۆزەوە. بۆ نموونە، یەکێک لە لۆژیکەکانی پیشەسازیی سینەما، وەکو بازرگانی، ئەوەیە، کە ئەکتەرە گەورە و بەناوبانگەکان دەبێ ڕۆڵی کاراکتەرە مێژووییەکان ببینن. دیارە ئەمەیش وا دەکات وێنەی ئەکتەرەکە بەسەر ئەو کاراکتەرە مێژووییەدا زاڵ بێت. نموونەیش بۆ ئەمە یەکجار زۆرە لە دونیای سینەما. ئەوانەی ئاگاداری فیلمە مێژووییەکانن، دەزانن، کە وێنەی «کیرک دۆگلاس»، ئەو ئەکتەرە ئەمریکییەی ڕۆڵی «سپارتاکۆس»ی بینی بەسەر کاراکتەری مێژوویی «سپارتاکۆس»دا زاڵە. کەواتە هەندێک هۆکاری بەهێز هەن کار دەکەنە سەر کۆدەکانی فیلم. مرۆڤ لە نموونەکەی «کیرک دۆگلاس»دا دەتوانێت مەزەندەی ئەو کاریگەرێتییە بکات، کە بەسەر کۆدەکانی فیلمدا دێت کاتێک هونەرمەندەکە بە هەمان تەکنیکی پێشوو ڕۆڵی کاراکتەرێکی مێژوویی تر دەبینێت.

بەم شێوەیە، بۆ ئەوەی مرۆڤ لە شێوازی کارکردنی کاراکتەرە مێژووییەکان بگات لە فیلمە سینەماییەکاندا، پێویستە لەو هۆکارە جیاوازانەیش بگات، کە کار دەکەنە سەر کۆدەکانی فیلم. دۆزینەوە و دیاریکردنێکی ڕێکوپێکی ئەم هۆکارانە کارێکی ئاڵۆزە، چونکە نە سەنگی هەریەک لەم هۆکارانە هەموو کاتێک بە ڕوونی مەزەندە دەکرێت و نە شێوازی کارلێکەکانیان. بەهەرحاڵ، ڕەنگە تەنیا شیکردنەوەی پراگماتیکی ئەو کۆدانەی، کە یارمەتیی بەرهەمهێنانی مێژوو دەدەن، پێکەوە لەگەڵ لێکدانەوە سیمیۆتیکەکان بوار بۆ دەربازبوونی فیلم لە ڕەخنەی لێکۆڵینەوە مێژووییەکان بڕەخسێنێت سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕابردوودا. بەم جۆرە دەرفەتێک دروست دەبێت بۆ تێگەیشتنێکی ڕاستەقینە لەو شێوازەی، کە فیلمەکان بەکاری دێنن بۆ داڕشتنی ڕۆڵی کاراکتەرە مێژووییەکان.

وەک چۆن هەڵومەرجە سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی و کولتوورییە جیاوازەکان ئاڕاستەی بەکارهێنانی زمانی مێژوونووسەکان دیار دەکەن، هەر ئاواش شێوازی پێشاندان و دەرخستنی کاراکتەرەکانی فیلم دەکەوێتە ژێر کۆمەڵێک کاریگەرێتیی تێکەڵ و ئاڵۆزەوە



# ئەفسوونی ئەدەب.. فەنتازیای سینەما

## سەرەتایەك بۆ بەراوردكاریی رەگەز و پەیوەندییەكان



**دڵشاد مستەفا***

کرانەوەی خەیاڵی ئینسان بەودیو سروشت و واقیعی بینراوی بەردەمی خۆی هێندەی تر پانتاییەکانی گوزارشتی لە نێو ئەدەبدا واڵاکرد و لەوێوە نووسین پێی نایە قۆناغێکی تری جیاوازتر لەوەی هەیە. ئەم گریمانە لە سەرەتاکانی دوورکەوتنەوە لە ناچرالیزمەوە دەست پێدەکات و تا هەنووکەش بەردەوامە، ئەو خولیایەی دەیەوێت نوێتر لەوەی هەیە بێنێتە بوون تامی ژیان شیرینتر دەکات، گەرنا وەرسبوون لە دووبارە بوونەوە ئەو عیشقەی ئینسانی بۆ مانەوە خەفە دەکرد و ئیدی بڕستی بەرگەگرتنی نەدەما.

ئەدیبان چەند هەنگاو بۆ شکاندنی تەلیسمە توندەکانی حەقیقەت هەڵبنێن ئەوەندە پێیان دەکەوێتە نێو کێڵگە ئەفسووناوییەکانی خەیاڵەوە و ئیدی ئەو دنیا نوێیە لەگەڵ وەرگردا مامەڵەی خۆی دەکات و هەریەکەیان بەکەرەستەکانی خۆیەوە دێت و لە بەرامبەر ئەوی دیدا دەوەستێت. خوێنەر هەموو

# وێنەی سینەمایی دەتوانێ بینراوێك بە وردەكارییەكانی خۆیەوە بخاتە بەر دیدەی وەرگرەكەی و ئیدی ئەوە واقیعە و دەبینرێ

كەرەستەكانی سەلیقە و هۆش دەخاتە گەڕ بۆ دۆزینەوەی رایەڵەكانی ئەو دنیایە و بەرهەمهاتووە ئەدەبیەكانیش بەردەوامن لە بەرهەمهێنانی چێژ ئەو فاكتەرەی بە رای رۆلان بارت وەرگر گیرۆدە دەكات و ناچاری مانەوەی دەكات.

نزیكترین ستایڵی ئەو جۆرە لە تێپەراندن بە زەینی ئێمە دەشێت بە ریالیزمی ئەفسوونی بیناسین و دنیا تەلیسماوییەكەی (ماركیز و ئەستۆریاس و بۆرخیس و ئۆكرێ و سەلیم بەرەكات و بەختیار عەلی و عەباس مەعروفی و خوان تۆبار و چەندەهای تر).

بەشێكی زۆر لەو هەوڵانەی ئەدەب بۆ روانین لە ژیانە وەك دیاردەیەكی نوێ، دۆزینەوەی فەزای جیاوازە لەو روانینە ئاسایی و باوانەی بەر لەوان كەوتوونەتە بەردەم وەرگر . هاوكات لەگەڵ ئەم هەوڵەی ئەدەبدا بۆ ناسینی دنیا لە وێنەیەكی تردا چەندین كایەی تری ژیاریش كەوتوونەتە هەنگاونان و ناكرێت زانستیش لەو كاروانە بەدوور بگرین، بەڵام ئەوەی مەبەستی سەرەكیی ئەم نووسینەیە دۆزینەوەی كاریگەرییەكانی ئەو ئەفسوونەی ئەدەبە لەسەر بەرهەمهێنانی دنیایەكی فەنتازی لە سینەمادا بە پرسیارگەلێكەوە كە دەشێت هەندێك كۆدی بزر بكاتەوە، چونكە گەر ئەدەب جارێكی دی بەرهەمهێنانەوەی ئەزموونی خودی نووسەر بێت بەو زیادكردنانەی جیهانبینی نووسەرەوە بۆ سەر وێناكردنەوەی واقیع ئەوا سینەما وەك جیل دیلۆز وادەبینێ گەلێك لەوە ئاڵۆزترە بەهۆی ئەوەی سینەما چالاكیی تەكنیكی ئامێرێكە كە توانای بەرهەمهێنانەوەی ئەو واقیعەی هەیە كە بەوردی و بابەتییانە كاری لەسەر دەكات لەهەمان كاتدا چالاكییەكە بەو ئاراستەیە كاردەكات كە دەرهێنەر دەیخوازێ. لەگەڵ ئەوەی فیلم وەك هونەرێكی كۆكەرەوەی رەگەزەكانی تر هەلی گوزارشتەكانی لە هەندێك دۆخدا فرەترن بەتایبەتی ئەو دەمەی دەنگ وەك رەگەزێكی تەواوی خولقێنەری ئەتمۆسفیر رەهەندی درامی تەواو دەبەخشێتە فیلم، بەڵام ئەدەب و بەتایبەتی رۆمان بەهۆی رەگەزی وەسفەوە جارێكی دی خۆی و تواناكانی لەگەڵ فلمدا هاوتا دەكاتەوەو دەتوانێ پارسەنگی ئەو كاریگەرییانەی دەنگ بۆ خۆی بدۆزێتەوە. وەسف دەچێتە بونیادی وێنەوە و لەوێوە كاریگەرییەكانی خۆشی بۆ هاوتابوون لەگەڵ سینەمادا بەگەڕ دەخات، وەلێ وێنەی سینەمایی دەتوانێ بینراوێك بە وردەكارییەكانی خۆیەوە بخاتە بەر دیدەی وەرگرەكەی و ئیدی ئەوە واقیعە و دەبینرێ، بەڵام وەسفی ئەدەب وێنەیەكی ئەندێشەكراو نمایش دەكات بەو ئەفراندنانەی زمان وەك پێكهاتەیەكی گرنگ بەشداری دەكات لە داڕشتنیاندا.

بەدڵنیایی هەوڵ دەدەین خۆمان لەو پرسیارە سانا كرۆنۆلۆجییەی كامیان پێش كامیان كەوتوون ببوێرین و گەڕانمان لە شوێن ئەو تێپەراندنانە بێت، كە فیلمسازانی دنیا لە پێناو بەدیهێنانی سینەمایەكی ناباودا هەڵیانگرتووە، سینەمایەك لە نێو ئەفسونی ئەدەبەوە ئەندێشەی دنیایەك دەكات فەنتازی. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كە قسە لەسەر كاریگەرییەكانی ئەو جۆرە لە ئەدەب نەكەین لەسەر پێكهاتنی ئەندێشەی فیلمسازان و تەواوی بەرهەمهێنراوەكانیان بە تایبەتی ئەو بەرهەمانەی سروشتی ئەفسوونگەراییان بە ئاشكرا پێوە دەبینرێت، ئیدی ئاكام بەكام ئاقاردا دەگوزەرێ رەنگە پێشبینیی ئەوە لەم سەرەتایەوە ئەوەندە ئاسان نەبێت.

لەگەڵ ئەوەی فیلم وەك هونەرێكی كۆكەرەوەی رەگەزەكانی تر هەلی گوزارشتەكانی لە هەندێك دۆخدا فرەترن بەتایبەتی ئەو دەمەی دەنگ وەك رەگەزێكی تەواوی خولقێنەری ئەتمۆسفیر رەهەندی درامی تەواو دەبەخشێتە فیلم، بەڵام ئەدەب و بەتایبەتی رۆمان بەهۆی رەگەزی وەسفەوە جارێكی دی خۆی و تواناكانی لەگەڵ فلمدا هاوتا دەكاتەوەو دەتوانێ پارسەنگی ئەو كاریگەرییانەی دەنگ بۆ خۆی بدۆزێتەوە


تارکۆڤسکی

## ئەفسوون _ ریالیزم

بە درێژایی مێژووی ئەدەب هیچ دیاردەیەک هێندی واقیع مشتومڕ ئامێزنەبووە. گەڕان بە شوێن چەمکەکانی ئەودا ژمارەیەک گروپی دۆست و نەیار بەیەکدی دروست کرد و بنەماکانی بە رادەیەک تەمومژاوی کرد گەلێک جیاکردنەوەیان پێویستی بە وردبوونەوەی زیادەتر بێت. سەرکەوتنی شۆڕشی بەلشەفیک لە رووسیا و هاتنەگۆڕێی یەکێتیی سۆڤیەت پاڵپشتییەکی تری بۆ چەندایەتی کردنی چەمکەکانی ریالیزم پەیدا کرد و ئیدی لەوێوە ریالیزمی سوشیالیستی و ریالیزمی رەخنەگرانە و ریالیزمی شۆڕشگێڕی و چەند چەمکێکی تر هاتنەگۆڕێ. وەلێ لە لایەک تاڵیی ئەو ریاڵە خۆی و سنوردارکردنی سروشتی ئینسان و ئازادییەکانی و لەلایەکی تر فرەیی خەیاڵی کەسەکان خۆیان پەییان بە دەربازی تر برد.

ترادسیۆنەکانی سەرەتای شارستانییەتی نێو مێژووی مرۆڤایەتی و سەرهەڵدانی ئەفسانە وەک شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤی سەرەتایی ئەو را دێرینەی شتراوس پاڵپشتی گەورەی لێدەکات، بەشی خۆی چێژی لە نێو یادەوەریی مرۆڤەکاندا جێهێشتووە. گەڕان بە شوێن ئەلتەرناتیفی ئەو بوونە بەردەوام و نەگۆڕەی وێنەکانی بە زەق و زۆپی دووبارە دەبوونەوە فاکتەرێکی تری دۆزینەوەی پانتایی تر بوون بۆ رەهابوونی خەیاڵ، رەهابوونێک رایەڵەکانی هێشتا بە واقیعەوە بەستراون و لێی دوورنەکەوتوونەتەوە. ئیدی لێرەوە سروشتی روانین لە تێکست دەگۆڕدرێت و گروپێکی دی لە نووسەران دێنە گۆڕێ و ئەوانەی لەژێر کاریگەریی چێژەکانی ئەفسانە و ئەو یادەوەرییە قاڵبووە بە حکایەت و ترادسیۆنەکانی پێشین دەنووسن لێرەڕا (مارکیز و ئەستۆریاس و بۆرخیس و ئۆکرێ و ماریۆ ڤارگاس یۆسا) و ئەوانی دی دێن و دەروازەکانی دنیایەکی دی لەبەردەم خودی نووسین خۆی و دواتر وەرگریشدا والا دەکەن.

ئەوەشی وەک ئەرک لەو قۆناغەی سەرەتایدا بەر رەخنە دەکەوێت ناونانی ئەو دیاردە ئەدەبییەیە بە ریالیزمی ئەفسوونی. ئەو شێوازە نوێیە لە ئەدەب، کە دەتوانێ دەرگای مەزن بەسەر خەیاڵدا بکاتەوە و لێگەڕێ وەرگر سەفەری ئەندێشەیی خۆی بە نێو رێگاکانی هەر دەقێکدا بکات و ئەوەندەی تر وێناکردنەکانی بۆی والاتر بێت. ئیدی ئەفسوون ریالیزمی بەرەو شوێنێک برد کە ئەو چوارچێوە



ماریۆ ڤارگاس یۆسا

کۆنکرێتییەی پێشتری نەمێنێ و خۆی لە چەندەها ڕەنگ و شێوەی تردا پیشان بدات.
ئەفسوون بۆ وێناکردنەوەی ئازادی و دۆزینەوەی پانتایی جیاواز کاری خۆی دەکات بەتایبەتی لەو سەردەمانەی ئازادی لە خەون دەچێت و تانوپۆی بە ڕوونی دیار نییە، بۆیە ئەدەب لە دەمی گوزارشتە ئەفسوونییەکانی خۆیدا ئەوە دووپات دەکاتەوە کە تەلیسمەکانی دەتوانن پێ بنێنە ناوچەی تر ئەو ناوچانەی ئیدی بینینیان بە چاوی حەقیقەت ئاستەمە.
ڕێککنەکەوتنی زۆرینەی ڕەخنەگرانی دنیا لەسەر پێناسەیەکی یەکگرتوو بۆ ئەم جۆرە لە ئەدەب خۆی نیشانەی ناجێگیری و بەردەوام لە گۆڕاندا بوونەی خودی بەرهەم هاتووەکانە، بۆ نموونە دنیای مارکیز و بەرهەمەکانی جیاوازن لە و دنیا و سروشتەی خوان ڕولفۆ بنیاتی دەنێت، ڕوانینەکانی بۆرخیس بۆ وێناکردنی ڕووداو و کاراکتەر لەوانەی ئەستۆریاس ناچێت و بۆیە تۆدۆرۆف لە قسەکردنی لەسەر (سەدساڵ تەنیایی) مارکیز بە ئاشکرا لەوە دەدوێت، کە ئەوەی مارکیز دەیکات نە واقیع و نەفەنتازیایە، نە خوارفە جڵەو دەکات و نە بەرگی ئەفسانەیەکی ڕووتی لەبەردایە، کەچی وەرگر دەباتە ئەو ئاستەی باوەڕ بە هەموو ئەو ڕووداوە سەرروو سروشتییانە بکات کە ڕوودەدەن.

## سینەما و فەنتازیا

گەر ئەو گریمانەی پێشترمان بۆ هێنانە دنیای نوێ لە ڕێی ئەفسوونەوە بۆ ئەدەب دروست بێت ئەوا بۆ سینەما و هونەری فیلمسازی تەواوتر دێتە کایە و سینەما کەرەستەکانی خۆی بەگەڕ دەخات بۆ ترازانی سنوورەکانی گوزارشت لەو واقیعەی بەچاو دەبینرێت وەلێ هەنگاوەکانی بە کەرەستەی




تر دەهێنێتە پێش و لەژێر کاریگەری ئەو دنیا ئەفسوناوییەی ئەدەبدا. ئەگەر ئەدەب زمانی گوزارشتەکانی وشە بن ئەوا سینەما بە وێنە مامەڵە دەکات بە تایبەتی لە سەردەمێکدا کە کاریگەریی وێنە لە کاریگەرییەکانی وشەی تێپەراندووە. هەرچەندە لە سەرەتای سەرەتاوە ئەم هونەر خۆی وەک جۆرێک لە تەلیسم و ئەفسوون تەماشای کرا، چونکە کاریگەرییەکانی وێنەی جولاو لەسەر دەروونی مرۆڤ کردەی ئەفسوونێک جێبەجێ دەکەن، بەڵام دواتر هێدی هێدی ئەو تەونە رەوییەوە و فیلمسازان لە پێناو پێشکەش نەکردنی ناباودا خولی گەڕان پەلکێشی کردن. گەڕان بەنێو دنیایەکی تردا و پێشکەشکردنی جۆرە راڤەکردنێکی تر بۆ واقیعی بینراو، هەڵبەت کاریگەریی باکگراوندی رۆشنبیری لەسەر کەسەکان بەشی خۆی هەژموونی هەیە و ئەو باکگراوندەش بەشێکی لە دنیای بەرینی ئەدەبەوە سەرچاوە دەگرێت. فلمسازانی نموونەی (OZU)ی ژاپۆنی، کە لە هەوڵی بەردەوامدا بووە بۆ شکاندنی ئەو تەوقەی گێڕانەوەی ئاسایی رووداو بەسەریدا دەسەپێنێ بە یەکێک لە پێشەنگانی دۆزینەوەی پانتایی جیاواز بۆ گوزارشتکردن لە واقیع ئەژمار دەکرێت.

ئۆزو کارکردنی لەسەر چنین لە فیلمدا شێوازێکی جیاواتر بوو لەوەی پێی دەوترێت مامەڵەی کلاسیکییانە یان سستمی هۆلیود بۆیە بووە جێی سەرنجی بەشی زۆری رەخنەگرانی سینەما. پۆل شریدەر شێوازی مامەڵەی ئۆزو لەگەڵ چنین دا بەم شێوەیە بەش دەکات:

١-ژیانی رۆژانە: وێناکردنەوەی وردی بێزارییەکانی ژیانی رۆژانە و دووبارە بوونەوەیان .

٢-جیاوازبوون: دابڕانی بێگومانی مرۆڤ لە دەوروبەرەکەی کە گەلێک جار دەگاتە ترۆپک .

٣-چەقبەستن: روانینێکی چەقبەستوانە بۆ ژیان کە ناتوانێ دابران چارەسەر بکات، بەڵام تێی دەپەڕێنێت.

لێرەوە روانین لەو بەرهەمانەی ئۆزو دەمانباتەوە بۆ ئەو دنیا جیاوازەی لە بابەتە ئەدەبییەکانی ریالیزمی ئەفسوونیدا دەیبینین، گوزارشت لەو دۆخانەی بە کەرەستە سانا و تەقلیدییەکان گوزارشتیان لێ ناکرێت بەڵکو ستایلێکی تر بۆ گوزارشتکردن دەدۆزێتەوە. ئۆزو پێی وایە ناکرێت دیمەن و گرتەکانی فلم لێوانلێو بن لە دراما و ئەکشن (کردار) چونکە ئەوانە شیعرییەتی ئەو نمایانە دەشێوێنن و وێنەیەکی رووت و زیادرەوانەی واقیع پیشان

# ئەگەر ئەدەب زمانی گوزارشتەکانی وشە بن ئەوا سینەما بە وێنە مامەڵە دەکات بە تایبەتی لە سەردەمێکدا کە کاریگەریی وێنە لە کاریگەرییەکانی وشەی تێپەڕاندووە

دەدەنەوە. ئەم شێوازی کارکردنەی ئۆزو بنەماکانی بۆ ئەو پەیوەندییە پتەوەی دەگەڕێتەوە لەگەڵ هونەری ژاپۆنی و نزیکبوونەوەکانی لە سروتەکانی زین بودایزم. ئەو ڕەوتە ئەندێشەییەی بودایزم رەگێکی پتەوی کارەکانی ئۆزو پێک دەهێنێت و بووەتە سەرەتایەک بۆ دوورکەوتنەوە لە وێنە ڕاستەوخۆکانی واقیع. جگە لەوە کاریگەرییەکانی ئەو هونەرانەی دی کە بەهەمان شێوە زین بودایزم بنەمایانە وەک (شیعری هایکۆ) و شانۆی (نو) بە ئاسانی بە بەرهەمەکانی ئۆزاوە دەناسرێنەوە.

جگە لە ئۆزو لەو بوارەدا دەتوانین ئاماژە بە (برێسن و تارکۆڤسکی و کارل درایر و مایکڵ ئەنجیلیۆ ئەنتۆنیۆنی) بکەین کە بە هەمان هەنگاوی ئەو بەرەو خولقاندنی دنیایەکی تر بۆ گوزارشت لە ژیان کاردەکەن. لەگەڵ ئەوەی ئەوان لە سەردەمی لێکدی جیاوازدا کاریان کردووە، بەڵام نزیکایەتیی فەزای کارکردنیان لە یەکەوە دەیانباتەوە سەر هەمان ڕێگە.

برێسن بۆ دەرچوون لەو شێوازی کلاسیکییانەی گوزارشت نماکانی لە کرداری درامی بەتاڵ دەکاتەوە و بایەخ بە شتە بچوکەکانی نێو ژیان دەدات، لە نمایەکدا بە تەنها دەستێک دەبینی یان پێی کاراکتەرێک دوودڵی و نیگەرانی بەرجەستە دەکات، بەتەنها دەرخستنی بەژنی کەسێک بەسە بۆ ئەوەی هەڵوێستی کاراکتەرەکە لە بەرامبەر کرداردا دەربکەوێت، هەموو ئەوانە بۆ ئەوەیە سەرنجی وەرگر بەرەو ئەو شتە بچووک و ناوازانەی ژیان بەرێت کە زۆرجار فەرامۆش دەکرێن.. بەدڵنیایی ئەوانە لە شێوازی کلاسیکییانەی هۆلیووددا ئەوەندە جێی بایەخ نین. گەر ئەو وردەکارییانەی نێو دنیای برێسن لە فەزای گوزارشتی هەرکام لە نووسەرانی ریالیزمی ئەفسوونی بەراورد بکەین بە تایبەت لە بایەخدان بەو شتە بچووکە فەرامۆشکراوانەی ژیاندا هێندە نموونە دەدۆزینەوە تا ئەوەندەی بۆ هەموو جۆرە بەراوردێک پراو پڕ و گونجاو بن.

جگە لە برێسن «تارکۆڤسکی» ناوێکی دیاری ئەو شێوازی کارکردنە، بەڵام بەمیکانیزمی جیاواز لەوانەی لەوەوبەر پرۆفیسۆر ئیریک نەدسن وا دەبینێ کە ئەو سروتانەی نێو کارەکانی تارکۆڤسکی کاریگەریی باکگراوندی ئایکۆنە تەقلیدییەکانی مەسیحییەتی ئەرسەدۆکسی و شیعر و دیمەنەکانی سروشتی رووسیای لەسەرە.

تارکۆڤسکی لە هەوڵی وێناکردنی ناوەوەی کاراکتەرەکانیدا بە رستێک کردەی جیاوازدا تێپەڕ دەبێت بە دەرخستنی رابردوو ئێستا، خەون و واقیع بیرکردنەوە و گوزارشت، ئەندێشەکردنی بەردەوامی دنیایەکی تر جیاواز لەوەی رۆژانە لە بەردەم کەسەکاندا دووبارە دەبێتەوە. هەڵبەت ئەم کردانەش هەروا سانا گوزەر ناکەن بەبێ خولقاندنی ئەتمۆسفیرێک تا لە خۆیان بگرێت و ئەو ئەتمۆسفیرە ئەفسونییەی هەموو شتەکان لە واقیع باڵاتر دەکات.

ئەدەب چەندێک بە کوچەکانی فەنتازیادا گوزەردەکات، سینەماش هێند بە یاسا و رێساکانی ئەفسوونەوە بەندە و گەلێک جار ئەویان دەبێتە ئەلتەرنایڤی ئەوی دی و هەندێک جاریش بەشێوەیەک ئاوێتە دەبن کە ئیدی لێک جیاکردنەوەیان گرانە

**سینەمای سێیەم و خەونی ئەفسووناوی:**

چەمکی جیهانی سێیەم چەمکێکی سیاییە و لە بنەڕەتدا بۆ پۆلێنکردنەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهان دەگەڕێتەوە.

یەکەم بەکارهێنانی زاراوەکە بۆ لێکۆڵیاری ئابوری و سۆسیۆلۆجستی فەرەنسایی (ئەلفرید سۆفی ١٨٨٩-١٩٩٠) دەگەڕێتەوە و بەو وڵاتانە دەگوترێت کە لە سەردەمی جەنگی سارددا بێ لایەن مانەوە. ئەو وڵاتانە لە فەرهەنگی هەندێک لە دەوڵەتاندا

بەوڵاتانی پاشکەوتوو یان تازە پێشکەوتوو ناسراون و خۆیان لە ١٢٠ لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا و ئەفریقا پێک دێن کە بنچینەی ئابووریان کشتوکاڵە و هەندێک خاڵی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە لەوانە:

١-هەژاری و نەداری و کەمیی داهاتی ساڵانەی تاک.
٢-بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری بەشێوەیەکی گشتی و لە گوندەکاندا بە تایبەتی.
٣-زۆری دانیشتوان و کۆنترۆڵنەکردنی جۆرەکان و رەگەز.
٤-نەبوون یان کەمی سەرچاوەکانی وزە.
٥-نەبوونی خزمەتگوزارییەکان.
٦-کۆچی بەردەوام لە گوندەوە بۆ شارەکان.
٧-بڵاوبوونەوەی بێکاری و سەرگەردان بوونی بەشی زۆری لاوەکان.
٨-نەبوونی چەمکەکانی ئازادی تاک و رای سەربەست و غیابی چەمکی دیمۆکراسی.

ئەو بوونە بەزەبرەی زاراوەی جیهانی سێیەمە لەگەڵ خۆی هەندێک گوزارشت و زاراوەی تر بەرهەم دەهێنێت کە (سینەمای سێیەم) یەکێکە لەوانە.

سینەمای سێیەم پرۆژەیەکی سینەمایی ئیستاتیکی و سیاسییە، پرنسیپەکانی لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین و ئەفریقا و ئاسیاوە سەرچاوە دەگرێت. سەرەتاکانی بۆ هەوڵەکانی گروپێک لە سینەماکارانی شەستەکان و هەفتاکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە کە خولیای هێنانە ئارای سینەمایەکی تایبەتمەند بەرەو داهێنانی گەورەی بردن.

ئەگەر سینەمای یەکەم بە بەرهەمەکانی هۆلیوود بوترێ و سینەمای دووەم سینەمای بەرهەمهێنراوی ئیستاتیکییانەی ئەوروپا بێ، ئەوا سینەمای سێیەم ئەو جۆرەیە لە بەرهەم کە بە چەمکەکانی شۆڕش و سیاسەتەوە خەریکە و بەرانبەرکێ لەگەڵ ئەو بەشەی سینەمای یەکەمدا دەکات، کە بە سینەمای بازرگانی ناودەبرێت. لەبەر ئەوەی رۆژگاری پەیدابوونی هاوزەمانی خەباتی گەلانی داگیرکراو بووە لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادی، هەر لەو سەرەتایانەوە شانبەشانی چەمکەکانی شۆڕش و دەربازبوون لە کۆلۆنیالیزم کاری کردووە.

ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی رووی لە دنیا کرد و بەتەواوی لە دوای پرۆژەی بیرۆستۆیکای میخائیل گورباتشۆف، کە سەرەکیترین و دیارترین ئاکامی لەبەریەک هەڵوەشانی یەکێتیی سۆڤێت و هەرەسی بلۆک بەندی خۆرهەڵات و سەرهەڵدانەوەی چەمکی نەتەوە بوو، ئیدی ئاراستەکانی ئەم هونەرەش بەرەو ئاقاری تر هەنگاویان نا کە گرنگترینیان مامەڵەکردنی سینەمایە وەک فاکتەری گوزارشتی کولتووری نەتەوە جیاوازەکان و ئەمەش ئەو بنەمایە پتەوتر دەکات کە رەگی چیرۆکەکان لە کولتووری میللییەوە نزیک بێتەوە و بەرەو ئەو دنیایە بڕوات، کە ئەفسون تەونی خۆی بەدەوردا گێڕاوە.

لەمێژە رەخنەگرانی ئەدەب لەسەر ئەوە کۆکن کە دنیای سێیەم نیشتمانی سەرەکیی سەرهەڵدانی ئەفسوونەکانی ئەدەبە، بۆیە رەخنەگرانی سینەماش هەمان هەنگاو هەڵدەگرن و کاریگەرییەکانی ئەدەبی میللیی ئەو ناوچانەش بە فاکتەری سەرەکی و کاریگەریی خولقانی ئەو ستایلی کارکردنە دەزانن.

هەمان ئەتمۆسفیر کە ئەندێشەی ئەدیبان بە حکایەت و سەربووردە ئەفسوناوییەکان تێر دەکات دەتوانێ ببێتە بونیادی کارکردن بۆ سینەماکاران، بەواتایەکی تر بونیادی ئەندێشەی ئەدیبان و سینەماکاران لەو زەمینە بەپیتەی حکایەتی میللی

و ئەدەبی زارییەوە سەرچاوە دەگرێت و ئەو فاکتەریە هێندەی تر لێک نزیکیان بە ئاشکرا دەردەخات.

زۆرینەی سینەماکارانی سینەمای سێیەم داکۆکی لەوە دەکەن کە ئەو جۆرە لە سینەما بەتەنها ستایلێکی کارکردن نییە، بەڵکو هەڵگری پەیام و گوتارێکی تایبەتە و هۆکارێکی گرنگ و تەواوی گوزارشتە کە لە چیرۆکەکانی ژیانەوە سەرچاوە دەگرێت و ئەو نەتەوانە خاوەنین، کە پێشتر لەسەر نەخشەی ململانێ سیاسییەکان جێگەیەکی ئەوتۆیان نەبووە.

روانین لە ژیانی ئەو نەتەوانە و کولتووریان چەند بەسانایی ئەو تەلیسمی ئەفسوونە بەرجەستە دەکات، کە دەبێتە بنەمای کارکردن بۆ ئەدیبان و سینەماکارانیش، ژیانێک بە تەمی خورافەیەک دەورە دراوە بۆیە هەموو گوزارشت لێکردنێکی ناتوانێت وەک واقیعێکی رووت خۆی دەربخات. ئەم گریمانە زۆر بە سانایی لە فیلمەکانی سینەمای ئێراندا بەرجەستە دەبێت. بۆ نموونە لە فیلمی (رەنگی خودا)ی مەجید مەجیدیدا سروشت و ژیان هەمان ئەو شتانەن کە لە دەروبەری کاراکتەرە ئاساییەکانی ژیاندا هەن، بەڵام جیهانبینیی دەرهێنەر و شێوازی گوزارشتکردن و وێنەکردنی ئەو واقیع و سروشت و ژیانەیە کە بەرگێکی تری جیاوازی پێ دەبەخشێت، بەرگێک لە ئەفسوونەوە نزیکتر.

بەهەمان شێوە لە فیلمەکانی (تامی گێلاس) و (با لەگەڵ خۆی دەمانبا)ی کیارۆستەمیدا ئەو دنیایەی ناوەوەی کاراکتەرەکان و کاریگەرییان لەسەر واقیعی چۆن دەتوانێت خودی ئەو سروشتەی ژیان بگۆڕێت و ئەتمۆسفیرێک دێتە کایەوە، کە ئیدی هەستەکانی وەرگر دەخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە و دەتوانێت بەو ئاقارەدا ببیات، کە دەرهێنەر دەیخوازێت.

هەڵبەتە ئەو حەقیقەتەش لەبەرچاوە کە ئەدەب بنەمای سەرەکیی ئەو بەرهەمانەیە و خودی چیرۆک و کاراکتەر و رووداو و ململانێیە، کە هێڵی سەرەکیی بەرەو پێشچوونی گێڕانەوە لە فیلمەکەدا بەرجەستە دەکەن، بەڵام بەشی زۆری ئەرک دەکەوێتە ئەستۆی ئەو تەکنیکەی هەموو ئەوانە دەگۆڕێتە وێنەیەکی جوڵاو لەبەردەم وەرگردا ئیدی دواتر دەنگ دێت و بەشی خۆی بەشداری پرۆسێسی گەیاندن و کاریگەری دەکات.

نموونەیەکی دی ئەم جۆرە بەرهەمهاتوانە فیلمی (City of God) دەرهێنانی (Fernando Meirelles and KAtia Lund) کە رەنگە خوێنەری کورد ئاشنایەتی لەگەڵ ئەو فیلمەشدا هەبێت، کە روانین لێی دەتگەیێنێتە ئەو بڕوایەی توندوتیژییەکانی ژیان ئەوەندە بەرجەستەن خۆلادان لێیان کارێکی ئەستەم و تاڕادەیەک خەیاڵییە.

ئەوەی دەرهێنەرانی ئەم فیلمە دەیکەن پیشاندانی واقیعی ژیانی بەرازیلە، بەڵام ئەتمۆسفیری ئەو فیلمە بەشێوەیەک خولقاوە کە هەست دەکەیت بەشێک لە ئەفسوون گەر توێژاڵێکی تەنکیش بێت خۆی بەدەوری تەواوی کارکردنەکەوە مەڵاس داوە، چونکە باکگراوندی بەرهەمهێنەرانی فیلمەکە و شوێنی رووداوەکان لە ئەو شوێنانەی دنیان کە لەناوخۆیاندا ئەفسوون هەڵدەگرن.

ئەو رۆدی جانیرۆیە و ئەو منداڵانەش چیرۆکە راستەقینەکانی ژیان بەرجەستە دەکەن بە هەموو توندوتیژییەکانییەوە، ئەوان شایەتی ئەو هەموو رووداوەی کوشتن و دزی و دەستدرێژیی سێکسی و ئەوانەی ترن، بۆیە بە زیادکردنی ئەو جیهانبینییەی شتەکان نمایش دەکاتەوە جیاوازبوونەکان لە واقیعی رووت دەردەکەوێت، واتە ئەوەی ئەو جیاوازبوونە

لەمێژە رەخنەگرانی ئەدەب لەسەر ئەوە کۆکن کە دنیای سێیەم نیشتمانی سەرەکیی سەرهەڵدانی ئەفسوونەکانی ئەدەبە، بۆیە رەخنەگرانی سینەماش هەمان هەنگاو هەڵدەگرن و کاریگەرییەکانی ئەدەبی میللیی ئەو ناوچانەش بە فاکتەری سەرەکی و کاریگەریی خولقانی ئەو ستایلی کارکردنە دەزانن.




دەنەخشێنێت تەکنیکە سینەماییەکەیە نەک خودی چیرۆکەکان.
رەنگە ئەوە خاڵی جیاوازبوونی ئەو جۆرانەی گوزارشت بن لە سینەمای سێیەمدا بە ئاراستەی خولقاندنی ئەتمۆسفیرێک کە ئەفسوون بنەمای بێت و ئەوەی لە سینەمای ئێراندا روودەدات بەشی زۆری ئەدەب جڵەوگیری دەکا، بەڵام لەو نموونەیەی رابردووی سینەمای ئەمریکای لاتیندا تەکنیک. دەتوانین بۆ پشتگیرکردنی ئەو رایەمان پەنا بۆ فیلمی (I am Cuba)ی دەرهێنەر ببەین لەگەڵ ئەوەی بەرهەمی دەرهێنەری بەنەژاد جۆرجی «Mikhail Kalatozov»ە، بەڵام گوزارشت لە دنیای سێیەم دەکات بە هەموو ماناکانییەوە، لەم بەرهەمەشدا ئەفسوونەکانی کارکردنە سەر وەرگر تەکنیک دەیخولقێنن نەک رووداو. چیرۆکە فیلمەکە گوزارشتە لە شۆڕش و بەرخودانی گەلی کوبا و ژیان و گوزەرانیان بەڵام تەکنیکەکانی گوزارشت لەو پێکهاتانەی فلمەکە وا دەکات بینەر هەست بکات لەژێر کاریگەریی ئەفسوونێکدایە.

**پایان:**

بەدڵنیایی بەشێکی گەورەی ئەزموونی دنیای سینەما ستایڵی هاوشێوە و نزیکی ئەوەیان تێدایە کە ئێمە وەک نموونەی نزیکبوونەوە لە ئەفسوون

ناویان دەبەین، یان بە شێوازێک لە شێوازەکان بنەماکانی بەرجەستەبوونی ئەفسوونیان تێدا بەرجەستە دەبێت ئیدی لە ستایڵی چیرۆک و گێڕانەوەدا یان لە تەکنیکی بەرهەمهێناندا بێت، بۆ ئەمەش تەوژمی ریالیزمی نوێی ئیتاڵی باشترین نموونەیە کارەکانی (ئەنتۆنیۆنی و فیسکۆنتی و پازۆلینی و تۆرناتۆری) دنیایەکن لە خەونەوە نزیکترین وەک لە واقیع لەگەڵ ئەوەی چیرۆکەکان واقعین و سروشتی کارکردنەکەش بە یاساکانی وێنەکردنی واقیع کاردەکات، وەلێ تەکنیکی کارەکان و بینایی ئەوانەی لە پشتی ئەو کارانەوەن جۆرێکە لە واقیع باڵاتر. جگە لەوان دەکرێت ئاماژە بەکارکردنی (ئەمیر کۆترسیکا) بکەین کە ئەوانیش بە گیانی باڵابوون و دوورکەوتنەوە لە پیشاندانی ئەوەی هەیە کاردەکەن و لە گێڕانەوەدا ستایڵی کلاسیکییانەی هۆلیوود دەبەزێنن و ئەڵتەرناتیفی تر بۆ گوزارشتەمانیان دەدۆزنەوە.

کەواتە ئەدەب چەندێک بە کوچەکانی فەنتازیادا گوزەردەکات، سینەماش هێند بە یاسا و رێساکانی ئەفسوونەوە بەندە و گەلێک جار ئەویان دەبێتە ئەلتەرنایڤی ئەوی دی و هەندێک جاریش بەشێوەیەک ئاوێتە دەبن کە ئیدی لێک جیاکردنەوەیان گرانە.

ئەوەی سەرەوە تەنها گریمانێکە و بێگومان سروشتێکی رەها نییە و رەنگە لە زۆر جاردا و لەبەردەم هەندێک ئەزموونددا بەرگە نەگرێ و لەبەریەکهەڵوەشێ، بەڵام تەنها حەقیقەتێک کە نکوڵی لێکردنی ئەستەمە ئەوەیە هەردوو دیاردە ژیارییەکە بێ ئەو سیفاتانەی ئەفسوون و فەنتازیا هێند باو و سادە دەبنەوە کە تینووێتیی رێبوارێک نەشکێنن.



ئەنتۆنیۆنی

**سەرچاوە:**


١- Kundsen, E. ٢٠٠٢. The Dispassionate Mirror, Towards a Transcendental Narrative iFilm Practice. University of Salford,
٢- Schrader, P. ١٩٧٢, Transcendental Style in Film: Ozu, Bresson, Dreyer, New York, Da Capo.



*خوێندکاری دکتۆرا لە هونەری سینەما، زانکۆی سالفۆرد، بریتانیا.



# ئەدەبیات و سینەماتۆگراف

## دەربارەی سینەمای رۆبێرت بریسۆن و ئەدەبیات



**بابەک ئەحمەدی**
**لە فارسییەوە: هاما قادر**

**«بە واقیع، واقیع لەمس بکە»** رۆبێرت بریسۆن

### ١.هەڵهاتن لە نمایشی ئەدەبی

ئەدەبیات (ئەدەبی ڕیوایی) بەجۆرێکی بنەڕەتی پشت بە گێڕانەوە (La Narration) و گوزارشت دەبەستێت (وشەی Rocit هەردوو مانای گوزارشت و چیرۆکبێژی دەگەیەنێت). هەورەک «رۆلان بارت»

پێمان دەڵێت ئەدەبیات بەرهەمی پەیوەستبوونە بە گێڕانەوە یاخود گوزارشتی ڕیوایی و هەڵهاتن لێی. تاچەندیش ئەدەبیات نزیک بێتەوە لە ڕەنگدانەوەی زیهنییانەی واقیع (وەک کارکردنی فلوبەر لە وەسوەسەی ئەنتوان قدیس و پرۆست لە گەران بەدوای زەمەنی ونبوودا) دەیسان دەبێت، دەربڕ، گێرەرەوە، و چیرۆکبێژ بمێنێتەوە. تاچەندیش پەیبردن بە بناغەی چیرۆک «Finnegans Wake»ی جیمس جۆیس دژوار و سەخت بێت، دواجار ئەوەی ناهێڵێت ئەم بەرهەمە تەنها وەک فەرهەنگی وشە سەیر بکرێت، تانوپۆ و بونیادی ریواییانەی بەرهەمەکەیە. ئەم بنەڕەتە ریواییە مانا بە وشەکان، رستەکان و بونیادی کتێبەکە دەبەخشێت: پیاوێک بەناوی پۆرتری هەیە کە هەندێجار بە هەمفری چیمپدەن ئیرۆکار و هەندێجاریش H.C.E ناوەکەیەتی. خانمێک هەیە کە هەندێجار پێی دەڵێن ئانا لیۆیا. ئەم دوانە دوو کوڕیان بە ناوی کیڤن و جێری هەیە و کچێکیش بە ناوی ئیزۆبل. بەرێز پۆرتەر «بە رەچەلەک ئەسکەندەنافییە». باوباپیرانی خانمی پۆرتەر رووسی بوون. ئەوان لای باغی فونیکس دۆبلین ماڵێکیان لە تەنیشتیدا هەیە. لە دۆبلین رواری لیفی تێپەر دەبێت و دەنگی ئاوەکان دەبیسترێت. کەمێک دوورتر لە ماڵەکە و مەیخانەکەیان پەرستگەیەکی کۆن هەیە. چیرۆکی کتێبەکە ئێوارەیەک دەست پێدەکات، لە ژیانی ئاسایی ئەم خێزانە لە وانەی منداڵەکان و قەرەباڵغی مەیخانە و نانی ئێوارە و گفتوگۆی دوای نانخواردن و تا کاتی خەوتن بەردەوام دەبێت. زۆبەی کتێبەکە چیرۆکی خەونی ئەندامانی خێزانەکەیە. کابوس و خەونەکانیان پێکەوە ئاوێتە دەبێت. بەبێ ئەم کەسە واقیعیانە، ئەم شوێن و کاتە واقیعە و ئەم چیرۆکەش، ئەم کتێبەی جۆیسیش بوونی نەدەبوو.

سینەماتۆگرافیش* ناچارە بە گێرانەوە (چیرۆکێک، ڕووداوێک، هەستێک، یادەوەرییەک و تەنانەت بیرکردنەوەیەک) و تا ئەوشوێنەی کە گێڕەرەوە، چیرۆکبێژ و گوزارشتکارە، ئەوەندەش نزیکە لە ئەدەبیاتەوە. بەڵام ئەم نزیکییە بە مانای پەیوەست بوون و شوێنکەوتن نایەت. سینەماتۆگراف بەهیچ شێوەیەک ناچار نییە لاسایی «تەکنیکە ئەدەبیەکان» بکاتەوە. بە وتەی بریسۆن، سینەماتۆگراف «نمایشی ئەدەبی» نییە و دەبێ شێوازی تایبەت بەخۆی لە تەعبیر، گێرانەوە و گوزارشتکردن بدۆزێتەوە. ژان لۆک گۆدارد و سینەماکارەکانی دیکەی «شەپۆلی نوێ» ئەوەیان کەشفکرد کە تا سەردەمی ئەوان سینەما هیچ نەبوو جگە لە «نمایشێکی ئەدەبی» و زانییان کە ئەم حوکمە تەنانەت ژمارەیەک بە بەناوبانگترین بەرهەمە سینەماییەکانیش دەگرێتەوە (تەنانەت زۆرجار بۆ ئەو بەرهەمانەش زیاتر دروستە). ئەوان سەیریان کرد کە بونیادی هەر فیلمێک چیرۆکێکە کە لەگەڵ لۆجیکی ئەدەبی دەگونجێت. وێنەی پشتبەستوو بە چەمکی سایکۆلۆژی/ئەدەبی و کارەکتەری ناو کتێبەکانن نەک سینەما. ئەوان زۆر بەسەرسوڕمانەوە هەستیان بەوە کرد کە پەیوەستبوونی سینەماکار بە سیناریۆ زیاتر لە وفا بۆ چیرۆک، وەفا بۆ شێوازی چیرۆکبێژی ئەدەبییە. گۆدارد و هاوڕێکانی دژ بەم خۆسەپاندنە توندەی هونەری گێرانەوەی چیرۆک بەسەر هونەری فیلمدا ڕاپەرین و هەولیاندا «گێڕانەوەی سینەمایی» بخەنە جێگەی گێڕانەوەی ئەدەبی و لەم کارەشدا سەرکەوتن، بەڵام نهێنیی ئەم سەرکەوتنە تەنها لە

بلیمەتی هونەری، مەعریفەی جوانیناسی و ئازایەتیی فیکریی ئەوانەوە نایەت. داهێنانی ئەوان لەلایەکەوە قەرزداری گرنگیدان بوو بە پێشینە و مێژووی سینەماتۆگراف. ئەوان سۆراخی ئەو سینەماکارانەیان کرد کە بەر لە خۆیان ئەدەبییان خستبووە خزمەتی سینەماتۆگرافەوە. گەڕان و سۆراخکردنی ئەوان سەخت و دژوار بوو، بەڵام بێ ئەنجام نەبوو. فیلمی (دایک ١٩٢٦)ی پۆدۆفکین-یان دۆزییەوە (نەک دایکی ماکیسم گۆرگی). فیلمی (نانا ١٩٢٦)ی ڕێنوار-یان دۆزییەوە نەک (نانای ئەمیل زۆلا) و باڵاتر لە هەر سینەماکارێکی تر ڕۆبێرت بریسۆنیان دۆزییەوە.




بریسۆن سینەماتۆگرافی لە شانۆ و ئەوەی خۆی بە (شانۆی بە فیلم کراو) ناوی دەبرد و هەروەها لە زمانی چیرۆکبێژی و (کۆپیکردنی بەرهەمە ئەدەبیەکان) ڕزگار کرد. ئەو بۆی سەلماندین کە هونەری فیلم دەبێ تواستی تەعبیری، ڕیوایی و گوزارشتی خۆی بدۆزێتەوە و نوسینەوەیەکی نوێ بخاتە ڕوو: «سینەما نمایش نییە، بەڵکو پتر جورێک نووسینە. نووسینێک لەگەڵ سەختی و دژواریی زۆر ترسناک». هەموو فیلمێک تێکستێکە و دەبێ بەشێوەیەک بیخوێنینەوە وەک ئەوەی دەقێک بخوێنینەوە. زیاتر لەهەر شتێک سینەماتۆگرافە، هونەری پەیوەندیی نێوان وێنەکان و نێوان دەنگ و وێنە: «دەبێ وێنەکان لەوشوێنەدا کە دەگۆڕێن بۆ شتی تر پێکەوە هەڵبەسەنگێنین (و بزانین کە بەبێ ئەم گۆڕانە هونەر بوونی نابێت)». چیرۆکبێژی ئەدەبی و سینەماتۆگراف دوو هونەری سەربەخۆن. ڕەنگە کاریگەری لەسەر یەکتر دروست بکەن، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ئاستی ئەم کاریگەرییە ناگاتە ئەوەی ئاراستەی بەرهەمەکەی دیاری بکەن. خوێنەر دەتوانێت لە ڕۆمانی (چارەنووسی مرۆڤ) بەرهەمی ئەندرێ مالرۆ، نیشانەیەک لە وێنەی سینەماتۆگراف بدۆزێتەوە. بەڵام ئەم بەرهەمەی مالرۆ کارێکی ئەدەبییە نەک سینەمایی، هەروەها دەتوانین نیشانەی «چیرۆکی نوێ» لە بەرهەمەکانی ئالان ڕێنەدا بدۆزینەوە، بەڵام

# ئەگەر بەرهەمی ئەدەبی بچێتە پەیکەر و قاڵبی سینەماتۆگرافەوە، ئیدی بەرهەمی ئەم نووسەرە نییە

ئاشکرایە کە فیلمی (ساڵی رابردوو لە مارین باد ١٩٦١) یان ( مۆریا ١٩٦٣) بەرهەمی ئەدەبی نین. ئەوکاتەی خۆمان لە تەعبیری ئەدەبیی چیرۆک، بەرهەمێهنانەوەی واقیع، بینای شانۆیی، دیکۆراسیۆن، نواندن و ورووژاندنی هەست بەدوور بگرین، کەواتە چ شتێک دەمێنێتەوە؟ بریسۆن دەڵێت سینەماتۆگراف دەمێنێتەوە و رێک ئەوەی کە لەم شتانەدا بوونی نییە واتە زمانی گونجاو لە نێوان وێنەکاندا، لە نێوان دەنگ و وێنە: «واقیع لە سینەماتۆگرافدا هەمان واقیعی شانۆ، چیرۆک یاخود نیگارکێشان نییە. ئەوەی سینەماتۆگراف بە کەرەستەی تایبەت بەخۆی دەیخاتەڕوو جیاوازە لەوەی شانۆ، ئەدەب یان نیگارکێشان دەیخەنەڕوو».
لە راستیدا «نمایشە ئەدەبییەکان» نە ئەدەبیاتن و نە سینەماتۆگراف، بەڵکو ڕەگەزی هەرکام لەم هونەرانە دژ بە یەکتری بەکاردەبەنەوە. لە بەرامبەر ئەمەشدا چەند بەرهەمێکی وەک فیلم (ئیهانە ١٩٥٣)ی گۆدارد، (چیرۆکی مانگی نادیار دوای باران ١٩٦٢)ی میزۆگۆشی، و (دادگایی ١٩٦٢)ی ئۆرسۆن وێڵز، ئەگەرچی زۆر لە یەکتر جیاوازن و بەهای جیاوازیان هەیە، بەڵام پێکەوە رەهەندێکی هاوبەشیان هەیە کە بریتییە لە: ئەدەبیان خستووەتە خزمەت سینەما نەک ئەوەی سینەما بخەنە خزمەت ئەدەبەوە.
بریسۆن پێی وایە ئەوەی کە پێی دەوترێت ئەدەب ناکرێ بە زیانی سینەماتۆگراف بەکاری بهێنێن و دەبێ بە سینەماتۆگراف قسەی تایبەت بەخۆی بکەین. ئەو کەسەی بە «نمایشی ئەدەبی» ڕاهاتووە پێی وایە کە دەکرێ قسەیەکی هاوشێوە بە دوو میتۆدی تەعبیریی جیاواز بکەین. ئەم بیرۆکەیە تەنها جیاوازی نێوان سینەما و ئەدەب بە جیاوازیی نێوان دوو میتۆد دەزانێت، بەڵام جیاوازیی نێوان هونەرەکان لەنێوان میتۆد و شێوازەکاندا نییە. ناکرێ قسەی پارچەیەک مۆسیقا بە زمانی ئەدەبی بوترێت. ئەو قسەیە تەنها لەو زمانەدا _ئەو سیستەمە لە نیشانە و هێماکا_ قابیلی تەعبیرە. دەنگ، پەیامی خۆی هەیە و نووسین پەیامی خۆی. جیاوازیی نێوانیان جەوهەرییە و جیاوازیی میتۆدۆلۆژی تەنها بەشێکە لە جیاوازییەکانیان. نووسین لە سینەماتۆگراف بەتەواوەتی جیاوازە لە نووسینی ئەدەبی. ئەگەر بەرهەمی ئەدەبی بچێتە پەیکەر و قاڵبی سینەماتۆگرافەوە، ئیدی بەرهەمی ئەم نووسەرە نییە. ژیانێکی تازەیە و هی سینەماکارە. پرسیار لێرەدا بەهیچ شێوەیەک لەسەر وەفاداری و بێوەفایی نییە بەرامبەر تێکستە ئەدەبی و چیرۆکەکە. بریسۆن لە گۆڕینی بەرهەمە ئەدەبییەکان بۆ فیلمی سینەماتۆگراف وەفایەکی سەرسوورهێنەری بۆ رەگەزە ئەدەبییەکان هەیە. ئەو سەلماندوویيەتی کە دەتوانین تەنانەت بە پاراستنی رەگەزە ئەدەبییەکان قسەیەکی نوێ بکەین. روانگەی بریسۆن بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکان نموونەیەکی باشە لە دیالێکتی وەفاداربوون بۆ دەق و هەڵهاتن لە فۆرمی ئەدەبی. بریسۆن بەرهەمی دیدرۆ، بێرنانسۆس، دۆستۆیڤسکی و تۆڵستۆی کردووەتە فیلمی سینەماتۆگراف و لە هەموویاندا هاوسەنگیی نێوان وەفاداری بۆ دەقی ئەدەبی و دروستکردنی دنیای سینەماتۆگرافی پاراستووە. ئەو بۆ هەڵهاتن لە «نمایشی ئەدەبی» پەنا بۆ پێدراوی ئەزموونی و نوێ نابات و بەپێچەوانەی ئالن رێنە، مارگێت دۆراس و گۆدارد، پابەندە بە شێوازی کلاسیکی و تەعبیری چیرۆکەوە. (دەنگی دەرووەی کادر ڤۆیس ئۆڤەر) —تەنانەت

بریسۆن پێی وایە ئەوەی کە پێی دەوترێت ئەدەب ناکرێ بە زیانی سینەماتۆگراف بەکاری بهێنێن و دەبێ بە سینەماتۆگراف قسەی تایبەت بەخۆی بکەین. ئەو کەسەی بە «نمایشی ئەدەبی» ڕاهاتووە پێی وایە کە دەکرێ قسەیەکی هاوشێوە بە دوو میتۆدی تەعبیریی جیاواز بکەین. ئەم بیرۆکەیە تەنها جیاوازی نێوان سینەما و ئەدەب بە جیاوازیی نێوان دوو میتۆد دەزانێت

ئەگەر نزیكبوونەوەی لە رادەبەدەر بە زمانی ئەدەبی كاری گێڕانەوەی سادە كردووەتەوە. بریسۆن لە واقیعگەراییەوە دەستی پێكردووە و قارەمانەكانی لە ناو تایبەتمەندییە مێژووییەكاندا بەرهەستن و دەیاننناسینەوە.

لە راستیدا بریسۆن بەبێ تێكشكاندنی واقیع لە واقیع باڵاتر دەچێت. ئارسن لە چیرۆكی (موشێت) بەرهەمی بیرنانۆس شەقاوەیەكی ئاساییە، بەڵام بریسۆن كاتێ ئەم كتێبەی كرد بە فیلم، شەقاوەكانی بە نامەلموس دروستكردووە، كە بیر لە بوونی ناكۆمەڵایەتی و نامادی دەكەنەوە. «ئارنۆڵد»ی شەقاوەش لە فیلمی «بەلتازار»دا وەک بریسۆن خۆی دەڵێت شتێک لە مەسیحی تێدایە، مەسیح، موسافیری هەژاریی سەرزەمینی پیرۆز. میشێل لە فیلمی (گیرفانبڕ) دزێكی ئاسایی نییە، ئەو گیرفانبڕ و فەیلەسوفە و لە راسكۆلینكۆف دەچێت. قەشە گەنجەكەی ناو رۆمانەكەی بیرنانۆس كەسێكە ئازاری چەشتووە و قەشە گەنجەكەی بریسۆن لە فیلمی مۆشێتدا، نموونەیەكی ئازار چەشتنە. ژنە ئارامەكەی ناو رۆمانەكەی دۆستۆیڤسكی، ژنێكی بێدەنگ و ماتە و لە فیلمەكەی بریسۆندا خودی بێدەنگییە. تەنانەت لە ئاساییترین جوڵەی قارەمانەكانی بریسۆن دەتوانین ئامادەیی هێزێكی مێتافیزیكی و هەستپێنەكراو ببینین. بەڵام جوڵەی بێ بایەخ و ئاسایی قارەمانەكانی نووسەرێكی گەورەی وەک دۆستۆیڤسكی (بەو هێزە سەرسوڕهێنەرەی لە نووسیندا) هەمیشە تەعبیر لەم هێزە ناكەن و ناشتوانن وابن.

«فریشتەكانی گوناه» یەكەمین بەرهەمی بریسۆن، ئیقتیباسێكی ئەدەبی نییە. سیناریۆكەی لەسەر بنەڕەتی فیكری «ر.پ. برۆكرگەر» نووسراوە. ئەم سیناریۆیە خۆی بەرهەمێكی ئەدەبی جوان لە قەڵەم دەدرێت. ئەم لایەنە ئەدەبییەی ناو سیناریۆكە لە لایەكەوە بۆ زەوق و مەعریفەی بریسۆن دەگەڕێتەوە و لەلایەكی ترەوە بەرهەمی كاری نووسەرێكە كە دیالۆگی فیلمەكەی نووسیوە. نووسەرێک بەناوی ژان ژیرۆدۆ (١٨٨٢-١٩٤٤). لە راستیدا بریسۆن لە سەرەتای نووسینی سیناریۆكەدا لە دیالۆگەكانی ناڕازی بوو و بڕیاری دا یارمەتی نووسەرێک وەرگرێت و ئەركی نووسینی دیالۆگەكانی خستە ئەستۆی ژیرۆدۆ. ژیرۆدۆ یەكێک لە بەناوبانگترین نووسەرەكانی فەڕەنسا بوو و شێواز و میتۆدی تایبەت بە خۆی هەبوو. ئەو لە



بواری نمایش و چیرۆکنووسی و هەروەها پەخشانی فەڕەنسادا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر نووسەرە گەنجەکان جێهێشت. ئەمڕۆ ئەگەر ئێمە بە وردی ئەم سیناریۆیە بخوێنینەوە کاریگەریی نووسینی دیالۆگەکان لەسەر بەرهەمەکانی دواتری بریسۆن دەدۆزینەوە. بەومانایەی کە لەم سیناریۆیەدا بەشی وشەکان زیاترە لە رستەکان. بەرهەمێکی شاعیرانەیە کە گرنگتر لەمەش نیشانەیەک لە دەروونناسی تێدا نابینین. خودی ژیرۆدۆ بە «پەخشانی فەلسەفی» ناوی دەبات و پێمان دەڵێت کە هەوڵی ئەو دوورکەوتنەوە بووە لە زمانی باوی سینەمایی. دیالۆگی فریشتەکانی گوناە زیاتر لە نزا و دۆعاکردن دەچێت و وشەی زۆر کۆنی تێدا




بەکار هاتووە. فیلمەکە لە سەردەمی حکومەتی ڤیشی دروستکراوە. هەرچەند دووربوو لەو چەمکە سەرەکییە هونەرییانەی، کە حکومەت دانی پێدادەنا، بەڵام لەگەڵ سیاسەتی «دینگەرا»ی ئەم حکومەتەدا هەماهەنگ بوو و لەبەر ئەمەش کەم تا زۆر بەبێ کێشەی سانسۆر نمایش کرا.

ژان ژیرۆدۆ ساڵێک دوای نووسینی دیالۆگی فریشتەکانی گوناە کوچی دوایی کرد. دەتوانین گوتاری ئەم فیلمە بە دوا پەیامی ئەخلاقی و مەعنەوی ئەم نووسەرە بزانین. تێڕوانینی ئەم نووسەرە گەورەیە بۆ سینەماتۆگراف نیشانەی گرنگیدانییەتی بۆ ئەم هونەرە. لەکاتێکدا هەندێک لە «ئەدیبان»ی ناوداری ئەو سەردەمە (وەک جۆرج دۆهامل) سینەمایان وەک هونەر قبوڵ نەبوو. ژیرۆدۆ سینەمای وەک نمایش و شانۆ دەبینی (ئەمە دواتر لەلایەن ژان کۆکتۆ روون کرایەوە) و پێی وابوو، کە «هونەرە نمایشییەکان لە یەکتر جیاناکرێنەوە». هەرچەندە ئەم بڕیارە نادروستە جیاوازیی گرنگیی نێوان سینەما و شانۆی ڕەتدەکردەوە. بەڵام نابێ ئەوەمان لەیاد بچێت، کە دەربڕینی ئەم قسەیە لەلایەن نووسەری هەندێک لە گرنگترین شانۆنامەکانی پێش جەنگ (وەک ئامفی تریۆن ٣٨ و ئەلکترە) وەک ستایشێکە بۆ سینەما. بەتایبەت ئەو کە پێی وابوو «نمایش» تاکە شێوازی پەروەردەی ئەخلاقی و جوانیناسانەی میللەتێکە».

بریسۆن لە یەکەم بەرهەمی درێژیدا زۆر بەسادەیی لە سنوورە دیاریکراوەکانی ئەدەبیات خۆی دەرباز کرد. ئەو جیهانی داخراوی زیندان ئاسای وەک کڵێسا، حوجرەی بچووکی قەشەکان، هۆلە گەورەکان و سەحن و گوڵخانەکانی بۆ

باکگراوندێک گۆڕی کە تیایدا تەنهایی دژواری ماری ــوەک ڕاهیبەکانی ترــ بە شێوەیەکی بەرجەستە نمایشکرا. ئەو بەیارمەتی وێنەگرتنی بێوێنەی ئاگۆستینی و بەرەنگی خوڵەمیشی، ڕووناکیی کەم و دیمەنی تاریک و گرنگیدان بە وردەکاری، فەزایەکی ساردی کڵێسای دۆمتیکەن-ی دروست کرد و لەسەر ئەم زەمینەیە، ڕێوڕەسم و نەریتی سەختی ئایینی، پەیوەندیی ساردوسڕیی نێوان ڕاهیبەکان، پەیوەندیی «نازەمینی» نێوان دایکە ڕۆحانییەکان و ڕەاهیبەکانی بەرجەستە کرد. ئەم فیلمەی بریسۆن لانی کەم کاریگەیی لەسەر نووسەرێکی گەورە فەڕەنسا دانا، جۆرج برناس لە دوابەرهەمیدا «دەربارەی کارمل ١٩٤٨) کاریگەریی ئەم فیلمەی پێوە دەبینرێت.

## ٢. بریسۆن و دیدرۆ

«خانمانی دارستانی بۆلۆنی»، لە دوا ساڵەکانی جەنگ و سەردەمێکی دژواردا دروست کرا و لە یەکەمین ڕۆژانی ئازادبوونی فەڕەنسا نمایشکرا. زمانی تایبەتیی سینەماتۆگراف لە فریشتەکانی گوناهدا، لەم فیلمەشدا وردتر و سەختر بوو و لە ڕێگە بەراوردکردنی ئەم دوو فیلمەوە ڕێگەیەک بەرەو «کەشفی دنیای بریسۆن» بەسەر ڕەخنەگراندا کرایەوە. لەلایەکی ترەوە پێشوازیی بینەران لەم فیلمە زیاتر بوو لە فیلمی فریشتەکانی گوناە. «خانمانی دارستانی بۆلۆنی» لە نووسینێکی دیدرۆ وەگیراوە و دیالۆگەکانی لەلایەن ژاک کۆکتۆ-وە نووسراوە. ئەم فیلمە فۆرمێکی نوێی لە ئیقتباسی ئەدەبی لە سینەماتۆگرافدا دروست کرد، لای ئەو کەسانەی کە دیدرۆیان خوێندووەتەوە، دۆزینەوەی ڕەگەزی سەرەکیی بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە لەم فیلمەدا کارێکی ئاسانە و هاوکات ئەم بەرهەمە نموونەی بەرهەمێکی سینەماتۆگرافیکە و نیشانەی شێوازی تەعبیر و میتۆدی تایبەتی بریسۆنی لەگەڵدایە. هەر لەبەرئەمەش ئەندرێ بازن پێی دەوت: «ئێقتیباسێک کە بەسادەیی لە سنووری ئیبقتباس دەرچوو» و ترۆفۆی گەنج دەنوسێت: «ئەمە بەرهەمێکە هەم وەفادارە بە دیدرۆ و هەم خیانەتی لێ کردووە». ترۆفۆ بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە وەفاداری بریسۆن بۆ دیدرۆ لە ڕێگەی پاراستنی ڕۆحییەتی بنەڕەتی و کرۆکی ڕاستەقینەی فیکری و مەعنەوی بەرهەمەکەوە پارێزراوە و خیانەتیش لەوێدایە کە فیلمەکە بە تەواوی خۆی لە ئەدەبیات دادەماڵێت و هیچ ئاسەوارێک لە نمایشی ئەدەبی تێدا نامێنێتەوە، ئیدی زۆر بە ئاسانی دەبێتە فیلمێکی سینەماتۆگرافیک.

خانمانی جەنگەلی بۆلۆنی لە چیرۆکی (ژاک و سەرۆکەکەی) وەرگیراوە. ئەم کتێبە لە ساڵانی ١٧٧٣ تا ١٧٧٥ لە هۆڵەندا و ڕووسیا نووسراوە، بەڵام لە ساڵی ١٧٩٦ واتە شانزە ساڵ دوای مردنی نووسەرەکەی و حەوت ساڵ دوای سەرەتای شۆڕشی فەرەنسا لە پاریس بڵاوکرایەوە. دیدرۆ لەم بەرهەمەدا تاڕادەیەک کاریگەریی داهێنانەکانی ئیستەرن-ی نووسەر لە ڕۆمانی (تریسترام شندی) پێوە دیارە و شوێنەواری تەنزی ئیستەرنی تێدا دەبینین.

ژاک کە لەگەڵ سەرۆکەکەی بەرەو سەفەری درێژ و دوور دەڕۆن لە ڕێگەدا چیرۆکی بۆ دەگێڕێتەوە. گرنگترین چیرۆکی ئەو گێڕانەوەی بەسەرهاتی تۆڵەسەندنەوەی مارکیز دۆلاپۆ-یە لە مەعشوقە بێ وەفاکەی بەناوی مارکی دارسیس. بنەڕەتی ئەم بەسەرهاتە خۆی لە چیرۆکێکی کۆنی فەڕەنسی

لەبارەی ژنێکەوەیە، کە لەبەر ئیرەیی و حەسودی بواری ئەوە درەخسێنێت کە خۆشەویستەکەی کە سوارچاکێکی سەر بە نەجیبزادەکانە لەگەڵ ژنێکی «بەدناو» هاوسەرگیری بکات. چیرۆکی دیدرۆ کە هەندێجار لەلایەن ژاک و سەرۆکەکەی بڕینی تێدەکەوێت، نزیکەی پەنجا لاپەرەیە و زۆر بەسادەیی بەبێ هیلاکبوون دەگێڕدرێتەوە، هەرچەندە زمانەکەی لە رادەبەدەر ئەدەبییە، ژنی بەدناوی ناو چیرۆکەکە بە پێچەوانەی ئاینس لە فیلمی بریسۆندا تا پێش هاوسەرگیری لەگەڵ مارکی رۆڵێکی ئەوتۆی نییە و چەند وشەیەک زیاتر قسە ناکات. زۆربەی رووداوەکانی چیرۆکەکە لە ماڵی مارکیزدا روودەدات و لە کۆتایی چیرۆکەکەدا، دوای گوێگرتن لە ددانپێدانانەکانی هاوسەرەکەی و تێپەراندنی شەوێکی ناخۆش لە ژنەکەی دەبوورێت. ئەم چیرۆکە وەک بەرهەمەکانی دیکەی دیدرۆ رەخنە و هەجوکردنی ئەخلاقی چینێکی کۆمەڵایەتییە، کە خەریکە لەناو دەچێت.

دیالۆگێک کە ژان کۆکتۆ بۆ فیلمی خانمانی جەنگەڵی پۆلۆنی نووسیویەتی، پشت بە چیرۆکەکە دەبەستێت و تاڕادەیەکی زۆر شێوە نووسینی دیدرۆمان بیردەخاتەوە. بەڵام کۆکتۆ زمانی ئەدەبی دیدرۆی گۆڕیوەتە سەر زمانێکی شاعیرانە، هەرچەندە لەسەر خواستی بریسۆن رۆحییەتی گشتی شێوازی دیدرۆی پاراستووە. کۆکتۆ لە زۆر حاڵەتدا، کە بەپێی زەرووڕەت لە دەقەکەی دیدرۆ لایداوە، دیسان هەوڵیداوە وەفادار بێت بۆ رۆحیەتی قسەکردن (و شێوازی تەعبیری سەدەی هەژدەیەم). بەڵام ئەو دواتر بە پۆل گۆت-ی وت کە لە کاتی نووسینی دیالۆگی فیلمەکەدا بریسۆن داوای هەرچی کردبێت بۆی ئەنجامداوە. بریسۆن هەروەک کۆکتۆ فیلمی خانمانی جەنگەڵی پۆلۆنی تەنها بە گۆڕینی چیرۆکی دیدرۆ بۆ هەلومەرجی سەدەی بیستەم رازی نابێت. فیلمەکە دەبێ لە روانگەی پابەندبوونی قارەمانەکانی بۆ بنەڕەتە ئەخلاقییەکانی سەردەمی دیدرۆ خوێندنەوەی بۆ بکرێت. بریسۆن بە تێگەیشتن لە جەوهەری چیرۆکەکەی دیدرۆ بەرهەمێکی نوێی خوڵقاندووە، کە لەگەڵ پاراستنی ئەم جەوهەرە، پرسیاری نوێ دەخاتەروو و لە چیرۆکەکە دەترازێت. وەک ئەندرێ بازن دەڵێت: «بریسۆن لەم فیلمەدا ڕیسک دەکات و چیرۆکێکی واقیعی بۆ زەمینەی چیرۆکێکی واقیعی دیکە گواستووەتەوە. لە ئەنجامدا ئەم دوو نموونەیە واقیعیبوونی یەکتریان پۆچەل کردووەتەوە».

زۆر لە دەرهێنەرە گەورەکان وەک مایکل ئانجیلۆ ئەنتۆنیۆنی، ژاک دێمی، ژاک بیکەر، ژان ماری سترۆب، خۆیان ددانیان بەوەداناوە کە وەک سەرمەشق و نموونەیەک سوودیان لە فیلمی خانمانی دارستانی پۆلۆنی وەرگرتووە. ژاک دێمی ستراکتۆری سیناریۆ و ئاراستەی پڕ نهێنی و عاریفانەی فیلمەکەی بەلاوە گرنگ بوو. ئیسترۆن گرنگی بەوە دەدا، کە خۆی پێی دەڵێت «کاری ئەخلاقی بریسۆن». ئەنتۆنیۆنی لە فیلمی شەودا (١٩٦١) سودی لە شێوازی وێنەگرتن و رووناکی (هەروەها شێوازی لابردن)ی بریسۆن وەرگرت. بەڵام گرنگترین کاری بریسۆن لەم فیلمەدا شێوازی نوێی ئیقتیباسی ئەدەبییە لە بەرهەمێکی بەناوبانگی ئەدەبی لە سینەماتۆگرافدا و کاریگەریی ئەو لەسەر سینەماکاری دیکە لەم گۆشەنیگایەوە خوێندنەوەی بۆ دەکرێت. بۆ نموونە ئەتوانین فیلمی ژان ماری سترۆب بەناوی ئۆتۆن (١٩٦٩) بە نموونە وەرگرین کە لە شانۆنامەیەکی پێر کێرنی وەرگیراوە. سترۆب

هەروەک بریسۆن زەمەنی رووداوەکانی گۆڕیوە، بەڵام پەیوەندییە سەرەکییەکانی ناو چیرۆکەکەی وەک خۆی هێشتووەتەوە. ئەو لە رێگەی تێکەڵکردنی جلوبەرگ و ماکیاژی ئەریستۆکراتەکانی رۆمای کۆن و شوێنی رۆمای ئەمرۆ (فیلمەکە لە گردۆڵکەکانی شاری رۆما وێنە گیراوە) و هەروەها کارکردن بە دەنگی ئازاد (دەنگی ژیانی مۆدێرنی رۆمای ئەمرۆ) توانیویەتی دوو زەمەنی مێژوویی جیاواز پێکەوە ئاوێتە بکات. ئەوەندە بەسە کە زمانی کێرنی و جیهانبینی و (شێوازی دیالۆگ)ی بیرمەندانی فەرەنسی لە سەدەی حەڤدەیەم بخەینە ریزی ئەم تێکەڵکردنە تا مانایەکی تەواو نوێ لە زەمەنی مێژوویی لە سینەمادا دروست بێت. سترۆب بەوپەڕی هێزی خۆیەوە توانیویەتی مانا بنەڕەتییەکانی میتۆدۆلۆجی کارکردنی بریسۆن لە فیلمی خانمەکانی جەنگەلی پۆلۆنی فراوانتر بکات. سترۆب دەڵێت: «دەقی فیلمەکە، هەمان دەقی نمایشەکەی کێرنی-یە، بەڵام دەقەکە سەرلەنوێ خوێندراوەتەوە، لێرەدا ریتمی ئاخاوتنی زمانی ئەکتەرەکان بە ئەندازەی خودی وشەکان گرنگە» و ئەمەش هاوشێوەی قسەکەی بریسۆنە کە دەڵێت: «لە دروستکردنی فیلم هیچ شتێک بە ئەندازەی ریتمەکەی گرنگ نییە، ریتمی جوڵەی فیلمێک دەبێ ریتمی نووسینەکەی بێت».

بریسۆن هەموو ساتە گرنگەکانی ناو رۆمانەکەی دیدرۆی لە خانمانی جەنگەڵی پۆلۆنی دروست کردووەتەوە. ددانپێدانانەکانی سەرەتا، یەکتربینینی ناو باخەکە، ئەو ماڵەی کە مارکیز بۆ کچە لاوەکەی بەکرێ دەگرێت، نامە، دیارییەکە، سەفەری مارکی، گەڕانەوەی مارکی، پاساوی کچە لاوەکە بۆ درۆکانی و لێخۆشبوونی. هەرچەندە بریسۆن لە هێڵی تەعبیری رووداوەکان کە دیدرۆ وێنەی کردووە، لای نەداوە، بەڵام کارەکەی ئەو ئیقتباسێکی ئازادانەیە بۆ ئەم بەرهەمە. ئەو رووداوەکانی بۆ سەردەمی ئێمە گواستووەتەوە. کەواتە لەلایەکەوە بەپێی وەفاداری بۆ جەوهەری ئەساسی و ئەخلاقی چیرۆکەکە، فەزای فیلمەکەی بۆ سەدەی حەڤدەیەم نزیک کردووەتەوە، و لەلایەکی ترەوە رەگەزە وێنەییەکانی فیلمەکە لە سەردەمی مۆدێرندا دروست کراون. پاریس و دەنگەکانی ناوی، جلوبەرگ، ماکیاژی ئەکتەرکان و ..هتد. ئەم گواستنەوەی زەمەنی روودانی چیرۆکەکە بۆ سەردەمی ئێستا و بەکارهێنانی رەگەزی وێنەیی نوێ کە ئێمە لە ژیانی رۆژانەماندا دەیانناسین، رۆحییەتی دراماتیکی بەرهەمەکەی دیدرۆ تەریب بە فەزایەکی تراژیدی بەرەو پێش



دەبات. بریسۆن ئەم کارەی لەگەڵ چەند چیرۆکێکی دۆستۆیڤسکی و تۆڵستۆی درێژە پێدا. بەڵام بۆ ئیقتباسی دوو بەرهەمی بیرنانۆس بۆ زمانی سینەماتۆگراف، ڕێگەیەکی دیکەی گرتەبەر.

## ٢.بریسۆن و بیرنانۆس

جیهانی جۆرج برنانۆس (١٨٨٨-١٩٤٨) لە زۆر لایەنەوە زۆر نزیکەوە لە جیهانی بریسۆن. قارەمانەکانی ئەم نووسەرەش لەگەڵ پرسیاری میتافیزیکی دەستوپەنجە نەرم دەکەن. بەدوای خوادا دەگەڕێن، هەوڵدەدەن لەودیو ئازار و کێشەکانەوە، بەختەوەری و ڕەحمەتی خودایی کەشف بکەن. ئەوانیش بە وەسوەسەی گوناە و هەڵبژاردن لە نێوان چاکە و خراپە و ئازاری ژیان لەگەڵ ئەوانی دی و دابڕان لە گفتوگۆی دەروونی و دینی، ئاشنان. بیرنانۆس بە زمانێکی شاعیرانە و بەهێز لە ڕێگەی چیرۆکی سادەوە (بەخۆدوور گرتن لە هەموو تەعبیرێکی سایکۆلۆجی و وورووژاندن) هەوڵدەدات لێکدانەوەیەک لە چوارچێوەی ئەم جیهانەدا، لێکدانەوەیەکی ڕاستەقینە بۆ باوەڕە هەمیشەیی و کۆنەکان بخاتە ڕوو، کە بونیادی ئایەتەکانی کتێبی پیرۆزن. هەر دوو قەشەکەی ئەو، واتە قارەمانەکانی کتێبی (یادەوەرییەکانی قەشەی گوند) و (لە ژێر هەتاوی شەیتاندا) بە خەمی گومان ئاشنان و گرژی و بەریەککەوتنی فیکری ئەم دوو کەسە لەبەرامبەر هێزی مەعنەوی ئیماندا دەرەوێتەوە. شانتال دۆ کلێرجێری، کچە گەنج و نەخۆشەکەی ناو چیرۆکی (شادومانی) هەروەک (موشێت) قارەمانی ناو ڕۆمانی (موشێت)، لە دوائاستی کارەسات و تەنهاییدا، ڕۆحێکی پاکیزە و بێگوناهی هەیە و لە بەرامبەر هێزی وێرانکەری




ژیاندا بیری لە ئاسودەیی مردن دەکاتەوە. بیرنانۆس کاتۆلیک بوو و بەپێی بیروباوەڕی سیاسی بە «ڕاستڕەو» لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام بە جۆرێک پابەندی هەڵوێستە ئەخلاقییەکانی بوو، کە لە ساڵانی جەنگی ناوخۆیی ئیسپانیا دژی فرانکۆ و هێزە کۆنپارێزەکانی ئەوکات وەستایەوە و هەمیشەش بەهۆی سازشکردنی ئەورووپا لەگەڵ هیتلەر و بەتایبەت دوای واژۆی پەیماننامەی مونیخ، ڕەخنەی توندی ئاراستەی دیموکراسی ئەورووپی دەکرد. ئەو لە ساڵانی داگیرکردنی فەڕەنسادا ڕووی لە بەرازیل و ئەمریکای باشوور کرد و بوو بە ڕەخنەگری سەرسەختی مارشال پیتن، حکومەتی




ویشی و دەسەڵاتی سیاسیی ڕاستڕەوەکان. هەر لەبەر ئەمەش لەدوای جەنگ، کاتێک لەسەر بانگهێشتی جەنەراڵ دۆگۆل گەڕایەوە بۆ فەرەنسا، هێزە ئازادیخواز و میانڕەو و چەپەکان زۆریان خۆش دەویست. لە مەراسیمی ناشتنی تەرمەکەیدا تەنها نوێنەری گروپێکی سیاسی ئامادەبوون، کە نوێنەری کۆماریخوازەکانی ئیسپانیا بوو.
نووسینی بیرنانۆس ناوێنەییە. ئەو وشە شیعرییانەی کە لە نووسینەکانیدا هەیە، لە ئاوێتەکردنێکی داهێنەرانەی زمانەوە جوانی دەخوڵقێنن نەک لە وێنەسازییدا. بەڵام بیرنانۆس هەمیشە هۆگری هونەری سینەماتۆگراف بوو. رۆبێرت ڤالری رادۆ، هاوڕێی بیرنانۆس لە کتێبەکەیدا بەناوی یادەوەرییەکانی هاوڕێیەک نووسیویەتی بیرنانۆس سینەمای زۆر خۆش دەویست و هەمیشە بە «ژوری تاریکی خەونەکان» ناوی دەبرد. بیرنانۆس پێی وابوو، کە «خەون سەرچاوەی ئەفراندنی ئەدەبییە» و لە نامەیەکدا بۆ هاوڕێکەی « ١٩٢٦» نووسیویەتی: من چیرۆکنووسم، واتە کەسێک کە لە خەوندا دەژی و ناهۆشیارانە خەریکی خەونبینینە. قارەمانەکانی ناو بەرهەمەکانیش هەموویان خەون دەبینن. چارەنووسیان زیاتر لە خەونێکی هێور و لەسەرخۆ و زیاتر لە کابوسێک دەچێت». دواهەمین نووسینی بیرنانۆس یاخود باشترە بڵێین وەسیەتنامە مەعنەوییەکەی بەناوی «گوتاری پەیڕەوانی کارمل» سیناریۆیەک بوو و لەسەر پێشنیاری برۆکبەرگەر (هاوڕێی بریسۆن) نووسیبووی. بریسۆن ئاگاداری ڕەوتی نووسینی سیناریۆکە بوو و زۆر حەزی لێ بوو. (چیرۆکەکەی: باسی کێشەکانی ڕاهیبەکانی ناو پەرستگایەک لەسەردەمی حکومەتی ستەمکار و ترسناکی سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسا). بیرنانۆس دەیوت ئەگەر سینەماکارێک بیەوێت یەکێک لە بەرهەمەکانی ئەو بکات بە فیلم، دەبێ ئەو خەونە ببینێت، کە ئەم وەک نووسەر لە کاتی نوسینیدا بینیویەتی. هەربۆیە ئەو دووجار سیناریۆی دوو بەرهەمی ڕەتکردەوە، هەرچەندە زۆر ڕێزی لە (ژان ئۆرنیش، پیر بۆست) نووسەرەکانی ئەم سیناریۆیانە دەگرت، بەڵام رازی نەبوو بەوەی ئەوان بەرهەمەکەی بکەن بە فیلم. ئەوکاتەی کەمێک بەر لە مردنی لەگەڵ بریسۆن دەربارەی فیلمی (یادەوەرییەکانی پزیشکی گوند) قسەی کرد، بەڵێنی ئەوەی لێ وەرگرت کە «ڕاستگۆیانە و بەوەفاوە مامەڵە لەگەڵ دەقە ئەسڵییەکەدا بکات». بریسۆن بەڵێنی پێدا

تەنانەت یەک دێر بۆ دەقەکە زیاد نەکات و هەموو لابردنێک لە دەقەکە (وەک لابردنی کەسایەتیی پلە دوو، لابردنی لایەنی سیاسی ناو چیرۆکەکە و... هتد) بە وەفاوە و بەپێی باوەڕ و بیرکردنەوەی بیرنانۆس ئەنجام بدات. ئەگەرچی بیرنانۆس پێش بەرهەمهێنانی فیلمەکە کۆچی دوایی کرد، بەڵام (وەک یەکێک لە گرنگترین لێکۆڵەرانی ئەدەبیی بیرنانۆس بەناوی میشێل ئیستۆ کە رەخنەگری سینەماییشە) دەڵێت: «بریسۆن بە تەواوی بنەڕەتە فیکرییەکانی بیرنانۆسی پاراستووە». بەمجۆرەبوو کە بریسۆن جارێکی دی سەرلەنوێ خەونەکەی بیرنانۆسی بینییەوە.

بیرنانۆس لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٤ یادەوەرییەکانی قەشەی گوند-ی نووسی. رەگوریشەی سەرهەڵدانی ئەم نووسینە بۆ یادەوەریی منداڵیی نووسەر دەگەڕێتەوە. ئەو خۆی چەند کەسێک وەک کۆنت و قەشەی تۆرسی دەناسی و لەسەردەمی گەنجیدا هەمیشە بیری لە چیرۆکی قەشەیەکی گەنج دەکردەوە کە « ژیان و مردنی وەک مەسیح بێت».

بیرنانۆس ئەم بەرهەمەی خۆی زۆر خۆش دەویست و جارێک نوسیبووی: «ئەمە تاکە بەرهەمی منە کە هەرگیز لە نووسینی بێهوا نەبووم، ئەم چیرۆکەم خۆش دەوێت، بەجۆرێک وەک ئەوەی نووسینی خۆم نییە». چیرۆکی قەشەیەکی گەنج کە بۆ ساتێک پێی وایە خودا جێی هێشتووە و دواجار وەک پاسکاڵ دەڵێت کە هەموو شتێک رەحمەتی خودایە، تەریب بە ئازاری مردنی مەسیح بەرەو پێشەوە دەڕوات. لە بەرامبەر ئازارە جەستەییەکانی خاچدا، قەشە گەنجە بە ئازاری شێرپەنجەی گەدە ئاشنا دەبێت و لەبەرئەوەی مەسیح لە خەمی تەنهایی خۆی و ناباوەڕیی ئەوانی دی تێدەگات، قەشە گەنجەکەش ئازار دەچێژێت، چونکە پێی وایە خەڵکی ناتوانن لە رەحمەتی خودایی تێبگەن. ئەوان لەوە حاڵی نابن کە لە ژیانی نزم و پوچی خۆیاندا هەست بە رەحمەتی خواوەند بکەن». ئەم ئیمانە قوڵە کە تێگەیشتن لە رەحمەت بە نیشانەی رەحمەتی خودایی دەزانێت لە راستیدا قەشەکەی وەک قدیسێک بەرجەستە کردووە. ئەمە جوانترین بەرهەمی نووسەرێکە لە جۆرج پۆل لە وەسفیدا دەنووسێت: «سەرەتا شەو بوو».

بیرنانۆس خۆی لەلایەکەوە بڕوای بە مەسیح هەبوو و لەلایەکی دیکەشەوە لە جیهانی دوای نیچەوە گیرۆدەی بێباوەڕی و گومان و دوودڵییەکی قوڵ. یادەوەرییەکانی قەشەی گوند-یش «چیرۆکی شەوێکی خامۆش و تاریکە». کە تیایدا مردن دەرچەی رزگاربوونە و ژیان هیچ نییە جگە لە دڵەڕاوکێ. قەشە گەنجەکە دەنووسێت: «دزێویی دڵەڕاوکێ، بە بڕوای من دزێویی شتێکی ناپاکە... روخساری چێژ بەدەر لە هەموو ساختەکارییەک کتومت روخساری دڵەڕاوکێیە».

یادەوەرییەکانی پزیشکی گوند لە فێبرایەر تا ئەپرێلی ١٩٥٠ لە گوندێکی باکووری فەرەنسا وێنەگرتنی بۆ ئەنجام درا (ئەو گوندە بەهۆی بۆردومانەوە وێران بووبوو). سیناریۆکە، زۆر بەوردی لەگەڵ رەوتی تێکستە ئەسڵییەکە دەڕوات. بریسۆن وتوویەتی: «من گەیشتوومەتە ئەو باوەڕەی، کە لە یادەوەرییەکانی قەشەی گونددا، گرنگیی کۆکردنەوەی ئەزموونی شەخسی و ئەو رێگەیەی کە پێیان دەگەیت، زۆر زیاترە لە خودی ئەزموونەکان... کەواتە بنەڕەتی کارەکەی من وەفاداری بوو بۆ رۆحی دەقە ئەسڵییەکە». فیلمەکە لە سی و حەوت دیمەن دروستکراوە. کە

دەتوانین بەمشێوەیە پۆلێنی بکەین. ١.دیمەنی یەک تا یانزە: یەکەمین قۆناغی ناوەڕۆکی سەرەکیی فیلمەکە (نەخۆشی، ئازار، خەم). ٢.دیمەنی دوانزە تا شانزە: دوەمین قۆناغی ناوەڕۆکی سەرەکی ٣.دیمەنی حەڤدە تا بیست: هەماهەنگی گومان و بێهیوایی. ٤.دیمەنی بیست و یەک تا بیست و هەشت: قوڵبوونەوەی تەنیایی. ٥.دیمەنی بیست و نۆ تا سی و حەوت: بەرەو مەرگی پیرۆز.

پێداگریی بریسۆن لەسەر پاراستنی رۆحییەت و فەزای چیرۆکی بیرنانۆس لە یەکەم گرتەوە هەستی پێدەکرێت. لەم گرتەیەدا دەفتەرێکی قوتابخانە، (دەفتەری یادەوەرییەکانی قەشەکە) دەبینین، وەک ئاماژەیەک بە پاک و بێگەردیی منداڵانەی قەشەکە. دواتر دەستی قەشەکە دەرگاکە دەکاتەوە، لاپەرەکان هەڵدەداتەوە و کامێرا لە لاپەرەی دەفتەرەکە نزیک دەبێتەوە و لە گرتەیەکی کلۆز-دا لاپەرەیەک لە دەفتەرەکە دەبینین. ڤۆیس ئۆڤەر (دەنگی قەشە گەنجەکە) چەند دێڕێک لەسەرەتاوە دەخوێنێتەوە: «پێم وانییە کارێکی نادروست بێت کە لەم دەفتەرەدا رۆژانە و زۆر بە راستگۆیی، بچوکترین و ناچیزترین رووداوەکان، نهێنییە بێ نرخەکانی ژیانێک بنووسمەوە، کە بەهەموو مانایەک بێ نهێنی و راز و رەمزە». بە درێژایی فیلمەکە گرتەی گەورە (کلۆز)ی دەفتەرەکە چەندین جار دووبارە دەبێتەوە و دەنگی دەرەکی (دەرەوەی کادر) تا دوا گرتەکان لە گرنگییەکەی کەم نابێتەوە. چیرۆکی بیرنابۆس بەشەکانی جیاناکاتەوە و گێڕانەوە بە پێی رێکخستنی ناو یادەوەرییەکانی قەشەکە بەرەو پێشەوە دەڕوات. لۆجیکی سەرەکیی فیلمەکە هەمان لۆجیکی بیرنانۆسە واتە «تێکەیشتن لە گرنگیی ئینجیلەکان لە ژینگەیەکی گوندییانەی دوور و پەراوێزدا».. بەڵام هەموو شتێک لەگەڵ پرەنسیب، تێڕوانین و جوانیناسیی بریسۆندا گونجێنراوە. رەگەزە سەرەکییەکانی ناو دەقەکە خراونەتە خزمەتی تەعبیری سینەماتۆگرافەوە و رەگەزی نوێ دروست دەکەن. دیالۆگ (کە بەتەواوی لە چیرۆکەکەوە هاتووە) و ئەوەی کە ڤۆیس ئۆڤەر لە دەقی یادەوەرییەکانەوە هاتووە، بونیادێکی ئینزمامیان لە نێوان هۆشیاری و یادەوەرییدا خوڵقاندووە. جۆرج شارنسۆل نووسیویەتی: «فیلمەکەی بریسۆن نە دروستکردنەوەی تەواوەتی دەقەکە و نە دوورکەوتنەوەیە لە دەقەکە، لەکاتێکدا بەوەفاوە رۆحییەتی بیرنانۆسی گواستووەتەوە، بەڵام بە کەرەستەی زۆر جیاواز لە کەرەستەی ئەدەبی رامانەچڵەکێنێت». شارنسۆڵ دەڵێت کە لە راستیدا بەرهەمەکەی بیرنانۆس و فیلمەکە «دوو بەرهەمن لەگەڵ یەکتر دەجوڵێن، بەڵام ناگەن بەیەک» ئەو پێی وایە کە لەم فیلمەدا ژانستیسم-ی بریسۆن بووەتە جێگرەوەی رۆحییەتی رۆمانتیکی بریسۆن، هەربۆیە دڵەڕاوکێ وەک بەرهەمی ئەم هەلومەرجانەی کە قەشەکە رووبەڕووی دەبێتەوە خۆی نمایش دەکات». مامەڵەیەک کە بریسۆن لەگەڵ یادەوەرییەکانی قەشە ئەمبریکۆردا کردوویەتی بریتییە لە: نمایشکردن و تەعبیرکردنی بە زمانی سینەماتۆگراف (دابەشکردنی بۆ وێنەکان، دەنگی دەرەکی و دیالۆگ) و ئەمەش مانای دوورخستنەوەی ئەم دەقەیە لە کرۆکە ئەدەبییەکەی و گۆرینی لە «دەقێک بۆ خوێندنەوە» بۆ فیلمێکی سینەماتۆگراف».

فیلمێکی تر کە بریسۆن بە پێی بەرهەمێکی بیرنانۆس دروستی کردووە فیلمی موشێت-ە. ئەم فیلمە ئیقتباسێکە لە رۆمانی چیرۆکی نوێی

موشێت. بەرهەمێکە کە بیرنانۆس لە ساڵی ١٩٣٦ دوای یادەوەرییەکانی قەشەی گوند نووسیویەتی. سەرچاوەی سەرهەڵدانی ئەم بەرهەمە تەنها یەک «وێنە» بوو. وێنەی کچێک لەناو پەنابەرە ئیسپانییەکان کە بەهۆی جەنگی ناوخۆی وڵاتەکەیانەوە بەرەو فەرەنسا هەڵهاتبوون. هەموو رۆژێک ژمارەیەکی زۆر لەم خەڵکە ئاوارەیە (کە زۆربەشیان لایەنگری کۆماری بوون) لە شاخەکانی پیرنە دەپەڕینەوە و روویان لە فەرەنسا دەکرد. بیرنانۆس لەناو ئەمانەدا موشێتی دۆزییەوە. ئەو لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ ئەندرێ رۆسۆ، کە لە رۆژنامەی کامدید (١٩٣٧) بڵاوبووەتەوە، دەڵێت: «من بە بینینی ئەو بونەوەرە بچکۆلە بەدبەختە دەستم بە نووسینی چیرۆکی موشێت کرد. کچێکی بچوک کە لە ئۆتۆمبێلێکدا لەگەڵ پیاوەکان دانیشتبوو، دەستی لەسەر ئەژنۆ و دەموچاوی بە تۆزی خەڵوز رەش بووبوو، بەڵام جوان بوو، بە راستی جوان بوو. بە خۆمم وت ئەم روخسارە دەبەخشمە کچێکی بچکۆلە، تێکشکاو بەدەست خەم و ناعەدالەتییەوە». پێشتر بیرنانۆس لە رۆمانی ژێر هەتاوی شەیتاندا، موشێتێکی دیکەی خوڵقاندبوو کە ئەویش دواجار خۆی دەکوژێت. ناونیشانی بەشی یەکەمی ئەو بەرهەمە «چیرۆکی موشێت» بوو. هەربۆیە بیرنانۆس لە سەرەتای کتێبە تازەکەی خۆیدا نووسی: «لە یەکەم لاپەڕەکانی ئەم چیرۆکەوە ناوی موشێت بەرادەیەک لای من ئاشنا و سروشتی دەردەکەوت کە ئیدی نەمتوانی بیگۆرم. موشێتی ئەم چیرۆکە جیاوازە لەگەڵ ئەو موشێتەی ناو ژێر هەتاوی شەیتان. تەنها لەو تەنیاییە خەمناکەدا هاوبەشن کە لە ژیان و مردندا لەگەڵیاندایە». ئەم دوو موشێتە تەنها دوو خۆکوژن لەناو دە خۆکوژی بەرهەمەکانی بیرنانۆسدا.

موشێتی بریسۆن، هەروەک دووەمین موشێتی بیرنانۆس مردنێکی تەمومژاوی و نادیاری هەیە. هەردووکیان گوێ لە دەنگێکی (هەزارانجار ئارامتر لە هەردەنگێک) دەگرن. هەردووکیان لە ئاودا پاک دەبنەوە و لە کۆتوبەندی ژیانی پرئازاری خۆیان رزگار دەبن. ئازارێک کە لە کتێبی پیرۆزدا باسکراوە: «هەموو شتێک ناڕاست و درۆیە. مرۆڤ سوودی چی لەو هەموو ئازارە دەبینێت کە لەژێر ئاسماندا دەیچێژێت... و لە ژێر هەتاودا هیچ شتێک نوێ نییە». بیرنانۆس وتویەتی کە پاش کچە بەخت رەشە ئیسپانییەکە، لە خۆی پرسیوە: «سوودی چییە؟». بۆچی ئەبێ بەرگەی ئازارەکانی ئەم جیهانە بگرین؟ بۆ دەبێ پابەندی ژیان بین کە جگە لە موسیبەت و ئازار هیچی تێدانییە و جگە لە لەمپەر و ئاستەنگی ئارامی پڕ لە نهێنیی خودایی هیچی تر نییە؟ ئەم پرسیارە خەمناکە، بەڵام جەوهەرییە لەناو دڵی فیلمەکەی بریسۆنیشدا خۆی حەشارداوە. ئەم هەموو ئازارە «سوودی چیە؟» و نهێنی ئیقتباسە گەورەکەی بریسۆنیش ئەمەیە: دەبێ دوا پەیامەکە بدۆزینەوە.

لە ناو دەقەکەی بیرنانۆسدا رووداوەکان لە کەمتر لە بیست کاژێردا روودەدەن. بریسۆن لە فیلمەکەیدا ئاماژە بە گوزەری کاتی رووداوەکان ناکات. چیرۆکەکەی بیرنانۆس لە پادۆکالە (باشووری خۆرئاوای فەرەنسا) دەگوزەرێت. بەڵام بریسۆن فیلمەکەی لە ڤیکلۆس (باشووری فەرەنسا) بەرهەمهێناوە. ئەو دەیویست چیرۆکەکە لە ناوچەیەکی پڕ دارستاندا بێت.

هەندێک لە ئاماژە کۆمەڵایەتییەکان، ورووژاندن و تەنانەت چەند کەسایەتییەک لەناو فیلمەکەدا



دۆستۆیڤسکی

لابراون. بە پاراستنی سادەیی و واقیعگەرایی چیرۆکەکە، بریسۆن رەگەزی نوێی هێناوەتە ناو فیلمەکەوە. بۆ نمونە گوزەری لۆرییەکان کە گوندەکە بەشارەکان دەگەیەنێت. بریسۆن خۆی وتویەتی: «ئەم چیرۆکەی بیرنانۆس زۆر سەرنجی راکێشام، چونکە لەناو دەقەکەدا رەگەزی دەرونشیکاری و لێکدانەوە و شیکردنەوەی رووداوەکان بوونی نییە، من جەوهەری چیرۆکەکە وەردەگرم: موشێت لە هەموو شوێنێک دەدۆزینەوە، هەر شوێنێک کە جەنگ، کەمپ، ئەشکەنجە و کوشتار بوونی هەبێت».

چیرۆکی بالتازار، لەلایەن خودی بریسۆنەوە نووسراوە. ئەم فیلمە لە هیچ بەرهەمێکی ئەدبییەوە وەرنەگیراوە و دیالۆگەکانیشی هەر لەلایەن بریسۆنەوە نووسراوە. بەڵام دەتوانین بڵێین کە بریسۆن لە نووسینی چیرۆک و دیالۆگدا لە ژێر کاریگەریی بەرهەمەکانی بیرنانۆسدایە. ژینگەی گوندنیشن، ئەو مرۆڤانەی کە لە نێوان هەڵبژاردنی چاک و خراپەدا ماندوو بوون و تیاماون، بوونی کەسێکی وەک ئەرنۆڵد کە ئارسنی شەقاوەی ناوی موشێت–مان بیردەخاتەوە. (وەک شتێکی ناوازە، لە بەرهەمەکانی بریسۆندا، یەک ئەکتەر رۆڵی ئەم کەسایەتییە دەبینێت). لە هەموویشی گرنگتر کاریگەیی گەورەی کتێبی پیرۆز لە فیلمەکەدا، بەرهەمەکانی بیرنانۆسمان بیردەخاتەوە. جیهانی فیلمی بالتازار، جیهانێکی پر کارەسات، کینە و رقی فەرەنسای شەستەکانە. جیهانی ئەو گەنجانەی کە چاکەتی چەرمیان لەبەردایە، سواری ماتۆرِ سیکل دەبن، پۆلیس دوای کەسێکی بێ تاوان کەوتوون و دەستگیری دەکەن، جیهانی قاچاخ، تاوان، ئەشکەنجە، دەستدرێژی بۆ سەر کچانی گەنج، و بەکورتی: دنیای شەڕ و خراپە. جیهانێک کە بالتازار تیایدا بونەوەرێکی زیادەیە و پاش شەوێکی درێژ لە ئازار، سپێدەیەک لای گردەکان و لەناو رانە مەرێکدا دەمرێت».

### ٣.بریسۆن و دۆستۆیڤسکی

بریسۆن دوو رۆمانی بچوکی دۆستۆیڤسکی یەک لەدوای یەک کردووەتە فیلم. فیلمی «ژنێکی هێمن» بەپێی چیرۆکی «رۆحی هێمن» و فیلمی «چوارشەوی خەون بینێک» بەپێی چیرۆکی شەوە سپییەکان دروست کراوە. بریسۆن هەر دوو چیرۆکەکەی لە فەزای سان پیترزبۆرگەوە بەرەو پاریس گواستووەتەوە. زەمەنی ناو رۆمانەکەشی گۆڕیوە بۆ زەمەنی ئێستا. زۆر لە رەخنەگران سیناریۆی فیلمی «گیرفانبڕیش» بە ئاوێتەی رۆحییەتی بەرهەمەکانی دۆستۆیڤسکی دەزانن و پێیانوایە ئەم بەرهەمە لەژێر کاریگەریی تاوان و سزادا دروست کراوە. بە راستی میشێلی گیرفانبڕ زۆر هاوشێوەی راسکلۆلینکۆفە. چونکە ئاشنایە بە وەسوەسەی گوناە و خراپە و هاوکات بڕواشی بە بوونی پاکی و بێگەردی پەیوەندیی مرۆڤەکان هەیە. بەڵام بە گشتی دەتوانین بڵێین هەموو بەرهەمەکانی بریسۆن هەریەکە و تا رادەیەک پەیوەستن بە بیرکردنەوەی

## به گشتی دەتوانین بڵێین هەموو بەرهەمەکانی بریسۆن هەریەکە و تا رادەیەك پەیوەستن بە بیرکردنەوەی دۆستۆیڤسکییەوە

دۆستۆیڤسکییەوە.

بریسۆن هەمیشە زۆر بە قوڵی دۆستۆیۆفسکی ستایش دەکرد، هۆکاری ئەمە تاڕادەیەک ئاشکرایە، دۆستۆیڤسکیش بەو پرسیارانە ئاشنایە کە بریسۆن دەستوپەنجەی لەگەڵ نەرم دەکردن، رەحمەتی خواوەند، ئیمان، تەنیایی، هەڵبژاردن لە نێوان چاکە و خراپەدا. هەڵبەت ناتوانین تێڕوانینی عارفانە و مەسیحییانەی دۆستۆیڤسکی (کە رەگوڕیشەی لە نەریتە کۆنەکانی ئایینزانی ئۆرتۆدۆکسیدایە) بە نزیک لە تێڕوانینی ژانستیستەکان بزانین. بەڵام هەڵەیە ئەگەر لەکاتی باسکردنی رەچەڵەکی دینیی دۆستۆیڤسکیدا تەنها ئاوڕ لە یەک بونیاد، واتە ئایینزای ئۆرتۆدۆکسی بدەینەوە. دۆستۆیڤسکی بە بەرهەمەکانی پاسکال ئاشنا بوو و باسوخواسی نێوان ژانستیستەکان و ژزۆڤیستەکانی دەناسی. (لەلایەکی دیکەوە ئەم نووسەرە ئاگاداری عیرفانی رووسی-یەهودی بوو و کاریگەریی زۆری لەسەر بەهەمەکانی داناوە). بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە هۆگری بریسۆن بۆ دۆستۆیڤسکی تەنها لە رەهەندە دینییەکانی ئەم نووسەرەدا کورت نابێتەوە. بریسۆن لە روانگەی جوانیناسانەیشەوە کاریگەریی دۆستۆیڤسکیی لەسەرە. بریسۆن زۆر ستایشی شێوازی ئەوی دەکرد کە چۆن بە ناخی کەسایەتییەکانی ناو رۆمانەکانیدا ڕۆدەچێت. ئەم نووسەرە گەورە رووسە بەبێ بەکاربردنی راستەوخۆی چەمکە دەروونناسییەکان لە رێگەی ناسینی دەروونییانەوە، پاڵەوانەکانی بە ئێمە دەناسێنێت. لە راستیدا ئەو لە بری دەروونی پاڵەوانەکان، بوونی دەروونی ئەوان دەخاتەڕوو. لەلایەکی ترەوە دۆستۆیڤسکی هەروەک نیتشە لە رێگەی خستنەڕووی پرسیاری نەهیلیزم رێگەیەکی نوێی بەسەر بیرمەندانی دوای خۆیدا کردووەتەوە و هەموو بەشێک لە مرۆڤی یاخیی ئەلبێر کامۆ بێگومان لەژێر کاریگەریی بیرکردنەوەی دۆستۆیڤسکیدایە. بریسۆن-یش وەک زۆربەری بیرمەندانی ئەوروپا لەدوای جەنگ، لە بیرکردنەوەی ئەم نووسەرە نزیک کەوتەوە. چونکە خۆی راستەوخۆ «بێ بایەخ بوونی زەمینەی بوون» (دۆستۆیڤسکی) و «بێ بەهابوونی هەموو بەهاکان» (نیچە) ئەزموون کردبوو و زۆر لە نزیکەوە لە مانای ستەمکاری، فاشیزم، دەمارگیری، جەنگ تێ گەیشتبوو.

بریسۆن بەمجۆرە دۆستۆیۆفسکی ستایش دەکات: «دۆستۆیڤسکی رێز لە هەست ئەگرێت، هەموو شتێکی لای ئەو دروستە، هەمیشە و بەرەهایی هەمیشە ئەو ڕاست دەکات، من رێگە بەخۆم نادەم دەست بۆ رۆمانە گەورەکانی ببەم. ئەو بەرهەمانە لە رووی وێنەییەوە لە لوتکەی جوانیدان. من تەنها دوو بەرهەمی کورتی ئەوم هەڵبژاردووە، چونکە دەمتوانی بیانخەمە خزمەتی خۆمەوە، لەبری ئەوەی خۆم بخەمە خزمەتیان». دیسانەوە لە گفتوگۆیەکی تردا دەڵێت: «دۆستۆیڤسکیم هەڵبژارد لەبەر ئەوەی لای من گەورەترینە، خۆم لە رۆمانە گەورەکانی کە لە رووی جوانییەوە لە لوتکەدان، نزیک نەخستەوە. ئەو بەرهەمانە زۆر ئاڵۆزن و بەتەواوی بەرهەمی ڕووسین، ئەو دوو بەرهەمە سادەیە بۆ کاری من باش بوو».

فیلمی (ژنێکی هێمن) لە (کرۆتکایا: رۆحی هێمن) ئێقتباسکراوە. کە دۆستۆیڤسکی لە نۆڤەمبەری ١٨٧٧ لە کتێبی یادەوەرییەکانی نووسەرێکدا باسی کردووە، دۆستۆیڤسکی لە پێشەکییەکی کورتدا ڕوونی دەکاتەوە کە بۆچی ناچاربووە ئەم بەشەی یادەوەرییەکانی لە قاڵبی چیرۆکێکی

کورتدا بگێڕێتەوە و بۆچی شێوازێکی هەڵبژاردووە کە تا رادەیەک نائاساییە. ناونیشانی دووەمی بریتییە لە (چیرۆکێکی خەیاڵی). دۆستۆیڤسکی هەر لەم پێشەکییەدا پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە چیرۆکەکە لای ئەو زۆر واقیعگەرایە و رەهەندە خەیاڵییەکەی لە دەربرین و فۆرمەکەیدایە. ئەو دەنووسێت کە شێوازی تەعبیری ئەم چیرۆکە تازە نیە و پێشتر لەلایەن ڤیکتۆر هۆگۆ لە (دوارۆژی مەحکومێک) بەکارهێنراوە. لەکاتی خوێندنەوەی یادەوەرییەکانی نووسەرێک، تێدەگەین کە دۆستۆیڤسکی لەناکاو پرسیاری «خۆکۆژی»ی لا وروووژێنرا. ئەو نووسیویەتی: «لە رووسیای ئێمەدا ئەوەی کە پێی دەڵێن هێزی ژیان، واتە هەستی زیندووبوون خەریکە بەرەو مردن دەڕوات». ئەم نائومێدییە کە یەکێک بوو لە خەسڵەتەکانی بیرمەندانی ئەو سەردەمەی رووسیا، رەنگدانەوەی واقیعی دواکەوتوویی بوو لە هەموو لایەنەکانی ژیان کۆمەڵگەی رووسی. دۆستۆیڤسکی لەدرێژەی گرنگیدان بە پرسیاری «مەرگ وەک هێزی ژیان» چەندین راپۆرتی لەسەر خۆکوژیی هەندێک کەس کۆکردەوە، کە لە کتێبی یادەوەرییەکانی نووسەرێک سێ نموونەیان باس کراوە. یەکەمین خۆکۆژیی ژنێکە بە ناوی (پیساروا) کە تەمەنی بیست و پێنج ساڵان بوو و لە نامەی پێش خۆکوشتنەکەیدا نووسیویەتی: «بە رادەیەک ماندووم پێویستم بە پشووە». دۆستۆیڤسکی چەند بە باشی ئەم مرۆڤە ماندووانەی دەناسی: «هەموو شتێک پڕە لە ماندوویەتی کە مرۆڤ ناتوانێ تەعبیری لێ بکات.. ئەوەی هەبووە هەر ئەوەیە کە دەبێت، ئەوەی بووە هەر ئەوەیە کە لە داهاتوودا دێتە بوون» (کتێبی پیرۆز، بابی یەکەم ٨). دووەمین حاڵەتی خۆکوژی نامەیەکە کە هاوڕێیەکی دۆستۆیڤسکی لە تاراوگەوە بۆی ناردووە و تیادا روونکردنەوەیەک لەسەر خۆکوژیی کچە گەنجەکەی هێرتسن (بیرمەند و شۆڕشگێری بەناوبانگی رووسی) باس کراوە. دۆستۆیڤسکی لە کۆتایی راپۆرتەکەدا بە دەستوخەتی خۆی نووسیویەتی: «لەم خۆکوژییەدا هەموو شتێک پڕنهێنی و ئاڵۆزە، کچەکەی هێرتسن زۆر بە سادەیی لە تاو تاریکی و بێزارییەوە مردووە».

حاڵەتی سێیەمیش راپۆرتی خۆکوژییەکە کە بەهەمان هۆکاری (تاریکی) مردووە. دۆستۆیڤسکی دەنووسێت: «نزیکەی مانگێک بەر لە ئێستا هەموو رۆژنامەکانی پیترزبۆرگ تەنها چەند دێڕێکیان دەربارەی خۆکوژییەکەوە نووسیوە، کە لەم شارەدا ڕووی داوە. ماری بۆرسۆف کچێکی گەنجی هەژار و پیشەی بەرگدورین بوو، لە پەنجەرەی ژورەکەی لە نهۆمی چوارەمەی بینایەک خۆی هەڵداوەتە خوارەوە. ئەو نەیدەتوانی کارێک بدۆزێتەوە. لە دەستیدا پەیکەری مریەمی پیرۆزیان دۆزییەوە. خوا نەیدەویست ئەو زیندوو بێت، ئەو مرد. لەکاتێکدا دۆعایشی کردبوو. لەم چیرۆکەدا شتێک بوونی هەیە کە ماوەیەکی زۆر بیرکردنەوەی ئێمە بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکات (هەرچەندە لە یەکەم تەماشادا رووداوێکی سادە دیارە) وەک بڵێی ئێمە لەم مردنەدا تاوانبارین. ئەم رۆحە هێمن و ئارامە کە خۆی لەناو بردووە، بێ ویستی خۆی بیرکردنەوەمان ئەشکەنجە دەدات». دۆستۆیڤسکی ئەم سێ حاڵەتەی پێکەوە گرێ داوە. ژنە ئارام و هێمنەکەی ناو چیرۆکەکەی دۆستۆیڤسکی کە خۆی دەکوژێت ئەو سێ ژنەی دیکەی تێدا کورت کراوەتەوە. چیرۆکەکە لەلایەن هاوسەری ژنە

# بریسۆن لە روانگەی جوانیناسانەیشەوە
# کاریگەریی دۆستۆیڤسکیی لەسەرە

گەنجەکەوە دەگێردرێتەوە. لەکاتێکدا تەرمی ژنەکە لەسەر دوو مێزی یاری لە ناو ژوورەکەدا دانراوە، پیاوەکەش بەدەم گێڕانەوەی چیرۆکەکەوە پیاسە دەکات و ددان بە شتەکاندا دەنێت. ددان بەوەدا دەنێت کە لە ژیانی هاوبەش لەگەڵ ژنەکەدا لە چ شوێنێکدا خەتابارە. (ددانپێدانان رەگەزێکی گرنگیی ناو بەرهەمەکانی دۆستۆیڤسکییە). شێوازی گێڕانەوەی پیاوەکە لە ئەدەبی سەدەی نۆزدەیەمدا بێوێنەیە. هەرچەندە دۆستۆیڤسکی ئەمەی بە شێوازی ڤیکتۆر هۆگۆ بەراورد کردووە. بەڵام ئەمرۆ لەبەر پێشکەوتنی تەکنیکی نووسین لەم سەدەیەدا زۆر بە سادەیی دەتوانین بڵێین کە دۆستۆیڤسکی لە ١٨٧٠ یەکەمین نموونەی «شەپۆلی هۆش» و خرۆشانی یادەوەری»—تەنانەت پێش جیمس جۆیس و ڤێرجینیا ڤۆلف- کەوتووە. ئەو گوزارشتی «لۆجیکی» ئەدەبی تێکشکاندووە و وێنەی تێکەڵوپێکەڵ ئەو رووداوە دەخاتە ناو بیرکردنەوەی پیاوەکەوە. پیاوەکە بە دەنگی بەرز بیرکردنەوەی خۆی دەڵێتەوە و بەپێی خرۆشانی یادەوەرییەکان، باسی گوناهەکانی خۆی دەکات (کە پێی وایە کاریگەرییان لەسەر خۆکوژی ژنەکە هەبووە): «تا کاتێک ئەو لێرە هەموو شتێک باشە و لەجێی خۆیەتی. ئەتوانم هەر ساتێک بمەوێت لێی نزیک بمەوە و سەیری بکەم. بەڵام سبەی دەیبەن و من بەتەنیا چی بکەم؟ ئێستا ئەو لەم ژوورەردا و لەسەر مێزەکە ڕاکشاوە. دوو مێزی یارییەکەیان لەیەکتر نزیک کردووەتەوە. سبەی تابووتەکە ئامادە دەبێت».

پیاوەکە، زێڕنگەرێکی پەنجا ساڵانە کە رۆژێک کچێکی گەنج، شانزە ساڵ، قەدباریک و باڵا مامناوەند بە جوتێک چاوی شینەوە، بۆ فرۆشتنی چەند تاک بازنە دێتە دوکانەکەی. پیاوەکە بە خۆی دەڵێت: «ئەبێ ئەم کچە هی من بێت». لە دیداری دووەمدا بە پارە یارمەتی دەدات. دوای چەند جارێک یەکتر بینین پێشنیاری هاوسەرگیری بۆ دەکات. کچەکە رازی دەبێت و ژیانی هاوبەش دەست پێدەکات. پیاوەکە تەنها بیر لەوە دەکاتەوە کە باشتربوونی خۆی بەسەر کچەکەدا بسەلمێنێت. هەوڵدەدات بە رەفتاری سارد و وشک کچەکە ناچار بە گوێڕایەڵی بکات. ژنەکە قبوڵی ناکات. سەرەتا بێدەنگ دەبێت، بە رۆژدا دەچێتە دەرەوە و بە پیاوەکە ناڵێت لەکوێ بووە و چی کردووە. سەرلەبەیانییەک، پیاوەکە تاقیکردنەوەیەک ترسناک



بریسۆن

دەکات. تفەنگێک دەخاتە بەردەست کچەکە و خۆی وادەردەخات کە خەوتووە. ژنەکە هەوڵ دەدات بە تفەنگەکە بیکوژێت. ناتوانێت. ژنەکە شتکستی هێناوە و لەپێ دەکەوێت: «لە یاریی مەرگ و ژیاندا بەسەریدا سەرکەوتم». کچەکە نەخۆش دەکەوێت، پیاوەکە کە دەبینێت شکستی هێناوە بەزەیی پێدادێتەوە، بەڵام هەمیشە چێژ لەسەرکەوتنەکەی دەبینێ، بەهار دێت، کچەکە بەتەواوی نەخۆش و لاواز بووە، بەڵام بەیانییەک هەموو شتێک دەگۆڕێت. ژنەکە بەبێ هیچ شتێک هەر لە خۆیەوە دەست بە گۆرانی وتن دەکات: «وەک ئەوەی لەبیری کردووە من لەوێ بووم». پیاوەکە بیر لەوە دەکاتەوە کە لایەنی پڕ لە کێشە و ئازاری پەیوەندیی نێوانیان کەمتەرخەمیی ژنەکەیە. لەناکاو هەست دەکات خۆشی دەوێت. پیاوەکە بەتەواوی شکست دەهێنێت. خۆی دەخاتە بەر پێی ژنەکەی و بە شێتی و خۆشییەوە قاچەکانی ماچ دەکات. ژنەکە تووشی حاڵەتێکی عەسەبی دەبێت، کاتێک دێتە هۆش خۆی، رستەیەکی زۆر سەرسووهێنەر دەڵێت: «بەڵام من پێم وابوو تۆ بەمجۆرە جێم دەهێڵی». پیاوەکە هیچ لەم قسەیە ناگات. لە بەردەم ژنەکەدا ددان بەهەموو شتێکدا دەنێت. بەڵام لە راستیدا هیچ شتێک نەچووەتەوە شوێنی خۆی و ئێستا: «ئەو کوێرە، کوێر. ئەو مردووە و ناتوانێت گوێی لە هیچ شتێک بێت». پیاوەکە دەڵێت: «ئەی سروشت، مرۆڤ لە سەر زەوی چەند تەنیایە».

خۆکوشتنی ژنەکە لەلایەن لۆکریا، کارەکەری ماڵەکەوە دەگێڕدرێتەوە: «لەوێ لای دیوارەکە و نزیک پەنجەرەکە وەستابوو، سەری لەناو شانەکانیدا و پاڵی دابوو بە دیوارەکەوە و بیری دەکردەوە، بەجۆرێک لەناو بیرکردنەوەدا بوو کە هاتمە ژوورەوە و لە تەنیشتییەوە سەیرم ئەکرد گوێی لە دەنگی پێم نەبوو و هەستی بە بوونی منیش نەکرد. هەستم کرد پێدەکەنێت، لەوێ وەستاوە، بیردەکاتەوە و پێدەکەنێت. دیسان سەیرم کرد. ئاوڕی بۆ ئەولا دابوویەوە و لێم دوور دەکەوتەوە. لەناکاو گوێم لە دەنگی کردنەوەی پەنجەرەکە بوو. ویستم بیری بخەمەوە هەوا ساردە و رەنگە نەخۆش بکەوێت، کە لەناکاو سەیر ئەکەم لەسەر لێواری پەنجەرەکە وەستاوە. ئەو لەسەر ئەو بەرزاییە، پشتی لەمن بوو و پەیکەرەکەی لەناو دەستیدا دەگوشی. هاورام کرد: «خانم، خانم!». گوێی لە دەنگم بوو. هەستم کرد جوڵەیەکیشی کرد بۆئەوەی سەیرم بکات. بەڵام وای نەکرد. هەنگاوێکی بەرەو پێشەوە هەڵگرت، پەیکەرەکەی لەسەر سنگی گوشی و خۆی هەڵدایە خوارەوە».

من بە ئەنقەست ئەم بەشەی چیرۆکەکەم گێڕایەوە بۆ ئەوەی بەراوردێک لە نێوان ئەم دیمەنە و خۆکوژییەکەی ناو فیلمی (ژنێکی هێمن)دا بخەمەڕوو. لە سەرەتا و کۆتایی فیلمەکەی بریسۆندا ئەمانە دەبینین. دەستی کارەکەرەکە دەرگاکە دەکاتەوە. دەرگاکە دەکرێتەوە، کارەکەرەکە سەیری پەنجەرە کراوەکەی سەر باڵکۆنەکە دەکات، با لە پەردەکان دەدات، کورسییەک دەلەرێتەوە و گوێمان لە دەنگییەتی. مێزێکی بچووک هەڵدەگەڕێتەوە، ئینجانەکە دەکەوێتە سەر زەوی بەڵام دەنگێکی گەورەی لێ بەرز نابێتەوە. گرتەی دەرەوە: لە ئاسماندا پەڕۆیەکی سپی بە هێواشی، وەک پەرییەک لەهەوادا دێتە خوارەوە. دەنگی ستۆپی ئۆتۆمبێل و دەنگەدەنگی خەڵک. لەناو شەقامەکەدا لە بەر قاچی خەڵک، لەسەر جادەکە، تەرمی ژنێکی گەنج کەوتووە. بەدەمدا کەوتووە و گۆنای چەپی

لەسەر قیرەکەیە.
لەم چیرۆکەی دۆستۆیڤسکیدا دەتوانین پەی بە گرنگترین رەگەزەکانی جیهانی ئەم نووسەرە ببەین. پیاوێک کە خەسڵەتی «مرۆڤێکی ژێرزەمینی» هەیە. هەوڵدانی ئەو بۆ سەلماندنی گەورەیی و باڵایی خۆی لە ئاست ئەوانی تردا، جیابوونەوەی قوڵ و دەروونی مرۆڤەکان لەیەکدی، و دواجار پێداگری لەسەر ئەو بۆچوونەی کە «دەکرا هەموو شتێک بەجۆرێکی دی بێت». کەسایەتیی ژنەکە، بێدەنگی لە بن نەهاتوو و باوەڕی دینیی ئەو و هەڵبژاردنی «گوناهی خۆکوژی» چەند نموونەیەکی دیکەن لە تێما گرنگەکانی ئەم نووسەرە گەورە ڕووسیە. بریسۆن بەر لە هەر شتێک لە روانگەی جیابوونەوەی رۆحیی ژنی هێمن و هاوسەرەکەیەوە خستۆتەڕوو و تەریب بەمەش لایەنە مێتافیزیکی و ئازارە مەعنەوییەکانی ژنەکەی باس کردووە. ئەمە بۆ یەکەمین جارە لە بەرهەمەکانی بریسۆندا ژن و مێردێکی گەنج هەیە. لە نێوانیاندا دیالێکتیکی رۆح و جەستە بوونی هەیە (وەک چۆن لە فیلمی گیرفان بڕیشدا دیالێکتیکی رۆح و دەست هەیە). لە فیلمەکەی بریسۆن، جوانییەکی بێوێنە، جۆرێک ناسکی کاتی گەنجی، لەگەڵ حەسرەتی ژیانێکی ناکامی ژنەکە گەنجەکە دەبینین. بریسۆن گێڕەرەوە پەنجا ساڵەکەی ناو چیرۆکەکەی وەک پیاوێکی گەنج نیشان داوە و ژنە هێمنەکەش زۆر جوانتر لە دەقە ئەسڵییەکە وێناکراوە. سەردەمێک بریسۆن وتبووی: «هەموو فیلمێک بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە بژاردە و بونیادێک دەبەستێک». ئەم فیلمە نموونەیەکی سادەیە بۆ تێگەیشتن لەم قسەیەی بریسۆن. بونیادی فیلمەکە گەڕانەوەیە بۆ دواوە. دوای یەکەم گرتەکانی خۆکوژیی ژنەکە، ئێمە زۆر بە قوڵی بەرەو دواوە دەگەڕێینەوە و چیرۆکەکە بە شێوەیەکی ئۆرگانی و بێ پچڕانی بیرکردنەوەی گێڕەرەوە بەردەوام دەبێت. بە درێژایی فیلمەکە دە جار بۆ سەردەمی ئێستا دەگەڕێینەوە، واتە ئەو کاتەی کە تەرمی ژنەکە لەسەر مێزەکە دانراوە. ریتمی فیلمەکەی زۆر خاوتر و کاوەخۆترە لە دەقەکەی دۆستۆیڤسکی. لە فیلمەکەدا خرۆشان و هەستەکانی پیاوەکە نیشان نادرێت. تۆنی سارد و هێمنی ئاخاوتنی پیاوەکە قوڵی و توندی کارەساتەکە دەسەلمێنێت.
زۆر بەخێرایی دوای کۆتایی وێنەگریی ژنێکی هێمن، بریسۆن دەستی بە دروستکردنی «چوار شەوی خەونبینێک» کرد، کە ئیقتباسێکە لە شەوە سپییەکانی دۆستۆیڤسکی. ئەم فیلمە لە ساڵی ١٩٧١ نمایش کرا و لە زۆر لایەنەوە هاوشێوەی فیلمی ژنێکی هێمن-ە. دۆستۆیڤسکی لە ساڵی ١٨٤٧ کە تەمەنی بیست و شەش ساڵان بوو، شەوە سپییەکانی نووسیوە. لە ساڵی ١٨٤٩ بڵاوی کردەوە. چیرۆکەکە دوو ناونیشانی هەیە: چیرۆکێکی هەستبزوێن یاخود یادەوەرییەکانی خەونبینێک. ئەم چیرۆکە لەناو هەموو بەرهەمەکانی دۆستۆیۆفسکی جیاوازە. پڕ لە شادی، گەنجانە و عاشقانەیە. رەنگدانەوەی رۆحییەتی نووسەرێکی گەنج کە هێشتا دەستی نەداوەتە قوڵبوونەوە بە ناخی رەشی مرۆڤەکاندا. چیرۆکێکی واقیعییە و دۆستۆیڤسکی پێداگری لەسەر ئەوە کردووە کە سەرباری ناونیشانەکەی «بەتەواوی لە ژیانی راستییەوە وەریگرتووە». رەنگە هەر لەبەر ئەمەش بێت هەندێک لە رەخنەگرەکان هەوڵیانداوە رەگوڕیشەی چیرۆکەکە لە رووداوێکی هاوشێوەی ژیانی دۆستۆیڤسکیدا بدۆزنەوە. بەهەرحاڵ

# دۆسیە

چیرۆکەکە رۆحییەتی گەنجانەی خەونبینەکەمان بۆ دەخاتەڕوو و دۆستۆیڤسکیش کەسێکی خەونبین بوو. دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان چیرۆکەکە و گەنجبوونی نووسەرە خەونبینەکەی، هێڵێکی جیاکەرەوەی لە نێوان ئەم بەرهەمە و سەرجەم بەرهەمەکانی دیکەی نووسەردا دروست کردووە. گێڕەرەوەی چیرۆکەکە گەنجێکی تەنها، ئایدیالیست و بێ ئامانجە. ئەمجۆرە بیرمەندانە لە بەرهەمی زۆربەی نووسەرە رووسییەکانی ئەو سەردەمەدا دەبینرێت. ئەوان بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ سیستەمی سیاسیی ستەمکاریی رووسیادا کۆک و تەبا نەبوون، نەیاندەتوانی رێگەچارەی دەربازبوونی کۆمەڵگە لە کێشەکان بدۆزنەوە. بەرامبەر بە نەریتی کولتووری رووسیا کەمتەرخەم بوون و تا رادەیەک هۆگری ئەوروپای خۆرئاوا و رۆحییەتە ئازادیخوازانەکەی بوون. مرۆڤی بێ چین، گونجاو بە ژیانی رۆمانتیکی ئەوروپی، بەڵام هەرچۆنێک بێت دیوە رووسییەکەی ئەو رۆحییەتە بوون. جۆرە غەریزەیەکی توند و سەرکەش لە ناخیاندا هەبوو. ئەم ئایدیالیستانە لە بازارۆڤی پاڵەوانی باوکان و کوڕانی تورگنیۆف تا پیوتەر ترۆفیموف باخی گێلاسی چیخۆف، هەموو ئەدەبی رووسی نیوەی دووەم سەدەی پێشویان داگیر کردووە. پاڵەوانە خەونبینەکەی شەوە سپییەکانیش هاوشێوەی پاڵەوانەکانی تورگینۆفە. نەک تەنها لەبەر ئەوەی گێڕەرەوە (مرۆڤێکی زیادەیە)، پەیوەندیی عاشقانەی نێوان دوو رۆح لە پەیوەندی دوو جەستە بەباشتر دەزانێت، بەڵکو لەبەرئەوەی کە فەزای چیرۆکەکە (سپییە/ ڕووناکە). رووداوەکان لە جیهانی دەرەوەدا بونیان هەیە و رەنگدانەوەی زیهن نین. سادەیی و ئارامی چیرۆکەکە، پەیکەرسازی بەهێز و سادەکەی، چیرۆکەکانی تورگنیۆفمان بیردەخاتەوە.

گێڕەوە پیاوێکی گەنجی ئایدیالیستە، تەنهایە و پترزبۆرگی خۆش دەوێت. ئەو لە خەونە بێ ئاکامەکانی خۆیدا دەژی. لە شەوێکی رووناکدا. گێڕەرەوە لە کەنار رووبارێکدا کچێک بە ناوی ناستنکا دەبینێت. پێکەوە ئاشنا دەبن و باسی خەونەکانی خۆی بۆ دەکات: «ناستنکا ئایا دەزانی کەسێکی خەونبین چ جۆرە کەسێکە؟» چوارچێوەی سادەی چیرۆکەکە کە لە چوار شەو و بایەنییەکدا روودەدات، بریتییە لە گێڕانەوەی هۆگریی پیاوەکە گەنجەکە بە ناستنکا، خۆشەویستی کچەکە بۆ پیاوێکی تر کە بەجێی هێشتووە. گەڕانەوەی خۆشەویستیی کچەکە و جیابوونەوەی گێڕەوە لە کچەکە. لە پشت ئەم چیرۆکە سادەیەوە، باسی خەونەکانی کورەکە (ددانپێدانانەکانی) هەیە و ئەمەش لە رووناکیی کزی شەوە سپییەکانی پترزبۆرگ روودەدات، کە سنوری نێوان خەون و بێداری تێکدەشکێنێت. چیرۆکە بەدەر لە عەشقی ناکامی گێڕەوە بۆ ناستنکا، چیرۆکێکی پڕ هیوا و نورانییە. گێڕەوە بەرەو دەرەوەی شار (بۆ ناو سروشت) دەڕوات. لەگەڵ ناستنکا گورانی رۆسینی دەڵێنەوە، گۆرانی سەرەتاکانی سەرتاشەکەی سڤیلیا. تەنانەت لە کۆتایشدا ئەگەرچی خۆشەویستیەکە ناکام بووە، بەڵام هیچ خەمێک نابینین. تاستنکا بەدەم جێهێشتنی گێڕەوە دەڵێت: «ئاە خوایە.. خۆزگە بمتوانیایە هەردووکتانم پێکەوە خۆش بوێت... خۆزگە تۆ لەبری ئەو بویتایە». لەگەڵ هەموو ئەمانەش گومانێکی جوان بەجێ دەمێنێت: ئایا هەموو ئەم چیرۆکە یەکێک لە خەونەکانی کورە گەنجەکە نییە و ئەگەر وابێت، ناکامییەکانی ناو خەون زۆر سەخت نییە. هەمیشە ئەگەری گۆڕینی

رووداوەکان هەیە. بریسۆنیش دەربارەی کۆتایی فیلمی چوارشەوی خەونبینێک لە گفتوگۆیەکدا دەڵێت: «دیمەنی کۆتایی زۆر نائومێدانە، بەڵام بەبێ هیچ خەمێکە. هونەرمەند بەرەو نێگارکێشان دەگەڕێتەوە تا دیسان سەرقاڵی خەونەکانی خۆی بێت، ئەمە کۆتاییەکەی تەمومژاوییە». لەلایەکی دیکەوە شەوە سپییەکان لەلایەن لۆچینۆ ڤیسکۆنتی ساڵی ١٩٥٧ کراوە بە فیلم.




لە فیلمەکەی ڤیسکۆنتیدا گوزەر لە خەونەوە بۆ واقیع وەک جوانی شیعرێک کراوە بە وێنە. فیلمێکی رەش و سپیە بە مۆسیقای نینۆرۆتا و بە بەشداریی ماریا شێل و مارچێلۆ ماسترۆیانی. فیلمەکەی ڤیسکۆنتی بەوپەڕی وەفاوە بۆ چیرۆکەکە، هەوڵدەدات پترزبۆرگی ١٨٧٠ دروست بکاتەوە و نموونەیەکی شاکاری ئەم بەرهەمە ئەدەبییە دروست بکات. بەڵام فیلمەکەی بریسۆن بەجۆرێکی دیکەیە: بەرهەمێکی سینەماتۆگرافە. وەک لویس سگین دەڵێت ئەگەرچی ڤیسکۆنتی لە رووی وێنەییە زیاتر لە بریسۆن بەوەفاوە مامەڵەی لەگەڵ دەقەکە کردووە، بەڵام بریسۆن لە رێگەی بەکاربردنی رەمزەکانی دنیای هاوچەرخ، جیاکردنەوەی دەنگ و وێنە و یارمەتیی ڕەنگەکان توانیویەتی شەفافییەت و ڕوونیی سەرەکیی چیرۆکەکە کەشف بکات. بریسۆن رەگەزی شوێنگەیی چیرۆکەکەی گۆیوە. شاری قەرەباڵغی پترزبۆرگی بۆ پاریسی هاوچەرخ گواستووەتەوە و هێمنیی خەیاڵی کەنار رووبارەکەی زۆر بە بەهێزی خولقاندووە. رووبار و شەقامەکانی تەنیشتی کە لە دەقەکەی دۆستۆیڤسکیدا زۆر گرنگن، لە فیلمەکەی بریسۆنیشدا دەبن بە زەمینەی بنەڕەتی بۆ بەرەوپێشچونی چیرۆکەکە. دیکۆری فیلمەکە سروشتییە (شەقامەکانی تەنیشت رۆدسەن، پردی بەناوبانگی پۆن نەف، پەیکەری هێنری چوارەم، شەقامی سان میشێل، باخێکی بچوک). مرۆڤەکانی ناو فیلمەکەش هەرئەو کەسانەن کە هەموو رۆژێک لە «کارتیەلاتن» دەیانبینین. خوێندکاری زانکۆ، هونەرمەندی بێ ناوبانگ. هەر هەمان خەونبینەکان.

هەمان دەنگ و مۆسیقا، هەمان شێوازی جلوبەرگ، لە هەمووی گرنگتر هەمان شێوازی نیگاکردن.
بریسۆن لە پیاسەیەکی بەرەبەیانی ژاک لە باخی ناو کۆڵانەکەدا، شوێنگۆڕکێ لە شارەوە بۆ فەزای کراوەی دەرەوەی شار کە لە چیرۆکەکەدا باس کراوە، نمایش دەکات. ئەو لە بری خستنەڕووی خەونەکانی گێڕەوەی چیرۆکەکە، وا بەباشتر دەزانێت شێوەیەکی بەرهەستتر ببەخشێتە ئەم خەونانە. لەبەر ئەمەش ژاک وەک نیگارکێشێک دەناسێنێت و لە هەندێک لە جوانترین گرتەکانی فیلمەکەدا دەیبینین کە لە شوقە گەورە و چۆڵەکەی خەریکی کێشانی وێنەی ئەبستراکتە. بەڵام خاڵی گرنگ لە بەرهەمەکەی بریسۆندا بوونی پەیامە سەرەکییەکەی دۆستۆیڤسکییە. بریسۆن، نهێنیی تەنیایی، گەڕانی دەروونیی رۆژەکان و رەوتی ناکۆتای خەون لە شەودا، پاکیزەیی و تەقوای مرۆڤ و دەربازبوونی لە واقیعی کەشف کردووە. ئەو نهێنییەکی دۆزیبووەوە کە کانتی فەیلەسەفی زۆر بە قوڵی وروژاندبوو: «هیچ شتێک لەوە شۆڕشگێڕانەتر نییە، کە مرۆڤ بگاتە پاکیزەیی و بێگوناهیی خۆی».
بەمجۆرە ناوەرۆکە لاوەکییەکانی ناو چیرۆکەکە (وەک زیادەبوونی مرۆڤێک لە ژیانی ئەوانی تردا، مەحاڵبوونی لێکتێگەیشتن و عەشقی نێوان تاکەکان، بێ بایەخبوون لەبەرچاوی ئەوانی تردا) ئەمانە هەموویان لە فیلمەکەدا رەهەندێکی لاوەکی و پەراوێزیان هەیە. ئەوەی کە بنەڕەتییە و لە تێپەڕینی خەون بەرەو واقیع و (واقیع بەرەو خەون) روون دەبێتەوە ئەو کەشفە گرنگەیە، کە مرۆڤ لە دەروونی خۆیدا پاکیزە و بێ گوناهە و فیلمەکەش پێداگری لەسەر ئەم بۆچوونە دەکات. هاوکات فیلمەکە ستایشێکە بۆ گەنجێتی، بۆ عەشق. ستایشی ئەو گەنجانەی کە لەپەراوێزی کۆمەڵگەدا دەژین، گوێ بەپارە نادەن، ناوبانگ و شتەکانیان بەلاوە گرنگ نییە و خەریکی کاری بێ ئاکام و ئەنجامی خۆیانن. (ئەم گەنجانە لە فیلمی «رەنگە شەیتان»دا دیسان وێنا دەکرێنەوە). بریسۆن ئەم گەنجانە زۆر بەباشی دەناسێت. ئەو ئەکتەرەکانی لەناو ئەم کەسانەدا هەڵدەبژێرێت و وەک خۆی دەڵێت بڕوای بە «بلیمەتی گەنجانە»ی ئەوان هەیە. بێ هیوایی، تەنیایی، خەم و ژیانی عاشقانەی ئەوانی خۆش دەوێت: «چیرۆکەکەی دۆستۆیڤسکی چیرۆکی عەشقێکی گەنجانەیە، ئەم عەشقە بەبڕوای من هی ئەم سەردەمەیە. هەر چەندە ئەو نیگەرانیی گەنجانی ئەمڕۆی نەدەناسی، بەڵام بەبڕوای من هەستی ئەو ئالۆزییەکانی عەشقی گەنجی ئەمڕۆی تێدابوو». باوەڕکردنی مەحاڵە کە بریسۆن لەکاتی دروستکردنی ئەم فیلمەدا شەست و چوار ساڵ بەسەر تەمەنیدا تێپەڕی بوو.

## ٤.بریسۆن و تۆلستۆی

ئەوەی کە بریسۆن لە ئیقتباسی دوو دەقی دۆستۆیڤسکی کردی، درێژەی کێشا و چیرۆکی «کۆبۆنی ساختە»ی تۆلستۆشی کردە فیلم. فیلمی «پارە»کە بەپێی ئەم چیرۆکە دروست کراوە، دوا فیلمی بریسۆنە و وەک خۆی باسی دەکات دروستکردنی خەون و بیرۆکەیەکی زۆر کۆنە و لای کەس باسی نەکردووە. فیلمی پارە هەروەک «گێرترۆد»ی کارل درایەر، شاکارێکی سادەیە لە لایەن مامۆستایەکی پیرەوە.
تۆلستۆی چیرۆکی کۆبۆنی ساختەی لە ساڵی ۱۹۰۳دا نووسی. لەو کاتەدا ئەم نووسەرە پیرە لە یاسنایاپۆلیانا دەژیا و دەیویست کۆمەڵێکی

هەڵبژێردراو لە «دەقی بونیادی دەربارەی ئەخلاق» بڵاو بکاتەوە. چیرۆکی کۆبۆنی ساختە لەگەڵ دوو شانۆنامەی کورت و وتارێکی دەربارەی شکسپیر وەک پاشکۆکانی ئەم کۆمەڵەیە بوو. ئەم چیرۆکە هەروەک چیرۆکی سۆناتای کرۆیتنز زیاد لەهەر شتێکی تر، (نامەیەکە دەربارەی ئەخلاق) و بۆ ئەوەی خوێنەرەکان زیاتر پەیوەندیی لەگەڵ دروستبکەن لە شێوەی چیرۆکدا نووسراوە. وەک دەڵێن تۆلستۆی دەیویست ئەم چیرۆکە زۆر بە تێروتەسەلتر بنووسێت و وەک رۆمانێک بڵاوی بکاتەوە. رەنگە ئەو پاڵەوانە زۆرانەش، کە لە چیرۆکەکەدا هەیە (بریسۆن لە فیلمەکەیدا لای بردوون) پەیوەندیی بەم پلانەی تۆلستۆیەوە هەبێت. ئەوەی کە چیرۆکێکی کورت بتوانێ زەمینەی رۆمانێک بێت (و لە ئەدەبدا زۆرمان بینیوە) بە هیچ شێوەیەک خاڵێکی باش نییە بۆ چیرۆکەکە. ئەمجۆرە چیرۆکە هەڵە و کەموکوڕی تەکنیکی دەبێت، بەڵام ئەمە بۆ چیرۆکی کۆبۆنی ساختە دروست نییە. هەڵبەت دەتوانین بڵێین ئەم چیرۆکە زۆر لە چیرۆکە کورتەکانی دیکەی تۆلستۆی ناچێت و زیاتر لە دوا چیرۆکەکانی دۆستۆیۆفسکی نزیکە. چیرۆکەکە باسی دووپیاو دەکات. یەکێکیان بەناوی ئیڤان و تۆمەتی دزی دەخەنەپاڵ، هەرچەندە ئەمەی بەسەردا ساخ نابێتەوە بەڵام دادگا بڕیاردەدات بیخاتە زیندانەوە. ئەو لە زینداندا بیر لە بێ تاوانی و چەمکی دادپەروەری دەکاتەوە. بڕیار دەدات «ئەو خراپە و گوناهەی بخاتە حاڵەتی کرداریی‌یەوە، چونکە بەهەرحاڵ سزای ئەم کردارە بینیوە». ئەو دەڵێت: «کێشە سەرەکییەکە ناوی چاکەی من بوو، کە لە دەستچوو و ئێستا دەبێ بەدناویی خۆم بکەم بە کردار». هەر بۆیە لە زینداندا دەست دەکات بە دزی کردن و پارەی پیاوێک بەناوی ستیپان دەدزێت. ستیپانیش بەبێ هیچ تاوان و گوناهێک کەوتووەتە زیندانەوە و پیشە و هاوسەر و داهاتووی ژیانی لەدەستداوە. ستیپان ناتوانێت ئەو کەسە بدۆزێتەوە کە پارەکانی دزیوە، بیردەکاتەوە: «گوناه گشتییە، بەدناویی من لە یاسای گشتیدا هەیە. کەواتە ئەیخەمە حاڵەتی کرادرییەوە». ئیستیپان لە زیندان ئازاد دەکرێت، دەست دەداتە کوشتن، بەڵام دواهەمین قوربانییەکەی زۆر بە قوڵی دەیهەژێنێت و تێدەگات کە خراپە و گوناه شتێکی گشتی نییە».

ئەو پرسیارە سەرەکییەکانی کە تۆلستۆی لە کاتی نووسینی ئەم چیرۆکەدا بیری لێ دەکاتە هەر هەمان پرسیارەکانی دۆستۆیڤسکی و بیرنانۆس و بریسۆنە: سنووری نێوان چاکە و خراپە؟ مرۆڤ تا چەند ئازادە لە نێوان ئەم دووانەدا هەڵبژێرێت و کرداری هۆشیارانەی ئەو لەم نێوەندەدا رۆڵی چییە؟ ئایا بەبێ بڕواکردن بە خوا دەکرێت بگەینە چاکە؟ ئەی بۆچی بڕوادارانیش دیسان بەرەو خراپە دەڕۆن؟ دواجار پرسیارێکی نوێ و گرنگ: رۆڵی خراپە لە هەماهەنگی تاک لەگەڵ کۆمەڵگەکەیدا چییە؟ تۆلستۆی وەک ئەخلاقگەرایەکی پیر کۆمەڵێک وەڵامی بۆ ئەم پرسیارانە ئامادە کردبوو بەڵام لەم چیرۆکەدا ئەم وڵامانە نابینین. (هەرچەندە ئەو خۆی پێی وابوو ئەم چیرۆکە پێش ئەوەی پرسیار بێت، خستنەڕووی ئەو وڵامانەیە). لە چیرۆکەکەدا تەنها بارودۆخی دژوار و سەختی مرۆڤ لەکاتی هەڵبژاردندا وێنا کراوە. و هەر ئەم نادڵنیایی و نەبوونی راشکاوییە لە نادیاری و تەمومژدا وادەکات کە چیرۆکەکە رۆحییەتی ئەخلاقگەرایانەی تۆلستۆی نەگوازێتەوە و زیاتر لە فەزای تەمومژاوی

## دۆسیە

بەرهەمەکانی دۆستۆیڤسکییەوە نزیک بێت. لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ ئەم چەمکە ئەنتۆلۆجییانە (هەڵبژاردن، پەراوێزخستن و دڵەڕاوکێ)، بەڵام چیرۆکەکە رۆحییەتێکی ئینجیلییانەی هەیە. لە سەرەتادا تۆلستۆی دیڕێک دەنووسێت کە زۆر لە ئینجیلەوە نزیکە : «برسی بووم، تێرت کردم». ئەمە ئایەتێکی بەناوبانگمان بیردەخاتەوە: «برسییەکانی بە شتی باش تێر کرد» (ئینجلیی لۆقا، بابی یەکەم ٥٣) و «خۆزگەمان بە برسی و تینووەکانی عەدالەت، چونکە ئەوان تێر دەبن». (ئینجیلی مەتیۆ، بابی شەشەم ٥). ئەم رۆحییەتە ئینجیلییە چیرۆکەکەی لە بنەماکانی بیرکردنەوەی دۆستۆیڤسکی نزیک خستووەتەوە. تۆلستۆی لە رایەڵی کتێبی پیرۆز و بیرکردنەوەی دۆستۆیڤسکی نزیک کەوتبووەوە. تۆلستۆی لە دواساڵەکانی تەمەنیدا هەموو شەوێک چەند لاپەڕەیەک لە برایانی کارامازۆڤی دەخوێندەوە.

ئەگەر لە ناوەرۆکی ئەخلاقیی چیرۆکەکەی تۆلستۆی دووربکەوینەوە، فۆرمە تازەکەی سەرنجمان رادەکێشێت. تۆلستۆی خۆی لەکاتی نووسینی کۆبۆنی ساختەدا وتوویەتی: «خاڵی سەرنجڕاکێش لەم چیرۆکەدا ئەوەیە کە فۆرمێکی نوێی هەیە، چیرۆکێکە بەبێ رازاندنەوە». کردەکانی ناو چیرۆکەکە خێران. ئەگەر ئەمە راست بێت کە بیرۆکەی رۆمانێک بوو، دەکرێ پاساو بۆ خێرایی تێپەڕینی رووداوەکان و شێوە سەرسوڕهێنەرەکەی بهێنینەوە. بەڵام ئەوەی لەم چیرۆکەدا سەرنجی بریسۆن رادەکێشێت بێگومان ناوەرۆکەکەیەتی. کۆبۆنی ساختە، بێگوناهی سروشتی و زاتی مرۆڤمان بیردەخاتەوە. ئەمە چەمکێکی پاسکالیانەیە کە هەموو گوناهێک بە شایانی بەخشین دەزانێت. ئایا هەمان باسی مەسیح نییە کە مژدەی ئەوەی بە دوو دز دابوو، کە لای خۆیەوە لە خاچ درابوون: «ئەمڕۆ لەگەڵ من لە فیردەوس دەبن». (ئینجیلی لۆقا، بابی بیست و چوارەم ٤٣). ئەو دێڕەی کە ماریا سمیۆنۆڤا لە چیرۆکەکەی تۆلستۆی بە ستیپان دەیڵێت: (بریسۆن بەبێ دەستکاری لە فیلمەکەدا بەکاری هێناوە) بە راستی دێڕێکی زۆر هەژێنەرە و لەگەڵ بنەما ژانسنیتییەکانی بیرکردنەوەی بریسۆندا دەگونجێت. ئەو دوای گوێگرتن لە ددانپێدانانەکانی ستیپان دەڵێت: «ئەگەر من لەبری خوا بووایەم، ئێوەم دەبەخشی. ئەگەر من بوایەم هەموو جیهانم دەبەخشی». ئەم قسەیە رێک لەوکاتەدا دەکات کە ستیپان دەیەوێت بیکوژێت.

بریسۆن هەردوو کەسایەتییە سەرەکییەکەی ناو چیرۆکەکەی تۆلستۆی واتە ئیڤان و ستیپان لەناو یەک کەسدا بەناوی ئیڤۆن کۆکردووەتەوە. ئیڤۆنی بێگوناە بە تۆمەتی ساختەکاری و دزی دەکەوێتە زیندانەوە. ئازاد دەکرێت و لە دزییەکی گەورەدا بەشداری دەکات. دیسانەوە دەستگیر دەکرێت و دەخرێتە زیندانەوە. کچە بچوکەکەی دەمرێت و هاوسەرەکەی جێی دهێڵێت. کاتێ دیسان لە زیندان ئازاد دەکرێت دەست دەداتە کوشتن. ئەو ئەمکارە لەبەر چێژوەرگرتن، یان سودی ماددی یاخود تەنانەت تۆڵەسەندنەوە لە کۆمەڵگە ناکات، بەڵکو بۆ مەبەستی ئەوەی خۆی لەگەڵ ئەو وێنەیە هەماهەنگ بکات کە کۆمەڵگە بۆی دروست کردووە. پاڵنەری ئەو کردەیەکی ئەخلاقییە: خۆ هەماهەنگ کردن لەگەڵ یاساکانی کۆمەڵگە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. هەربۆیە هەوڵی ئیڤۆن بۆ دەستخستنی پارە (کە رۆڵی هەماهەنگکردنی تاک و کۆمەڵگەی هەیە) لەگەڵ کردەوەکانی دیکەی، واتە

هەوڵی لەناوبردنی ئەوانی تر و خۆی، یەکدەگرێتەوە. ئەم هەڵبژاردنە هۆشیارانەیەی خراپە، ئیڤۆن تەنها و گۆشەگیر دەکات. ئەو لە لوتکەی نائومێدی و تەنیاییدا دەژی و ئیدی ناتوانێت لەگەڵ ئەوانی دی پەیوەندیی دروست بکات. لە بەندیخانەکە زیندانییەک پێی وتبوو: «ئێمە لە مەرگ دەترسین، چونکە حەزمان لە ژیانە». ئیڤۆن کە خۆی حەزی لە ژیان نییە، ناتوانێ لەوە تێبگات کە بۆچی ئەوانی تر هۆگری ژیانن. لە کۆتایی فیلمەکەدا دەڵێت: «نازانم، ئیدی بڕوام بە هیچ نییە». لێرەدا هەمان بیرکردنەوەی دۆستۆیڤسکی دێتەئاراوە: «ئەگەر خوا بوونی نەبێت هەموو شتێک ڕەوا نییە؟» ئیڤۆن لە ناباوەڕی و بێ ئیمانیی خۆیدا، بەوپەڕی هۆشیارییەوە خراپە هەڵدەبژێرێت تا خۆی لەگەڵ «یاسای گشتیدا» هەماهەنگ بکات و پارە فەرمانی بەسەردا دەکات. لەبەرئەوەی پاڵنەری ئەو بە شێوازی (ناشەریفانەی) کۆکردنەوەی پارەدا، هەمان پاڵنەرە کە دواجار ئەخلاقی کۆمەڵگە قبوڵی دەکات، واتە: «دەبێ سکی ژن و منداڵەکەم تێر بکەم».

فیلمەکەی بریسۆن بەدوای ئەم پەیامە دژوارەی تۆلستۆیدا دەچێت. تۆلستۆی بە نووسینی ئەم چیرۆکە ریسک و مەترسیەکی قبوڵ کرد کە لە نوسیندا، نوسەرەکانی تر (لانیکەم بەشێوەی هۆشیارانە) خۆیانی لە قەرە نادەن: ئەگەر پەیامەکە بڵێم، بێ بایەخی دەکەم و ئەگەریش ئاماژەی پێ نەکەین خوێنەر بە ئاسانی لێی تێ ناگات و رەنگە بە هەڵە و پێچەوانە لە پەیامەکە تێدەگات. تۆلستۆی بە بلیمەتیی ئەدەبیانەی خۆی ئەم مەترسییەی تێپەراند. ئەو لە ڕێگەی بەکاربردنی پارە وەک مێتافۆرێک ئەم مەترسییەی زۆر ئاسانتر بەڕێ کرد. بریسۆنیش هەستی بەمە کردبوو. ناونیشانی فیلمەکە بە پێداگری لەسەر توندی و سەرڕاحەتی پارە، بە ئاسانتر پەیامی فیلمەکە دەگوازێتەوە. بریسۆن بۆ یەکەمین جارە ناوی شتێک بۆ فیلمێکی دادەنێت. بەڵام دەبێ ئەوەمان بیر نەچێت کە پارە بەرلەهەر شتێک (وەک چۆن مارکس سەلماندوویەتی) پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییە. لە فیلمەکەی بریسۆنیشدا پارە وەک پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی خراوەتەڕوو. پەیوەندییەک کە دەتوانێ هەموو شێوازەکانی دیکەی ژیان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، کۆمەڵایەتی و مرۆیی ڕێکبخات. یەکەمین گرتەی فیلمەکە، دەستێکمان لەگەڵ پارە نیشان دەدات. دواتر مرۆڤەکان دەبینین و پەیوەندییەکانی نێوانیان، پەیوەندیی نێوان فۆربەری گەنج و هاورێکەی، لە نێوان ئەم دوانە و قوربانییەکانیان (ئیڤۆن، ئەلیزی هاوسەری، و ئیۆتی کچی)، بازنەیەکی شەیتانی دەکرێتەوە و لە کۆتایی فیلمەکە بە کوشتنی خێزانەکە، ئەم بازنەیە دادەخرێت. پارە چەندین جار لە فیلمەکەدا بەرچاو دەکەوێت. لەکاتی ئاڵوگۆڕ لە دەستێکەوە بۆ دەستێکی تر. لە گیرفانەکاندا دەشاردرێتەوە، لە دەستەکاندا دەنوشتێنرێتەوە. و هەروەک فیلمی (بەلتازار) پڕە لە جیاوازی. مرۆڤەکان، لە تەمەن، کەسایەتی، پیشە، پابەندی بە ڕێسا ئەخلاقییەکان «شەخسی و کۆمەڵایەتی»، لە جیهانبینیدا جیاوازن. شوێن و شتەکانیش وەک مرۆڤەکان جۆراوجۆرن. هیچ شتێک لە شتێکی دی ناچێت. بەڵام وێنەگرتنی فیلمەکە گشتێکی بونیادییە، دەرگای بێشوماری تێدا دەکرێتەوە و دادەخرێت، بەڵام هەموویان بەسەر ژووری بەرتەسک و بچوکدا دەکرێنەوە. گرتەی درێژ و یەکلەدوای یەکی ناوەوە،

رەنگی رەش باوی فیلمەکە، لەگەڵ تێمای تەنیایی و توندوتیژیدا گونجاوە. دنیایەک دەبینین کە لە ژێر دەستەڵاتی پارەدایە. لە فیلمەکەدا چەندین جار ناوی پارە دەبیستین. (وەک چۆن لە رەنگە شەیتان ناوی فیلمەکە لە زمانی چارلەوە دەبیستین، یان لە خانمانی جەنگی بۆلۆنی هێلن لە ژان دەپرسێت: «حەزت لێیانە؟ لە خانمانی جەنگەلی بۆلۆنی من؟»). ئیڤۆنی بکوژ/قوربانی بە توندییەوە هاوار دەکات: «پارەکە لە کوێیە؟». تۆلستۆی هەمیشە دوودڵ بوو، کە ئایا (بکوژ) ناوێکی گونجاوە بۆ چیرۆکەکەی یاخود نا، بریسۆن بە دانانی ناوی پارە، کۆتایی بەم دوودڵییە هێنا. پارە بکوژە نەک ئیڤۆن. لە خانمانی جەنگەلی بۆلونی-دا پارە رەگەزێکی زۆر گرنگ بوو. هێلن بەهۆی پێگەی تایبەتی کۆمەڵایەتیی خۆیەوە و پارەکەی دەیتوانی ئاینس بەرەو یارییە فێڵاوییەکەی خۆی پەلکێش بکات. دایکی ئاینس پێی دەڵێت: «بەڵام ئاینسە بچکۆلەی من، ئێمە بەبێ هێلن دەبێ لەسەر جادە بخەوین». دواجار لە فیلمی پارەدا، کامێرای بریسۆن نیشانی داین کە چۆن دەکرێت لەسەر جادە بژین. ئیڤۆنی تەنیا، داماو بە برینەکانی دەروونییەوە، تێدەگات کە لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا، ئەو رەگەزە شاراوەیەی کە چارەنووسی هەمووان دیاری دەکات پارەیە. بەهۆی شێوازی تایبەتیی بریسۆن لە ئاماژە و کورت بڕییەکانیدا، ئێمە ئیڤۆن، پەیوەست بە توندوتیژی کوشتن نابینین. ئێمە بکوژە راستەقینەکە واتە پارە دەناسینەوە. لە رێگەی شۆردنی دەستە خوێناوییەکانییەوە، ئێمە تێدەگەین کە ئیڤۆن یەکەمین کوشتنی ئەنجام داوە و دواهەمین کوشتنیش زۆر کورت و خێرایە: ئیڤۆن جانتاکەی دادەنێت، خانم فەرمووی شتێکی لێدەکات، ئیڤۆن بە تەورێکەوە دەردەکەوێت، تاریکە و دەنگی سەگێک لە دوورەوە بەرگوێ دەکەوێت. دەنگی کپی لێدانێک دەبیستین. ئیڤۆن تەورەکە دەخاتە ناو ئاوەکەوە!

«... ئیدی بیر لە سبەی مەکەنەوە، چونکە سبەی بۆخۆی بیردەکاتەوە. خراپەی ئەمڕۆ بۆ ئەمڕۆ بەسە». (ئینجیلی مەتیۆ، بابی شەشەم ٣٤)

***بەوپێیەی کە بریسۆن روانگەیەکی نوێی لەناو سینەمادا دروست کرد، بێگومان کۆمەڵێک زاراوە هەیە کە لە کاتی قسەکردن لەسەر بریسۆن دەبێ بیزانین. پێناسەی بریسۆن بۆ سینەما جیاواز بوو، هەر بۆیە ئەو بڕوای بە سینەماتۆگراف هەیە نەک سینەما، زۆر بیروبۆچوونی تری تایبەت بەخۆی کە روونکردنەوەیان پێویستی بە وتاری تایبەتی هەیە (و.ک)**

**سەرچاوە:**

بابک احمدی، باد هرجا بخواهد می ورزد، اندیشه ها و فیلمهای روبر بریسۆن، چاپ اول مهرماه ١٣٦٤ تهران.





# ئەدەب و سینەما..

## کامیان کاریگەریی لەسەر ئەویتر هەیە؟ دەقی نووسراو یان زمانی سینەما؟

**سید عبدالمجید**

**لە عەرەبییەوە: هێمن مەحمود حەسەن**

(ئەگەر ئەدەب نەبوایە سینەماش نەدەبوو) ئەمە قسەیەکە ئەوەندەی ئەو پەیوەندییە کۆنە، کە لە ساتەوەختی لەدایکبوونی سینەماوە پێش زیاتر لە سەد ساڵ هەردووکیانی بەیەکەوە بەستووەتەوە، تەنانەت هەندێ کەس —وەک لە دواییدا دەبینین- گەیشتوونەتە ڕادەیەک، کە وتوویانە سینەما بووەتە هۆی دەرکردنی ناوبانگ و بڵاوبونەوەی چیرۆک و ڕۆمانەکان، بەڵام ئەوانەی کە خاوەنی دەقە ئەدەبییەکان بوون بۆچوونێکی تریان هەیە.

پێدەچێت سکاڵای بەردەوامیان سەبارەت بەوە بێت کە کارەکانیان گۆڕاون بۆ زمانی هونەری حەوتەم ساختەکاریان تێداکراوە، بۆ نموونە، کە ئەمە بۆچوونی یەکێک لە گەورە ڕەخنەگرانی سینەمای میسرییە-

ڕۆماننووسی ئەمریکی (ئارنست هەمنگوای ١٨٩٩-١٩٦١) کە لە ساڵی ١٩٥٤دا خەڵاتی نۆبڵی بەدەستهێنا، کاتێک ڕومانە بەناوبانگەکەی (پیرەمێرد و دەریا)ی لەسەر شاشەی سینەما بینی، پێش ئەوەی فیلمەکە تەواو بێت هاتە دەرەوە، لە تاریکی ناو هۆڵەکەدا هاواری کرد و وتی: (ئەوە چیرۆکەکەی من نییە)، بەڵام (جۆن شتنایبک ١٩٠٢-١٩٦٧) کە لە ساڵی ١٩٦٢دا خەڵاتی نۆبڵی بەدەستهێناوە، کاتێک چیرۆکەکەی (پەرداخی زێڕین یا جامی زێڕین) کرا بە فیلم بە گریانەوە لە هۆڵی سینەما هاتە دەرەوە و وتی (ئەوەی جامەکەی من نییە، بەڵکو ئەوە جامێکی مسیی ساختەیە). هەروەها فەیلەسوفی بوونگەرایی فەرەنسی (جان پۆل سارتەر ١٩٠٥-١٩٦٤) کە لە ساڵی ١٩٦٤دا خەڵاتی نۆبڵی بەدەستهێناوە و بەڵام ڕازی نەبوە وەریبگرێت کاتێک شانۆیی (بەندکراوانی الگونە)ی لە شاشەی سینەمادا بینی هەمان قسەی ئەوانەی پێشووی کرد.

ئەوەتا ڕۆماننووسی بەناوبانگ (ئەلبێرتۆ مۆرافیا ١٩٠٧-١٩٩٠) لە هەمان فەلەکەدا دەسوڕێتەوە و چەند ساڵی پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەدەب چاکەی زۆری بەسەر سینەماوە هەیە و وتی: ئەو فیلمانەی کە لە ڕۆمانەکانەوە وەرگیراون باشترین کاری دەرهێنەرەکانیان بوون وەکو: فیلمی (ئۆگوستینۆ)ی (پۆلۆنینی)، (بێباکەکان)ی (فرانسیسکۆ ماتسیالی)، (دوو ژن)ی (ڤیتریۆ دی سیکا)، (قێزهاتنەوە)ی (جان لوک گۆدار) و پاشان (ئەکتەری)ی (بێرتۆلۆچی)، بەڵام دواتر (ئەلبێرتۆ مۆراڤیا) گەڕایەوە و وتی: من سینەمام خۆشدەوێت


سارتەر

و سینەماش بەردەوام منی خۆشدەوێت.

دۆخەکە سەبارەت بە ئەدیبان و نوسەرانی عەرەبیش زۆر جیاواز نییە، دکتۆر (تەها حسین ١٨٨٩-١٩٧٣) دەیوت (سینەما تێکدەری کارە ئەدەبییەکانە)، کاتێکیش ڕۆماننووس (نەجیب مەحفوز ١٩١١-٢٠٠٦) کە لە ساڵی ١٩٨٨دا خەڵاتی نۆبڵی بەدەستهێناوە پرسیارێکیان لە بارەی ئەو کارە ئەدەبییانەیەوە لێکرد کە کراون بە فیلم ، لە وەڵامدا وتی کە (بە تەواوەتی لەو کارانەی ڕازی نییە، کە کراون بە فیلم).

ڕۆماننووس (ئیحسان عەبدولقەدوس ١٩٠٨-١٩٩٠) هەمیشە دەیوت (کاری من تا ئەو شوێنە بڕ

# سکاڵای خەڵکی ناو ئەدەب، کە گوایە کارەکانیان لەلایەن سینەماوە شێوێندراوە شتێکە ناکرێت زۆر بە هەند وەربگیرێت



شکسپیر

دەکات، کە چیرۆکەکە یا ڕۆمانەکە بڵاودەبێتەوە).
کۆچکردووش (د.یوسف ئیدریس ١٩٢٧-١٩٩١) هەمان قسەی هەیە، کاتێک کارەکانی ئەدیب (تۆفیق الحکیم ١٨٩٨-١٩٨٧) لەسەر شاشە پێشکەش کران وەکو (فیشەکێک لە دڵدا، دەستە نەرمەکان، پەیوەندیی پیرۆز، نێچیری بەهەشت، ڕۆژەکانی پەرلەمانتارێک لە گوندەکان) لە تێڕوانینی (تۆفیق الحکیم)ەوە هیچیان لە ئاستی کارە ئەدەبییەکەدا نەبوون.

سینەماکاران لەگەڵ بەشێکی زۆری ڕەخنەگرانی هونەری حەوتەم لە هەموو لایەکی جیهاندا ئەوە دووپات دەکەنەوە کە سینەما ڕۆڵێکی گەورەی لە بەرزڕاگرتنی هەندێک لە دەقە ئەدەبییەکانی وەک (ڕۆمان و شانۆیی) هەیە، ئەو جەماوەرە زۆرەی، کە ڕوودەکاتە سینەما لە چاو ئەدەبدا وای کردووە کە سینەما کاریگەرییەکی باشی لەسەر دەیان کاری ئەدەبی و نووسەرەکانیان هەبێت.

مێژوویی سینەما لە جیهاندا ئەو داستانە سینەماییە مەعنەوییەی لە بیرناچێت کە ناوی (لەگەڵ (با) دا ڕۆیشت) بوو، سەرکەوتنی فیلمەکە لە ئەنجامی ناوەڕۆکی کارە ئەدەبییەکە نەبوو، بەڵکو لە ئەنجامی خودی فیلمەکەدا بوو، کە هەڵگری ناوەڕۆکی ئەو چیرۆکە بوو، کە ژنە نوسەری ئەمریکی (مارگرێت میتچل ١٩٠٠-١٩٤٦) نووسی بووی، دەتوانین بڵێین ئەو فیلمە سینەمایییەی (جۆرج کیوکۆر) لە ساڵی ١٩٣٩دا دەریهێنا و (کلارک گیبڵ ١٩٠١-١٩٦٠) و (ڤیڤیان لی ١٩٦٧) و (لیزلی هیوارد) ڕۆڵی پاڵەوانییەتییان بۆ گێڕا ڕۆمانەوکەی خستە ناو لیستی باشترین ڕۆمانەکانی جیهانەوە و بە هۆی ئەو فیلمەوە تا ئێستاش لە جیهاندا فروشی دەگاتە ملیۆنەها دۆلار هەرچەندە ئەو ڕۆمانە تاکە ڕۆمانێکە کە ئەو ژنە نووسیویەتی، جگە لە هەموو ئەوانەش فیلمەکە بووە هۆی ئەوەی کە نووسەری ڕۆمانەکە (مارگرێت میتچل) لە نەمری بمێنێتەوە.
ئەگەر سینەما نەبوایە چارەنوسی ڕۆمانەکە و نووسەرەکەی نادیار دەبوو، بەتایبەت کە کارەکە لە ڕووی ئەدەبییەوە ناچێتە ڕیزی کارە ئەدەبییە مەزنەکانەوە. ئایا ئەگەر ئەکتەری ئەفسانەیی بەریتانی (لۆرانس ئۆلیڤیێ ١٩٠٧-١٩٨٩) نەبوایە کەسایەتییەکی وەک «هیسکلیف»ی پاڵەوانی ڕۆمانی (بەرزاییەکانی وزرینگ) نەمریی لە چارەنووسی دەنووسرا، ئەوەتا (ئێمیلی برۆنتی

سینەماکاران لەگەڵ بەشێکی زۆری ڕەخنەگرانی هونەری حەوتەم لە هەموو لایەکی جیهاندا ئەوە دووپات دەکەنەوە کە سینەما ڕۆڵێکی گەورەی لە بەرزڕاگرتنی هەندێک لە دەقە ئەدەبییەکانی وەک (ڕۆمان و شانۆیی) هەیە، ئەو جەماوەرە زۆرەی، کە ڕوودەکاتە سینەما لە چاو ئەدەبدا وای کردووە کە سینەما کاریگەرییەکی باشی لەسەر دەیان کاری ئەدەبی و نووسەرەکانیان هەبێت.

١٨١٨ — ١٨٤٨) نووسەری ڕۆمانەکە دەگاتەوە بۆ (میتچل)ی هاوڕێی و ناویان بە نەمری لە مێژوودا دەمێنێتەوە. سینەما نەبوایە هیچ کام لەوانە بەدینەدەهات کە ناوە ناوە ئەو ڕۆمانە بۆ سینەما دەردەهێننەوە. سینەمای میسریش زیاد لە چەند کارێکی سینەماییدا ئەو کارەیان میسراندوە وەک (خۆشەویستی و فرمێسک) ساڵی ١٩٥٥، (نامۆ) ساڵی ١٩٥٦، کە لە دەرهێنانیدا (فطين عبد الوهاب) لە دەرهێنانیدا بەشداریی کردووە.

ئەگەر سینەما نەبوایە خودی (ولیام شکسپیریش ١٥٦٤ — ١٦١٦١) پێشبینی ئەوەی نەدەکرد کە کەسایەتییەکانی ناو کارەکانی وەک (هاملێت و لیر و ماکبێس و ئۆتێلا و یۆلیۆس قەیسەر) ئەوەندە ناوبانگ دەردەکەن و بڵاودەبنەوە. گەورەترین و بەناوبانگترین ئەکتەرانی مێژووی سینەما وەک (لۆرانس ئۆلیڤیێ و ئۆرسۆن وێڵز) ڕۆڵی ئەو کەسایەتییانەیان لەسەر شاشە گێڕاوە. تەنانەت سینەما یەکێک بوو لە هۆکارەکانی نەمریی شانۆگەری (ڕۆمیۆ و جولییێت) کە (شکسپیر) لە ناوەڕاستی تەمەنی ئەدەبیدا نووسی.

کەواتە پەیوەندیی نێوان ئەدەب و سینەما پەیوەندییەکی ئاڵۆزی بەیەکداچووە، هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خودی سینەما دواکەوتەی ئەدەب نییە لانی کەم بەو شێوەیە نا کە بووبووە مۆرکی قۆناغی سینەمای بێدەنگ (١٨٩٥-١٩٢٧) کە لە بەشێکی تری ئەم بابەتدا باسی دەکەین، هەروەها دەرکەوتنی تێڕوانینی نوێ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەدەبدا، ئەوەتا سینەما لە سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردوودا هەندێ جار لەسەرخۆ و هەندێ جاریش خێرا هەنگاو بەرەو دروستکردنی ئامڕازە تایبەتەکانی خۆی دەنێت بە ئامانجی سەربەخۆبوون و جیابوونەوە، شتی واش ئەو کاتە دروست دەبێت کە داڕشتە و دەستەواژەی ستاتیکی و تەعبیری تایبەت بە خۆی بدۆزێتەوە.

شتێکی تریش هەیە، ئەدەب چیتر کەهەنوتێکی پیرۆز نییە کە پیرۆز بێت و دەرهێنەر وەک خۆی بیگوازێتەوە، دەرهێنەری سینەمایی تێڕوانینێکی هەیە کە دەبێت ڕەنگدانەوەی لەسەر کارە ئەدەبییەکە هەبێت. ئەوەتا (جان رینوار) یەکێک لە دامەزرێنەرانی سینەمای فەرەنسی و جیهانی دەڵێت (کەسێک نییە بتوانێت بەبێ فەلسەفەیەکی تایبەت و کەسایەتییەکی تایبەتی فیلمێکی نوێ دەربهێنێت)، بۆ نموونە (شکسپیر) ئەو قسەیەمان دەسەلمێنێت، گرنگیی پێگەی (شکسپیر) بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە هەمو کارەکانی ڕێگەی خۆیان بەرەو شاشەی سینەما دۆزیوەتەوە، بەڵکو هۆکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر کارێک لە کارەکانی لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە دەرهێنەرانی سینەمایی بە جیاوازیی ڕەگەز و زمانیانەوە بۆ سینەما دەرهێنراوە. (ڕۆمیۆ و جولییێت) زیاد لە چەندین جار کراوە بە فیلمی سینەمایی، دەیان جار دەستکاری کراوە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەدا بگونجێت کە تێیدا نمایش دەکرێت، تەنیا دوو نموونەی سینەمای ئەمریکی هەن کە هەردووکیان بە دەقی ڕاستەقینەی شانۆگەرییەکەوە پابەند بوون. بەڵام هەر یەکە لەو دوو دەرهێنەرە تێڕوانێکی زۆر جیاوازیان هەبووە، بۆ نموونە (جۆرج کیۆکۆر) لە بەکارهێنانی دەقە شانۆییەکەدا چیرۆکی خۆشەویستیی نێوان (ڕۆمیۆ و جولییێت) ی کردە بناغەی کارەکەی، بەڵام (فرانکۆ زیڤیرللی)

**پەیوەندیی نێوان ئەدەب و سینەما پەیوەندییەکی ئاڵۆزی بەیەکداچووە، هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خودی سینەما دواکەوتەی ئەدەب نییە**



نەجیب مەحفوز

بۆ هەمان شانۆیی لە ساڵی ١٩٦٨دا ململانێی نێوان هەردوو بنەماڵەی (مۆنتاگۆ و کوپلێت)ی کردە بناغەی کارەکەی و چیرۆکی خۆشەویستییەکەی لە باکگراوەندا هێشتەوە.

نموونەیەکی تر.. شانۆیی (ماکبێس) یەکێکە لە کارە نایابەکانی (شکسپیر)، دەبینین هەریەکە لە دەرهێنەری بەریتانی (ئۆرسۆن وێڵز) و (رۆمان بۆلانسکی) ئەمریکی بە ڕەگەز پۆڵەندی بە شێوەیەکی جیاواز کاریان لەسەری کردووە. (ئۆرسۆن وێڵز) —کە هەر خۆشی ڕۆڵی کەسایەتیی ماکبێسی گێڕا_ حەزی نەکرد ئەو توندوتیژییە خوێناوییەی ساتەوەختی کوشتنی پاشا دەربخات. تەنیا هێما و ئاماژە پشانی دا، بەڵام (رۆمان پۆلانسکی) توندوتیژییەکەی زەقکردەوە. بەو شێوەیە جیاوازیی نێوان دەرهێنەرەکان دەبینین هەرچەندە بە دەقی ڕاستەقینەی شانۆییەکەشەوە پابەند بوون.

لێرەوە دەتوانین بڵێین سکاڵای خەڵکی ناو ئەدەب، کە گوایە کارەکانیان لەلایەن سینەماوە شێوێندراوە شتێکە ناکرێت زۆر بە هەند وەربگیرێت، چونکە جیاوازیی بیروبۆچوون شتێکی باوە و زۆر پێویستیشە. بۆ نموونە کاتێک (جۆن شتنایباک) ڕۆمانی (ڕۆژهەڵات)ی (ئیلیا کازان)ی بۆ سینەما دەرهێنا لەگەڵ (ئیلیان کازان) کۆک نەبوو. (ئیلیان) بەوە تۆمەتباری کرد کە کارەکەی وەک خۆی نەگواستووەتەوە بۆ سینەما. سەرەڕای ئەوەش ڕەخەگران فیلمی (ڕۆژهەڵاتی عەدەن)یان بە گرنگترین فیلمی سینەمایی ئەمریکی ساڵانی پەنجاکانیان لە قەڵەم دا. گێڕانی ڕۆڵی کەسایەتیی سەرەکیی ناو کارە ئەدەبییەکەش لەلایەن (جیمس دین)ەوە وا وەسفکرا کە ڕۆڵگێڕانێکی ناوازەیە و ناکرێت دووبارە بێتەوە. ڕەخنەگران ئەوەیان دوپاتکردەوە کە فیلمی (ڕۆژهەڵاتی عەدەن) نمونەیەکی باڵای بەیەکگەیشتنی نێوان ئەدەب و سینەمایە. مشتومڕەکە تاکو ئێستاش بەردەوامە.

**سەرچاوە:**

الآهرام المسائی



# دەربارەی بونیادی ستاتیکی لە فیلمی تۆماریدا

**ئەحمەد تامر جهاد**
**لە عەرەبییەوە: عەلی شێخ عومەر**

بۆ سەردەمانێکی زۆر جگە لە رەگەزەکانی بەیەکگەیشتن، خاڵەکانی جیابوونەوەی نیوان رۆمانە فیلم و فیلمی تۆمارگەری، لە کاتێکدا ئەوەی یەکەم بە تەواوەتی مەیلی ئەفراندنی یەکەی خەیاڵ دەکات بۆ ئەو بابەتانە کە بە توانایەکی بێ سنوورەوە چارەسەریان دەکات، هەوڵی ئەوی تریان گرەوە لە سەر کاریگەریەتی دیار کە دیسانەوە وێنەگرتنی ریاڵ بە گورزێ تیشکی پوخت و رێککراو بێئەوەی مەبەستی بێ بەرهەمیهێناوە، لە بەردەم فیلمی تۆمارگەری هەلی بێ هێز هەیە تاکو بەدەستهێنان ببێتە هونەری داهێنانی پێش وەخت و بەهرەداربێ لە وەرگرتنی بیرۆکەیەک یاخود بابەتێکی دیاریکراو.

ئەوەی ناسراوە خاڵەکانی جیابوونەوە کە ئەدەبی سینەمایی ئاماژەی پێیداوە بە دیاری کراوی خۆی لە سروشتی پێکهاتەی هونەردا دەبینێ و راگری هەردوو نموونەکانی «رۆماننووسی و تۆماری»یە لە دەرەوەی لێکدانەوەی هزرەگۆیی کە بە چاوێکی کەمتر سەیری فیلمی تۆمارگەری دەکات لە چاو جۆرەکانی تری سینەمادا بینەرێکی کەمتر بەکێشدەکات، ئەم بۆچوونە تا رادەیەکی زۆر وای دەردەخات کە تواناکانی سەرکەوتن لە ئەفراندنی شێوەی هونەریدا بە دەست نایە لە سەرپشکایەتی ئەم یان ئەو جۆرە هونەرە، بڕواش بەو چۆنێتییە ناکات کە لەژێر رۆشناییەکانیدا بلیمەتی و لێهاتووی لە بەرهەمهێنانی شیعرێک یەکسان دەکات لە تەک کارکردن بۆ بەرهمهێنانی هاوشێوەکەی لە مەزنیی رۆمانووسێکدا یاخود لە تابلۆیەکی قەشەنگ و جواندا.

لێرەوە دەبینین چۆن ئەم دوو جۆرە سینەماکارانە دژایەتیبوونیان تێپەراند و نزیکایەتییەکانیان بەرهەمهێنا لە خستنەرووی ئەو گەشەکردنە بێشومارەی کە هاتە سەر گشت شێوازەکانی پیشەسازیی سینەما و جاویدانی تازەگەری و ئامرازەکانی کە نموونەی سینەمای دیاریان بەرهەمهێنا.

ئیمرۆ داڕوخا سنوورەکانی دابڕان چ وەک پۆلینکردن و ستاتیکا لە نێوان ستایلە جیاوازەکان سینەما لە روویەکەوە داهێنانەکانی دیکەی ئەدەبی و هونەری لە لایەکی دیکەوە، ئەمەش لە بەر دەرنجامی کارتێکردنی بەیەکداچوونی نێوان سەرجەم ئەم جۆرانە و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی شێوازێکی هونەریی تۆکمە، کە بە قەبارە و جۆرایەتییەوە پتر گوزارشت لە تەنگەژەکانی مرۆڤ دەکەن، زیاتر لە زمانی جیهانی هاوچەرخ نزیکمان دەکاتەوە بە سەرجەم ئەو بۆچوون و چەمکانەی کە لە گوتارێکی داهێنەرانەی ستاتیکدا بەرهەمی دەهێنێت، خودی خۆی بەوپەڕی راستگۆییەوە دێتە ئاخاوتن بە تاکرەوانە و بە پازەکانی لەمەر قەیرانەکانی مرۆڤ و جیهان و بانگەشەی بەختەوەرییەکانی دەکات، بۆیە لە فیلمی رۆماننووسی ئیمرۆدا پێویستیمان بە سەلماندنی پیشەی تۆمارگەری نییە یان بە پێچەوانەوە، هەروەک لە رۆمان یاخود لە هۆنراوەی بوونیادی سینەماسازی بەردەستدا هەیە، هەروەها پێچەوانەی ئەمەش راستە، کە بە پێی سروشتی سیستەمی زمان روودەدات، کە وێنە و وشە دەکاتە تیکستی هونەرێکی سەربەخۆ، ئەوەش رەوشی کارەکانی خەیاڵ و ریالیستە بە یەکەوە، بەتایبەت کەرەستەی خاو بۆ سەرجەم داهێنانەکانمانە کە خۆی لێوارەکانی ژیانی راستەقینەمانە یان خەیاڵکراومانە، دووبارە بە شێوازێکی ئەدەبی یاخود هونەریی سنووردار دادەرێژرێ، تا وەک پێویست کاریگەری بەجێبهێڵێ.

## فیلمی تۆماری یان درامای ژیانی ریالیستی

لەگەڵ ئەوەی فیلمەکانی تۆمارگەری رەگەزەکانی برەوپێدان و خۆشکردنی تێدا نییە و پێکنەهاتووە لە رستێکی لۆژیکی رووداوە پێشاندراوەکان، هەروەها بە گوێرەی خۆی لە ریاڵدا هەڵچن دەکات، وەلێ لە هەمان کاتدا دەتوانێ لە ناو جەرگەی ژیان خۆیدا درامایەکی راستەقینە ئەنجام بدات، گەر ئەوەندە پەیدا بێت بۆ پیشەوەریی ستاتیکی بۆ وەرگرتنی بابەت و بایەخدانی لایەنەکانی هزری نمایشکراو کە بۆ گەیاندنی پەیامەکەی روونبوونەوە لە دەرهێنەر دەخوازێت، کەواتە دەکرێ بۆ دروستکەری فیلمی

لەگەڵ ئەوەی فیلمەکانی تۆمارگەری رەگەزەکانی برەوپێدان و خۆشکردنی تێدا نییە و پێکنەهاتووە لە رستێکی لۆژیکی رووداوە پێشاندراوەکان، هەروەها بە گوێرەی خۆی لە ریاڵدا هەڵچن دەکات، وەلێ لە هەمان کاتدا دەتوانێ لە ناو جەرگەی ژیان خۆیدا درامایەکی راستەقینە ئەنجام بدات

تۆمارگەری لەو بیرۆکەیە لابدات کە پیشەکەی راپۆرتێکی نووسراوە بە زمانی کامێرا هەژمار دەکرێ، دەربارەی داکەوتێکە کە دژوارە بێ دابران سەرنجی بەها ستاتیکییەکانی بدەی و لە فۆرمێکی هونەریی سنووردراردا دەری بخەیت، یان بە تەنیا راندنی فیلمە کە زیادەڕۆیی دەکات لە پاڵپشتکردنی ئەو بیرۆکەیەی، کە لەسەر سکرین پیشان دەدرێ، بە پشت راستبوون بە خۆی رێگەی تێپەڕاندن بۆ پرۆژەی تۆمارگەری بەهرەدار خۆش دەکات، بە مانای داکەوتی پێدراوەکان ستایلەکانی چارەسەرکردن دیاری ناکات بۆ هونەرمەند، کە هەڵبژاردەی خۆیین لە رۆنانی سینەمای ئافەریندەدار. ئەزموونەکانی سینەمای نوێ ئیمڕۆ کاری لەم جۆرە هونەرە کرد و ئەو تێروانینەی تێکشکاند کە دەڵێت زۆرینەی سینەمای تۆمارگەری سینەمایەکی چاکخوازە، هێنانەدیی سوودی گشتی ئامانج و خولیایەتی، یان بەرهەمهێنانی هەندێ رووناکبیری فێرکارییە، یاخود هەواڵئامێزییە، یان ئایدلۆژییە، بە هۆی ئەوەوە کە کورتە فیلم پێشکەش دەکات و لە تواناکانی خەیاڵ بەدەرە کە خەسڵەتی رێکخستنی نیشانە هونەرییەکان و بیرۆکەی سیحری قووڵی پێدەبەخشێت.

دەرهێنەری تۆمارگەری کامێراکانی رووبەڕووی رووداوەکانی ریاڵ دەکات و هەوڵ دەدات خۆی لە سینەمای سەرکەوتوو بخشێنێ و ئەوەی مەئلووف بێ بیگوێزێتەوە بۆ رەگەزەکان سەرسامبوون، کە بانگەشەی هزر و دیتن دەکات. هەروەها لە توانایدایە کارە سینەماییەکانی تۆمارگەری دەستەبەر بکات ئەویش لە رێگەی تێکەڵکردنی وێنە جیاوازەکانی ریالەتی بە شێوازی هەڵسان بە گریدانی نێوان ئەو یەکانەی کە هاوچەشن نین، ئەو یەکانەی سەر بەو سیستەمانەن کە دیارن، دەکرێ دووبارە لە میانەی نوێ دابرێژرێنەوە و دانرێن، ئەویش بە گوزارشتی (یوری لوتمان) ناوکۆیی فیلمە، ئەو کاتە دەرهێنەر دەتوانی مانای پێدراوی حاشاهەڵنەگر لە وێنە ریالیستییەکانی ژیان بگۆرێت، لێرەدا پێویستی بە دەرئەنجامی وێنەی رووداوەکانە، کە داینێت لە ریزبەستنی ژێر و ستاتیکایەک کە بەبێ رابینی والا و کراوە بێ، ئەگەر کەرستە بنەڕەتییەکەی لە خامەی راپۆرتگەراییەوە وەرگیرابێت و راستەوخۆ دەست بەسەر هەموویدا بکێشێت و گەمارۆی واقعی رۆژانەی ئادەمیزاد بێ. نابێ ئەو گوتەیەمان لە یاد بچێت کە سیناریۆ خاڵی یەکگرتنە لە نیوان رۆماننووسی و تۆمارگەری، لە کاتێکدا تۆمارگەری پابەندە بە گواستنەوەکانی سیناریۆی نووسراو هەتا کۆتایی کارەکانی لە شوێنکەوتنی سیستەمێکی هزری و رۆنانێکی ستاتیکی دیاریکراو. هەلەکانی داهێنانی تۆمارگەریی گەورە و هەمەجۆرن هەتا گەر فیلمەکە بنەماکانی بەرهەمهێنان و ریسا و پێوەرەکانی تێپەڕێنێ، کە گەورە تۆمارگەرییەکانی جیهان بۆیان دیاری کردووە وەک (گریسۆن، فلاهەرتی، بازێل رایت) و ئەوانی تر، بە پشتبەستن بە سەرنجدان و رامان و هێوری لە هەڵبژاردنی کەرەستە و شێوازەکەی لە دۆڵمەندکردنی ژیانی ریالیزمی لە بە دەنگهاتنەوەیەکی زیرەکانە بۆ تێگەیشتنی دەرهێنەر و تواناکانی کە رێخۆشکەرن لە بەردەم دروستکردنی تیلماسکە* سینەماییەکەی هاودەمی داکەوتەکان یان دۆزینەوەی پێشبرکێ هەڵبژاردنەکانی فیلمی تۆمارگەری بە فراوانی خودی ژیان بەر فراوانە، هەڵبەت لە دامەزراندنی توخمەکانی بزوتنەوەی ژینگە و رفتارەکانی رۆتین و کارتێکەریی کەسایەتیی وێنەکان کە ئاماژەیە بۆ شێوەیەک لە

# فیلمەکانی تۆمارگەری بە توخم و ڕەچەڵەکە جیاوازەکان حەز بە دووڕەگیی کارەکانیان دەکەن

شێوەکانی ژیان، دیسانەوە دەشێ بەسەر بچێت گەر ڕێکخەرە ناوکۆییەکەی گوم بکات و تا بە تەنیا کەڵەکەی دیمەنە نەژمێردراوەکان بگوێزێتەوە، ئەوەی دەمانگێڕێتەوە بۆ بەبیرهێنانەوە بەوەی کە فیلمی تۆمارگەری پێکهاتووە لە ریزبەستنی پێشنیارێک کە ڕەگەزە هاودژەکان یەک دەخات و پەیوەستدارە لە بونیادی ڕەهەندەکانی ستاتێکی بەرچاو، لە کۆتاییدا سینەما ڕێک تەکنیکێکی ستاتیکییە لێرەدا دەبینین کاری تۆمارگەری هەوڵی ئەوە دەدات، کە ببێتە میلۆدییەک داهێنەرانە و بێ لایەن بێت لە هەڵبژاردنی ڕێگە ئاسانەکان کە بۆ ڕاکێشانی ریاڵە لە ناوچەکانی لەبەرگرتنەوەی فۆتۆگرافیدا، بەڵکو داهێنانی ڕاستەقینەیی دەبێتە وەسفکراو بە خودی هۆزنەڤانی و بە میلۆدی دیتن و بەهێزێک کە بابەتەکی تایبەتە، ئەمەش داوای کارێک دەکات داوایەک کە توانایەکی باشی دەوێت لە ئۆقرەیی و وریایی و لە سوسەکردن و پێشبینیکردنێکی هونەری و توانای شکارکردنێکی گەوهەری لە بزووتی ژیان لە میانەی وێنە و دیمەنە کەڵەکەبووەکان و کاروباری ڕۆژانەی باو.

لە سۆنگەی پراکتیکی و هونەری ئەم پێداویستییانە، فیلمەکانی تۆمارگەری بە توخم و ڕەچەڵەکە جیاوازەکان حەز بە دووڕەگیی کارەکانیان دەکەن بە شێوەیەک کە خزمەتی کەرەستەی وێنەگرتنەکەی و دۆکیۆمێنتەرەکانیش هەلی جوڵاندنی ڕەگەزەکانی ریالی بۆ ڕێکخستن دەرەخسێنن، بە مەبەستێکی دیاریکراو کە خزمەتی بە سەرکردنەوە ئامانجییەتی، لە بە دەستهێنانی ناوەڕۆکەکانیدا، بەتایبەت لە کاتی پەیدابوونی تێکستی فیلمی تۆمارگەرییدا لە سەر تاکایەتی چەند کەسایەتییەک کە ئاماژە بە توانای بیرۆکەی تەوەری فیلمەکە دەکات، تا لە نامەیەکی پەتی دوورتر بێ لە میانەی بەکارهێنانی تۆمارگەییدا، هەڵبەت سیمبولی سینەمایی ملکەچی ئەگەرەکانی لێکدانەوەی هزرە لە وێنەدا یاخود زیادکردنی کارتێکردنەکانی سۆزە.

وەلێ لە چوارچێوەی ئەم گفتوگۆیەماندا، گەر زۆربەی کات فیلمی ڕۆماننووسی بە خەسڵەتی یەکگرتنی ڕێک پۆشی بناسرێت، ئایا فیلمی تۆمارگەیی ئادگار و بەها بنەڕەتییەکانی بونیادگەری گووم دەکات؟

بێگومان بۆ ئەم جۆرە فیلمانە هیچ ئەرکێکی چەسپاو یان جێگیری نییە، کە بکرێ هەمیشە وەک سنووری خۆشنوود پشتی پێ ببەسترێ کە بە وانە ستاتییەکییەکەی بۆ وەرگر ڕەت دەکات بێ ئەوەی پێویستی بە بەکارهێنانی مکیاژ و ڕازاندنەوەی تر هەبێت، بەڵکو بە زیادەڕۆیی وێنەکەی کە پێدەچێ هەمیشە مەرجداری تواناکانی بێ لە گرتنەخۆی جیهانی چواردەوری و سەرلەنوێ چاکردنی لە ژێر سیحری کامیرای سینەمایی، ئەوکاتە بێ پێشگر دەتوانێ پتر بە دەست بهێنێ.

**ژێدەر:**

مجله مسارات عدد الرابع السنه ألاولى سنه ٢٠٠٦ صحیفه ١٢٩

*تیلماسک: شریت



# گرنگینەدانی همینگوای بە سینەما

**جەین فلیپ**
**لە فارسییەوە: حەمە قادر**

همینگوای وتوویەتی (باشترین رێگەی مامەڵەکردن لەگەڵ سینەماکارەکانی هۆلیوودا ئەوەیە کە لە سنووری ویلایەتی کالیفۆرنیا بیانبینی و کتێبەکەت فرێ بدەیت بۆ ئەوان و ئەوانیش پارەکەیان بۆ لای تۆ هەڵبدەن). همینگوای لە رێگەی ئەم تەعبیرەوە دەیەوێت ئەو خاڵەمان بۆ روون بکاتەوە کە بەفیلمکردنی بەرهەمەکانی نووسەرێک دەتوانێت دەرامەتێکی باش مسۆگەر بکات، بەڵام ئەنجامی ئەم کارە کەمێک جیاوازە لەوەی کە لە بنەڕەتەوە چاوەڕێمان دەکرد. ئەم نووسەرە کە نووسینی سیناریۆی وەرگیراو لە چیرۆکەکانی بە تەواوی

**لە فیلم و  چیرۆکدا، بەشێوەیەکی سەرەکی زیاتر پشت بە وەسف و گێڕانەوە دەبەسترێت نەک گفتوگۆ، لەکاتێکدا لە شانۆنامەدا بنەڕەتی گرنگ رێک بە پێچەوانەوەیە**

رەت دەکردەوە، دەربارەی هەستی ئەو نووسەرەی کە روو لە هۆلیوود ئەکات، ئەڵێت: «وەک بڵێی لە پشت لێنزی کامێراوە تەماشای جیهان دەکەی. تەنها وێنەکان مێشکی تۆیان داگیر کردووە، بەڵام دەبێ بیر لە مرۆڤەکان بکەیتەوە». همینگوای تەنها یەکجار لە بڕیارەکەی خۆی لایدا و هاوکاری دروستکردنی فیلمی «پیرەمێرد و زەریا»ی کرد، بەڵام دواتر زۆر بە دڵتەنگییەوە پەشیمان بووەوە.

### رەهەندی هاوبەشی ئەدەب و سینەما

ناڕەزایی همینگوای بەرامبەر ئەو فیلمانەی کە لەسەر بنەمای بەرهەمەکانی دروستکراون و «کارلۆس بیکەر»یش ئاماژەیان پێدەکات، بەڵگەیەکە بۆ بوونی مەودایەک لە نێوان ئەم دوو جۆرە لە گوزارشتی هونەری: تەنانەت بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بەشێوەیەکی گشتی سینەما، زیاتر لە هەموو فۆرمەکانی دیکەی هونەر، لەگەڵ چیرۆک لایەنی هاوبەشی هەیە.
رەنگە هەندێک بکەونە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی کە شانۆنامە بەراورد بە چیرۆک لە سینەما نزیکترە. لەبەرئەوەی هەم شانۆنامە و هەم فیلم نمایش دەکرێن. بەڵام رەهەندی هاوبەشی ئەم دووانە تەنها لەم ئاستەدا دەمێنێتەوە. لە فیلم و  چیرۆکدا، بەشێوەیەکی سەرەکی زیاتر پشت بە وەسف و گێڕانەوە دەبەسترێت نەک گفتوگۆ، لەکاتێکدا لە شانۆنامەدا بنەڕەتی گرنگ رێک بە پێچەوانەوەیە.
«رۆبێرت نائان» بۆ جەختکردنەوە لە نزیکایەتیی فیلم و چیرۆک، دەربارەی تەعبیری سینەمایی دەڵێت: «چیرۆکێک کە لەبری بیستن، دەبینرێت». سینەماش وەک چیرۆک تا ئەو شوێنەی کە بکرێت سنوورەکانی فراونتر دەبێت، خوێندنەوە بۆ کاردانەوەکانی کەسایەتییە سەربەخۆکانی ئەکات. پەیوەندی بە وەسف و دەربڕینی حاڵەتەکانەوە هەیە و لە رێگەی کامێراوە بەدوای ئەو مانا ئەبستراکت و تاقانانەوەیە کە نووسەر خستویەتیە ڕوو. دەکرێ لە هەموو چیرۆکێکی نووسراودا جێگرەوەیەک بۆ چەند تەکنیکێکی وەک «لۆنگ شۆت» (١)، «کلۆزئاپ»، «تراکینگ» (٢)، «دیزولڤ» (٣) ببینین. بەو جیاوازییەی کە لەبری ئەو وێنانەی کە دەنێردرێن بۆ چاو، ئەم مانا و چەمکانە بە وشە بەرەو گوێ ڕەوانە دەکرێن».

### جیاوازییەکی بەڵگەنەویست

لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییەکی نزیک و حاشاهەڵنەگر لە نێوان چیرۆک و سینەمادا بوونی هەیە، نابێت ئەو خاڵەشمان لەیاد بچێت کە چیرۆک و فیلم، دوو ئامرازی تەعبیری و وەسفیی جیاوازن. کەواتە جیاوازی حاشاهەڵنەگر و بەڵگەنەویست لە نێوان ئەو میتۆدانەی کە چیرۆکێک لە کتێبێکدا بەکاری دەهێنێت لەگەڵ ئەوەی لەسەر پەردەی سینەما دەیبینین بوونی هەیە. چڕکردنەوە هۆکارێکی کاریگەرە لە دروستکردن و نمایشکردنی فیلمدا، نووسەر چیی بوویت بەبێ هیچ سنوورێک بۆ درێژەدان بە بیرۆکەی چیرۆک و وەسفی کاراکتەرەکانی چیرۆکەکانی، کاغەزی لەبەردەستدایە. بەڵام سیناریۆنووس لە مەودای یەک دوو سەعات کاتی لەبەردەستدایە. رێگەچارەی دیکە بۆ سیناریۆنووس ئەوەیە کە بڕگە جەوهەری و بنەڕەتییەکانی سەرچاوە ئەدەبییەکەی هەڵبژێرێت و لە سیناریۆدا، بەوپەڕی توانای دراماتیکییەوە، پیادەی بکات و بەدوای ئەوەوە نەبێت، کە هەموو رووداوەکانی دەقی سەرەکیی گێڕانەوە کتومت وەک خۆی لە سیناریۆکەدا

بخاتەڕوو، بۆ نموونە «ئارۆن. ئەی.هاچتز»، سیناریۆنووس، کۆمەڵە چیرۆکی «نیک ئادامز»ی تا ئەو ڕادەیەی کە بۆ فیلمێکی سینەمایی بشێت، پوخت و چڕ کردەوە. بە شێوەیەک کە دە چیرۆکی ئەو کۆمەڵەیەی کە بەبڕوای ئەو بەشی جەوهەری بوون هەڵبژارد و دواتر هەندێک گرتەی داڕشت کە دەکرا وەک گوزەرکردن لە بەسەرهاتێکەوە بۆ بەسەرهاتێکی تر سەیری بکەین. (بەسەرهاتەکانی پیاوێکی گەنج بەگێڕانەوەی همینگوای).

## کێشەی چیرۆک و فیلم

«جۆرج بلاستۆن» لە کتێبەکەی خۆیدا «چیرۆک بۆ فیلم» کێشەکانی پراکتیزەکردنی چیرۆک بە فیلم لە چەند خاڵێکدا بەمشێوەیە دیاری دەکات:

«چیرۆک و فیلم وەک دوو هێڵی یەکتربڕ لە خاڵێکدا یەک دەگرن و بەیەک دەگەن و دەستبەجێ لە یەکتر جیادەبنەوە، لە خاڵی یەکتربڕیندا، چیرۆک و فیلم لە یەکدی جیاناکرێنەوە، بەڵام لەوشوێنەی کە لە یەکتر جیادەبنەوە... هەموو لێکچوونێکی نێوانیان لەدەست دەدەن». ڕەنگە نووسەر چەندین دەستەواژە بۆ گوزارشتکردن لە وەسفەکانی لە بابەتێکدا بەکاربهێنێت. لەکاتێکدا کە فیلمساز بابەتەکە لەسەر پەردە، بە وێنەیەکی سەربەخۆ دەخاتەڕوو.

ئەگەر چڕی و پوختی هۆکارێکی بنەڕەتی لە پراکتیکردنی چیرۆک بێت لە فیلمدا، وەک فیلمی (ماڵئاوایی لە چەک) یاخود (زەنگەکان بۆ کێ لێ دەدرێت) بەڵام لە چیرۆکێکی کورتی وەک (بکوژەکان)، یان (بەفرەکانی کلیمانجارۆ) پەرەپێدان و فراوانترکردنی بابەتی چیرۆک ڕەگەزێکی سەرەکییە لە خستنەسەر پەردەی چیرۆکەکەدا. ئەرکی سەرەکی و گرنگی سیناریۆنووس لە نووسینی سیناریۆی چیرۆکی کورتدا، داهێنان و خوڵقاندنی توانستی پێویستە لە بابەتە زیادەکان، بۆ فراوانترکردن چیرۆکی سەرەکی. واتە تێکەڵەیەکی بەردەوام و درێژەدار لە فیلمدا، بێ ئەوەی لەم چوارچێوە زەمەنییەدا، کۆی خاڵە سەرەکییەکانی کورتە چیرۆکەکە لە کاتی ئاوێنەبوونی هێڵی چیرۆکە بەرهەمهاتووەکە لەناو دەچێت. ئەو سیناریۆنووسەی کە کار لەسەر چیرۆکی کورت ئەکات، زیاتر دەیەوێت ئەو ڕووداو و پێشهاتانە کۆبکاتەوە و بەکاربهێنێت کە یارمەتیی فروانکردنی سیناریۆکە دەدەن نەوەک لەسەر کاراکتەر و چوارچێوەی سەرەکیی چیرۆکەکە، کە یارمەتییەکی زیاتر بە بینەر پێشکەش دەکات بۆ تێگەیشتنی قوڵتر لە بابەتەکە.

## ڕەهەندە ئەدەبی و دراموییەکان

کێشەیەکی دیکە کە لە کاتی بەفیلمکردنی چیرۆکدا دێتە پێشەوە، ئەوەیە کە درێژی چیرۆکەکە لەم ئاڵوگۆڕەدا زیاتر یاخود کورتتر دەبێتەوە. ئایا تا چ ڕادەیەکیش دەکرێت سود لە دیالۆگە سەرەکییەکانی ناو چیرۆک وەربگرین. بۆ سودوەرگرتن لە ئاراستەی (نەیچرالیستی/سروشتگەرایی) گفتوگۆکانی ناو بەرهەمی هیمنگوای لە سینەمادا، ڕەنگە بتوانین هەمان گفتوگۆی نووسراوی سەر کاغەز بگوازینەوە بۆ ناو فیلمەکە، بەڵام هەروەک لە فیلمی (ماڵئاوایی لە چەک) لە دەرهێنانی سلزنیگ_دا دەیبینین سودوەرگرتن لەم شێوازەی دیالۆگ زیاتر ڕەهەندی ئەدەبی هەیە تا دارماتیکی.

گراهام گرین لەمبارەوە دەڵێت: «ئەوەی لە کتێبدا ڕەوتی تەندروستی خۆی بەڕێ ئەکات، ڕەنگە لەسەر پەردەی سینەما ناواقیعی دەربکەوێت و پێویستی بە دەستکاریکردن بێت. دیالۆگ لە چیرۆکدا دەبێ

# ڕەخنەگری ئەدەبی و سینەمایی، هەردوولا لەسەر ئەو بڕوایەن کە شێوازی گێڕانەوەی همینگوای سینەماییە

تامێکی واقیعگەرایانەی هەبێت، بێ ئەوەی واقعی دەربکەوێت. لە سینەمادا، کامێرا جەخت لەسەر هەلومەرجی واقیعی دەکاتەوە و دیالۆگەکان دەبێ لە ژیانی ڕۆژانە و واقعی نزیکتر بێت. لەراستیدا دیالۆگ لە فیلمدا دەبێ لەگەڵ ئەو کەرەستانەدا کۆک بێت کە لە فیلمەکەدا سوودیان لێ وەردەگرین و ئەمانەش سەرجەمیان واقعین.

ڕەخنەگری ئەدەبی و سینەمایی، هەردوولا لەسەر ئەو بڕوایەن کە شێوازی گێڕانەوەی همینگوای سینەماییە. بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە هەمووجۆرە پەیوەندی و پەیوەستی لە نێوان چیرۆکی ئەو و گێڕانەوەی سینەمایی بەرهەمەکانی ڕەواڵەتی و وێنەیین. ڕاستە کە بەزۆری، گێڕانەوەی هیمنگوای پشت بە چوارچێوە و بیرۆکەی سادە و دیاریکراو دەبەستێت و کاراکتەری ناو چیرۆکەکانی بە ڕوونی و ئاشکرایی وەسف دەکات و دەتوانین بەشەکانی، گفتوگۆ و وردەکاری بابەت و کردارەکانیان بخەینە سەرپەردەی سینەما، بەڵام هەروەک «ئیدوارد مۆرای» لە کتێبی (وێنەکاری لەسینەمادا ۱۹۷۲) پێداگری لەسەر ئەم بابەتە ئەکاتەوە، لە کارەکانی همینگوایدا کە مۆنۆلۆگی دەروونی کارەکتەرەکانی، لەکاتی دەربڕینی بیرکردنەوە و هەستەکانیان و هەڵسەنگاندنی خۆیان بۆ ڕابردوو یان ئێستا، لە گۆڕینی ئەم بەرهەمانە بۆ سینەما کێشە دروست دەکات. ئەم گفتوگۆ دەروونییانە ئەگەر لەلایەن ئەکتەرەوە بە وشە تەعبیر بکرێت، حاڵەتێکی زۆر ساختەکاریی پێوە دیارە. لەبەر ئەوەی شارەزایی همینگوای وەک نووسەر، هێز و توانایی ئەو لە نووسینی ئەو وشانەدا زیاتر دەکات کە بارگەیەکی زیاتر لە مانای ئەدەبیان تێدایە. «پیتەر واڵش» لەم بارەوە دەڵێت: «چەند بابەتێکی وەک خۆشەویستی، سێکس، مەرگ و ئازایەتی کە همینگوای لەسەریان دەنووسێت، زۆر بەدەگمەن تەفسیرکراون، بەڵام هەمیشە قابیلی تێگەیشتنن».

ئەم تواناییە لە دەرهێنان و نووسینی وشەکاندا، لەو کاتەوە هاتووە، کە همینگوای وەک پەیامنێر کاری دەکرد و لە ڕاستیدا خەریکی خۆڕاهێنان بوو. همینگوای ئەم تواناییەی خۆی کە زیاتر لە چاوبەستێک دەچوو، بە شاخێکی سەهۆڵین دەچوێنێت کە تەنها یەک لەسەر هەشتی شاخەکە لەسەرئاوە و بەرچاو دەکەوێت. کاتێک نووسەرێک واقیعی بنووسێت و درێژە بە کارەکەی بدات، خوێنەریش ئەو مانایانەی کە بەکاری بردووە بە جۆرێک تێدەگات کە لە ڕاستیدا مانایەک لەم وشانەدا بوونیان هەیە.

## سەرچاوە: و پەراوێزەکان:

مجله گردون، شماره سوم، ۱،دی، ۱۳٦۱

۱.لۆنگ شۆت، long shot: مەبەست لە گرتەیەکە لە دوورییەکەی تا ڕادەیەک زۆرەوە وێنەی بابەتی دیاریکراو بگرین. بە پێچەوانەی میدیەم شۆت medium shot کە تەنها نیوەی (بۆ نمونە ئەکتەرێک) وێنە دەگیرێت (لە سەروو ئەژنۆکان) بۆ سەرەوە و هەروەها کلۆز ئاپ close up کە ڕوخساری ئەکتەر وەردەگرین. (و.ک)

۲.یەکێک لە جوڵە سەرەکییەکانی کامێرا لە سینەمادا تراکینگە: (tracking shot) و «تراگ ئین» کە بە مانای نزیک کەوتنەوەی لەسەرخۆی کامێرا لە بابەتی وێنەگرتنەوەکەوە دێت و «تراگ ئاوت» کە لێی دووردەکەوێتەوە. (و.ک)

۳.dissolve shot: تەکنیکێکی سینەماییە بۆ گواستنەوە لە گرتەیەکەوە بۆ گرتەیەکی تر. (زۆرجار بەم گواستنەوەیە سکانسەکانیش دەگۆڕێن). بەجۆرێک دوو گرتە کەم کەم تێکەڵ بە یەک دەبن و گرتەی دووەم بە هێواشی جێگەی گرتەی یەکەم دەگرێتەوە. (و.ک)





# پەیوەندیی نێوان دەرهێنەر و ئەکتەر

**لە فارسییەوە: شوان عەباس بەدری**

گرنگترین بابەت لە دوای پەسەندکردنی سیناریۆی فیلمێکی سینەمایی، ئەمەیە کە ئاخۆ چ جۆرە کەسانێک دیاری بکرێن بۆ بەرجەستەکردنی کەسایەتییەکانی ناو فیلمەکە. هەر وەک دەزانین ئەکتەرەکان دەتوانن دیمەنێکی جوان و سەرنجڕاکێش بەرجەستە بکەن و یان خود بە پێچەوانەوە بە تەواوی ڕۆڵەکە بشێوێنن.

## گرنگترین بابەت لە دوای پەسەندکردنی سیناریۆی فیلمێکی سینەمایی، ئەمەیە کە ئاخۆ چ جۆرە کەسانێك دیاری بکرێن بۆ بەرجەستەکردنی کەسایەتییەکانی ناو فیلمەکە



ڕەنگە کە دیمەنێکی زۆر سەرنجڕاکێش لە ناو سیناریۆی فیلمەکەدا نووسرابێت و دەرهێنەریش بە باشی کاری بۆ بکات، بەڵام بە هۆی هەڵبژاردنی ئەکتەرێکی ناشایستە بۆ بەرجەستەکردنی، دیمەنەکە وەک پێویست و هونەرییانە بە بینەران نەگات. هەندێک جاریش ڕەنگە کەسایەتیی ناو سیناریۆکە کەسایەتییەکی لاواز و بێبنەما بێت، بەڵام بە هۆی هەڵبژاردنی ئەکتەرێکی بە ئەزموون و کارامە بە شێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش و سەرکەوتوو ڕۆڵەکەی بەرجەستە بکات. هەر لەبەر ئەم هۆکارانەشە کە زۆربەی دەرهێنەرە سینەمایییەکان ئارەزوو دەکەن کە لە هەڵبژاردنی کەسەکان سەربەست بن و خۆیان ئەکتەرەکان هەڵبژێرن، هەروەها هەندێک دەرهێنەری دیکەش چەند ڕاوێژکارێکی کارامە و ئەکتەرناس ڕادەسپێرن تا ئەم کارە ئەنجام بدەن و تەنانەت هەندێک جاریش سیناریۆی فیلمەکە بە پێی کەسایەتیی ئەکتەرێکی دیاری کراو دەنووسرێت، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەرهێنەرە سینەمایییەکان هەموویان یەکڕان کە لە کاتی هەڵبژاردنی ئەکتەرەکاندا، کەس دەست نەخاتە کاروبارییانەوە.

یەکەمین کار کە پێویستە دەرهێنەر ئەنجامی بدات، ئەمەیە کە بزانێت ئاخۆ کەسایەتیی ناو سیناریۆی فیلمەکە و ئەو ئەکتەرەی کە بڕیارە ڕۆڵەکە بەرجەستە بکات تا چ ئەندازەیەک هاوشێوە و وێکچوون، چ لە ڕووی شێوە و چ لە ڕووی کاردانەوە و تایبەتمەندییە جەستەییەکان.

بە گشتی دەرهێنەرە سینەمایییەکان ئارەزوو دەکەن ئەو ئەکتەرەی کە دیاری دەکەن خاوەن کاردانەوەیەکی خێرا و سەرنجڕاکێش و

یەکەمین کار کە پێویستە دەرهێنەر ئەنجامی بدات، ئەمەیە کە بزانێت ئاخۆ کەسایەتیی ناو سیناریۆی فیلمەکە و ئەو ئەکتەرەی کە بڕیارە ڕۆڵەکە بەرجەستە بکات تا چ ئەندازەیەک هاوشێوە و وێکچوون، چ لە ڕووی شێوە و چ لە ڕووی کاردانەوە و تایبەتمەندییە جەستەییەکان

کارامە بێت، واتە ئەکتەر دەبێت بتوانێت کە بە سوودوەرگرتن لە کاردانەوەی ڕووخسار و دەربڕینەکانی و شێوازی ڕۆیشتن و هەڵسوکەوت کردنی، بە ئاسانی ڕۆڵەکەی بەرجەستە بکات.

ئەرکی سەرەکیی دەرهێنەر لە کاتی بەرهەمهێنانی فیلمێکی سینەماییدا بریتییە لە یارمەتیدانی ئەکتەر و ئامۆژگاری کردنی تا بە باشی لە ناوەڕۆکی سیناریۆکە تێبگات، چونکە هەندێک لە ئەکتەرە سینەماییەکان بە ئەندازەیەک ڕۆدەچنە ناو ئەو کەسایەتییەی کە بەرجەستەی دەکەن ئیتر ناتوانن هەماهەنگییەک لەگەڵ کەسایەتییەکانی دیکەی ناو فیلمەکە دروست بکەن و لەم کاتانەشدا بەو کەسە دەوترێت دەرهێنەرێکی لێزان و پسپۆر کە ڕێ لە هەرجۆرە زیادەڕەوییەکی ئەکتەر لە کاتی بەرجەستە کردنی ڕۆڵەکەیدا بگرێت.

دەبێت بزانین کە ڕۆڵ بینین لە سینەما و تەلەفزیۆن زۆر جیاوازە لەگەڵ شانۆدا، چونکە ئەکتەری سینەمایی جگە لە سوودوەرگرتن لە تەکنیکی شانۆیی پێویستی بە چەند تەکنیکی تایبەتی دیکەش هەیە، کە ئەگەر بێتو ئەکتەر شارەزایان نەبێت ئەوا ناتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر و سەرکەوتوو لە سینەمادا بەرجەستە بکات.

دەرهێنەر بە سوودوەرگرتن لە کەرەستە و داهێنانەکانی ناو بواری سینەما دەتوانێت بە شێوەیەکی بەرچاو یارمەتیی ئەکتەرەکانی بدات، بە جۆرێک کە هەندێک ئەکتەری سینەمایی بە بێ ئەوەی کە هیچ جۆرە پێشینەیەکی شانۆییان هەبێت، بە سوودوەرگرتن لەم تایبەتمەندییانە بوون بە ئەستێرەی سینەمایی.

**جیاوازییەکانی نێوان شانۆ و سینەما بریتین لە:**

**بەردەوامی** (contினkity)

ئەکتەرە سینەماییەکان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن دەبێت هاوسەنگیی ئەو کەسایەتییە بپارێزن، کە بەرجەستەی دەکەن، ئەمەش لە کاتێکدایە کە ڕەنگە لەو ماوەیەدا بەشێکی زۆر کەم لە ڕۆڵەکەی وێنە بگیرێت.

هەندێ جار ئەکتەرێک هەر لە سەرەتای کاری وێنەگرتنەوە، دوا بەشی فیلمێک بەرجەستە دەکات، یان خود لە ڕۆژێکدا چەند دیمەنێکی جیاواز لە چەند بارێکی دەروونیی تایبەتیدا بەرجەستە دەکات، بەڵام لە شانۆدا ئەم کارە تەواو پێچەوانەیە و ئەکتەرێکی شانۆیی ڕۆڵەکەی لە ماوەی یەک کاتژمێر یان زیاتر پێشکەش دەکات، لە کاتێکدا کە ئەکتەری سینەمایی ڕۆڵەکەی قۆناغ بە قۆناغ و لە ماوەیەکی درێژخایەندا بەرجەستە دەکات.

**گۆشەنیگا** (angle)

بینەر بەو جۆرەی کە خۆی ئارەزوو دەکات لە نمایشێک دەڕوانێت و لێی تێدەگات، بەڵام لە کاتی بینینی فیلمێکی سینەماییدا ئەوا بە ئارەزووی دەرهێنەرەکە لە فیلمەکە دەڕوانێت.

لە نمایشی شانۆییدا، بۆ جەختکردنەوە لەسەر بەشێکی نمایشەکەدا، ئەکتەر بە سوودوەرگرتن لە جووڵە فیزیکییەکان سەرنجی بینەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشیت، بەڵام لە سینەمادا ئەم کارە لە لایەن دەرهێنەرەوە ئەنجام دەدرێت لە ڕێگەی: (بڕین brek down، ئەندازەی گرتەکە scale، شوێنی کامێرا set-up، جووڵەی

# ئەکتەر دەبێت بتوانێت کە بە سوودوەرگرتن لە کاردانەوەی ڕووخسار و دەربڕینەکانی و شێوازی ڕۆیشتن و هەڵسوکەوت کردنی، بە ئاسانی ڕۆڵەکەی بەرجەستە بکات

کامێرا mouing camera، جۆری هاوینەی کامێراکە lense، ڕووناکی lighting، مۆنتاژ editing، دیمەنی تایبەتی special effect، موزیکی ناوەڕۆک musical score، دۆبلاژ dubbling)، هەموو ئەم کارانەش بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری دەخەنە سەر ڕۆڵ بینینی ئەکتەر و گشت ئەم کارانەش لە ژێر چاودێریی دەرهێنەرەکە ئەنجام دەدرێت و ڕای کۆتایی دەگەڕێتەوە بۆ خودی دەرهێنەر.

لەبەر ئەوەی دەرهێنەر جگە لە تەکنیکی فیلمسازی، هەوڵدەدات کە پەیامێکی مرۆڤانەش بە بینەر بگەیەنێت، ئەوا دەبێت بە تەواوی شارەزایی لە سروشتی مرۆڤ و تا ڕادەیەکیش زانستی دەروونناسیدا هەبێت و وەک باوکێک لەگەڵ ئەکتەرەکانیدا هەڵسوکەوت بکات و بتوانێت کە هەستی ئەکتەرەکانی بۆ بەرجەستەکردنی ڕۆڵەکانیان ببزوێنێت.

دیارە هەموان ئارەزوو دەکەن کە لە کاتی بە ئەنجام گەیاندنی کارێکی باش دەستخۆشیان لێبکرێت و هەر لەبەر ئەمەش دەرهێنەر دەبێت لە کاتی گونجاودا دەستخۆشی لە ئەکتەرەکانی بکات، کریشتۆن لەم بارەیەوە دەڵێت: (پێویستە دەرهێنەران لە گەڵ ئەکتەرەکانیان هاوڕێ بن). هەڵبەتە ئەم قسەیە ئەو واتایە ناگەیەنێت کە دەبێت دەرهێنەر هەموو ئەکتەرەکانی بناسێت و پەیوەندیی هاوڕێیەتی لە گەڵیاندا ببەستێت، بەڵکو دەبێت دەرهێنەر بە ئاسانی بتوانێت هەستیان ببزوێنێت و ڕێنوماییان بکات، تا لە بەرجەستە کردنی ڕۆڵەکەیاندا سەرکەوتوو بن، بەبێ ئەوەی کە هەستیان بریندار بکات.

ڕەنگە هەندێک جار ئەکتەرێک لە کاتی وێنەگرتنی دیمەنێکدا خۆبەخۆ ترس دەروونی داگیر بکات و دیارە کە لەم کاتانەشدا کێشە بۆ ئەکتەر و ڕۆڵەکە و ستافی وێنەگرتنەکە دروست دەبێت و دەرهێنەر دەبێت یەکسەر ڕێگە چارەیەکی گونجاو بۆ ئەم دۆخە بدۆزێتەوە.

یەکێک لەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی ئەم جۆرە کێشانە ئەوەیە کە دەرهێنەرەکە گرنگییەکی زۆری بە ڕاهێنانەکانی ئەکتەرەکەی نەداوە و بە پێی پێویست ئەکتەرەکەی ڕێنومایی نەکردووە، یاخود بە ئەندازەیەک ئەکتەرەکەی سەرزەنشت کردووە کە کەم کەم ئەم ترسە لە دەروونیدا دروست بووە، هەروەک کلارک گیبڵ دەڵێت: (دەرهێنەرە نەشارەزا و دیکتاتۆرەکان، ئارامی لە ئەکتەر زەوت دەکەن و کاتێک کە دەست دەکەن بە وێنەگرتنی دیمەنەکان ئەوا دەبنە مایەی شێواندنی هەست و دەروونی ئەکتەر و ناوەرۆکی فیلمەکە، لە ئەنجامیشدا فیلمێکی خراپ و ئەکتەرێکی سەرنەکەوتوو لە سەر پەردەی سینەما دەخرێتە بەر دیدەی بینەران). فیلم خۆی لە خۆیدا خاوەن جیهانێکی تایبەت بە خۆیەتی و هاوسەنگیی ناو فیلمەکەش گرنگترین بابەتی ناو فیلمەکەیە، دەرهێنەری سەرکەوتوو ئەو کەسەیە، کە بتوانێت هاوسەنگیی ناو فیلمەکەی بپارێزێت.

ترسناکترین بابەت لە کاتی بەرهەمهێنانی فیلمێکی سینەماییدا ئەمەیە کە کاتێک بە نیازن لە گەڵ ئەستێرەیەکی سینەمایی کار بکەن، هەموو تایبەتمەندییەکانی ئەو ئەکتەرە لە بەرچاو

دەبێت بزانین کە ڕۆڵ بینین لە سینەما و تەلەفزیۆن زۆر جیاوازە لەگەڵ شانۆدا، چونکە ئەکتەری سینەمایی جگە لە سوودوەرگرتن لە تەکنیکی شانۆیی پێویستی بە چەند تەکنیکی تایبەتی دیکەش هەیە، کە ئەگەر بێتو ئەکتەر شارەزایان نەبێت ئەوا ناتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر و سەرکەوتوو لە سینەمادا بەرجەستە بکات

نەگرن، وەک: دەنگ و هەڵسوکەوت و جووڵە.
بۆ نموونە (گری کۆپەر و کلارک گیبڵ و ئۆرۆل فلین و جۆن ڤین و جیمی ستیوارت) هەر یەکەیان بە جیا خاوەن شێوازێکی تایبەت بە خۆیان بوون لە کاتی بەرجەستە کردنی ڕۆڵەکانیاندا و هەر ئەمەش بووبووە هۆکارێک تا بینەران بە تامەزرۆییەوە بچن بۆ بینینی فیلمەکانیان.
هەروەها دەبێت ئاگاداری ئەوەش بن کە چ کەسێک ئەستێرەیەکی سینەمای بازرگانییە (تجاری) و چ کەسێک دەتوانێت بە سەرکەوتوویی کەسایەتیی ناو فیلمەکەتان بۆ بەرجەستە بکات، بە بێ ئەوەی کە گوێبدەنە پەیوەندیی خزمایەتی و هاوڕێیەتی و ئارەزووی بەرهەمهێن و بەرپرسانی ناو کۆمپانیا فیلمسازییەکان، چونکە ئەگەر بێتوو ئەم کارە ئەنجام بدەن ئەوا ڕەنگە کارەسات ڕووبدات و بە هۆی ئەکتەرێکی نەشارەزاوە یان ناشایستە بۆ بەرجەستە کردنی ڕۆڵەکە کەسایەتیی ناو فیلمەکە بە تەواوی بشێوێنرێت.
کێشەیەکی دیکەی دەرهێنەرە سینەماییەکان، کارکردنە لەگەڵ منداڵ و هەرزەکاران، بێگومان ئەکتەرێکی مناڵ یان هەرزەکار لە ڕووی دەروون و هەستی کۆمەڵایەتییەوە، لەگەڵ ئەکتەرە پیر و کامڵەکان زۆر جیاوازن، بەتایبەتیش کە ڕەنگە لە بچووکترین بابەت زیز ببن و شوێنی کارەکە بە جێبهێڵن. هەر لەبەر ئەمەش دەرهێنەر لەم کاتانەدا دەبێت بە وریاییەوە وتووێژ و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکات، تا بەم جۆرە بتوانێت هەست و دەروونیان ببزوێنێت و ڕۆڵەکەیان بە سەرکەوتوویی بەرجەستە بکەن. هەروەها دەبێت ئەوەش بزانین، کە ئەگەر بێتو خوێندکارێکی بواری دەرهێنان یاخود دەرهێنەرێکی تازەکار شارەزاییەکی باشیان لە سکانس و ناوەڕۆکی سیناریۆکەدا هەبێت، بەڵام هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەکتەرەکانی باش نەبێت و لە بچووکترین هەڵە توڕە بێت، ئەوا بێگومان هەرگیز ناتوانێت فیلمێکی سەرکەوتوو بەرهەم بهێنێت.








# فیلمی کوێستانی قەندیل

## ناوەڕۆکێکی هیومانیستی، ڕواڵەتێکی ناسیونالیستی

**سامان حوسێنی**

فیلمی «کوێستانی قەندیل» دوا بەرهەمی سینەمایی نووسەر و هونەرمەندی کورد «تەها کەریمی»یە، ئەم ئەزموونە سینەماییە ئەگەر بۆ سینەمای ئێستای کورد بەهرەیەکی تەواو جیاواز نەبێ، لانی کەم لە جۆری خۆیدا کەم وێنەیە.



چیرۆكی فیلمەكە سەبردەی سێ فەقێی كوردە، كە وێكرا ئەڤینداری نەسرینی كچی مجێوری مزگەوتەكەیان دەبن، بەڵام دواجار و دوای ئەوەی مامۆستای فێركاریان دەزانێ لە مزگەوتەكە وەدەریان دەنێ، بەم جۆرە ژیانێك درگا بەسەریاندا دەكاتەوە، كە بە زۆر شتیان دەگەیەنێ، جگە لە (نەسرین).

دەنگی شەماڵ: نەسرین ئێواران پەنجەرەكەی ئەكردەوە، بۆ ئەوەی عەیندین بۆ هەزارویەك ماڵی تازیەدار دەف لێ بدا و گۆرانی بڵێ.

دەنگی رەسول: نەسرین ئێواران پەنجەرەكەی ئەكردەوە، بۆ ئەوەی شەماڵ گوێ لە هەزارویەك ژنی ترساو بگرێ و دۆعایان بۆ نووسێ...

دەنگی شەماڵ: بۆ ئەوەی هەزارو یەك زیندانی هەواڵی زیندووبوونیان بگەیەننەوە بە كەسوكاریان.

دەنگی عەینەدین: بۆ ئەوەی ساڵانێك دواتر بچینەوە ناو هەزارو یەك داستان.

دەنگی شەماڵ: داستانی ئەو ژنانەی بە چوار زمان قسە دەكەن، بەڵام بە یەك زمان دەگرین و فرمێسك دەرێژن.

شەماڵی دۆعا، عەینەدینی دەف و رەسوڵی فرمێسك سێ فەقێی ئەڤیندار و وەیلان و پەرتەوازە، لە دوای دەرچوونیان لە حوجرەی مزگەوتی فەقێیان، سەوداسەری نەسرین وێڵ دەبن و بە ئامانجی دۆزینەوەی سەرهەڵدەگرن، لەم لاشەوە ئەوە (نەسرین)ی ئەڤین و عەشقی ئەم



سێ فەقێ دەرکراوە بۆتە پێشمەرگە و وا پێدەچێ دواتر لە میانەی شەڕێکدا بێسەروشوێن بووبێ. ئا لێرەوە ژیانی ئەم سێ کاراکتەرە سەرەکییەی فیلمەکەی کوێستانی قەندیل دەبێتە ڕێبواری ڕێگەی دۆزینەوەی نەسرینی ونبوو، ئەوەی کە لە ڕەوت و پرۆسەی گەڕان بە دوای نەسرینی ئەڤینیاندا دەبنە سەنگی سەبوور و دڵخۆشکەر و مزگێنی دەری هەزاران ڕۆڵە کوژراو و ڕۆڵە بێسەروشوێن... ئەوانەی کە لە قەندیل کوژراون، دایکانی کورد و فارس و تورک و عەرەب. عەینەدین بە دەف دەیانلاوێنێتەوە، شەماڵ بە دۆعا سوکناییان پێ دەبەخشێ و دڵیان هێور و ئارام دەکاتەوە و ڕەسولیش نامە و ناونیشانەکانیان بە نهێنی و بە شێوازی تایبەت بەخۆی ئاڵوگۆڕ دەکا...

خەون و ئەڤینی هەرسێکیان یەکێکە، بەڵام دژی یەکترین و ساڵ نییە (وەک بۆ خۆیان دەڵێن) یەکتر لەلایەنی بەرامبەر بە گرتن نەدەن... خەون و ئەڤینی هەرسێکیان یەکێکە، بەڵام هەرکامەیان بە ئاراستە و ڕوانگەیەکی دژ بەوی دیکە دەچێتە پێش و ڕێبازێکی دژ بە هاوڕێ کۆنەکەی دەگرێتە بەر، خەون و ئەڤینێکیان هەیە، کەچی ڕواڵەت و دەروونیان لێک جودایە، سەرەڕای ئەم خەون و ئەڤینە هاوبەشەش، پڕ و تەژین لە خەمساردی، سەرەڕای ئەم خەون و ئەڤینە هاوبەشەش، درۆ لەگەڵ یەکتر دەکەن و دەبنە خائین بە یەکتر... عەینەدینی دەف دەفیان بۆ لێ دەدا و ڕەنگە

مەبەستی دیکەشی هەبێ. شەماڵی دۆعا دۆعایان بۆ دەنووسێ و ئەهوەنیان ئەکاتەوە و فەرامۆشییان بۆ دێنێ، رەسولی فرمێسکیش ناسنامە و کەلوپەل و هەواڵی زیندوبوونیان دێنێتەوە.. بەڵام ئەمە رووپەردەکەیانە، چونکە ئەوەی کە دیار نییە و بەدی ناکرێ، ئەوەیە کە هەرسێکیان لە ناخیاندا دەکوڵێن بۆ شتێکی دیکە، بێئاگا لەوەی کە ئەوەی دەیکەن نوێنگەی خودی هەر ئەو ئامانج و ئەڤینەیە کە بە دوایەوەن و بۆی دەگەڕێن.

فیلمەکەی «کوێستانی قەندیل» لەلایەکی دیکەوە زوومە لەسەر وتەزاکانی ئەڤین و نەفرەت و دەرد و مرۆڤبوون، ئەو فیلمە لە ئاسمان و زەوی براوە و هانای بردووەتە بەر دەف و دۆعا و چاوەڕوانی...

شەماڵی دۆعا: رۆژانی فەقێیەتی رووم دەکردە ئاسمان.. هەورەکان باوەشیان بۆ ئەکردمەوە.. خودا پێدەکەنی بە روومەوە.. کە بە شوێن نەسریندا چوومە کوێستان و لەگەڵ کۆمۆنیستەکان ئاشنابووم، شەرمم لە خۆم کرد ئەوەندە چاوم بریبووە،ئاسمان، زەویم نەناسیبوو، رۆمانی دایک_ی ماکسیم گۆرکیم دەخوێندەوە، گڕم دەگرت شەرمم لە خۆم دەکرد، کە نەمزانیبوو دەستی بەهێز و ئیرادەی مرۆڤ تا ئەو رادەیە بەهێزە، کە وابێ بژی کرێکار... بژی گیڤارا... بەڵام زۆری پێ نەچوو زانیم دەستی مرۆڤ ئەوەندەش کە بڵێی بەهێز نییە.. کە نەسرین ونبوو ئەوەم زانی کە ژنانی دەردەدار روویان لە ماڵەکەم کرد دەردی بێ دەرمانم ناسی، شەرمم لە خۆم دەکرد ئەوەندە چاوم بڕیبووە زەوی، ئاسمانم لەبیر چووبووەوە.. هەر بۆیە ئێستا ئەوەتا رۆژێک بە شەرمەوە سەیری ئاسمان دەکەم و رۆژێکیش بە شەرمەوە سەیری زەوی...

کاتێ کە ئەڤیندار نامراد دەبێ و بە ئامێزی ئەڤینەکەی شاد نابێ، یەکجار بێ دەسەڵات و دەستەوسان دێتە بەرچاو و هیچ ئایدیۆلۆژیا و ئامانج و مانایەکیش ناتوانێ ئەو دەسەڵاتەی پێ ببەخشێ، هەر بۆیە ئا لێرەدا کە ئەڤینداری ناکام پەنا دەباتە بەر وەهم و گومان و رەنگە ئەگەر... هەر سەرچاوەی ئەم بێ دەسەڵاتییەشی کە رۆژێک لە رۆژان فەقێکانی ئەم چیرۆکەی بردووەتە بەرەی دەف و دۆعا و چاوەڕوانی.. ئەگەر سەردەمانێک گەیشتن مراد بوو، ئەوەتا ئێستا نەگەیشتن زۆر کاری کردووە، نەگەیشتن سێ ئەڤیندارەکەی کوێستانی قەندیلی بە رۆمانێک بەسەرهات و سەربردەدا تێپەڕاندووە، کە ئەگەر ئەو ئەڤینە نامرادە نەبوایە، رەنگە هەرگیز ئەم بەسەرهاتانەش نەدەبوون. مرۆڤبوون تایبەتمەندیی هەموو رۆلە کوژراو و کەس بێسەروشوێنەکانی ئەم فیلمەیە، جا چ کورد بن یان فارس و تورک و عەرەب، بەڵام مرۆڤبوون چییە؟

مرۆڤبوون راست ئەو شتەیە، کە مرۆڤ بە هیچ چەشنێک لێی دەرباز نابێ، مەگەر ئەوەی مرۆڤ نەمابێ... مرۆڤبوون گریانە، دڵەخورپەیە، رەشپۆشییە، خەمە، مزگێنییە و لە هەمووان زیاتر چاوەڕوانییە.. ئەرێ چاوەڕوانی، مرۆڤبوون سام و نیگەرانی و دڵەراوکەشە.. لە هەمان کاتدا مرۆڤبوون بێزاری و نەفرەت و دڵداریشە و لەوانەش زۆرتر هیوابڕوای و نائومێدییە، ئەو راستییە تاڵەی کە نائومێدەکان پێی لێ نانێن و ددانی پێدا ناهێنن، بەڵام لە رۆژ روونترە، کە بە هەموو هێزییەوە داڵدەی داون.

فیلمی (کوێستانی قەندیل) بە بەرزایی کوێستانی قەندیل تێگەیشتن و تێنەگەیشتنیشە، ئەو ژنە

# فیلمی (کوێستانی قەندیل) بە بەرزایی کوێستانی قەندیل تێگەیشتن و تێنەگەیشتنیشە

غەریب و چاوەڕوانانەی کە عەینەدین دەفیان بۆ لێ دەدا و شەماڵ دۆعایان بۆ دەنووسێ و رەسول نامە و ناونیشانیان بۆ دێنێ و گۆڕەکانیان بۆ دەستنیشان دەکا، زۆر بە باشی لە بێدەسەڵاتی و دەستەوستانیی خۆیان ئاگادارن لە بەرامبەر ئەو چارەنووس و قەدەرەی تێی کەوتوون، بەڵام هەزار ئەوەندە بێ هەواڵ و تێنەگەیشتوون لەوەی کە نە سەرچاوەی نەهاتی و دەردەکانیان جیاوازە و نە رەگەز و خەونەکانیان.. ئەوان لە بیریان نییە کە ئەگەرچی بە چوار زمان دەدوێن، بەڵام تەنیا یەک زمانی هاوبەشیان هەیە، ئەویش زمانی گریان و چاوەڕوانییە، لە هەمان کاتدا لە کەلێن و قوژبن و وردە دەمارەکانی جەستەی فیلمەکەی کوێستانی قەندیلدا نەفرەتێکی شاردراوە و پەنهان سەیر خۆی حەشار داوە، نەفرەت لەو کاتە کە ژنە رەشپۆشەکان زمان جیاواز و خەمە هاوبەشەکان خواردنەکانیان پێشکەشی یەکتر دەکەن، کەچی لە بنەوە و بە دزیی یەکتر بە چڕ و لێڕەوارەکانی قەندیلدا گلۆریان دەکەنەوە، نەفرەت ئەو کاتەی کە عەینەدین دەچێتە دەفلێدان، بەڵام شەڕی پێ دەفرۆشن و وەدەری دەنێن.. نەفرەت ئەو کاتەی هەموو هەوڵی شەماڵ بۆ سۆراغی سەروشوێنی نەسرینە، بەڵام موقەدەم پێی دەڵێ:

نەک هەر پێت ناڵێم، کە لە کوێیە، بەڵکو ئەگەر لە دەستم بێ ونتریشی دەکەم، پێی دەڵێ (هەموو دەردەکان لە بەمراگەیشتنە دەست پێ ناکەن.)

بەڵام پەیامی فەلسەفەمی چیرۆکەکەی کوێستانی قەندیل؟ بە بێگومان ئەگەر پەیامی ئەم سیناریۆیە دەرخستنی تێنەگەیشتنە قووڵ و خراپ تێگەیشتن و فەرامۆشکردنەکان نەبێ لەو بەشە لە رۆژهەڵاتی ناڤین کە کورد تێیدا نیشتەجێ و جێگیرە، بە دڵنیاوە ئاشکراکردنی زۆربەی ئەو نهێنیانەیە کە مرۆڤی ئەو دەڤەرە کەمتر سەرنجی داوە یان رەنگە هەر سەرنجی نەداوە... ئەوەی کە ئێمە لە بینینی دەروبەرماندا هێشتاش هەر لە رووکەش داین و قوڵایی رووداو و دیاردەکانمان بە وردی بەدی نەکردووە، هەوڵیشمان نەداوە قووڵ بینەوە و رەگەز و بنەماکان بنکۆڵ بکەین، هەر بۆیەشە کە پرسیارەکانمان بەکجار زۆر ساکار بوونەوە، لە هەمان کاتدا لەم پرسیارانە سادەتر و ساکارتر وەڵامەکانن، کە لە منداڵانی خۆیاندا بەردەوام پرسیاری قووڵ و گەرم بەرهەم دەهێنن، فیلمەکەی (کوێستانی قەندیل) لەلایەکی دیکەوە زوومە لەسەر وێناکردنی کورد و کەسایەتیی تاکی ئەم نەتەوە و هاوبەشی و جیاوازییەکانی، لەگەڵ دیکەی گەلان و بەدگومانی و توندوتیژی لە مێژووی سەرزەمینی ئەم گەلەدا..

ئەڤینەکە کە نەسرین توندوتیژە، ئەڤیندارەکان کە سێ کونە فەقێکە بن، توندوتیژن، بەعسییەکان توندوتیژن، پێشمەرگەکان توندوتیژن، هێزەکانی سەر بە سێ دەوڵەت توندوتیژن، ژنەکان زۆربەیان توندوتیژن...

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە، کە ئایا جوگرافیای فیلمەکەی کوێستانی قەندیل_یش توندوتیژە؟ بە بێگومان، بەڵام خۆ توندوتیژیش هەر لە خۆوە بەرهەم نایە، توندوتیژی سەرچاوە و رەگەزی تایبەت بە خۆی هەیە.. ئەگەر بە خوێندنەوەیەکی سەمبولێک و هێمایییانە سێ فەقێکە وەک هێمای سێ پارتی مافخواز و کوردخواز دابنێین و نەسرینیش وەک هێمای کوردستان داگیرکراوی مەبەست و ئامانجیان بناسین، ئایا دەکرێ چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی

لە کەلێن و قوژبن و وردە دەمارەکانی جەستەی فیلمەکەی کوێستانی قەندیلدا نەفرەتێکی شاردراوە و پەنهان سەیر خۆی حەشار داوە، نەفرەت لەو کاتە کە ژنە رەشپۆشەکان زمان جیاواز و خەمە هاوبەشەکان خواردنەکانیان پێشکەشی یەکتر دەکەن، کەچی لە بنەوە و بە دزیی یەکتر بە چڕ و لێڕەوارەکانی قەندیلدا گلۆریان دەکەنەوە

ئاشقەکان لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ ئەڤینەکەیان بە وێنگەی چۆنیەتیی رووبەڕووبوونەوەی پارتە کوردییەکان لەگەڵ کوردێکدا بزانین؟ بۆچی نا؟ ئەوەتا مێژووی خەمی رامیاریی کورد پێمان دەڵێ لە کاتێکدا ئەڤینی رامیاریی هەموو لایەنە مافخوازەکە کوردە (بە وتەی ئەم سینارۆیە هەر ١٦ پارتەکە) رزگاریی وڵاتەکەیان بووە، کەچی تا رادەیەکی زۆر جگە لەوەی خوێنی یەکتریان رشتووە و چەندین خوول شەڕی خۆکوژییان بەرپاکردووە و کوردستانێکی نەخۆشیان بەرهەمهێناوە، کەمتر کاری کارامە و نیشتمانی و مرۆڤخوازانەیان کردووە، بۆ مەگەر داخوازیی کورد چییە؟ رەنگە تا ئێستا زۆر روون نییە، چونکە ئەگەر مافە، ئەی بۆچی پێشێلی دەکەن؟

ئەگەر خاکە بۆچی رێزی ناگرن؟ ئەگەر مرۆڤە بۆچی ئەتکی دەکەن؟ بۆچی سوکی دەکەن؟ ئەگەر ژیانە بۆچی بۆ هەموو لایەک وەک یەک و دۆست و دوژمن تێیدا هاوبەشن؟ دیاردەی دۆشاو و خوێ و بەسەر گومان لێ کراوەکان لەم فیلمەدا بە مانای چییە؟ ئایا نووسەر و دەرهێنەر بەهۆی ئەم وێنەوە دەیەوێ چ پەیامێک بداتە بینەر و خوێنەر؟ لەمەشدا دیسان گومانی تێدا نییە، کە دوو هۆی سەرەکی دنەدەری ئەم کردارەن، یەکەمیان بێزاری و بێمتمانەییە و دووهەمیشیان نەبوونی ئەڤین و متمانەی راستەقینەیە، ئەوەتا مێژووی ئەم گەلانە کە لە زۆر بواری چارەنووسەکەیاندا هاوبەشی یەکترن، هاوکات مێژووی ناکۆکی و دژبەری یەکتریشە، چونکە ئەم ئاوە لەمێژە رژاوە و ئەم هەستە لەمێژە پێکهاتووە.. دەرهێنەرەکەی (کوێستانی قەندیل) لە شوێنێکدا لەکاتی ئیکرانی فیلمەکەیدا وتبووی: دەردەکە ئەوەیە دەرفەت و بوار ناڕەخسێنین کە گوێ لە قسەی یەکتر بگرین، ئەوەندەی کە بە هەست و سۆزێکی ساکار و سادەوە بەرەنگاریی یەکتر دەبین و لە یەک بێزار و قین و لە دڵین...

لەو وێنەدا کە خۆڵاو و دۆشاو بەسەر دژبەرەکانیاندا دەکەن، لەجیاتی ئەو کارە ئامادەنین درگایەک لە ئاخافتن بەسەر یەکتردا بکەنەوە، ئەم راستییە تاڵانە دەیسەلمێنن، کە لەم ئێوارەدا بە بێگومان ئەگەر کورد تاوانباریش بێ کەمترین تاوانی بەردەکەوێ، بە بەراورد لەگەڵ تورک و عەرەب و فارسدا، ئەوەتا ئەوان هەموو درگاکانیان بەسەر دیالۆگێکی رەواو راستەقینەدا داخستووە، لەهەمان کاتیشدا لە روانگەی ئەوانەوە کورد بوونەوەرێکی دڕندەیە، کە نیشانی گەلی خۆیانی دەدەن، تاکو وێنەی ئەم گەلە بەشکراوە بەشخوراوە ئاوا ببینن و بناسن بەو هەمووشەوە ئەم فیلمە هەموو لایەک بە یەک چاو سەیر دەکا و نایەوێ لایەک بە رەوا و لایەک بە ناڕەوا پێناسە بکا، کە بەشکم بتوانێ درگایەکی دیکە بکاتەوە بەسەر روانگەی ئەو مرۆڤانەی کە لە پێناوی هاوژیانییەکیدا و پەروانە و ئاشتییانەی گەلانی ناوچەکەدا هەوڵ دەدەن و تێدەکۆشن.

ئەم فیلمە لەلایەکی دیکەوە پەرژاوەتە سەر ژیان و ژن و کولتوور و بێسەروشوێنی، واتە هۆکارە دەروونی و دەرەکییەکانی سازدەری کۆمەڵگە و کەسایەتییەکی یەکسان... باشە بۆ لەنێو هەموو رەگەز و گەلە جۆراوجۆرەکاندا ئەوە هەر ژنەکانن کە دێنە سەر گۆڕەکان و شین دەگێڕنە سەر لەهەش دەنێن؟ بۆ هەر ژنەکان رەشپۆشن؟ بۆ بارمتەکە ژنە؟ بۆ رزگارکراوەکە ژنە؟ بۆ ئەڤینەکە ژنە؟ بۆ هۆکاری خیانەتی نەقیب ژنە؟



ژنەکان بەهانای کارەساتەکان بن؟ بە بێگومان جوگرافیای چیرۆکی ئەم فیلمە کوردیکایە، بەڵام سەیر ئەوەیە یان ڕەنگە پرسیار ئەوەیە کە باشە بۆ میوانە زرۆدار و بێ زۆرەکانی ئەم جوگرافیایایەش جا چ میوانە بێ چەکەکان واتە ژنە ڕەشپۆشەکان و میوانە چەکدارەکان واتە عەسکەری بەعس و ئەرتەشی تورک و سوپای فارس و عەرەب هیچ تەوفیر و جیاوازییەکیان لەگەڵ کوردەکان نییە...

وەک یەک ترساون، وەک یەک تەختەی سەر ئاون، وەک یەک دەستیان دەلەرزی، وەک یەک دەنگیان دەلەرزێ.. وەک یەک ژێر چاویان ماسیووە و وەک یەک ئەژنۆیان هیلاک بووە ...

ژیان لەم دەڤەرە ئاوایە... شەڕە بێسەروشوێنی، تەرمی بێ خاوەن، هەژاری، ڕەشپۆشی، بێ دەسەڵاتی و پەنا بردنە بەر دەف و دۆعاو چاوەڕوانی، سەیرە! میوانەکانیش هەروان جا چ میوانە بێ چەکە چ میوانە چەکدارەکان.

پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردی بە کارەساتەکانی ئەنفال و هەڵەبجە و بەشکراوی خاکەکەی و بەشخوراویی خەڵکەکەی بە درێژایی مێژوو لەگەڵ ئەم جۆرە کوێرەوەری و نەهامەتییانە ئاشنایە، بەڵام وەک دیارە و دەردەکەوێ ئەمە هەر تایبەتەندی کورد نییە، (کوێستانی قەندیل) دەینوێنێ گاڵتەیان پێ دەکەن، تاقمێکی کەمن

کە هیچ تەوفیرێکی نییە کورد بن یان نەبن! هەر بۆیە رەنگە گاڵتەکار و دەرهێنەری فیلمی ژیان لە دەڤەری فیلمەکەی کوێستانی قەندیلیش تا رادەیەکی زۆر جێگەی بەزەیین، چونکە وەک یەک ماندوون، وەک یەک تینویانە، وەک یەک پەلەیانە، وەک یەک دەترسن!

کاتێک کۆمەڵگە و مرۆڤ بەرهەمی ژێرخانی بیروبۆچوونی بڕیاردەرانی ئەو جۆرە ژیانە بێ، بە بێگومان هەموو کەسەکانی ئەم کۆمەڵگەیە لەخۆ دەگرێ و پریشکی ئەم ئاگرە دەگاتە هەموو لایەک؟...

ئەگەر ونبوونێک هەیە، بۆ هەموانە و ئەگەر کوژرانێک هەیە بۆ هەموانە، هەر بۆیە ئەگەر ژیانێکی شیاویش هەڵدەگرێ، ئەویش هەر بۆ هەموان بۆ دیسانەوە دەچینەوە سەر پرسیارە سەرەکییەکەمان و دووپاتی دەکەینەوە بە راستی نووسەر و دەرهێنەری ئەم فیلمە بەم وێنە دەیەوێ چ پەیامێک بگەیەنێتە بینەر و خوێنەر؟ گومان لەوەدا نییە کە دوو هۆی سەرەکی دنەدەری ئەم جۆرە هەڵسوکەوتەن، یەکەمیان بێزاری لە یەکتر و دووهەمیشیان بێ متمانەیی بە یەکتر... ئەوەتا مێژوویەکە ئەو گەلانەی کە لە زۆر لایەنی چارەنووسیاندا هاوبەشن، کراونە دوژمنی یەکتر، ئەم ئاوە لە مێژە رژاوە و ئەم هەستە لە مێژە پێکهێنراوە، دیسانەوە با بە دەستەواژە و لە دیسکۆرێکی دیکەدا بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا وێڵ بینەوە، کە ئاخۆ ئەم فیلمە لە ناخی چیرۆک و سیناریۆیەکەیدا چ راز و نهێنییەکی حەشار داوە؟ تێنەگەیشتن لە ئەیڤن و خەم و خەون یان لە بە مراد نەگەیشتن و ناکامی، قسە لە دەردێکی مرۆڤانە یان دەردێکی کوردانەی تایبەت بەم جۆرە ئادەمیزادە؟

ئەگەر سێ کاراکتەرە سەرەکییەکە بە وێنەی سێ روانگەی راست و نێوڕاست و چەپی رامیاریی کورد دابێین و (نەسرین)یش بە ئامانجی سەرەکی و دوا ئامانج و مەبەستیان پێناسە بکەین، ئەوا هەم رێبوارانی رێگەی ئامانج کێشەدار و بریندارن و هەم ئامانجەکە، کە لە نەسریندا خۆی دەبینێتەوە، نەخۆش و شکستە و بێدەسەڵاتە.

ئەگەر عەینەدینی دەف بە وێنەی راست و رەسوڵی فرمێسک بە وێنەی نێوەڕاست و شەماڵی دۆعاش بە وێنەی چەپ بناسین، ئەوەتا ئێستا هیچ کام لە پێناوی ئەڤینەکەیاندا سنور و چوارچێوەی رێبازەکەیان وەک مەرهەمێک بۆ سەر زام و برینی بریندارەکان واتە کەسوکاری ونبووە بێسەروشوێنەکان ئەوانەی هاودەردی خوێن...

بۆ خۆی نەسرینی ونکردووە و ئەوانیش هەر کامەیان ئازیزێکیان ونکردووە. شەماڵی دۆعا لە پێناوی نەسریندا ئاموشۆی هەموو لایەک، تەنانەت دوژمنەکانیش دەکا. ئەوەتا لە پێناو دۆزینەوەی نەسریندا دەستەودارین بەعسییەک بووە، رەسوڵی فرمێسکیش هەر هەڵوەدای نەسرینە، بۆیە راسپاردە و نیشانەی گۆڕی بێسەروشوێنەکان بە زەحمەت لە شارەوە دێنێتە شاخ و لەم پێناوەشدا تەنیا هەر گوێی سپاردوەتە دڵە خەمناکەکەی خۆی، دڵە چاوەڕوان و نامرادەکەی، بەم پێیە تەنیا پەیامی قوڵی بیریارانە و فەلسەفی، کە بکرێ لە کوێستانی قەندیلی هەڵێنجین، نەگەیشتنی ئەڤیندارانە بە ئەڤینەکەیان ئەویش بەبێ ئەوەی بە خۆیان بزانن یان پێیان وابێ کە تێیدا تاوانبارن، بە واتایەکی دیکە ئەگەر هۆکاری سەرەکیی ئەم نەیشتنە نەبێ، لانی کەم هۆکاری پەراوێزخستنەکەیەتی....



تەها کەریمی

یەکێکی دیکە لەلایەن و پاردەکانی جیاوازی ئەم فیلمە لەگەڵ بەشێکی بەرچاو لە ئەزموونە فیلمییەکان زمانەکەیەتی، دیالۆگ و مۆنۆلۆگەکانی، بەو هەمووەشەوە زمان و داڕشت و سینتاکسی دیالۆگ و وێنەکانی نێو سیناریۆکەی «کوێستانی قەندیل» ئاسایی و ڕۆژانە نییە، بەڵکو ئەمرازێکی ئەدەبی و هۆنەرانەیە دیارە زۆر ناسروشتی نییە کە زمانی ئەکتەر و کەوشەنی فیلمێک زۆر ئاسایی و ڕۆژانە بێ، بەڵام زمانێکی سروشتیدار و ڕۆتین کەمتر دەتوانێ شۆڕبێتەوە بە ناخی ئەکتەرەکانیدا و بەوجۆرە کە شیاوە هەستەکان بنوێنێ، دیارە چ بە ڕوانگەیەکی زمانەوانی و ئەدەبی چ بە ڕوانگەیەکی ناسیونالیستی و کوردیخوازانەوە دەکرێ وردبینەوە لە زمانی ئەم سیناریۆیە، بەڵام بە بێگومان ئەو خاڵە بەرچاوە هەر تەنیا لە بەراورد لەگەڵ چەند فیلمێک کە لە چەند ساڵی رابردوودا بەرهەم هاتوون، باشتر خۆی دەردەخا و روون دەبێتەوە.

دیارە بە سەرنجدانی چیرۆکنووس بوون یا چیرۆکخواز بوونی نووسەری ئەم فیلمە هەڵدەگرێ ئەم سیناریۆیە بە زمانێکی ئاوا داڕێژرابێ، بەشێکی زۆری بەرهەمی ئەم بەرە نوێ و وەرزە نوێیەی فیلم لە کوردیکا زۆر بە کەمی پەرژاوەتە سەر داڕشتنی جیاوازی زمانەوانی لە سیناریۆی فیلمەکاندا، هەر ئەوەش کە کەوشەنی گشتیی فیلمەکان و سیمای پرسناژەکان لەگەڵ یەکتر زۆر گەرم و هاودەنگ نایەنە بەرچاو...

ژاک دریدا کە راڤەکارێکی کۆمەڵناسی زمانە، لە وتووێژێکدا دەڵێ من باش تێدەگەم ئەو رستەی کە لە زمانی کەسێکەوە دەردەبردرێ هی خۆیەتی یان نا؟ چونکە زۆر قسەی کەسێک دەکرێ قسەی خۆی نەبێ، بەڵکو دۆخێکی کۆمەڵایەتی ئەو قسەی لە دەم بنێ بۆ وێنە من دەڵێم «زۆر توڕەم لەم هەڵوێستە» ئەوە لە کاتێکدایە، کە من هیچ توڕە نیم لەم هەڵوێستە، دەتوانم بڵێم توڕەم، بەڵام هەرگیز ناتوانم توڕەبم و توڕەبوون لە دەروون و داڕشتنی رستەکەمدا ئاسەواریشی هەبێ، کاتێک تۆ دەتوانی لە رستەیەکدا ناوەڕۆکێک وەک خۆی بنوێنێ، بە مەرجێک بارێکی رواڵەتیی تێگەیاندنی نەبێ، بەڵکو دەبێ هەڵگری هەموو ئەو بارە ماناییانەش بێ، کە مەبەستی سەرەکیی ئەو داڕشتەیە، جا چ لە دیالۆگدا بێ یان لە مۆنۆلۆگدا، بۆ وێنە لەم سیناریۆیەدا کەسایەتیی شەماڵی دۆعا لەگەڵ وتە و وشەکانی زۆر هاودەنگ و هاوسەنگە، چونکە دواجار بینەر زۆر زوو تێدەگا کە شەماڵی دۆعا سەرهەڵگرتنی بێسەروشوێنێک یان بێسەروشوێن گەلێکی جیاوازە، لە عەینەدینی دەف و ڕەسوڵی فرمێسک.....



# به بۆنەی دەرچوونی کتێبی (شەهیدۆلۆگی)

یاداشتەڕۆژانەکانی ئەندرێ تارکۆڤسکی بە سویدی

دلاوەر قەرەداغی

## شەهیدۆلۆگی
## ئەندرێ تارکۆڤسکی.... پیاوێك پڕ لە ناکۆکی

ئەندرێ تارکۆڤسکی دەرهێنەری ڕووسیایی تەنها حەوت فیلمی درێژی دەرهێنا، بەڵام هەر حەوتیان شاکارن، دوایین فیلمی خۆی کە (قوربانی)یە، ساڵی ١٩٨٦ لە سوێد پیشان دا، کە ئێرلاند یوسپسۆن ڕۆڵی سەرەکیی تێدا دەبینێ.

# ئەندرێ تارکۆڤسکی وەك پارادۆکسێکی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و هونەری وەدیار دەکەوێت

ئەمساڵ یادی هەشتا ساڵەی لەدایکبوونی تارکۆڤسکی_یە، دەزگای چاپەمەنی ئاتریوم بۆ ئەو یادە، کتیبی (شەهیدۆلۆگی)، کە بریتییە لە یاداشتە رۆژانەکانی تارکۆڤسکی لە ساڵی ١٩٧٠ تا ساڵی ١٩٨٦، چاپ و بڵاو دەکاتەوە. هۆکان لۆڤگرین کتێبەکەی بۆ سویدی وەرگێڕاوە. ئەم کتێبە هەم بۆ چاپەمەنییەکە و هەمیش بۆ وەرگێڕەکەی شتێکی مێژووییە، کتێبەکە نزیکەی ٩٠٠ لاپەڕەیە و سەرجەم تێڕوانینەکانی تارکۆڤسکی لە بارەی فیلم، فەلسەفە، ئایین، نووسینەوەی خەونەکان، قسەهێنانەوە لە دۆیستۆڤیسکی و هێرمان هیسە، ڕەشنووسی سیناریۆی ئەو فیلمانەی کە هەرگیز چاویان بە ڕووناکیدا هەڵنەهێناوە، لیستی شت کڕین و ئەو قەرزانەی کە لەسەری بوون، لەخۆگرتووە.

ئەندرێ تارکۆڤسکی وەک پارادۆکسێکی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و هونەری وەدیار دەکەوێت. هونەرمەندێکی مۆدێرینی خۆرئاوایی کە لە جەستەی هاوولاتییەکی ڕووسیدا دیل کرابوو. ناوێکی جیهانی کە بە پارەی قەرز زگی خۆی تێر دەکرد. وی فیلمگەلێکی ئەزموونگەریی لە وڵاتێکدا بەرهەم هێنان کە هونەر تەنها بە ئاراستەیەکی ڕیالیستییدا مۆڵەتی پێ دەدرا. ئەو کەسێکی بێ دەسەڵات لەسەر سنووری بەرگەنەگیراویی و هاوکاتیش هەمیشە لە سەنتەردا بۆ چاوی دەسەڵات.

کریستانە ئەرتەدۆکسەکان باوەڕیان بە پێشبینی کردنی ئایندە هەیە و لەگەڵ شەفابەخشیندا بە ڕیتواڵی ئایینی سەروکاریان هەیە، ئەمەی دواییان شتێکی تازە و سەرنجڕاکێش نییە، چونکە هەموو بیروباوەڕێکی میللی لە باوەڕی خەڵک نزیک دەبێتەوە، بەڵام لای تارکۆڤسکی، بیروباوەڕی خەرافیی بۆ کات بەسەربردن نەبووە، ئەو بە مانای وشە و بە شێوەیەک کەسێکی خەرافی بووە، کە تەنها مەگەر هونەرمەند بتوانێ وا بێت.

هۆکاری ئەوەی کە ئەندرێ تارکۆڤسکی هێندە فیلمی کەمن ئەوەیە کە پیشەسازیی فیلم لە لە یەکێتی سۆڤێتیی جاراندا لەسەر ‹داوا و ڕاسپاردەی کۆمەڵایەتی› ڕۆنرابوو، لەسەر ئەوە ڕۆنرابوو کە دەزگای دوڵەتیی فیلم، (گۆسکینۆ) ئەرکی بەسەر دەرهێنەرەکاندا دەدا، بەڵام تارکۆڤسکی بە پێودانگی ئاوتێر- ترادیسونی خۆرئاوایی کاری دەکرد و دەیویست خۆی کار بکات و خەسڵەتی ئیندیڤیدۆڵانەی خۆی بە فیلمەکانی بدات، ئەو کە دەیویست ئاوها ئیش بکات، بۆیە ڕێگەکەی بەناو بیرۆکراتییەت و گیانبەخشیندا تێدەپەڕی.

تارکۆڤسکی نامەی بۆ نووسینگەی کۆنگرەی حیزب دەنووسی، نامەی بۆ سکرتێری گشتی حیزب دەنووسی، نامەی بۆ سەرەک وەزیرانی وڵاتە ئەوروپییەکان دەنووسی، فیلمەکانی لە باڵاترین بەڕێوەبەرایەتیی حیزبدا وتووێژیان لەسەر دەکرا. پەیوەندیی دەسەڵات بە هونەرەوە لە دەورانی ئیمپراتۆریەتی سۆڤییەتدا، گەلێک دڵڕەقانە و تراژیدیی بوو، بەڵام بە شێوەیەکی پارادۆکساڵییانە مێژوویەکی زۆر مەزنیشی هەبوو. هەموو شیعرێک، هەموو فیلم و هەموو هێڵی فڵچۆکەیەک دەبوو لەلایەن دەسەڵاتەوە کێشانە بکرێت و بپێورێت.

شەهیدۆلۆگی بە زوبانی کڵێسای سلاڤیی مانای حەکایەتی ژیانی کریستیانێکی شەهید دەگەیەنێ. ژیانی تارکۆڤسکی لێوانلێو بوو لە سوێ و عەزاب، گەورەترینی ئەو سوێ و عەزابانە جیابوونەوەی ناچارییانەی بوو لە ئەندرێ-ی کوڕی.



به درێژایی ئەو ماوەیەی کە تارکۆڤسکی لە ئیتاڵیا و سوێد سەرگەرمی دروستکردنی فیلمەکانی بوو، دەسەڵاتدارانی سۆڤییەت کوڕەکەیان بە بارمتە گرتبوو، پێنج ساڵی دوور و درێژ لە ژیانی منداڵێکدا واتە ئەبەدییەتێک. کاتێ دواجار باوک و کوڕ لە پاریس یەکتریان بینییەوە، ئیدی ئەوکات باوک نەخۆشییە کوشندەکەی لێ دیاری دابوو.

لە ڕاستیدا قورسە تێبگەین کە هەردوو فیلمی نۆستالگیا و قوربانی چۆن دروست بوون. یاداشتەکانی تارکۆڤسکی لە دەورانی تاراوگەیدا باس لە سەفەرێک بە ناو دۆزەخدا دەکات، باسی زەمەنێک دەکات کە ئەو فیلمسازە چ ماڵێک نەبووە تیایدا بژی، لە خێزانەکەی جیابۆتەوە، ژیان چاوەڕوانییەکی ترسناک و ڕاکەڕاکەیەکی بێ مانا بووە بە دوای پارەدا.

تارکۆڤسکی لە ڕۆژانە یاداشتەکانیدا زۆر کەمتر باسی ژیانی تایبەتی خۆی کردووە، دوایین ساڵەکان دۆخیی خێزانیی ئەو لە سۆڤێت بەختەوەر نەبووە، ئاماژە بە دڵپیسیی و شەڕوشۆڕ دەدا، کاتێ لە سۆڤێت دەچێتە دەرەوە، خەڵکانێک پێیانوابووە بۆیە وا دەکا تا دووچاری جیابوونەوە لە خێزانەکەی نەبێت، جیابوونەوە بە ڕووسی واتە ئیدی مناڵ لای دایک دەمێنێتەوە و باوک هەموو جۆرە پەیوەندییەکی بە مناڵەکەیەوە لەدەست دەدات، تارکۆڤسکی بۆ خۆیشی مناڵی جۆرە جیابوونەوەیەکی ئاوها بووە، شاعیری بەناوبانگ ئارسێنیج تارکۆڤسکی باوکیشی خێزانەکەی جێهێشتووە، فیلمە ژیاننامەکەی (ئاوێنە) سەبارەت بەو بابەتەیە.

لە ڕۆژانە یاداشتەکاندا هەردوو تارکۆڤسکی هونەرمەند و تارکۆڤسکی مرۆڤ لە ناکۆکییەکی ئاشتەوە نەبوودان، کەم هاوڕێ و هاوکاری هەبوون



به کونه دەرزیی ڕەخنەکانیدا تێپەڕیبن، بەڵام بە حاڵ خۆی، ئەو هەموو قڵافەتێکی باوکێتیی لەخۆدەگرت، لەگەڵ ئینگمار بێرمان — دا پەیوەندییەکی درێژ و بەختەوەریی بە مەودای هەبوو، هەموو ئاماژە و هەڵسەنگاندن و پێخۆشبوونەکانی بێرمانی بەرز دەنرخاندن، بەڵام دوای دانیشتنێکی هاکەزاییان لە ستۆکهۆڵم، لەو نرخاندنەی پێشووی بۆ بێرگمان نائومێد و پاشگەزبووەوە.

لە یاداشتە ڕۆژانەییەکانیدا، لە ٢٩ ی سێپتێمبەری ١٩٨٥ و بە ڕێگەوە لە ستۆکهۆڵمەوە بۆ فلۆرەنسا، نووسیویەتی: «هیچ حەزم لەوە نییە کە ئەوانیتر ئەنجامی دەدەن، من چیتر ستایشی هیچ شتێکی بێرگمان و نیکڤیست لە فیلمەکانیدا ناکەم.»

دوایین ڕستەی یاداشتە ڕۆژانەییەکان ئەمەیە: «نێگەتیفی فیلمەکان / ...... / لە ژمارەیەک شوێندا بە هەرەمەکی بڕدراون.» مرۆڤ دەتوانێ هەمان شتیش لەبارەی کتێبی یاداشتە ڕۆژانەییەکەیشەوە بڵێت. سامانێکی لە باوەڕبەدەری بڕین و کەرت کردن، خرتکە و پرتکەی مەزن، پێموایە گەرچی نێگەتیفەکەش لێی قرتێنرابێ، کەچی هەر دەکرێ فیلمەکە بشۆردرێتەوە.

**ئینگا- لینا نیکڤیست**
**ڕۆژنامەی ئافتون بلادێت ٢٠١٢/٤/٤**

ژێرنووسی فۆتۆکە:
**فیلمی (قوربانی) دوایین فیلمی تارکۆڤسکی ساڵی ١٩٨٦ کە ئەکتەری بەناوبانگی سوێدی ئێرلاند یوسیپسۆن ڕۆڵی سەرەکی تێدا بینی. تارکۆڤسکی هەمان ساڵ لە پاریس بە نەخۆشی شێرپەنجە، لە تەمەنی ٥٤ ساڵییدا کۆچی دوایی کرد.**

# من جونەیدم، زاوا تازەکەی سەفوەت بەگ



مەحمود نەجمەدین

**زاوا**

من جونەیدم، زاوا تازەکەی سەفوەت بەگ، وا بۆ هەفتەیەک دەچێ لەم گۆڕە تاریکەدام. کەسێ ناپرسێت تۆ چۆن کوژرای؟ کێ تۆی کوشت؟ ئاگام لێیە پۆلیسەکان دۆسێیەکیان کردووەتەوە، لێکۆڵینەوە لەگەڵ نارینی سەفوەت بەگ دەکەن. پێیان وایە نارین منی کوشتووە. گوشاری لێ دەکەن ددان بە تاوانەکەدا بنێ، ئەویش خەریکە بڵێت بەڵێ من جونەیدم کوشتووە. وابڕیارە ئەمڕۆ سەفوەت بەگیش بانگێشت بکرێت بۆ بنکەی پۆلیس بۆ لێکۆڵینەوە.

ئەفسەری لێکۆڵینەوە جگەرەیەکی بەلێوەوەیە، رووی لە نارین کردووە و یەک بەدوای یەک پرسیاری لێ دەکات. بۆچی جونەیدت کوشت؟ بەزۆر شووت پێ کردووە؟ حەزت لێ نەبووە؟ پێم بڵێ چەند ساڵە دەیناسی؟ چۆن ناسیت؟

هۆکارێک لە پشت ئەم ڕووداوەوە هەیە؟ ئەگەر نا کەس نییە لە یەکەم شەوی هاوسەرگیریدا مێردی خۆی بکوژێت! وەڵامم بدەرەوە بۆ کوشتت.

نارین: نا، نەخێر من نەمکوشتووە... کەس هەیە مێردی خۆی لە یەکەم شەوی... نانا...

ئەفسەری لێکۆڵینەوە چووە بەردەم پەنجەرەی ژوورەکە و تاوێک لە ئاسمانی ڕوانی و گەڕایەوە شوێنی خۆی. جگەرەیەکی دیکەی داگیرساند و گوتی باشە ئەوکاتەی جونەید کوژرا، لە ماڵەکەدا کەست بەدی نەکرد؟ یەعنی هەستت بە بوونی کەسێک نەکرد؟ کاتژمێر دوانزەی شەو بووە. دەرگای ماڵ کلۆم دراوە و تەنها هەردووکتان لەو ماڵەدا بوون، ئەی کێ ئەو کارەی کردووە؟! خۆ ئەبێ کەسێک ئەو کارەی کردبێت؟ تۆ دەتەوێت ماندوومان بکەیت. لەکاتی کوشتنی جونەیددا، تەنها تۆ لەوێ بووی.

نارین دەگری و بیردەکاتەوە چۆن ئەو کارەی کردووە! بۆ خۆشی توشی سەرسووڕمان بووە. ئەو پتر لە شەش ساڵ منی خۆشدەویست، هەموو خەونی ئەوە بوو بەمن بگات، سەفوەت بەگی باوکی ساڵانێک ڕێگربوو لە بەردەم هاوسەرگیری ئێمەدا، هۆکارەکەشی ئەوە بوو باوکم و سەفوەت بەگ پێش بیست ساڵ، لە خزمەتی سەربازیدا لەیەک سەربازگە بوون. ڕۆژێک لەسەر سەرەی خواردن وەرگرتن بووە بە شەڕیان و هێشتا ئەو ڕقە کاڵ نەبووەتەوە. باوکم دوای کوشتنی من، هاتە سەر گۆڕەکەم و بە گریانەوە گوتی ها کوڕی بەدبەختم نەمگوت ئەمانە بێشەرەفن و جێی متمانە نین.

ئەوەتا باوکم لەبەردەم ژووری ئەفسەری لێکۆڵینەوەدا وەستاوە و چاوەڕێی هاتنی سەفوەت بەگ دەکات، پێیوایە ئەوەی منی کوشتووە، نارینە بە فیتی سەفوەت بەگی باوکی ئەوکارەی کردووە. بۆیە هاوار دەکات، دەڵێت، ئەفسەری بەڕێز ئەگەر تۆڵەم بۆ ناکەیتەوە، خۆم تۆڵەی خۆم دەکەمەوە. ئەفسەری لێکۆڵینەوە توڕەبوو و بانگی پۆلیسەکانی کرد. کوڕەکان وەرن ئیحسان دووربخەنەوە. نارین دۆشداماوە، نازانێ چی بڵێت. خەریکە دەبوورێتەوە، بە چاوەتەڕەکانی سەیری ئەفسەری لێکۆڵینەوە دەکات و لە دڵی خۆیدا دەڵێت من کوشتم، هەر من لە ژوورەکەدا بووم و کەسی لێ نەبووە. من چەقۆکەم هەڵگرت و کردم بەسەر دڵیدا و کوشتم. من.. من.. من بووم.

ئەفسەری لێکۆڵینەوە سووربوو لەسەر ئەوەی کە نارین منی کوشتووە. بەڵگەشیان ئەوەبوو، کە کێشەیەکی کۆن لە نێوان بنەماڵەی من و ناریندا هەبووە، من شەش ساڵ نارینم خۆشویستووە. سەفوەت بەگ و ئیحسان ناڕازی بوون بەو خزمایەتییە و دواجار ناچاربوون لەبەردەم ئەو خۆشەویستییەدا چۆک بدەن و ڕازی ببن. لێرەدا ئەفسەری لێکۆڵینەوە گومان لە سەفوەت بەگ دەکات! سەفوەت بەگ بە ڕووخسارێکی شێواو و غەمگینەوە تازە وا لە ماڵ دەرچووە بەرەو بنکەی پۆلیس دەچێت. بیر و هۆشی لای ئەو ڕووداوەیە، تووشی سەرسووڕمان بووە، بەردەوام لە خۆی دەپرسێت نارین جونەیدی خۆشدەویست، بە گوێی منی نەکرد شووی پێکرد، ئەی کەوایە بۆ دەیکوژێت؟

دایکم هێشتا لە ژوورەکەمدا دانیشتووە، دەگری و لەژێر لێوەوە دەڵێت باشە خۆ ئەم خزمایەتییە بەحیساب کۆتایی بەو شەڕەی نێوانمان هێنابوو،

ئەم کچە کە مەعشوقی کوڕەکەم بوو چۆن توانی ئەو کارە بکات؟!
لێکۆڵینەوە بەردەوامە و ئەفسەرەکە بە بێدەنگی جگەرە دەکێشێ و لە رووخساری نارین دەڕوانێت، چاوەڕێی سەفوەت بەگە.

## سیحرێک لە شەوی بووکێنی ناریندا

نارین لە بەرانبەر ئەفسەری لێکۆڵینەوە دانیشتووە، فرمێسک لە چاوەکانییەوە دێنە خوار و لەژێر لێوەوە دەڵێت من چۆن جونەید دەکوژم؟ ساڵانێک خۆشمویستووە و خەون و خەیاڵم بووە. ئاواتم بووە. لە ماوەی ئەو شەش ساڵەدا رۆژێک نییە نەمدیبێت، ئیتر چۆن دەتوانم بیکوژم؟ ئەی کەوایە کێ کوشتی؟ ئەی ئەوە من نەبووم چەقۆکەم لەسەر دڵی چەقاند؟ نا.. نا من نەبووم کەسێک هات، هات و... خودایە یارمەتیم بدە زاکیرەم شتێکم لێ دەشارێتەوە. سیحرێک لە شەوی بووکێنی مندا هەبووە. لەوکاتەدا سەفوەت بەگ گەیشت، نارین وەک ئەوەی ساڵێک بێت نەیدیبێت، بەهاتنە ژوورەوەی سەفوەت بەگ گەشایەوە، بەرزەپێ هەستا و خۆی هەڵدایە باوەشی باوکییەوە. سەفوەت لەژێر لێوەوە گوتی خودایە ئەم بەدبەختییە چییە؟ بۆ وامان لێ بەسەرهات.
ئەفسەری لێکۆڵینەوە بانگی پۆلیسەکانی کرد: کوڕەکان وەرن نارین ببەنەوە بۆ زیندان، فەرموو سەفوەت بەگ دانیشە.

## ئێوە لەو باوەڕەدان سەفوەت بەگ بەرگەی لێکۆڵینەوە بگرێ

سەفوەت بەگ کوڕی عوسمان بەگە، تەمەنی پەنجا و هەشت ساڵە، قژی ماش و برنجییە و پیاوێکی باڵا بەرز و باریکەلەیە، کۆلێژی ئابووری تەواوکردووە. لە سەردەمی سەربازیدا لەگەڵ باوکم نێوانیان تێکچووە، لەوکاتەوە حەزی لە باوکم نییە. جەلالی حاجی کەریم کە هاوڕێی سەربازیی باوکم و سەفوەت بەگ بوو، هەموو جارێک دەیگوت (شەڕەکەیان لەسەر ئەوەبووە کە سەفوەت بەگ خۆی بە خانەدان زانیوە و بێزی نەهاتووە لەگەڵ هەموو کەسێ قسە بکات، هەموو کەسێکی بە خزمەتکاری خۆی زانیوە و ویستویەتی لەناو سەربازگەدا خزمەت بکرێت. ئیحسان کوڕێکی چەقاوەسوو بووە، تەنانەت لە ئەفسەر و کاربەدەستانی دەوڵەتیش نەترساوە. ئەو شەڕ و رق و کینەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رۆژگارە. سەفوەت بەگ بەزەبری پارە زۆر شتی رایی دەکرد. لە هەموو کەسێک کەمتر خزمەتی سەربازی کرد، بە پارە ماوەکەی کەم کردەوە. ئیحسانیش پتر لە پێنج ساڵ خزمەتی سەربازیی کرد).
سەفوەت بەگ زۆرجار قاتی چاکەت و پانتۆڵی لەبەر دەکرد، هەندێک جار ستارخانی رەشی دەپۆشی و هەر بۆ فیز چاویلکەکەی دەهێنایە سەر نووکی لوتی و زۆر بە کەمی دەستی تەوقەکردنی بۆ خەڵک درێژ دەکرد. ئەگەر کەسێک دەستی بۆ درێژ بکردایە، ئەو بەقورسی دەستی لەگیرفانی دەردەهێنا تا تەوقەی لەگەڵ بکات. جگەرەی کەسی نەدەکێشا، جگەرەی تایبەتی خۆی هەبوو. قاتەکانی مارکە بوو، هیچکات بەریشەوە نەمبینیبوو، پێڵاوەکانی تایبەت بوون لە ئەورووپاوە بۆیان دەهێنا. زاواکانی سەفوەت بەگ هەموو کوڕە بازرگان بوون، تەنها من نەبێت. ئەوەش هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی رازی نەبێت من ببم بەزاوای. سەفوەت بەگ جگە لە من،

سێ زاوای دیکەی هەبوون. هەرسێکیان دەوڵەمەند بوون، کوڕی سێ بازرگانی گەورە بوون لە شارەکەدا. باوکم زۆرجار دەیگوت من بۆیە رقم لە سەفوەتە چونکە دەوڵەمەندە و بە پارەوە دەنازێ، لەبەرئەوە حەزناکەم ببیت بە زاوای، تۆ لەناو ئەوانەدا بەکەم سەیر دەکرێیت و بە خەفەتەوە دەتکوژن. ئەوانە خوای فیز و تەکەببورن.
ئەفسەری لێکۆڵینەوە جگەرەیەکی پێشکەش کرد. سەفوەت بەگ جگەرەکەی لی وەرنەگرت، بەفیزێکەوە گوتی من ئەو جگەرانە ناکێشم، جگەرەی تایبەتیی خۆم هەیە.
ئەفسەری لێکۆڵینەوە: ئەوە مارلیبۆرۆیە!
سەفوەت بەگ: جا مارلیبۆرۆ کەی جگەرەیە.
ئەفسەرەی لێکۆڵینەوە: لەم جگەرەیە باشتر نییە.
سەفوەت بەگ: هەیە.
ئەفسەری لێکۆڵینەوە: بەهەر حاڵ دەچینە سەر باسەکە. تۆ چی دەزانیت لەبارەی ئەو تاوانەوە؟ کچەکەت شەش ساڵ جونەیدی خۆشویستووە و بەبێ رەزامەندیی ئێوە شووی پێکردووە و باشتر بڵێم ئێوە لەناچاریدا رازی بوون. لە شەوی رووداوەکەشدا، کە شەوی بووکێنیی نارین بووە، کەس لەو ماڵەدا نەبووە، جگە لە بووک و زاوا. تۆش رقێکی کۆنت لە دڵدایە بەرانبەر بەو بنەماڵەیە. کەوایە تۆ هانی کچەکەتت نەداوە بۆ ئەو کارە؟
سەفوەت بەگ گڕی گرت، من؟ بۆ من بێزم دێت باسیان بکەم تا ئەو کارە بکەم! بەجۆرێک بێز لەو بنەماڵەیە دەکەمەوە، کە لەشەوی داواکردندا نەمهێشت دەستم ماچ بکەن، چونکە بێزیان لێ دەکەمەوە. تۆ لەوە دەچێت هێشتا من نەناسیت.
ئەفسەری لێکۆڵینەوە: بەڵێ باشت دەناسم سەفوەت بەگ کوڕی عوسمان بەگ. بەڵام یاسا بۆ هەموو کەسێکە و جیاوازی ناکات. تۆ ئێستا گومان لێکراوی، لە نێوان خۆت و کچەکەتدا یەکێکتان تاوانەکەتان ئەنجامداوە.
سەفوەت بەگ: من ئەو کارەم نەکردووە. کاتی کوشتنی جونەید من لەماڵی خۆم بووم، میوانم هەبوو. نارینیش شتی وا ناکات و شەش ساڵ خۆشیویستووە چۆن کاری وا دەکات!
ئەفسەری لێکۆڵینەوە: ئەی ئەمە کاری کێیە؟ نارین دەڵێت کەس لەو ماڵەدا نەبووە و من و جونەید بووین و نازانم چی روویدا، لەپڕ تەندروستیم تێکچوو، وەک ئەوەی کەسێک هاتبێتە ناومەوە و هانم بدات بۆ کوشتن، کاتێک هۆشم هاتووەتەوە، جونەیدم بینی لەسەر سیسەمەکە کەوتبوو خوێنی لەبەر دەڕۆیشت.
سەفوەت بەگ: بەڕێز ئەو ماڵە خۆیان سەربەگۆبەند و هەرچی و پەرچین. سەرێکیان هەیە و هەزار سەودا. ئەشێ کەسێک هاتبێتە ژوورەوە و کچەکەی منی بەدەرمانێک بێهۆش کردبێت و پاشان ئەو کارەی ئەنجام دابێت، کەسێک کە کێشەی لەگەڵیاندا هەبێت.
ئەفسەری لێکۆڵینەوە: ئەو کەسە کێیە؟
سەفوەت بەگ: من نازانم! چووزانم ئەوە لە خۆیان بپرسە.. لە بنەماڵەکەی.
ئەفسەری لێکۆڵینەوە، بانگی پۆلیسەکانی کرد: کوڕەکان وەرن. دوو پۆلیس هاتنە ژوورەوە و لەبەردەم ئەفسەرەکەدا قیت وەستان. بفەرموو گەورەم.
ئەفسەری لێکۆڵینەوە: سەفوەت بەگ ببەن بۆ ژوورەکەی تر. ئیحسان بێنن بۆ لام.

## دەق

### ئیحسان پیاوێک هەمیشە یاخی

ئەفسەری لێکۆڵینەوە بەخێرهاتنی ئیحسانی کرد و فەرمووی لێکرد دانیشێت. ئیحسان بەغەمگینییەوە دانیشت. ئەفسەری لێکۆڵینەوە جگەرەیەکی پێشکەش کرد. ئیحسان جگەرەکەی وەرگرت.
ئەفسەری لێکۆڵینەوە: کاک ئیحسان ئێوە دووژمنایەتیتان لەگەڵ کەس هەیە؟
ئیحسان: نەخێر قوربان لە ژیانمدا لەگەڵ کەس شەڕم نەکردووە، تەنها ئەو سەفوەتە بێ شەرەفە نەبێت کە خۆی بە خوا دەزانێ و خەڵکی بە کۆیلە. گومانیشی تێدا نییە ئەو کوڕەکەمی کوشتووە. من هەرگیز وجودم بۆ دانەناوە، بۆیە رقی لێمە.
ئەفسەری لێکۆڵینەوە: باشە ئەو کوڕەکەی تۆی کرد بە زاوای خۆی، ئیتر چۆن دەیکوژێت؟
ئیحسان: ئەو حەزی لەهەر کەسێک نەبێت دەیکوژێت، رۆحی خۆشی بێت. دۆستی ئەو پارەیە و دووژمنیشی پیاوی هەژارە.
ئەفسەری لێکۆڵینەوە: باشە کاک ئیحسان ئێستا تۆ بڕۆ، خەمت نەبێت ئێمە بکوژەکە دەدۆزینەوە.

### ئەوە تۆی لە زمانی من و حەسەن فلفل و سەلیم جەودەت و سوهەیب ئەڵماس حاڵی دەبیت

هەفتەیەکە لەم گۆڕە سارد و تاریکەدا مردووم و ئاگام لە هەموو شتێکە. باش دەزانم کێ کوشتوومی، غەم بۆ نارین دەخۆم، خۆزگە بمتوانیبایە هەستمەوە. دەنگم ناگاتە گوێی ئەفسەری لێکۆڵینەوە. ئەوکاتەی کە کوژرابووم، هێشتا جەستەم گەرم بوو، باوکم لەسەر تەرمەکەم وەستابوو دەگریا و دەیگوت خۆ جونەید خۆی ناتوانێ قسە بکات تا لێی بپرسم کێ وای لێ کردووی. من دەمتوانی قسە بکەم. ئەوەتا چیرۆکی کوشتنی خۆم و لێکۆڵینەوەکان دەگێڕمەوە. بەڵێ من دەتوانم قسە بکەم، بەڵام ئاخ دەنگم ناگات بە گوێی باوکم و ئەفسەری لێکۆڵینەوە، تا راستییەکەیان بۆ باس بکەم. ئەوە تەنها تۆی، مەحمود نەجمەدین، گوێت ناوە بە سەر گۆڕەکەمەوە، تا چیرۆکی راستەقینەی ئەو رووداوە بزانی.. ئەوە تۆی چیرۆکنووسی لە زمانی مردووەکان حاڵی دەبیت، حیکایەتی مردووەکان لە دەمی خۆیانەوە وەردەگری و دەیگێڕیتەوە. ئەوە تۆی لە زمانی من و *حەسەن فلفل و سەلیم جەودەت و سوهەیب ئەڵماس حاڵی دەبیت.
من لەژێر ئەم گڵە شێدارەدا ئارام ناگرم تا راستییەکان ئاشکرا نەبێت. هەفتەیەک بەسەر مەرگی مندا تێپەڕی و بەیانییەکی زوو حەسەن قەرەی دراوسێمان بەخۆی و کەڵەشێرەکەیەوە خۆی کرد بە بنکەی پۆلیسدا. پۆلیسەکان چەند پاڵیان پێوەنا سوودی نەبوو، ملی نا بۆ ژوورەوە. لەبەردەم ئەفسەری لێکۆڵینەوەدا راوەستا و گوتی قوربان باشی.. رێزت هەیە، من حەسەن قەرەم دراوسێی دەستە چەپی جونەیدی رەحمەتی. شایەت حاڵێکم هێناوە تا باسی کوشتنی جونەید بکات.
ئەفسەرەکە بەسەرسووڕمانەوە گوتی: کوا، کامەیە شایەتحاڵ؟ ئەم کەڵەشێرە چییە؟
حەسەن قەرە: قوربان ئەم کەڵەشێرەیە!
ئەفسەری لێکۆڵینەوە: هیچ و پووچ گاڵتەم پێ دەکەیت؟ کەڵەشێر کوا قسە دەکات؟
حەسەن قەرە: قوربان ئەم کەڵەشێرەی من قسەدەکات، دەتۆ پرسیاری لێ بکە، بزانە وەڵامت ناداتەوە!

## کەڵەشێرە زۆڵەکەی حەسەن قەرە

ئەفسەری لێکۆڵینەوە دانیشت. حەسەن قەرە کەڵەشێرەکەی لەسەر کورسی بەرانبەر ئەفسەرەکە دانا و گوتی قوربان جگەرەیەکی تەقدیم بکە با قسە بکات.

ئەفسەری لێکۆڵینەوە: کورە هەی بێقیمەت تۆ گاڵتەم پێدەکەیت.

حەسەن قەرە: نەبەخوا قوربان دەتۆ پرسیاری لێ بکە.

ئەفسەرەکە قسەی بۆ نەدەکرا، نەیدەتوانی باوەڕ بەوە بکات، کەڵەشێر قسە دەکات. هەرچەندی دەکرد نەیدەتوانی پرسیار بکات. جگەرەیەکی داگیرساند. کەڵەشێرەکە قوقەقوقێکی کرد، ئەفسەرەکە راچڵەکا. حەسەن قەرە پێکەنی.

ئەفسەری لێکۆڵینەوە: بەچی پێدەکەنی بێ شەرەف؟

حەسەن قەرە: قوربان داوای لێبووردن دەکەم.

ئەفسەری لێکۆڵینەوە سەیری ناوچاوی کەڵەشێرەکەی کرد و گوتی: کەڵەشێری حەسەن قەرە قسە بکە، چی دەزانی لە بارەی کوشتنی جونەیدەوە.

کەڵەشێرەکە، سەرێکی سوڕاند و سەیری ناوچاوی ئەفسەرەکەی کرد و گوتی: قوربان گیان. هەرکەوای گوت ئەفسەری لێکۆڵینەوە یەک گەز بەرز بووەوە. کەڵەشێر قسە دەکات!

کەڵەشێرەکە: قوربان ئەم جونەید ئیحسانە زۆر دەمێکە دراوسێی حەسەن قەرەی خاوەنمە، بەڵام من سێ مانگە دەیناسم. ئەوەندەی ناسیوومە، کوڕێکی زۆر بێدەنگ و بێ کێشەبووە. بە بێدەنگی هاتووچۆی دەکرد. دڵی کەسی نەئێشاندووە، رقی لە کەس نەبوو، تەنها نارینی خۆشدەویست. ئەو شەوەی ئەو کوژرا، من لەسەر دیواری ماڵەکەیان وەستابووم و لە درزی پەنجەرەی ژوورەکەوە سەیرم دەکردن. لەسەر ئەو بازبازێنەی بەسەر ماڵی دراوسێکاندا دەمکرد، حەسەن قەرە زۆری لێدەدام، فایدەی نەبوو ئەوە خویەکی منە و بۆم تەرک ناکرێت. پێشتر من کەڵەشێری پیاوێک بووم ناوی عەلی بوو، پێیان دەگوت عەلی شامی، هیوایەتی کەڵەشێری شامی بوو. هەر لەبەر ئەوەش بوو رقی لە من بوو، چونکە من کەڵەشێرێکی ئاسایی بووم. عەلی خۆی بە بیانوو بوو، منیش سەرکێشیم دەکرد. رۆژێک چوومە ماڵە دراوسێکەمانەوە و سواری مریشکەکەیان بووم، ئیتر نازانم عەلی چۆن بەمەی زانیبوو، هاتەبەر کولانەکەم و باڵی گرتم و بردمی بۆ بازار، فرۆشتمی بە حەسەن قەرە و تا ئێستا لە ماڵی ئەودا دەژیم و ئێستاش ئەوەتام لە خزمەتی جەنابتدا، جا قوربان گیان سەرت نەئێشێنم ئەو شەوەی کە جونەید کوژرا، پەردەی پەنجەرەکە بەتەواوی دانەخرابوو. جونەید باوەشی بە نارینداکرد تا بیکات بە ژن. نارین لە خۆشیدا هاواری دەکرد. ئەو بەجۆرێک پەلاماری نارینی دا، من زەوقم هەڵسا، بەزاتی خوا ئا لەوکاتەدا مریشکێک لەو ناوە بوایە سواری دەبووم. جونەید پشتی لە نارین کرد و پارچە پارچە جلەکانی داکەند، لەوکاتەدا وەکو ئەوەی سیحرێکی لێ کرابێت، گورگێک چووە پێستێوە، دیمەنی ناو ژوورەکە گۆڕا. تەمێک ژوورەکەی تەڵخ کرد. ئیتر نازانم ئەو تارماییە کێ بوو دەستێکی سیحریی چەقۆی لەسەر دڵی جونەید چەقاند و کوشتی. وەی خوایە تۆبە، چی ببینم... خوێن.. خوێن.. زۆر ترسام، ئەرەوەڵا

زۆر ترسام. خێرا ئەوێم بەجێهێشت و رامکردەوە بۆ ماڵ، لەترسا قوقاندم، قوقاندم، چەند قوقاندم حەسەن لەخەو هەڵنەسا. منیش دەترسام خۆ ئەم حەسەنە ماڵ کاولە کە خەوت ئیتر خەبەری نابێتەوە، وەک مانگا دەکەوێت و پرخەی دێت. ئەمە حیکایەتی کوشتنی جونەید بوو، من ئەمەم بینیوە. ئا قوربان گیان ئامادەم لە دادگا لەبەردەم دادوەریشدا ئەم قسانە بکەم.

کەڵەشێرەکە قسەکانی تەواو بوو، ئەفسەری لێکۆڵینەوە توشی سەرسوڕمان بوو. هەردوو ئانیشکی لەسەر مێزەکە جێگیر کردبوو، سەری خستبووە ناو دەستەکانییەوە. شتی وای نەدیبوو. هەرچی پۆلیسی ناو بنکەکە بوو هەموویان لە پەنجەرە و درزی دەرگاوە، بە سەرسووڕمانەوە گوێ لە کەڵەشێرەکە دەگرن.

چ سەیرە کەڵەشێر قسە دەکات! لەدوای ئیفادەی کەڵەشێرەکە، ئەفسەری لێکۆڵینەوە ئەوەندە بیری لەو بابەتە کردەوە، تووشی ژانەسەر بوو. راستییەکەی منیش بەلامەوە سەیرە چۆن قسە دەکات؟ من سێ مانگێک بوو ئەو کەڵەشێرەم دیبوو، قسەی نەکردووە. ئەو رۆژە چۆن کەوتە قسە!؟

تەنها کەڵەشێرەکەی حەسەن قەرە لە راستییەکان نزیک بووەوە. ئەفسەری لێکۆڵینەوە بە حەسەن قەرەی گوت خۆت و کەڵەشێرەکەت بڕۆنەوە ماڵ. خۆم ئاگادارتان دەکەمەوە.

حەسەن باوەشی بە کەڵەشێرەکەدا کرد و رۆیشتن. هەربۆ رابواردن لەبەردەرگای ژوورەکە کەڵەشێرەکە بە یەکێ لە پۆلیسەکانی گوت کوڕی قەحبە ئەوە بۆ پاڵت پێوەنام واتدەزانی درۆ دەکەم! هەر ئێوە دەتوانن قسە بکەن! هەر کە وای گوت پۆلیسەکە لە حەزرەتا هاواری کرد و سەری خۆی کێشا بە دیوارەکەدا. کەڵەشێرە زۆڵەکەی حەسەن قەرە، کارێکی وای کرد هەرچی پۆلیس و ئەفسەری بنکەکە هەبوو تووشی سەرسووڕمان بوون. گێژوویژ بووبوون. دەتگوت سەرخۆشن.

## نەنکە مەنیج بۆ من دەگریا

من جونەیدم مردووییەکی بەدبەخت. ئێستا لەنێو ئەم گۆڕە سارد و شێدارەدا بیر لە حیکایەتەکانی نەنکم دەکەمەوە، تازە بۆم روون بووەتەوە بۆچی بە منداڵی کاتێ نەنکم حیکایەتی گورگی زاوا خۆرەی بۆم دەگێڕایەوە، لەگەڵیدا دەگریا.

تەمەنم پێنج ساڵ بوو، تا نەنکم حیکایەتی گورگی زاوا خۆرەی بۆم نەگێڕایەتەوە، نەدەخەوتم. هەموو شەوێک ئەو حیکایەتەی بۆ باس دەکردم و دەگریا، تا خەوم لێ دەکەوت. نەنکم بۆیە دەگریا دەیزانی ژیانی من تێکەڵ بە ئەفسانە دەبێت و دواجار مەرگی من دەبێت بە حیکایەتێکی ئەفسوناوی.

## حیکایەتی گورگی زاوا خۆرە لە شەوەکانی نەنکە مەنیجدا

نەنکم دەیگێڕایەوە و دەیگوت: لە دێیەکی بیچکدا، کوڕێک هەوی ناوی سامی بی، هەر لە منالییەوە هاروهاج و دەست نەسرەوتبی. باوکی دایمە بۆی دەگیریا. ئەوەنە خۆشی گەرەک بی، کەس نەیئەوێرا بڵێت سامی هارە، باوکی شتێکی ئەزانی و بەکەسی نەئەوت. حەتا بەژنە عەزیزەکەشی. خەڵک دێکە ئەیانوت ئەم کوڕە سەرەڕۆ و بزێوەی حاجی غەنی هەر بەجەحێڵی ئەمرێت، سەرەڕۆیی ئەیکوژێت. ئێ

حاجی غەنی باوکیشی بۆ ئەوە دەگیریا. ئەیزانی سامی نەفەسێکی کورتە. مێوانێکی بێ ئۆقرەیە. سامی هێواش هێواش گەورە ئەبی. ئەرۆیشت بەحەفتە گوم ئەوی، کەس نەیئەزانی لەکوێیە، باوکی نەیئەوت بۆ کوێ ئەچی. هیچی پێ نەئەوت و هەر بۆی دەگیریا. دایکی زۆری لەگەڵ ئەوت فایدەی نەوی. ساڵانێک تێپەڕی، سامی تەمەنی بی وە بیست و هەشت ساڵ و حەزی لە کەنیشکێک کرد لە دێیەکی سەرسنوور، کەنیشکەکە ناوی سەمیرەبی، عومری بیست و دوو ساڵ بی، کەنیشکێکی گەنم رەنگ و باڵا بەرزبی. باوکی سەمیرە کۆڵبەربی لەسەرسنوور. سامی داوای لەباوک و دایکی کرد خوازبێنی سەمیرەی بۆ بکەن. دایکی زۆری پێخۆشبی وای ئەزانی کوڕەکەی عاقڵ بییەو ئیتر رەحەت دائەنشێت و عەجولی ناکات. بەڵام حاجی غەنی خەمباربی، هەربەو خەمبارییەوە خوازبێنی کەنیشکەی بۆ سامی کرد. ئاخر حاجی غەنی خۆی داوییە دەست قەدەری خواوە. دوای چەند حەفتەیەک سەمیرەیان بەبووکی هاورد بۆ دێ و ئاهەنگیان بۆ سازکرد، سامی ئەوەنە دڵ خۆشبی، لەسەریەکە دەس دایک و باوکی ماچ ئەکرد. حاجی غەنی هەر ئەگیریا. دایکی ئەیوت تۆ بۆ وائەکەیت حاجی رۆژ لەمە خۆشتر هەس؟ کوڕەکەمان ژن تێرێ و تۆ ئەگیری! ئەم گیریان و شینە بەدبەختی لەدوایە. غەنی هەر خۆی ئەیزانی بۆ وەها ئەکا.

لە یەکەم شەوی پەردەیا سامی و سەمیرە چوونە ماڵی خۆیان. ئاهەنگگێڕان گەڕیانەوە ماڵەوە. قەیرێک دوای ئاهەنگ، دەنگی قیژە و فیزاح گشت خەڵکی دێکەی راچڵەکاند. هەموو هاتنە دەرەوە و بۆ لای دەنگی قیژ و هوڕ رایانکرد. هاوار و گیریان لەبەردەم ماڵی سامی بی. بووکەخان ئەگیریا و هاواری ئەکرد، سامیش لەسەر دۆشەکی زاواییدا غەرقی خوێنی خۆی بی. حاجی غەنی سەیری جەنازەی کوڕەکەی ئەکرد و ئەگیریا. دایکی سامی دەستی ناوێیە قژی سەمیرە و ئەیوت: قەحبە پێم بێژە ئەمە چییە؟ کێ وای لە کوڕەکەم کردە؟ سەمیرە بە گریانەوە وتی نازانم نازانم من بێ هۆش بیم، کاتێ هۆشم هاتەوە ئەوە ئەدینم کە ئێوە ئەیدینن. حاجی غەنی باش ئەیزانی چییە، هیچی نەئەوت خەڵکی دێ خڕبینەوە، کەس و کاری سامی پەلاماری سەمیرەیان دا، حاجی غەنی چەند هاواری کرد مەکەن بۆخاتری خوا مەکەن دەستی لێ مەدەن سەمیرە بێ گوناحە...

ئەو قسانە فایدەی نەوی، دایکی سامی و خزمەکانی سەمیرەیان کوشت. بەرەبەیان جەنازەی سەمیرە و سامی بۆ قەورسانی دێ بریان و هەردووکیان لەتەک یەکەوە نریانە چاڵ و هەموو شتێک تەواو بی.

جونەید: نەنکە مەنیج سامی کێ کوشتی؟ ئەی سەمیرەیان بۆ کوشت؟

نەنکە مەنیج : کوڕەزای عەزیزم سڕی ئەو حیکایەتە لای حاجی غەنییە. سامی کاتێ عومری دەساڵان بییە، رۆژێک ئەچێتە بان دارێکی بەرز، باوکی هاوار ئەکا داوەزە سامی داوەزە ئەکەفیتە خوارەوە. لەو وەختەیا عزرایل لە پشت حاجی غەنییەوە وێستاوە و بە غەنی ئەڵێ ئەی عەبدی عەزیز و شیرینی خوا، مەترسە جارێ وەختی مردنی نەهاتگە. غەنی رائەچڵەکێ عزرایل ئەڵێ مەترسە منم، سامی جارێ نامرێ، سامی لە خۆشترین رۆژەکانی عومریا لە

جۆش قوەتیا ئەمرێ و کەسیش نایکوژێ خوا ئەمری مردنی ئەدا.
حاجی غەنی: پێم بێژە بۆ ئەوێ بمرێ.. ئەو تاقە کوڕەم هەیە.
عزرایل: ئەوێ بمرێ، ئەمری خوای گەورەیە. شەوێک ئەکوژرێ! بکوژەکەی دۆستی عەزیزی خۆیەتی، لەخۆشترین شەوی عومریا گورگێک ئەچێتە روحێوە. قەپ بەقورگی سامیا ئەکاو ئەیکوژێ.
جونەید: یەعنی چۆن؟ چۆن چۆنی؟
نەنکە مەنیج: بەقەدەری خواگیان سامی ئەژێ تاشەوی زاوایی. لەو شەوەیا بووکەخان ئەوێت وە گورگ و سامی باوشی پیا ئەکاو سەمیرەش ئەوێتە گورگی زاوا خۆرەو ئەی خنکێنێ. تەواو تەواو بخەوە درەنگە.
کاتێ نەنکم ئەو حیکایەتەی بۆ دەگێڕامەوە، دەگریا. ئێستا دەزانم بۆ دەگریا. نەنکم باش دەیزانی چارەنووسی من وەک چارەنووسی سامییە. هەر واش بوو.
ژیانی من تێکەڵ بە ئەفسانە بوو.
دۆسێی کوشتنی من چووە دادگا و نارین و چووە زیندانەوە سەفوەت بەگیش تا ڕۆژی دادگایی کردن بە کەفالەت ئازادکرا . سێ ڕۆژ بەرلە دەستپێکردنی دادگایی، کەڵەشێرەکەی حەسەن قەرە ون دەبێت، کەس نازانێ چی لێدێت و کێ دەیبات. ئەفسەری لێکۆڵینەوە دوای ڕەوانەکردنی دۆسێی کوشتنی من، تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت و لە بیمارستان دەیخەوێنن. ژنەکەی شەو تا بەیانی بە دیارییەوە دەگریا و جەنابی ئەفسەریش بە دەنگی بەرز دەڵێ دادوەری بەرێز ئەسڵی ڕووداوەکە لای کەڵەشێرەکەی حەسەن قەرەیە. کەڵەشێرەکەی حەسەن بدۆزنەوە، ئیتر هەموو شتێک ئاشکرا دەبێت... لە ژوورەکەی تەنیشت جەنابی ئەفسەر، حەسەن قەرە بە قەروێڵەکەوە بەستراوەتەوە و هاوار دەکات سەفوەت بەگ سەفوەت بەگی سەگباب کەڵەشێرەکەمی کوشتووە... کەڵەشێرەکەم کەڵەشێرەکەم. ئەیکوژم سەفوەت بەگ. سەفوەت سەگ هەر ئەیکوژم...

### دۆسێی کوشتنی من ڕەوانەی دادگا کرا

دادگایی ڕووداوی کوشتنی من، پێکەنیناویترین دادگایی بوو. دادوەر کاتێ سەیری ئیفادەی کەڵەشێرەکەی حەسەن قەرەی دەکرد، قاقا پێدەکەنی. سەفوەت بەگ خەریک بوو دڵی دەتەقی و دادوەریش پێدەکەنی. سەفوەت دەیویست قسە بکات، ڕێگایان نەدەدا. باوکیشم بێ ئۆقرە دانیشتبوو، چاوەڕێی بڕیاری دادگای دەکرد. نارینیش دەگریا. دادوەر هێشتا بە ئیفادەی کەڵەشێرەکەی حەسەن قەرە پێدەکەنی و جارجارە دەیگوت ئافەرین ئەفسەری لێکۆڵینەوە...
وردە وردە دادگایی کردن دەستی پێکرد و گفتوگۆکان چڕوپڕ بوون. نارین لەبەردەم دادوەردا گوتی: قوربان گیان من ئاگام لە کوژرانی مێردەکەم نییە، ئەو ویستی بێتە لامەوە و بمکات بە ژن، لەوکاتەدا بێ هۆش بووم، کاتێک بێدار بوومەوە، جونەیدم لەسەر سیسەمەکە بینی کەوتبوو. خوێنی لەبەر دەڕۆیشت. ئیتر نازانم چۆن بوو، کێ کوشتویەتی، منیش خەریکە شێت دەبم... نازانم... نازانم...
دادوەر ڕووی لە سەفوەت بەگ کرد: ئەوکاتەی جونەید کوژراوە، بەپێی ئیفادەکەت تۆ لە ماڵی خۆت بوویت و میوانت هەبووە؟

## دادگا پەتی تاوانی خستە ملی نارینەوە

دادوەر سەفوەت بەگی ئازادکرد و نارینی بەتاوانی کوشتنی من، سزادا و بەرەو زیندان بەڕێ کرا. هەرخۆشم دەزانم کێ کوشتوومی! نارینی مەعشوقی شەش ساڵەی من چۆن کاری وا دەکات. خۆزگا توانیبام.. خۆزگا توانیبام لەم گۆڕەتاریکە هەستمەوە. بچوومایەتە لای دادوەر تا ئیسپاتی بێ تاوانی نارینم بکردایە.

## مردن چۆن هات

زۆر خۆشحاڵ و ئاسوودە بووم کاتێ بە نارین گەیشتم. ئەوە خۆشترین ساتەکانی ژیانم بوو. زۆرم بەرگەگرت، بەرگەی قسە ناخۆشەکانی سەفوەت بەگ و قسە تاڵەکانی باوکمم گرت. سەفوەت بەگ هەمیشە دەیوت تۆی دەست و پێ سپی... تۆی کوڕە سواڵکەر چۆن دەتوانی کچی من بەخێو بکەیت! تۆ ناتوانی خۆت بژێنی، ئیتر چۆن دەتوانی ماڵ و منداڵ بەخێو بکەیت. ئەزانی من بێزم نایەت تۆ بکەم بە زاوای خۆم، بەڵام چیبکەم کچە بەدبەختەکەم تۆی لێ بووە بە سیامەند، فەرهاد، مەجنوون... چی بکەم.

باوکیشم دەیگوت جونەید هەرچییەکت دەوێت بە چاوان پەنجە بخەسەر کچێک، هەرکچێک بەس کچی ئەو خوێڕییە نا. ئاخر سووکی رسوا کەس نەما ئەو نامەردە نەبێت... ئەم قسانە زۆری ئازار دەدام، بەڵام بەیەک زەردەخەنەی نارین هەموویم بیر دەچووەوە. کاتێک چووینە ماڵی خۆمان و دەرگامان داخست. خۆشبەختبووین بەوەی کە ژیانی کامەرانیمان دەستی پێکرد. من هێشتا تامی نارینم نەکردبوو. نارین هێشتا جلی بووکێنی دانەکەندبوو. مردن هات.

مردن هات... مردن لە کەوڵی گورگێکی برسی هات و چووە رۆحی نارینەوە. نارین هاتە لامەوە و گوتی جونەیدی من بۆ بێدەنگی؟ قسەیەک بکە ئازیزەکەم. من بە بێدەنگی ئاوڕم دایەوە و باوەشم پێدا کرد، باوەشم بە مەرگی خۆمدا کرد، گورگێک قەپاڵی بە گەروومدا کرد تا نەیخنکاندم وازی نەهێنا، مردم، مردم و ئەوەتام لەم گۆڕەتاریک و نوتەکەدا، کرم و مار و مێرۆ تێم ئاڵاون، خەریکن دەمخۆن. نارینیش ئەوەتا لە زینداندا.

*ناوی سێ پاڵەوانی سێ چیرۆکی مەحمود نەجمەدینە





# دوا مژی سیگارێ

**هەژار عوسمان**

چرک... چرک... ئیدی کاتی خۆی هاتووە... سیگارەکەش پاش یەک دوو سێ مژی دیکە دەگاتە قونکەکەی و دەبێ تا دەستم گوڕی تێدایە دوور هەوای بدەم... نا، وەک چقڵ دەیکەم بەچاڵی چاومدا و ناشڵێم ئۆفـــ...! هێڵنج دەدەم، ئووـــ ع... دەمەوێ بڕشێمەوە قوڵپ... لە گەروومەوە زەرداو... نا، رەشاو جۆگەلە دەبەستێ...؟! دەڕۆمە بەردەم ئاوێنەکە بەبێ ئەوەی بوێری بدەمە بەر خۆم و تەماشای چەقی ئاوێنەکە بکەم... دڵەکوتە دەمگرێ... ئێستا نا، تۆزێکی دیکە چەشنی سەروەختی پێگەیینی قارچکێ دەتەقێ... دیواری لای چەپی سنگم دەدڕێ و دەکەوێتە بەر پێیە

پیسەکانم...! قاقا دەمگرێ... شتێکی سوور کەوتۆتە بان زەوییەکە... شتێک لەچەشنی ئەو لوقمە شروبییانەی لەشێوەی دڵ درووست دەکران و بە منداڵی دەمفرۆشتن، بەبێ ئەوەی کڕیارەکان ئاگایان لە قوونی خۆیان بێ دەمخستنە نێو زەرفەکانیانەوە، نەبادا ببینن سووچەکانیان وەک ئەوەی مشک کرتاندبێتنی، کرتاندوومە...! دەست دەخەمە لای چەپی سنگم و هەست بەبۆشاییەکی گەورە دەکەم...! مستم دەچێتە قوڵایی سنگمەوە... پەراسووەکان دەژمێرم...!! یەک دوو سێ... بە هیچیی مرۆڤ خەنینە دەمگرێ، لەناویاندا خۆیشم... مستم بۆ دەرەوە کێش دەکەم... چاوەکانم هێشتا نوقاندووە... بوێریی دەدەمە بەر خۆم و دەیانکەمەوە... دەڕوانمە زەوییەکەی بەر پێم... لەنێو ئەو حەمکە ڕشانەوەدا دڵم چەشنی تایەفەیەک کرمە لیقە، کە زیندەوەرناسێک هەر بۆ چێژ ڕەنگی سووری کردبن، فلیقاوە بە زەوییەکەدا...!

چرک... چرک... نازانی لە کوێت دانا...! دەستت دەماشێنی بەملا و ئەولادا، وەک ئەوەی نەتەوێ چاوە نووقاوەکانت بکەیتەوە... چاوی نوقاو...؟! ڕەنگت تەواو تەواو پەڕیووە... لە بەیانییەوە بیست و چوار سیگارت دەم داوە و لەو سیگارەشی، کە یەک دوو مژی دیکە دەگاتە قونکەکەی و دەتەوێ تا دەستەکانت گوڕیان تێدا ماوە هەوای بدەیت و نایدەیت...! توند توند دەیچەقێنی بەعەورەتدا...؟! دەیچەقێنیتە ناوی ناوی، بەبێ ئەوەی بڵێی ئاخـــــ...! بەبێ ئەوەی بڵێی ئۆفـــــ...!! دەتەوێ هەستیتە سەر پێیان و بڕۆیت بۆ لای دەستشۆرەکە... لەتاو ئازار ناتوانی خۆت هاوسەنگ بکەی... بە پشتدا دەکەویت و سەرت زرم زرم یەک دوو جاران دەکێشێتەوە بەزەوییەکەدا، هەر ڕاست مینا ئەو کاتەی تۆ تەنیا سیازدە ساڵان تەمەنت بوو، کچە خوو کوڕانی و لاسارەکەی دراوسێ کۆڵانتان بەپشتدا پاڵێکی پێوە نایت و تا هێزی تێدابوو جرتێکی قایمی بۆت لێدا و تێی قوچاند... قاقا بەبێ ویستی خۆت وەختە بتخنکێنێ...! قاقا بە لاوازی مرۆڤ... قاقا بەخۆیشت کە لە توخمی ئەوانی...؟! قاقا بەهەموو شتێ...! هەموو شتێ...؟! چارت نییە دەبێ هەستیت و بچیتەوە بەرانبەر ئاوێنە گەورەکەی کن دەستشۆرەکە...! ئاخر ئەو ئاوێنەیە هەمیشە دوا چرکەساتەکانی بێقەراریتی تۆزقاڵێک ڕاستگۆیانەتر لە تەواوی ئاوێنەکانی دیکە، پێنیشانداوی...؟! گووڕت تێدا نەماوە... دواجار هەرچۆنێک بێ هەڵدەستیت و دەچیتە کن، نەک بەرانبەر ئاوێنەکە...! لێ ئەمجارە ناتوانی وەک جارانی پێشووتر باش ڕێ بکەی... بە گەڵەگەڵ دەڕۆی... ژوورەکەت یەک پارچە کردووە بە ڕشانەوە...! لێرەوە بۆن وەختە کاسم بکا...! هەر جارێ پەنجە دەنێم بە دوگمەی پیتچنەکەدا بۆ ئەوەی پیتێک بنووسم، دامناوە دەستم بچەقێتە ناو ڕشانەوەکەی تۆوە و هێڵنج بدەم، ئووـ ع... بڕشێمەوە و نەتوانم ئەم گێڕانەوەیە بە کۆتا بگەیەنم...! کۆتایی...؟! عەورەتت تلت پێدەدا... تۆ لەبەرئەوەی بوێری ئەوە نادەیتە بەرخۆت بچیتە بەرانبەر ئاوێنەکە، نایبینی...! لێ من باشی دەبینم، کە بەقەد «تۆپی زەمان» شتێ کەمتر هەڵاوساوە...! وای لێ کردوویت بەچەشنی قرژاڵ، لێ بە دوو

# دەق

پێیان ڕێ بکەی...!
چرک... چیم لێی کرد...؟ لەکوێم دانا...؟ بە نەفرەت بیت... دەستیشم وا خەریکە گوڕی تێدا نامێنێت... چاوەکانم کراوەن، بەڵام بۆ هیچ نابینم...؟! دەشێ ڕووناکی لەم ژوورەدا مردبێ...! نا، ئەوە چاوەکانی منە، کە مردوون...! ئاخر مرۆڤ، کە نێزیک دەبێتەوە لەوەی ئەم جیهانە دڵڕەقە جێ بهێڵێ، بە چەند چرکەیەک بەر لە مردنەکەی، هەموو شتێک لە ناویدا دەمرێ بە ڕووناکیشەوە...! بە قنگە خلیشکێ هێندێک ئەملا و ئەولا دەکەم... تینی کۆتا مژی سیگارەکە لەنێو هەردوو قامکمدا بە ئاگام دێنێتەوە، کە بستێکیش لە جێی خۆم نەجوڵاوم...! بە گەرمییەکەیدا هەست دەکەم سیگارەکە یەک مژی ماوە و کۆتا مژی بیست و پێنجەمین سیگاری کۆتا ساتەوەختەکانی بوونی منە...! لێرەدایە... ڕاست و درووست «دیسفەنکشنی زمان» ئا ئەم دوا چرکە ساتانەیە، کە من ناتوانم و دەیشمەوێ دۆخی مرۆڤێکت بۆ بگێڕمەوە کە هەموو شتێک لە هەناویدا کۆتایی دێ... کۆتایی، ئەگەر هەبێت...؟! لێ مردوویەک چ کاری بەوەیە حیکایەتی جێهێشتنی ئەم جیهانە ساردوسڕە بۆ زیندوویەک بگێڕێتەوە...؟ کۆتا مژی سیگارەکە ناکێشم و دەینێم بە سەری زمانمدا، تا ئیدی لە فرە ڕێسی نێو ئەم پووچییە بکەوم...
مـــ...
ر...
ۆ...!
لە زمان و لە گۆ کردن دەکەوی...! دەتەوێ هەڵبستیت و بۆ دوایەمین جار بچیتەوە بەردەم ئاوێنەکە و ناتوانی...!! بە قەد سەری دەرزییەکیش گوڕت تێدا نەماوە... هێڵنج دەدەی... کۆتا هێڵنجتە، لێ هێندەی پانتایی ژوورەکەت و کەمێکیش زیاتر دەڕشێیتەوە... کۆتا ئاهـ هەڵدەکێشیت... گوێ هەڵدەخەیت، تا بۆ دوایەمین جار گوێت لە کۆتا چرکی کاتژمێرەکە بێت... بە ناچاریی، چەشنی دوا چاوەڕوانییەکانی گوناهکارێک، کە چاوەڕێی نێزیکبوونەوەی شمشێرێک لە تاڵەمووی ملی دەکا... تۆیش ئاوهایی چاوەڕێی ڕشانەوەکانی خۆتی لە ئاستی دەم و لوتت سەر بکا و لە نێویدا بخنکێیت...!





# چارەکێک ژیانی تر

**ئومێد حاجی عوسمان**

وەک هەمیشە، کە لەسەر مێزی خواردنەوە دادەنیشتم داوای چارەکێکم کرد.

سەیرکە هەر بەدوامەوەیە، ڕەزات خواتەوە چەند ناشرینە، چەند قێزەون، هەمیشە پێمەڵێ «بڕۆ سەفەرکە ئەمە کەی شارە..؟ چارەکە سەدەیەکە تۆ ئەڵێی ئەڕۆم! درۆزن، ئەم شارە دەستی لە تۆ بووەتەوە ئەی تۆ چی؟ بۆ دەستبەرداری نابیت.. پێم بڵێ تاکەی لەسەر ئەم شەقامانەدا ئەسوڕێیتەوە، ئەڵێی........» ئەوەتا سەیرکە وامەزانی بەس من لەبەرخۆمەوە قسە ئەکەم، وا بزانم «نیوەی ئەم شارە لەبەرخۆیانەوە وڕێنە ئەکەن» تۆبڵێی لەگەڵ منی بێ؟ بۆ ئاوا سەیرم ئەکا خۆ نایناسم..

بەخوا شێت بووی قسەی چی؟ ئەو لەگەڵ خۆیدا ئەدوێ؟

-بەسە بەس! تکایە لەکۆڵم بەرەوە، ئەگەر بۆ تەنیا چارەکێک بووە جێم بهێڵە و لە خەیاڵم دەرچۆ، تکایە تا ئەگەمە ئەوسەری ئەم شەقامە..

-بە نیازی بە چارەکێک لەم شەقامە دەربچی؟ هەرگیز.. ئیدی تۆ و ئەم شەقامە دەبنە یەک و بە سەدان چارەک دەر....

قسەکم پێ بڕی وتم «ئەم شەقامی شاعیرانە کتومت لە ڕێگا باریک و چەتوونەکانی دۆزەخ ئەچێ؟ نە سەرەتا و نە کۆتای هەیە.

-هەڵبەتە لەگەڵ کوڕێکی بەدبەختی وەک مندا تێکچوون؟ دەنا بۆ ئەوها تووڕە و ماندوو دیارە، خۆ ئەم پاسە کۆنە، نازانم چۆن ئاوها خێرا دەڕوات؟

ئا..... ئەمڕۆ بەرەجەژنانە و وەک هەمیشە دڵم تووندە بە جەژن! ئێستا لەلای باخە گەورەکەوەم، شەقامی بەرامبەرم قەرەباڵغ دیارە «ئەم جۆرە شەقامە لەو شەقامانەن هەمیشە لە یادەوەریدا دەمیننەوە» هەرچەندە سەرەتای بە شێوە کەوانەیەک دەست پێ دەکەن، بەڵام کۆتاییەکەی نادیارە! کام شەقامە دوورودرێژە لەم شارەدا پیاسەکەی هەر هێندەی خواردنەوەی چارەکێک عارەق دەبێت!

-ئەم کچە لەدوای دواوەی ئەم پاسە چۆڵەدا ئەو قسەکردنەی لەبەرخۆوە، لە چییە؟

شەقامەکە کاڵتر بوویەوە، بە دەستی ئەنقەست شانبەشانی کۆتا کورسی پاسەکە ئەڕۆم، بۆ ئەوەی سەیرم بکا.

ئەم جامە نەفرەتییەی داخستووە و هەر لەبەرخۆیەوە خورتە خورتەکا وەک چرپە گوێم لێبوو «دەبێ لێرە ڕابکەم خۆ من و ئەو ئیدی لێرە جێمان نابێتەوە، دەبێت بڕۆین، گەر بۆ دۆزەخیش بووە».. پەنجەکانی دەستی چەپ و ڕاستی لێک دەئالاند و لەسەرخۆ و بەنەرمی، بەڵام دڵی توووند و پڕ لە گریان دەردەکەوت، وەک بڵێی مردن ڕەنگی چاوی بردبێت.

-ئەم کچە هەر دەڵێ دەڕۆم، خەیاڵ وتەنی خۆ من چارەکە سەدەیەکە دەڵێم ئەڕۆم و بەڵام هەر لێرەم! دیسانەوە پاسەکە خێرای کردەوە، پێدەچێ شۆفێرەکە لەم قەرەباڵغییە نائاساییە توڕەبێ، هەنگاوەکانم خێراتر کرد و بینایم لەسەر کۆتا کورسییە، باشە ئەم ئاسمانە دەیەوێت چی بڵێت؟ «ببوورە نەمبینیت خۆم پێدا کێشایت» ببوورەی چی ئەمە نیشانەی بەدبەختییە بۆ من! تۆ زەرفی نقوڵەکانت دڕاندم، وادیارە ئەم جەژنە بەخۆشی ناکەم، نازانی دڕانی زەرف کارەساتی بەدواوەیە؟ لێگەڕێ خۆم کۆیان دەکەمەوە..

- هەمیشە کارەساتەکان... منداڵیم بیر ئەخەنەوە، ئەوکات یەکجار بۆ بەرات چووم، زەرفی نقوڵەکەیان دڕاندم، کە گەڕامەوە.. بەڕاست من تا ئێستاش گەڕاومەتەوە؟ بۆیە لەو کاتەوە خێر لەم ژیانە نابینم.. ئەو پیاوە ڕاست دەکا!

ئێستا وەختی منداڵییە..؟ ئەوە پاسەکە دوورکەوتەوە، باشە ئێوە بۆ هەر لەبەرخۆتانەوە قسە ئەکەن؟

لێرەدا هەوا بووە نێردە و گوێزەرەوەی وشەکانی نێوانمان.........

گوێ بگرە ئەمە نهێنییەکە بەکەسمان نەوتووە،

لەبەرئەوەی تۆ تەواوی ئەم شەقامە خۆت بەنقەست دوادەخست و گوێت لە قسەکانم بوو، تا ئەم ترافیکە، ئەوا پێت دەڵێم «بە نیازین دوو کراسی ڕەش کە گوڵی سووری قەترانیان تیابێت پێکەوە بیانکڕین، ئا.. ئەو ئێستا لەوسەری شەقامەکەیە پاڵی داوە بە ڕەسمی پیاوچاکانەوە و چاوەڕێی من ئەکات، ئینجا لەوێوە بە شەقامی بەرامبەردا و .... قسەکەم پێ بڕی وتم «ئەزانم لەوێوە بۆ سەر گردی مردووان»..!

بەڵام بۆ ئەوێ؟ بەو کراسە ڕەش و سوورەوە؟

- دەزانی هەر ڕەنگە و چەندین مانای هەڵگرتووە، بەڵام ڕەش و سوور دوو ڕەنگی خوێناوی و مردوون، هەمیشە سووکناییان بەیەک دێ و لە هەمانکاتدا وەک دوو رەنگی تێکاڵاو پڕ لەچێژ دیارن..... ببوورە تەنها چارەکێکمان لەم سەرزەمینە ماوە، سوپاس دوا هاوڕێم بوویت و ئەمە دواهەمین جارە لەم شەقامە دەبم...

پاسەکە وەک باڵندەیەکی کێوی فڕی؟ ئیدی نەمبینییەوە.

- بەڕێز گیان، چی ترت بۆ بێنم؟

-چارەکێک عارەقی تر.

## (پەیکەری ست ڕافۆن)

### تازەترین چیرۆکی کاروان عومەر کاکەسوور لە ژمارەی داهاتوودا





# له چاوی ورچدا

**پانیک مۆرفی**
**له عەرەبییەوە: جەلیل کاکەوەیس**

گوێی لە ورچەکە بوو، کە وەک کونەپەپوویەک بە دەنگێکی نزم پەپووانە دەی بۆڵاند، دەنگەکە وەک دەنگی کونەپەپوویەک لە قووڵایی بیرێک یان ئەشکەوتێکەوە بێت وابوو، لە پەنجەرەکەوە هەڵیڕوانی، ورچەکە لەنێو کیڵگەکەدا بەسەر دارسێوێکی دیارگۆمیلکەیەکەوە لەسەر هەردوو پاشووی وەستابوو و درەختەکەی رادەوەشاند، کوڕەکەی لەناو کیڵگەکەدا ئاگای لە ورچەکە نەبوو، کوڕەکە لە نزیک گۆماوەکە بوو. ورچەکە زۆر نزیک نەبوو، کوڕەکەش زۆر دوور نەبوو، ورچەکە گەر ویستبای ئەوا دەیتوانی بەرەو کوڕەکە بڕوات و لە چاوتروکانێکدا بگاتە سەری. ئەمەش هەر بەقەد کەوتنەخوارەوەی سێوێک لە لقێکی

درەختەکەوەی دەخایاند کە دەکەوێتە سەر زەوی کێڵگەکە.

بەخۆ و تفەنگەکەیەوە لە ماڵ دەرکەوت و کەوتەڕێ. قژی مەیلەو رەشی کوڕەکەی لە تاوسان بۆ رەنگی زەرد دەگۆڕا. وای بۆ چوو کە رەنگی قژی کوڕەکەی لەبەر تیشکی تاوەکە وەک زێڕ دەنوێنێت. ئەمەش لەودەمەدا دەردەکەوت کە دەجووڵا، چونکە هەرگیز لە جووڵە ناکەوێت. ئاوهاش رەنگی قژی سەرنجی هەرکەسێک رادەکێشێت، تەنانەت گە ورچیش بێت. بەکچێنی ویستی قژەکەی بۆ رەنگێکی ئاوها بگۆڕێت.

ئیدی چەند لەتە لیمۆیەکی لە بێخی تاڵە قژەکانی چەسپ کرد و بە توندی لەتە لیمۆکانی گوشی و لەبەر هەتاو راکشا. پرچی لەسەر لەچکێک بۆ پشتەوە هەڵدایەوە.

بێخی تاڵەقژەکان لینج بوون، تۆوەکانی لیمۆکەش لە برێ شوێن تێک ئاڵابوون. مێشەنگ بە دەوری قژیدا فڕین. رەنگەکە هەر بە خۆڵەمێشییەکی کاڵ مایەوە.

تفەنگەکە وەک بیری لێدەکردەوە لەوە قورستربوو، رەنگە ئەو دەمەی کە لەگەڵ شووەکەیدا لە هەموو وەرزێکدا لە دارستانەکە راوی کڵاوکوڕەیان دەکرد، ماسولکەی بازووەکانی بەهێزتر بوون، لێ ئەمێستا ماسولکەکانی لەوە لاوازترن تا بگاتە کوڕەکەی. دەزانێت گەرەکە یەکەم جار لە پشت پەرژینە بەردینەکەوە خۆی جێگیر بکات ئینجا وەک سەربازێک بخزێت و لە پشت درەختەکانەوە خۆی پەنا بدات، پێویستە بەهەرجۆرێکە وەک مار بێت و وەک ماریش رەفتار بکات.

ئێ سەربازیش هەروا ناڵێت؟ دەبوو وەک مار بەرەو ئەو ریزە درەختانە بڕوات کە بە مەودای سەدپێیەک دەوری کێڵگەکەیان داوە. بیری لە توانای خۆی نەکردەوە کە ئاخۆ دەتوانێت ئەمە بکات، رەنگە لە کۆتاییدا هەر بکەوێتە بەرچاو. بۆی هەیە ورچەکە لە راوەشاندنی دارسێوەکە بوەستێت و ئاوڕێک بداتەوە و هەوایەک هەڵمژێت. لەگوینە بۆ لای ئەم هاتبا.

شووەکەی هەمیشە کڵاوکوڕەکانی دەپێکا و لەپێکانی ئامانجدا دەستڕاست بوو، کەچی ئەم بەردەوام نیشانەکەی سەری دەکرد. کاتێ ئەم سێرەی دەگرت مێردەکەی دەستی دەخستە سەر تفەنگەکەی تا سەرنەکات لێ هەرگیز کڵاوکوڕەیەکی نەپێکا.

کوڕەکە لە رۆخی گۆماوەکەدا چەند بەردێکی بچووکی هەڵگرت، وەستا و دەستی بە هاویشتنی بەردەکان کرد بۆ ناو ئاوەکە.

بە دەنگێکی چیە ئاسا کە لە دەنگی خۆی نەدەچوو وتی (دانیشە). کوڕەکە لە قوتابخانە سەرکەوتوو نەبوو. لە کاتی وانەکاندا حەزی لە خوێندنەوە بوو. کتێبێکی بە کراوەیی لەژێر کورسییەکەی دادەنا. کتێبەکە دەربارەی سەگلاو و پەپوولە و جاڵجاڵۆکە بوو. قوتابخانە هەندێ تێبینی بۆ ماڵەوە بۆ دایکی نارد. لە تێبینییەکاندا داوای ئەوە کرابوو کە دەبێت کوڕەکە گوێڕایەڵ بێت، هەندێ جار لەکاتی نان خواردنی ئێوارەدا کوڕەکەی برێ بابەتی لە کتێبەکانی بۆ دەخوێندەوە، ئەم هەرگیز بەکچێنی ئەم شتانەی نەدەزانی. کرمی ئاوریشم پەپوولەیەکی مێینەی بێدەم دەخاتەوە، ئەم پەپوولەیە ئەوەندە ناژی تا ئاتاجی خواردن بێت، هەر بایی ئەوە دەژی کە پێش مردن جووت بێت

# دەق

و گەرا دابنێت. کوڕەکەی هەڵوەستەی دەکرد و وێنەی پیشان دەدا، رەنگە سەری بۆ لەقاندبێت و بەوەش سەرسام بووبێت کە چۆن کوڕەکەی لەم تەمەنەدا ئەو شتانە دەزانێت، کەچی ئەم بەکچێنی نەیزانیوە. ئاخۆ بەزۆری هەر خەریکی گوشینی لەتە لیمۆ بووە بەسەر قژیدا؟ کوڕەکەی هەرگیز نەیدەوت کە بەهۆی مردنی باوکییەوە، مێردەکەی خەمبارە، لێ ئەو دەیزانی غەمگینە، مێردەکەی وەک کتێبێک دەدوا، لەسەر مێزی نان خواردن دەربارەی زانست و بیرکاری بۆ کوڕەکەی قسەی دەکرد دەربارەی سفر (هیچ) دەدوا، مێردەکەی وتبووی: سفر پێشوونانی راچڵەکاند کەسێک نەی دەویست بڕوا بەوە بکات کە ئەم سفرە هیچ نییە، رۆژێکیان بەرەو ئاوی ئۆقیانووس شۆڕبووەوە و لە رۆیشتن نەکەوت. پێت خۆشە لەو باوەڕەدابیت، کە ئەو هێشتا بەژێر ئاودا دەڕوات، ماسیی سکاتی پەڕەکەدار رووەو سەرەوەی ئاو بەرز دەبنەوە،ئەمیش لەلایاندا تێدەپەڕێت ئاو گەیشتە هەموو پێچێکی کراسەکەی و پشتەوەی کراسەکەی هەڵاوسا، هەندێ جار خۆی و کوڕەکەی باسی ئەمەیان دەکرد، کوڕەکەی وتبووی کە چۆن قژی وەک گەڵای درێژ بەسەر رووەکە دەریاییەکاندا شەپۆلی داوە، کوڕەکەی وتبووی کە چۆن باوکی دەستی بۆ ماسیی ژەهردار درێژکردووە. ویستوویەتی بیبینێت کە چۆن بۆ تۆپۆکەیەکی پڕ لە دڕک دەگۆڕێت، باوکی بەدەم رێوە دەستی بە هەموو شتێکدا هێناوە، وەک تەنیشتە زبرەکانی دەمی ئەشکەوت، کە ماسی گرۆپێر تێیدا رۆدەچێت و چاوەکانی هەڵدەگێڕێتەوە، هەروەها دەستی بە دامێنی شۆڕەوەبووی شەیتانە ماسیدا هێناوە کە سێبەرێکی هەورامێز لەسەرووی خۆیەوە دروست دەکات کوڕەکە بە دایکی گوت: (دەبێت ئێستا باوکم لە چین بێت).

چین، چونکە دوای مردنی باوکەکە، کوڕەو دایکە کتێب و جێماوەکانی باوکەکەیان پاک کردەوە. رێنوێنی سەفەرێکیان بۆ چین دۆزییەوە. بیرۆکەیەکیان دەربارەی ئەوە نەبوو کە باوکەکە بایەخی بە سەفەرکردن بۆ چین دابێت. لە رووکاری دەرەوەی رێنوێنییەکە نووسرابوو: (تەماشای شوورەکە بکە).

دایکەکە بینی کە چۆن خۆرەکە لە پشت تەپۆڵکەکەوە شۆڕبووەوە و دوا تیشکی لە پۆلا ڕەشەکەی تفەنگەکەی دا.

هەروەها پێش ئاوابوونی تیشکەکەی کەوتە سەر قژی کوڕەکەی، ورچەکە لە کارەکەی بووەوە، هەموو سێوەکانی بەردایەوە سەر زەوییەکە و دەستی بە خواردنیان کرد.

دایکەکە بینی کوڕەکەی لە مەترسی دوورکەوتەوە، ئیدی ورچەکە تێر دەخوات و دەڕوات. رەنگە کارەکە ئەوە نەخوازێت تا درەخت بەدرەخت بڕوات و لە چاوەڕوانیی تەقەکردنێکدا لە ورچەکە نزیک ببێتەوە، کە لە گوینە لە پێکانیدا هەڵەش بکات، چونکە شووەکەی لەوێ نییە تا دەست بخاتە سەر تفەنگەکەی و نزمی بکاتەوە و نەهێڵێت نیشانەکەی زۆر سەر بکات.

ئەوەندە بەسەر هاتنی مامۆستای کوڕەکەیدا تێنەپەڕی بوو بۆ بینینی. ئەوەبوو دەرگاکەی بە والآیی بۆ مامۆستاکە هێشتەوە و داوای لێکرد بێتە ژوورەوە لە ژووری نان خواردن دانیشتن و مامۆستاکە لە کوڕەکەی پرسی، کە ئاخۆ دەکرێ بەتەنها لەگەڵ دایکیدا بدوێ. کوڕەکە سەری بۆ لەقاند و کتێبەکەی

لەسەر مێزی نان خواردن هەڵگرت و ژوورەکەی جێ هێشت. دایکەکە گوێی لە هەنگاوەکانی کوڕەکەی بوو کە بەسەر پەیژەکەدا سەردەکەوێت و دەرگای ژوورەکەی دادەخات، مامۆستاکە وتی: (کورەکەت زیرەکە بێگومان مردنی باوکەکە بۆ ئەو شۆکێک بووبێ، شتێ دەمێنێتەوە ئەویش قوتابخانەیە).

یەخچاڵەکەی کردەوە تا شتێ بداتە مامۆستاکە، لێ شتێکی وای تێدا نەبوو، چونکە چەند رۆژێ بوو بازاریی نەکردبوو. دواخانەی کردەوە و دوو لیمۆی دۆزییەوە، دەری هێنان و لەسەر مێزەکە دای‌نان. دوو لیمۆکە کەمەکێک بەسەر مێزەکەدا غلۆربوونەوە، دایکەکە تەختەیەکی هێنا و دوو لیمۆکەی خستنەسەری و هەر لیمۆیەکی کردە چوارلەتەوە و بەرەو لای مامۆستاکە پاڵی بە تەختەکەوە نا، (تکایە هەندێکیان لێ هەبگرە).

مامۆستاکە هیچی نەوت. دوای کەمەکێک مامۆستاکە وتی (بمبوورە رۆژێکی دی دێمەوە تا لە بارەی کوڕەکەتەوە بدوێم) کە مامۆستاکە رۆیشت، دایکەکە بەرەو کن کوڕەکەی سەرکەوت. کوڕەکە خەریکی خوێندنەوەی کتێبێک بوو دەربارەی جاڵجاڵۆکە. ئیدی لەسەر تەختەخەوەکە پێکەوە راکشان و تەماشای وێنەکانیان دەکرد.

کوڕەکەی بۆ گەشتێک دەبات، بەرەو چین دەڕۆن و شوورەکەیشی دەبینن، رەنگە بەدوای نیشانەکانی سەرشوورەکەش بگەڕێن، گەرەکە بە مامۆستاکە بڵێت کە کوڕەکەی چەند رۆژێ بۆ قوتابخانە نایات، لەوەشە چەند هەفتەیەک بخایەنێت.

لە کن گۆماوەکە کوڕەکە بەنیاز بوو هەوڵبدات، لەسەرخۆ رۆیشت، ئەو پێڵاوەی کە بۆ یاریی تەنس لەپێی بوو پڕ بوو لە ئاوی لیخن، هەواکەی ساردە، کوڕەکە لە کتێبەوە فێر بووە کە سەگلاو لە پشت دانەکانی پێشەوەی زیادە پێستێک هەیە، لەو دەمەیدا کە لەژێر ئاودایە دەتوانێت زیادەپێستەکە دابخات و رێگە لە دەرچوونی ئاوی نێو دەم و سییەکانی بگرێت.

کاتێ ئاو کەوتە سەر چاوانی و سەری، وای بە خەیاڵدا هات کە ئەمیش ئەو زیادە پێستەی هەیە، لەبن ئاوەکە چاوەکانی کردەوە. تاریکی وەک چوار دیوار دەوری دا، وای بۆچوو رەنگە بتوانێت دەست درێژ بکات و دەست بە تاریکییەکەدا بهێنێت.

ورچەکە لە خواردن بووەوە، هەوایەکی هەڵمژی و سەری کێل کرد، ئینجا بەرەو گۆماوەکە جما. کاتێ دەرۆیشت وا دەرکەوت کە وەک پیاوێک بە سەنگینی دەڕوات، دایکەکە پێشتر نەیدەزانی کە ورچ وەک کونەپەپوو دەخوێنێت و وەک پیاوانیش بە سەنگینی رێدەکات. دوای کەوت، لە درەختێکەوە بۆ درەختێک نەرۆیشت، بەڵکو راست و راست رۆیشت، (نا.. نا، گەر بەم شێوەیە بجووڵێت، هیچ شتێک ناپێکێت) دەتوانێت گوێی لە پیاوەکەی بێت کە دەڵێت کوڕەکەی لە کوێ بوو؟ ئەی پیاوەکەی لە کوێ بوو؟

لەو شوێنەوەی کە کوڕەکەی دابەزییە نێو ئاوەکە چەند بڵقەبڵقێکی لەسەر گۆماوەکە بەدی کرد، ئینجا لەسەر سینگیشی پەڵەیەکی سپی لە شێوەی مەعینێکی ناتەواو هەبوو، مەعینەکە کشا، مەعینەکە توایەوە، تفەنگەکە لە دەستی بەربووەوە بەلەز بەنێو گژوگیای شیرداردا رۆیشت.

بەرەو ئەو بڵقە بڵقانە رۆیشت کە جەستەی کوڕەکەی دروستی کردبوون. دەیەوێ رزگاری بکات دەیەوێ پێی بڵێت دەبێ نەخنکێت، لە بن ئاوەکە

## دەق

مەلەی کرد و بە نیازبوو لەژێر ئاوەکەدا بانگی بکات، بەهەویا بوو لە درزێکی تاریکییەکەوە بیبینێت، بەر لەوەی خۆی نوقم بکات، هەوا هەڵنەمژێ و لەو بڕوایەشدا نەبوو کە پێویستی بە هەناسەدان نییە، چرکەساتێک وەک پێویستییەک بیری کردەوە و وای بۆچوو کە هەموو هەڵەن و لەژێر ئاودا پێویست بە هەناسە قەتیس کردن ناکات. ئەمەیشی هەر لەو ساتەدا زانی وای بۆچوو کە کوڕەکەیشی ئەمە دەزانێت هەردووکیان نهێنییەکیان ئاشکرا کرد. توانی جووڵەی دەستەکانی لەناو ئاوەکەدا رابگرێت ولە کوڕەکەی بگەڕێت، کاتێ ئامادە دەبێت، سەرئاوەکە دەکەوێت و دێتە دەرەوە، کە هاتە دەرەوە زانی گۆمەکە قووڵ نییە. بەپێوە وەستا، ئاوەکە تەنها دەگەیشتە ناو قەدی.

کوڕەکەی لەو لایەکەی تری گۆمەکە بوو، لەسەر تاوێرێکی درزبردووی رۆخی گۆمەکەدا دانیشتبوو، شتێکی بە دەستەوە بوو، ورچەکەش تەماشایان دەکات ئیدی لمۆزی لووی نەخواردبوو، ئەو هێشتا لەنێو ئاوەکەیە بەرەو لای کوڕەکەی جووڵا، سەرقۆڵی کراسەکەی هەڵکرد و هەردوو لنگی پانتۆڵەکەی بەرەو دوا هەڵکێشا پرچی لەسەر چاوەکانی دوورخستەوە.

هەندێ قوڕولیتە بە دەست کوڕەکەیەوە بوو کە لەبن گۆماوەکە رای ماڵیبوو.

وتی: ئەمە چییە؟

لەکاتێکدا کوڕەکە قوڕەلیتەکەی لەنێو لەپیدا هەڵدەگلۆفی، وتی: (رەنگە هەندێ زێڕ بێت) دایکەکە ئاماژەی بۆ ورچەکە کرد و وتی ( تەماشای ئەوێ بکە).

ورچەکە ئاوڕی دایەوە و سەنگینی کەوتە رێ و دوورکەوتەوە.

کوڕەکە وتی: (بەڵێ دەمێکە بینیوومە ئەو حەزی لە سێوی درەختەکەی ئێمەیە).

لەوشەوەدا دایکەکە بە کوڕەکەی راگەیاند سەرەڕای هەموو شتێک رەنگە باشتر وابێت بۆ چین سەفەر نەکەن. گەرەکە بیر لە قوتابخانە بکرێتەوە، کوڕەکە سەری لەقاندو وتی: (باشە) دایکەکە بیری لە چۆنێتیی لەدەستدانی مێردەکەی کردەوە بیری کردەوە کە پێویستە بۆی خەمبار بێت هەر وەک چۆن ژنان بۆ پیاوە مردووەکانیان خەمبار دەبن. دێ کراسەکانی پیاوەکەی لەبەر بکات، ئێ ژنانی تریش هەر وایان نەکردووە؟ مەودایەکی درێژ دەڕۆن و بیر لە پیاوەکانیان دەکەنەوە، کاتێ ئارەقە دەکەن، ئەو بۆنەی لێیان دێت بۆنی خۆیان نییە، بەڵکو بۆنی پیاوەمردووەکانیانە.

**تێبینی:**

١) ئەم چیرۆکە عبدالمقصود عبدالكريم بۆ عەرەبی وەریگێڕاوە.

٢) یانیک مۆرفی نووسەری ئەم چیرۆکە، خانمە چیرۆنووسێکی ئەمریکاییە. ئەم چیرۆکە لە کۆمەڵە چیرۆکی (جائزه او هنری) وەرگێڕدراوە.



# کارەساتی کان لە نیۆیۆرك

**هارۆکی مۆراکامی**

**لە فارسییەوە: مستەفا زاهیدی**

چراکانیان کوژاندبووەوە بۆ ئەوەی دەست بگرن بە هەواوە و تاریکی بە سەریاندا زاڵ بوو. کەس متەقی لێوە نەدەهات. تەنها شتێک لەو تاریکییەدا دەبیسترا دەنگی دڵۆپە ئاوەکان بوو، کە هەر پێنج چرکە جارێک لە میچەکەوە دەتکا.

کرێکارە پیرەکەی کانەکە وتی: «زۆر باشە، هەوڵ بدەن زۆر هەناسە نەدەن. هەوایەکی زۆرمان بۆ نەماوەتەوە.» زۆر بە ئارامی و وەک ئەوەی سرتە بکات بۆ کەسێک ئەمەی وت، بەمەشەوە دارەڕای تۆنێلەکە چرکەچرکیان

# دەق

دەهات. کرێکارەکان لە تاریکیدا پاڵیان بە یەکەوە دابوو، گوێیان هەڵخستبوو بەوەی دەنگێک ببیستن: دەنگی پاچ، دەنگی ژیان.
چەند سەعات چاوەڕێ بوون. واقیع بەرەبەرە لە تاریکیدا نوقم دەبوو. وەک ئەوەی هەموو شت ماوەیەکی زۆر لەوە پێش رووی دابێت، لە دونیایەکی دوور یان رەنگە لە داهاتوودا، لە دونیایەکی دوورتردا. لە دەرەوە، خەڵک خەریکی هەڵکەندنی زەوی بوون بۆئەوەی پێیان بگەن. لە دیمەنی فیلمێک دەچوو.
یەکێک لە هاوڕێکانم خووی بەوەوە گرتووە هەرکات تۆفان بێت ئەڕوات بۆ باخچەی ئاژەڵان. دە ساڵە ئەم کارە دەکات. ئەو کاتەی زۆربەی خەڵک پەنجەرە تۆفانگرەکانیان داخستووە، یان ئاوی کانزایی پاشکەوت دەکەن، یان سەرنج ئەدەن بەوەی رادیۆ و لایتەکانیان ئیش دەکات یان نە، هاوڕێکەم بە پانچۆیەکی بارانی سەربازی شەڕی ڤێتنام، کە ماوەیەک لەوە پێش کڕیویەتی، خۆی دادەپۆشێت، دوو قوتووە بیرە دەخاتە گیرفانی و دەڕواتە دەرەوە. لە ماڵەکەیەوە تا باخچەی ئاژەڵان بە پێ، چارەکێک رێگەیە.
ئەگەر بەختی لەگەڵ نەبێت، باخچەی ئاژەڵان داخراوە، «بە هۆی خراپیی کەشوهەواوە» درگاکان داخراون. هەرکات بەم جۆرە بێت، هاوڕێکەم لە سەر پەیکەرەی بەردینی سمۆرەیەک کە لە بەردەم درگای دەرەوەدایە، دادەنیشێت و بیرە گەرمەکانی دەخواتەوە، دواتر دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. بەڵام کە کاتی خۆی دەگاتە ئەوێ، پارەی چوونەناوەوە دەدات، جگەرەیەکی تەڕ دادەگیرسێنێت و چاو لە ئاژەڵەکان دەکات، یەک بە یەکیان. زۆربەی ئاژەڵەکان خزاونەتە کولانەکەیانەوە. هەندێکیان چاویان بڕیوەتە ئاسمان. ژمارەیەکیان زیاتر هاتوچۆ دەکەن و لە بەرامبەر تۆفانەکەدا هەڵچەو داخەیانە. ژمارەیەکیان لە دابەزینی کوتوپڕی پەستانی ئەتمۆسفێر (Atmospheric pressure) دەترسێن و هەندێکیان وەحشی دەبن.
هاوڕێکەم هەوڵ دەدات بە هەرشێوەیەک بێت یەکەم بیرەی لە بەرامبەر قەفەسەی بەبری بەنگالدا بخواتەوە. (بەبری بەنگال هەموو دەم وەحشیانەتر پەرچەکردار دەنوێنێت). گووریلەکان هەر خۆیان ناشڵەژێنن و لە تۆفانەکە ناترسێن. گووریلەکان لێی دەڕوانن، کە وەک پەرییەکی دەریایی لە سەر لادیوارێکی (چیمەنتۆیی) دانیشتووەو ئارام ئارام بیرەکەی دەخواتەوە، دەکرێ سوێند بخۆیت بەڕاست بەزەییان پێیدا دێتەوە.
هاوڕێکەم ئەڵێت: «وەک ئەو کاتانەی ئاسانسۆر خراپ دەبێت و تۆ لەگەڵ کەسانی نەناسراو لەوێدا دەمێنیتەوە.»
ئەگەر بابەتی تۆفانەکە بنێینە لاوە، هاوڕێکەم هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ خەڵکانی تر نییە. بۆ کۆمپانیایەکی هەناردەکردن کار دەکات و بەرپرسی بەشی بەگەڕخستنی سەرمایەیە لە دەرەوەی وڵات. راستە ئەو کۆمپانیا لە ریزی یەکەمی کۆمپانیا ناودارەکاندا نییە، بەڵام بەڕادەی پێویست سەرکەوتووە. هاوڕێکەم بە تەنهایی لە شوقەیەکی بچووکی خاوێندا دەژی و هەر شەش مانگ جارێک لەگەڵ کچێک دەبێت بە هاوڕێ. من هیچ کات نەمزانی بۆچی سوورە لەسەر ئەوەی هەر شەش مانگ جارێک (رێک هەر شەش مانگ جارێک) کچە خۆشەویستێکی تازە بگرێت. ئەو کچانە هەموویان وەک یەکتر وان، وەک ئەوەی کۆپیی یەکتر بن. تەنانەت ناتوانم لە یەکتریان جیابکەمەوە.
هاوڕێکەم سەیارەکی کۆن، کۆمەڵە بەرهەمەکانی بەلزاک، قاتێکی رەش، بۆینباخێکی رەش و جووتێک پێڵاوی رەشی هەیە، کە بۆ پرسە و سەرەخۆشی زۆر باشن. هەرجارەی کەسێک دەمرێت تەلەفۆنی

بۆ دەکەم و لێی دەپرسم، دەتوانم بە ئەمانەت لێت وەربگرم، هەرچەند قات و پێڵاوەکانی یەک ژمارە بۆ من گەورەترن.
دوایین جار کە تەلەفۆنم بۆی کرد وتم: «بمبورە دووبارە کاتم گرتی، دەبێ برۆم بۆ پرسەی کەسێک.».
وەڵامی دایەوە: «تکا دەکەم. رەنگە زۆر بە پەلە بیت! بۆچی هەر ئێستا نایێیت بۆ ئێرە؟»
کە گەیشتم، قات و بۆینباخەکەی لە سەر میزەکە دانابوو. زۆر بە جوانی ئوتوو کرابوون، پێڵاوەکان بۆیە کرابوون و بەفرگرەکە پڕبوو لە بیرەی هاوردەکراوی فێنک. ئەو هاوڕێکەم کەسێکی وەهایە. لە حاڵێکدا خەریک بوو قوتوویەکی بیرەی هەڵدەپچڕی وتی:
«رۆژێک لە باخچەی ئاژەڵان پشیلەیەکم بینی.»
«پشیلەیەک؟»
«ئەرێ. دوو هەفتە لەوە پێش. بۆ سەفەرێکی کاری رۆشتبووم بۆ هۆکایدۆ و سەردانێکی باخچەی ئاژەڵانی نزیک هۆتێلەکەم کرد. پشیلەیەک لە قەفەسەکەدا خەوتبوو و لە سەر تابلۆکەی نووسرابوو پشیلە.»
«چ جۆرە پشیلەیەک بوو؟»
«پشیلەیەکی عادی بە هێڵی قاوەیی و کلکی کورت و بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو قەڵەو. بە شانا راکشابوو.»
«رەنگە هۆکایدۆ پشیلەی زۆر لێ نەبێت.»
بە سەرسووڕمانەوە پرسیی: «گاڵتە دەکەیت؟ دەبێ لە هۆکایدۆش پشیلە هەبێت. ناکرێت ئەوەندە نائاسایی بێت.»
وتم: «زۆر باشە لە گۆشەنیگایەکی ترەوە بۆی بڕوانە. بۆچی باخچەی ئاژەڵان نابێت پشیلەی لێ بێت؟ ئەوانیش ئاژەڵن. وا نییە؟»
ئەو وتی: «سەگ و پشیلەکان بەشێکن لە ئاژەڵە ئاسایی و هەموو دەم بەردەستەکان. کەس پارە نادات بۆ بینینی ئەوان. ئەوە بەسە چاو لە دەورووبەری خۆت بکەیت. لە هەموو شوێنێک هەن. هەموو کات لەگەڵ مرۆڤەکان.»
کە شەش بیرەمان خواردەوە، من قات و بۆینباخ و پاکەتی پێڵاوەکانم خستە پاکەتێکی گەورەی کاغەزییەوە. وتم: «دوای لێبوردن دەکەم هەموو دەم کاتت دەگرم. ئەزانم ئەبێت قاتێک بۆ خۆم بکڕم. بەڵام هیچ کات دەرفەتی ئەوەم نییە. هەست دەکەم ئەگەر جلوبەرگی سەرەخۆشی بکڕم، واتە زۆر باشە کیشە نییە با کەسێک بمرێت.»
ئەو وتی: «کێشەیەک نییە. خۆ من هەر بە کاری ناهێنم. باشتر وایە کەسێک بەکاریان بهێنێت بە جێگەی ئەوەی لە کەنتۆرەکەدا هەڵیانواسم. وا نییە؟ راستی ئەکرد. ئەوە بۆ ساڵ دەچوو قاتەکەیان بۆ دووربیبوو و تەنانەت جارێکیش لە بەری نەکردبوو.
ئەو دواتر وتی: «زۆر سەیرە. بەڵام لەو کاتەوەی ئەم قاتەم کڕیوە تەنانەت یەک ناسراویشم نەمردووە.»
«گشت جار بەم شێوەیە.»
ئەو وتی: «ئەرێ، هەمیشە وایە.»
بۆ من بە پێچەوانەوە، ئەم ساڵ، ساڵی سەرەخۆشی بوو. هاوڕێیان و ناسراوانی پێشترم یەک بە دوای یەکتردا مردن. وەک گوڵە گەنمەشامی کە لە وشکەساڵیدا سیس دەبن و هەڵدەوەرێن. من بیست و هەشت ساڵم تەمەن بوو. هەموو هاوڕێکانم تەمەنیان نزیک بە تەمەنی من بوو. بیست و حەوت، بیست و هەشت، بیست و نۆ، ئەو تەمەنەی بۆ مردن زۆر گونجاو نەبوو.
شاعیرێک لە تەمەنی بیست و یەک ساڵیدا دەمرێت، شۆڕشگێڕێک یان ئەستێرەیەکی رۆک لە بیست و چوارساڵیدا. بەڵام دوای تێپەڕاندنی ئەو تەمەنە لات وایە هەموو شت لە جێی خۆیدایە، لات وایە توانیتوتە

# دەق

لە کەوانێکی مەرگی ئینسانەوە گوزەر بکەیت و لە تۆنێلەکەوە بێیتە دەرەوە. ئێستا لە شارێیەکی شەش سایدیدا راست بەرەو ئامانجەکەت لێدەخوڕیت. بتەوێت و نەتەوێت قژت کورت دەکەیتەوە، هەموو بەیانییەک ریشت ئەتاشیت. ئیتر شاعیر یان شۆڕشییەک یان ئەستێرەیەکی رۆک نیت. لە کیۆسکی تەلەفۆنەکاندا لە بەدمەستیدا کەلەلا ناکەوێت یان سەعات چواری بەیانی دەنگی «Doors» بەرز ناکەیتەوە. بە پێچەوانەوە لە کۆمپانیای بیمە (زەمان)ی هاوڕێکەت، زەمانی تەمەن ئەکرێت. لە باڕی هۆتێلەکاندا دەخۆیتەوەو ئەزانی تێچووی چاککردنەوەی ددانت چەند بووە. ئەم شتانە لە بیست و هەشتساڵیدا سروشتییە.
بەڵام راست هەرئەو کاتە بوو کە کوشتوبڕێکی چاوەڕواننەکراو لە ژیانی ئێمەدا دەستی پێکرد. وەک هێرشێکی کوتوپڕ لە رۆژێکی بەهارییدا چما کەسێک لە سەر تەپۆڵکەیەکی میتافیزیکی، قازیفەیەکی میتافیزیکی گرتووە بە دەستەوەو بارانی فیشەک بەسەرماندا دەبارێنێت. بۆ ساتێک ئێمە خەریکی گۆڕینی جلوبەرگەکانمان بووین، بۆ ساتێکی تر جلەکان بۆمان نەدەبوون: قۆڵەکانی هەڵگەڕابوونەوە، لاقێکمان کردبوو بە دەرەقولی پانتۆڵێکدا و لاقێکی ترمان کردبوو بە پانتۆڵێکی تردا. هەموو شت تێکچووبوو. بەڵام مەرگ هەر بەم شێوەیە. کەروێشک، کەروێشکە، چ لە کڵاوێک بێتەدەرەو چ لە مەزرای گەنم. زۆپا زۆپایەو ئەو دووکەڵە رەشەی لە دووکەڵ کێشەوە دێتە دەرەوە، هەر ئەو شتەیە کە هەیە، دووکەڵێکی رەش کە لە دووکەڵ کێشەوە بەرز دەبێتەوە.
یەکەم کەس لە شقڵی واقع و خەیاڵ (یان شقڵی خەیاڵ و واقع) پێیەکی نایە ئەمبەر و پێکەی تری نایە ئەوبەر، ڤوودی، هاوڕێکی سەردەمی زانکۆم بوو، ئینگلیزیی دەوتەوە بە منداڵانی ناوەندی. سێ ساڵ بوو چووبووە ژیانی هاوسەرییەوەو ژنەکەی چووبوو بۆ ماڵی دایک و باوکی لە شیکۆر بۆ ئەوەی منداڵی ببێت. دوای نیوەڕۆی دووشەممەیەکی مانگی جێنیڤەری، کە بە شێوەیەکی ناسروشتی گەرم بوو، ئەو رۆیشتە فرۆشگایەکی زنجیرەیی، دوو قوتوو کەفی ریش تاشین و چەقۆیەکی ئەڵمانیی کڕی، چەقۆکە ئەوەندە گەورە بوو، کە دەکرا گوێی فیلی پێ ببڕیت. رۆشتە ماڵەوەو وانەکەی پڕکرد لە ئاو. بڕێک سەهۆڵی لە بەفرگرەکە هەڵگرت، بتڵێک سکاچی خواردەوە، رۆشتە وانەکەوە، شاڕەگی دەستی خۆی بڕی. دوو رۆژ دواتر دایکی تەرمەکەی دۆزییەوە. پۆلیسەکان هاتن و رەسمێکی زۆریان گرت. خوێن حەمامەکەی کردبوو بە رەنگی دۆشاوی تەماتە. پۆلیس هۆکاری مەرگەکەی بە خۆکوژی زانی. بەدەر لەمەش هەموو درگاکان لە ژوورەوە داخرابوون و کوژراوەکەش خۆی چەقۆکەی کڕیبوو. بەڵام بۆچی دوو قوتوو کەفی ریشی کڕیبوو، کە نەیدویست بەکاریان بێنێت؟ کەس نازانێت.
رەنگە ئەو کاتەی لە فرۆشگا زنجیرەییەکەدا بووە، نەیزانیوە دوو سەعاتی تر دەمرێت یان رەنگە ترساوە ژمێریارەکە دەزانێت دەیەوێت خۆی بکوژێت.
هیچ وەسییەتنامە یان نووسراوێکی دوای خۆی جێ نەهێشتبوو. لە سەر میزی چێشتخانەکە تەنها بتڵێکی لێبوو، بتڵی بەتاڵی ویسکی و قاپی سەهۆڵ و دوو قوتوو کەفی ریش. ئەو کاتەی چاوەڕوانی پڕبوونی وانەکە بووە، پێک لە دوای پێک «هیک ئان دراکس»ی خواردەوە. رەنگە چاوی لەو دوو قوتووە کەفی ریشە کردبێتو بە وتنی ئەم رستە «ئیتر ناچار نیم ریشم بتاشم.» بیری لە شتێک کردووەتەوە. مەرگی پیاوێک لە تەمەنی بیست و هەشت ساڵیدا وەک بارانی زستانی ناخۆشە. لە دوازدە مانگی دواتردا چوار کەسی تریش مردن.

یەکیان مانگی مارس لە ڕووداوێکدا لە مەیدانێکی نەوتی عەرەبستان سعوودییە یان کوێت گیانی لە دەست دا. جەڵدەی دڵ و ڕووداو. لە جولایەوە تا نۆڤامبەر هەموو شت ئارام بوو، بەڵام دواتر لە دێسەمبەردا هاوڕێیەکی تر مرد، ئەویش بە ڕووداوی هاتوچۆ.
بە پێچەوانەی هاوڕێی یەکەمم کە خۆی کوشت، ئەم هاوڕێیانە تەنانەت کاتی ئەوەشیان نەبوو بیرلەوە بکەوە کە خەریکە دەمرن. مەرگ بۆ ئەوان وەک چوونەسەرەوە لە پلیکانەیەک بوو، کە هەزار جار لێی سەرکەوتوون، بەڵام کتوپڕ پلیکانێکی ژێر پێیان چۆڵ دەبێت. ئەو هاوڕێیەی بە هۆی جەڵدەی دڵەوە مرد، بە ژنەکەی وت: «دەکرێت تەختی خەوەکەم بۆ ئامادە بکەیت؟»
ئەو دیزاینەری مۆبل بوو. سەعات یازدەی بەیانی بوو. سەعات نۆ لە خەو هەستابوو.
ماوەیەک لە ژوورەکەی کاری کردبوو و دواتر وتبووی هەست دەکات خەوی دێت. دەڕواتە چێشتخانە و قاوەیەک دروست دەکات و دەیخواتەوە، بەڵام قاوەکەش یارمەتیی نادات. دەڵێت: «باشتر وایە وەنەوزێک بدەم. هەست بە سەرئێشە دەکەم.» ئەمە دوایین قسەکانی بوون. لە ناو تەختی خەوەکەی پێچی دا لە خۆی و خەوی لێ کەوت، ئیتر هیچ کات خەبەری نەبووەوە. ئەو هاوڕێیەی لە دێسەمبەردا مرد، لە هەموویان گەنجتر بوو و تەنها ژنی ناو ئەوان بوو. بیست و چوار ساڵی تەمەن بوو. وەک شۆڕشگێڕەکان یان ئەستێرەکانی ڕۆک دەچوو. لە دوای نیوەڕۆیەکی ساردی بارانی، ڕۆژێک بەر لە کریسمەس، لە فەزایەکی دڵتەزێن و لە هەمانکاتدا تەواو سروشتی لە نێوان ترۆمبیلی گواستنەوەی بیرەو دارتێلێکی چیمەنتۆیی تەلەفۆندا کەپس بوو.
چەند ڕۆژ دوای دوایین ڕێوڕەسمی ناشتن ڕۆشتمە ئەپارتمانی هاوڕێکەم بۆ ئەوەی قاتە ئۆتووکراوەکەی پێ بدەمەوەو بۆ دەستخۆشی لێکردنیش دوو بتڵ ویسکیی پێ بدەم. وتم: «زۆر سوپاس. جارێکی تر یارمەتییەکی گەورەت دام.»
وەک هەموو کات بەفرگرەکەی پڕبوو لە بیرەی سارد و تیشکی کەمی هەتاو دەیدا لە مۆبلەکان. تەپڵەکەکەی بەردەستی، ژێرسیگارییەک و گوڵدانێکی بێنت کۆنسولی کریسمەسی لە سەربوو.
قاتەکەی لە کاڤێرە پلاستیکییەکەیدا لێم وەرگرت. وەک ورچێک کە تازە لە خەوی زستانە بەئاگا هاتبێتەوە خۆی کێشایەوەو بە ئارامی لە سووچێکەوە داینا. وتم: «هیوادارم قاتەکە بۆنی ڕێورەسمی پرسەو ناشتنی نەگرتبێت.»
«جلوبەرگ گرنگ نییە. گرنگ ئەو شتەیە لە ناویدایە.»
وتم: «ئەرێ!»
لە حاڵێکدا لە سەر مۆبلەکە چەمابووەوە بیرەکەی کردە ناو پەرداخەکەوەو وتی: «ئەمساڵ هەر پرسەبوو بە شوێن یەکتردا هات. بە گشتی چوویتە چەند پرسەوە؟»
قامکەکانی دەستی چەپم کردەوەو وتم: «پێنج پرسە. بەڵام لام وایە ئیتر تەواوە.»
«دڵنیای؟»
«خەڵکانێکی زۆر مردوون.»
وتی: «وەک نزا و نفرینی ئەهرامەکانە یان شتێک وەک ئەوان. هاتەوە یادم لە شوێنێک شتێکم لەو بارەوە خوێندبووەوە. نزا و نفرینەکە درێژەی دەبێت تا ئەو کاتەی بەو ئەندازەی کە ئەبێت بمرن، خەڵکانێک بمرن، یان تا ئەو کاتەی ئەستێرەیەکی سوور لە ئاسمان دەردەکەوێت و سێبەری مانگ خۆر دادەپۆشێت.»
کە شەش بیرەمان خواردەوە، دەستمان کرد بە ویسکی

# دەق

خواردنەوە. خۆری زستانە دەیدا لە ناو ژوورەکە.
وتی: «ئەم ڕۆژانە تۆزێک خەمۆک دیاریت.»
وتم: «بەڕاست؟»
وتی: «ڕەنگە نیوەشەوان زۆر بیر بکەیتەوە. من بیرکردنەوەی نیوەشەوانم ناوەتە لاوە.»
«چۆن توانیت ئەم کارە بکەیت؟»
ئەو وتی: «هەرکات هەست دەکەم لەوانەیە تووشی خەمۆکی بم، دەست دەکەم بە خاوێنکردنەوەی ماڵەوە، تەنانەت ئەگەر سەعات ٢ یان ٣ی نیوەشەویش بێت. قاپەکان ئەشۆرم. گازەکە دەسڕم. ژوورەکان گسک ئەدەم، دەسڕەی قاپەکان دەخەمە ناو وایتێکس، چەکمەجەی میزەکان ڕێکوپێک دەکەم و هەر تیکە جلێک بکەوێتە بەردەستم ئۆتوی دەکەم.» لە حاڵێکدا بە قامکی خواردنەوەکەی تێکد دەدا، لە درێژەدا وتی: «ئەوەندە ئەم کارە ئەکەم تا بە تەواوی ماندوو ئەبم، دواتر شتێک دەخۆمەوەو دەخەوم. بەیانی لە خەو هەڵدەستم و ئەو کاتەی گۆرەوییەکانم دەکەمە پێم تەنانەت نایەتەوە یادم شەوی پێشتر بیرم لە چی کردووەتەوە.»
جارێکی تریش چاوم لەو دەرووبەر کرد. ژوورەکە وەک هەمیشە خاوێن و ڕێکوپێک بوو.
«مرۆڤەکان سەعات سێی نیوەشەو بیر لە شتی جۆراوجۆر دەکەنەوە. هەمووماں واین. هەربۆیە هەرکامەمان ئەبێ شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی تایبەت بە خۆمان دژ بەو خەیاڵات و بیرکردنەوانە بدۆزینەوە.»
وتم: «ڕەنگە تۆ ڕاست بکەیت.»
« من تەنها جارێک ڕۆیشتم. یەکێک لە هاوڕێکانم لە باخچەی ئاژەڵان کاری دەکرد و داوام لێکرد بیڵێت شەوێک کە لەوێیە سەردانی باخچەی ئاژەڵان بکەم. لە ڕاستییدا تۆ نەتدەتوانی ئەم کارە بکەیت.»
دواتر پەرداخەکەی ڕاوەشاند و وتی: «ئەزموونێکی سەیربوو. نەمدەتوانی وەسفی بکەم، بەڵام چما زەمین بە ئارامی دەمی کردبووەوەو شتێک لێی دەخزایە دەرەوە. دواتر ئەو شتە نەبینراوە لەملاوە هێرشی کرد بۆ ئەولا. وەک ئەوەی هەوای ساردی شەو بووبێت بە سەهۆڵ. نەمدەتوانی ببینم، بەڵام هەستم پێی دەکرد. ئاژەڵەکانیش هەستیان پێی دەکرد. ئەمە وای لێکردم بیر لەو خاڵە بکەمەوە ئەو زەوییەی لە سەری ڕێ دەکەین تا ناوکی ناوەند درێژەی هەیە و کوتوپڕ تێگەیشتم ئەو ناوکە بڕێکی چاوەڕواننەکراو کاتی هەڵمژیوە.»
هیچم نەگوت.
«بەهەرحاڵ من ئیتر نامهەوێت بڕۆم بۆ ئەوێ. مەبەستم باخچەی ئاژەڵانە لە نیوەشەودا.»
«تۆ حەز ئەکەی لە تۆفاندا بڕۆیت؟»
وتی: «ئەرێ. هەر ڕۆژێک تۆفانی بێت ئەو ڕۆژە بە دەرفەت دەزانم و دەیقۆزمەوە.»
زەنگی تەلەفۆن لێدرا و هاوڕێکەم ڕۆشتە ژووری خەوەکەی بۆ ئەوەی وەڵام بداتەوە. کەسێک بوو کە وابزانم هاوڕێ کچەکەی بوو. بە پێوەندییە تەلەفۆنییە بەردەوام و ناکۆتاکانی. ویستم پێی بڵێم ئیتر کاتت ناگرم، بەڵام قسەکردنەکەی هەر تەواو نەدەبوو. ئەوەندە چاوەڕێ بووم ماندوو بووم و تەلەفیزیۆنەکەم هەڵکرد. تەلەفیزیۆنەکەی تەلەفیزیۆنێکی ڕەنگی بیست و حەوت ئینچ بوو کە بە کۆنترۆڵ ئیشی دەکرد. لەوانەی بەس دەستی پێدا بنێیت کەناڵەکان دەگۆڕێت. تەلەفیزیۆنەکە بە شەش مکەبەرە دەنگێکی بەرزی هەبوو. هیچ کات تەلەفیزیۆنی بەو باشییەم نەدیبوو. جارێکی تر لە سەرەوە بۆ خوارەوە سەرجەم کەناڵەکان گەڕام و سەرەنجام هەواڵەکانم بینی. جەنگێکی سەرسنوور، ئاگرکەوتنەوەیەک، هەڵچوون و داچوونی ئاستی مامەڵەکان، پێشبڕکێی مەللەی

زستانی لە مەلەوانگەی کراوە، خۆکوژییەکی خێزانی. هەموو ئەم هەواڵە بچووکانە بە شێوەیەک پێوەندییان هەیە لە گەڵ یەکتر، وەک ئەو کەسانەی لە رەسمێکی رێورەسمی دەرچوونی دوا ناوەندیدا بە تەنیشت یەکترەوە وەستاون.

هاورێکەم کە لە ژوورەکە هاتە دەرەوە، پرسیی: «هەواڵێکی سەرنجراکێش هەیە؟»

وتم: «نە وەڵا هیچ نییە.»

«زۆر تەماشای تەلەفیزیۆن دەکەیت؟»

سەرم راوەشاند: «من تەلەفیزیۆنم نییە.»

دوای چەند سات وتی: «یەک شتی تەلەفیزیۆن باشە. هەر کات پێت خۆش بێت دەیکوژێنیتەوەو نارازی نییە بەوەی دەیکوژێنیتەوە.»

دەستی نا بە سەردوکمەی «کوژاندنەوەی» تەلەفیزیۆنەکەدا. دەمودەست شاشەکە رەش بوو. ژوورەکە بێ جووڵە مایەوە. لە دەرەوەی پەنجەرەکە چرای ماڵەکانی تر یەک بە دوای یەکدا هەڵکران.

پێنج دەقەیەک لەوێ دانیشتین، ویسکیمان خواردەوە. بێ ئەوەی هیچمان هەبێت بۆ وتن. جارێکی تر تەلەفۆنەکە زەنگی لێ دا، بەڵام ئەو وا خۆی نیشان دا کە دەنگەکەی نابیستێت. راست ئەو کاتەی دەنگی تەلەفۆنەکە برا دەستی نا بە دوکمەی هەڵکردنی تەلەفیزیۆنەکەدا و وەک ئەوەی کوتوپڕ شتێکی هاتبێتەوە یاد. زۆر زوو جارێکی تر وێنەکە دەرکەوتەوە. شارەزایەک بەرامبەر بە دیاگرامێک وەستابوو و بە دارێک کە بە دەستییەوە بوو گۆڕانی نرخی نەوتی شی دەکردەوە.

«تۆ تەماشا! نەیزانیوە ئێمە پێنج دەقە تەلەفیزیۆنەکەمان کوژاندبووەوە.»

«بۆچی؟»

بیرکردنەوە لەم بابەتە زۆر دژوار بوو، هەربۆیە سەرم راوەشاند.

«کە تەلەفیزیۆنەکە دەکوژێنێتەوە، یەکێک لەو دوو لایەنە نامێنن. ئەمە ئێمەین یان ئەو؟ تۆ تەنها دەست دەنێیت بە دوگمەکەدا و دواتر پێوەندییەکە دەکوژێتەوە. زۆر ئاسان.»

من وتم: «دەکرێ بەم شێوەیەش بیری لێ بکرێتەوە.»

جارێکی تر تەلەفیزیۆنەکەی کوژاندەوەو وتی: «سەدان هەزار جۆری تر دەکرێت بیر لێ بکەینەوەو لێکی بدەینەوە. لە هیند خەڵک گوێزی هیندی دەچێنن. لە ئەرژانتین زیندانییە سیاسییەکان لە فڕۆکەوە دەخەنە خوارەوە. نامەوێت دەربارەی کەسانیتر قسە بکەم، بەڵام بیر لەو شتە بکەوە کە زۆر مەرگ هەیە کە رێورەسمی ناشتنی نییە. ئەو مەرگانەی تۆ هیچت لە بارەیانەوە نەبیستووە.»

لە بێدەنگەدا سەرم رادەوەشێنم. هەستم کرد ئەزانم بە چ حەقیقەتێک گەیشتووە. لە هەمانکاتدا هەستم دەکرد لە مەبەستەکەی ناگەم. ماندوو بووم و تا رادەیەکیش گێژو مەنگ. دانیشتم و خەریکی یاریکردن بووم بە یەکێک لە گەڵا سەوزەکانی (زبێنتی کنسۆل).

ئەو زۆر هاورێیانە وتی: «من تۆزێک شامپاینم هەیە. ماوەیەک لەوە پێش لە سەفەرێکی کاریم لە پاریس کڕیم. زۆر شارەزای شامپاین نیم، بەڵام لام وایە ئەمەیان شتێکی زۆر باشە. حەز ئەکەیت تۆزێک بخۆیتەوە؟ رەنگە شامپاین ئەو شتە بێت کە دوای زنجیرەیەک سەرەخۆشی و پرسە ئەبێت بیخۆیتەوە.»

بتڵە ساردە شامپاینەکەی لەگەڵ دوو پەرداخی خاوێندا هێناو بە ئارامی لە سەر میزەکەی دانان و دواتر بە شێوەی شەرمنانە پێکەنی و وتی: «ئەزانی شامپاین هەر بە کەڵک نایەت. تەنها خۆشییەکەی ئەو کاتەیە تەپەتۆری سەرەکەی دەردێنێ.»

وتم: «ناتوانم لەمبارەوە مشتومڕت لەگەڵ بکەم.»

# دەق

تەپەتۆرەکەی کێشایە دەرەوە. بڕێک دەربارەی باخچەی ئاژەڵانی پاریس و ئەو ئاژەڵانەی لەوێ دەژین قسەی کرد. شامپاینێکی زۆر باش بوو.
ئاخری ساڵ میوانییەک رێکخرابوو، میوانیی ساڵانەی سەری ساڵی نوێ، لە بارێک لە راپۆنگی کە بۆ رێورەسمەکان بە کرێ دەدرا. پارچەیەک پیانۆی سێ کەسی دەژەندرا و خواردن و خواردنەوەی باش ئامادەکرابوو. کە ناسراوێکمان ئەبینی ماوەیەک قسەمان دەکرد بە یەکەوە. پیشەکەم ئەوە دەخوازێت هەموو سەری ساڵێک بڕۆمە ئەوێ و خۆم دەربخەم. زۆرم حەز لە میوانە قەربالغەکان نییە، بەڵام ئەم میوانییە بێ سەرئێشە بوو. شەوی سەری ساڵی تازە هیچ کارێکم نەبوو ئەنجامی بدەم. لە میوانییەکەدا دەمتوانی لە سووچێک راوەستم، خۆم رەها بکەم، مەشرووبێک بخۆمەوەو چێژ لە مۆسیقاکە وەربگرم. نە کەسێکی بێزارکەری لێبوو و نە ناچار بووم نەناسراوەکان بناسێندرێم و نیو سەعات گوێ بدەمە قسەکانیان دەربارەی گیاخواردن و کاریگەرییەکەی لە سەر چارەسەرکردن شێرپەنجە.
بەڵام ئەو شەوە کەسێک منی بە خانمێک ناساند. دوای قسەکردنێکی کورت، هەوڵم دا دووبارە بگەڕێمەوە بۆ سووچی هۆڵەکە، بەڵام ئەو ژنەی لە حاڵێکدا پەرداخێک ویسکیی بەدەستەوە بوو تا کورسییەکەم بە شوێنم کەوت. ژنە زۆر هاوڕێیانە وتی: «خۆم داوام کرد بە یەکترمان بناسێنێت.»
زۆر جوان نەبوو، بەڵام بێگومان سەرنجڕاکیش بوو. جلێکی ئاورێشمیی گرانبەهای لەبەرکردبوو. لام وابوو سی و دووساڵی تەمەنە. دەیتوانی زۆر ئاسان کارێک بکات گەنجتر دیار بێت، بەڵام دیاربوو لای وابوو پێویست ناکات ئەوەندە خۆی بخاتە ئەزیەتەوە. سێ ئەنگوستیلە جوانییەکی سەرنجڕاکێشی کردبووە قامکەکانی و زەردەخەنەیەکی جوان لە سەر لێوەکانی بوو.
ژنە وتی: «تۆ بە تەواوی وەک یەکێک لە هاوڕێکانم دەچیت. شێوەی دەموچاوت، جۆری قسەکردنت، رەفتار و خوو و خەدەت. وێکچوونێکی سەیرە. لەوکاتەوەی هاتووم بەردەوام چاوم لێ نەبڕیویت.»
«حەز ئەکەم بزانم بینینی کەسێک کە راست وەک من دەچێت چۆنە.» بۆ ساتێک پێکەنینەکەی زیاتر بوو و دواتر گەڕایەوە بۆ حاڵەتە ئارامەکەی پێشتر. وتی: «بەڵام ئەوە ناکرێت. ئەو هاوڕێیەم پێنج ساڵ لەوە پێش مرد. ئەو کاتەی هاوتەمەنی ئێستای تۆ بوو.»
وتم: «بە راستتە؟»
«من کوشتم»
هەر ئەو کاتەی پارچەی دووهەمی پیانۆی سێ کەسی تەواو بوو و ئامادەبووان بێ مبالاتانە چەپڵەیان لێدا.
ژنە پرسیی: «حەزت لە مۆسیقایە؟»
وتم: «ئەرێ. ئەگەر مۆسیقای باش لە دونیای باشدا بێت.»
ئەو وەک ئەوەی رازێکی گەورەم گوتبێت. وتی: «لە دونیای باشدا مۆسیقای باش بوونی نییە. لە دونیای باشدا هەوا نالەرێتەوە.»
نەمدەزانی چ وەڵامێک بدەمەوە. وتم: «تێدەگەم.»
«ئەو فیلمەت بینیوە ڤارۆن بیتی لە بارێکی شەوانە پیانۆ ئەژەنێت؟»
«نا.. نەمدیوە.»
«ئەلیزابێت تەیلۆر یەکێکە لەو کەسانەی هەموو دەم سەردانی ئەو بارە دەکات و بەڕاستی نەدار و هەژارە.»
«ئممم.»
«هەربۆیە ڤارۆن بیتی داوا لە ئەلیزابێت تەیلۆر دەکات، شتێکی دەوێت.»
«دەیەوێت.»

ژنە ویسکییەکەی خواردەوە. ئەنگوستیلەکانی دەنگیان لێوەهات: «لەبیرم نییە. فیلمەکە زۆر کۆنە. من زۆر ڕقم لە داواکارییە. داواکاری هەموو دەم نیگەران ئەکات. وەک ئەو کاتانەی کتێبێک لە کتێبخانە هەڵدەگرم. لەگەڵ ئەوەی دەست دەکەم بە خوێندنەوە تەنها شتێک دەتوانم بیری لێ بکەمەوە کەی کتێبەکە تەواو ئەبێت.»

جگەرەیەکی نایە نێوان لێوەکانییەوە. شقارتەیەکم داگیرساند و بردمە بەردەم جگەرەکەی. ژنە وتی: «ئێمە دەربارەی کەسێک قسە دەکەین کە زۆر وەک تۆ دەچێت.»

«چۆن کوشتت؟»

«خستمە ناو کوورەیەکی هەنگەوە.»

«گاڵتە دەکەی. وا نییە؟»

وتی: «ئەرێ.»

لە جیاتی ئەوەی پاڵ بدەمەوەو بحەسێمەوە، قومێک ویسکیم خواردەوە. سەهۆڵەکە توابووەوەو خواردنەوەکە ئیتر تامی ویسکیی نەدەدا.

ژنە وتی: «هەڵبەت نە بە پێی یاسا و نە بە پێی ئەخلاق من بکوژ نیم.»

نەمدەویست بچمەوە سەر ئەو باسە، بەڵام ئەو خاڵەی ئاماژەی پێ کردبوو، دووبارەم کردەوە: «نە بە پێی یاسا و نە بە پێی ئەخلاق بکوژ نیم. بەڵام کەسێکت کوشتووە؟» ئەو بە خۆشحاڵییەوە سەری راوەشاند: «راستە! کەسێک کە زۆر لە تۆ دەچوو.»

لە سووچی هۆڵەکەوە کەسێک پێکەنی. کەسەکانی تەنیشتیشی پێکەنین. دەنگەکە لە دوورەوە بوو، بەڵام بە جوانی دەبیسترا. نەمدەزانی بۆچی لێدانی دڵم چووەتە سەرەوە. چما دەهاتە یەک یان هەڵبەز دابەزی دەکرد. هەستم کرد لە سەر زەوییەک ڕێ دەکەم کە لە سەر ئاوە.

ژنە وتی: «کوشتنی کەمتر لە پێنج چرکەی خایاند.»

بۆ ماوەیەک بێدەنگ بووم. زۆر بە خێرایی خۆی دا بە دەست بێدەنگییەکەوەو چێژی لەو بێدەنگییە وەرگرت. پرسیاری کرد: «هیچ کات بیرت لە رەهابوون کردووەتەوە؟»

وتم: «هەندێ جار. بۆچی دەپرسی؟»

«دەتوانی گوڵێکی مینا بکێشیتەوە؟»

«لام وایە تاقیکردنەوەیەکی تایبەتە؟»

بە پێکەنینەوە: «رەنگە شتێکی لەوجۆرە.»

«دەی دەرچووم؟»

وەڵامی دایەوە: «ئەرێ. ژیانێکی باشت دەبێت. خەمی هیچت نەبێت. هەستی دەروونیم پێم دەڵێت تۆ ژیانێکی درێژ و خۆشت دەبێت.»

وتم: «سوپاست دەکەم.»

گرووپە مۆسیقاکە دەستی کرد بە ژەنینی: «Auld Lang Synge». ژنە تەماشایەکی کاتژمێرە زێرینەکەی خۆی کرد و وتی: «یازدەو پەنجاو پێنج خولەک.» من بەراست « Auld Lang Synge»م پێخۆشە. ئەی تۆ؟»

«من (home on the range)م پێخۆشترە. بە هەموو ئەو بزنەکێوی و ئاسکانەوە.

جارێکی تر پێکەنی: «ئاژەڵەکانت خۆش دەوێت؟»

وتم: «بەڵێ وایە»و بیرم چوو بۆ لای ئەو هاوڕێیەم کە باخچەی ئاژەڵانی خۆشدەوێ و بیرم لە قاتەکانی ڕێورەسمی ناشتنی ئەو کردەوە.

«زۆر خۆشحاڵ بووم بە ناسینتان و قسەکردن لە گەڵتان.»

وتم: «کاتێکی خۆش.»

**سەرچاوە:**

١٨٢٣=id&٣=http://dibache.com/text.asp?cat



# وێنەیەکی ترس

**ماجدولین ئەلروفاعی**

**لە عەرەبییەوە: سەنگەر زراری**

sangarzrary@gmail.com

ئەمە یەکەم سەردانم نییە بۆ شاری حەلەب، ئەو شارەی سەرەڕای کۆنی و مێژووە دێرینەکەی، شوێنەوارەکانی و قەڵا بەرزەکەی کە چەندین هەوراز و نشێویان بەخۆوە بینیووە، حیکایەتی کۆنی و دێرینیی شارەکە دەگێڕنەوە. بەڵام من رۆژێک لە رۆژان هەستم بە سۆز و دڵگەرمیی ئەم شارە نەکردووە.

سەرەڕای ئەو یادەوەرییە جوانانەی لەو شارە هەمە، بەڵام نازانم بۆ عاشقی ئەو شارە نەبووم، دیارە هەر ئەو چیرۆکی مەرگی خۆشەویستییەشە بووەتە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان و وای لێکردووم لەم شارە رابکەم و هیچ ئارەزوویێکم بۆی نەبێت، باخچە و قاوەخانەکانی ئەم شارە، گەواهی مردنی ئەو خۆشەویستییەم دەدەن، کە لەوێ و لە دیمەنێکدا مرد و تائێستاش یادەوەرییەکانم هەڵدەکۆڵێت. سەردانی ئەم جارەم بۆ حەلەب، لەسەر بانگهێشتی چەند برادەرێک بوو، هەرچەندە زۆر هەوڵم دا لەم بانگهێشتە رابکەم و سەردانێک نەکەم کە

برینەکانم دەکولێنێتەوە، بەڵام نەمتوانی لەوە زیاتر لێی رابکەم. لەگەڵ گەیشتنم بەم شارە، خەم و پەژارە و دڵتووندییەکی سەیر دایگرتم، بەڵام من فێڵم لە خۆم کرد و بەهانەم بۆ ئەم هەستەم هێنایەوە. گۆڕەپانی سەعدوڵڵا جابری، یەکێکە لە گۆڕەپانە گرنگەکانی حەلەب و یەکێکە لەو ناوچانەی زۆر لێی شارەزام، بۆیەش یەکسەر چوومە ئەوێ، بەڵکو لەوێوە سواری تاکسییەک بم و بمگەیەنێتە ئەو شوێنەی مەبەستمە. ئێوارانی ئەم شارە زۆر خەمناک و ساردە.. نەمتوانی زۆر راوەستم، دەستم بۆ ئۆتۆمبێلێک درێژکرد، کاغەزەکەم دایە شوفێرەکە، کە بە وردی ناونیشانی ئەو شوێنەی لێ نووسرابوو کە من بۆی دەچووم، وام پێشبینی دەکرد شوێنەکە یەکێک بێ لە گەڕەکەکانی حەلەب، شوفێرەکە لە ئاوێنەکەی پێشییەوە سەیرێکی کردم و پرسی: شوێنەکە پێدەزانی؟

لە وەڵامدانەوەی دوودڵ بووم، پاشان گوتم: نا..

بە بێدەنگی لەسەر رۆیشتنەکەی بەردەوام بوو.

ئۆتۆمبێلەکە لە شار چووە دەرەوە، هاتنی شەو ترسەکەی زیاتر دەکرد، سەرنجی ئەو کێڵگانەم دەدا کە بە هەردوو لای شەقامەکەدا دابەش بووبوون... ئەم شوفێرە بۆ کوێم دەبات؟!

لە ئاوێنەکەوە سەرنجێکی چاوەکانیم دا، فێڵباز دیاربوو، دەموچاوی مرۆڤێکی بەدفەڕی نیشان دەدا، زەرفێک فستقی لەبەردەمدا بوو، دەیخوارد و خۆی پێ خەریککردبوو، دەنگی قرتاندنی دەنکە فستقەکان، مووچڕکی پێدا دەهێنام و تووشی سەرەگێژەی دەکردم، لە مسەجەلی ئۆتۆمبێلەکەدا، دەنگی گۆرانییەکی عەرەبی بەرز دەبووەوە، کە لە وشەکانی تێنەدەگەیشتم، وام هەست دەکرد گۆرانییەکە تورکییە، لێرە زۆربەی خەڵک گوێ لە گۆرانیی تورکی دەگرن. ئایا هاوار بکەم و داوای لێ بکەم لێرە بوەستێ و دابەزم؟ ئایا رازی دەبێ؟ ئەگەر رازیش بوو چۆن لە شوێنێکی وا ترسناک رزگار دەبم؟ ئایا ئەگەر هەوڵی دا دەستدرێژیم بکاتە سەر، دەتوانم بەرگری لە خۆم بکەم؟ ئەگەر نەمتوانی، ئایا لە لایەن کاربەدەستانی ئێرە شکاتی لێ بکەم و ئابڕووی خۆم ببەم؟ ئایا بە مێردەکەم بڵێم؟ هەموو ئەوانەم بە مێشکدا هات و هەوڵم دا لەگەڵ ئەو شتە لەناکاو و هەڵچوونانە بەرەوڕوو ببمەوە کە روو دەدەن.

شوفێرەکە بە فێڵ دەیەوێ وام تێبگەیەنێ کە گرنگی بە من نادات.

لە دڵی خۆمدا گوتم: ئای لەو فێڵبازە؟!

بە بێدەنگییەکەی دڵتەنگ بووم و گومانەکانم زیادی دەکرد، لە ترسان جەستەم دەلەرزی و نەمدەزانی کەی ئەم گەشتە کۆتایی دێت، خەریکبوو دڵم بتەقێ کاتێ تابلۆیەکم بینی ناوی شوێنەکەی لەسەر نووسرابوو، چووینە ناو شوێنەکەوە. هاوارم لە شوفێرەکە کرد: راوەستە، لێرە دادەبەزم. بە هێمنی ئاوڕێکی دایەوە: خوشکی بەڕێز ئەم ناوچەیە ترسناکە، نابێ بە تەنیا برۆی، من دەتگەیەنمە ئەو شوێنەی تۆ دەتەوێت، پاشان ئۆتۆمبێلەکەی راگرت و ناونیشانی شوێنەکەی لە کەسێکی پیادە پرسی، بەرەو شوێنەکە رۆیشت و منی گەیاندە ئەوێ. بە رێزێکی زۆرەوە جانتاکانمی هێنایە خوارەوە، بەدەم خواحافیزییەوە سەیرێکی کردم. ئەی خوایە گیان.. رووێکی چەند خۆشی هەبوو، چاوەکانی نەرمی و میهرەبانییان لێ دەباری. من بۆ پێچەوانەی ئەمەم دەدی.. ئاە... لەوانەیە ئەمە وێنەیەکی ترس بێت.

**سەرچاوە:**

#http://www.syrianstory.com/refaiy.htm

صوره_للخوف_



# تەنیاییەکی ئێجگار دەنگ بەرز

## فەسڵێک لە ڕۆمانێک

**بوهیومیل هرابال**
**لە سویدییەوە: دلاوەر قەرەداغی**

بوهیومیل هرابال لە ٢٨ ی مارتی ساڵی ١٩١٤ لە Brono-Zidenice لە چیکۆسلۆڤاکیا لەدایک بووە و لە ٣ ی فێبەیوەری ١٩٩٧ لە پراگ مردووە. هرابال یاسای لە پراگ خوێندووە بەڵام قەت وەک پیشە لە یاسادا کاری نەکردووە، بەڵکو بە ئیشی کاتیی وەک کرێکاری شانۆ، پۆستەچی، فرۆشیاری کۆگە و پەستێوەری کاخەزی گەڕاوە خۆی ژیاندووە. لە دەیەی سی سەدەی ڕابردووەوە کەوتۆتە چیرۆک نووسین

**بەڵام یەکەمین کتێبی لە ساڵی ١٩٦٢ دا چاپ کردووە. هرابال لە سەردەمی دیکتاتۆرییەتدا هەر لە چیکۆسلۆڤاکیا مایەوە و وەک کەسێک ناسرا کە دانووی لەگەڵ دەسەڵاتدا نەدەکوڵا. مردنی هرابال بەهۆی کەوتنەخوارەوەیەوە بوو لە نهۆمی پێنجەمی نەخۆشخانەی Na Bulovce وە لە پراگ، گەرچی دەگوترێ ئەو ڕووداوە ڕووداوی خۆکوشتن بووە بەڵام هیچ لەو بارەیەوە ساخ نەبۆتەوە. لە کارەکانی هرابال کە تا ئێستا بە سوێدیی دەرچوون: ئەدرێسی ئەو ماڵەی کە من ئیتر حەز ناکەم تیایدا بژیم ١٩٦٨، من خزمەتچی پادشای ئینگلیستانم ١٩٨٥، کاتێ سەدە کورت بوو ١٩٨٨، لیگەڕێ قەتارەکە بڕوا ١٩٨٨، بورکانی نۆڤەمبەر ١٩٩٠، وانەی سەما بۆ پیر و پێگەییشتوان ١٩٩٢، غەمە خۆشەکە ٢٠٠٦، تەنیاییەکی ئێجگار دەنگ بەرز ٢٠٠٦، نامە بۆ دوبێنکا ٢٠٠٧.**

**هرابال ڕۆمانی تەنیاییەکی ئێجگار دەنگ بەرزی لە بارودۆخێکی زۆر قورسدا نووسیوە، لە سەرەتای دەیەی حەفتادا لە کاتێکدا کە ئەو یەکێک دەبێ لە نووسەرە چیکییە فرە خوێنەرەکان، کەچی لە ناکاوڕا لە سزای لایەنگرێتیی کردنی لە بەهاری پراگ - ئەو بزاڤ و پرۆسەی دیموکراتیزەکردنەی کە لە لایەن حیلفی وارشۆی ئەوکاتەوە لە ساڵی ١٩٦٨ دا لە چیکۆسلۆڤاکیا ڕاگیرا- هیچی بۆ بڵاوناکرێتەوە و دەرگای هەموو دەزگا چاپەمەنییەکانی بەڕوودا دادەخرێت.**

**پێم خۆش بوو بەر لە چاپبوونی تەرجەمەی ڕۆمانەکە بە کوردی، وەک بەرکوڵێک، یەکێک لە فەسڵەکانی بخەمە بەرچاوی خوێنەرانمان.**

سی و پێنج ساڵە کاخەزی گەڕاوە دەپەستێوم و لەو ماوەیەدا ئەوەندە کتێبی جوان تووڕدراونەتە ژێرزەمینەکەمەوە کە ئەگەر سێ ئەمبارم هەبان ئەوا هەرسێیانیانی لێی پڕ دەبوون. کاتێ جەنگی جیهانی دووەم تەواو بوو ڕۆژێکیان کەسێک سەبەتەیەک کتێبی لە جوانترین کتێبەکان لە مەنگەنە هایدرۆلیکەکەمدا هەڵڕژت، کە خۆم هێور کردەوە و یەکێک لە کتێبەکانم کردەوە، بینیم مۆری کتێبخانەی پادشایەتی پروسیای پێوەیە، ڕۆژی دواتر کاتێ کتێبی زیاتر لەو کتێبە بەرگ چەرمانە لە ساپیتەی ژێرزەمینەکەمەوە فڕێدرانە خوارەوە و فەزای ژێرزەمینەکە بە قەراغ و تایتڵە زەرکەشەکەیان ڕووناکبۆوە، رامکردە سەرێ و لەوێ دوو کەسم بینین راوەستابوون، هەرچۆنێک بوو لێم دەرهێنان کە لە جێگەیەکی نزیکی نوڤێ ستراسیچی ئەمبارێکی لێیە و بنیادەم باوەڕ ناکا لەو ئەمبارەدا چەند کتێبی زۆر لە کای ئەمبارەکەدا هەڵڕژاون. ئەوسا ڕۆیشتم بۆ لای کتێبەوانی سوپا و ئیدی دوو قۆڵی چووین بۆ نوڤێ ستراسیچی و لەوێ بینیمان نەک تەنها یەک ئەمبار، بەڵکو سێ ئەمباری پڕ لە کتێبی کتێبخانەی پادشایەتی پروسیای لێیە. دوای ئەوەی تێر لە کتێبەکان وردبووینەوە، ڕێککەوتین کە کاروانێک ترومبێلی سوپا ئەو کتێبانە بۆ یەکێک لە بەشەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوە لە پراگ بگوێزنەوە و هەر لە هەمان شوێن دابنرێن تا پاشان کە بارودۆخەکە کەمێک هێور بۆوە، ئەوسا کتێبەکان بۆ هەمان ئەو جێگەیە ببرێنەوە کە لێیەوە هێنراون. بەڵام لەو بەینەدا کەسێک ئەو حەشارگە تۆکمەیەی ئاشکرا کرد و کتێبەکانی کتێبخانەی پادشایەتیی

وەک دەسکەوتی جەنگ ڕاگەیەنرا، ئەوسا کتێبە بەرگ چەرمە بە قەراغ و تایتڵە زەرکەشەکانیانەوە بە لۆری بۆ وێستگەی شەمەنەفەر بردران و پاشان لە واگۆنگەلی باری سەر بەتاڵ بارکران، تەواوی هەفتە باران وەک کونگەی سەربەرەوخوار دەباری، کاتێک دوایین باری کتێبەکانیان بە دوایین لۆریی هێنان و لە شەمەندەفەر بارکران و شەمەندەفەرەکە بەو بارانە کەوتە ڕێ، لە واگۆنە سەر و ئەملاولا بەتاڵەکانەوە ئاوی ئاڵتوونی تێکەڵ بە مەرەکەبی چاپ و سوتوو دەچۆڕا. من تەنها لەوێدا راوەستابووم و پاڵم بە سیلینگێکەوە داو و مات و واقوڕماو لەو دیمەنەم دەنۆڕی، کاتێ کە دوایین واگۆن لەو ڕۆژە باراناوییەدا لە چاوان بزربوو، باران لەسەر گۆناکانم تێکەڵ بە فرمێسک ببوو، کە لە وێستگەکە هاتمە دەرێ و پۆلیسێکم بەجلکی فەرمییەوە بینی، چوومە پێشێ و مەچەکی دەستم بە شێوەی نیشانەی زەرب دانا، دەستم برد و داوام لێکرد کەلەپچەکانی، یان خەڵکی لیبین گوتەنی موچەوانە یاخود خشڵەکانی دەربهێنێ و بیکاتە دەستم و بۆ مەخفەرم ببات لەبەرئەوەی تاوانم کردووە، تاوانێک دژی مرۆڤایەتی. کاتێک گەییشتینە مەخفەر و لە مەسەلەکە حاڵی بوون، نەک هەر تەنها پێمپێکەنین بەڵکو هەڕەشەشیان لێکردم کرد کە لە زیندانم توند دەکەن. بەڵام چەند ساڵێک دواتر ئیدی بە ڕەوشەکە ڕاهاتم، تەواوی کتێبخانەی کۆشک و قەڵاکانم بار دەکردن، کتێبی جوان جوانم بە بەرگی چەرم و پێستەی بزنەوە، تەواوی واگۆنەکانی وێستگەی شەمەندەفەرم لە کتێب پڕ دەکردن، کاتێ سی واگون پڕ لە کتێب دەبوون، ئەوسا شەمەنەفەرەکە کتێبەکانی بەرەو سویسرا و نەمسا دەبرد، کیلۆیەک کتێبی جوان بە کرۆنێک و ئیدی نە کەس مێش میوانی و نە کەسیش دەگریا، تەنانەت خودی منیش چەند دڵۆپە فرمێسکێکم نەدەڕشت، تەنها لەوێدا ڕادەوەستام و زەردەخەنەم دەهاتێ و تەماشای دوایین واگۆنەکانم دەکرد کە باری ئەو کتێبخانە نایابانەیان کیلۆی بە کرۆنێک بۆ سویسرا و نەمسا دەبردن. ئەوکات من ئیدی گوڕی ئەوەم پەیداکردبوو کە بە ئەعسابێکی ساردەوە لە بەدبەختیی بنۆڕم و هەستەکانم بچەپێنم. وردە وردە خەریک بووم پەیم بە جوانیی کارەسات و وێرانکردن دەبرد، زۆر باری کتێبم لە واگۆنەکان پڕ کردن و زۆر شەمەندەفەر وێستگەکەیان بەرەو خۆرئاوا بەجێهێشت، هەر کیلۆیەک بە کرۆنێک، وەک لیۆناردۆ داڤینچی ڕادەوەستام و پاڵم دەدا بە کۆڵەگەیەکەوە و چاوم لە چرای سووری دوایین واگۆن دەبڕی، وەک چۆن ئەویش ڕادەوەستا و پاڵیدەدا بە کۆڵەگەیەکەوە و دەیبینی کە چۆناوچۆنی سەربازە فەرانساییەکان پەیکەری ئەسپسواری ئەویان کردبووە تابلۆی نیشانەلێگرتنەوە و چۆناوچۆنی ئەسپ و سوار بە گوولله دادەبێژران و هەپرون بە هەپرون دەبوون، ئەو جارە لیۆناردۆ وەک من ڕاوەستاو و قایلمەندانە و بە دیقەتەوە تەماشای دیمەنێکی ترسناکی ئاوهای دەکرد، چونکە ئەو لەو کاتەدا دەیزانی کە نە ئاسمان مرۆڤانەیە و نە هیچ ئینسانێکیش کە بیردەکاتەوە مرۆڤانەیە.

لەو کاتەدا هەواڵم پێگەییشت کە دایکم گیان دەدا، سوار پایسکیلەکەم بووم و ڕێگەی ماڵەوەم گرتەبەر و لە ماڵەوە لەبەرئەوەی تینووم بوو، ڕامکردە ژێرزەمینەکە و گۆزەی گڵینی ساردی

ترشە شیرەکەم بە دوو دەست هەڵگرت و چڵێسانە بە سەرمەوە نا، کتوپڕ چاوم بە دوو چاو کەوت کە لە بنی گۆزەکەدا لەبەر چاوانمدا سەر شیرەکە کەوتبوون، بەڵام لەبەرئەوەی زۆر تینووم بوو، لەسەر شیر خواردنەوەکەم بەردەوام بووم تا چاوەکان وەک لایتی شەمەنەفەرێک کە لە شەودا خۆی بە تونێلێکدا بکات، بە شێوەیەکی خەتەرناک نزیک و نزیکتر بوونەوە، پاشان دیارنەمان و دەمم پڕ بوو لە شتێکی زیندووی بزۆز، دەستم برد و لاقی بۆقەکەم گرت، لە دەممەوە هێنامە دەرێ و دوای ئەوەی لە باخەکە بەرەڵام کرد، گەڕامەوە تا وەک لیۆناردۆ شیرەکە زۆر لەسەرخۆ بخۆمەوە.

کاتێ دایکم مرد وەک بڵێی لە ناوەوەڕا گریام، بەڵام تاقە یەک فرمێسکیش لە چاوانمەوە نەهاتە خوار. کە لە شوێنی مردوو سووتاندنەکە هاتمە دەرێ چاوم بە دووکەڵکێشەکە کەوت کە دووکەڵی بەرەو ئاسمان لێوە بەرز دەبۆوە، دایکم بینی جوان جوان بەرەو ئاسمان بەرزدەبۆوە و منیش کە دە ساڵ بوو کاخەزی گەڕاوەم لە ژێرزەمینێکدا دەپەستێوا، چوومە خوارێ بۆ ژێرزەمینی مردووسووتاندنەکە، بیرم کردەوە کە منیش هەمان شتم لەگەڵ کتێبەکاندا کردووە، پاشان چاوەڕێم کرد و کاتێ ڕێوڕەسمەکە کۆتایی هات، بینیم چوار لاشەیان پێکەوە لە کورەکەدا سووتاندوون کە دایکم سێیەمیان بوو، هەر زۆر هێمن و لەسەرخۆ لە ڕووکاری دەرەوەی ئینسانم دەنۆڕی و دەمبینی کە چۆن کارمەندێک ئێسکەکانی دەردەهێنا و بە دەستاڕە دەستییەکە دەیهاڕی، بە دەستاڕە دەستییەکە دایکیشمی هاڕی و دوایین ئاسەوارە جەستەییەکەی خستە قوتوویەکی تەنەکەوە، من تەنها ڕاوەستابووم و زەق زەق دەمنۆڕی ڕێک بەهەمان ئەو شێوەیەی لەو قەتارانەم دەنۆڕین کاتێ بە کتێبخانە نایابەکانەوە بەرەو سویسرا و نەمسا دەڕۆیشتن و دیار نەدەمان، کیلۆی کتێب بە کرونێک. چەند دێڕە شیعرێکی ساندبێرگ- م کەوتەوە بیر کە دەڵێ هەموو ئەوەی لە مرۆڤێک دەمێنێتەوە نەختێک فۆسفۆڕە کە لە پاکەتی شخارتەیەکدا جێی دەبێتەوە و هێندەی ئاسنێکە کە تەنها بەشی ئەوە دەکات زەلامێک قولاپێکی لێ دروست بکات و خۆی پێ هەڵواسێ.

کاتێ مانگێک دواتر گۆزەڵەی خۆڵەمێشەکەی دایکم وەرگرتەوە، لەگەڵ خۆمدا بردم بۆ لای خاڵم، کاتێ بە گۆزەڵەکەوە چوومە باخەکەی و پاشان بۆ سەر تاوەری سیگناڵەکەی، خاڵۆم هاواری کرد:›› خوشکە چکۆڵەکەم، دەبوو هەر ئاوها بۆ ماڵەوە بگەڕێییتەوە!›› گۆزەڵەی خۆڵەمێشەکەم پێدا و ماوەیەک بە دەست کێشانەی کرد و گوتی شتێکی کەم لە خوشکەکەی ماوەتەوە، لەبەرئەوەی کە زیندوو بووە کێشی حەفتا و پێنج کیلۆ بووە،پاشان گۆزەڵەکەی خستە تەرازوویەکەوە و دانیشت و ژماردی کە دەبوو پەنجا گرام زیاتر لە دایە بمایەتەوە. پاشان گۆزەڵەکەی لە دۆڵابێکدا دانا، جارێکیان لە هاویندا کاتێ کەلەرمی پاکدەکرد، خاڵم، خوشکەکەی، واتە دایکمی بیرکەوتەوە کە زۆر حەزی لە کەلەرم بوو، ئەوسا چوو گۆزەڵەکەی هێنا و بە قوتووهەڵپچڕێک کردییەوە و خۆڵەمێشەکەی دایکمی بەسەر کەلەرمەکەدا هەڵڕشت و دوایی ئێمەش کەلەرمەکەمان خوارد.

کاتێ من لەو زەمەنەدا بە مەنگەنە هایدرۆلیکەکەم کتێبی جوان جوانم دەپەستێوا و مەنگەنەکە

# دەق

لە دوایین قۆناخدا دەیزەنگاند و کتێبەکانی بە گوشاری بیست ئەتمۆسفێر ورد دەکرد، دەنگی شکانی ئێسکی مرۆڤم دەژنەوت و هەستم دەکرد کاسەسەر و ئێسکی کلاسیکە وردوخاشکراوەکان بە دەستارێکی دەستی دەهاڕم. وەک ئەوەی پارچەیەک لە وشەکانی تالمودم پەستا بێت کە دەڵێ: «ئێمە وەک دەنکە زەیتوون واین کاتێک باشیی خۆمان دەردەخەین کە ورد دەکرێین.» کاتێ ئەوە تەواو دەبێ، هەر مەڵۆیەک بە تەلێکی کانزایی دەبەستم و تەلەکە تا ئەوپەڕی دەجەڕێنم بۆ ئەوەی کتێبە پەستێوراوەکان چەندێک زۆر بکەن و خۆیان رابپسکێنن نەتوانن تەلەکە بپچڕێنن، بەڵام تەلە پۆڵاکە لەوان بەهێزترە، لەم کاتەدا سینگی ژێر فشارهاتووی پیاوە بەهێزەکانی سێرکم بیردەکەوێتەوە کە نەختێک هەوای تر بۆ سییەکانیان هەڵمژن، ئیدی زنجیرەکە لەتوپوت دەبێ، بەڵام مەڵۆکە توند توند لە ئامێزی بەهێزی تەلی پۆڵادایە، هەموو شتێک لەو ئامێزەدا وەک خۆڵەمێشی جەستەی مردووی ناو گۆزەڵەیەک لە جووڵە دەکەوێ. من ئەو مەڵۆ دڵفراوانە بەرەو لای مەڵۆکانی تر دەبەم و بە جۆرێک دەیسوڕێنمەوە کە دیوی کۆپییە نیگارە شێوەکارییەکە لەبەرچاوم بێت. ئەم هەفتەیە لەگەڵ سەد کۆپی کارەکانی رامبراندت ڕاین- دا خەریک بووم، سەد پۆرترەیتی ئەو هونەرمەندە پیرە ڕوخسار قارچکییە، ڕوخساری مرۆڤێک کە هونەر و مەشروب ئەوی بۆ بەردەم دەروازەی ئەبەدییەت گەیاندووە و دەبینیت کە چۆناوچۆنی دەسکی دەرگەکە دەجووڵێ و دەستێکی نادیار دەسکی دوایین دەرگە لەو دیوەوە دەکاتەوە. منیش کەم کەم خەریکم ڕوخسارە وەک هەویر هەڵاتووەکەی ئەو لەخۆدەگرم، ڕوخسارێکی وەک دیوارێکی تەڕ و توێکڵ هەڵدراوی مێزپێداکراو، منیش گەوجانە زەردەخەنە دەمگرێ و دەکەومە ئەوەی کە لە دیوێکی تری ڕووداو و شتە ئینسانیەکانەوە لە دونیا بنۆڕم. ئەم ڕۆژانە تەواوی مەڵۆکانم بە پۆرترەیتی ڕامبراندت ڤۆن راین- ی پیر لە چوارچێوە گیراون و منیش زبڵە کاخەزەکان و پاشان کتێبە کراوەکان دەنێمە سەر تەبەڵەکە.

ئەمڕۆ بۆ یەکەم جار سەرنجمدا کە هەر بە ڕاستی ئاگام لەوە نییە کە مشکەکانیش دەپەستێوم، هەموو کولانەکە بە خاووخێزانی مشەکەکانەوە دەپەستێوم، کاتێ بەچکە مشکانێکی نیوە کوێر تووڕ دەدەمە ناو مەنگەنەکەوە، ئیدی دایکیشیان بە دوایاندا باز دەداتە ناوییەوە و دەستبەرداریان نابێت، دەبێتە هاوچارەنووسی کاخەز و کتێبە کلاسیکەکان. کەس باوەڕ ناکات چەند مشک لە ژێرزەمینێکی ئاوهاییدا هەن، دوو سەد، ڕەنگە پێنج سەد، زوربەشیان بوونەوەرانی چکۆڵەی خۆشخوڵقن کە نیوە کوێر لەدایک دەبن، بەڵام هەموو ئەو مشکانە شتێکی هاوبەشیان لەگەڵ مندا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەوانیش بە پیتەکان دەژین و زیاتریش کتێبەکانی گۆتە و شیللەر لە بەرگی پێستەبزندا، دەکرتێنن. لە ژێرزەمینەکەی مندا هەمیشە پرشنگیی چاوتروکاندن و کرتەکرتی کرۆژتنی کتێب هەیە، مشکەکان لە وەختی بێکارییاندا وەک بێچووە پشیلە دەکەونە یاری، بەسەر لێواری تەبەڵەکە و شانە ئاسۆییەکەیدا دەکەونە جرت و فرت، بەڵام کاتێ دوگمە سەوزەکە دادەگیرسێ و دیواری تەبەڵەکە دەکەوێتە جووڵە

و شێلگیرانە کاخەز و مشکەکان پێکەوە دەجنێ، ئیدی جوکەجوکی مشکەکان کزتر دەبێ، ئەوسا مشکەکانی تری ژێرزەمینەکەم لە ناکاوێکڕا جیددی تر دەبن، لەسەر دوو لاقی دواوە ڕادەوەستن و گوێ تیژ دەکەن و گوێ بۆ دەنگەکە هەڵدەخەن، بەڵام لەبەرئەوەی مشکەکان هەر کە ئێستا دەبێتە ڕابردوو، ئیدی هەرچییەک ڕوویدابێت لەبیریان دەچێتەوە، هەمدیس دەکەونەوە یاری و کرۆژتنی تێکستی کتێبەکان، هەڵبەت کتێبیش وەک پەنیری کۆن و شەرابی کۆن، چەندێک کۆنتر بێت تامی پەڕەکانی خۆشترە. ژیانی من هێند بەو مشکانەوە پەیوەند بووە کە ئەگەرچی شەوانە بە سۆندە تەپۆڵکەی کاخەزەکان ئاورشێن دەکەم و هێند بە دیقەتەوە ئاورشێنی دەکەم کە هەموو ڕۆژێک مشکەکان دەخوسێن وەک ئەوەی سەراپای ژێرزەمینەکەم بۆ ساتێک لە ئەستێرکێکدا بن ئاو خستبێ، گەرچیی من ئاویان پیادا دەکەم و تەوژمی ئاوەکە تووڕیان دەدا، کەچی ئەوان هەمیشە لە خوڵقێکی خۆشدان، تەنانەت چاوەڕوانی خۆشتنیش دەکەن، لەبەرئەوەی پاشان خۆیان دەلێسنەوە و بە سەعات لە حەشارگە کاخەزییەکانیاندا خۆیان گەرم دادێنن. هەندێک جار کۆنترۆڵم بەسەر مشکەکاندا لەدەست دەدەم، غەرق لە خایلەکانمدا بۆ بیرە کڕین لەژێرزەمینەکە دێمە دەرەوە، لەبەردەم کارمەزەلی باڕەکەدا خەون دەبینم و کاتێک لە فیکرەوەچووانە قۆپچەی پاڵتۆکەم دەکەمەوە تا پارەی بیرەکە بدەم، مشکێک باز دەداتە ژێر بەلوعەی بیرەی سەر مەزەلەکە، هەندێ جاری تر دوو مشک لە لاقی پانتۆڵەکەمەوە دەردەپەڕن و ئیدی ژنە پێشخزمەتەکان تەواوێک لەخۆدەچن، باز دەدەنە سەر کورسییەکان، پەنجە بە کونی گوێیاندا دەکەن و وەک شێت لە بێخی گەرووەوە دەزریکێنن. منیش تەنها زەردەخەنەیەک دەکەم و تەنها دەستێکی بێباکانەی خوداحافیزییان بۆ ڕادەوەشێنم و ئەوسا لێوانلێو لە خایلەی ئەوەی کە دەبێ ئاخۆ مەڵۆی داهاتووم چۆناوچۆنی بێت، ڕێگەی خۆم دەگرمە بەر.

سی و پێنج ساڵە هەر مەڵۆیەک بەوپەڕی تواناوە دەپەستێوم، خەت بەسەر ساڵ بە ساڵ و مانگ بە مانگ و ڕۆژ بە ڕۆژدا دێنم و تا ئەو کاتەی هەردووکمان خانەنشین دەبین، خۆم و مەنگەنەکەم، هەموو ئێوارەیەک کتێب لە جانتا دەستییەکەمدا بۆ ماڵەوە دەبەمەوە، باڵەخانەکەم لە نهۆمی سێ لە گەڕەکی هۆلیسۆڤیچ تەواوێک سیخناخە بە کتێب، ژێرزەمینەکەش هەر پڕە و چیدی کلۆختەکەش جێگەی کتێبی تری لێ نابێتەوە، موبەقەکەشم هەر پڕ و دۆڵابی خواردەمەنی و ئاودەستەکەش، تەنها دیوارەکانی پەنجەرەکە و تەباخەکە چۆڵن، لە ئاودەستەکەدا تەنها شوێنی ئەوە هەیە کە دانیشم، مەتر و نیوێک لە سەروو کورسیی ئاودەستەکەوە ڕەفە و پارچە تەختەی درێژکۆلەم داناوە و کتێبم تا ساپیتەکە لەسەر هەڵچنیون، پێنج سەد کیلۆ کتێب، کە دادەنیشم دەبێ زۆر بە وریاییەوە بجوڵێم، هێندە بەسە نەختێک خێرا بجووڵێم تا نیو تەن کتێب بکەوێ بە سەرمدا و بە پانتۆڵی داکێشراوەوە پانوپلیشم بکاتەوە. بەڵام لێرەش جێگەی تاقە کتێبێکی تر نابێتەوە هەربۆیە ڕەفە و تەختەی درێژکۆلەم بە ژوور ئەو دوو تەختەنوێنەوە داکوتیوە کە سفت لە ژوورەکەدا بە تەنیشت یەکدییەوە دانراون، بەو جۆرە من قوبەیەک و تەختەنوێنێکی

# دەق

ئاسمانییم دروست کردووە کە ئەو کتێبانەی تا بنمیچەکە لەسەر کەڵەکەبوون کە لە ماوەی ئەو سی و پێنج ساڵەدا بۆ ماڵەوەم هێناونەتەوە، کاتێ دەنووم ئەو دوو تەن کتێبە وەک دوو هەزار کیلۆ مۆتەکە لە خەونەکانمدا دێنە وێزەم، هەندێک جار کە نائاگا تل دەدەم یان لە خەوندا هاوار دەکەم، زەندەقچووانە دەبیستم کە کتێبەکان دەخزێن، سووکە جووڵەیەکی ئەژنۆ، ڕەنگە تەنها هاوارێک بەس بێت تا هەموو ئەو کتێبانە وەک هەرەسێک لە ئاسمانەوە بەسەرمدا برمێن، هەرەسی نیعمەتی پڕ لە کتێبی گرانبەها بە سەرمدا بکەوێ و وەک ئەسپێیەک پانوپلیشم بکاتەوە. ناوبەناو دەگەمە ئەو بڕوایەی کتێبەکان خەریکن گەلەکۆمەم لێدەکەن لەبەرئەوەی من ڕۆژانە جیق و فلیقی سەدان مشکی بیگوناهم دەرهێناوە، بۆیە کتێبەکانی ژوور سەرم خۆیان ناوەتەوە تا هەقم لێ بکەنەوە، چونکە زوڵم بەسەر کەسەوە ناچێت. سووکە مەست لەژێر قوبەی چەندین کیلۆمەتر تێکستدا درێژبووم و ناوێرم بیر لە هەندێک ڕووداو، هەمدێک ڕاستیی ترسناک و ناخۆش بکەمەوە، هەندێ جار پاسەوانی دارستانەکەم بیردەکەوێتەوە کە جارێکیان دەڵەکێکی لەژێر کۆڵەگەیەکی خانووەکەیدا لەنێو سەرقۆڵی بەری چاکەتەکەیدا گرت و لەبری ئەوەی دادوەرانە لە تۆڵەی خواردنی چەند مریشکێکدا بیکوژێت، هەستا بزمارێکی بە سەری چکۆلانەی ئەو ئاژەڵەدا داکوتی و پاشان بەرەڵای کرد، ئاژەڵەکە تا مرد هەر دەقروسکایەوە و بە باخەکەدا ڕایدەکرد، بیرم دەکەوێتەوە کە ساڵێک دوای ئەو ڕووداوە، کوڕی هەمان ئەو کارمەندی دارستانە لە کاتی کاردا بە خەباتەی چیمەنتۆ، تەلی رووتی کارەبا بەر سەری کەوت و کوشتی، هەر دوێنێشەو، لەناکاوێکڕا لەژێر قوبەی کتێبەکانمدا قلاَفەتی بەڕێوەبەری دارستانەکەم کەوتەوە یاد کە هەمیشە خەریکی تیژکردنەوەی میلێک بوو تا هەر کاتێک ڕێکەوتی ژیژکێکی پەپکەخواردووی وەک گولۆکێک کردبا، ئەو میلە تیژەی بە زگی ژیژکەکەدا ڕۆدەبرد لەبەرئەوەی نەیدەویست گوللەیەکی تێدا خەسار بکات، بەو جۆرە ئەو پیاوە هەر ژیژکێکی بینیبا بە هەمان چارەنووسی دەگەیاند، تا ئەوکاتەی نەخۆشی شێرپەنجەی جگەر لێیدا و خوای هەموو ژیژکەکان پێی نواند و تا مرد وەرەمێک لە زگ و ساوێک لە مێشکیدا، بۆ ماوەی سێ مانگ وەک گولۆکێک لە جێگەدا خستی... ئەمانە ئەو خایلانەن کە ئێستا لێیان دەترسم کاتێک گوێم لێیە کتێبەکانی ژوور سەرم بیر لە تۆڵە لێکردنەوەم دەکەنەوە و ئەوەش بە ڕادەیەک هەڕەشەیە لەسەر ڕۆحی ئارامم کە ناچارم بە دانیشتنەوە لەسەر کورسیلەکەی پاڵ پەنجەرەکەدا بنووم، فرە زەندەقم چووە لەو خایلەیەی کە چۆن کتێبەکان هەرەس دێنن و یەکەم جار لەسەر تەختەنوێنەکە دەمفلیقێننەوە و پاشان ئەرزی ژوورەکە کون دەکەن و دواتر وەک ئەسانسۆر بۆ نهۆمی خوارەوە و تا ژێرزەمینەکە دەگەن. دەشبینم کە چۆن هەموو شتێک لە چارەنووسمدا هاوگونجاوە، لەبەرئەوەی لە ئیشەکەم و لە دەلاقەی ژێرزەمینەکەوە نەک هەر تەنها کتێب دەکەوێتە خوارەوە، بەڵکو بتڵی بەتاڵ و شووشە مەرەکەب و مەکینەی دەرزیش، ڕێک وەک کتێبەکانی ژوور سەرم کە شەوانە هەڕەشەی ئەوە دەکەن دەکەونە خوارەوە و دەمکوژن، لە باشترین حاڵەتدا بە قورسی بریندارم دەکەن. من

ئاوها دەژیم، ئەو شمشێری داموکلیسەی کە بە دەستی خۆم لە تەوالێت و ژووری نووستندا بە بنمیچەکەدا هەڵمواسیوە، لە ماڵەوە ڕێک وەک لە ئیشەکە، ناچارم دەکەن بچمە دەرەوە و بە جەڕە بیرە بهێنم تا خۆم لە کارەساتێکی جوان بپارێزم.

هەفتەی جارێک دەڕۆم سەردانی خاڵم دەکەم تا لە باخەکەیدا بە دوای جێگەیەکدا بگەڕێم تا کاتیک کە خۆم و مەنگەنەکەم خانەنشین دەبین، لێی دانێم. بیرۆکەی پاشەکەوت کردنی پارە و کڕینەوەی مەنگەنە هایدرۆلیکەکەم بۆ کاتی خانەنشینیی، هی خۆم نییە، بەڵکو ئەو بیرۆکەیە هی خاڵمە کە چل ساڵ لە لە هێڵی شەمەنەفەردا کاری کردووە، ئیشەکەی بەرزکردنەوە و هێنانەخوارەوەی ئاسنبەنگ و ئاراستەگۆڕینی هێڵەکان بووە لە تاوەری ئاماژەدا، چل ساڵ وەک ئاماژەدار ئیشی کردووە و چل ساڵ تاقە خۆشیی و چێژی خاڵۆم ئەو کاتە بووە کە بۆ سەر ئیشەکەی چووە، ڕێک هەر وەکو من، کاتێک خانەنشین بووە، نەیتوانیوە بە بێ تاوەری ئاماژە بژی، ئەوسا تاوەرێکی کۆنی ئاماژەی لە وێستگەیەکی لەکارکەوتووی هێڵی شەمەنەفەر لەسەر سنوور کڕیوەتەوە، پاشان بۆ باخەکەی گواستۆتەوە و کوختێکی ڕۆناوە و بورجەکەی لێداناوە، دانایەکی وەک هەمان ئەوەی کە ئیشی لەسەر کردووە، لەبەرئەوەیش هاوڕێی هەبوون کە شۆفێری شەمەنەفەر بوون و ئەوانیش خانەنشین بوون، بۆیە لای ئاسنەواڵیفرۆشیی، لۆکۆمۆتیڤ ێکی مارکەی ئۆرینستان ئاند کۆپیل یان کڕیوە کە کاتی خۆی لە کارگەی ئاسن، بەرمیلی گەورە و واگۆنی ڕاکێشاوە، هەر لە ئاسنەواڵەفرۆشیی، هێڵێکی بچوکی ئاسن و سێ واگۆنی سەربەتاڵیان کڕیوە، هێڵە ئاسنەکەیان لەنێوان درەختەکاندا لە باخە کۆنەکەدا ڕاکێشاوە و ئیدی هەموو شەممە و یەک شەمموانێک لۆکۆمۆتیڤە مارکەی ئۆرنیستان ئاند کۆپیل- کە دەخەنە ئیش و سوار دەبن و عەسرانیش منداڵان سەردەخەن، پاشان کە خۆرئاوا دەبێ، بیرەی تێدا دەخۆنەوە و گۆرانی دەڵێن و چەنگ دەژەنن، یەکە یەکە واگۆنەکان لێدەخوڕن یاخود پێکەوە لە لۆکۆمۆتیڤەکەدا ڕادەوەستن، لەو کاتەدا لۆکۆمۆتیڤەکە لە پەیکەری خودای ڕووبار دەچێ لە نیلدا، دەڵێی ئەدۆنیسێکی بە ڕووتیی ڕاکشاوە کە فیگۆری بچووک بچووکی پێوە بێت.

ئیتر ئاوها ڕۆژێکیان چووم بۆ لای خاڵم تا جێگەیەک بدۆزمەوە کە مەنگەنەکەمی لێدابنێم. خەریک بوو تاریک دادەهات و من شەمەنەفەرەکەم بینی لە پێچەکاندا و بە لایتی داگیرساوەوە بە خێراییەکی زۆر بە دەوری دارسێو و دارهەرمێ دێرینەکاندا دەوری دەکردەوە، خاڵۆم بینی لە ژووری ئاماژەداریی دانیشتبوو ئاراستەی هێڵەکەی جێگۆرکێ پێدەکرد، دەمبینی کە چەندێک خەنیی و خۆشحاڵە، ڕێک وەک لۆکۆمۆتیڤە مارکەی ئۆرینستان ئاند کۆپیل — کە خاڵۆیشم هەڵمی لێهەڵدەسا، لێرە و لەوێ سوراحی ئەلەمینیۆمی یەک دوو لیتری بیرە بریقەی دەدایەوە، بەنێو قاووقیژ و هەراهەرای منداڵ و خانەنشینەکاندا دەڕۆیشتم و کەس فەرمووی لێ نەدەکردم بچمە لایان یاخود پرسیارم لێبکەن کە ئاخۆ حەز دەکەم شتێک بخۆمەوە، هەمووان بە گەمەکەیانەوە سەرقاڵ بوون، وەک ئەوەی لە دونیادا هیچ شتێکی تر شک نەبەن جگە لەو ئیشەی کە بە درێژایی ژیانیان خۆشیانویستووە، منیش هەر بەو ناوەدا پیاسەم

دەکرد، وەک هابیل نیشانەی خۆم بە نێوچەوانەوە هەڵگرتبوو، دوای سەعاتێک کەوتمە ئەوەی کە ئەوێ جێبێڵم، ئاوڕم دایەوە تا بەڵکو سەرەڕای هەموو شتێک، کەسێک بانگم بکات، بەڵام کەس خۆی تێنەدەگەیاندم، کاتێ لە پەرژینەکەوە چوومە دەرێ، هەمدیس ئاوڕم دایەوە، لەبەر ڕۆشنایی گڵۆپ و ژووری ڕووناکی ئاماژەدا، جووڵەی تێکەڵپێکەڵی سێبەری پیرەمێرد و مناڵەکانم بینین کە ڕایاندەکرد، شووتی شەمەنەفەرەکە و جیرەی واگۆنەکانی لەسەر هێڵەکە دەهاتە گوێم کاتێ خۆی بەو بارستە تێکقرژاوە هێلکەییەدا دەکرد، وەک ئەوەی ئۆرکیسترایەک دووبارە و دووبارە هەمان گۆرانی بژەنێتەوە، گۆرانییەکی بە دڵنیاییەوە هێند خۆش کە بنیادەم قەت حەز ناکا جگە لەوە گوێی لە هیچی تر بێت. گەرچی لەو مەودا دوورەوە، کەس نەیدەتوانی من ببینێت، بەڵام زانیم کە خاڵۆم بینیومی، زانیم هەموو ئەو کاتەی کە بەناو درەختەکاندا پیاسەم کردووە، ئەو منی بینیوە، لە ژووری ئاماژەکەوە دەستی لەسەر نوێڵەکە لابرد و پەنجەکانی بە شادمانییەوە، وەک ئەوەی بیەوێ هەوا بلەرزێنێ، بۆ ڕاوەشاندم. منیش لە تاریکییدا دەستم بۆ ڕاوەشاند. لەوە دەچوو هەردووکمان لە دوو شەمەنەفەرەوە دەست بۆ یەکتر ڕاوەشێنین کە پێچەوانەی ئاراستەی یەکتر دەڕۆن.

کاتێ گەیشتمە نزیکی پراگ، سۆسیجێکم کڕی و کاتێ کەوتمە خواردنی، زەندەقم چوو، لەبەرئەوەی چ پێویست نەبوو سۆسیجەکە بەرزبکەمەوە بۆ دەمم، چونکە هەر کە چەناگەم داگرت سەری سۆسێجەکە لە لێوی دام، کاتێ سۆسیجەکەم لە ناوقەدەوە گرت، ساوگرتووانە تەماشای خوارەوەم کرد و بینیم کە نیوەی سۆسێجەکە لەبەر پێڵاوەکانمدایە. کاتێ سۆسیجەکەم بە هەردوو دەست گرت، بینیم کە سۆسیجێکی ئاساییە، بەڵکو ئەوە خۆمم کە چوومەتەوە ئاو و چکۆڵانە بوومەتەوە. کاتێ گەییشتمەوە ماڵەوە، چەند کتێبێکم لەبەر چوارچێوەی دەرگەی موبەقەکەدا ڕاماڵیی و ئەو جێگەیەم دۆزییەوە کە لەسەر دەرگەکە بە قەڵەم ئیشارەتم لەسەر کێشاو و لە وەختی جۆراوجۆردا پێوانەی باڵامی پیشان دەدا. کتێبێکم هەڵگرت و پشتم بە چواچێوەی دەرگەکەوە دا و کتێبەکەم سفت لەسەر سەرم جووت کرد، پاشان لە جێگەی خۆم وەرسووڕام و بە قەڵەم نیشانەیەکی ترم لەسەر چوارچێوەکەوە دانا، بە تەماشاکردنێکی ئاسایی بۆم دەرکەوت بە بەراورد لەگەڵ هەشت ساڵ لەوەوبەردا کە بۆ دوایەمین جاردا درێژی باڵام پێوانەکردبوو، نۆ سانتیمەتر چکۆڵەتر بوومەتەوە. تەماشای سەرەوەم بۆ لای قوبەی کتێبەکان کرد و گەییشتمە ئەو دەرەنجامەی کە لەبەرئەوەیە کورت بوومەتەوە چونکە وەک بڵێی بەردەوام باری ئەو دوو تەن کتێبە قورسە ئاسمانییانەم بە کۆڵەوەیە.



# چیلوەی شکۆدار

**نەوزاد ڕەفعەت**

دارەکانیش دەپرسن: (بۆ لەنێو مێرگ و مێرخوزاری ئەو هەموو ئەستێرەیەدا
جیلوەی شکۆی گەلاوێژت لەسەرزارە؟!
ڕووی لە مانگ نوورانیتریت لە کانیلەی چاودا دیارە؟!)
دەپرسن: (بۆ لە کزی و ئاوابوونیدا... زەمین پێڵاوێکی تەنگە؟!
ژیان ژارەو
هەتاو تارە؟!)
دەڵێم: (کاتێك دێوی دۆزەخی خەمۆکی گەمارۆی دام
قرچ قرچ لە سەرگەردانی و ونبووندا هەڵدەقرچام
هێلانەی هەمێزێك... دڵێك داڵدەی نەدام

# دەق

بوونە زەقنەبووت نان و چام
تەنیا خواژنە ئەستێرە: تاقانەی ئاسمان و ئێرە
تاجی داگرت
عەرشی تووڕدا و
بەرەو ڕۆحی تێکشکاوم سەری هەڵگرت
زریوەزریوی زەردەخەنەی دڵدانەوە سپییەکانی
خولیای ڕەشی خۆکوشتنی ڕەواندەوە و
گوڵی خۆشویستنەوەی دنیای ڕواندەوە
بۆیە پەنگر بباریێت یا کوللە و تەزرە
ڕووەو ڕووگە و سایەی دەڕۆم
لە دەوری سەری دەگەڕێم
خۆڵی دەوروپشتی دەخۆم
بەردێکیشم پێ ببەخشێت...
بەردێکی هێندی قلێك نۆك
بۆ مەزنی دێمە سەرچۆك
هەر ئەو بەردەی هەتوانی هەزاران دەردە
پاش سەدان ماچ
لە دەموچاو
لە تەوقی سەرەوە تا قاچ
لە برین و جێ ئێشەکانم هەڵدەسووم
لە شمشێری پیری دەسووم
یان دەیگرمە ئەو کوندەپەپووە شوومانەی
بەسەر خەونی جەژنوارەوە دەخوێنن
تووك(×)

دەڕوێنن
لە ئەمبەرە و ئەوبەرەی ڕێی
پەرستگەشیدا پەیکەری بەران ڕیز ڕیز
دادەتاشم
لەم بیابانەی تاسە و سۆزدا
لە زەماوەندی پیرۆزدا
لە لانکی میهرەبانترین ئامێزدا
شیرەی شەوق
شیرەی زەوق
شیرەی شکاندنی تەوق
شیری خەوی کۆرپەی بەرمەمکان دەنۆشم!)
نەفرەت×



# چەند وشەیەك بۆ شاعیری كورد شێركۆ بێكەس

**ئەمجەد محەمەد سەعید**
**لە عەرەبییەوە: ئاوات حەسەن ئەمین**

شێركۆ..
پێشتر من تۆم نەدیبو، بەدواتا ئەگەڕام
وەڵێ شیعرەكەت دەستی گرتم و
پێی وتم:
لێرەدا لەسەر زەوییەكە دانیشە.
بە تەنیا لەسەر پارچەیەك مەڕمەڕ دانیشتم
تەماشای سەمای تەنورەكەم ئەكرد و

گوێم لە مەقامی ئاسمانی گرتبوو.
لە یەکێ لە کۆشکە کۆنەکانی قاهیرەدا،
پیاوێك هات و لە تەنیشتم دانیشت
پاش کەمێك تەماشام کرد
پێم وت:
توخوا تۆ شێرکۆ بێکەس نیت؟
وتی: بەڵێ.
×××
شێرکۆ..
چەند سەیرە کاتەکان!
چەند عەجایەبە رێگەکان!
قەسیدەکانمان مەجبوورکران
کە کۆچ بکەن!
دوور لە چیاو لە حاجیلەقالەقەکان!
تا لێرەدا..
لە قاهیرەی ئازیزدا یەکتر بناسن.
×××
شێرکۆ..
کاتێ لە خوێندنەوەی شیعرەکانت بوویتەوە
ئامادەبووان،
چەپڵەیان زۆر بۆ لێ دای.
منیش کاتێ لە دواوەی هۆڵەکە
هاوارم کرد:
«زۆر باشی» بە کوردی.
پەنجا تیشك لە چاوانت دەرچوون
دوو مانگیشت بەرەڵا کرد
لەگەڵ چوار هەتاو و
دوو رووبارەکە،
نازانم، لەگەڵ چەند قەسیدەشدا؟!
شێرکۆ بێکەس:



# دەق

کاتێ تۆم بینی،
مامۆستاکەی پۆلی دووی
سەرەتایی خۆمم بیرکەوتەوە
لە زاخۆ،
لە نزیك پردە دەلالە عەباسییەکەدا.
باوکم ئەوسا فەرمانبەری تەندروستی بوو
لە باکووری نیشتمان.
×××
شێرکۆ بێکەس:
پیاوچاکێکی کورد کە ناوی (عەبدوڵلا
هەولێری بوو)
لە ئەحوصەرفی عەرەبی فێرکردم!
×××
شێرکۆ:
تامەزرۆی ماستی هەولێرم!
×××
شێرکۆ:
لە کونجێکی دووری پەراسوی شاخێکا
لەلای کانییەك
لەژێردار هەنارێکا
چێشتخانەیەك هەیە لە قامیشی شەونم
ئەخۆیت ئەخۆیت
تا تێر ئەبی.
کەس پسولەی پارەت پێشکەش ناکا
ئەگەر ئەتەوێ تۆ پارە بدەیت،
ئەوا.. بەخشندەیی خۆتە.
×××
شێرکۆ:
باوکم بەردەوام بە زمانی کوردی
بە هاوڕێ کوردەکەی ئەوت:

هاوڕێکەشی بەردەوام وەڵامی ئەدایەوە
(ولله اتو خرابا)!
×××
شێرکۆ:
گەر زۆرتر ئازا بوومایە لە خۆشەویستییا
کاتێ لە زانکۆ بووم،
ئەوا ئێستا منداڵەکانم نیوە کورد ئەبوون
×××
شێرکۆ:
ئێمە ئیتر سنووری تری زیادەمان ناوێ
ئەمانەوێ وەکو ئاوبین
کاتێ لە کوردستانەوە دێتە خوارێ.
وەکو – با – بین
کە هەڵئەزنێ بۆ کوردستان.
سنوور- قەفەزێکە لە ئاسن
گیان ئەخنکێنێ و
دڵ ئەگوشێ.
×××
شێرکۆ:
پێش زایین بە چوار سەدساڵ
زەینەفون لە کتێبی دە هەزار میلەکەیدا وتی:
کوردان ئازان،
بەسەر سوپای داگیرکەرا
لە بەرزایی چیاکانەوە
بەردیان باراند!

٢٠٠٩/٣/٢٤
قاهیرە

ئەمجەد محەمەد سەعید: شاعیرێکی عێراقییە و ساڵی ١٩٤٧ لە موسڵ لەدایک بووە. خاوەنی چەندان دیوانی شیعرییە لەوانە (نافزە للبرق ١٩٧٦، بلاد اولی ١٩٨٣، جوار السور ١٩٨٨، قهوە ادونیس ٢٠٠٧ و چەندان دیوانی تر) ئێستا لە میسر نیشتەجێیە و ئەندامی «ئەتیلێی قاهیرە»یە کە شوێنێکی رۆشنبیری گرنگە. لە بواری رۆژنامەوانیدا کار دەکات و لە عەممان و قاهیرە و خەرتوم لە بواری دیبلۆماسیدا کاری کردووە. چەندان خەڵاتی رێزلێنانی وەرگرتووە لە عێراق و دواتر لە میسرو ئەردەن و سودان.



# بڕیار نەبوو وەها بژیم

داستان بەرزان



مرۆ
لە ژیانیدا
یەکجار بریندار
دەبێت
ئەویتری ژیان
ئەزموونکردنی برینە.

بە جەستەیەکی خوێناوییەوە
دەکەویتە بەردەم خەڵک
ئەوان بیر لە سڕینی خوێنەکەت دەکەنەوە
نەک شکاندنی ئازارەکەت.

هەندێك برین لە ناوەوەن
ئەوانە ئەو جۆرەن کە هەڵتدەکۆڵن
لە ناکاو جەستەت تێکدەشکێنن.
×××

بەختەوەری خۆفریودانە
هەوڵێکی جوانە بۆ لەبیرچوونەوە

لەبیرچوونەوەم بیرکەوتەوە
یەکێك لە شتە گرنگەکان
دەبێت سوپاسگوزاربین
بەهرەیەکی وەهامان هەیە
دەنا بیرەوەری دەیکوشتین
×××

مێشك دیسکێکی گەورە نییە
بەوەدا چەند یادەوەرییەك سەریان قورس کردووم
بە جۆرێك توانای هەڵگرتنیانم نییە
دەڵێم: ئێستا نا تۆزێکی تر کەللەم دەتەقێت.
×××

زمان هاواری ناوەوە ناگەێنێت
هاوار لە ناوەوە دەسووڕێتەوە
لە ساتێکدا درز دەبەیت و
هەر پارچەیەکت دەبێتە چۆلەکەیەك.
×××

مرۆ دەبێت لە ئاسمانەوە سەیری خوارەوە بکات
تا تووشی وەهمی گەورەیی زەوی نەبێت.
×××





## دەق و ڕەخنە

ئەوەندەی کەوتیتە دەرەوەی ژیان
هاتنە ناوەوەت زەحمەتە
ناچار خۆت ڕادێنیت
حەزت لە ژیان نەبێت.

دەبێت ئاگات لە خۆت بێت
ڕۆژەکانت نەچنە یادەوەریتەوە
دەنا لەت لەت دەبیت.
×××

جیهان  ئەوە نییە تێیدا دەژین
جیهانی ڕاستەقینە دەبێت بدۆزرێتەوە.
×××

ژیان کابووسێکی نەبڕاوەیە
خەونە خۆشەکانت دەزڕێنێت
لەژێر قورسایی خۆیدا دەتپچڕێنێت.
×××

گەردوون گرفتی گەورەی زۆرە
زبڵخانەکانی ئەمریکا پریەتی لە ژیان
بۆ خەڵکی ئەفریکا
ئەمە لە هەمووی گەورەترە.
×××

سەرم دێشێت
ئەم نووسینە تەواو ناکەم.



# بڕیار، زمان، شێوازی ژیان وەك رووبەرێك بۆ تێڕامان

## خوێندنەوەیك بۆ شیعری (بڕیار نەبوو وەها بژیم)ی داستان بەرزان

**سۆران ئازاد**

هەرچەند ئەكەم، ئەو خەیاڵەی پێی مەستم،
بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم!
لێكدانەوەی دەروون، قسەی زمانم:
بۆچی وەها دوورن لە یەك؟ نازانم!
.......
بەڵام ئەفسووس! كە ئەو شیعرە جوانانە
باڵدارێكن جێناهێڵن هێلانە،
لە ناوەوە ئەجریوێنن، ئەخوێنن
هەرگیز قەڵەم بە كاغەزا ناهێنن!

**هەڵبەستی دەروون.. گۆران**

# دەق و ڕەخنە

پرۆسەی بیرکردنەوە و تێڕامان بەندە بە فراوانی خەیاڵ و ئاراستە ئاڵۆزەکانییەوە، خەیاڵ یەکەم کەناڵی سەرەکیی دۆزینەوە و ئەفراندنی شتەکانی دەوروبەرە، ئەم راستییەمان کاتێک بۆ دەردەکەوێت، کە بمانەوێت لێکدانەوە بۆ مانای بوونی خۆمان لە نێو جیهاندا بکەین، بەوەدا، کە مرۆڤی سەرەتایی هەمیشە ویستیوویەتی لە خۆی و دەرووبەری تێبگات، ئەوا لە چەندین لایەن و ئاڕاستەی جیا جیادا وێنای کردووە. کاتێ دەبینین لای مرۆڤی سەرەتایی شتە بێگیانەکان وەکو بەرد، دار، زەوی... تاد، خودانی گیانن و لەنێو خۆیاندا هەستدارن، ئەوا بۆمان روون دەبێتەوە سەرچاوەی سەرەکیی ئەم هاوکێشەیە هێنابەرچاوی خودییە بەرانبەر بە دیاردەکان. لەمەوە کێشەی زمان و دەربڕین سەرهەڵدەدات، کە پێوەندیی نێوان زمان و خەیاڵ کێشەیەکی نەبڕاوەی فیکرییە لە ئاستی شیکارکردندا. تێگەیشتن لە قسەکردن وەک بەشێکی سەرەکیی دەربڕین یارمەتی ئەوەمان دەدات لە کەناڵێکی هەرە گرنگی زمان بکۆڵینەوە، ئەویش دەنگە وەک گەیەنەری راستەوخۆی مەبەستەکان بۆ ئەوی دیکە، بەڵام زمانی هێما، کە سمبول و وێنەکان دەگرێتەوە، ئەو کەناڵە گرنگەی زمانە، کە جیاوازی دەئافرێنێت. لێرەدا نووسینیش دەکرێت وەک بەشێک لەو زمانە هێماییە بناسین، بەتایبەت زمانی شیعر، کە ئێمە مەبەستمان لە هێما، ئەو ئامرازانەن، کە بکەر لێرەدا ئامادەیی نییە، بەڵکو لە جێگەی ئەو هێماکان دەدوێن، ئەمە ئەو کەناڵە گرنگەی نووسینە، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانین ئازادانە دەرببڕین، بۆیە پێم وایە گرنگیی نووسین، کێشان، نەخشاندن، مانای خۆی لە نائامادەیی بکەردا دەبینێتەوە. مەبەستێکی دیکە ئەوەیە، کە ئەو هەوڵ و رۆچوونە ناو دیوە شاراوە و نهێنابییەکانی خود، لە لایەن ئەم نەوەیەوە، کە ویستی هەوڵدا بۆ جیاوازییان تێدا بەدی دەکرێت، بەردەوامی پێ بدەین، لەپێناو داهێنان و هزراندن لەنێو تێکست و ئاراستە جیاوازەکانی ئەدەبدا، چونکە کولتووری سڕینەوە دژایەتییەکی بێوێنەی لەگەڵ دەنگی نوێ و داهێنانەدا هەیە، پێم وایە ئەدەبی کوردیش ئەزموونێکی دوورودرێژی لەگەڵ ئەم کولتوورەدا هەیە و قوربانیی یەکەمیەتی. بەڵام ئایا ئەوە چ هێزێکە پەلکێشمان دەکات بۆ نووسین؟ ئەگەر نەنووسین چی ڕوودەدات؟ بۆچی پێوسیتە خودانی دەربڕینی سەربەخۆ بین؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکە لەکاتی خوێندنەوەی هەر تێکستێک لامان دەورووژێت. هۆزانی (بڕیار نەبوو وەها بژیم) نووسینەوەی ئەزموونی قووڵی ئازارە لە نێو ژیاندا، کە سەرچاوەیەکی لە (بڕیار)ەوە هاتووە. دەتوانین بڵێین (بڕیار) یەکێکە لە کەناڵە سەرەکییەکان کە ئاراستەکانی ژیان و بوون دیاری دەکات. دیارە ئێمە مەبەستمانە لە دەرەوەی ئەزموون و ناوی هۆنەردا لە هۆزانەکە بدوێین، چونکە پێم وایە ئەمە مامەڵەکردنێکی راستەوخۆی تێکستە لەهەر دیاردەیەکی دەرەکی. ئەوە بەو مانایە نایەت، کە لەبارەی هۆکارە دەرەکییەکانەوە نەدوێین، بەڵکو لە ڕێگەی هەڵچوونە ناوەکییەکانی تێکستەوە، دەمانەوێت ئاراستە دەرەکییەکان بدۆزینەوە.

**مرۆ لە ژیانیدا یەکجار بریندار ئەبێت**
**ئەویتری ژیان ئەزموونکردنی برینە.**

ئایا ئەزموون چییە؟ ئایا برینداربوون مانای چی دەگەیەنێت؟ ئەگەر بە شێوەیەکی فیزیکی لە (برین) بکۆڵینەوە، بۆمان دەردەکەوێت (برین) پچڕاندن یان شەقکردنی دوو کەرتی پێکەوە لکاوە و بەهۆیەوە

# کولتووری سڕینەوە دژایەتییەکی بێوێنەی لەگەڵ دەنگی نوێ و داهێنانەدا هەیە

دوو بەشی سەرەکی لێک دەترازێن. بۆیە برین وەک مێتافۆرێک بۆ وێناکردنی کەرتبوونی ناخ وێنا کراوە. هەرچی لەبارەی ئەزموونە ئەوا وەکو (کانت) پێی وایە هەموو زانینێکمان لە ئەزموونەوەکانەوە سەرچاوەی گرتووە. بەڵام من پێم وایە جیاوازییەکی بنچینەیی لەنێوان (ئەزموونکردن) و (هەبوونی ئەزموون)دا هەیە، چونکە یەکەمیان پرۆسەیەکی بەردەوامە و تێنەپەڕێندراوە، هەرچی دووەمە ئەو ئەزموونە تێپەڕێندراوە و دەتوانین بە ئەزموونێکی کامڵ پێناسەی بکەین، چونکە دەکرێت ڕۆژانە لەناو دەیان ئەزموونددا بین و هەستی پێ نەکەین، بۆیە ئەوە نابێتە ئەزموون، چونکە تێمان نەپەڕاندووە.

بە جەستەیەکی خوێناوییەوە
دەکەویتە بەردەم خەڵك
ئەوان بیر لە سڕینی خوێنەکەت دەکەنەوە
نەك شكاندنی ئازارەكەت.

ئەوانی دیکە The others هەمان ئەو دۆزەخە سارتەرییەن، کە لە ڕێگەیانەوە هەست بە بوونی خۆمان دەکەین، کەواتە جگە لەوەی ئەوان پێشمەرجی ئۆنتۆلۆجین، لە هەمان کاتدا دۆزەخیشن. لەم کۆپلەیەدا ئەوانی دیکە جگە لەوەی دۆزەخن، ئەوا لە هەوڵی سڕینەوەی یەکێکی تریشدان، کە خەریکی ئەزموونکردنی برینە.

هەندێك برین لە ناوەوەن
ئەوانە ئەوجۆرەن کە هەڵتدەکۆڵن و
لە ناکاو جەستەت تێکدەشکێنن.

هەر بەشێکی ناوەکی، کارلێکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەو دیاردە دەرەکیانەدا هەیە، بۆیە هەر دیاردەیەک بەبێ زانینی پاڵنەرە ناوەکییەکان ناسینەوەی ناتەواوە، چونکە ئەم دوو پرۆسێسە پێوەندییەکی دانەبڕاویان لەگەڵ یەکتردا هەیە.

زمان هاواری ناوەوە ناگەیێنێت
هاوار لە ناوەوە دەسوڕێتەوە
لە ساتێکدا درز دەبەیت و
هەر پارچەیەکت دەبێتە چۆلەکەیەك.

وەکو لە سەرەتادا ئاماژەمان پێدا، پێوەندیی نێوان زمان و خەیاڵ کێشەیەکی ئاڵۆزی فەلسەفییە، کەواتە ئەو برینە ناوەکیانە بەبێ دەربڕین (بوون) تێکدەشکێنن و ڕووبەڕووی کێشەیەکی ئۆنتۆلۆجیمان دەکاتەوە، ئەویش لەناوچوونی بوونە، ئایا بەبێ گوزارشتکردن لە خۆ (بوون) ئاوا کۆتایی پێدێت؟ ئەگەر زمان هاواری ناوەوە بگەیەنێت چۆن دەتوانین لە ڕێگەی دیاردەکانەوە شرۆڤەی ئەو هاوارە ناوەکییە بکەین؟

بەختەوەری خۆ فریودانە
هەوڵێکی جوانە بۆ لەبیرچوونەوە

لە بەرانبەر ئەو برینە ئۆنتلۆجییەدا جێگرەوەیەک هەیە، ئەویش (بەختەوەرییە)، بەختەوەری پرۆسەیەکی ڕۆژانەیی بوونە و بەشێکی دانەبڕاویەتی، لە هەمانکاتدا دەتوانین بڵێین ئەم پرۆسەیە ئاکامێکی نەرێنی هەیە، چونکە لەکاتێکدا بوونی مرۆڤ لەنێو جیهاندا ڕوو لە کۆتاییە، چۆن خودی ئێمە توانای خۆبەختەوەرکردنی هەیە؟ ئەم وێنەیە دەست دەبات بۆ ئاشکراکردنی ئەم پێوەندییە پێچەوانەیە، کە ئەویش (خۆ – فریودان)ە، بەو مانایەی ئەگەرچی خودی ئێمە هەست بە ڕاستییە تراجیدییەکان دەکات، بەڵام هەوڵی لەبیرچوونەوە و خۆ – فریودان دەدات، ئەمەش ڕاستییەکی دیکەی بوونی ئێمەیە لەنێو جیهاندا.

مرۆ دەبێت لە ئاسمانەوە سەیری خوارەوە بکات
تا تووشی وەهمی گەورەیی زەوی نەبێت.

گومانکردن لە توانای هەستەکان سەرەڕای ئەوەی

پرۆسەی بیرکردنەوە و تێڕامان بەندە بە فراوانی خەیاڵ و ئاراستە ئاڵۆزەکانییەوە، خەیاڵ یەکەم کەناڵی سەرەکیی دۆزینەوە و ئەفراندنی شتەکانی دەوروبەرە، ئەم ڕاستییەمان کاتێک بۆ دەردەکەوێت، کە بمانەوێت لێکدانەوە بۆ مانای بوونی خۆمان لە نێو جیهاندا بکەین، بەوەدا، کە مرۆڤی سەرەتایی هەمیشە ویستیوویەتی لە خۆی و دەروبەری تێبگات، ئەوا لە چەندین لایەن و ئاڕاستەی جیا جیادا وێنای کردووە

کێشەیەکی هزرییە، لە هەمانکاتدا ڕووبەرێکە بۆ تێڕامان لە کێشە ئۆنتۆلۆجییە نەبڕاوەکان، چونکە ئەم هاوکێشەیە پێوەندییەکی دانەبڕاویان بە یەکەوە هەیە. هەستەکان فریومان دەدەن و وامان لێدەکەن بەختەوەر بین، ئەو زەوییەی مرۆڤ تێیدا دەژیت و خۆی بە خودانی دەزانێت و بەهۆیەوە هەست بە بالآیی خۆی دەکات، لەم وێنەیەدا هەوڵی تێکشکاندنی ئەم ڕاستییە چەقبەستووە دراوە و خراوەتە بەر ڕۆشنایی هەڵوەشاندنەوە.

**گەردوون گرفتی گەورەیی زۆرە**
**زبڵخانەکانی ئەمریکا پریەتی لە ژیان**
**بۆ خەڵکی ئەفریکا**
**ئەمە لە هەمووی گەورەترە.**

جیاوازیی ئەم دەربڕینە ئەوەیە، کە لە ریتمی ئاسایی هۆزانەکە دەردەچێت و شتە بەگرنگ زاندراوەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، جگە لەوەی لە ڕێگەی بەراوردکردنی دوو وڵاتەوە، کە لە شێوازی ژیان و مرۆییدا لە یەکتر جیاوازن، هەوڵی دۆزینەوەی کاریگەرییە دەرەکییەکان لەسەر خود دەدات، بەوەی هەستەکان چەندە بە ئاسانی مرۆڤ هەڵدەخەڵەتێنن، زبڵخانەکانی ئەمریکا لای خەڵک زۆر لە سرووشت و ژیان لە ئەفریکا مانادارترە. نامەوێت لێرەدا بەدوای ئەو هۆکارانەدا بگەڕێم، چونکە ئەمە باسێکی درێژە و بەشێکیم لە نووسینی «فەنتازیای ئاسمان و فۆبیای دەستەڵات»دا باسکردووە، بەڵام ئەمە جۆرێکە لەو فۆبیای و فەنتازییە هەڵخەڵەتێنەرەی دەستەڵاتێکی زلهێزی وەکو ئەمەریکا یان هەر وڵاتێکی دیکە دەیەوێت لە ئاوەز و هزری کەسانی دیکەدا لە سەرزەمین و شوێنە دوورەکانی تر بسەپێنێت. بۆیە پێم وایە ئەم وێنەیە هەوڵی وێناکردنی ئەو هزراندنەی داوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، لەم هۆزانەدا دەکرێت بڵێم وێنەی هۆزانی (image - poem) تێر نییە، واتە لە ئاست دەربڕین و زماندا، وێنەکان پڕاوپڕ نین، چونکە وێناکردنی خاسیەتی ڕەسەنانەی هەر شیعرێکە و بەهۆیەوە هۆنەر دەتوانێت باڵادەستیی خەیاڵ بەسەر زمان و بە پێچەوانەشەوە نیشان بدات. بۆ نموونە کاتێ (نالی) دەڵێت:

**«گەر دەپرسی من لەبەر چی کەم دەخۆم**
**قەت مەزانە من بە برسی، غەم دەخۆم»**

ئەوا توانیویەتی گوزارشت لە خۆی بکات، لەو ئازارانەی، کە هۆنەرێکی وەکو (نالی) ئەزموونی دەکات، بەڵام وێناکردنی ئەو ئازار و خەمانەی زیاتر لەم بەیتە دەردەکەوێت:

**«تا سەری زوڵفت لەسر ڕۆ حەڵقە دا**
**من وەکو ماری سەر ئاگر خەم دەخۆم»**

جیاوازیی بەیتی دووەم لەگەڵ بەیتی یەکەمدا ئەوەیە، کە لە بەیتی دووەمدا (نالی) هونەرییانە توانیویەتی وێنای ئەو خەم و ئازارانەی بکات. وەکو ئەو مارەی لەسەر ئاگرە، چونکە ناخۆشترین و پڕ ئازارترین خەم لای (مار) سووتانە و ئاگربەربوونە جەستەیەتی. لێرەدا (نالی) ئەوەمان نیشان دەدات، کە بەهۆی ئازاری گیانلەبەرانی دیکەوە، خەمی خۆی وێنا دەکات، چونکە خەمی مرۆڤ شتێکی جێگیر نییە و ناتواندرێت پڕئازارترینی دیاری بکرێت، بەڵام بۆ گیانلەبەران ئاسانترە ئەمە دەکرێت.

من وای دەبینم، کێشەی وێناکردن یەکێکە لە دیاردە نێگەتیڤەکان لە شیعری ئەم نەوەیەدا، کە لە ئاست ئەو تێڕامان و هەوڵانەی بۆ هزراندن لە هۆزاندا دەکرێت، وێناکردن فەرامۆش کراوە، کە خاسیەتی بنەڕەتیی هەر شیعرێکە.



# عەتا محەمەد: من لەو نووسەرانە نیم، کە بمەوێت هەموو شتێك بە خوێنەر بڵێم

**سازدانی: هەرێم عوسمان**

**نیازی دیدارێک لەگەڵ عەتا محەمەد لەمێژە هەیە، بۆ ئەم هاتنە دیی ئەم نیازە چەند جارێک داوام لێیان کردووە، بەڵام بە هەر پاساوێک بووە رازی نەبوون، بەڵام بۆ دواجار ئەم دیدارە هاتە بوون. ئەو یەکێکە لە رۆماننوس و چیرۆکنووسە بێدەنگەکان، کە بێدەنگیی، بەرزیی دەنگی بەرهەمەکانی نەشاردووەتەوە، هۆی رازیبوونی نووسەریش بۆ ئەم دیدارە لە پرسیارەکانەوە هاتبوون، کە تایبەت بە دنیای عەتا خۆی و زارەکانی خەون بەتایبەتی. زارەکانی خەون بریتییە لە چڕبوونەوەیەکی سەیر لە هەموو ئاستەکان، هەروەک بەختیار عەلی دەڵێ (ئەزموونی عەتا شایستەی لەسەروەستانێکی قوڵە. لە زارەکانی خەوندا عەتا جۆرە زمان و ئەزموونێکی دی دەهێنێتە ناو چیرۆکی ئێمەوە، کە ئێمە پێی نائاشناین، بابەتگەلێکی نوێ، لای عەتا چڕیی خەیاڵ و گەورەیی مەوداکانی دەگەنە ئاستی باڵا، بەر لە عەتا من چیرۆکنووسێکی دیکەی کوردم نەبینیوە، وەک ئەو بێباکانە خەیاڵ بکات). بەڵام تاکە شتێک کە بە عەتا و خوێنەرانی ئەم دیدارەی بڵێم وەک ئامادەکار، ئەوەیە زۆر سەیربوو کاتێ وەڵامەکانم خوێندەوە باوەڕم نەدەکرد دەقەکانی هێندە لەژێر سێبەری واقعدا بن، چونکە تەنانەت لە کۆتا بەرهەمیشیدا خواجە نەسرەدین.. باسی یاخیبوونی خۆی دەکات لە گێڕانەوەی واقع، لەبەر ئەوە هەمیشە سیحرێک هەیە لە گێڕانەوەی واقع لای عەتا، کە ئاخۆ بەبێ ئەم سیحرە دەقی ئەدەبی دروست دەبێت؟**

# گفتوگۆ

***هەندێک دەق و پەرتووک زۆر کاریگەرییان لەسەر ئێوە هەیە، بە نموونە هەزارو یەک شەوە، کەلیلە و دمنە، مێژووی تەبەری، رشتەی مرواری... پرسیارەکەی من بە تایبەت لەسەر رشتەی مرواریییە، کە زۆرجار بیر لە دزینی یان فراوانکردنی دەکەنەوە، (ئێوە لە ٢٠٠٠)دا دەڵێن: (زۆرجار سەرسامیم بۆ ئەم کتێبە دەمگەیەنێتە ئەو رادەیەی بیر لەدزینی بکەمەوە، یاخود لە دوای ئەو هەشت بەرگەی کە چاپکرا، چەند بەرگێکی تری بۆ بنووسم). پاش ئەم چەند ساڵە هیچیانت نەکردووە (نە زیادکردن نە دزینیشی)؟ بەهای رشتەی مرواری لە چیدایە بۆ ئێوە، کە هێند بە تاسوقن بۆی؟ ئاشکرایە هەندێک پەرتووک نووسەرەکانیان دیارنین، پێت وایە دیارنەبوونی نووسەری ئەو دەقانە، بۆچی دەگەڕێتەوە، کە هی کەس نین و هی زۆر کەسیشن؟ پاشان پێتوانییە گرنگیی ئەو کتێبانە بەشێکی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە نووسەرەکانیان دیار نین؟**

_ئەم پرسیارە پێویستی بە کەمێک قسە لەسەرکردن هەیە، چونکە پەیوەندیی ئێمە بە کتێبەوە، پەیوەندییەکی پڕ لە ڕازە. پاشان لەو باوەڕەدام خوێندنەوە یەکێکە لەو پرۆسانەی کە بە تەنها لەپێناو خۆیدا ناکرێت، بەمانای خوێندنەوە لەپێناو خوێندنەوەدا. بەڵکو هەر خوێنەرە و ئامانج یاخود مەبەستێکی هەیە لە خوێندنەوە. بەهەرحاڵ لەو باوەڕەدام زۆرجار دوورییەک یاخود مەودایەک هەیە لەنێوان ئەو کتێبانەی کاریگەریی هەیە لەسەرمان، لەگەڵ ئەزموونی نووسینماندا. واتا مەرج نییە کاریگەربوونمان بە دەقێک یاخود زیاتر، وابکات خۆبەخۆ بەو شێواز یاخود دنیابینییە بنووسین کە لەو کتێبانەدا پێیدەگەین. من بۆخۆم لەو کەسانەم کە هەمیشە دەمەوێت یاسایەک یاخود قاڵبێکم نەبێت بۆ لە دەق روانین و چێژبینینم لە دەق، نامەوێت بە پێوەری پێشوەخت سەیری دەق بکەم. بەو مانایەی هەمیشە دەمەوێت لەکاتی خوێندنەوەدا ئەو راز و نهێنیانە، ئەو پرسیار و دنیابینییە بدۆزمەوە، کە دەق هەڵگریەتی و وا دەکات دەقەکەم لا جوان بێت و چێژی لێ ببینم، یاخود بە پێچەوانەوە، بۆ نموونە دەپرسم ئەوە چییە وا دەکات ئەم دەقە چێژنەکەم، کە ئێستا دەیخوێنمەوە؟

ئەگەر هەر کتێبێکی نەخوێندراوە، وەک دوورگەیەکی پەنهان بێت بۆت، ئەوا وادەکات کە خوێنەرێکی دۆگمانەبیت و فراوانتر سەیری دەق بکەیت، خوێنەرێکی وەرزی یاخود مۆدەیی نەبیت، کە چەشەت لەسەر رانانی ئەو رۆژنامەنووسانە بنیات بنێیت، کە کۆمەڵێک رستەی مەدحکردنیان هەیە بۆ دەقێک و ئەمڕۆ باوی چ کتێبێک بوو، ئەوە بخوێنیتەوە. لەلای من بەدبەخت ئەو خوێنەرەیە کە گەڕانی بەدوای کتێبدا، گەڕان بێت بەدوای وێنە یاخود رەنگدانەوەی خۆی، بیرکردنەوەو تێڕوانینەکانی خۆی لە دەقەکاندا. من پێشوەخت بڕیارم نەداوە، کە هەموو دەقێکی ریالیزمی جوانە یاخود ناشرینە، هەرواش سەیری ئەو دەقانەی تری دنیا دەکەم، کە بەپێی توانا دەستم پێیان دەگات. بۆ نموونە کاتێک رۆمانی (راوچیی قۆزاخەکان)ی ئەمیر تاج ئەلسرم خوێندەوە، کە دەتوانم بڵێم کارێکە زۆر پەیوەستە بە واقیعەوەو هەوڵی وێناکردنی ئەو واقیعە دەدات کە ئینسانی عەرەبی تێیدا دەژی لە پەیوەندی بە دەزگا نهێنی و چاودێریکەرەکانەوە، من زۆر چێژم لێ بینی. بەهەمان شێوەش کاتێک رۆمانی (تاوان و هونەر و فەرهەنگی بەغدا)ی عەلی

بەدرم خوێندەوە، کە کارێکی زۆر جیاوازە لەوەی تاج ئەلسرو گەڕاوەتەوە ناو مێژوویەکی دوور، زۆر چێژم لەویش بینی، ئەگەرچی دوو دنیای زۆر جیاوازن لە یەکتر. هەرچۆن کارە سادەکانی خوان میناس سەرسامی کردووم. تەنانەت یەکێک لەو ڕۆمانانەی زۆر کاریگەریی هەبێت لەسەر ژیانم، (سوکی بەرگە نەگیراو)ی کۆندێرایە، کە هیچ کاریگەریی لەسەر نووسینم نییە. بیرمە کە لە کۆتایی نەوەدەکاندا ئەو ڕۆمانەم خوێندەوە، وا هەستم دەکرد کۆندێرا ئەو ڕۆمانەی تەنها بۆ من نووسیبێت، تەنها بۆ من. دیارە ئەمەش خەیاڵێکی سەیرە. من لە ڕۆمانی نوێی فەڕەنسیشم خوێندووەتەوە و تیاشیاندا بووە چێژم لێ بینیوە، بەڵام هیچ کاریگەریی بەسەر نوسینیشمەوە نەبووە. یاخود هێرمان هیسە، کە (گەمەی کەلا شووشەییەکان)ی بەلای منەوە یەکێکە لە ڕۆمانە گرنگەکانی دنیا. ئێدواردۆ گالیانۆ و دەقە کورتەکانی.. بۆرخیس و ئۆگستۆ مۆنتیروسۆ و کورتە چیرۆکەکانیان، ئیمبەرتۆ ئیکۆ و (وەرگێڕی خائین)ی فەواز حەداد و (کاغەزسازی خۆشەویستی) خەلیل سوەیلح، کالفینۆ و گوڵستانی سەعدی شیرازی و برناندۆ ئاچاغای ئیسپانی و زۆر ناوی تر کە هەریەکەو بە جۆرێک کاریگەریی خۆیان هەیە و دنیاکانیشیان زۆر جیاوازن لە یەکتر. با بە راشکاوی پێت بڵێم بەلایەکی تردا تا ئێستا من خوێنەری خالید حوسەینی و عەتیق ڕەحیمی و ماریۆ بارگاس یۆسا و عەلا ئەسوانی و بزورگی عەلەوی و دۆراس و زۆری تر نیم، بەو مانایە نا کە ئەوان نووسەرنین، چونکە لەوانەیە لە دنیای ئێمەدا وا ڕاڤەی ئەم قسەیە بکرێت، کە تۆ خوێنەری کەسێک نەبیت، مانای وایە بەلاتەوە نووسەر نییە. نا.. ئەوان نووسەرن و




خوێنەری خۆشیان هەیە، بەڵام من چێژ لە کاریان نابینم و هەڵبژاردنی تێکستیش پەیوەندیی بە مومارەسەی ئازادیی خوێنەرەوە هەیەو من نامەوێت بەدوای مۆدەی کتێب بکەوم. یاخود لەسەر چەشەی ئەدەبیی کەسانی تر لە دەق بڕوانم. بەبارێکی تردا زۆرجار ڕێک دەکەوێت دەستبەرین بۆ کتێبێک کە چەند دەیە یاخود سەدە پێش ئێستا نووسراوە و بە چێژەوە دەیخوێنینەوە. دیارە ناو زۆرن، کە هەریەکەو بەشێواز و دنیابینیی جیاوازییەوە کاریگەرییان هەیە لەسەرم. تەنانەت ئەو دەقانەش کەم نین، کە حەزم دەکرد من بمنووسیبانایە.

ئەوەی مەبەستمە بیڵێم ئەوەیە کە من زیاد لە کتێبێک و شێوازێک و دنیابینییەک کاریگەریی لەسەرم هەبووە و هەیە. بەڵام ئەم کاریگەرییە لەنووسیندا

بۆ لە دەق ڕوانین و چێژبینینم لە دەق، نامەوێت بە پێوەری پێشوەخت سەیری دەق بکەم. بەو مانایەی هەمیشە دەمەوێت لەکاتی خوێندنەوەدا ئەو راز و نهێنیانە، ئەو پرسیار و دنیابینییە بدۆزمەوە، کە دەق هەڵگریەتی و وا دەکات دەقەکەم لا جوان بێت و چێژی لێ ببینم، یاخود بە پێچەوانەوە، بۆ نموونە دەپرسم ئەوە چییە وا دەکات ئەم دەقە چێژنەکەم، کە ئێستا دەیخوێنمەوە؟

# گفتوگۆ

بەجۆرێکی تر بەدەرکەوتووە. پاشان بیرمان نەچێت خوێندنەوە تەنها لە تێکستە ئەدەبییەکاندا کورت نابێتەوەو دیارە لەپاڵ ئەو خوێندنەوانەدا، ئینسان کتێب لە زۆر بواری تردا دەخوێنێتەوەو ئەوانیش بە جۆرێک کاریگەرییان لەسەرمان دادەنێن، هەرچۆن فیلم و موزیک و.. کاریگەرییان هەیە لەسەرمان.

سەبارەت بەو کتێبانەی باست کردن، پەیوەست دەبن بەو شێوازی گێڕانەوەیەی رۆژهەڵاتەوە، کە من نایشارمەوە سەرسامم پێی. ئەگەر وردتر قسەبکەم، من لە تەمەنێکدا بڕیارم دا ببمە چیرۆکنووس، واتا پێشتر ئەزموونی شیعر یاخود نووسینی رۆژنامەییم نەکردو تا وردە وردە خۆم لە دنیای گێڕانەوەدا ببینمەوە، بەڵکو بڕیارم دا چیرۆک بنووسم. ئەم بڕیارەم، کە لەوەوە دەهات من شتێکم هەیە بۆ گێڕانەوە، وای کرد وردتربم لە مامەڵەکردنم لەگەڵ دنیای گێڕانەوەدا و هەوڵ بدەم بزانم دەمەوێت چی بگێڕمەوەو بۆچی بەکاری گێڕانەوە هەڵدەستم، نەوەک شتێکی تر، بۆ دەمەوێت دەستبەرداری رووبەرێکی فراوانی ژیان ببم، لەپێناو گێڕانەوەدا. دیارە ئەمەش پەیوەندیی بەو بەشەی ترمەوە هەیە، کە نووسەربوونەو من لە ساتێکدا لە خۆمدا دروستم کرد. بەو مانایەی نووسەری ئۆرۆگوایی (کارلۆس لیسکانۆ) لە کتێبی (نووسەر و ئەوی دی)دا باسی دەکات. لیسکانۆ دەڵێت: (هەموو نووسەرێک داهێنراوێکە. کەسێک هەیە، کە رۆژێک نوسەرێک لەخۆیدا دادەهێنێت و ئیدی بۆ خۆی دەبێتە خزمەتکاری. ئیدی لەو ساتەشەوە، ئەو کەسە وا دەژی، وەک ئەوەی دوو کەس بێت. ئەو کەسەی دەیەوێت ببێت بە نووسەر، پێویستە ئەو کەسە لە خۆیدا دروستبکات کە دەنووسێت، یاخود ئەو کەسەی کە هەڵدەستێت بە نووسینی بەرهەمەکانی ئەم. نووسەر پێش ئەوەی خزمەتکارەکەی خەلقی بکات، هیچ بوونێکی نییە... نووسەر هەمیشە دوو کەسە: یەکێکیان نان و پرتەقاڵ دەکڕێت، پەیوەندیی تەلەفۆنی دەکات و دەچێت بۆ کار، پارەی ئاو و کارەبا دەدات، سڵاو لە دراوسێکانی دەکات. ئەوی تریشیان ئەوەیە کە خۆی بۆ نووسین تەرخان دەکات). پاشان من وەک خوێنەر ئەو شێوازی گێڕانەوە رۆژهەڵاتییەم بینی بوو، کە لە حیکایەتەکاندا خۆی نیشان دەدا. لەلایەکی تریشەوە من لەبەردەم ئەو شتەی پێی دەڵێن (چیرۆکی هونەری) پرسیارو گرفتم هەبوو لەگەڵیدا. کە هەستم دەکرد خۆخڵافاندنێکی زۆر هەیە بە کێشە تەکنیکییەکانی چیرۆکی هونەری و زمانی وەستاوی وەسف، بەناوی کوردیی



# زۆرجار دوورییەك یاخود مەودایەك هەیە لەنێوان ئەو کتێبانەی کاریگەریی هەیە لەسەرمان

پاراوەوە و گرفتی داهێنان کە ئەمە سەرەکیترین خەونی چیرۆکنووسانی کوردە. زۆر سەیرە لە دنیای ئێمەدا هەموو نووسەرێک دەنووسێت و خەونی یەکەمی ئەوەیە بە داهێنەر ناوببرێت. دیارە ئەمەش تەڵەزگەیەکی شاردراوە لەخۆیدا هەڵدەگرێت، کە دنیابینی و پرسیارەکان فەرامۆش دەکرێت و ئەوەی گرنگی پێدەدرێت ئەوەیە کارێک بکەیت کە کەس نەیکردبێت. ئەمەش قسەیەکی سەیرە. غەمی تۆ لە هێنانی کەسی دووەمی گێڕەرەوە، بەکارهێنانی فلاشباک و مەنەلۆگ و کۆتایی چیرۆک و بەکارهێنانی تەکنیکی سیناریۆ.. کورت ببێتەوەو خۆت بخافڵێنیت لەوەی دەق دەیەوێت چی بڵێت.

من دەزانم بیرکردنەوەیەکی وا، پێویستی بە جورئەت هەیەو دەبێت لەگەڵ خۆتدا راستگۆبیت و نەترسیت لەوەی ئەوانی تر چیت پێ دەڵێن و چۆن سەیری ئەزموونت دەکەن. واتا لەبەردەم سوپای چیرۆکی هونەریدا، نەترسیت و ئەگەر شتێکت هەیە بۆ گێڕانەوە، بیڵێیت.

پاشان ئەوە بۆ من پرسیاربوو کە کولتوورێکی گێڕانەوەی رۆژهەڵاتیی گەورە هەیە و کوردیش نامۆ نییە پێی و بەجۆرێک بەشدارە تیایدا، بەڵام مایەی سوک سەیرکردنی چیرۆکنووسی کوردە. دیارە دەزانین بەهۆی گرفتی ئایدیۆلۆژیاو بەناوی باڵادەستیی عەقڵەوە، ئەو کولتوورە وەک خورافە سەیرکراوە و دەستەواژەی (ئەمە چیرۆک نییە، حیکایەتە) لە نەزانی و وەهمەوە بۆ سوک سەیرکردنی دەقێک بەکارهاتووەو وا بینراوە ئەو دەقانەی لە دەرەوەی ئەو وێناکردنەن، کە بۆ چیرۆکی هونەری کراوە، دەقی خراپن و سەر بەو رووبەرەی گێڕانەوەیەن، کە حیکایەتە.

بەبڕوای من لەو سەردەمەدا کەسێک هەوڵی ئەو گەڕانەوەیەی داوە بۆ ئەو کولتوورە رۆژهەڵاتییەی گێڕانەوە، بێ ئەوەی ترسی لە ئایدیۆلۆژیستەکان و تۆمەتبارکردنەکانیان هەبێت، عەلادین سەجادییە. ئێمە دەزانین لە رابردووداو لە کولتووری ئیسلامیدا زۆر بەفراوانی کار لەسەر گێڕانەوە کراوەو لەم رێگەیەوە بەشێک لە مێژووش پارێزراوە. بۆ نموونە (البخلاء)ی جاحظ، کە ٨٦٨ز مردووە، چەند چیرۆک و بەسەرهاتی بەخیلەکانی ئەو سەردەمەی نووسیوەتەوە، (اخبار الحمقى والمغفلين)ی ابن الجوزی کە لە ساڵی ١١١٦ز لەدایک بووە و لەو کتێبەدا چەند بەسەرهاتی گەمژە و گێلەکانی نووسیوەتەوە، (کتاب الاغاني)ی ئەبو فەرەج ئەلئەسفەهانی کە لەساڵی ٩٦٧ز مردووە و ئەم کتێبەی هەواڵ و بەسەرهاتی زۆر ئاواز و گۆرانی لەخۆی دەگرێت، فەهرەستی ئیبن ئەلنەدیم، کە بەسەرهاتی زۆر کتێبی گێڕاوەتەوە، کە زۆریان فەوتاون و ئێمە لە رێگەی ئەم کتێبەوە هەواڵی ئەو کتێبانە دەزانین. «حیاه الحیوان الکبری»ی ئەلدەمیری (١٣٤١ز) کە بەرگدروو بووە لە میسر و لە پێناو زانستدا وازی لە کارەکەی هێناوە و چەندین کتێبی نووسیوە (من وا هەست دەکەم ئەم کتێبە وەک ئیلهامبەخشی ئەو کتێبەی بۆرخیس وا بێت کە ناوی «کتێبی بوونەوەرە ئەندێشەییەکان»ەو وەک دەمیری باسی زۆر ئاژەڵ دەکات، بەڵام لای بۆرخیس دەزانین ئاژەڵەکان ئەفسانەیی و ئەندێشەیین. ئەوەی دەمیری لە سەرەتای سەدەی بیست لە هیندستان وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەی چاپ دەکرێت). پاشان زۆر کتێبی تر... کە ژمارەیەکی زۆر رووداو و حیکایەت بەناوی خاوەنەکانیشیانەوە،

# گفتوگۆ

کۆکراونەتەوەو لەژێر ناوێکدا پۆلێنکراون، جا بەخیل، دەبەنگ یاخود عەشق، تەنانەت بابەتگەلی وەک کتێب، ئاژەڵ، بەرد و شا رو وڵاتەکان. تەنانەت هەمووومان بەسەرهاتی ئەسفەهانیمان بیستووە، کە دەڵێن باری چەند حوشترێک دەستنووسی پێبووە، کە گەڕاوە بۆ کۆکردنەوەی حیکایەت و بەسەرهاتەکانی کتێبی الاغانی، کە وەک دەڵێن نزیکەی پەنجا ساڵ خەریکی نووسینی بووە. دیارە نموونەکان زۆرن.

ئاشکرایە کارەکەی سەجادی زیاتر لەگەڵ ئەم جۆرە نووسینەیاندا دێتەوەو هەوڵی کۆکردنەوەی رووداو و بەسەرهاتی داوە. بەڵام ئەم کارە جیاوازە لەو کارانەی لەپێناو پەندو راڤەکردنی بیرۆکەکانیاندا، بۆخۆیان حیکایەتیان دروستکردووە، یاخود نووسیوەتەوە وەک عەتار و شیرازیو کەسانیتر پێی هەستاون. هەربۆیە لای من رشتەی مرواری لە بەسەرهاتە سێکسی و ئیرۆتیکییەکاندا کورت نابێتەوە، بەڵکو لەو گێڕانەوە سادەو زمانە چڕەی گێڕانەوەدا، کە بەناوی وەسف و فلاشباک و شتی ترەوە نەکوژراوە. ئێمە رەنگدانەوەی ئەم کەلەپوری گێڕانەوەیە، لەلای ئیسپانییەکان دەبینینەوە، کە ئەوان دەتوانن بگەڕێنەوە سەر ئەو زمانە کورت و چڕە، ئەو خەیاڵە فراوانەو کاری سەیری پێ بنووسن. تەنانەت من کاتێک ئیدواردۆ گالیانۆ دەخوێنمەوە، لەو حەوت کتێبیەی من بینیومە، لە هەر هەموویدا ئەم نەفەسەی نووسین دەبینین، وەک ئەوەی کۆکەرەوەی بەسەرهات و رووداوەکان بێت و کتێبەکانی بریتین لە چیرۆک و حیکایەتی کورت کورت، کە لە رێگەیەوە خۆی و مێژوویەکی فراوانی ئەمریکای لاتین دەگێڕێتەوە. بەڵام ئەم وەک سەجادی تەنها کۆی نەکردوونەتەوە، بەڵکو بۆ خۆی نووسیونی، یاخود رووداوێکی هێناوە و بۆ خۆی نووسیویەتییەوە.

بەکورتی کولتوورێکی ترکەشفی ئەم جوانی و قوڵییەی ئەم شێوازی گێڕانەوەیە دەکات و نووسەرەکانی کاری گەورەی پێ دەنووسن، بەڵام ئێمە تا ئێستا کە لەناویدا دەژین، پێمان نەنگییە. ئەوە کۆیلۆیە لەسەر حیکایەتێکی هەزارو یەک شەوە، کیمیاگەر بینادەکات، ئەوە بۆرخیسە بە قوڵی رۆدەچێتە ئەم کولتووری گێڕانەوەیەو چیرۆکی هەیە، کە تەنها نەقڵی کردووەو بە ئیسپانی نووسیویەتییەوە... ئەگەر بەم چاوەوە سەیری نووسینەکان بکەین، دەبینین تا چەند نوسەری ئیسپانی زمان بناسیت، ئەوەندە جوانیی ئەم کولتوورە رۆژهەڵاتییەت لە گێڕانەوەدا بۆ دەردەکەوێت. تەنانەت جوبران خەلیل جوبران هیچ کاریگەرییەک لە دنیای ئێمەدا جێناهێڵێت و کۆیلۆ سەرسامە پێی. ئەوە باسی ئەو کەلەپورە سەیرە ناکەین کە تەسەوفو عیرفان هەیەتی لە دنیای گێڕانەوەداو ئێمە دوور بووین لێیەوە. ئەگەرچی من بەشێکی زۆری کارەکانم، گەڕانەوەبووە بۆ سەر ئەم کەلەپورە دەوڵەمەندە.

هەربۆیە من ئارەزوویەکی زۆرم هەیە بۆ نووسین بەشێوازی ئەو کتێبانە، بەو خەیاڵەی لەو حیکایەتانەدا هەیە، بەڵام کاتێک زۆر دواتر کە بۆرخیس و ئێدواردۆ گالیانۆو...م ناسی، قوڵیی ئەو شێوازەم زیاتر بینی. ئەگەرچی من تا ئێستا هیچ کەسێکم نەبینیوە باسی ئەو رەگەی کردبێت، کە من لە گالیانۆدا دەیبینم و تارمایی ئەو شێوازی گێڕانەوە رۆژهەڵاتییەی وەک رشتەی مرواری دەبینم بەسەر کارەکانییەوە.

# له دنیای ئێمەدا هەموو نووسەرێك دەنووسێت و خەونی یەکەمی ئەوەیە بە داهێنەر ناوببرێت

پاشان خۆ دەبێت لە دنیای نووسیندا خەونێکمان هەبێت، تا بتوانین بەردەوام بین و مەرج نەبێت بەو کارە هەستین. نووسینی کتێبێکی واش، ئەو خەونەی منە. ئایا ناکرێت وەک رشتەی مرواری و ئێدواردۆ گالیانۆ، حیکایەتە سەیرەکانی ئەنفال، شەڕی ناوخۆ، شۆڕشی کورد، تەنانەت حیکایەت و بەسەرهاتە سەرسوڕهێنەرەکانی گەندەڵی و لیژنەکانی کوشتن و زۆر شتی تر بنووسینەوە؟

سەبارەت بەو بەشەی پرسیارەکەت کە لەبارەی نەبوونی ناوی نووسەرە بەسەر کتێبەکانەوە، ئاسانترین و ئاشکراترین راڤەکردن ئەوەیە کە پێمان دەڵێت لەبەر هۆکاری ترس بووە. کە لە زەمەنێکدا نووسەر یاخود کۆکەرەوە، نەیوێراوە ناوی خۆی




بخاتە سەر کتێبێک، بۆ نموونە (ئیبن ئەلموقەفەع) نەیوێراوە ناوی خۆی بخاتە سەر هەزارو یەک شەوە. بەڵام بەباوەڕی من ئەمە ناتوانێت راڤەی تەواوەتیی ئەو حاڵەتە بکات. بەڵکو دەکرێت ئێمە لەلایەکەوە گرنگی و سەنگینیی نووسین و کاری گێڕانەوە ببینین لەلای نووسەر یاخود دانەر، زیاد لەوەی غەمی ئەوەی بووبێت ناوی خۆی لەسەر بێت. ئەگینا لە کولتوورێکی ئیسلامیدا نووسین ئەوەندە فێڵی تێدایە، کە نووسەر بتوانێت بەجۆرێک و لە شوێنێکدا ناوی خۆی بشارێتەوە لە کتێبدا. هەرچۆن ئێمە دەزانین شاعیرانی کۆن توانیویانە لە بەیتێکدا، ساڵی لەدایکبوونێک یاخود رووداوێک لە شیعرەکەدا بنووسنەوە. لەلایەکی ترەوە دەشێت ئەمە پەیوەندیی بەو نەرگسیەتەوە هەبێت کە لای ئەو نووسەر یاخود دانەرانە نەبووە و غەمی سەرەکییان کتێبەکە بووە، نەوەک ناوی خۆیان. واتا بەپلەی یەکەم گرنگ کاری گێڕانەوەیە. بیریشمان نەچێت کاتێک هەزارو یەک شەوە دەخوێنینەوە، بە ئاشکرا چەند شێوازێکی جیاوازی نووسین لەو کتێبەدا دەبینین و من لەو باوەڕەدام کە یەک کەس ئەو کارەی نەکردووە. پاشان دەکرێت ئێمە جۆرە سیحر و جوانییەک لەو کتێبانەدا ببینین، کە ناوی نوسەری بەسەرەوە نییە. لە کولتووری ئیسلامیدا، گرنگترین کتێب کە موسوڵمانان پێیان وایە هەموو شتێک لەخۆ دەگرێت و نە ناوی نووسەر نە ناوی نووسەرەوەی بەسەرەوە نییە، قورئانە. وەک ئەوەی بە ناڕاستەوخۆ پێمان بڵێت کتێبە مەزنەکان ئەوانەن نووسەریان نییە.

دیارە سەددام حوسەین بەو چەند رۆمانەی نووسیی، ویستی لاسایی هەمان حاڵەت بکاتەوە. بەوەی ناوی خۆی لەسەر رۆمانەکان نەنووسی، بەڵکو تەنها

لەسەر بەرگەکەی نووسراوە (روایە لکاتبها) دەتوانین وا وەریبگێڕین (ڕۆمانێک هی نووسەرەکەیەتی). ئەگەرچی دوای رووخانی رژێمەکەی، قسەو باسێکی زۆر کرا لەوەی ئایا ئەوانە رۆمانی سەددامن یاخود نا؟ ئایا کەسێک ئەو رۆمانانەی بۆ نووسیوە بە پارە؟ تەنانەت رۆماننووسی میسری وەک جەمال ئەلغیتانی تاوانبارکرا، کە ئەو لە پشت نووسینی ئەو رۆمانانەوە بێت. بە بڕوای من سەددام حوسەین لە پشت نەنووسینی ناوی خۆیەوە چەند مەبەستێکی هەبووە. یەکێک لەوانە لەژێر کاریگەریی ئەو خەونەدا بووبێت، کە کتێبە مەزنەکان نووسەریان نییە و هەربۆیە ئاوا بە شێوەیەکی نادیار و تەومومژاوی نووسراوە (رۆمانێک هی نوسەرەکەیەتی). لەکاتێکدا ئێمە دەزانین دەسەڵاتی سەددام، زۆر لەوە زیاتر بوو، کە دەیتوانی هەرچییەکی بووێت، لە شار و گەڕەک و شەقام بیکات بەناوی خۆیەوە و ئەم رۆمانانەشی وەک مەزنترین رۆمانو کارێکی مەزنیش باسبکرێت. لەلایەکی ترەوە لەوانەیە ویستبێتی بەجۆرێک بڵێت ئەو کەسێکی خۆپەرست و دەردە مەزنیی نییە و یەکێک لە دیکتاتۆرە سەیرەکان نییە، بەوەی ئەو نەرگسیەتەشی نییە، کە ناوی خۆی لەسەر رۆمانەکانی بنووسێت. بەڵام بەبڕوای من سەیرترین نەرگسییەت لەم کارەی سەددامدا هەیە، بەوەی ئەو ویستوویەتی لەو رێگەیەوە مەتەڵێک دابنێت بۆ ئایندە. بەوەی چەند کتێبێک گومان بکرێت هی سەددامە یاخود نا. بەڵام لەوانەیە ئەو بیری لەو خاڵە نەکردبێتەوە، کە مرۆڤ توانایەکی زۆری لە فەرامۆشکردندا هەیە.

***لە نووسینی ئێوەدا بەردەوام هەوڵ هەیە بۆ فراوانکردنی خەیاڵی خوێنەر، واتان لە خوێنەر کردووە گەر شتێک راستیش بێت، ئەو وەک بەرهەمێکی خەیاڵی لێی تێبگات. تەنانەت لە پێشەکیی کۆمەڵە چیرۆکەکانتدا، (کە زۆرجار پێشەکی بۆ هەندێک روونکردنەوە بەکاردێت)، بەڵام لای ئێوە بەپێچەوانەوە، لە پێشەکییەوە چنینی نهێنی و کرانەوەی خەیاڵ دەستپێدەکات، بۆ نموونە لە زارەکانی خەوندا (زارەکانی بابان) باسدەکەن، بۆچی بەمجۆرە نهێنی سازکەرن؟ بۆچی هێند پەلەتانە لە سازدانی نهێنی و خەیاڵکردنەوەدا، کە هەر لە پێشەکیی کتێبەکەوە ئەمە دەستپێدەکات؟ گرنگە بپرسم سیحر و نهێنی (نهێنی) چییە لای ئێوە؟**

_من بۆ خۆم زۆر چێژ لەو دەقانە دەبینم، کە رووبەرێک بۆ من، وەک خوێنەر، دەهێڵنەوەو لەدوای خوێندنەوەی کارەکە، هەست بکەم خەیاڵی منی بەجۆرێک هەژاندووە، کە لەسنوری سەرسام بوونی من بە دەقەکە ناوەستێت، بەڵکو ئەو رازو نهێنییانەی دەقەکە لە خۆیدا هەڵی دەگرێت، من پەلکێش دەکەن بۆ ئەوەی هەست بکەم بەشێکی تری دەقەکە لای منەو ئەوە خەیاڵی منە دەتوانێت پەی پێبەرێت، یاخود هەست بکەم بەشی نەنووسراوی دەقەکە هەیە و لای منە. ئەمەش جیاوازە لەو دەقانەی دەیانەوێت خۆیان وەک کامڵ نیشانبدەن و هەوڵدەدەن هەموو وردەکاری و شتێک بڵێن. ئەمەش پەیوەندیی بە کورت نووسین و درێژ نووسینەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە توانای دەقەکەوە هەیە لە کردنەوەی خەیاڵی ئێمەدا. با نموونەیەک لەو فیڵە بهێنمەوە کە ئەمین باڵدار لەگەڵ خەیاڵی ئێمەدا کردوویەتی بە منداڵی، کاتێک دەڵێت: دارا دوو داری دی، دیارە ئێمە دەزانین ئەو ویستوویەتی

بۆ دووبارەکردنەوەی پیتێک ئەو دەستەواژەیە بەکاربهێنێت، بەڵام ئەو نەینووسیوە دارا لە باخێکدا تەنها دوو داری دی، یاخود لە دەشتێکدا تەنها دوو داری لێ بووە و ئەم بینیونی... بۆ دوانی بینی و یەک یاخود سێ نەبوون؟ ئەو هیچ شتێک ناڵێت، بەڵکو بەجۆرێک لە دڵنیاییەوە دەڵێت دارا دوو داری دی. ئەم وێنەیەش زۆر پێچەوانەی ئەوەی گۆرانە، کە وێنەیەکی ئاشنا بە خەیاڵی ئێمەی کورد دەهێنێتەوە، کاتێک دەنووسێت: کۆمەڵە شاخێک بەرز و گەردن کەش...

من دەزانم خوێنەری تر هەیە چێژ لەوە دەبینێت کە نووسەر توانیبێتی، وردەکاریی شوێن و فەزای رووداوی بۆ بەرجەستە کردبێت. یاخود هەیە چێژ لە رۆچوون بە ناوەوەی کەسایەتییەکان دەبینێت. من کاتێک رۆمانی (ماچی جاڵجاڵۆکە)ی مانۆیل لیم خوێندەوە، کە زیندانییەکی هۆمۆسێکسوێل و چەپێک پێکەوەن و ئەو فیلمانە بۆ یەکتر دەگێڕنەوە، کە بینیویانە.. هەستم دەکرد خەیاڵی خوێنەر دەجوڵێنێت تا هەندێک فیلم دروست بکات و بیگێڕێتەوە، یاخود بیر لەو فیلمانە بکاتەوە رۆژێک بینیونی و سەرسام بووە پێیان. تەنانەت رۆمانێکی بچوکی وەک (خەونەکانی ئێنشتاین)ی ئالان لایتمان، هەستم دەکرد منی هەژاندووە بۆ ئەوەی بەجۆرێکی تر یاخود قوڵتر سەیری زەمەن بکەم و وێنای ترم هەبێت بۆ زەمەن. باوەڕناکەم کەسێک هەبێت لەبەردەم کارێکی وەک (شارە نادیارەکان)ی کالفینۆدا، وێنای چەندین شاری تری نەکردبێت.

وەک پێشتر وتم، من یاسایەکی کۆنکرێتیم نییە بۆ دەق، هەر بەم پێودانگە ئیکۆش، کە کارەکانی گەورەن و دەیانەوێت وەک کامڵ خۆیان نیشان بدەن، لە رووبەرێکی تردا تووشی هەمان حاڵەتم دەکەن. هەربۆیە من وای دەبینم دابەشکارییەک نییە بۆ جوانی و ناشرینی دەق لەسەر بنچینەی پەیوەستبوونی بە واقیع یاخود فەنتازیاوە، درێژی یاخود کورتی نووسینەوە. نا.. بەڵکو پەیوەندیی بە دۆزینەوەی ئەو رووبەرە سەیر و جوانانەوە هەیە کە دەق کاری تێدا دەکات. ئەم بۆچوونە لەسەر نووسینم رەنگدانەوەی هەیە و هەمیشە هەوڵم داوە کە بتوانم خەیاڵی خوێنەر بەرەو ئاڕاستەیەکی تر بەرم یاخود تووشی هەژانی بکەم. من لەو نووسەرانە نیم کە بمەوێت هەموو شتێک بە خوێنەر بڵێم. دیارە ئەمەش پەیوەندیی بە بۆچوونمەوە هەیە بۆ نووسین، کە لای من یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی نووسین، سەرسامکردنە نەوەک گوزارشتکردن‌و بەرجەستەکردن. بۆ سەرسام کردنیش خوڵقاندنی رازو پەنهان گرنگییەکی بێوێنەی هەیە. چۆن شتە سادەکان رازئامێز بکەین، کە من زۆرجار دەق دەبینم تووشی ئەو هەڵەیە کراوە، کە وا دەزانرێت لە رێگەی دروستکردنی فەزای سەیر و سەمەرەو رووداوی لەخۆوە، ئەم سەرسامکردنە دروست دەکرێت. بۆ رازئامێزی، زۆرجار هەوڵی نووسینەوە یاخود شێواندنی کارێکی تر دەدەم و دەمەوێت ئەو توانای سەرسامکردنەی تێدا بدۆزمەوە. دیارە ئەم شێواندنە لە نووسینی مندا ئامادەیی هەیە و من زۆرجار هەڵساوم بە شێواندن و سەرلەنوێ نووسینەوەی چیرۆک یاخود رووداوێکی تر. ئەمەش زۆرجار بۆتە هۆی ئەوەی خوێنەری من، سنوری خەیاڵ و مێژوو یاخود حەقیقەتی لێ ون ببێت. ئەم یارییەش لە پێشەکیی کتێبەکانمەوە دەستپێدەکات، بەتایبەت

من بۆ خۆم زۆر چێژ لەو دەقانە دەبینم، کە رووبەرێک بۆ من، وەک خوێنەر، دەهێڵنەوەو لەدوای خوێندنەوەی کارەکە، هەست بکەم خەیاڵی منی بەجۆرێک هەژاندووە، کە لەسنوری سەرسام بوونی من بە دەقەکە ناوەستێت، بەڵکو ئەو رازو نهێنییانەی دەقەکە لە خۆیدا هەڵی دەگرێت، من پەلکێش دەکەن بۆ ئەوەی هەست بکەم بەشێکی تری دەقەکە لای منەو ئەوە خەیاڵی منە دەتوانێت پەی پێبەرێت




کۆمەڵە چیرۆکەکانم، کە هیچ کۆمەڵە چیرۆکێکم نییە بێ پێشەکیی تایبەت بەکارەکە خۆی، نەوەک لەوجۆرە پێشەکییانەی بیەوێت هەندێک روونکردنەوە بۆ خوێنەر بدات، یاخود تکای لێبکات بە وردی بیخوێنێتەوە. من لەو پێشەکییانەدا کە هەروەک دەقێکی سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵ دەکەم و زۆر چێژ لە نووسینیان دەبینم، تانوپۆی ئەو گەمەیە دادەڕێژم کە لەو کتێبەدا دەمەوێت خوێنەری بەرمە ناو. لەوێوە نەخشەسازیی فەزاو سیمای گەمەکە دادەڕێژم. ئەو دەزانێت میرنشینی بابان چییە، بەڵام لەو پێشەکییەوە بەرەو رووبەرێک پەلکێش دەکرێت، کە دەشێت خەیاڵی بۆی نەچووبێت و زارەکان دروستی دەکەن. دوای ئەوەش کە کارەکە دەخوێنێتەوە، خەیاڵی بۆ جێگەیەکی تر دەڕوات، کە دەشێت زیاد لە سنووری دەقەکە بێت و دەشتوانێت بەردەوامی بدات بە کتێبەکەو لە هەڵدانی زارەکان بەردەوام بێت و چیرۆکی تریان پێ دروست بکات. هەرچۆن لە تیناو چیرۆکە ئەندێشەکراوەکاندا، من دە چیرۆک بۆ یەک ناونیشان کە وێنەو ئاوێنەیە، دەنووسم و خوێنەریش دەتوانێت درێژە بەو گەمەیە بدات و چیرۆکی تر بۆ ئەو ناونیشانە بنووسێتەوە. لە پێشەکیی فریو و خۆحەشاردراندا باسی ئەو دە چیرۆکە دەکەم کە دەبوو بمنووسیبانایە و لەو کتێبەدا بوونایە، بەڵام نەمنووسین و دە چیرۆکی ترم نووسی، ئایا لەو ساتەدا خوێنەر چەند چیرۆکی خۆی بیردەکەوێتەوە، کە هەیەتی و نەنووسراونەتەوە؟ گێڕانەوە لای من بۆ تەفسیرکردن و پێناسەکردنی شتەکان نییە، بە ئینسان و کۆمەڵگە و هەر چەمکێکی ترەوە، ئەوەندەی دروستکردنی وێنایەکی ترە بۆیان. وەک ئەوەی هەوڵی پێناسەکردنی چاکەو خراپە نەدەیت، ئەوەندی وێنایەکی تری بۆ بکەیت. لای من توانای دەق لەسەر ئەم وێناکردنانە وەستاوە، نەوەک پێناسەکردن.

لەوانەشە ئەو کتێبە بچوکەی ئیتالۆ کالفینۆ (ست وصایا للالفیه المقبلە) گرنگییەکی زۆری هەبووبێت لەسەرم، کە لە تەمەنێکی زوودا خوێندمەوە و لە یەکێک لە بەشەکانیدا باس لە گرنگیی کورتنووسین یاخود چڕکردنەوە دەکات، لای رۆماننووس.

***تۆ پێت وایە وشەکان ژیانیان خولقاندووە، وەک لە چیرۆکی ( ئەندێشەی پیت)دا ئەم قسەیە دەکەیت؟ سیحری وشە لە چیدایە لاتان؟ ئێوە لە زۆربەی کارەکانتاندا زۆر گرنگی بە وشە دەدەن، هاوکات ژمارەش. دەمەوێت لەسەر هەردووکیان قسەبکەن، چونکە ناوی چەندین چیرۆکی خۆتان هەیە تایبەتە بە وشە و ژمارە؟**

ـــ دەمەوێت شتێک بڵێم لەبارەی خوێندنەوەمەوە. من زیاتر وەک خوێنەرێکی ئارەزوومەندم، بەو مانایەی وەک کەسێک کە سەرقاڵی لێکۆڵینەوە بێت، من کاری خوێندنەوەم نەکردووەو هەرگیز ئارەزووم لە خەت هێنان نەبووە بە ژێر دێڕو پەرەگرافی ئەو دەقانەی دەیانخوێنمەوە. دەشێت ئەمە لەلایەنێکەوە زەرەری لێدابم، بەڵام لە روویەکی ترەوە زۆر سودمەندبووم لێی و یارمەتیدەرێکی باشم بووە بۆ تێرامان و گەڕانم لەو ئەندێشە چیرۆکنووسییەی هەمە. من حەزێکی زۆرم لە گرنگی دانە بەلایەنی مێژوویی یاخود گەشەکردنی چەمکێک، ئەمەش لە چیرۆک و رۆمانەکانمدا رەنگی داوەتەوە. بۆ نموونە من رۆژانێک سفر بوو بە پرسیار لەلام. بیربکەرەوە ژیان سفری تێدا نەبوایە و لەسەر رژێمی ژمارە رۆمانییەکە برۆشتینایە، کە سفری تێدا نییە، بیرکردنەوەی مرۆڤ دەگەشتە ئەم ئاستە؟ سفر چییە، ئەم شتە بێبەها پڕ بەها سەیرە، کە جیاواز لە ژمارەکانی تر، نوێنەری بوون و نەبوون دەکات لە یەک کاتدا. ئیدی بەدوایدا چووم و ئەوەندەی پێم کراوە لەسەریم خوێندووەتەوە، کە بەراستی یەکێکە لە دۆزینەوە سەیرەکانی عەقڵی مرۆڤ. بەهەمان شێوە سێگۆشە و سیحر و گرنگی.. یاخود سەفەری چەمکی خودا لە دیاردەی سروشتییەوە بۆ فیگۆری مادی و دواجار بوونی بە وشە. تەنانەت بێکۆتایی، کە لە ماتماتیکدا هێمای خۆی هەیە و لێکۆڵینەوەی زۆر سەیر و جوان هەیە لەسەر چەمکی بێکۆتایی. یاخود گەردووناسی و فیزیا، کە خەیاڵ رۆڵێکی گرنگی تێدا دەبینێت. باشە دەکرێت وێنای ژیانمان بکەین لە دەرەوەی زمان؟ تۆ وەک چیرۆکنووسێک بیر لە دروستکردن و گەشەکردن و تێگەشتن لە




وشە بکەرەوە، بەدرێژایی ئەو مێژووەی هەیەتی، کە بێگومان هاوشانی مێژووی مرۆڤ خۆی نییە و لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤدا زمان نەبووە وەک زانست پێمان دەڵێت. بەڵام ئەم رازە سەیرە، گرنگییەکی زۆری هەیەو ئاینیش کاری لەسەر کردووەو پێمان دەڵێت کە خوداوەند وشەکانی فێری ئادەم کرد (ئێمە دەزانین لەم دیدەوە، چۆن هەندێک عەرەب کاردەکەن لەسەر ئەوەی یەکەم زمان عەرەبییەو دایکی هەموو زمانەکانە و چۆن لە لەوح ئەلمەحفوزەوە دێت و ئێرە شوێنی ئەو گفتوگۆیە نییە، کە دیارە جگە لە باوەڕ، هیچ لۆژیکێک لە پشتییەوە نییە و پرسیاری زۆر سادە تەمی ئەم وەهمە دەرەوێنێتەوە). بەڵام بۆمان دەردەکەوێت وشە یەکێکە لە تواناو دەسەڵاتە گرنگەکانی خوداو دەشزانین لە ئینجیلدا وشە چ پێگەیەکی هەیە.

لەم بۆچوونەوە تێدەگەین کە ئەوە وشەیە توانای خولْقاندن و رووداو دروستکردنی هەیە.
ئەگەر وشە نەبوایە، بیرکردنەوەی مرۆڤ چۆن دەبوو؟ بەڵکو مرۆڤ بۆ خۆی چی دەبوو؟ ئەوکاتە یادەوەریمان چۆن دەبوو؟ لە چ ئاستێکی بیرکردنەوەدا دەبووین و زۆر پرسیاری تر. پاشان سەیری کاریگەری و رۆڵی وشە لە سروت، جادوو، ئایدیۆلۆژیا و تەنانەت زاراوەکان و لایەنەکانی ژیاندا بکە. تەنانەت سەیری چەمکی ئیمان و قوربانی و خەونی نەمری بکە لە مێژوودا. لەلایەنێکدا دەتوانین مێژووی مرۆڤ و گەشەکردنی، لە زماندا ببینین. دەمەوێت بڵێم کە زمان وەک رژێمێکی سەربەخۆ گەشەدەکات و ئەوە مرۆڤە لەناو ئەم رژێمەدا دەژی، نەوەک بە پێچەوانەوە. ئەوە زمانە شەڕ دەکات و ململانێ دەکات و وێنای ژیان و جیهانمان بۆ دەکات. من گرنگییەکی زۆر دەدەم بەم چەمکە ئەبستراکتانە و هەروەک ئەو چەمک و رووداوانە دەیانبینم، کە راستەوخۆ پەیوەندییان بە ژیانمانەوە هەیە، وەک خۆشەویستی، تاوان، دادپەروەری.

***لە پێشەکیی کتێبی زارەکانی خەوندا دەڵێن: (پاش ئەوەی لە نهێنیی زارەکان تێگەیشتین، ئەوکات هەستمان بە سەختیی ئەو نەهامەتییە کرد، کە میرنشینی بابان تێیدا ژیاوە، ئەویش نەبینینی خەون بووە، کە لە رێگەی ئەم زارانەوە قەرەبوویان کردووەتەوە)، پرسیارەکە ئەوەیە، چۆن زارەکان دەبنە نهێنییەکی میرنشینی بابان؟ زارەکان و نەبینینی خەون پەیوەندییان بە چییەوە هەیە؟ زارەکان خۆمان دروستی دەکەین بۆئەوەی خەون ببینین. مەبەست لە خەونبینین چییە؟**

_وێناکردنێک هەیە بۆ دەق، کە وەک ژیان یاخود جیهانێکی سەربەخۆ و تایبەت دەیبینێت، بەڵام کاتێک باس لە ئەزموونێک دەکەین، پێوستمان بەوە هەیە ئەم جیهانە بچوک یاخود لۆکاڵیانەی ناوی دەقە، ببەستین بە دەرەوەی خۆی و جیهانەکانی تری دەرەوەی. زۆرجار تێگەشتن لەو سەردەمەی دەقێکی تێدا دێتە بوونەوە، کۆمەکمان دەکات باشتر لێی تێبگەین یاخود چێژی لێ ببینین. بۆ نموونە چێژی خوێنەرێک کە هیچ لەو سەردەمی سوارچاکییە نەزانێت، کە دۆن کیخۆتەی تێدا نووسراوە، جیاوازی دەبێت لەو خوێنەرەی ئاگادارییەکی هەیە. تەنانەت رۆمانێکی چینیی وەک (دەسماڵی سوری)ی جی لی یانج، کە ئەگەر خوێنەر هیچ شارەزایی لە شۆڕشی رۆشنبیریی سەردەمی ماو نەبێت، کە چی بە ئینسانو کەرامەتی ئینسان کراوە لە چیندا، لەوانەیە نەتوانێت، چێژی لێ ببینێت. هەربۆیە دەمەوێت کەمێک لەو سەردەمە بدوێم، کە ئەو کۆمەڵە چیرۆکەم تێدا نووسی و ئەو زارانەم چۆن دروستکرد.
ئەو کاتەی زارەکانی خەونم تێدا نووسی، لە دوا ساڵی نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا بوو. پێشەکییەکەی و پێنج چیرۆکیم لە سلێمانی نووسی و پێنج چیرۆکەکەی تریم لە شاری ئەنکەرە لە تورکیا نووسی، دوای ئەوەی بە هەزار ترس و لەرزی خاڵی پشکنیندا ئەو بەشە نووسراوەیم لەگەڵ خۆمدا دەرکرد، چونکە تورکەکان لەسەر وشەیەک، کتێبێکی کوردی یاخود وێنەیەک... سووکایەتیی دنیایان بە مرۆڤ دەکردو لەوانەبوو تووشی گێچەڵت بکەن. بەتایبەت بۆ کەسێک نەوەک پاسپۆرتی وڵاتێکی تری پێ نییە، بەڵکو پاسپۆرتێکی تەزویری پێیە و کوردێکە. بەهەرحاڵ دواتر بە خزمێکمدا

ناردمەوە بۆ رامیار مەحمودو ئەویش لە ساڵی ٢٠٠١ لە چاپخانەی رەنج چاپی کرد.
ئێمە ئەو نەوەیە بووین کە گەنجێتیمان کەوتە دۆزەخی بەعس و نەوەدەکانەوە. بەشێکی ژیانکردن بوو لەناو ئەو رژێمە تۆقێنەرەدا، کە مەکینەیەکی گەورەی کوشتن و وێرانکردنی ئینسان بوو، رژێمێک بوو تەنانەت وای دەکرد مرۆڤ لە هەندێک خەون و خەیاڵی خۆی بترسێت. بەشەکەی ترمان کەوتە ناو ئەو گۆڕانکارییانەی دنیا و ناوچەکەی گرتەوە، هەر لە رووداوی راپەرینەوە بۆ دارمانی بلۆکی رۆژهەڵات، بۆ هەڵکشانی شەپۆلی ئیسلامی سیاسی تا تاڵانکردنی وڵات و گرانییەکی ترسناک، بۆ شەڕی ناوخۆ و کوشت و کوشتارێکی هەڕەمەکییانە و شەپۆلەکانی سەرهەڵگرتن و خۆدانە دەست ئاوی ئیجە. کە بە راستی تا ئێستاش کە بیر لەو ساڵانە دەکەمەوە، وەک تونێلێکی تاریک دێتە بەرچاوم. دۆزەخ بوو بەمانای وشە. ئەوەی گرفتێکی گەورەبوو، کە تا ئێستاش تارمایی ماوە، داخران و بێ ئاسۆبوونی ئینسانەکان بوو. بەومانایەی ئێمە کەوتینە ئەو دۆخەی، کە دەتوانین پێی بڵێین کۆمەڵگەی بێ ئومێدی. ئایدیای چەپ لە قەیرانێکی قوڵدا بوو لە ناوچەکە و جیهانیشدا، ئەوانەش بەناوی شۆڕشگێڕی و نەتەوەوە کاریان دەکرد، وڵاتیان تاڵان دەکرد و وێران دەکرد، لە شەڕی ناوخۆ و کەرتکردنی وڵاتدا و تا دەهات ئێمە وەک زیندانییەکمان لێدەهات لەو شارانەی تیایدا دەژیاین و بووبووە موڵکی سیاسیی لایەنێک. ئەو سەردەمە سەفەرێکی شاری هەولێر یاخود بەپێچەوانەوە، پڕ مەترسی و زەحمەت بوو.. خەونێک بوو بۆ خۆی. شەپۆلێکی ئیسلامیی شەڕکەر زۆر وڵاتی گرتبووەوە. هەڕەشە بەردەوامەکانی عێراق و تورکیا و ئێران.. ئەوکات سلێمانی دۆخێکی زۆر سەخت و مەترسیداری هەبوو، چونکە لەگەڵ گەمارۆی ئابووری سەر عێراق، عێراقیش گەمارۆی خستبووە سەر کوردستان. لەکاتی شەڕی ناوخۆشدا زۆرجار لەلایەن پارتییەوە گەمارۆ دەخرایە سەر ئەو ناوچەیەی لەژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا بوو. گرفتەکە ئەوەبوو سلێمانی سنوری بەو بەشەی عێراقی ئەوکات و ئێرانەوە بوو، لە ئێرانەوە زیاتر مەسینە و نەعل و شتی وا دەهات، بەڵام زۆربەی خۆراک لە تورکیاوە دەهات. ئیتر کە پارتی رێگەی بگرتایە، ئەوا کارەسات بوو.. ئەمەش زۆرجار رووی دەدا. وای لێهاتبوو لەبەر گرانیی شەکر، زۆر ماڵ خورمای دەخوارد بە چاوە، ئەگەر چای هەبوایە. ئارد پڕبوو لە گەچ.. ئیتر ئینسانەکان خەونێکیان نەمابوو بۆی بژین جگە لە بیرکردنەوە لە هەڵهاتن و خۆدەربازکردن، کارکردن



# گفتوگۆ

لە دەواجن و کورە خشتەکانی ئێران یاخود خۆدانە دەست قاچاخچی و بڕینی دەریا و سنورەکان بەرەو ئەوروپا. ئەو بەدبەختانەش زۆربوون کە لە بێکاریدا ناچاربوون چەک هەڵبگرن و ببنە سوتەمەنیی شەڕی ناوخۆ. تۆ دەتوانی وێنای ئەوە بکەیت کە کۆمەڵگەیەک خەونێکی نەبێت بۆی بژی.. بێ ئومێدی و بێ ئایندەیی باڵ بەسەر هەموو شتێکدا بکێشێت، دیارە خولقاندنی ئەم دۆخە، بەجۆرێک تا ئێستاش تارمایی بەسەر کۆمەڵگەی کوردییەوە ماوە. شتێکی چەند سەیرە لە چرکەساتێکی مێژوویدا ئازادی و بێ ئومێدی پێکەوە گرێبدرێن. کاتێکیش مێژووی میرنشینەکان و بەتایبەت بابان دەخوێنیتەوە، لە زۆر ساتیدا هاوشێوەی ئەو مێژووەت دەستدەکەوێت کە ئێمە تیایدا ژیاین. ئیتر بیرکردنەوەی من لەوەوە بوو، کە لە کۆمەڵگەیەکی وادا، کە بە ئۆردووگایەکی گەورەی دەکرد، ئایدییایەکی نەبێت بۆی بژی، توانای خەونبینین و ئومێد بە ئایندەی نەبێت و ئینسانەکان بێئیرادە کرابن.. کەسانێک هەن جۆرێک لە زار دروستدەکەن کە پیتەکانی لەسەر هەڵکۆڵدراوە تا لەو ڕێگەیەوە خەونببینن، چیرۆک دروستبکەن و ئومێدێک بگێڕنەوە بۆ خۆیان. واتا لە پشت ئەو زارانەوە، مێژوویەکی تاریک هەیە، کە ئینسانەکان ئایدییایەکیان نییە بۆی بژین. لە ئاستێکدا ئەوەی ئێمە جیادەکاتەوە لە بوونەوەرەکانی تر، ئەو توانای خەونبینین بە ئایندە و ئایدیایانەیە، کە هەمانە. دەشێت بوونی خەون یاخود ئایدیا، خاڵێکی جیاوازیی نێوان ئینسانی ئازاد و کۆیلەش بێت، کە دیارە لەو شارستانییانەی کۆیلەبازییان کردووە، پایەی کۆیلە هیچ بەرزتر نەبووە لە ئاژەڵ. کۆیلەش ئەوکاتە لە کۆیلەیەتی کەوتووە، کە توانای خەونبینی هەبووبێت.

چەند سەخت و سەیرە هەست بکەیت ئەو ساتەی تێیدا دەژیت، لەبەرگیراوەی ساتێکی تری ناو مێژووە. وەک ئەوەی تۆ لە نووسخەیەکی کۆپیکراوی میرنشینی باباندا بژیت. ئیدی بۆ ئەوەی من لەو ساتە بە ئازارە دەربازببم، پێویستم بەوەبوو لە نووسخە ئەسڵییەکەدا، کە میرنشینی بابانە، خەون بۆ خۆم و نەوەکەمان بگێڕمەوە، توانای گێڕانەوە و نووسینەوەی بەسەرهات و ڕووداوەکانمان هەبێت. هەربۆیە من باسی ئەو چیرۆک و خەونانەم نەکردووە، کە لە ڕێگەی ئەو زارانەوە گێڕدراونەتەوەو بینراون، بەڵکو ئەو زارانەی نووسخە ئەسڵییەکە، واتا میرنشینی بابان، دەگاتە دەستی ئەم نەوەیەو ئەمان چیرۆکی خۆیانی پێ دەگێڕنەوە.

***مەبەست چییە لەوەی کە خەڵک بە ئەفسانەکان دەژین، نەک بەو ڕووداوانەی سیحری حیکایەتەکان دەکوژێت؟ (لە چیرۆکی یاقوتی ئازاردا ئەمە دەڵێن). پێت وایە بۆ بەسەرچوونی هەر ئەفسانەیەک، دەبێت ئەفسانەیەکی دی سازکرێ؟ ئایا (دۆزینەوەی ئاڵتون لە چیرۆکی ئەفسانەیەکی تردا) خۆی لەخۆیدا ئەفسانەیەک نییە بۆ دەرچوون لە ئەفسانەکەی پێشوو؟**

_دروست وایە. با پرسیارەکە بەم شێوەیە بکەین: ئایا ژیان لە دەرەوەی ئەفسانەکان و بەبێ ئەفسانە، دەشێ؟ دیارە لێرەداو لە رووکەشدا چ زانست، چ ئایدۆلۆژیا فێڵێکمان لێدەکەن، بەوەی خۆیان وەک نوێنەری عەقڵ نیشان دەدەن و لە سەردەمێکدا کە بانگەشە بۆ باڵادەستیی عەقڵ دەکرا، لەگەڵیدا وەک سەردەمی ماڵئاوایی لە ئەفسانەکان خۆی

نیشان دەدا. بەڵام کاتێک لەم هاوکێشەیە ورد دەبینەوە، دەبینین ئێمە لەگەڵ وەهمێکدا رووبەڕووین، بەوەی کوشتنی ئەفسانەکان، بە ئەفسانەیەکی تر دەبێت و زانست و عەقڵیش دەبنە ئەفسانەیەکی نوێ. هەرچۆن لێدان لە دروشمێک، لە حیکایەتێکی سیاسی.. بە دروشم و حیکایەتی تری سیاسی دەبێت. ئیتر دروشمەکان و حیکایەتە نوێکان، چەند ماقوڵ و گونجاو و لۆژیکی ترن، ئەوە مەسەلەیەکی ترە. بۆ نموونە ئێستا لە ئەوروپادا، کە شەپۆلی دژە پەناهەندە و راسیزم بەگشتی لە هەڵچووندایە، لەسەر ئەوە نەوەستاوە کە حیکایەتەکەیان یاخود ئەو ئەفسانەیەی هەیانە، ئەو وێناکردنەی بۆ کۆمەڵگە و تەنانەت پەناهەندە هەیانە، چەند لۆژیکیترە بۆ نموونە لە حیکایەت و دروشمی سۆسیال دیموکرات یاخود پارتی سەوز. لەکاتێکدا وێران بوونی ئەوروپا لە جەنگی جیهانیی دووەمدا، مێژوویەکی زۆر دوور نییە و تا ئێستاش خەڵک هەیە لە جیهاندا کە لەو جەنگەدا ژیاوە. یاخود دروشمی چەپەکان لەگەڵ راستڕەوەکاندا. بۆ گروپە ئاینییەکانیش بەهەمان شێوە. خاڵی گرنگ لێرەدا، هێزی ئەفسانەو حیکایەتەکانیانە لە وێناکردندا. وەک ئەوەی شەڕی نێوان مرۆڤەکان، شەڕی حیکایەت، دروشم و ئەفسانەکان بێت و لە رێگەی مرۆڤەوە بیکەن. هەرچۆن مرۆڤ لە یاریی شەترەنجدا، بە وێنەی قەڵا و ئەسپ و سەربازەکان دەجەنگێت.

دوای راپەڕین لەپاڵ گرفتە ئابورییە خنکێنەرەکاندا، کە زۆر هەن بەناوی دەستکەوتەکان و لەپێناو دروشمەکاندا دەیانەوێت لەبیر خۆیانی بەرنەوە و باس نەکرێت یاخود شەرم لە باسکردنی دەکەن، ئەگینا چەند ئازادیی هێنا، ئەوەندەش کەرامەتی مرۆڤی تێدا شکێنرا، تا ئەو ڕادەیەی لەپێناو کەمێک خۆراک، یاخود پارەی یارمەتییەکدا، خەڵک ناچارکراوە لەشی خۆی بفرۆشێت، تەنانەت خەڵک هەبووە بژێویی لەسەر تەرمی سەربازە ئێرانییەکان بووە، کە لە شەڕی عێراق-ئێراندا کوژرابوون و دوای ئەوەی لە دۆڵ و قەدپاڵەکاندا دەدۆزرانەوە، لە رێگای مەدالیای ملیانەوە دەزانرا ئێرانینو ئێسکوپروسکیان دەکرایە گوێنییەوە و دەبران لە سنورەکان دەفرۆشرانەوە بە ئێران. لەدوای دەڕاسەیەکەوە چەندین ئافرەتی بەدبەخت و سیاچارە دەڕۆشتن و گوڵەوەچنێیان دەکرد... هەموومان ئەم حیکایەتە سەیر و ئیشە سەیرانە دەزانین و بیستوومانن، ئەمەش ئەو رووبەرەیە کە مێژوو فەرامۆشی دەکات، چونکە مێژوو رووداوە گەورەکان، دەسکەوت و شکستەکان دەنووسێتەوە (دیارە زۆرجار بە درۆو شێوێندراوی). ئەوە کاری چیرۆکنووس و رۆماننووسە بگەڕێنەوە سەر ئەو رووبەرە فەرامۆشکراوانە و کاری تێدابکەن. بەهەرحاڵ لەو دۆزەخەدا، کۆمەڵگەی ئێمە بووبووە مەیدانێکی سەیری شەڕی دروشم و حیکایەتی حیزبەکان، ئێستا تا رادەیەک باشترە. ئەوکات دیوارەکان پڕ دەبوون لە نووسین، لافیتە بێشومار دەنووسرا، رێپێوان و خوتبە و.. بە راستی دەتوانین ناوی ئەو سەردەمە بە (ژیانکردن لەناو دروشمدا) ناوبەرین. تەنانەت من لە دواکارمدا (خواجە نەسرەدین...) هەوڵم داوە بگەڕێمەوە سەر ئەو سەردەمە پڕ لە ئازارەی تێیدا ژیاین.

(چیرۆکی ئەفسانەیەکی تر) لەوکاتەدا کارکردنی من بوو لەسەر دۆخێکی ئاوا دۆزەخی. چۆن

مێژوو رووداوە گەورەکان، دەسکەوت و شکستەکان دەنووسێتەوە (دیارە زۆرجار بە درۆو شێوێندراوی). ئەوە کاری چیرۆکنووس و رۆماننووسە بگەڕێنەوە سەر ئەو رووبەرە فەرامۆشکراوانە و کاری تێدابکەن

دروشم و حیکایەتە نوێکان، جارێکیتر دۆزەخێک دەخوڵقێنن و بە بەهەشتیش خۆیان وێنادەکەن. چۆن کۆمەڵگەیەک لەناو دۆزەخی دروشمەکانی بەعس دەربازی دەبێت و دەکەوێتە ناو کۆمەڵێک دروشمی ترەوە، کە بەناوی بەهەشت و ئازادی و دیموکراسییەوە قسەدەکات، بەڵام بەجۆرێکی تر کەرامەتی ئینسانی تێدا دەشکێنرێت و کوشتوبڕ دەبێتە دۆخێکی ئاسایی. لەم دۆخەدا ئەوەی ترسناک بوو، ئەوەبوو کە هەمیشە هەستێکیان دەدا بە مرۆڤ، کە چاوەڕوان بێت ئەم دۆخە تێدەپەڕێت. هەرچۆن دایک و باوکی نوور لە چیرۆکەکەدا بەردەوام داوای لێدەکەن لەبەر خاتری خۆشگوزەرانیی ئەمان، ددان بەخۆیدا بگرێت و تەحەمولی ئازاربکات.

ئەو چیرۆکە لە کتێبی زارەکانی خەوندا، واقیعیترین چیرۆکیانە، چونکە ئەوکاتە لە بەرانبەر قسەی هەندێک کەسدا، کە هەمیشە لە دنیای ئێمەدا هەستی نوێنەربوون ئامادەیی هەیە و کەسانێک هەن لە خۆیانەوە دەبنە نوێنەر، ئیتر بۆ شیعر بێت یاخود چیرۆک و.. تۆمەت دەبەخشنەوە بەوەی نەزان و نەشارەزایت. من لەو کارەدا دەمویست ئەوە نیشان بدەم کە دەتوانم چیرۆک بەو شێوەیە بنووسم و بگێڕمەوە. لە ڕۆژنامەیەکی عەرەبیدا خوێندبوومەوە، کە کچێک بەناوی نوورەوە، بیرم نەماوە لە چ وڵاتێک بوو، چاوی شووشە دەردەکات. ئیدی من ئەو هەواڵە ڕۆژنامەییەم هێناو ئەو کارەم لەسەر بیناکرد، کە چۆن حیکایەت و ئەفسانە نوێکان، بەناوی بەهەشتەوە دۆزەخ دەخوڵقێنن. بەواتا گۆڕینی هەواڵی ڕۆژنامەیەک بۆ دەقێکی ئەدەبی.

***لە زۆربەی بەرهەمەکانی ئێوەدا، شتێکی گرنگ هەیە، ئەویش چیرۆک لەناو چیرۆکدا. واتە کەمترین چیرۆکتان هەیە کە بە چیرۆکی تر بارگاوی نەبێت، بۆچی؟ ئەم فرە چیرۆکییە چییە لای ئێوە؟ ئایا بڕوات بە چیرۆکی یەکەم نییە، وا چیرۆکی دی سازدەکەیت؟ یان پێت وایە ئەمە پێویستیی چیرۆکەکان خۆیانە؟**

_من نازانم تێگەشتنمان بۆ دەستەواژەی (پێویستی چیرۆک) چییە، چونکە دەشێت هەرکەسێک بەجۆرێک لەم وشەیە بڕوانێت و لێی تێبگات. بەهەرحاڵ من هەمیشە گرفتم لەگەڵ ئەم جۆرە پرسیارانەدا هەیە، بەوەی زۆر جیاوازە لەوەی کە لێت بپرسن تۆ هاندەری چ تیپێکیت، کە بە یەک وشە، یاخود ڕوونکردنەوەیەکی کەم وەڵام دەدرێتەوە. چونکە پرسیارێکی وا پەیوەندیی بە بیرکردنەوە و دنیابینی و منداڵی و خوێندنەوە و ئارەزوومان لە چۆنییەتی گێڕانەوە و زۆر شتەوە هەیە. دەشێت زۆر شت بەشداربێت لە پێکهاتنی ئەو دیدەی بۆ نووسین یاخود گێڕانەوە هەمانە و تەنها یەک پاڵنەر نەبێت. مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاڵۆزە و چەند زانست و فکر و ئەدەب هەوڵی ڕاڤەکردنی ئەم بوونەوەرە بدات و ڕووە پەنهانەکانی ئاشکرا بکات، ئەوەندەی تر ئاڵۆز دەبێت. لە ڕووبەڕووبوونەوەی پرسیارێکی وادا، من ڕووبەڕووی ئەو ئاڵۆزییە دەبمەوە، بەوەی دەبێت وەک کەسێکی تر لە خۆم بڕوانم و بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بڕۆم، کە لەوانەیە ڕەگی لە زۆر ڕووبەری شاراوەدا بێت.

دەشێت زیاد لە ڕەهەندێک و زیاد لە هۆکارێک، چ لە ئێستا یاخود لە ڕابردوومدا، پەیوەندییان بە دیدگای منەوە هەبێت. مرۆڤ کەڵەکەبوونی خوێندنەوە و بیرکردنەوە و ئەزموونەکانییەتی.

# مرۆڤ کەڵەکەبوونی خوێندنەوە و بیرکردنەوە و ئەزموونەکانییەتی

لەوانەیە رەگی ئەم پارچە پارچە بوونەی گێڕانەوەو چیرۆک لەناو چیرۆک لای من، پەیوەندیی بە منداڵیمەوە هەبێت. یەکێک لەو شتانەی لە منداڵیمدا سەرسامییەکی زۆرم هەبوو بۆی، یاریی میکانۆ بوو، کە لە رێکخستن و پێکەوەنانی پارچەی بچوک، فۆرمی جیاواز جیاوازی پێ دروست دەکرێت. پاشان من ئارەزوویەکی زۆرم هەبوو بۆ سەیرکردنی نەخشە، کە لە ناوچەو پارچە جیاوازەکان پێکدێت. بیرمە خاڵم ئەتڵەسێکی هەبوو، کە من بە سەعات بە سەیرکردنییەوە دادەنیشتم و زۆر چێژم لێ دەبینی. کاتێک سەیری گۆی زەوی دەکەیت، چەند رووبەری جیاواز، بە رەنگی جیاواز دەبینیت. تۆ ئەگەر بتەوێت لەبارەی ئەفریقاوە بدوێیت، یاخود وردببیتەوە، ئەوا پێویستت بە دوان یاخود سەیرکردنی ئەو ناوچە و جەنگەڵ و وڵاتە جیاوازانە دەبێت، کە ئەفریقا




پێکدەهێنن. هەرچۆن کاتێک باس لە رووداوێکی مێژوویی دەکەین، بۆ نموونە کۆماری مهاباد، تۆ بەناچاری بەسەر چەندین رووداوی تری وەک بارودۆخی ئەو ناوچانە لە کاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا، دەکرێیتەوە و بە کۆی ئەو رووداوانە، دەتوانیت وێنای ئەوە بکەیت کە روویان داوە. من بەمنداڵی وا ناسرابووم کە یاری زۆر زوو دەشکێنم، لەکاتێکدا ئەمە وانەبوو، بەڵکو حەزێکی زۆرم لە سەیرکردنی نەخشەی ناو یاری و رادیۆ و ئەو پارچە بچوکانە هەبوو، کە تا ئێستاش ئەم حەزەم ماوە و چێژ لە سەیرکردنی ئەو نەخشانە دەبینم، کە چۆن بە ترانسستۆرو شتی بچوک بچوک، رادیۆ یاخود ئۆتۆمبیلێک دروستدەکرێت. کە پارچەیەکی وا بچوک بەتەنها بەهایەکی نییە و لەو نەخشەیەدا کاری گرنگ دەکات. ئیدی ئەم دەستکاری کردنەی من دەبووە هۆی شکاندنی ئامێرەکە. من تا ئێستاش بۆ یەکجار هەوڵم نەداوە لەبارەی چۆنییەتی پێکهاتن و کارکردنی ئەو نەخشەی ئامێرانەوە شتێک بخوێنمەوە، تا نەبێتە هۆی کوشتنی ئەو سەرسامییەی هەمە بۆ سەیرکردنیان. مەبەستم لەوەیە ئەم دیدە پارچە پارچەیە لە گێڕانەوەدا پەیوەندییەکی بە منداڵیمەوە هەیە.

ئیدی لەگەڵ گەورەبوون و خوێندنەوەشدا، ئەم بینینەم فراوانتر بووە، بەتایبەت کە ئاشنای ئەو شێوازی گێڕانەوە رۆژهەڵاتییە دەبم، کە بەم جۆرە کاری کردووە. تەنانەت تا ئێستاش و دواکارم، ئەم پارچە پارچە بوونە لە گێڕانەوەو ئامادەبوونی چەندین چیرۆک لە دەقەکەدا، ئامادەیی هەیە. بەڵام هەوڵم داوە بوارێک بۆ گەمەکردن لە گێڕانەوەدا بخولقێنم، چونکە چێژ لەم یاریکردنە دەبینم. زۆرجار

# گفتوگۆ

ئەو چیرۆکە ناگێڕمەوە، کە لەسەرەتادا باسی دەکەم و چیرۆکێکی تر دەگێڕمەوە. چونکە وەک لە جێگایەکی تردا وتم، من لەپێناو سەرسامکردندا، دەگێڕمەوە. دیارە ئەمەش پەیوەندی زۆری بەو شێوازەوە هەیە، کە من لە گێڕانەوەدا دەیگرمەبەر. پاشان بەشێکی زۆری گێڕانەوە، بەتایبەت لە رۆماندا، کرانەوەیە بەسەر زۆر رووداوی بچوکدا.. نووسینەوەی رووداوە بچوکەکانە، کە بە کۆی هەموویان رۆمانەکە پێکدەهێنن. تەنانەت مرۆڤیش بریتییە لە کۆمەڵێکی زۆر رووداوی بچوک و شۆڕشگێڕێک، عاشقێک، ئیماندارێک و قوربانییەک... هیچیان لە یەک رووداو پێکنایەن. بەڵام ئەم بەشانە چۆن دەگوازرێنەوە بۆ ناو نووسین، ئەوە دەکەوێتە سەر دیدی چیرۆکنووس. من هەمیشە ئەو بەش یاخود رووداوە بچوکانە، وەک رووداوی سەربەخۆ و کامڵ دەبینم و باسیان دەکەم، لەهەمان کاتیشدا پێکهێنەری رووداوە سەرەکییەکەن.

من لەو کتێبەمدا کە ناوی فەهرەستە، ئەم کاری پارچە پارچە بوونەم زیاد لە کارەکانی تر کرد و پێوەی دیارە. لەو کتێبەدا ئارەزووم بوو کتێبێک لەبارەی خۆمەوە بنووسم، وتم ئێستا کاتی ئەوەیە منی پەنهان بۆ خۆم ئاشکرابکەم، ئەویش لە رێگەی نووسینەوە. هەرزوو ئەو پرسیارەم بە خەیاڵدا هات کە: باشە من ئەو کەسە نیم کە پێش دە ساڵ یاخود بیست ساڵ لەمەوبەر بووم، بەڵکو زۆر شت لە مندا گۆڕاوە و دەگۆڕێت. ئایا نووسین لەبارەی خۆمەوە، نووسینی ئەو بەشە نییە لە خۆم، کە نووسەرە، لەسەر ئەو بەشەی ترم کە واقیعییە و دەژی؟ بەڵام من ئەندێشەی زۆر ژیانم بۆ خۆم کردووەو دەشێت زیاد لە ژیانێکم هەبووبێت لە زەمەنی جیاوازدا؟ ئیتر لەم بیرۆکەیەوە، کە بە هیچ جۆرێک باسی دۆناودۆن ناکەم، گەشتمە ئەوەی کەسێک زیاد لە ژیانێکی ئەندێشەکراوی هەبووبێت و هێندەی ئەو ژیانانەشی یادەوەری هەبێت و لە ساتێکدا ئەم یادەوەرییانەی بکەونەوە ئیش و ژیانەکانی تری بیربکەوێتەوە. ئیدی گێڕانەوە و رواوو کەسایەتییەکەم تووشی پارچە پارچەبوون بوون و بەسەرهاتی ١٠ عەتا محەمەدم گێڕایەوە. دیارە ئەوەندەی بیرم کەوتنەوە.

هۆکارێکی تر کە گرنگیی لەوانەی پێشوو کەمتر نییە، ئەوەیە کە من زۆرجار سەیری ئەو بیرۆکانە دەکەم، کە وەک تێبینی نووسیوومن تا لە کاتی تردا وەک چیرۆک کاریان لەسەر بکەم، دەبینم زۆربوون، ئیدی لەو رێگەیەوە کۆمەڵێک لەو بیرۆکانە لە تێکستێکدا جێدەکەمەوە. فەهرەست بێ لە کۆی کارەکە، توانیم کۆمەڵێکی زۆر لەو بیرۆکانەی هەمبوون تا رۆژێک وەک دەق کاریان تێدا بکەم، لەوێدا نووسیمنەوە. هەر فەسڵێک و حیکایەتێکی بچوک بیرۆکەی دەقێک بوون لەلام. لە گێلاسی خوێن و کۆی کارەکانمدا بەم شێوازە کارم کردووە. هەربۆیە ئەگەر چیرۆک لەناو چیرۆکدا، تەکنیکێک بێت، ئەوا بۆ من ئامرازێکە تا لە رێگەیەوە بتوانم خۆم لە نووسینی زۆر دەق بدزمەوە. دیارە پاساوی ئەمەش تەنها تەمەڵی نییە، چونکە مەرج نییە هەر بیرۆکەیەک هەمانبوو، توانای ئەوەی هەبێت بکرێتە دەقێکی سەربەخۆ.

***چ کاتێک نووسین دەبێتە کارمەندی ئایدیۆلۆژیا؟ فەرمانبەرانی نووسین کێن؟ وەک لە پێشەکیی (زارەکانی خەوندا) ئاماژەیان پێدەکەیت؟**

__لەو باوەڕەدام نووسین بە گشتی و دەقی ئەدەبی، هەبوویەکی بێلایەن یاخود پاکیزە و بێگوناه نین.

**من لەپێناو سەرسامکردندا، دەگێڕمەوە. دیارە ئەمەش پەیوەندی زۆری بەو شێوازەوە هەیە، کە لە گێڕانەوەدا دەیگرمەبەر**

هەردەقێک بەجۆرێک پەیوەستەگیی خۆی هەیە. بەڵام دیارە لێرەدا من باس لەو دەقانە ناکەم کە ئینتیمایان بۆ جوانی هەیە، یاخود بەشداردەبن لە قوڵتر روانینی ئینساندا و ئاسۆی تێگەشتنی فراوانتر دەکەن. بەڵکو باس لەو رووبەرە فراوانە دەکەم، کە ئەو جۆرە دەقانە داگیری دەکەن کە دواجار خزمەتکاری ئایدۆلۆژیان. ئەمەش بەومانایە نا کە لە رۆژنامەی پارتێکدا بڵاودەبنەوە، یاخود نووسەرانیان ئینتیمایان بۆ پارتێک یاخود ئایدیۆلۆژیایەک هەیە. چونکە ئێمە دەزانین نووسەرانێکی زۆر هەبوون و هەن لە دنیادا کە وەک بیروباوەڕ پەیوەستبوون بەئایدۆلۆژیاوە، بەڵام لە نووسینیاندا فراوانتر لە ئاسۆی سیاسی و ئایدیۆلۆژی سەیری ئینسانو دنیایان کردووە. جۆرج ئەمادۆ تا دوا ساتەکانی ژیانی هەر کۆمۆنیست بوو، بەڵام دەقگەلێکی جوان و گرنگی بەرهەمهێنا. لە دنیای عەرەبدا ئەمیل حەبیبی هەبوو، کە کەم لای ئێمە ناسراوەو ئەو تا چەند ساڵێکی کەم پێش ئەوەی لە ١٩٩٦دا بمرێت، نەوەک هەر لە حیزبی شیوعیی ئیسرائیلیدا بوو، بەڵکو پلەی باڵاشی لەو پارتەدا هەبوو، ئەگەرچی زۆرێک لە عەرەبەکانیش قسەی لەسەر ناکەن، چونکە تا مرد لە بەشە فەلەستینییەکەی ئیسرائیل ژیاو باوەڕی بەوە بوو لەگەڵ هێزە ئاشتیخوازەکەی جولەکە کاربکات و ساڵانێکی زۆر ئەندامی کنێستیش بوو، بەڵام ناکرێت رۆمانی (الوقائع الغريبه فی اختفاء سعيد ابی النحس المتشائل) فەرامۆش بکرێت، کە یەکێکە لە کارە جوانەکانی عەرەب کە دوای شکستی عەرەب لەبەردەم ئیسرائیلدا نووسراوە و ناوی رۆمانەکە بۆ وەرگێڕان جوانییەکەی لەدەستەدات، کە بە مەبەست ئەو ناوەی داناوە. تەنانەت پێچەوانەی ئەمە وەربگرە کە کەسێکی وەک جۆرج ئۆرویلە، کە ئەگەرچی خۆی چەپ بووەو لە بەرەی کۆماری خوازەکاندا، بەشداریی شەڕی ناوخۆی ئیسپانیای کردووە، بەپێی هەندێک دۆکیۆمێنت، ئەوەندە لە رژێمی ستالین ترساوە، کاری لەگەڵ M١٦ (موخابەراتی بەریتانی)دا کردووەو ناوی چەندین کەسی داوەنەتێ، کە هاوسۆزی رژێمەکەی ستالین بوون. کەچی ئۆرویل یەکێکە لەو کەسە گرنگانەی کە توانیی بۆچوونە سیاسییەکانی بکاتە دەقی ئەدەبیی گرنگ. بەبارێکی تردا رۆمانی (باخچەی ئاژەڵان) ەکەی لە ١٩٤٣دا، چەند خانەیەکی بڵاوکردنەوە رەتی دەکەنەوە، یەکێک لەوانە ئەوە دەبێت کە ت.س. ئیلیۆتی تازەگەر کاری تێدا دەکات و لە نامەی رەتکردنەوەی ئەو رۆمانەدا، ئیلیۆت بۆی دەنووسێت، کە ئەوان ناتوانن ئەو رۆمانەی بۆ چاپبکەن، چونکە سۆڤییەت هاوپەیمانی بەریتانیایە لە جەنگی جیهانی دووەمدا. بەڵام بەکارهێنانی دەستەواژەی کارمەندی ئایدیۆلۆژیا و فەرمانبەری نووسین لە زارەکانی خەوندا، مەبەست لەو جۆرە نووسینەیە بە گشتی، کە وەک وەرگێڕی دروشمەکان وایە.. یاخود دەتوانین بڵێین راڤەکاری دروشمەکان دەبێت. ئەو دروشمانەی لەسەرو ئەو واقیعەی تێیدا دەژین، واقیعێکی درۆ دەخولقێنن. مەرجیش نییە نووسەرەکەی ئینتیمایەکی سیاسیی دیاریکراوی هەبێت. خۆ دەکرێت سۆزی ناسیۆنالیستی، مارکسی و ئاینی وا لە نووسەرێک بکات، کە ببێتە کارمەندێکی ئایدیۆلۆژی، بەبێ ئەوەی ئینتیمای بۆ حیزبێک هەبێت.

ئەمجۆرە لە نووسین هەمیشە لە هەوڵی دروستکردنی

ئەگەر چیرۆک لەناو چیرۆکدا، تەکنیکێک بێت، ئەوا بۆ من ئامرازێکە تا لە رێگەیەوە بتوانم خۆم لە نووسینی زۆر دەق بدزمەوە. دیارە پاساوی ئەمەش تەنها تەمەڵی نییە، چونکە مەرج نییە هەر بیرۆکەیەک هەمانبوو، توانای ئەوەی هەبێت بکرێتە دەقێکی سەربەخۆ

وێنەیەکی درۆزنانەدایە بۆ واقیع و لەژێر دروشمەکاندا کاردەکات. ئەمەش پێویستییەکی زۆری بە سادە نووسینەوە هەیە. باشترین نموونە ئەدەبی رووسی، بەتایبەت کاتی ستالین سەیربکە، یاخود قادسیەی سەدام لە هەشتاکاندا. خۆ ئەمانە ئەدەبێک بوون تا رادەیەکی زۆر پەیوەستبوون بە واقیع و ئەو ساتەوە کە تیایدا ژیاون، بەڵام وێنەیەکی چەند درۆزن و نا ئینسانییان بەرهەمدەهێنا.. خەڵکی وەک ئاژەڵ لە بەرەکانی شەڕو زیندانەکاندا، بێ ویست و ئیرادەی خۆیان دەدران بەکوشت و شارەکان وێران دەکران، ئەمان دەهاتن وێنەیەکی تریان بۆ ئینسان و ئەو رووداوانە دروستدەکرد، کە وێنەیەکی درۆزن بوو، لە گەرووی دروشمەکانەوە دەهاتە دەرەوە. هەربۆیە لەگەڵ کۆتایی ئەو رژێمانەو دروشمەکانیاندا، ئەو نووسینانەش دەمرن. ئایا تارمایی ئەم جۆرە لە نووسین، لە دنیای ئێمەدا کەمە؟ ئەو جۆرە لە نووسین کەم نییە کە وێنەیەکی فریودەر بۆ واقیع دروستدەکەن، هەمیشە لە رتوشکردن و جوانکردنی واقیعدان. بەڵام دەکرێت جیاوازیی ئێمە لەگەڵ کولتوورەکانی تردا ئەوەبێت، کە رووبەری دنیای نووسینی ئێمە بچوکترە.

من دەمەوێت بەتایبەت باس لەو فەزایە بکەم کە زارەکانی خەونم تێدا نووسی. کە سەردەمی دروشمبازی بوو. ئێمە ئەو کارمەندانەی ئایدیۆلۆژیامان دەبینی، چۆن لەگەڵ گەرمبوونی شەڕی ناوخۆدا نووسینی حەماسییان دەنووسی و هەر بۆ بەیانی لەگەڵ ئاگربەست و رێککەوتنەکاندا باسیان لە گرنگیی ئاشتی دەکرد. لە نەبوونی یاسا و ئەو بێ بەهاییەی ئینسان هەیبوو، تەوەری لەسەر ئازادی دەکردەوە، لەو وێرانەیەدا باسی لە ئاوەدانی دەکرد. تەنانەت تا ئێستاش سەیربکە ئەم بوونەوەرە چۆن بەردەوام لە هەوڵی دروستکردنی وێنەیەکی حیزبیانەدایە بۆ واقیعی ئێمە و چەند بەشدارە لە خولقاندنی قەیرانە سیاسییەکاندا، ئەویش بە وتارە سادەکانیان. لە کاتی شەڕی ناوخۆدا نووسەرانێک هەبوون لەم پۆلە، کە خۆشکەر و پاڵەوانی شەڕی ناوخۆ بوون.

دیارە ئەم دەستەیە جیاوازن لەوانەی فەرمانبەری نووسینن، بەوەی ئەمان، ئەو دەستەیەن کە نانوسنو باڵادەستیشن لە ناوەندی نووسیندا. هیچ قورساییەکیان نییە لە دنیای نووسیندا و بەدەسەڵاتیشن. دیارە ئەم دەسەڵاتە، لە دنیای ئێمە و هاوشێوەکانی ئێمەدا، لە دەرەوەی دنیای نووسینەوە دێت و لە رووبەرێکی تردا شەرعییەت وەردەگرێت. تۆ بزانە بە درێژایی ئەم چەند ساڵە، کەسانێک بەناوی شارەزاو راوێژکار لە دنیای ئێمەدا ئامادەییان هەبووەو شوێنەکان داگیردەکەن، کە وڵاتێکی وەک ئەڵمانیاش ئەو ژمارەیەی نییە و ئەوەش بارودۆخی رۆشنبیریمانە، کە هەرکەسێک، بە فەرمانبەرانی نووسینیشەوە، هەڵدەستێت گلەیی لێ دەکات و دادوفیغانییەتی بەدەست بارودۆخەکەوە. ئێمە دەزانین رۆحی گلەیی و گازندە، باشترین خۆدزینەوەیە لە بەرپرسیارێتی لە بەرانبەر نووسین و کارکردندا. تۆ ئەوەندەت بەسە جارێک کۆمەڵە چیرۆکێک، دیوانە شیعرێکت نووسیبێت و ئیتر ئەگەر بتەوێت، دەتوانیت تا مردن لەسەری بژیت و ببیتە بڕیاردەر لە دنیای نووسینماندا و فێستیڤاڵ و کۆڕو کۆبوونەوە رەسمییەکان داگیربکەیت، ئەمە وێنەیەکی ئاشکرای فەرمانبەرانی نووسینە.

نمونەی کەسانی یەکەم ئەگەر خەریکی بەرهەمهێنانی

**لەوەتەی دەنووسم، ئارەزوویەکی زۆرم هەیە بۆ شێواندن، شێواندنی حیکایەت و ئەو وێنەیەی واقیع هەیەتی، یاخود بۆی دروستدەکرێت**

وێنەیەکی درۆزن بن لەسەر واقیع و دنیا، لەسەر ئەو دۆزەخەی تێیدا دەژین و نووسین تا رادەیەی بێمانایی سادەو رووکەش بکەن، ئەوا دەستەی دووەم، کە فەرمانبەری نووسینن، لە باشترین حاڵەتیاندا دەقی خراپ بەرهەمدەهێنن، ئەگینا لە بنچینەدا ئەوانە نانووسن و نووسین غەمێک نییە لەلایان. دیارە من بە مەبەست دەڵێم دەقی خراپ، چونکە جیاوازیی هەیە لەگەڵ دەقی ناشریندا. دیارە ئەم دوو گرووپە لە نووسەر لە دنیای ئێمەدا، تا ئێستاش ئامادەییەکی زۆریان هەیە.

***لە کۆمەڵە چیرۆکی زارەکانی خەوندا، ناونیشانی چیرۆک هەیە بەم شیوەیەیە: (ئەفسانەیەکی تر- حەلاجێکی تر..) ئەم (تر)ە بۆ؟ مەبەستتە کە چیرۆکەکەی تۆ لەگەڵ کۆنەکەدا، یەکدی تەواودەکەن، یاخود یەکدی پەلکێش دەکەن؟ یاخود تەنیا حەلاج و ئەفسانەیەک نییە و هی دیش هەن؟**

_من لەوەتەی دەنووسم، ئارەزوویەکی زۆرم هەیە بۆ شێواندن، شێواندنی حیکایەت و ئەو وێنەیەی واقیع هەیەتی، یاخود بۆی دروستدەکرێت. لەوانەشە ئەمە پەیوەندیی بەوەوە هەبێت، کە تۆ نەتەوێت شتەکان وەک خۆی یاخود کەسانی تر ببینیت و هەوڵ بدەیت لە گۆشەیەکی ترەوە، سەیری بکەیت. راستە من جوگرافیا یاخود سیاقی رووداوە مێژووییەکان ناشێوێنم، بۆ نموونە سلێمانی بکەم بە دراوسێی سەمەرقەند، مەگەر وەک رۆمانی کەڵەکی بەردینی ساراماگۆ، چۆن نیوەدوورگەی ئیبریا (ئیسپانیا و پورتوگال) شەق دەبات و لە فەرەنسا جیا دەبێتەوە، (وەک هێمایەک بۆ ترازانی کولتووری ئیسپانییەکان لە ئەورووپا)، ئاوا رووداوێک پاساو بدات بۆ ئەو شێواندنە، ئەگینا کارکردنی من لەوێدا نییە. بۆ مێژووش هەروایە. من دەق دەبینم بەناوی فەنتازیاو خەیاڵەوە، چۆن بێ پاساو شتەکان دەشێوێنن. کادارییە لە رۆمانی (گەمارۆ)دا، مێژووی داگیرکاریی عوسمانییەکان و بەرەنگاربوونەوەی ئەم داگیرکارییەی هەیە بۆ وڵاتەکەی، ئەو لەو سیاقەدا ئیش دەکات و رووداو و پرسیاری خۆی دروستدەکات، نەوەک لەخۆیەوە شت دروستبکات. یاخود لەو کارە گرنگەیدا کە ناوی کۆشکی خەونەکانە، چۆن کۆی سیستمی عوسمانییە داگیرکەرەکان وێنا دەکات و دەخوێنێتەوە. یاخود واسینی ئەلئەعرەج لە رۆمانی پاسەوانی سێبەرەکاندا، مێژووی نوێی جەزائیر و دوای شۆڕشی رزگاریخواز، دەخوێنێتەوە، کە چۆن بە دەستی شۆڕشگێڕانەوە لە داڕزان و گەندەڵیدا نغرۆبووە. دیارە ئەعرەج ئەو وێنەیەی جەزائیر دەشێوێنێت، کە بۆی دروستکراوە و سیاسی و دروشمسازەکان فووی پیادا دەکەن.. من بە بارێکدا چێژ لە شێواندنی حیکایەتەکان و رووداوەکان دەبینم، یاخود سەرلەنوێ نووسینەوەیان بەجۆرێکی تر، لەو رێگەیەشەوە هەوڵدەدەم رەهەندێکی تری تێدا بدۆزمەوە. لەبەرئەوە زۆرجار بەم کارە هەڵدەستم و بەجۆرێک کار لەسەر حیکایەتێک دەکەم. ئەمە وای لە ئاوات ئەحمەد کردبوو، هەمیشە پێم بڵێت تۆ چیرۆکنووس نیت، ئەوەندەی نووسەرەوەی چیرۆکەکانیت. وەک ئەوەی چیرۆکەکان لەوێدا بن و تۆ ئەوەندەت لەسەر بێت، بیانهێنیت.

حەزدەکەم لێرەدا ئاماژە بە شێوازێکی گێڕانەوە بدەم، کە بە (هایپێر تێکست) ناوی دەبەم و لەوباوەڕەدام کۆمەکم بکات لە وەڵامی پرسیارەکەتدا. ئەم زاراوەیە بۆ دەقی پەیوەندار یاخود پەیوەستدار

بەکاردێت لە ئینتەرنێتدا. دوو دەق یاخود زیاتر پەیوەندییەک لەنێوانیاندا هەیە، ئەویش بەم شێوەیە: کاتێک دەقێک دەخوێنیتەوە، وشە یاخود دێڕ هەیە لە دەقەکەدا، کە ماوسەکە دەچێتە سەری، ئەکتیڤ دەبێت. واتا لە پشت ئەو وشەیەوە دەقێکی پەیوەست هەیەو دەتوانین وردەکاری یاخود روونکردنەوەی زیاتر بزانین و بە کلیک کردن لەسەری، ئێمە بەسەر دەقێکی تردا دەکرێینەوە. ئەم شێوازە لە دەقی پەیوەندیدار لە قورئاندا ئامادەیی هەیەو یارمەتییەکی زۆری داوە لە کورت نووسیندا. وەک دەزانین قورئان لە رێگەی ئایەتێک یاخود دوانەوە، چیرۆک یاخود بەسەرهاتێکی درێژی پێغەمبەرێک یاخود رووداوێک دەگێڕێتەوە، بێ ئەوەی چووبێتە ناو وردەکارییەکەیەوە. ئایا ئەمە چۆن روودەدات؟ ئەم شێوازە زۆر بە شێوازی دەقی پەیوەستدار (هاپێر تێکست) دەچێت لە ئینتەرنێتدا. دیارە من باسی ئەوە ناکەم کە پێی دەوترێت (دەقئاوێزان). چونکە ئەمە دەقئاوێزان نییە، ئەوەندەی ئامادەبوونی تەواوی دەقی ئەسڵییە لە پشت دێڕێکەوە، یاخود شاردنەوەیەتی لە پشت




ئەو دێڕەوە. بەواتا تۆ بە ئایەتێک یاخود زیاتر، بۆ مەبەستێک، تەنها پێویستت بە ئاماژەیەکی کورت هەیە بۆ چیرۆکی بۆ نموونە تۆفانەکەی نوح، چونکە درێژەی ئەم چیرۆکە لە دەقی پێش قورئاندا ئامادەیی هەیە، دیارە تەورات سە رچا و ە یە کی سە ر ە کییە تی (من لێرەدا باس لەبوونی هەندێک جیاوازی ناکەم کە دەشێت چیرۆکێک لەنێوان دەقە پەیوەستدارەکاندا هەبێت)، یاخود ئەوەی عیسا لە منداڵیدا رۆح دەکات بە بەری ئەو باڵندانەی لە قوڕ دروستی کردوون و دەقە شاردراوەکەی، یاخود ئەوەی لە پشت ئایەتەکەوەیە، لە ئینجیلی بارنابادایە، کە زۆرینەی کریستانەکان باوەڕیان بەو ئینجیلە نییە. بەهەرحاڵ وەک ئەوە وایە کە ئەو ئایەتانە، لە کاتی خوێندنەوەدا، ئەکتیڤ بن و بەسەر دەقی دەقی ئەسڵیی چیرۆکەکەدا بمانکەنەوە، یاخود دەقە ئەسڵییەکە لە پشتییەوە شاردرابێتەوە. دیارە نموونەکان زۆر زۆرن. کاتێک من لە ناونیشانی چیرۆکێکدا دەنووسم حەللاجێکی تر، خوێنەر

پاشخانێک یاخود بەجۆرێک زانیاری هەیە لەسەر حەللاج، وەک ئەوەی لە پشت وشەی حەللاجەوە، دەقێکی پەیوەندار هەبێت و چیرۆکی راستەقینەی حەللاج لەوێدا شاردرابێتەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا کۆی ئەم زانیارییە هەڵدەوەشێتەوە، بەوەی ئەم حەللاجە یەکێکی ترەو ئەوە نییە، کە لە دەقە ئەسڵەکەدا شاردراوەتەوە. تەنانەت لە کتێبی (فەهرەست)دا هەمان کار کراوەو ئەوەی کەمێک شارەزای کولتووری ئیسلامی بێت، هەرزوو خەیاڵی بۆ کتێبەکەی ئیبن ئەلنەدیم دەچێت. یاخود لە دواکارمدا کە رۆمانی (خواجە نەسرەدین.. کە لەپێناو پێکەنینێکدا دەکوژرێت) هەمان دەقی شاردراوە لە پشتییەوە ئامادەیی هەیە. بەڵام مەرج نییە کارکردنی من بەهەمان ئاڕاستەی دەقی ئەسڵی بێت.

***پەیوەندیی رۆح و تەسەوف بۆ ئێوە چییە، بەوپێیەی هەم زۆر لەم دنیایەدا کاردەکەیت، هەم زۆر لە فەزای کارەکانت پێکدەهێنێت؟ ئایا ئەوەی لەتەسەوف دەوترێت، تا چەند ئێوە باوەڕتان پێیەتی یاخود پێی رازین؟**

_مەسەلەکە تەنها رازیبوون نییە، ئەوەندەی تۆ وەک چیرۆکنووسێک چۆن سەیری شتەکان دەکەیت و دەیانبینیت، لەکوێدا ئەو رووبەرە دەدۆزیتەوە بۆ گومان و پرسیارەکانت تا کاریان لەسەر بکەیت. ئەگینا تەنها رازیبوون یاخود باوەڕبوون، راڤەی ئەوە ناکات کە ئێمە بۆ بەم جۆرە دەنووسین و بەجۆرێکی تر نانوسین؟. ئەگەرچی من دەزانم ئەم رایە تا رادەیەک تەمومژاوییە و دەکرێت بە هەڵە لێکبدرێتەوە، چونکە لە رووکەشدا خەڵکانێکی زۆر هەن پێچەوانەی ئەمە بیردەکەنەوەو پێیان وایە نووسین دەبێت لە قەناعەت بەو شتەوە بێت کە دەینووسیت. منیش دەزانم ئەوەی لە نووسیندا دەتەوێت بیڵێیت، پرسیار و گەڕانت.. پەیوەندیی بە دنیابینی، یاخود قەناعەتتەوە هەیە. بەڵام ئەو فەزایەی کاری تێدا دەکەیت، پەیوەندیی بە قەناعەتتەوە نییە، ئەوەندەی پەیوەندیی بەو دۆخەوە هەیە، کە دەتوانی لە رێگەیەوە ئەوەی هەتە بیڵێیت. هەرگیز ئەو پرسیارە لە کافکا ناکرێت، کە باوەڕی بە دادگا هەبووە یا نا، چونکە کافکا لە دادگاییدا دەیەوێت شتێکی گرنگ بڵێت، کە ئەویش ئەوەیە لەم سەردەمەدا مرۆڤ تاوانبارە بەبێ ئەوەی تاوانێکی کردبێت، وەک هەڵگێڕانەوەی ئەو رایەی تر کە دەڵێت مرۆڤ بێتاوانە تا تاوانەکەی دەسەلمێنرێت. دروستکردنی ئەو فەزا سەیرە لە رۆمانی دادگایی کافکادا، بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە رووبەرێکە کافکا دەتوانێت ئەم دیدە سامناکەی تێدا بڵێت، نەوەک بۆ باوەڕبوون یاخود نەبوونی بە دادگا. یاخود کاتێک ماری شیلی رۆمانی فرانکشتاین دەنووسێت، پرسیارەکە لەوەدا کورت نابێتەوە، کە ئایا دەکرێت ماری باوەڕی بەتوانای زانست و دروستکردنی مرۆڤێک هەبووبێت بەوجۆرەو بەو پارچە پارچەییە، یاخود نا؟ بەڵکو ئەوەی ماری شیلی کاری لەسەر کردووە، پرسی نهێنیی ژیان و پەیوەندیی خالق و خوڵقێنراو، پاشان مرۆڤی کامڵ و زاڵبوون بەسەر مردنداو... لەو سەردەمەدا کە بانگەشەکانی زانست و سەردەمی عەقڵخوازەکان بوو، بۆ دنیایەکی تر. ماری شیلی لەو رۆمانەدا توانیویەتی لێکدانەوەیەک یاخود دیدێکی قووڵ بۆ ئەو پرسیارانەی بخاتە روو، کە سەبارەت بە بانگەشەکانی زانست لەو سەردەمەدا، هەیبوون و

چۆن دەکرێت ئەو ئومێدانەی زانست لەگەڵ خۆیدا هێنای، دواجار شەیتان بخولقێنێت، نەوەک فریشتە، وەک لە فرانکشتایندا دەیبینین و خولقێنراو هەڵدەگەڕێتەوە بەسەر خالقدا.
لەو نموونانەوە ویستم ئەوە بڵێم، گرنگ دۆزینەوەی ئەو فەزاو رووبەرەیە، کە لێیەوە بتوانین ئیش لەسەر گومان و پرسیارەکانمان بکەین. ئەمەش جیاوازە لەو گوتارەی دەق لە خۆیدا هەڵیدەگرێت. نەوەدەکان ئێمە لە گەرمەی ئەو شەپۆلە بەهێزە خوێناوییەدا ژیاین، کە ئایین تێیدا دەژیا، نەوەک هەر شەڕی ئیسلامییەکان لەگەڵ خەڵکانی تردا، وەک لە کوردستان و جەزائیر و شوێنانی تر، بەڵکو پەلاماریش بۆ سەر ئەمان کە لە ئەوروپای رۆژهەڵات قەتڵوعام دەکران. بەدڵنیاییەوە دۆخێکی وا پرسیارت لا دروستدەکات. من ئەوکات بۆ ئەو پرسیارانەی سەبارەت بە ئیمان و ئەو خوێنڕشتنە هەمبوون، گەڕامەوە سەر کەلەپوری تەسەوف و لەو دیدە گەردوونییەی تەسەوفدا رووبەرێکی زۆر سەیرو سەرسامکەرم دۆزییەوە، بەجۆرێک تا ئێستاش هەر کاری لەسەر دەکەم و جوانیی تێدا دەبینم بۆ کارکردن. لەناو کایەی ئاییندا، دیدی ئەوان بۆ رەگەزە پێکهێنەرەکانی ئیمان و ئیمان خۆشی، شتێکی سەرسامکەرەو بواری زۆری تێدایە بۆ سەرلەنوێ خوێندنەوە. ئەمەش جیاوازە لەوەی کە من تا چەند لایەنگر یاخود دواکەوتەی بۆچوون و دیدی ئەوانم. دەکرێت نموونەیەکی پێچەوانە بهێنمەوە. جۆرج ئەمادۆ هەر چەپ و ئەندامی پارتی کۆمۆنیستیش بوو، بەڵام لە رۆمانی (تیریزا باتیستا) دا کاتێک چینەکانی خوارەوەو چەوساوەو هەژارەکان راپەڕین دەکەن، ئەوە سۆزانییەکانن سەرەتا بەم کارە هەڵدەستن و پێشڕەویی راپەڕینەکە دەکەن، نەوەک کرێکاران، کە پێشڕەوی شۆڕشن وەک مارکسییەت باسی دەکات. ئایا ئەمادۆ لەو رۆمانەدا بۆ وا دەکات؟ قەناعەتی بە بیروباوەڕی خۆی نییە، یاخود ئەوە تایبەتمەندیی بەرازیلەو دەکرێت لەناو مارکسییەتدا، خوێندنەوەی جیاواز هەبێت بۆ واقیعە جیاوازەکان؟ لەبەرئەوە دەبێت ئێمە جیاکاری بکەین لەنێوان ئەوەی دەق دەیەوێت بیڵێت، لەگەڵ ئەو رووبەرەی دەق کاری تێدا دەکات و ناکرێت گەڕانەوەی رۆماننووسێک بۆ سەر سەردەمی شەڕی خاچپەرستەکان، لەوەدا کورتبکەینەوە کە لایەنگری چ لایەنێکە، یاخود باوەڕی بەو شەڕانە هەبووە یاخود نا، ئەوەندەی لەو پرسیارە رابمێنین، کە کاری لەسەر دەکات. ئەگەرچی رۆمانگەلێکی زۆریش هەن، کە لە گۆشەنیگای ئایدیۆلۆژیایەکەوەو بە مەبەستی لایەنگیری لە لایەنێکی ئەو شەڕە نووسراون و من باسی ئەم جۆرە لە نووسین ناکەم.

***لە چیرۆکی (یاقوتی ئازار)دا، بەشێوەیەک کڕینی مرۆڤ ئامادەیی هەیە، چونکە من پێم وایە ئەو یاقوتانەی لە چاوی نوور دێنە دەرەوە، هەر بەشێکن لە جەستەی نوور. (واتە کڕینی شووشەکان وەک کڕینی نوور وایە). لەو چیرۆکەدا باسی ئەوە دەکەن کە مرۆڤەکانی تر و وەزارەتی پیشەسازی لە هەوڵی ئەوەدان ئەو شووشانە بکڕن. ئەمەش دەکاتە ئەوەی کە دەبێت نوور ئازار بچێژێت، بۆئەوەی ئەوانی تر دەوڵەمەند بن. ئەم ناکۆکییە بۆچی؟**

_باوەڕناکەم ناکۆکییەک هەبێت، ئەوەندەی من ئەوکات ویستبووم لە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و دامودەزگا، یاخود ئەوەی پێی دەوترێت رژێم، وردببمەوە. ئەم پەیوەندییە لە دنیای ئێمەدا

# کاتێك بیردەکەمەوەو ئەندێشە دەکەم، هەموو ژیان و گەردوون، موڵکی منن و رووبەرێك نییە بۆ من حەرام یاخود قەدەغەبێت

چۆنە؟ لە چیرۆکەکەدا نوور لە چاوییەوە یاقوت دێتەدەرەوە، ئەمەش ئازار لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، بەڵام ئێمە دەبینین نە دەزگایەکی وەک خێزانەکەی، نە دامودەزگاکانی تر گوێ بە ئازاری ئەم ئینسانە نادەن و تەنها لەبیرکردنەوەی ئەوەدان، نوور زیاتر یاقوت بەرهەمبهێنێت. خێزانەکەی بەردەوام لێی دەپاڕێنەوە لەبەر ئەمان ددان بەخۆیدا بگرێت و ئارام بگرێت، وەزارەتی پیشەسازیش تەنها یاقوتەکانی بۆ گرنگە. ئیدی کەس لە غەمی نوور و ئازارەکانیدا نییە. وەک ئەوەی نوور پرۆژەیەکی بازرگانی بێت. ئەگەرچی نوور وەک سۆزانی مامەڵە ناکرێت، بەڵام سەرئەنجام ئەوە لەشی ئەوە دەفرۆشرێت لەپێناو ئەوانی تردا. لەم جۆرە کولتوورانەدا مەترسییەکی گەورە هەیە، لەو دروشمانەی هەمیشە دەیانەوێت تاک خۆی بکات بە قوربانی بۆ کۆ، بەڵام ئەم دەستەواژەیە کە زۆر گروپ کاری لەسەر دەکات، فریودەرەو لە رووکەشدا ئەخلاقی و جوان خۆی نمایش دەکات، بەڵام فریوێکی گەورە لە پشتییەوەیەتی.

ئێمە ئەو دۆخانەمان بینیوە، کە دروشم فەرمانڕەوایی دەکات و بڵندگۆکان هەر نەڕەیان دێت و لە چاوەڕوانی باشبوونی ژیاندا دەمانهێڵنەوە، یاخود دەیانەوێت ئەو خەونە لای ئینسان دروست بکەن، کە لە ئاییندەدا دەگەین بە خۆشنودی، لەپاڵیشیدا کەسانێک هەن لەپێناو ئەوانی تردا، لەشی خۆیان دەفرۆشن و دەبێت ئازار بچێژن.. لەبەردەم خەستەخانەکاندا خوێنی خۆیان دەفرۆشن، تەنانەت گورچیلەیان، کە ئەمە دیاردەیەک بوو نەوەدەکان برەوی هەبوو.. هەمووش دەزانین ئەو گورچیلەیە ژیانی چ کەسێکی رزگارکردووە. وڵات تاڵان دەکراو گومرگەکان وەک کانی پارەیان لێ دەڕژا، کە هەر هی ئەو خەڵکە خۆیان بوو، کەچی کەسانێکی زۆر دەبوو بەجۆرێک لەشیان بفرۆشن و کەسیش شەرم نەیدەگرت لەوەی دەینەڕاندو بەناوی کۆوە قسەی دەکرد. ئەو چیرۆکە، واقیعیترین چیرۆکی ناو کتێبەکەیە، کە دەمویست لە رێگەیەوە ئەو دۆزەخە نیشان بدەم کە تاک لەناو دەزگا کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا دەژی. ئێستا دوای دەستگەشتن بە بیرە نەوتەکان، چیرۆکی نوور هەر بەردەوامە، بەڵام دەکرێت لە فۆرمێکی تردا. بۆ نموونە دەبێت جوتیارێک لە ترسی نەوتمژەکان دوعاخوازبێت کە نەوت لەژێر زەوییەکەیدا نەبێت، ئەگینا...

***پێت وایە ئەو بەسەرهاتو گێڕانەوانەی کە زیاتر واقعین یاخود راستین و لە ژیانی رۆژانەدا بەریاندەکەوین، بتوانن ببنە کەرەستەی چیرۆک، یاخود ئەفسانە و چیرۆکە نووسراوەکان، کە جارێکی دی سازیان دەکەینەوە؟ بۆ نموونە لە چیرۆکی (یاقوتی ئازار)دا، لەسەر هەواڵێکی رۆژنامەوانی، چیرۆکێک دروستدەکەن. یاخود لە چیرۆکی (کتێبەکانی ئەندێشە)دا باسی ئەو رانان و ناساندنی کتێبانە دەکەیت، کە لە گۆڤاری ئاییندەدا بۆ هەندێک کتێب کردووتن، کە بوونیان نییە. یاخود خۆتان لە نامەیەکدا بۆ منتان نووسیوە، ئەم دیدارەی سازیدەکەن، ئەگەر بڵاونەکرایەوە، ئەوا دەتوانن بیکەن بە چیرۆک یاخود کارێکی تر. من هەستدەکەم ئەمانە وەک بەرهەمی واقیعین، بەڵام بۆ ئێوە دەبنە کەرەسە. هەربۆیە دەپرسم ئەو شتانەی واقیعین، یاخود حیکایەتە کۆنەکان زیاتر بۆ ئێوە ئیلهام بەخشن؟**

_من باوەڕم بەوە هەیە، کە هیچ یاسایەک نییە بۆ

هیچ
یاسایەک
نییە بۆ نووسین،
یاخود رای
پێشوەخت لە پشت
ئەوەوە وەستابێت،
کە دەبێت چی
بنووسین و چۆن
بنووسین. چی
باشە بۆ نووسینو
سەرنجڕاکێشە و
چیش نەگونجاوە.
تەنانەت دەبێت چ
جۆرە تەکنیکێک
لە دەقدا هەبێت..
بەڵکو ئەوە
دەکەوێتە سەر
توانای نووسەر،
دنیابینیی ئەو، کە
وادەکات دەقێک
بەرهەمبهێنێت
توانای
خوێندنەوەیمان
هەبێت و چێژی لێ
ببینین

نووسین، یاخود رای پێشوەخت لە پشت ئەوەوە وەستابێت، کە دەبێت چی بنووسین و چۆن بنووسین. چی باشە بۆ نووسینو سەرنجراکێشە و چیش نەگونجاوە. تەنانەت دەبێت چ جۆرە تەکنیکێک لە دەقدا هەبێت.. بەڵکو ئەوە دەکەوێتە سەر توانای نووسەر، دنیابینیی ئەو، کە وادەکات دەقێک بەرهەمبهێنێت توانای خوێندنەوەیمان هەبێت و چێژی لێ ببینین، ئەمەش پەیوەندییەکی زۆری بە توانای قەناعەتپێکردن لای نووسەر هەیە. چۆن رووداوێکی بچوک و فەرامۆشکراو، یاخود روداوو کارەساتێکی گەورە دەکات بە دەق. چی بە لای نووسەرێکەوە گرنگە و کاری لەسەر دەکات. من گرفتەکە لەوەدا نابینم کە نووسەر کاری لەسەر بەسەرهاتێکی واقیعی کردووە یاخود ئەفسانە. بەڵکو ئەوەی گرنگە چۆن کاری لەگەڵ ئەو پێدراوانەدا کردووەو دەتوانێت قەناعەت بە خوێنەر بکات. وەک (هیرنان ریڤیرا لێتێلییێر)ی شیلی، کە لە ناوچەیەکی کانەکاندا گەورەبووە، لە رۆمانی (فیلمگێڕەرەوەکە)دا دەیکات، بەوەی کیژۆڵەیەک پێنج برای هەیەو باوکی کە لە کانێکدا کاری کردووە، تا نوقسان نابێت، زۆر حەزی بە چوون بۆ سینەما دەبێت. بەڵام ئێستا لەبەر هەژاری ناتوانێت بچێت بۆ سەیری فیلم. بیرۆکەیەکی بۆ دێت، کە هەرجارە و منداڵێکیان بچیت بۆ سەیری فیلمێک و کە هاتەوە بیگێڕێتەوە. کامیان باشترین گێڕەرەوەی فیلم بوو، ئیتر ئەو دەتوانێت بچێت بۆ سەیری فیلم بێتەوە بۆ ئەمانی تری بگێڕێتەوە. لەناو هەموویاندا، کیژۆڵەکە باشترینیان دەبێت، بەوەی زۆر جوان فیلم دەگێڕێتەوە، تا وای لێدێت خەڵکی دێن بۆماڵیان تا بە پارە، گوێ لە گێڕانەوەکانی بگرن. ئەوە توانای نووسەرە کە قەناعەت بە خوێنەر بکات لەوەی شتە مەئلوف و واقیعییەکان بکاتە نامەئلوف، یاخود بەپێچەوانەوە، شتە نامۆو نامەئلوفەکان بکاتە شتی ئاسایی و مەئلوف بە خوێنەر.

ئەگەر کەمێک فراوانتر قسەبکەین، دەتوانین بگەڕێینەوە سەر ئامادەیی چەمکی واقیع لە دنیای ئێمەدا، کە ئەوەندەی من بزانم زۆر قسەو گرفتی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. بەتایبەت لە سەردەمی باڵادەستبوونی ئایدیۆلۆژیای چەپ، لە دنیای نووسینماندا و تا ئێستا ئەم قسەو باسە ئامادەیی هەر هەیە، جا وەک لایەنگر یاخود دژ. من بۆخۆم لەوباوەڕەدام ئەدەب تۆپێک نییە لە بۆشاییدا راگیرابێت، هەرچۆن ئەم چرکەساتەی ئێمە تیایدا دەژین، دابڕاو نییە لە مێژوویەکی دوورودرێژ کە لە پشتیەوەیەتی. منیش کاتێک بیردەکەمەوەو ئەندێشە دەکەم، هەموو ژیان و گەردوون، موڵکی منن و رووبەرێک نییە بۆ من حەرام یاخود قەدەغەبێت و نەتوانم بیری لێبکەمەوە یاخود ئەندێشەی بکەم. هاوکێشەکە لای من ئەوەیە، کە من دەنووسم لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک پرسیار و راز و نهێنی هەن دەمەوێت کاریان لەسەربکەم. هەموو ئەم شتانەش پەیوەندیی بە بوونمانەوە هەیە. راستە دەشێت ئەو شتەی لای من پرسیارە، بۆ کەسێکی تر جێگەی بایەخ نەبێت و ئەو شتێکی تری بەلاوە گرنگ بێت. ئەمە گرفتەکە نییە، بەڵکو گرفتەکە ئەوەیە کە ئایا لەم گەڕانەماندا توانیومانە دەق بەرهەم بهێنین یا نا. ئەگینا پێوەر دابنێین، ئەوا تووشی گێژاو دەبین و ئێمە دەبێت هەموو تەمەنمان خەریکی فرێدانی ئەو تێکستانە بین، کە لەگەڵ پێوەرەکەماندا نایەتەوە. ئەگەر کارکردن لەگەڵ رووداو و تەنانەت

واقیع نەشیاوە، ئەوکاتە دەبێت چۆن سەیری مەدام بۆڤاری بکەین و چی بڵێین، کە دەزانین ئەو ڕۆمانە و زۆر ڕۆمانی وەک ئەو لەسەر پێدراوی واقیعی کاریانکردووەو هەوڵی بەرجەستەکردنی ئەو ژیانە واقیعییەشیان داوە، کە لە سەردەمی خۆیاندا هەبوون، بە جلوبەرگ و خواردن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانو دیکۆرو... ئایا خیانەتی نێوان هاوسەرەکان، خەیاڵی فلۆبێر دایهێناوە و شتێک نەبووە بوونی هەبووبێت؟ کەواتە بەناوی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ بە واقیع، یاخود گواستنەوەی واقیع بۆ ناو دەق، چی لەم ڕۆمانە بکەین؟ تەنانەت تاوان و سزای دۆستۆیڤسکی سەیربکە، چۆن وردەکاری ژیان و واقیع دەگوازێتەوە بۆ ناو دەق و ئەمەش بۆ ساتێک نەبووەتە گرفت، چونکە هەریەکێک لەو نووسەرانە، پرسیار و دنیابینیی خۆی هەبووە و لە پشت بیناکردنی دەقەوە وەستاون. ئایا نەجیب مەحفوز لە منداڵانی گەڕەکدا، کەم واقیعییە لە بینای ڕۆمانەکەیدا؟ بەڵام لە پشت دەقەکەیەوە چی هەیە، (وەک ئەوەی پێی دەوترێت نەوتراوەکانی دەق)، کە گرنگییەکی بێئەندازەی هەیە بۆ ئەو ڕۆمانە.

من هەستدەکەم بەردەوام ئێمە لە دووفاقییەکی سەیردا دەژین، لە زۆر بواری ژیاندا. با نموونەیەک بهێنینەوە. ئەو دەقەی لە دەرەوەی دنیای کوردییەوە بێت، ئێمە بێ چەندوچوون بە باش وەریدەگرین، ئەگەر هەمان ئەزموون لە نێوەندی خۆماندا بێت، بە کۆمەڵێک پرسیاری نەشیاو بەر نەفرەتی دەخەین. دیارە ئەگەر بە نموونە هێنانەوە قسەبکەین، ئەوا نموونە تەواو نابێت. ناچار کەمێک تیژتێپەڕ بەسەریدا دەڕۆین و قسە لەو ئەزمونانە دەکەین کە لەدنیای کوردییدا ئامادەییان هەیە. با ئەزموونی خالید حوسەینی یاخود عەتیق ڕەحیمی سەیربکەین، ئایا ئەمانە ئەفسانەسازییان کردووە؟ ئایا ئەمان تا دواسنووری خەیاڵ ڕۆشتوون؟ ئایا ئەمان واقیعی تریان دروستکردووە؟ ئایا مەعریفەیەکی قوڵ لە پشتیانەوە هەیە؟ (دیارە ئەم جۆرە قسانە لە دنیای ئێمەدا بەکاردێت و وەک پێوانەی لێهاتووە بۆ سەیرکردنی دەق). ئەی بۆ بەبێ ڕووبەڕووکردنەوەی ئەم جۆرە پرسیارانە، ناوەندی ئێمە ئەو کارانە وەردەگرن و قبوڵی دەکەن، ئایا لەبەرئەوەیە ئەو ڕۆمانانە سەر بە دنیایەکی ترن و تا ڕادەیەک بۆ ئێمە نامۆ یاخود جیاوازن، کە ئەمەش وا دەکات وەک کارێکی سەیر یاخود قوڵ بیانبینین؟ (من لێرەدا نامەوێت باسی هەندێک ئەزموون بکەم کە چۆن بۆ خوێنەری ڕۆژئاوایی دەنووسرێن، یاخود لەسەر خواستی خانەی بڵاوکردنەوەکان دەنووسرێن و ئەوانیش ئەو دەقانەیان دەوێت، کە جەخت لە دیدگاو بینینی خۆیان دەکاتەوە بۆ ڕۆژهەڵات. لە سوید پارساڵ کوڕێکی گەنجی کورد، بەناوی ئەرکان ئەسعەدەوە کە لای خۆمان ناسراو نییە، ڕۆمانێکی پڕفرۆشی هەبوو. ئەرکان لەو ڕۆمانەیدا دەیەوێت لە ڕێگەی کوڕێکەوە کە باوکی دەیباتەوە بۆ کەرکوک و لەوێ بە زۆر ژنی بۆ دەهێنێت، بڵێت ئەوە هەر ئافرەت نییە لای ئێمە دەچەوسێتەوە و دەکوژرێت و لوتی دەبڕدرێت، بەڵکو پیاویش دەچەوسێتەوە و بێئیرادە دەکرێت و ئازادیی لێ دەسەنرێتەوە... ئەگەرچی ئەو کارە وەک حوسەینی و ڕەحیمی ڕۆمانە و خوێنەرێکی باشیشی هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر وەربگێڕدرێت بۆ کوردی، چۆن پێشوازیی لێدەکرێت؟ ئایا هەروەک

ئەو دەقەی لە دەرەوەی دنیای کوردییەوە بێت، ئێمە بێ چەندوچوون بە باش وەریدەگرین، ئەگەر هەمان ئەزموون لە نێوەندی خۆماندا بێت، بە کۆمەڵێک پرسیاری نەشیاو بەر نەفرەتی دەخەین

# گفتوگۆ

ئەوەی حوسەینی و رەحیمی، یاخود لەبەرئەوەی کوردە و سەر بەو دنیایەی ئێمەیە و ئاشناین پێی و رێگە بە خۆمان دەدەین قسەی تێدا بکەین، رووبەڕووی ئەو پێوانانەی دەکەنەوە کە بۆ دەقیان داناوە؟ یاخود ئەگەر لە بنچینەدا بە کوردی بینووسیبایە، تووشی پرسیاری واقیعی بوون و نەبوونی مەعریفە لە پشتییەوە و... دەکرایەوە یا نا؟).

دڵنیابە ئەگەر کارێک، تەنانەت ئەگەر وەک ئەوانیش راستەوخۆ سەروکاری لەگەڵ واقیعدا نەبێت و بیەوێت لە ژیان و ئەو رووداوانە بدوێت، کە تیایدا دەژین، بە تۆمەتی واقیعی بوونی، دەیان پرسیاری رووبەڕوو دەکرێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەو تێکستانەی لە دەرەوە دێن، زۆرێک لەم پێوانانە ون دەبن. من بۆخۆم نە بەو گۆشەنیگا بچوکەوە سەیری دەق دەکەم، نە دەشنووسم. ئەوەی بۆ من گرنگە کۆی دەقەکەیە، بەو پرسیارانەی لەخۆیدا هەڵیدەگرێت، یاخود بردنی منە بۆ ئەو رووبەرەی پێشتر نەمتوانیوە دەرکی بکەم و خەیاڵم بۆی بچێت. ئەمەش وادەکات ئەو دەقانەش هەڵم نەخەڵەتێنن، کە دەکرێت پێیان بڵێین دەقی فریودەر، بەوەی بەناوی فەنتازیا و خەیاڵ و دیمەنگەلی سەیروسەمەرەوە، کاری بێسەروبەرن و ناتوانێت هیچت پێبڵێت. من لایەنگرانی ئەم تەرزە نووسینە و مەدح و سەناکانیشیان دەبینم.

دەمەوێت بڵێم ئاسۆی کارکردنی دەق زۆر فراوانە و ناکرێت بە بڕیاری پێشوەخت بارگرانی بکەین. یاخود بەو بۆچوونانەی ئێمە پێشوەخت لە دەقی دەخوازین. یاخود کلێشەمان دانابێت بۆ پێوانەی دەق. من چەند بەلامەوە سەیرە نووسەرێک پێشوەخت بڵێت چیرۆکێکی ریالیزمی یاخود عیرفانی دەنووسم، ئەوەندەش بەلامەوە سەیرە خوێنەرێک پێشوەخت بڵێت من ئەو دەقانەم بەلاوە جوانە کە واقیعی تر دروست دەکەن یاخود خەیاڵ و واقیع تێکەڵ دەکەن، یاخود فلاشباک بەکاردەهێنن... تەنانەت بۆچوونێکی هەبێت سەبارەت بە چۆنییەتی ناونیشان یاخود دەستپێکی دەق. بۆ نمونە پێی وابێت دەستپێک دەبێت زۆر جوان بێت و نهێنیی کارەکە لەخۆی بگرێت یاخود وەک کلیلی دەقەکە وا بێت. دەکرێت ئەمە قسەیەکی گشتی و باوبێت، بەڵام لە دنیای نووسیندا زۆر دەق ببینین کە دەستپێکەکەی وا نەبێت، کەچی کۆی کارەکە جوان و سەرنجڕاکێش بێت. چونکە ئەو تێکستانە کەم نین کە تێکستی جوانن و دەستپێکێکی ئاسایی یاخود لەوانەیە زۆر سادەیان هەبێت. لێرەدا حەزدەکەم ئەزموونی خۆم لەگەڵ ئەنتۆنیۆ تابۆکیدا باسبکەم. تابۆکی رۆماننووسی ئیتالی، بە گشتی رۆمانەکانی بچوکن، یەکێک لەو رۆمانە بچوکانەی بەناوی شەوە هیندییەکانەوەیە، کە لە چاپە عەرەبییەکەیدا بەوناوەوە وەرگێڕدراوە، کاتێک ئەو رۆمانەم دەخوێندەوە، زۆر بەلامەوە سەیر بوو، کە باس لە جوانیی ئەو رۆمانە دەکرێت، چونکە کارێکی زۆر ئاسایی بوو. بە راستی بە جۆرێک لە کەڵلەڕەقییەوە بەردەوامبووم لە خوێندنەوەی، چونکە مەبەستم بوو تەواوی بکەم تا بزانم بۆ ئەم کارە بە گرنگ و جوان دادەنرێت لە ئەزموونی ئەو نوسەرەدا، کە من سێ رۆمانی تریم خوێندبووەوە. هەرچۆن بوو تا نزیکەی لاپەڕە ٧٠ بەردەوام بووم، لەو چەند لاپەڕە کەمەی دەقەکە مابووی، تابۆکی یارییەکی ئەوەندە سەیر و سەرسامکەری کردبوو،

که بە ڕاستی تووشی حەپەسانی کردم. هەر ئەمەش وای کرد تەنها لەبەر چێژی کارەکە خۆی، جارێکی تریش بیخوێنمەوە. ئەم نموونەیە کە بەسەر خۆم هاتووە، بۆیە هێنامەوە، تا ئەوە بڵێم کە هەر پێش داوەرییەک بۆ دەق، دەشێ تووشی هەڵەمان بکات. خۆ ئەگەر من بە ڕای پێشوەخت سەیری ئەو ڕۆمانەم بکردایە، ئەوا دەبوو هەرزوو دەستبەرداری ببم و نەیخوێنمەوە. بەڵام پێچەوانەی ئەمە هەر لە خۆرئاوا، ڕۆمانە بازرگانی یاخود پڕفرۆشەکانن، کە ڕەگەزی وروژاندن و ڕاکێشانیان ئەوەندە زۆرە، بێشومار خوێنەر لە خۆیان کۆدەکەنەوەو کە دەست بە خوێندنەوەی دەکەیت، ناتەوێت دەستبەرداری ببیت. یاخود ئەو ڕۆمانانەی لە ئێران هەن و باسی عەشقی ناکام و ئەو شتانە دەکەن، کە خوێنەرێکی باشیان هەیە. کاتێک دەقێک دەگرم بەدەستمەوە، وەک ئەوە وایە خۆم لەبەردەم دارستانێکی چڕدا ببینمەوە. ئیدی هەیانە زوو ڕێگەیەکت بۆ دەکاتەوە تا پێیدا بڕۆیت، هەشیانە دەبێت مەشەقەت بچێژیت تا خۆت ڕێگەیەک دەکەیتەوە تا لێیەوە تێپەڕیت. هەیانە ڕێگەت بۆ دەکاتەوە و دواتر ونت دەکات. هەرچۆن هەشیانە ناتگەیەنێتە هیچ، هەیانە زیاد لە ڕێگەیەک و گریمانەیەکت دەداتێ... هەربۆیە لەوباوەڕەدام ئەگەر کەسێک توانای پێش دەق کەوتنی هەبێت، ئەوا گرفتەکە ئەوەیە دەشێت لەژێر سایەی هەر پێوانەیەکدا کە بۆ جوانی دادەنێین، دەقی جوان، خراپ یاخود ناشرین جێگەی ببێتەوە. من بۆیە بەتەنها قسە لە نووسەر ناکەم، چونکە بەشێکی گرنگی ژیانی دەق، دەکەوێتە سنووری خوێنەرەوە. ئەمەش وادەکات خوێنەر گرنگی و قورساییەکی زۆری هەبێت و لایەکی ئەو هاوکێشەیە تەواو بکات، کە پەیوەستە بە دەقەوە و خوێنەر نووسەری دووەمی دەقە.




چەند بەلامەوە سەیرە نووسەرێک پێشوەخت بڵێت چیرۆکێکی ڕیالیزمی یاخود عیرفانی دەنووسم، ئەوەندەش بەلامەوە سەیرە خوێنەرێک پێشوەخت بڵێت من ئەو دەقانەم بەلاوە جوانە کە واقیعی تر دروست دەکەن یاخود خەیاڵ و واقیع تێکەڵ دەکەن، یاخود فلاشباک بەکاردەهێنن

# گفتوگۆ

***له نووسینی ئێوەدا هەست بە نووسینی کلاسیکی دەکرێت، کە هونەری ڕەوانبێژیی زۆری تیایە و بەجۆرێک کەرەستەکانیش لەنێو چیرۆکەکانتدا زۆربەیان کلاسیکییە وەک چیرۆکی (سنوقی ئەندێشە). یاخود ئابووریکردن لە وشەدا، بە کەمترین وشە زۆرترین چیرۆک و گێڕانەوە و مانا سازدەکەن. ئێوە بەمەبەستەوە ئەمە دەکەن؟ زمانی پەسنتان کەمە، بەڵام بێئەوەی زیانی بە دەقەکان گەیاندبێت؟ ئەم نەفەس کورتییە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئایا نووسەر کەم توانایە لە پەسندا یان ئەوە هونەرە بتوانیت بە کەمترین وشە زۆرترین مەبەست بگەیەنیت؟**

_کورتنووسین لای من زۆر بە مەبەستەوە دەکرێت، بەڵام ئەمە مانای وانییە کە کارێکی خۆش و ئاسانە، چونکە لە کورتنووسیندا بواری ئەوەت بۆ نامێنێتەوە، کە بە ئاسانی هەندێک گرفت و بۆشایی تێبپەڕێت، بەڵکو پێویستی بە وردبینییەکی زۆر هەیە و من چێژ لەم وردەکارییە دەبینم. کاتێک یەکەم کۆمەڵە چیرۆکم چاپکرد بە ناوی (پاشماوەی خێڵەکان)ەوە، لە پێشەکییەکەیدا باسی ئەمەم کردووە، کە دەمەوێت خۆم لەو زمانە وەسفییە وەستاوە لابدەم، کە ئامادەییەکی زۆری هەیە لە دنیای گێڕانەوەی ئێمەدا (تەنانەت ئەو زمانە ڕەمزییەی لەبەر هەر هۆکارێک بووبێت، سەردەمانێک باڵادەستیی هەبووە)، تەنانەت زمانی پڕ لە دادوفیغان و دەردی حاڵیش، کە هەست بە ئامادەیی نووسەر دەکەیت تیایدا. ئەمەش وادەکات بە جۆرێکی تر سەیری زمان بکەم لە دەقدا و زیاتر ئەو جۆرە لە ڕستە بەرهەمبهێنم، کە پڕ جوڵە و ڕووداوە، نەوەک وەستاو و وەسفی. لەمەشدا خۆم لەگەڵ ئەو تێڕوانینەدا یەکلایی کردووەتەوە، کە بەناوی کوردیی پاراوەوە دەدوێت و مەبەست لێی، بوونی زۆرترین وەسفە لە دەقدا، وەک چۆن لە پەخشاندا هەیە. بۆ ئەم تێڕوانینەشم هەم ئەزموونی چیرۆکی کوردیم سەیرکردووە، هەم لە دەرەوەی دنیای کوردیدا بەدوای ئەو دەقانەدا گەڕاوم، کە لەگەڵ ئەم تێڕوانینەمدا دێتەوە. باشترین نموونە زمانی حیکایەتە کۆنەکانە، تەنانەت ئەوانەی لە کولتووری چینییەکان و زۆر میللەتی تردا هەن و کەمێکی گەشتووە بە من، کە تا سنورێکی زۆر سەیر، زمانەکەی چڕ کراوەتەوەو لە وەسفی زیادە داماڵراوە، ئەوەی هەیە زمانێکە پڕ لە ڕووداوە و بەگشتی هەر ڕستەیەک وەزیفەی خۆی هەیە لە دەقدا. دواتر کە بە هەندێک ئەزموونی گێڕانەوەی ئەمریکای لاتینیش ئاشنابووم، زیاتر جوانیی ئەم حاڵەتەم بۆ کەشف بووە. لێرەدا من خۆم لە تێڕوانینێک لادا (تا ئێستاش) کە بەناوی شیعریبوونی دەق یاخود ئەدەبەوە دەدوێت و هەستم دەکرد، بەکارهێنانێکی هەڵە هەیە بۆ ئەم چەمکە. بەوەی جیاکاری ناکات لە نێوان زمانی وەسفیی وەستاو لەگەڵ زمانێکی پڕ جوڵە و ڕووداو، یاخود زمانێکی شیعری کە ڕەگی لە قوڵایی مانای تێکستدا هەیە، هەرچۆن لە زۆر نووسینی فەلسەفی یاخود زانستیدا ئامادەیی هەیە.

بە بارەکەی تریشدا چ خەیاڵێکی شاعیری لە پشت بیردۆزی ڕێژەیی، یاخود کشانی گەردوون و بیردۆزی ژێکانەوە وەستاوە. یاخود زمانێک وەزیفەیەکی جوانکاری هەیە، بەڵام لەسەر ئاستی مانای دەق هیچ ناڵێت، من گرفتم لەگەڵ ئەم

## ئەوەی بۆ من گرنگە، ئەوەیە بتوانم ڕووداوێك دروست بکەم، کە خوێنەر تووشی سەرسامی بکات و ڕایبگرێت

جۆرە ڕستانەدا هەیە وەک لای سەلیم بەرەکات، واسینی ئەعرەج و سالم حمیش هەن.
لای من ئەوەی ئامادەیی هەیە، گواستنەوەی ئەو شیعرییەتەیە بۆ سەر ئاستی ڕووداو. بەو مانایەی لە ئاستی ڕووداودا بتوانیت خوێنەر تووشی سەرسامی بکەیت. بە دەقێک کە پێویستی بە وشەی زیادە نەبێت، بتوانیت خوینەر بەریتە پانتاییەکەوە، کە نامۆ و سەیر بێت بۆی. تۆ سەیری حیکایەتی حەماڵەکەی بەغدا یاخود ئەو حەکیمە بکە کە بە کتێبە ژەهراوییەکەی مەلیک دەکوژێت لە هەزارو یەک شەوەدا. هەر وشەیەک وەزیفەی خۆی هەیە لە دەقەکەداو ئەو دەقانەش دەتوانن لە ڕووبەرێکی بچوکدا، تووشی سەرسامیمان بکەن، بێ ئەوەی پێویستیان بە درێژکردنەوەی دەقەکە هەبێت. تەنانەت سەیری کرداری خەلقکردن بکە بەپێی ئاین، خودا پێویستی بە وەسف و درێژدادڕی و شەرح نەبووە. ئەو بە ئاو دەڵێت ببە، دەبێت. لەکاتێکدا دەزانین هەر پێکاتەیەکی بوون، ئەوەندە ئاڵۆزە، شەرحی دەوێت بۆ تێگەشتن لێی، بەڵام دیارە ئاو یاخود هەر شتێکی تر، لە خەیاڵی خودادا ئامادەیی هەیەو وشەی ئاو کۆی ئەو خەیاڵە دەگوازێتەوەو بەرجەستەی دەکات. هەربۆیە پێویستی بەوە نەبووە بڵێ ئاو کە بەم جۆرە پێکهاتوویت و ئەمە ڕەنگ و تام و... وردەکاریتە، ببە. بەڵام ئەوە کاری ئینسانە کە بەدوای ئەوەدا دەڕوات بزانێت ئاو چییە، ئاسمان چییە کە لە خەیاڵی خوداوە سەرچاوەیان گرتووە. هەربۆیە من هیچ باکم بەوە نەبووە، کە لەپێناو درێژکردنی دەقێکدا پەنا بەرمە بەر زمانێک ڕوونکەرەوە یاخود وەسفی بێت. لەوانەیە کەمێک سەیربێت ئەگەر بڵێم ئەوەی بۆ من گرنگە، ئەوەیە بتوانم ڕووداوێک دروست بکەم، کە خوێنەر تووشی سەرسامی بکات و ڕایبگرێت. وەک ئەوەی شیعرییەت لای من لە ئاستی دروستکردنی ڕووداوەکاندا بێت، کە لە پشت دێڕەکانەوە پەنهانکراوە. بەو مانایەی لەسەر ئاستی ڕستە، ڕستە لای من سادە و بێ ئاڵۆزین، بەڵام لە پەیوەندییان بە یەکترەوە، ڕووداوێکی نائاسایی دەخولقێنن.
بیریشمان نەچێت، کاتێک من دەمەوێت شتێک بگێڕمەوە، بە زمانی کوردییە و کەسانێکی زۆر بەم زمانە دەنووسن، بەڵام من دەمەوێت لەناو ئەم زمانەدا،ماڵێک یاخود ڕووبەرێکی تایبەت بەخۆمم هەبێت. وەک ئەوەی نووسین بیناکردنی ماڵێک بێت لەناو زماندا، نەوەک لە سێبەری زمان و دەقی تردا کاربکەم. تۆ چەند زمان و خەیاڵی شێرزاد حەسەنت بینیوەتەوە لای کەسانی تر، یاخود زمان و بەکارهێنانی ناو چۆن لای بەختیار عەلی هەیە، تارماییەکەی بەسەر دەقی نووسەرانی ترەوە دەبینیت؟ من هەموو جارێک کە بڕیاری نووسینی دەقێک دەدەم و بەخۆم دەڵێم دەی ئێستا دەتوانم دەست بە نووسینی، بۆ نموونە فەهرەست بکەم، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە خەیاڵمدا بووە و دەکرێت تێبینی و هەندێک سەردێڕیشم لەبارەیەوە نووسیبێت، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک پرسیار دەبمەوە. هەر لەوەی بۆ دەمەوێت ئەم دەقە بگێڕمەوە تا زمان و جوگرافیای دەقەکە و لایەنەکانی تری. دیارە دەرک بەوە دەکەم کە ئەوەی من دەمەوێت لە گێڕانەوە، بە زمانی وەسفی و زیادە ناکرێت، بەڵام دەشێت بۆ کەسێکی تر وا نەبێت و ئەو بە جۆرێکی تر ئەزموونی زمان بکات.

کورتنووسین لای من زۆر بە مەبەستەوە دەکرێت، بەڵام ئەمە مانای وانییە کە کارێکی خۆش و ئاسانە، چونکە لە کورتنووسیندا بواری ئەوەت بۆ نامێنێتەوە، کە بە ئاسانی هەندێک گرفت و بۆشایی تێبپەڕێت، بەڵکو پێویستی بە وردبینییەکی زۆر هەیە و من چێژ لەم وردەکارییە دەبینم

# گفتوگۆ

***ئامادەکردنی ڕۆح چییە؟ ئایا بەڕاستی ئەمەتان کردووە، وەک لە چیرۆکی (ئەندێشەی پیت)دا باسیدەکەن، واتا بۆ خۆتان بەکاری ئامادەکردنی ڕۆح هەستاون؟**

_پێش ئەوەی باسی ئەوە بکەم، حەزدەکەم بگەڕێمەوە بۆ ئەوکاتەی لەگەڵ هاوڕێیەکی ناوەندیمدا فێری هاتووچۆی کتێبخانەی گشتی بووم و سەروکارم لەگەڵ خوێندنەوەدا پەیدادەکرد و بەدوای کتێبدا دەگەڕاین. من لەوێ بۆ یەکەم جار ناوی هەندێک کتێبم بینی لەو چەکمەجەیەی کارتی زانیاریی کتێبەکانی تێدابوو، کە لە تەمەنێکدا خەیاڵی زۆر گەنج و لاوی بەرەو خۆی بردووە و نەمدەزانی بە ڕاستی ئەوانە وەک کتێب بوونیان هەیە، وەک کتێبەکانی خەواندنی موگناتیسی و پاراسایکۆلۆژی و سیحری ڕەش و سیحری سوور و کتێبە سەیرەکانی ئەنیس مەنسور و لەبارەی ڕۆح و مردن و شتی لەو بابەتانەوە. ئیدی جارجار ئەو کتێبانەمان دەخواست و سەیرمان دەکردن، تا ڕۆژێک لە خواستنی کتێبێکدا، ئافرەتێکی فەرمانبەری کتێبخانەکە بۆمان هاتە دەرەوەو وتی من ماوەیەکە ئاگادارم ئێوە لەم کتێبانە دەخوازن، پێم بڵێن ئێوە ئەم کتێبانەتان بۆ چییە؟ ئێمەش سوێندمان بۆ دەخوارد کە هەروا بۆ خۆشی دەیانخوازین، بەڵام ئەو باوەڕی نەدەکرد و دەیوت نا ئێوە ئیشتان پێیانە، ئێمەش بەوە قەناعەتمان پێکرد، کە عەرەبییەکەمان بەشی ئەوە ناکات تا بە جوانی لێی تێبگەین. ئیتر کۆڵی لێداین، پاش ئەوەی وەعدی لێ وەرگرتین، کە ئەگەر جارێکی تر کتێبی وا داوابکەین، دەرمان بکات. بەڵام لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا کاوە ئیبراهیم، کە کاری وەرگێڕان دەکات و زۆر گرنگی بە بواری پاراسایکۆلۆژیا دەداو شارەزاییەکی باشی هەیە لەو بوارەدا، ئەگەرچی خزمایەتی لەنێوانماندا هەیە، بەڵام زۆر هاوڕێیەتیمان خۆش بوو. ئیدی زۆرجار لەو بابەتانە دەدواین تا هەوڵی ئەزموونکردنی ئامادەکردنی ڕۆحمان دا. من قسەم لەو بارەیەوە نییە کە ئەوە حەقیقەتی هەیە یاخود نا، چونکە من زیاتر وەک یارییەکی سەیر و پڕ چێژ سەیرم دەکرد، بەڵام جار لەدوای جار و لەگەڵ سوڕانەوەی پیاڵەکە و گەڕانی بەسەر پیتەکاندا، دەگەشتمە دەرئەنجامی سەیر و زانیاریی ڕاست، کە بە ڕاستی تائێستا ناتوانم ڕاڤەی ئەوە بکەم، کە ئەو کارە گەمەیە یا نا، ڕاستە یاخود نا، چۆن ڕووی دەدا. چونکە ئەو زانیاریانەی لێیەوە دەستمان دەکەوت، ڕاست بوون. ئەمەش جێگەی سەرسوڕمان و پرسیاربوو بۆم. دواتر من لەگەڵ سێ برادەری تردا، کە یەکێکیان هاوڕێی شاعیرم ئاراس عەبدولکەریم بوو، دوای ئەوەی باسمان لەوبارەیەوە دەکرد، خۆبەخۆ وەک گروپێک بۆ خۆشی هەندێک شەو لەماڵی یەکێکمان کۆدەبووینەوەو ئەو کارەمان دەکرد. بەڵام بۆمان سەیربوو، چونکە زانیاریی سەیرمان لێی دەست دەکەوت، بەتایبەت لە بارەی هەندێک کوشتنی نهێنیی ئامێز و ڕووداوی تەمومژاوییەوە، ئیتر زۆر ترساین لەوەی ئەمە بگاتە دەست هەندێک شوێن و کەس، هەربۆیە ڕۆژێک بڕیارمان دا هەرگیز ئەو کارە نەکەین و باسیشی نەکەین.

وەک وتم من زیاتر وەک گەمەیەک ئەوەم کردووە و تا ئێستاش دانەنیشتووم بۆ ئەوەی بیر لەوە بکەمەوە ئەو شتە ڕاست بوو یاخود نا، چونکە

# رستە لای من سادە و بێ ئاڵۆزین، بەڵام لە پەیوەندییان بە یەکترەوە، ڕووداوێکی نائاسایی دەخوڵقێنن

ژیان زۆر شتی سەیری تێدایە و لەسەر ئەوە نەوەستاوە کە من و تۆ باوەڕمان پێیەتی یاخود نا. پاشان مرۆڤ مێژوویەکی درێژی لەگەڵ زۆر کاری سەیردا هەیەو ئەویش یەکێکە لەوان. ئیدی زۆرجار ئەندێشەی ئەوەم کردووە، کە بکرێ ڕۆحی کەسێکی وەک کالفینۆ ئامادە بکرێت و بزانرێت ئەو چیرۆک یاخود ڕۆمانانە چیبوون لە خەیاڵیدا بوون و نەینووسیون، یاخود ئەوانەی ئێستاو دوای مردنی، لە خەیاڵیدان.. شتێکی سەیرە، بەوەی مردووەکان هێشتا چیرۆکەکانیانمان بۆ بگێڕنەوە. بەڵام هەرگیز هەوڵی ئەزموونکردنی شتێکی وام نەداوەو تەنها چیرۆکێکم لەوبارەیەوە نووسی، کە لە زارەکانی خەوندایە.

*** (تامی مەرگ) یەکێکە لەو چیرۆکانەی تایبەتە بە مەرگ، پێم باشە لەناوی کتێبی کیمیاگەرەکە بپرسم: (کێشی مردن لە سەروای ژیاندا)، کتێبەکەی مردن بۆ ئەو ناوەی هەیە؟**

_ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فەزایەی چیرۆکەکە هەیەتی، کە دیارە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی کۆنی وەک سەردەمی خەلافەتی عەباسی، کە بەغدا لەوپەڕی ناوبانگی خۆیدا بووە. هەربۆیە هەوڵم داوە ناوی ئەو کتێبە (کێشی مردن لە سەروای ژیاندا)، کە مردن لەگەڵ خۆیدا هێناوییەتی و لە ڕێگەیەوە کیمیاگەرەکە دەدۆزێتەوە، بەجۆرێک ئەو ریتم و شێوە پێکهاتنەی هەبێت، کە لەوسەردەمەدا ناونیشانی کتێب هەیبووە.

***مرۆڤ دەمرێت، بەڵام هێماکان نامرن و ناکوژرێن.. مەبەستت لەم قسەیە چییە، کە لە چیرۆکی (سنوقی ئەندێشە)دا، ئەمە دەڵێیت. پێت وایە بەهای هێماکان، بە بەهای مرۆڤەوە نەبەستراونەتەوە؟**

_دەکرێت بیرکردنەوە لە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و هێما، پەیوەندییەکی ئاڵۆز و فریودەر بێت، هەروەک پەیوەندیی نێوان وێنەو ئەسڵەکەی. چونکە لە ڕووکەشدا وا بەدەردەکەوێت کە ئەوە مرۆڤە هێماکان دروستدەکات و بەهایان پێدەدات. بەڵام با ئێمە بەجۆرێکی تر پرسیارەکە بکەینەوە، ئەویش ئەوەیە ئایا مرۆڤ بەها دەدات بە هێماکان، یاخود ئەوە هێماکانن بەها دەدەن بە مرۆڤ؟ لەو بڕوایەدام کە بەهای مرۆڤ بەو هێمایانەوە بەستراوەتەوە، کە دەچێتە ژێر سایەیان و ئەوە هێماکانن بیرکردنەوەو شوناسمان دیاریدەکەن، یاخود بوونمان پێدەبەخشن. دەکرێت داس و چەکوشێک، جۆرێک جلوبەرگ، خاچێکی چەماوەو ڕەنگی جامانەو چۆنییەتی بەستنی، وەک کۆمەڵێک هێما، شوناسی ئێمەو ئاراستەی بیرکردنەوەی ئێمە دیاری بکەن و ئێمە هەڵسوڕێنن. هەرچۆن بەلێشاو مرۆڤ دەبێتە قوربانی یاخود قەتلوعام دەکرێت لەپێناو ئەوەی هێماکان بژین و بەردەوام بن. هەربۆیە دەکرێت شەڕ و ململانێکان لەنێوان هێماکاندا ببینین، کە لە ڕێگەی مرۆڤەکانەوە دەکرێت. ئەمە وادەکات تەمەنی سیمبولەکان زۆر درێژتر بێت لە تەمەنی مرۆڤ و تەنانەت کۆمەڵگەکانیش. هەرچۆن وێنەکان جێگەی ئەسڵەکان دەگرنەوە و تەمەنیان زۆر زیاتر دەبێت لە ئەسڵەکانیان و ڕاستەقینەتر دەبن لە ئەسڵەکان، دەکرێت لێرەدا بگەڕێینەوە سەر ڕۆمانەکەی ساراماگۆ کە بەناوی (هاوشێوەکانی پیاوێک) کراوە بە کوردی. فیرعەونەکان وەک مرۆڤ نامێنن، بەڵام سمبولەکانیان تا ئێستاش

لەو بڕوایەدام کە بەهای مرۆڤ بەو هێمایانەوە بەستراوەتەوە، کە دەچێتە ژێر سایەیان و ئەوە هێماکانن بیرکردنەوەو شوناسمان دیاریدەکەن، یاخود بوونمان پێدەبەخشن

# گفتوگۆ

دەژین و وەک لوغز وان بۆمان. لێرەدا هەستدەکەم پەیوەندییەک هەیە لەنێوان خەونی نەمری و سیمبولدا. هەرچەند دەکرێت ڕوویەکی دۆزەخینی ئەم سیمبولکارییە لە هۆلۆکۆستدا ببینین، کاتێک هەموو زیندانییەکان ژمارەیەک بە شین لەسەر بازوویان دەکوتراو هەرگیز بەناوی خۆیانەوە بانگ نەدەکران و دەبوو ناوی خۆیان بۆ ئەبەد لەیادبکەن، بەڵکو بەو ژمارەیەی لەسەر بازویان تاتۆکرابوو، بانگدەکران و دەناسران. لەو گرتووخانە و سەربازگەی کارو قەلاچۆکردنانەدا، ئەوەی دەژیا ناوەکان نەبوون، بەڵکو ژمارەکان بوون.

ئێمە پەیکەرە برۆنزییەکانی سەدام حوسەینمان لە یادە و دوای ڕووخانی، باس لەوە دەکرا کە چەندین پەیکەری برۆنزیی گەورەی هەیە و لە زۆر ناوچەو بیابانی عێراقدا شاردویەتییەوەو کردوویەتی بەژێر خۆڵەوە، تا ڕۆژگارێک بێت، دوای چەندین ساڵ و سەدە، بدۆزرێنەوەو جارێکی تر چیرۆکی ئەو بەردەوام بکەن، هەروەک چیرۆکی پادشا کۆنەکان، کە خۆیان نامێنن و سیمبولەکانیان دەمێنێتەوە. لە گەرمەی شۆڕشی لیبیادا، ڕۆژێک لەگەڵ کوڕێکی لیبیدا باسی ئەم خەونە سەیرەی سەدامم بۆ دەکرد. کە لەگەڵ وێنەو پەیکەرەکانیدا هەیبووە، ئەویش وتی قەزافی شتێکی تری کردووە. ئەو بە چەندین تەن پارەی دروستکردووە، ئەوەی لای خۆمان پێی دەڵێین پارەی ئاسن و دەزانین ئاسن نین، بەڵکو نیکلن یاخود ماددەیەکن کە ژەنگ ناکەن، لەسەر ئەو پارانە وێنەی ئەو هەڵکۆڵدراوەو هەمووی لە شوێنی جیاجیای دەریای سپیدا فڕێداوە، تا ڕۆژگارێک بێت و بدۆزرێنەوە. ئەمە چ خەونێکی سەیرە مرۆڤ لەگەڵ وێنە و هێماکاندا هەیەتی.

نیرۆن وەک مرۆڤ ئێسکوپروسکی نامێنێت، بەڵام سوتاندنی ڕۆما بە دەستی ئەو، نیرۆن بە درێژایی ساڵ و سەدەکان دەهێڵێتەوە. دەکرێت ئەمە بگوازینەوە بۆ نووسین و ئەو خشتانەی بەجێمان. کە نووسەرەکانیان نازانرێت و نەماون، بەڵام نووسینەکانیان ماون. ئەوەی دەژی، وێنە و پەیکەر و سیمبولەکانن، نەوەک مرۆڤ.

***لەخەیاڵەوە بۆ ژیان بڕوانین، (خەیاڵ) ژیان مانادارئەکات؟، وەک لە چیرۆکی «ئەندێشەی پیت»دا هاتووە، کە (ژیان مانای خۆی لەدەست دەدات، گەر لەخەیاڵەوە نەڕوانینە ژیان)، ئایا ژیان مانای خۆی لەدەستدەدات یاخود بەپێچەوانەوە؟**

__یەکێک لە توانا سەیرەکانی مرۆڤ لەپاڵ بیرکردنەوەدا، خەیاڵکردنە. باوەڕناکەم بتوانین وێنای ئەوە بکەین کە پێیگەشتووین لە دەرەوەی بوونی خەیاڵدا. خەیاڵ تەنها لە ئەفسانە و ئەدەبدا ئامادەیی نییە، بەڵکو لە پشت زانست و فەلسەفەشەوە ئامادەییەکی زۆری هەیە. تەنانەت ئەوەی لە زانستدا گریمانەیە و مرۆڤ توانای ئەزموونکردن و تاقیکردنەوەی نییە، لە ڕووبەری خەیاڵدان و خەیاڵ پەیان پێ دەبات. تەنانەت لە فیزیاو گەردووناسیدا، سەرەتا زۆر بیردۆزە وەک گریمانە هەن، کە دەکەوێتە سنوری خەیاڵەوە. هەروەها لە سیحر و جادوودا، لە ڕاڤەکردنی جیهان و خولقاندنی خواوەندەکان و گەشەکردنی خواوەند لە دیاردەی سروشتی بۆ پەیکەر و تەوتەم، پاشان دابەزینی بۆ سەرزەوی تا دەگاتە ئەوەی دەگەڕێتەوە ناو وشە و نادیار دەبێت.. ئەم توانا سەیرەی خەیاڵ وادەکات زیاد لەسنوری دیاردە و چەمکەکان بڕۆین و بۆ جۆرێک لە ڕاڤەکردنیان بگەڕێین. تەنانەت

# ئەوەی ماناى ژیانی قوڵتر کردووەتەوە، خەیاڵە



خەیاڵ وادەکات ئێمە لەیەک کاتدا لە زیاد لە جیهانێکدا بژین، کە ئەو توانای بیناکردنیانی هەیە و هەمووشیان وەک یەک راستەقینەن و وەک یەکیش درۆن بەم ژیانەی خۆشمان مومارەسەی دەکەین، چونکە لە بنچینەدا خەیاڵ رۆڵی گەورەی هەبووە لە خولّقاندنیدا

لەسەر ئاستی دروستبوونی نەتەوە، خەیاڵ رۆڵێکی یەکجار گرنگی هەیە، سەیری وێناکردنی تورک بکە بۆ خۆیان و ئەفسانەی ئەو گورگەی لای ناسیۆنالیستی تورک هەیە، کە چۆن رەگەزی تورک لە لەناوچوون رزگاردەکات و تا ئێستاش هەست بە ئامادەیی ئەو گورگە دەکەین لای ناسیۆنالیستەکانی تورک. یاخود عەرەب چۆن هەوڵدەدەن لە رێگەی زمانی عەرەبییەوە خۆیان وێنابکەن، بەوەی زمانەکەیان زمانی خواوەند و ئەو دونیایە و لەوح ئەلمەحفوز بە عەرەبی نووسراوەتەوە. لەکاتێکدا زۆر پێش ئەوان بە هەزاران ساڵ هەم خواوەند و هەم ئاینی تر هەبوون. بەڵام ئەمان دەتوانن چیرۆکێکی زۆر بەهێزتر لەوانەی ئەوان بخولقێنن. تەنانەت وێناکردنی چەپ بۆ ئایندە. ئەو دنیاو وێنە سەیروسەمەرەکانی بەهەشت و دۆزەخ. بیردۆزی تەقینەوە گەورەکە و کشانی گەردوون و...
هەرلەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین ئەوەی ماناى ژیانی قوڵتر کردووەتەوە، خەیاڵە. یاخود بەجۆرێکی تر دەتوانین بڵێین ئەوەی جیهانی خولقاند خەیاڵ بوو. ئەدەبیش یەکێکە لەو بوارە گرنگانەی خەیاڵ لە پشتییەوە وەستاوە. خەیاڵێک کە توانای ئەوەی هەیە وەک راستی خۆی نمایش بکات. هەربۆیە هەرگیز پرسیاری ئێمە ئەوە نییە کە دۆن کیخۆتە راستی بووە یا نا، فاوست حەقیقەتی هەیە یا نا، بەڵکو خەیاڵ وادەکات ئێمە لەیەک کاتدا لە زیاد لە جیهانێکدا بژین، کە ئەو توانای بیناکردنیانی هەیە و هەمووشیان وەک یەک راستەقینەن و وەک یەکیش درۆن بەم ژیانەی خۆشمان مومارەسەی دەکەین، چونکە لە بنچینەدا خەیاڵ رۆڵی گەورەی هەبووە لە خولّقاندنیدا.



# چەند سەرنجێك لەسەر کتێبی مێژووی موزیکی کوردی

**حەکیم مەلا ساڵح**

سەرگەرمی بەرگی چوارەمی (هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا)م، کە تایبەتە بە مۆسیقاو شانۆ، بۆ ئەم مەبەستە چەند مانگێکە بە کوردی، فارسی، عەرەبی- خەریکی خوێندنەوەی سەرچاوەکانم. یەکێک لەو سەرچاوانەی کە بە کوردی نووسراوە، یابڵێین گرد و کۆکراوەتەوە (مێژووی موزیکی کوردی)یە، لە لایەن (محەمەدی حەمەباقی)یەوە.

ئەو کتێبە لە دوای چاپی یەکەمی خوێندمەوە گەلێ سەرنج و تێبینیم لەلا دروست بوو، ئەوانەم هەر هێشتنەوە تا لەم ماوەیەدا جارێکی تر چاپی سێیەمم خوێندەوە، کە لە ڕووی بەرگەکەی نووسیویەتی (چاپی سێیەم- دوای دەستکاری و پێزیادکردنی).

لەم جار خوێندنەوەیدا ژمارەی سەرنج و تێبینیەکانم زۆر زۆر تربوون و وای لێهات کە بە دڵ بەزەییم هاتەوە بە مێژووی مۆسیقاکەماندا، چونکە چ لە ڕووی مێژوویی و چ لە ڕووی هونەرییەوە سەیرم کرد بە دەگمەن لاپەڕەی بێ هەڵەی تێدایە، وا لەم بەشەدا ژمارەیەک هەڵەی هونەری پێش چاوی خوێنەر بەتایبەتی هونەرمەندانی مۆسیقا دەخەم و با هەڵە مێژووییەکان و هەڵەی بە هەڵە خوێندنەوەی شیعرەکان بمێنێ بۆ دەرفەتێکی دی.

یەکەم پێم سەیرە کەسێک شان بداتە بەر ئەو کۆڵە قورسە و سەر لە زۆر ڕەگ و بنەماکانی ئەو هونەرە دەر نەکات. بۆ نموونە لە لاپەڕە (١٥٧)دا ئەم بەیتە شیعرەی بە نموونە هێناوەتەوە:

لحن اورمان و بیت پهلوی

زخمه رود و سماع خسروی

لە پەراوێزی هەمان لاپەڕەدا ئەم بەیتەی ئاوا کردووەتە کوردی (واتە: ئەو شتانە بۆ ئەوە خۆشن تا گوێیان لێ بگیرێ: ئاوازی هەورامان، شیعر بە زمانی پەهلەوی، خوڕەی ئاوی ڕووبار، بیستنی خوسرەوی.. کە دەبێت ئاوازێک بوو بێ...).

قسەمان لەسەر چوار وشەکەی نیوەی دووەمی بەیتەکەیە: زخمه رود= خوڕەی ئاوی ڕووبار نییە، بەڵکو «زخمە» ئامێرێکی گچکەی فلزیە کە دەنگ لە ژێ هەڵدەستێنێ،مەولانای ڕۆمی دەڵێ:

ماچو چنگیم وتو زخمه میزنی

واتە: ئێمە وەک چەنگ واین و تۆ زەخمەی لێدەدەی.

«رودزن = ژێ ژەن»، «رودساز = ژێ لێدەر»، «رودگر = ژێ دروست کەر» (١) یشیان هەیە.

«سەماع»یش وشەیەکی عەرەبییە و «بیستن»ە، واتە بەربڵاوەکەیەتی، بەڵام لە مۆسیقای عیرفانیدا واتای «کەیف، وەجد، ئاوازی خۆش» دەگەیەنێت.

بەم شێوە لای شاعیرە عاریف و سۆفییەکان گەلێ جار بەکارهێنراوە. حافزی شیرازی دەڵێ:

مطرب چوپرده ساخت که در پرده سماع

براهل وجدو حال درهای هوی ببست (٢)

واتە: گۆرانیبێژ چ ئاوازێکی خوێند، کە لە نێو ئاوازی سەماعدا دەرگای «های و هوی» لە ئەهلی وەجد و حاڵ داخست.

مەولەوی دەڵێ:

جەکۆن چریکەی سەدای دەنگی روح

سەماعش پێمان مدۆ سەد فتوح (٣)

واتە: دەنگ و چریکەی ڕەنگرێژی ڕۆح لە کوێیە؟ کە ئاوازی خۆشی سەد سەرکەوتنمان پێدەبەخشێ

«پێش ئەوەی بە وردی مەولانا و حافز و بیدل بخوێنمەوە، منیش ئەم وشەیەم هەر بە (بیستن) لێکدابووەوە»، «خوسرەوی»یش بە گومانەوە لە پاڵیا نووسراوە — کە دەبێ ئاوازێ بوو بێ.. بەڵێ یەکێکە لەو ئاوازانەی کە بۆ شان و شکۆی خوسرە و پەروێزی پاشای ساسانی دانراوە.

«خوسرەوانە» و «خوسرەوانی»شی پێ دەگوترێ.

«باربەد» ئاوازیشی بۆ «شەودێز- ئەسپەکەی خوسرەو» و «شیرین = هاوسەری خوسرەو»یش هەبووە مەولەوی چەند جوان ئاوازی «شیرین» و

«خوسرەوانی» هونەرمەندانە ناوبردووە:

نەبەزم «شیرین»، «خوسرەوانی» دەور
مامام نەگەردش هەر ساتێ سەد تەور. دیوان: ل٤٢٢

دووەم: لە هەندێ شوێنی کتێبەکەدا بەتایبەتی لاپەڕە (١١٤) ناوی «یەسنا» هاتووە، کە بەشێکە لە کتێبی ئاڤێستا. ئەوە دیارە کە (یەسنا) بە واتای جەژنێکی دینی دێت کە لە دینی زەردەشتدا ئەو جەژنە تایبەت کراوە بۆ پەرستن و پاڕانەوە لە ئاهۆرامەزدا، لاری لەوەشدا نییە، کە لەو جەژنەدا مۆسیقا ڕۆڵی هەبووە، کاکە حەمە سەبارەت بە وشەی (یەسنا) دووچاری گرفت بووە، ئەویش ئەوەیە کە گۆرانی «یەزن، یەزن»ی پێوە گرێدەدات، ئەم گۆرانییەش بەزمێکی چەپڵەیە و لە هەورامان سەری هەڵداوە، دەسپێکی گۆرانییەکە بەم شێوەیە:

ئەرێ یەزن یەزن یەزن
شێخەکان بیپارێزن

ئەم گۆڕیویەتی بە «هەر یەسن، یەسن، یەسن»، بەڵام ئەمە وا نییە، چونکە:

١.یەسنا ئاوازی ئاورگایە و بە دەم چەپڵەلێدانەوە ناخوێنرێ.

٢.وشەی «یەزن» لە هەورامیدا بە واتای «زاوا» (٤) دێت، لەو گۆرانییەشدا واتاکەی دەبێتە «ئەرێ زاوا زاوا زاوا».

٣.ئاوازەکە لە زۆر کۆن ناچێت، چونکە گۆرانیبێژەکە داوا لە شێخەکان دەکات کە زاوا بپارێزن، وشەی شێخیش لە چاو «شا، سان، پیر، بابا»دا لە هەورامان مێژوویەکی تازەیە.

٤.لە دێڕی سەرەوەی «هەر یەسن، یەسن»ەکەوە نووسیویەتی: کە لە یەسنا دەپاڕێتەوە و داوا دەکات دڵدارەکەی بپارێزێت.

تێناگەم.. یەسنا بۆ خۆی ناوی جەژنی ستایش و پاڕانەوەیە، ئیتر چۆن دەبێ لە خودی (یەسنا) بپاڕێتەوە؟ نازانم چەپڵەڕێزان و پاڕانەوە لە خودا و ستایشکردنی لە کامە دیندا هەبووە؟.

سێیەم: لەو مێژووەدا سێ جار ناوی نەکیسا و دووجاریش ناوی باربەد هاتووە، کە دوو هونەرمەندن بە ناوێکەی خوسرەو پەروێز بوون. بەڵام کاکە حەمە لە ڕووی هونەری مۆسیقاوە ڕێگەی بەوە نەبردووە، کە ئەو دوو ناوە لای عەرەب گۆڕاون بە «ناقوس» و «بربگ» بەم چەشنە وەک گەلێ چشتی دیکەمان تەعریب کراون.

هەروەها «بربگ» لە عەرەبیدا «عود»یشی پێ دەڵێن، کە ئەمیش بە هیچ جۆرێ عەرەبی نییە، بەڵکو لە «ئود»ی هیندییەوە وەرگیراوە، ئود ناوی درەختێکی بۆنخۆشە و «ئود کوماری» واتە: ئودی شاری کوماری لە هیندستان بەناوێیە (٥).

دیارە بۆ یەکەمجار ئەو ئامێرە لە تەختەی ئەو دارە دروستکراوە، کە لەگەڵ مۆسیقاکەیدا بۆن و بەرامەی خۆشیشی بەخشیوە.

چوارەم: لە لاپەڕە (١٢٠)دا پەیوەندییەک لە نێوان «گاتا» کە بەشێکە لە کتێبی ئاڤێستا و «قەتار» کە مەقامێکی گەرمەسێری کوردەوارییە دروست دەکات، بە واتای ئەوەی کە قەتار لە ڕیشەی «گاتا» بێت. بەڵام ئەوە هەرگیز وانییە و قەتار لە کوردیدا «قەیتوولە»شی پێ دەگوترێ، کە واتای «ڕیزبوون، ڕیزبەستن» دەگەیەنێت، ئەوەش پەیوەندیی بە سەردەمی ژیانی کۆچ و کۆچبارەوە هەیە، کە لە هەوارێکەوە بۆ هەوارێکی دیکە ڕیزیان بەستووە و ڕۆشتوون..

قەتارێ هاتووە گەوهەر باریەتی
خورشیدی خاوەر سەر قەتاریەتی... فۆلکلۆر.

یا نموونەی ئەو بەیتە شیعرەی پیرەمێرد، کە لە لاپەڕە (١٢٣) نووسیویەتییەوە، دەڵێ:

ئەکەوێتە ڕێ بەڕیز و قەتار
بە سۆزی شمشاڵ، بە بەستە و قەتار.

مەولەویش دەڵێ:

لارەی قەتارەی لاو شەدەلاران
ئیشارەی کەم کەم پەنجە و شاران... دیوان، ل٤١٤

لەم دوو نموونەیەدا واتای وشەی قەتار بە ڕوونی دیارە. خۆ ئەگەر بیگوتایە قەتار شێوێنراوی وشە دوانەی «گات + تار»ە بە واتای ئەو «تار، ژێ»یەی، کە سروودی گاتای پێ ژەنراوە، ئەوە ناو ئەنرا بۆچوون. بەڵام ڕاستییەکە لەوەدایە کە لە هیچ سەرچاوەیەکی زەردەشتیدا «ئاڤێستا، زەند، پازەند» دوور و نزیک وشەی «گات + تار» یا «گاتار» نییە.

کاکە حەمە لەو کتێبەدا بە شێوەیەکی فراوان زانیاریی لەسەر ئەو گۆرانی و ئاوازانە کۆکردووەتەوە کە پەیوەنددارن بە دینەوە، ئیتر گەلێکی ئێجگار زۆر ئاواز و گۆرانییەکانی دیکەی پشتگوێ خستووە، یا زۆر بە دەگمەن ناوێکی لێ بردوون. بەڵام هەموو ئەوە دەزانین کە ژمارەیەکی زۆر ئاواز و گۆرانیمان هەن تایبەتن بە «کار و پیشە، جەنگ، شایی، شیوەن، ڕاو، دڵداری، پیاهەڵدانی سروشت» ئەمەش وایکردووە بێ ئاوڕدانەوە لەمانە دوای خوێندنەوەی کتێبەکە هەست بە نووسینی مێژووی مۆسیقایەکی دینی دەکرێت، بەڵام خۆ پێش یا لەگەڵ سەرهەڵدان و گەشەکردنی دیندا ئەو چەشنە ئاوازانەش _کە ناومان بردن_ هەبوون.

وەک لە بەزمەکانی سیاچەمانەدا ئەم هەندە بە نموونە دیاری دەکەین «واچدێ پاگەلیا» تایبەتە بەناو ڕان و مێگەل. «هەمیشە وەهار گیان، تەم و تەمەلول» ئاوازن بۆ پیاهەڵدانی سروشت. «قامەت وەش، میناوەی» دڵداریانەن. «سەیری وەزەرا» پەیوەندیی بە باخدارییەوەیە بەتایبەتی «وەز = گوێز». «شیخانە» سۆفیانەیە و...هتد.

پێنجەم: لە لاپەڕە (١٢٨)دا ناوی بەزمەکانی هۆرەی هێناوە لە ناوچەکانی «کرماشان، ئیلام، لوڕستان، زەهاو» ناوی چواردە بەزمی نووسیوە، بەڵام ئەگەر سۆراخی زیاتری بکردایە ئەوا بەزمەکانی دیکەشی دەستدەکەوت، کە بریتین لەمانە:

«سەرکێویی، کزە، لاچڕ، بەی چڕ، ئەرکەوازی، بار بەد، نەکیسا» و «جافی» ئەم دوا بەزمە هەندێ تایبەتمەندیی خۆی هەیە و جافەکان لە سەردەمی کۆچ و کۆچباردا، کە هەواریان گواستووەتەوە بۆ بناری چیای داڵاهۆ و دەشتی زەهاو لەوانیان وەرگرتووە.

مەولەوی دەڵێ:

هەوای سیاماڵ وێنەی جارانەن
پەی سەمتی «زەهاو» «زەردە» و «یاران»ەن..
دیوان ل ٣٠٧

شەشەم: لەو کتێبەدا یازدە جار ناوی سیاچەمانە هاتووە، بەڵام وەک لە هۆرەدا ناوی چواردە بەزمی بردووە، بۆ سیاچەمانە ئەوەی نەکردووە. ئەمەش زۆر لەسەر کۆکەرەوەی ئەو کتێبە دەکەوێت، چونکە ساڵی ١٩٩٤ دوای چاپی یەکەمی کتێبەکە لە لایەن جەلیلی عەباسییەوە بە توندی ڕەخنەی لێ گیرا و لە ژمارە ٢٣ی هەفتەنامەی ئاویەردا بڵاوکراوەتەوە.

خاڵێک لە ڕەخنەکانی قسەکردنە لەسەر سیاچەمانە و ناوی سێ بەزمی بردووە، بە ناوەکانی: «تەم و تەمەلول، سەیری وەزەرا، پێچەپێچەکا».

کاکە حەمە دەبوو هیچ نەبوایە دوای دووجار چاپکردنەوەی کتێبەکە لەپاڵ سیاچەمانەدا ناوی ئەو سێ بەزمەی بنووسیایە. جگە لەوەش ئەگەر پرسیاری لە هەندێ خەڵکی بە زەوقی هەورامان بکردایە ئەوا هەموو یاخود زۆرێک لە بەزمەکانی دەستگیر دەبوو، کە ئێمە لێرەدا بە سوودوەرگرتن لە ئەیوبی کوێخا ڕۆستەم ئەو بە زمانە پێشچاو دەخەینەوە:

«١.بەزمی پەسەک، ٢.بەزمی هەورامی، ٣.سیاچەمانۆ مێوبڕیەی (ڕەزبڕین)، ٤.دەرەیی (سێ جۆرە)، ٥.بەزمی ژەنانە (ژنانە)، ٦.شێخانە (چەند بەزمێکن)، ٧.بەزمی ئەحلی، ٨.خواڵە داد، ٩.عەرعەر داد، یا (هۆ عەرعەر)، ١٠.ڕەفیق داد، ١١.خاڵ سیاوڵەی، ١٢.خاڵ خەنین گیان، ١٣.خانمەلی گیان، ١٤.قامەت وەش، ١٥.تاقڵە تەشانی، ١٦.میناوەی (دووبەزمە)، ١٧.حەلیم داد، ١٨.نازار وەی، ١٩.ئایشێ ڕۆ (دوو بەزمە)، ٢٠.عەتیلێ، ٢١.پێچاپێچیا راو هەزارانی، ٢٢.سەیری وەزەرا، ٢٣.بەزمی مام هەیەر، ٢٤.بەزمی حەمە کەریمی عەبوولە، ٢٥.بەزمی قالە مورادی، ٢٦.بەزمی ئەوڕەحیم بەگ، ٢٧.بەزمی مامۆ قادری پاوەیی (کاکە گیان)، ٢٨.بەزمی یوسۆڵەی جان (یوسۆلە=سوکەڵە ناوی یوسفە)، ٢٩.بەزمی ئەحەو نازارێ، ٣٠.بەزمی حەمەقولتە، ٣١.بەزمی حاجی یاقۆ، ٣٢.بەزمی تۆفیق دزاوەر، ٣٣.تەقەی تەوەن میر، ٣٤.هەوای زوڵفی تۆ، ٣٥.تەم و تەمەلول» (٦).

هەروەها کاک جەلیل لە وتارە ڕەخنەییەکەیدا نووسیویەتی: «ڕادەی سیاچەمانە ئەگاتە ژووری (١٠٠) بەزم. کە ئەیوبی کوێخا ڕۆستەم ئەمەی بۆ قبوڵ ناکرێ و دەڵێ: ئەگەر ژمارەیان لە سەد زیاترە کامانەن..؟.

وەڵامی ئەمە دەبێ لای کاک جەلیل بێت و ئەگەر لەمانەی کاک ئەیووب زیاتری لەلایە ئەوا بۆ خزمەتی هونەرەکەمان پێویستە پێشچاوی خوێنەرانی بخات.

کاک جەلیل لە وتارەکەیدا ئەوەشی باس کردووە، کە دەڵێ: «سەرجەمیش گۆرانیی هەورامان ئەبێتە چەند دەستە، کە بریتین لە: سیاچەمانە، بەرزە چڕ، چەپڵە، وردە بەزم، گووشی، شێخانە، دەرەیی، گێڵایی». بەڵام دەبوایە کاکە حەمە وردە باسێکی لە برایانی کەیمنەیی هونەرمەندان «عوسمان، حەمەحسێن، شەفیع» بکردایە، کە کاتی خۆی لە حەفتاکاندا لە ڕێگەی ڕادیۆی کرماشان- مەریوانەوە گوێبیستی دەنگیان دەبووین و ئەوەمان لەلا گەلاڵە بوو، کە ئەو سێ هونەرمەندە مەزنە لە دەنگدا گرەوبەرەوە بوون، کاک عوسمان بۆ سیاچەمانە، کاک حەمە حسێن بۆ بەزمی خاو، کاک شەفیع بۆ بەزمی چەپڵە، کە بە هەرسێکیانەوە بەشێکی زۆر لە ئاوازەکانی هەورامانیان کردبووە دەستەگوڵ، ئەم سێ هونەرمەندە ئێستاش لە ژیاندا ماون. خوا تەمەنی درێژیان پێ ببەخشێت.

کاکە حەمە دەیتوانی بە ئاسانی دەستی پێیان بگات، چ کاک عوسمان لە سلێمانی، چ کاک حەمە حسێن و کاک شەفیع لەودیوو «سنە و مەریوان»، بەڵام نەیکردووە و ئەوەشی ئەو سێ هونەرمەندە نە دوێنێ هەرگیز ناتوانێ پەی بە مۆسیقای سنوری هەورامان بەرێت، لەم ڕووەوە

کاک جەلیل لە وتارە ڕەخنەییەکەیدا ڕووی تێدەکات و دەڵێ: با عەرزی کاکە حەمە بکەم کە برای من جەنابت بەو کارە نازانستییانەت کۆشکی بەرز و زێڕینی سیاچەمانەت ڕوخاندووە، بە راستی پەت پەتیت پێ کردووە.

حەوتەم: لە لاپەڕە (٢٢- ٢٣)دا جوگرافیای گۆرانی و ئاوازە دێرین و ڕەسەنەکانی دیاری کردووە، لەو خانەبەندییەدا ڕەخنەی لەسەرە، وەکو:

١-ناوی کۆتەڵی نەبردووە، کە بەزمێکە وەک «موور و چەمەری» و زۆرتر لە ناوجافدا باو بووە، ئەم جۆرە شیوەنە بە شیعر و ئاوازەوە تایبەتبووە بە گەورەپیاوان «میر، سالار، سەردار» دواین کۆتەڵ لە قەڵەمڕەوی جافی موراددیا سازکرا بێ ئەو کۆتەڵە بووە بۆ ئەدیبی گەورە و شۆڕشگێڕ ئەحمەد موختار جاف، لە هەڵەبجەوە بەرەو گوندی عەبابەیلێ.

لە پیرانی ناوچەکەمان بیستووە، کە هەندێ لە شیعری ئەم کۆتەڵەیان لە یاد مابوو، ئەوەش ئەم بەیتانەیە، کە بە دەستمان هێناون:

لە ناو سیروانام سواری کەڵەکم

دوژمن مەمکوژە من ئەحمەد بەگم

میرم ڕۆ..... میرم ڕۆ

هەر وەخۆت ئەکەوت شازادەکەی من

پڕدەیتە تفەنگ لە حەنای دوژمن

میرم ڕۆ..... میرم ڕۆ

دەورانی دنیا خراو گۆڕپیاگە

میرم وەحیلەی ناحەز کوژیاگە

میرم ڕۆ..... میرم ڕۆ

کۆتەڵ، یا لاواندنەوە بەشێوەی بەرزەچڕ لای بەختیارییەکانیش هەیە و «گاگریوە»ی پێ دەڵێن: «گا = کات، گریوە = گریان» ئەم چەشنە ئاوازەش سێ بەزمی هەیە:

١. ا_دەندال «دەن = دەنگ، دال = دڵ» = سۆزی دەروون.

ب_سورووو = گریانی بە کوڵ بە ئاوازی بەرز.

پ_ڤاڤەیلا = واوەیلا، (بە دەستەجەم دەیڵێن، بە دەم زوڕناژەندنەوە).(٧)

٢.ئاوازەکانی «سەفەر، دڵسۆز، دیلان»ی لەبیرکردووە، کە لەکۆنەوە ئاوازی تایبەتی سنووری شاربازێڕن، یا بڵێین هەرێمی بابان، ئەم سێ ئاوازە ئەگەر یەکەم و دووەمیان کەنار کەوتبن ئەوا سێیەمیان بە دەنگە دڵگیرەکەی شاعیر و هونەرمەند «حەمە ساڵح دیلان» تۆمارکراوە. ئەم ئاوازەش کۆنە و زۆرتر لە بەڕێکردنی بووکدا گوتراوە، مەولەوی دەڵێ:

تەنخوای نەی بەزم خەم وەیلانەوە

هۆردەر ئەی چەند فەرد وە(دیلان)ەوە. دیوان: ل٢٧٦

دەربارەی ئاوازی دووەمیش هەر مەولەوی دەڵێ:

بلند کەر مەقام (دڵسۆز) وەڕاسی

تەنزیلەش فەردگەل خاڵۆی کۆماسی. دیوان: ل٤٢٨.

٣.لە پاڵ حەیراندا نووسیویەتی: «قەرەچوغ، بێژنگ بەسەر، کەندیناوە، زوورگەزراو، شەمامک، هەولێر، سەفین، هەیبەت سوڵتان، ڕایات، زینۆی شێخان، ڕەواندز، هەندرێن، زۆزگ، گەلی عەلی بەگ، داری سەکران، خۆشناوەتی» داوای لێبوردن دەکەم ئەو ناو هۆنینەوە زیادە و باوی نەماوە، چونکە لەباتی هەموو ناوەکان بوترێ: «دەڤەری سۆران» بەسە بۆ ئاوازی «هۆرە»ش گەلێ ناو ڕست

# ڕەخنە

کراوە کە لەباتی هەموویان بگوترایە: «باشوری کوردستان» ئەوا هەموو خوێنەرێک لە مەبەستەکە تێدەگەشت. چونکە باشووری کوردستان لە گەرمیان و کرماشانەوە دەستپێدەکات، تا کۆتایی لوڕستان.

٤.بۆ ئاوازی سیاچەمانەش کە باستان لە جوگرافیای هەورامان کردووە (ل٢٢) ئەوا بەو شێوە نییە و وا لێرەدا بۆ مێژوو ڕاستی دەکەینەوە:

ا = تەخت، ب = لهۆن، پ = ژاوەرۆ، ت = گاوەرۆ، ج = چەمی درزلی، چ = چەمی شامییان، ح = چەمی ڕەزا و کەمەرە. ئەوەشی کە ناوی لێبراوە بەناوی هەورامانی (سەخت) ئەوا ناوی بەو شێوە نەبووە و نییە، هەروەها نووسراوە (بەشێک لە ژاوەرۆ) تێناگەین مەبەست چییە؟!

بەشی ژاوەرۆ هەر هەمووی هەورامی نشینە و تەنیا گوندێک نەبێ بەناوی: (کانی حسەین بەگ) کە جافن. ئەم جافانەش لە کاتی خۆیدا بە کۆچ چوونەتە ئەو لەوەڕگەیەو نیشتەجێبوون و ئیتر نەگەڕاونەتەوە بۆ شارەزوور و گەرمیان، کەواتە بەشێک لە ژاوەرۆ هیچ ناگەیەنێت.

٥.لە جوگرافیاکەدا ناوچەی «گەرمیان»یش پەڕیوە. ئەگەرچی لە هەندێ شوێنی کتێبەکەدا ناوی هەندێک لە ئاوازەکانی ئەو هەرێمە براوە، بەڵام دەبوو ئەویش وەک ناوچەکانی دیکە گۆشەی دیاری کراوی خۆی هەبوایە، چونکە مامۆستا (عەلی مەردان) و بەدوایدا (سەلاح داودە و حسەین عەلی، شکور خەیات، حەسەن گەرمیانی)ی تێدا هەڵکەوتووە، بەتایبەتی مامۆستا عەلی مەردان بەو ڕۆحەی کە کردوویەتی بە بەری ئاوازەکانی ئەو هەرێمەدا، عەلی مەردانیش ئەوەی بە میرات بۆ ماوەتەوە، خوا دەزانێ پێشتر چەند عەلی مەردانی ترمان هەبووە..

هەشتەم: گۆرانی، بۆ پێناسەی ئەم وشەیە، کاکە حەمە بۆچوونی هەندێ نووسەری هێناوە، کە باسیان لە بنجی ئەم وشەیە کردووە، هەرکەس هەرچۆنی گوتووە، ئەم هەر ڕاگواستنی بە ئەرکی سەرشانی خۆی زانیوە، لەگەڵ ڕێزمدا بۆ قەڵەمی ئەو نووسەرانە لە هەمووی ڕاستتر ئەوەیە، کە گۆرانی لە ڕیشەی (گۆ+ران)ە و گۆرانیش بەشێکی گەورەن لە کورد و زاراوەی خۆیان هەیە، کە لەم بەشانە پێکهاتوون:

«هەورامی، باجەڵانی، زەنگنە، شەبەک، زازا، ڕۆژبەیانی، کاکەیی، کەنووڵەیی»، ئەوانەی ڕێزم بۆیان هەیە وشەی گۆرانییان بردووەتەوە سەر «گاور، گەبر» لە جێگەی خۆیدا نییە، بەڵکو گۆران وشەیەکی گەلێ کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی «گاپەرستی»، کە دینێکی کۆنی گەلانی- هیندۆ ئەوروپی- بووە و هیچ پەیوەندییەکی بە دینی زەردەشتەوە نییە، چونکە وەکو لە مێژوودا ساغکراوەتەوە «هیندۆ- ئەوروپی» ناوە بۆ ئەو گەلانەی، کە لە نێوان هیندستان و ئەوپەڕی ئەوروپادا ژیاون، کە ئیسپانیایە.

بنەمای دینی گاپەرستی تا ئێستەش لە هیندستاندا هەر ماوە، بەڵام لای ئیسپانییەکان پێچەوانە بووەتەوە و وەرزشی گا کوشتنیان هەیە. ئەم جۆرە وەرزشەش ئەو دەمە داهاتووە، کە ئیسپانییەکان دینی حەزرەتی مەسیحیان وەرگرت، کە پێغەمبەر بووە و خاوەنی کتێبە. ئیتر دوای وەرگرتنی ئەم دینە بە ئەندازەیەک بێزیان لە گاپەرستی هاتووەتەوە ئەو وەرزشەیان کردە نەریت، کە زۆر سوکایەتییە بە گا و بە سەختی ئازاری دەدەن.

گۆران، وشەیەکی دوو بڕگەییە «گۆ + ران» لە سانسکریت و سۆمەریدا «گۆ» لە ئاڤێستادا «گەوە» لە پەهلەویدا «گاو» بەکارهاتووە. بڕگەی دووەمیش «ران» ئەوە بە واتای شوێن و مەڵبەند دێ، کە هەندێک جار گۆڕاوە بە «لان» یا «ڵان». نموونەش وەکو:
«زی + ران = سەردەسیر، گوندێکە سەر بە پاوە». «سەک + ران» چیایەکی بەناوبانگە بە واتای مەڵبەندی سەکاییەکان و نموونەی دیکەش هەیە. لێرەدا نامەوێ بچمە ناو بابەتێکی زمانەوانیی قووڵەوە با هەر ئەوە بەس بێت، کە وتمان و گرنگ ئەوەیە «گۆران» گەلێ کۆنە و هیچ پەیوەندیی بە «گەبر و گاور»ەوە نییە.
گۆرانی وەک هونەری مۆسیقی لە سەروبەندی گاپەرستییەوە کەوتووەتە ناو و ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە ستایشکردن و پیاهەڵدانی گادا بەدەم ئاوازەوە ڕاز و نیازی خۆیان دەربڕیووە و ناونراوە گۆرانی.
نۆیەم: لاپەڕە (٦١ – ٩٢) باس و خواسە لەسەر کاکەیی «ئەهلی حەق» با لە هەموو هەڵە مێژووییەکان بگەڕێین و لاپەڕە (٨٢- ٨٥) بەسەر بکەینەوە، کە تایبەتن بە نووسینی ئەو ئاوازانەی لەم دینەدا مێژوویان هەیە، بەر لە ڕستکردنی ئاوازەکان نووسیویەتی: بە هاوکاری و یارمەتی و تەقەللای دڵسۆزانەی کاکە فەرهادی عەزیزی و هاوڕێیانی کرماشان و لوڕستان توانیمان ناوی سەرلەبەری ئەو ئاوازانە لە ناو تێکڕای پەیڕەوکارانی ئەهلی هەقدا کۆبکەینەوە، کە ئەمە ناوی ئەو (٧٢) ئاوازەیە.
گیانەکەم بەدواداچوونێکی بەو شێوە وردەکاریی زیاتری دەوێ. ئەوەی جەنابت ویستووتە بەدەستی بێنی لە شاردا گیرنایەت، چونکە شارستانییەت دەستی ناوەتە بینی گەلێ چشتی لەوبابەتە، واتە فۆلکلۆر و ڕەسەنایەتی، بۆ ئەو مەبەستە دەبوایە «توو شامی، کرند، جەیحوناوا، کۆزەران» بگەڕایتایە، کە هەموو دین و نەریتی کاکەییەکانی دەست بۆ نەبراوی تیایاندا ماوە. بڕۆشتیتایە بۆ گوندە دوورەدەستەکان و شارەدێ چەپەکەکان هەنبانەکەت پڕ دەکرد لە ڕەسەنایەتی. ئەو ئاوازانەی تۆ ناوت ڕستکردوون ژمارەیان زۆر لەوە زیاترە. وا لێرەدا بە پێی ئەلف با پێشچاویان دەخەین:



١-ئاتەش بەگی، ٢-ئەڵوان «ئەڵوەن» ئەو ئاوازەی خودادادی علی گیانی کردەوە بە بەردا پەیوەندیی بە [الوان]ی عەرەبییەوە نییە، بەڵکو لە خۆشەویستیی ڕووباری ئەڵوەندایە. مەولەوی دەڵێت:

واچە بەو مەقام (ئەڵوان)اتەوە

هەی داد هەی بێ داد مەعدوم واتەوە. دیوان: ل٣٣٠، ٣-ئەڵاوەیسی «مامۆستا عەلی مەردان سیحری لێکرد»، ٤-ئامان یا داود دەخیلم یارێ تا مەیلت نەبۆ بار نمە بۆ بار «نەبۆ = نەبێ، نمەبۆ= نابێ»، ٥-ئارۆ زەماوەن مەکریۆ جەی ئەرگ نوینە- دەست زاماو زەماوەنی ئەز مەڕەژینە. «ئەرگ نوین = کۆشکی نوێ. زاما = زاوا. مەڕەژینە = لە ڕیشەی داڕشتنە بە واتای ڕەنگکردن، کە بە خەنە»، ٦-ئاقا یار داود- سان سان یار داود «بەدەم ئاوازەکەوە — سان سان ئەبێتە سەن سەن»، ٧-ئامان سەد ئامان عەلی وەو ئامان تۆ- یەدەس منەن عەلی وەو دامان تۆ «یە= ئەمە»، ٨-ئامان سەد ئامان شای کەرەم داران- کەرەم خەیرێکەر وەحاڵی یاران. ٩-بایە بایە «بادە، بادە لە ئاوازەکەدا دالەکەی ددانی پێدا نانرێ و لە هەورامانیش بەزمێک بەم ناوە هەیە»، ١٠-باوە سەرهەنگی، ١١-باوە جەلیلی ١٢-باوە فەقێ ١٣-باوا ناووسی، ١٤-بارەیە «کورت کراوەی بارەگایە یا بارگە، بارگە بارگە = بەشێکە لە کتێبی سەرەنجام»، ١٥-بەڵێ، هاهاها. ١٦-باڵ وەشان کەن سوڵتان ئاما- گیان قوروان کەن سوڵتان ئاما «باڵ وەشان = باڵ وەشاندن = خۆشی نواندن»، ١٧-پاتەرز، ١٨-پاوەموری ١٩-پێشڕەوی-پەنجە ڕەژانە یا ڕەزبار- چەم باڵ وەشانە یاڕەزبار «ڕەزبار = خاوەن ڕەز، دایە ڕەزوار= یەکێکە لە حەوتەوانە و نازناوی خاتوون دایراکیشە) ٢٠-پیرم حەق دەور، پیرم حەق دەور، پیرم حەق، ٢١-تاڵا سوارەن کاوەم نەی وەنە هوو- باقی پەس گیان گیان نەی وەنەهوو «تاڵا = بێ هاوتا. نەی = لەم. وەنە = وەن = نیاز و نیەت»، ٢٢-تاڵا سوارەن یاعەلی- سەردار یارەن یاعەلی، ٢٣-تەیمور گیان سەدای کەلامت نییە، ٢٤-تەپڵی جاویدی یا حەق ئیسحاق جەی مەڕ ژەنیاوە یا حەق ئیسحاق «جاویدی = نەمریی»، مەڕ = ئەشکەوت مەبەست ئەشکەوتەکەی چیای شنرۆیێیە، ٢٥-تەیمور یار ڕەنگینە- داود کەمەر زەڕینە «زەڕین = زێڕین»، ٢٦-تەپڵی یار داود ژەنیایە- ڕیشەی شەککاکان کە نیایە «ژەنیایە = ژەنراوە، شەککاکان = گوماندااران، کە نیایە = کەنراوە»، ٢٧-تەنەمیری، ٢٨-تەرزی یاری، ٢٩-تەرزی گۆران، ٣٠-تەرزی ڕۆستەم، ٣١-جلۆشایی، ٣٢-جەنگەرا، ٣٣-جەم نیان دۆسان نەویانە- حەق شەم و مەردان پەروانە «جەم نیان = کۆبوونەوە، نەویانە = لەو ماڵە»، ٣٤-جەم چلانە داود، مەس و مەی نۆشەن داود- یەکێ وەنەشان داود، عابیدین چاوشەن داود «وەنەشان = لەگەڵیان، عابیدینی چاوش = عابیدینی جاف]، ٣٥-جەژن و زەماوەنی یارانە- یار تێ سەیی محەمەد ئامانە «تێ = دێت»، ٣٦-چل تەن چلانە چلانە- شا شا میمانە چلانە «شاشا = خەلیفە شاشا، میمانە = میوانە»، ٣٧-حەق و حەق هوو هوو هەی ئاغای جافم- قۆنرەی سەرتاقان بابێ گەزافم «ئاغای جاف = عابیدینی جاف، قۆنرە = کۆنگرە = بورجی سەر تەلار»، ٣٨-حەقەن حەقەن های حەقەن - مەولام حەقەن، شام حەقەن، ٣٩-حەق دین حەق دین حەق دینە- سوڵتان سەرجەم نشینە،

٤٠-حەق سوڵتانە، گیان سوڵتانە — ڕەحمەیلە سان، یاسانەمن، سانە قوروان سوڵتانە، ٤١-خانە میری «ناسری ڕەزازیی مەست کردووە»، ٤٢-خامۆشە گیان «خامۆش = سەید ئەکابیری خامۆش»، ٤٣-خاس بیژەنە، ٤٤-خواجای غوڵامان گیان- یارداود ئامان گیان، ٤٥-دنیا فانیەن داودگیان — هەر هەق باقییەن داودگیان، ٤٦-داودژە کویرەی کەوسەر وەردەن ئاو- خواجای بنیامین هەر وێشەن ئافتاو «کویرە = چاوگە، وەردەن = خواردووە، وێشەن = خۆیەتی، ئافتاو = هەتاو، خۆر»، ٤٧-دەردم ئەزیار دەی سا بۆ دەی سابۆ «لە ئاوازەکەدا دەی سا بۆ بەشێوەی دەی سە بۆ گۆ دەکرێ»، ٤٨-دیار دیار هاهاها دیار- حەق خاوەندکار هاهاها دیار، ٤٩-دەس وێت والا، یۆرت وەنەوشە (یۆرت = لەوەڕگە)، ٥٠-دوو والا «والا = بالا»، ٥١-دۆس بژەن بژەن، بەرزەملێ- جەمی ڕاسانە یار نەدلێ «بەرزەمل، لاناو - کینایەیەلە زانا، ڕاسان = ڕاستگۆیان، نەدلێ = لەناو»، ٥٢-زەوق زەماوەن سوڵتانە- باڵ وەشان جەم مەردانە، ٥٣-زات یار داود حازرە وەجەم- خوەش وەحاڵ کەسێ دیدەنش وەچەم «دیدەنش وەچەم = دیتی بە چاو»، ٥٤-زەمزەمەی زینت باوەرین وەبیر، یاران شکور مەولامان هات-بژەنیم وەعیشق زاتی شێخە میر، یاران شکور مەولامان هات «باوەرین وەبیر = وەبیر بێنینەوە»، ٥٥-سارۆخانی، ٥٦-سەماع، ٥٧-سەماعی باڵ وەشان، ٥٨-سەماعی سەماع، ٥٩-سەحەریی پردیوەری، ٦٠-سەحەریی سەیی خامۆش، ٦١-سەحەریی هەی داود، ٦٢-ساحەل ئەی ساحەل ساحەلێ دەکەم — عالەم تەمامێ قوروانت دەکەم، ٦٣-سوڵتانی سەرجەم هوو هوو - زاتشەن وەجەم هوو هوو، ٦٤-سوڵتان دینە یاعەلی — پیر بنیامینە یاعەلی، ٦٥-سەردا نەڕای حەق تەیموور- دین تەیموور ئیمان تەیموور. ٦٦-سوڵتانی مەردان یاعەلی یاعەلی - شەفای کول دەردان یاعەلی یاعەلی، ٦٧-سەرتەرز، ٦٨-سوڵتانی مەردان یاعەلی یاعەلی، حەق یاعەلی، هوو یاعەلی - شەفای کول دەردان یاعەلی یاعەلی، ٦٩-شاخۆشێنی «شاموبارەکی لوڕستانی»، ٧٠-شێخە میری «شێخ ئەمیری»، ٧١-شای ڕۆشن دڵان مەولای عادڵان - مەولای عادڵان شای ڕۆشن دڵان، ٧٢-شاهۆ، شنروێ جای ڕەزم مێردان-پەنامان سوڵتان پردیوەر مەکان. ٧٣-شادی هەی شادی یارسان موبارەک شەو- عەیدی یارانەن یارسان موبارەک شەو «عەید= جەژن» هووهووهوو مەولام هووحەق حەق. ٧٤-شای دین ئیسحاق، ڕەنگین ئیسحاق- هوو هوو مەولا ڕەنگین ئیسحاق. ٧٥،عەلی هوو هوو هوو / مەولام حەق هوو هوو ٧٦-عەیدی یارانەن حەق حەق- ڕەحمەت وارانەن حەق حەق «وارانەن = بارانە»، ٧٧-عالی گورزی وێش هاوەدەسەوە - مەیاوۆ وەدای فرەی کەسەوە «وێش = خۆی، مەیاوۆ = دێت، دەگات، وەدای = بەدادی، فرەی = فرە = زۆر»، ٧٨-عابیدینی. ٧٩-عەلی عەلی هوو، مەولام عەلی هوو-دەسم وەدامان پیر بنیامین بوو، ٨٠-عەلی عەلی عەلی- مەولام عەلی عەلی عەلی، ٨١-عەلی گیان.. عەلی گیان - عەلی گیانی گیانان، ٨٢-عالی قەڵەندەر شەهیدی ڕای یار- جامە وەجامە سەرداوە ئیقرار، ٨٣-عەلی عەلیمەن حەق، عەلی زەرورەن حەق- عەلی حازرەن حەق، دیەی من کوورەن حەق «دیە= دیدە، چاو، کوور = کوێر»،

٨٤-عەلی هوو حەیدەر مەدەد، مەولام هوو هوو- یاشای پردیوەر مەدەد، مەولام هوو هوو، ٨٥-عەلی عەلیمەن یامەولا- یاعەلی کەی بۆ یاعەلی- شاخەی سەرمەسان یاعەلی بەن بۆ وەشاهۆ یامەولا «بەن بۆ = بەندبێ، گیربێ، شاخە = چڵ»، ٨٦-غەریوی، ٨٧-فانی فانیمەن یامەولا - فانی بەتاڵەن یاداود، ٨٨-فانی فانیمەن داودگیان- هەرحەق باقیەن داودگیان، ٨٩-قەتار، ٩٠-قەرەچۆپی، ٩١-کاکاردایی، ٩٢-گیان خواجەی غوڵامان هاهاکاوەم- هەی یار داود ئامان ها ئەوبەلی «کاوە = کێو، کەعبە، بەلی = بەڵا»، ٩٣-گیان سەی محەمەو بەرئەودیوانی- گیان نازش رەوان هەن پەی یارسانی، ٩٤-گڵەوەدەرە، ٩٥-گوڵ وەخار «وەخار = بەدرک»، ٩٦-لاو هەی لاو، مەولەوی دەڵێ:

سەدای (لاو هەی لاو) زرەی زەرزنجیر

سلسڵەو پانی سەر، بەند زرێ ولاگیر.. دیوان: ل٤١١. ٩٧-لامی هەی لامی سەروەشەن لامی- شای خاوەندگار پیرش بینیامی «لامی = رۆڵە، وەشەن = خۆشە، بنیامی = پیربنیامین»، ٩٨-لاوە لاوەمەن ئازیزم لاوە- جەزارییت مێردان گرد تاوییاوە «جەی زارییت = لەم شیوەن و گریانەت، تاوییاوە = تاوایەوە»، ٩٩-مەجنونی، ١٠٠-واڵەوێتانە، واڵەوێتانە- عەشقی حەق وەدەس شێت و وێتانە (واڵەوێتانە =پاڵاوتراوە)، ١٠١-وەقوروانت بام شای هەورامانی- خوای حەقیقەت دین و ئیمانی، ١٠٢-وەقوروانت بام شای یادگاری، ئامان و دەخیل سەوزپۆش گیان- مەنزوورو مەقسوود خاوەندکاری ئامان و دەخیل سەوزپۆش گیان «شا یادگار= باوەیادگار، مەنزوورو مەقسوود = مەبەست و مەرام»، ١٠٣-هیجرانی، ١٠٤-هوو هوو هوو مەولا هوو- دەسم وەدامان پیر بنیامین بوو، ١٠٥-هاهاها، ١٠٦-هەروا بووە هەروا دەوێ «شیعری عێل بەگی جاف»، ١٠٧-هەق و هەق و هەق یاری، ١٠٨-هەی داود، ١٠٩-هوو هوو هوو هوو هوویار — ڕابەر داود زامندار، ١١٠-هەی گیان، هەی گیان، زاتش هامێتە، ١١١-های بلە شێتە، گیان بلە شێتە، خاکی زەردەگڵ زاتش هامێتە «بلە = ئیبراهیم، مەبەست باوا ناووسی سەرگەتییە، هامێتە = ئاوێتە = تێکەڵ»، ١١٢-هەی ئیمانم یار- هەی ڕەنگینم یار، ١١٣-هەی داود، گیان داود، ١١٤-هەی داود گیان حەق داود، ١١٥-هانای فریادڕەس داود- وەی بێکەسان کەس داود، ١١٦-های دەروێش دەروێش ئیمانم دەروێش، ئەز وەفیدات بام پا بنیەر وەپێش «بام = بم، پا بنیەروەپێش = پێ بنێ پێشەوە»، ١١٧-هەی دیدەکانی ڕەژیان داڵاهۆ- وستەنش وە نەشاهۆ و باڵامۆ، «داڵاهۆ، شاهۆ، باڵامۆ سێ چیای بەرێزی لای کاکەیەکانن، ستەنش وەنە = پێکیەوە بەستن، دیدەکانی = دەروونداد، بنەڕەت، ڕا و بۆچوون بە پانتایی دەستەڵاتی خودا»، ١١٨-هەی دیدەکانی، یاردیدەکانی — پیروپادشا وەخەیر بیانی، ١١٩-هەی وەیار، هەی وە یارەکەم، یاری میرەوان، کەرەم دارەکەم. (میرەوان = میهرەبان)، ١٢٠-هەی دەباو دەباو ئازیزم دەباو- خەیلێ خوەش هاتی پات وەبانی چاو «دەباو = دەوەرە، خەیلێ = زۆر»، ١٢١-هەی دیدەکانی دەور گێڵۆ باقی- جەمی مەستانەن بنیامین ساقی، ١٢٢-هەی یاری یاری ئیمانم یاری- ئەز وەفیدات بام باش کەمانداری، ١٢٣-های تەیموور ئیمانم تەیموور - ئەز وەفیدات بام ئیبراهیمە سوور، ١٢٤-هەی دیدەکانی سەی محەمەو یارەن- سەی

محەمەو سەری هەفت خانەدانەن، ١٢٥-هەی گیان هەی گیان هەی دیدەگیانە-پیرم بنیامین خودام سوڵتانە، ١٦٥-هوو پاشای مەرحەو کوژ حەق، دەر ژە خەیبەرکەن – تۆ سەلمان وەدەس یا مەولا هوو شیر ڕەهات کەرد «مەرحەو = مەرحەب = نەیاری گەورەی پێغەمبەر و ئیسلام، دەر = دەرگا، خەیبەر = قەڵایەکی سەخت بوو ئیمامی عەلی دەرگای لەبن هێنا، سەلمان = سەلمانی فارسی کە ناوی ڕاستەقینەی بهروز بووە، شیر = شمشێر، ڕەهات کەرد = ئازادت کرد»، ١٢٧-هەی یاران مزگانی عەلی ئاما پێش خانە- وەختەن پەیا بۆ عەلی ساحێو زەمانە «مزگانی = مزگێنی، موژدە، ئاما = هات، ساحێو = خاوەن»، ١٢٨-هەی یاران شکور مەولامان حەقە، ١٢٩-یاران وەباتن وەش دەنگێ مەیۆ- سەدای هەی وەیار سەرهەنگێ مەیۆ. «باتن = ناخ، وەش = خۆش، مەیۆ = دێت، سەرهەنگ = سەرباشقە = باوا سەرهەنگی دەوانی»، ١٣٠-یار عەلی مەولا عەلییە- پاشای هەورامان عەلییە، ١٣١-یاردیدەکانی حەقیقەت دینەن- حەقیقەت جەماڵ پیر بنیامینەن «جەماڵ = جوانی»، ١٣٢-یاران مزگانی شامەیۆ زنگان – وەرمەدەی چادر پەرێ یەک ڕەنگان «مەیۆ = دێت، زنگان = ژیان، وەرمەدەی = هەڵدەدەی، پەرێ = بۆ، یەک ڕەنگان = خواناسانی ڕاستەقینە»، ١٣٣-یازاتی حسێن ساقی چلانە- جاگەی ئیلتیجای خێش و بێگانە «جاگە = جێ، ئیلتیجا = پەنا بردن، خێش = خزم و دۆست»، ١٣٤- یاشا ئیبراهیم شای بۆزە سوار – ئومێدەواریم وەیاری یادگار «شا ئیبراهیم = شا ئیبراهیمی ئێوەت کەسایەتیی ناوداری کاکەییەکان، بۆزە = ئەسپی دێز»، ١٣٥-یا سوڵتان ئامان ئاگرم دایێ دەشتی هەورامان وە وەرم دای، ١٣٦-یاران مزگانی حەیدەرەن مەیۆ مەیۆ – ئاوازەی فەتاح فەتکەرەن مەیۆ «فەتکەر = فەتحکەر، مەیۆ = دێت»، ١٣٧- یاردیدەکانی چ وەشەن مەیۆ گیان- مزگان مزگانەن خاوەند کار مەیۆ گیان، ١٣٨-یاردیدەکانی وەشی وەشەن وەش - بەشکەر بنیامین بەش مەکەرۆ بەش «مەکەرۆ= دەکات»، ١٣٩-یاردیدەکانی شا شامەیۆ - پاڵاش وەبانی دیدەم بابەیۆ بەیۆ «پاڵاش =پێڵاوەکانی»، ١٤٠-یار دیدەکانی بنیامین سازەن- پیر موسا سیم و داود ئاوازەن (ساز = ئامێری مۆسیقایی، سیم = ژێ)، ١٤١ -یار دیدەکانی بەیان ئەو یاری - مەیۆ یار داود نیشانش دیاری، ١٤٢-یاردیدەکانی کیڵ عەینم باقی «کیڵ عەین = کالانەی چاو»، ١٤٣-یاردیدەکانی تەیمووریار، ١٤٤-یاردیدەکانی بنیامین، ١٤٥-یار هاوەشەن هاوەش، ١٤٦-یاران ئی خەمێ نیان وەشادی شاکەرمێ، شا شیەن وەرەو قۆڵگا «شییەن = چووە»، ڕۆشتووە، وەرەو = بەرەو، قۆڵگا = شوێنی قەول و قەرار، قۆڵ دەستکاری کراوی «قول = قەول»ی عەرەبیە» (٨)

***

پەردە یا دەسگا هەرەسەرەکییەکانی ئەو ئاوازانەی سەرەوە دابەش دەبن بەسەر:

یەکەم: شێخە میری «شێخ ئەمیری» ئەم پەردەیە دوازدە ئاواز لەخۆ دەگرێ! کە بریتین لە «میرزا خواکەرەم، ئاتەش بەگی، سێ ئاوازی شێخە میری گۆران، شا هەیاسی، دوو ئاوازی «سانەیی = سەحنەیی» دوو ئاوازی گۆرانییەکانی ڕۆژاوای کوردستان و لەگەڵ دوو ئاوازی تایبەت بە ناوەکانی حاجی نیعمەتی و شێخە میری».

دووەم: باوەناووسی کە دوای دەورانی شاخۆشێن دێ «سەدەی ١١ و ١٢ی کۆچی».

سێیەم: باوە سەرهەنگی «ئەم مەقامە چەپ وەسان = چەپڵەلێدانی لەگەڵدا نییە».

چوارەم: باوا جەلیلی (ئەم ئاوازەش چەپڵەی لەگەڵدا نییە کەڵامبێژ لەگەڵ ژەندنی تەمبووردا هەر خۆشی ئاوازەکە دەچڕێ).

پێنجەم: مەقامی قەرە چۆپی.

شەشەم: مەقامی تەنەمیری تەواو عاریفانەیە و بە دەنگێکی نەرم و لەسەرخۆ دەگوترێ.

حەوتەم: شاخۆشێنی = کۆمەڵێ ئاوازی تایبەت و سەربەخۆن و مێژووەکەی لەوان کۆنترە، ئەم ئاوازە بە تەمبوور دەژەنرێت و شیعریان لەگەڵدا نییە.

هەشتەم: کاکاردایی= ئەمیش بەهەمان شێوەی ئاوازەکانی شاخۆشێنیە.

نۆیەم: سەحەری سەید خامۆشی = مەقامی تایبەتی سەیید ئەکابیری خامۆشە.

دەیەم: باوا فەقێ = ئاوازێکی سەربەخۆیە و بەناوی داهێنەرەکەیەوە لە دەورانی شاخۆشێندا بووە.

یازدەیەم: عابیدینی = ئەم ئاوازەش سەربەخۆیە و عابیدینی جاف دایهێناوە.

دوازدەیەم: بەیاتی کورد ئەم مەقامە سەر بە دەسگا یا پەردەی (شۆر)ە هەندێک پێیان وایە کە لە فارسییەوە وەرگیراوە.(٩)

دەیەم: بەسەرکردنەوەیەکی مێژوویی هەندێ لە دەسگا مۆسیقیەکان یا ئاوازە ڕەسەنەکان:

●نەهاوەند: ئەم ئاوازە کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ - دەتوانین بڵێین- سەردەمی دەسەڵاتدارێتیی ساسانییەکان «پێش ئەمە مێژووی دیکەمان لە بەردەستدا نییە». نەهاوەند شارۆچکەیەکە لە ڕۆژهەڵاتی کرماشاندا، لە سەردەمی ساسانییەکاندا قەڵاگایەکی گەورە و کاروانسەرایەکی فراوان بووە، کاتێ لە لایەن لەشکری ئیسلامەوە جەلەولاو پاشان ئێرە دەگیرێن ئەم سەرکەوتنە ناودەنرێ «فتح الفتوح». ئەم ئاوەدانییە لەو دەمەدا ناوەندێکی نێوان «ڕەی» و «تیسفون» بووە، وشەی «ناوەند»ی ئێستەی زمانەکەمان لە ڕیشەی «نەهاوەند»ە. بەو پێیەش کە کاروانسەرا بووە، جگە لە کورد خەڵکی سەر بە گەلانی «فارس، بلوچ، پەشتوو، ئوردو ، تاجیک، گیلەک»یش وچانیان تێدا داوە و ئەو ئاوازەیان وەرگرتووە، بەم پێیە ئاوازەکە لە جوگرافیای کوردستان دەرچووە بەرەو ناو ئەو گەلانە.

●شەهناز: ئەوە فارسەکانن ئەم وشەیە ئاوا بەکار دێنن، بەڵام لە کوردیدا «شاناز» دەگوترێ، وشەیەکی دوو بڕگەییە «شا+ ناز» بە واتای نازی گەورە و هەروەها وشەی «شانازی»مان هەیە کە بەم شێوە لای فارسەکان نییە، ئەوە ئێمە و قاموسەکانیان. مەولەویش کوردانە بەکاری هێناوە و دەڵێ:

موتریب بەونەغمەی «شانازی»تەوە
یا بەو پەردەی خاک «حیجازی»تەوە. دیوان: ل٤٦٠

●ماهوور: ئەم وشەیە لای فارسەکان جگە لە ئاوازێکی مۆسیقی بەواتای «زەوی کەندولەند، دۆڵ و شیو، جۆرێ گوڵ» دێت. بۆ گوڵەکە بە شێوەی خەیاڵپڵاو دەڵێن: «جۆری گوڵەکە ماهووتی و کەروێشکەشی پێ دەڵێن، چونکە گەڵای گەورە و پانی وەک گوێچکە کەروێشکی هەیە و پەڕەکانی نەرمە، گوڵەکانی زەردە و گەڵاکانیشی لاوازن، دەڵێن: ئەگەر لە لایدا ئاوازی ماهوور بخوێنن گەڵاکانی دەوەرێن» (١٠).

ئەمانە هیچیان ئەو ڕاستییەمان لێ بزر ناکەن کە ماهوور وشەیەکی ڕەسەنی کوردییە بە واتای چیای ڕژد و هەڵەمووت (١١) ئەمەش پێمان دەڵێ کە:

١.مادەکان – زەردەشتییەکان، ئاورگاکانیان لە شوێنە سەخت و بەرزاییەکاندا دروست کردووە، یەکێک لە مەبەستەکانیان ئەوە بووە کە لەو بەرزاییانەوە نزیکتر بوون لە ئاسمانەوە واتە: ئاهۆرامەزدا «وەک مووسا و کێوی توور»، ئەی گوایە دەشت نەمابوو مووسا قسە لەگەڵ خودادا بکات کێوی (توور) نەبێ.؟

٢.مەبەستی ئەوەشی تێدا بووە، کە هەر ئاهۆرا پەرستێ چەند ڕێگەی زەحمەت دەبڕێ بۆ چوونە ناو ئاورگا و هەروەها گەڕانەوەی ئەوەندە پاداشت دەدرێتەوە، ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی دی لای سامییەکانیش هەیە، ئەوان لە دەشتی چۆڵەوانیدا پەرستگایان دروست کردووە، بۆ ئەوەی کەسێ چەند ڕێگەی زەحمەت و بێ نان و ئاوی دەچێژێ زیاد لەوە خێری دەگات و بە چاکە بۆی دەنووسرێ، ئەمەش وەک کەعبە لەو بیابانە برینگ و بەرینەدا. ئەی بۆ لە کێوەکانی دەوروبەری مەککەدا نەبووە؟! لای فارسەکانیش بەم شێوە نییە، کە لە ناو کورددا هەیە و بە میرات بۆمان ماوەتەوە. فارسەکان هەر ئاوازێکی بەم چەشنە، هەر ئاورگایەک و تەنانەت کتێبی ئاڤێستاش بە «ئێرانی = ئاریایی» دەدەنە قەڵەم، ڕاستە مادەکانیش ئاریایی بوون، بەڵام کورد جگە لە «ئیلامی- هۆری» ڕەگەزێکی مادیشی هەیە و فارسەکان بە بنەچە هەر هەخامنشین و هیچی تر. جا با مێژوو شایەت بێ، کە مادەکان چییان بۆ ژیار کردووە و هەخامنشییەکان چی؟.

-ئەمە بابەتێکی مێژوویی قووڵە و با بمێنێ بۆ وادەی خۆی.. تەنیا مەبەستم ئەوەیە فارسەکان بەناوی ئێرانی یا ئاریایی تیکەی زلیان لە ئێمە داگرتووە.

٣.ئەم ئاوازە لەو سەردەمەدا کۆنەدا بەدەم بڕینی ڕێگەی چیایەوە خوێنراوە و ناوی لێ نراوە.

●شوور: ئەم وشەیەش لەلایەن فارسەکانەوە دەستکاری کراوە – شوور لە زمانی فارسیدا ئەم واتایانەی هەیە «سوێر، زۆر خوێ، ئاژاوە، هەرا و زەنا، جۆشوخرۆش، پەرێشانی، ئاوازێکی ئێرانی» (١٢) لە کوردیشدا بەشێوەی «شۆر» ئەم واتایانەی هەیە: «سوێر، شۆرین، بەردەشۆرم کرد، سکچوون، سۆزی دەروون، خەمی ئەڤین، پەردەیەکی گۆرانی» (١٣). لە هەردوو زمانەکەدا ئەوەی پەیوەندیی بە مۆسیقاوە هەبێت «سۆزی دەروون، خەمی ئەڤین»ـە و ئیتر واتاکانی دیکەی هەردوولا بێ پەیوەندن.. مەولەوی دەڵێ:

ڕوو ئەو شیوەنان دەی ئەجەل بۆرێ
نەو بەزم شیرین مایەی هەر شۆرێ. دیوان: ل٤١٥

لە دیوانەکەدا بەداخەوە باش واتا نەکراوە، شیعرەکە بۆ زەماوەند نووسراوە، مەولەوی دەڵێ: دەی ئەجەل وەرە بمکوژە، چونکە لەو زەماوەندە خۆشەدا بەشدار نیم و هەر شین و زاریمە و بۆ مردن باشم، چونکە لەو بەزمە شیرین و دڵگیرەدا ئاوازی شۆر هەڵدەستێ و من لێی دوورم.

سەید یاقوی مایەشتیش دەڵێ:

شۆرێ وەسەرم کەوتگە لەی مەستی چاوە
هیچ جێگە نەنیشم مەگەر ئەی جێ کەشەراوە (١٤)

واتە: سۆزی دەروون یا خەمی ئەڤینێ داویە لە کەللەم، ئەویش بەهۆی مەستیی چاوێکەوەیە، با لەم شوێنەدا دانەنیشم و بڕۆمە ئەو شوێنەی کە – شەراو – شەراب –ی

# ڕەخنە

تیایە تا لەبەر مەستێتی ئەو چاوە منیش خۆم بەو شەرابە مەست بکەم.

●هۆرە: لە ڕیشەی «هۆرا»یە بە واتای خودا. ئەم وشەیە پەیوەندیی بە دینی خۆرپەرستییەوە هەیە، کە بەر لە زەردەشت و ئاڤێستا لەناو ئارییەکاندا هەبووە و ئاڤێستاش بە ڕێزەوە ناوی دەبات، لە قورئانیشدا (الله نور السموات والارض). هەیە بەواتای خودا ڕووناکایی ئاسمانەکان و زەوییە، خۆریش گەورەترین سەرچاوەی ڕووناکییە بۆ زەوی و ئاسمانەکان. وشەی لێکدراوی «ئا+ هۆرا + مەزدا»مان هەبووە. «ئا» بە واتای گەورە دێت هەر وەکو ڕیشەی لە هەندێ وشەدا دیارە، بۆ نموونە: «ئا+ کۆ = کێوی گەورە»، «ئا+ لان» بە واتای لان، یا شوێنێکی گەورە»، «ئا+ سۆ» بەواتای تروسکەی گەورە...هتد.

«مەزدا» واتە: زانای بێ هاوتا، کە هەرسێکیان پێکەوە دەبنە: خودای گەورە و زانای بێ هاوتا. هۆرا کورت بووەتەوە بۆ «هۆر» ئەمەش لە دیالیکتی گۆراندا زۆر تر دەبینرێ و لە شێوەی هەورامیدا، کە بەشێکە لە گۆران کورتبووەتەوە بۆ «وەر». «هۆرا» شێوەی هۆرەی وەرگرتووە و ئەم ئاوازەیە کە قسەی لەسەر دەکەین. ئەم وشەیە سێ ناوی دیکەی هەیە. یەکەمیان: «کزە» کە هۆرەچڕ حاڵی پەرێشانیی خۆی تێدا دەردەبڕێ «کزە و کسپەی دەروون». دووەمیان: «هەی» ئەمیش لەوەوەیە، کە هەندێکیان بە «هەی یای یای یای یای» دەست پێ دەکات. مەولەوی دەڵێ:

پێم دەر تا پەی پەی پێوە «هەی» کەروون
رای سەختی سارای مەحشەر تەی کەروون.
دیوان: ل٤٦٠

لەم بەیتەدا شاعیر ڕووی دەمی لە «ساقی»یـە و داوای «مەی = شەرابی لاهووتی» لێ دەکات و پێی دەڵێ: پێک لەسەر پێکم بدەرێ تابمهێنیتە هۆرەچڕین «موناجات» و بەوەش ڕێگەی دژواری ڕۆژی دوایی ببڕم بەرەو بەهەشت.

سێیەمیان: «هەو هەو» ئەمیش هەر لە دەستپێکەکانی هۆرەیە «لە شێوەی موناجات و لاڵانەوەدا». مەولەوی دەڵێ:

«هەوهەو» و «بەوبەو» تەڵمیت بارانەن
گەرمی بەزم نەزم سەر هەوارانەن .دیوان ل(٣٠٧)

«بەو بەو» هەموو دەزانین ئاوازێکی مۆسیقاییە:

بەو بەو، بەوبەو، بەو بەو، خانمە خاسەکەم
پای چەپت وەبان دیە ڕاسەکەم.... فۆلکلۆر.

ئەم ئاوازە دڵدارییانەیە. لە بەیتەکەی مەولەویدا «تەڵمیت بار» هاتووە و واتای کۆچ و بارنان لە وڵاخی بەرز دەدات، ئەمەش پەیوەندیی بە جافە کۆچەرییەکانەوە هەبووە و لە ڕێگە بڕینی کۆچدا لە هەوارێکەوە بۆ هەوارێکی دی، بۆ ئەوەی ڕێگەکە بە خۆشی ببڕن و هەست بە ماندووبوون نەکەن تێیاندا بووە داویە لە چریکەی گۆرانی. دیارە و (هەو هەو) و (بەو بەو) زۆرتر گوتراون.

●لەو کتێبەدا چەمەری باسی تایبەتی لەسەر کراوە (٢٥١- ٢٦٩ ) باسەکەش قسە وەرگرتنە لەسەر ئەو نەرێتە. لەم بارەوە خۆ ئەوە ڕاستە کە ئەم ئاواز و نەرێتە لە باشووری کوردستاندا باوبووە، بەڵام دیارە لە کۆندا جوگرافیای فراوانتری هەبووە. ئەمەش بەپێی ناو دەردەکەوێت، هەروەک لە ناوچەی سۆراندا پێی گوتراوە «چەمەر چۆپی»، لە نزیک شاری دەربەندیخانیش گوندێک هەیە بەناوی «چەمەرگە»،

هەروەها لە نزیک شاری سلێمانیش گوندی (چەرمەگا) هەیە، کە پێم وایە هەر هەڵگەڕاوەی «چەمەرگە، یا چەمەرگا» بێ، چونکە ڕێی تێناچێت گوندێ بە ناوی «چەرم + گا» ئاوەدان بکرێتەوە.
ئەم وشەیە لە ئاڤێستادا بەشێوەی «چەمرووش» بەکارهاتووە (١٥). چەمەری جگە لە «شین و شەپۆڕ» واتایەکیشی لە سروشتدا وەرگرتووە کە پێی دەڵێن: «چەمەری درەو» ئەمەش جۆرێکی دیکەیە لە چەمەری، کە بۆ جوتیارێکی نەخۆش و بێتوانا دەیگێڕن کە نەتوانێت درەو بکات، پاش ئەوەی خەڵکی خوا بە هەرەوەزی دروێنەکەی بۆ ئەنجام دەدەن بە دەهۆڵ و زووڕناوە ئەو بەزمە دەگێڕن (١٦)، لەناو لوڕەکانیشدا واژەی «چەمەری یۆنە» هەیە، بە واتای ئاوازی دەهۆڵ و زووڕنا کە لە پرسەدا لێدەدرێن (١٧)، وشەی «چەمەری»یش بۆخۆی لە کوردیدا بەواتای ئەلقە = ئەڵقە بەستن. چەمەرە = ئەڵقەی دار. لە هەندێ شوێن «چەنبەر، چەنبەرە» بەکاردێنن، کە ئەوەش گۆڕانیی نێوان پیتی «م» و «ن»ـە. بە کوردی و بە کورتی چەمەری بریتییە لەمەی کە باسمان کرد، ئیتر نازانم ئێوە چۆن واتای دیکەتان بۆ داتاشیوە بە ناوی «چاو قوڕاوی»؟ هەموو دیومانە کە لە پرسەدا سەر یا شان یا تەوێڵ قوڕی لێ دراوە، بەڵام چاولەقوڕگرتن نەبووە و نییە!
باشترین سەرچاوە کە زۆرترین زانیاریی لەسەر ئەم نەریتە تێدابێ، وتارێکی «عەلی محەمەد خەلیلیان»ە، کە لە ژمارە (١٧-١٨)ی گۆڤاری ئاوێنەدا ساڵی (١٣٧٣) بڵاوی کردووەتەوە بە ناوی «مراسم ائین سنتی (چمری) در ایلام و لرستان»، کاکە حەمەش هەروەکو ئاماژەی پێ کردووە سوودی لەم سەرچاوەیە وەرگرتووە، بەڵام وتارەکە بە فارسی نووسراوە، ئەم نەیتوانیوە سوودی تەواوی لێ وەربگرێ. وتارەکەی ئەو بەڕێزە لەسەر ئەم خاڵانە چەقی بەستووە:
١.واژەی‌چەمەری٢.پێناسەی‌چەمەری٣.ئامادەکاری بۆ ڕێوڕەسمی چەمەری. ٤.دیاریکردن و هەڵبژاردنی شوێنی چەمەری «چەمەرگە». ٥.وادەوکاتی بەڕێوەچوونی چەمەر. ٦.شێوەی ئامادەبوون و بەشداریکردن لە چەمەردا. ٧.پێشوازیکارانی پیاوانی بەشداربوو. ٨.پێشوازیکارانی ژنانی بەشداربوو. ٩.ئامادەکارانی ڕێوڕەسمی چەمەر. ١٠.ڕیزبەستن «ئەڵقەدان» و دەستپێکردنی چەمەر. ١١.ژنانی بەشداربوو بۆ «مویە- شیوەنگێڕان». لەگەڵ ئەمەشدا پێنج وێنەی نەریتەکەی بڵاوکردووەتەوە، کە لەگەڵ نووسینەکەیدا وا دەنوێنن خوێنەر لە دیتنی چەمەریدا بێت.
●موور: بەزمێکی غەمگینە و وەک کۆتەڵ شینگێڕییە بۆ پیاو یا لاو. ئەم ئاوازە لە شێوەی هۆرەدایە و بێ مۆسیقا دەخوێنرێ و تایبەتە بە لەکەکان، زاراوەکانی موورچڕ، موورهار، موور هاوردن، مووره موور)یان هەیە، لە لاتینیدا (Moura) بەکارهاتووە. بە یەکێک لە بەزمەکانی ئەم ئاوازە دەڵێن (لووره) بە واتای لاواندنەوە یا ورده بەزم لە شینگێڕیدا (١٨).
یازدەیەم: بەسەرکردنەوەیەکی مێژوویی هەندێ لە ئامێرە کوردییەکان.
١-لە لاپەڕ (١٢٨)دا وشەی «چاغانە، چەقەوانە»ی ناوبردووە وەک یەکێک لە ئامێرە دیارەکانی ڕۆژگاری زەردەشت، وەرگرتنی ئەم وشەیە بەو دووجۆرە

# ڕەخنە

وەرگرتنە لە فارسەکان هەردووکیان هەر یەکێکن و لە کوردیدا پێی دەگوترێ «چەقەنە» چەغانە — چەقانە- چەقەنە.
چەغانە ڕاستە تا چەقانە، چونکە پیتی «ق» لە ئاڤێستادا نییە، گۆڕانی پیتی «غ» بە «ق» لە کوردیدا هەیە، وەک «ئاغا- ئاقا، سواغ - سواق..».
چەقەنە لە کۆنیشدا هەر بە پەنجە لێدراوە، بەڵام دوو ئامێری لە شێوەی کەوچکدا، کە هەندێ زەنگۆڵەیان پێوە ئاوێزان کراوە بەکارهێنراون، دوو کەوچکەکە پەیوەست کراون بە پەنجەبەرانە و پەنجەی دۆشاومژەوە و لە بەزمە خۆشەکان و حاڵی مەستی و سەمادا لێدراون. فارسەکان «سنج» و عەرەبەکان «طق اصبوعین»ی پێ دەڵێن: «طق»ی عەرەبەکان هەر لە «تەق»ی کوردی وەرگیراوە، چونکە چەقەنەلێدان تەقەی دێ. هەروەها وشەی (طق) لە عەرەبیدا تاک و تەنیا واتە (تصریف) ناکرێتەوە، بەڵام لە کوردیدا وانییە (تەقە تەق، تەقی، تەقاندی، تەقی و.. هتد).
٢-تەپڵ: ئەم وشەلە دوو برگە پێکهاتووە «تەپ+ڵ». تەپ دەنگی ئامێرەکەیە، کە لێی دەدرێ تەپەی لێ هەڵدەسێ. پیتی «ڵ»یش دەمێکە بیری لێ دەکەمەوە تا ئێستاش نازانم لە ڕووی زمانەوانییەوە ناوی چیی لێ بنێم؟
هەر ئەم پیتە بە کۆتایی هەندێ وشەی دیکەی کوردییەوە هەیە وەک «چەقەڵ»: چەق، واتە: لەڕووکەم گۆشت، کە ئەو گیاندارەش وەهایە. یا «کیسەڵ» گیاندارێکە شێوەی لە کیسە دەچێ، کۆمە و دەتوانێ خۆی دابخات. یا «گەندەڵ» بە کەسێک دەگوترێ کە کاری گەند بکات. گەند = خراپە و دەخەڵی و دزێو. یا «تۆپ + ە + ڵ» تۆپ بە واتای خڕ و گرد دێت. هەروەها وشەی دیکەی وەک «کز+ ە + ڵ»، «کۆم+ ە + ڵ»، «زەخ+ ە + ڵ»و هتد.
هیوادارم پسپۆڕانی بواری زمان قسەی زیاتر لەسەر ئەم پیتی (ڵ)ە بکەن و ناوێکی لێ بنێن.
٣- دەف: ئەوەندەی بزانم عەرەب و فارسیش بەکاری دێنن. فارسەکان زۆرتر «دایرە»، دەڵێن: نەک دایەرە- وەک کاکە حەمە نووسیویە «دایرە، دائرە» عەرەبییە، کە واتای (خڕ، بازنەیی) دەگەیەنێت، دەفیش خڕە و فارسەکان بەو شێوە ناویان لێناوە.. مەولەویش جگە لە چەند جار دەف بەشێوەی (دائیرە)یش بەکاری هێناوە:
بەو نائیرەوە، بەو دائیرەوە
خاس بنیەر هەستیم وە ئایرەوە. دیوان ل٤٠
عەرەبەکانیش وشەی (دەف)یان هەیە و بەم شێوە لێکیان داوەتەوە (تەختەیەکی خڕە و دیوێکی بە پێست گیراوە)(١٩)، کە بەم شێوەی ئەوان کوردیش هەروا باسی دەکات و هەروایشە، بەڵام لای ئێمە (دەف) جگە لەوە بەواتای (تەخت) بەکاردێت، وەک دەڵێین: (دەفەی شان = تەختایی لای سەرەوەی شان)، (دەفەی سنگ = تەختایی لای سەرەوەی سنگ)، (دەفە = ئامرازێکی جۆلاییە) مەبەست ئەوەیە بەم شێوەی لای ئێمە لە زمانی فارسی و عەرەبیدا جێگەی نەگرتووە..
٤. لەو کتێبەدا ناوی (سوورنای) هاتووە، ئەم ئامێرە (زوڕنا)یشی پێ دەگوترێ، کە بە هەردوو شێوەکە قسەیان لەسەر هەیە، (سوور+ نا) بەشی یەکەمی واتە (سوور) لەناو گەلانی ئاریدا بە واتای (جەژن،

میوانداری، زەماوەن) دێت، بەشی دووەمیشی (نا، نای، نەی) هەیە بە واتای (زەل) بۆ وشەی سوور.
مەولانای ڕۆمی دەڵێ:
خوان کشید اورا کرامتها نمود
ئن شب اندر کوی ایشان سور بود
واتە / ئەو سفرەی ڕاخست و کەرامەتگەلی نواند، ئەو شەوەی کە لە دەرماڵەکەیدا زەماوەن بوو، هەروەها تەنیا و تەنیا دەستەواژەی (سورچران) یان هەیە بە واتای کەسێک کە لە جەژن و میوانیدا بەشداری بکات و کاتی زۆری خۆی لەسەر سفرە بەسەر بەرێت، (سووری)شی پێ دەگوترێ، بەڵام لە کوردیدا ئەم دەستەواژانەمان هەیە (سووران = بەزمی خۆشی دروستکردن بەهۆی بۆنەیەکەوە)، (خەتەنە سووران = بەزمی خۆشی و شادی لەو ڕۆژەدا، کە منداڵی تێدا خەتەنە دەکرێ، ئەم بەزمە لە کۆندا باوبووە، بەتایبەتی لەلایەن پیاوی بووە و دەسەڵاتدارانەوە سازکراوە)، (سوورانەی خەرمان = شادی کردن و میوانداری بەهۆی خەرمان هەڵگرتنەوە)، (سوورچی = هۆزێکی کوردە بە واتای جەژن و شادیگێڕ).
مەولەوی بە شێوەی (سوورنا) بەکاری هێناوە، (لە دیوانەکەدا ل٤٩٢، مامۆستا سرنـا ی نووسیوە).
چریکەی سورنا و پریکەی خەندە
پەشێوی زوڵفان ڕیشەی دڵ کەندە
بەڵام گۆران بە شێوەی (زوڕنا) ناوی بردووە، دەڵێ:
بڕوانە، شاییە، چۆپییە، لەو ماڵە،
گوێ بگرە، زوڕنایە، دەهۆڵە، شمشاڵە. دیوان:ل١٦
لە زمانی کوردیدا زوڕناش قسەی خۆی لەسەر هەیە (زوڕ + نا)، زوڕ دەنگە، زوڕە زوڕ، زوڕەی دێ، زوڕەی لێ هەڵسان، بەم پێیە وشەکە دەبێتە نەیەک کە زڕەی لێ هەستێ، کەواتە بە هەردوو شێوەکە جێگەی لە زمانەکەماندا دیارە و کوردیبوونی دیاری دەکەن، کاکە حەمە لەسەر ئەم وشەیە لە لاپەڕە ١٥٢دا ئەم چەند ڕستەیەی لە وریا ئەحمەدەوە ڕاگواستووە کە دەڵێ: (ئەو پشکنینانەی کە لەم دواییانەدا، لە «حضر»ی موسڵیش کراون دەیسلەمێنن کە ئامێری سوورنای، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی «ئیلام» ـ نەک ئیسلام وەک کاکە حەمە نووسیویەتی) بۆساڵی ١٦٠ پێش زایین..
لە ڕووی مۆسیقاوە کاکە حەمە نەیکردووە بڵێ: لەو سەردەمەی دەسەڵاتدارێتی ئیلامدا موسڵ ناوی (نەی نەوا) بووە کە وشەکە خۆی هاوار دەکات فرێ بەسەر زمانی عەرەبییەوە نییە، بەڵکو وشەیەکی کوردییە (نەوا = دەنگ و ئاواز) مەولەوی دەڵێ:
(نەوات) وێرانەی دڵا کەرۆ ئاوا
چەنی بەستەی فەرد بێساران ماوا.. دیوان: ل١٠٧
بەو پێیەش کە (حضر) لە جوگرافیای موسڵدایە و شوێنێکی دێرینیشە گومانی دەکەوێتە سەر کە تەعریب کرابێت، وەکو دەیان ناوی تر و بە دەیان ناوی شوێن لەو دەوروبەرەدا، بۆ نموونە: گۆڕانی باشیک بە (بعشیقە)، شەنگار بە (سنجار)، ئامێدی بە (عمادیە)، یا ئاکرێ بە (عقرە) و هی تر ...
هیچ بە دووری نازانم کە(حضر)یش تەعریبکراوی وشەی (هەزیر)ی کوردی بێت بە واتای (خەمڵین)، هەروەها لە ڕووی مێژووییەوە ئەوە ڕاست دەردەچوو کە لە باتی سەردەمی ئیلام بیگۆڕیایە بە (هۆری - میتانی)، چونکە ئەو سەردەم و ڕۆژگارە نەینەوا لە قەڵەمڕەوی ئەماندا بووە نەک ئیلام، ئەوەش زۆر ڕوون و دیارە کە ئەو دەمانە عەرەب بە هیچ جۆرێ لەو هەرێمەدا نەبوون و مێژووی کۆچیان بۆ ئەوێ دەزانین.

* دووزەلە: ئامێرێکە بە فوو لێدەدرێ و لە دوو زەلی پێکەوەنووساو پێکهاتووە، لە هەندێک شوێندا بە هەڵە پێی دەڵێن: (جوزەلە) و لە زمانی عەرەبی و فارسیدا (مزمار) بەکاردێنن.

## سەرچاوەکان:


١-فرهنگ عمید. ل٥٥٢ — ٥٥٣

٢- مەحرەمی راز — شەرحی غەزەلیاتی حافز. ئەکرەم عەنەبی بەرگی یەکەم. ل٢٧٤

٣-مەولەوی — لێکۆڵینەوەن پشکنین، شیعری بڵاونەکراوە — حەکیم مەلا ساڵح. ل١٧٠.

٤-وشەنامەی — هۆرامی، کوردیی ناوەڕاست — جەمال حەبیب الله بێدار. ل١١٢٣

٥-فرهنگ عمید. ل٧٣٧

٦-سرووتە دینی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی هەورامان. ئەیوب رۆستەم. ل١٣٣

٧-فەرهەنگی باشوور. (کوردی- کوردی - فارسی)، عەباسی جەلیلیان. ل٥٥٤

٨-تاریخ و فلسفه سەرەنجام. طیب طاهری. ل٢١٨- ٢٢١

٩-چەند باسێک دەربارەی ئەهلی هەق. و- لە فەڕەنسییەوە: نەجاتی عەبدوڵڵا. ل٩٢-٩٥

١٠- فرهنگ عمید. ل٨٧٣

١١-هەنبانە بۆرینە. هەژار. ل٧٩٩

١٢- فرهنگ عمید. ل٦٨٦

١٣-هەنبانە بۆرینە. ل٤٧٦

١٤-مێژووی ئەدەبی کوردی. علادین سجادی. ل٢٩١

١٥-فەرهەنگی باشوور. ل٢٣٠

١٦- هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

١٧- هەمان سەرچاوە. ل٦٣٣

١٨- هەمان سەرچاوە. ل٥٩٧

١٩- المنجد- حرف (د).






# ئەڤین، هەربوونی، مەرگ

## ئاوڕدانەوەیەك لە ڕۆمانی «هەربوونی» میلان کۆندێرا

**ئیسماعیل قەهرمانلوو**

**لە فارسییەوە: بابەک سەحرانەوەرد**

میلان کۆندێرا لە رۆمانی «هەربوونی» بە ڕووبەندی هەربوونی، بە ئەڤین، هەربوونی و مەرگ نەغمێ لێدەدا و ڕوانگەیەکی تایبەت و دیاریکراو ئاڕاستەی خوێنەر دەکات.

ئا لەم دەرفەتەدا بە نیازی گێڕانەوەی چیرۆک و ڕووداوەکانی رۆمان نیم. ئەگەرچی بیشمانەوێ ناتوانین بیکەین. هەروا کە کۆندێرا دەڵێت: (لە رۆماندا ئەوەی کە زاتی ئەوە، ڕێک و ڕاست، هەر ئەوەیە کە تەنیا لەو رۆمانەد دەگوترێ. کەواتە هەر جۆر هەڵگرتنەوە هەڵگری شتەگەلە زاتییەکانی ئەوە. ئەگەر کەسێک ئێستایش ئەوەندە شێت بێ، کە بیەوێ چیرۆک بنووسێ و بیەوێ نووسراوەکانی بپارێزێ، دەبێ رۆمانەکانی بە شێوەیەک بنووسێ کە بە هیچ جۆرێ کەسی نەتوانێ ئەوانە بەیان بکات.)

هەڵبەت کۆندێرا توانیویەتی دەرەقەتی ئەم بیروبڕوایەی خۆی بێت. ئاشنا بوونی نووسەر لەگەڵ چەشنە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵناسی و هەروا زانیاری کۆندێرا لە فەلسەفە بۆ وتە و گێڕانەوەی بابەتێ، کە بە جۆرێک لەگەڵ

# کتێب

ئەم بەشانە تێکەڵە، پێویستە. زۆربەی ئەو تێکستانە کە بە وتەیەکی گشتی و دروشمی دەگەن ئا لەم بەشە زەبەیەکی گەورە دەبن. هەڵبژاردنی ناوەڕۆکی بابەتی باش بۆ چیرۆکنووسێ کە لە گۆڕەپانی ئەو چیرۆکە بابەتێکی نەگوتراوە دەڵێت، پێویست بە کڕ و کاشی پێشوو لەو بابەتەیە.

لە رۆمانی «هەربوونی» رەمزی سەرکەوتنی کۆندێرا هەر ئەم مەسەلەیە. دەگینا دەبێتە خەرمانێ وشەی نالەبار و گشتی و بێکەڵک. بەڵام کۆندێرا بە کارزانی و زیرەکی لە رۆمان و چیرۆک هەر وەک ئامێرێ کەڵک وەردەگرێ. کۆندێرا لەم رۆمانەدا زۆرتر بیرۆکەوانە هەتاکو چیرۆکبێژ. کۆندێرا تەواوی رێ و شوێنی چیرۆک نووسین دەخاتە یەک لا و رزگار لە هەر بەربەستێ لە چیرۆک وەها کەڵک وەردەگرێ کە تا رادەیەک بە ئامانج و وتەی لە روونکردنەوەی شتێک کە دەیەوێ بیڵێت، یارمەتی بدات. کۆندێرا بە ئەنقەست لە کەسایەتیی چیرۆکەکانی وەک نموونەگەلێ بۆ قوتابییەکانی یاخود «خوێنەرانی رۆمان» کەڵک وەردەگرێ. کۆندێرا دەبێتە خۆناسینەوەیەک بۆ نێو رۆمانەکەی و لە تەنیشت کەسایەتیی چیرۆکەکانی دادەنیشێ و لەگەڵیان دەکەوێتە ئاخافتن. برێ جار خۆی سەرقاڵی مێژوو دەکا و برێ جاریش لە مێژوو یارمەتی وەردەگرێ و کەسایەتییە مێژوویی و ئەدەبییەکان دەخاتە بەرامبەر یەک. تەنانەت دەکەوێتە نێو جەرگەی شەڕ و رامیاری و خۆی سەرقاڵی سەرمایەداری دەکات.

کەسایەتییەکانی رۆمان دەتوانن کەمتاکورت بە چەن کەس وەک ئەگنێس، لۆرا، پۆل، بێرتراند و رۆبێنز پێناسە بکرێن و هەم تەواوی کەسانێک کە لەوان ناو دەبرێ. کەسانێک وەک گۆتە، هەمەنگوای، ستالین، دۆستۆیڤسکی، رامبۆ و پاڵەوانانی رۆمانەکانی هەرە گەورە وەک گێلۆکە، ناستاژیا، پرەنس میشیکین کە بە درێژایی تەواوی رۆمان ئاماژەیان پێدەکرێ.

کۆندێرا کردە و کرداری ئەم کەسانە لەگەڵ یەکتر بە چەشنێکی دەروون ناسانە و کۆمەڵ ناسانە لێکدەداتەوە. ئەو لە هەڵسوکەوتی وێکەوتەکان و کاردانەوەی کەسایەتییەکانی چیرۆک بە دوای شتێکەوەیە.«تێکۆشان بۆ مانەوە» واتە «هەربوونی». کۆندێرا لۆڕا و بێتینا هەڵسەنگێنێ و ئەوەی کە ئەم دوو کەسە بە شوێنێدا هەن، هەربوونی ناو لێدەنێ، بەڵام هەر کام بە شێوەی خۆیان. (وەرن کردەوەی بێتینا و لۆڕا وەک کردەوەیەک بە نیشانەی هیوای هەربوونی ناو لێنێن، بێتینا تامەزرۆی هەربونییەکی گەورەیە. پێی خۆشە بلێت: نامەوێ لەگەڵ ئەم چەرخ و دەورانە و داڵغەکانی تیا بچم. پێم خۆشە خۆم بکێشمە سەرەوە. ببم بە بەشێ لە مێژوو. چونکە مێژوو وەک زەینێکی هەتاهەتاییە. لۆڕا ئەگەرچی لە تاسەی هەربوونییەکی بچووکە، هەر ئەوەی بێتینای دەوێ: خۆی و ئەو چرکەساتەی کە تێیدا ژیان دەکا بکێشێتە سەرەوە و کارێ بکا تا هەموو ئەو کەسانەی کە دەیناسێ، ئەویان لە بیر بێت.).. ئەم حەزە هەتاهەتاییە لە بواری مێژوو و ئاشکرابوونی ئەم چێژە لە چوارچێوەی هەرمانی، بێجگە لە راڤەکردنی بۆ خەڵکی جۆراوجۆر، رەنگە چۆن ژانێ بێ، و مرۆڤ چۆن هەستی بکا؟ مرۆڤ تەنانەت لە جێگای ناهۆشیارییەوە، رێ و شوێنی هەربوونی زۆر ژیرمەندانە هەڵدەبژێرێ. بەڵام بۆچی هەمیشە لە جێگای خۆحەشاردان و پەردەپۆشییە. بۆچی ناتوانێ، هەبوونی ئەم هەستە بدرکێنێ؟

بۆچی برێ شت هەن کە پێناسەیەکی کۆبەندی بە خۆ ناگرن؟ بۆچی ناوازە وەک ئامرازی هەربوونی دەزانین؟ سەرکەوتن و ناوبانگی چ لایەنێکی دەگەڵ یەک هەیە و ئاخۆ ئەم دوو شتە پێکەوە یەک دەگرن؟ کۆندێرا دەڵێت: (بەناوبانگی واتە زۆر کەس تۆ دەناسن کە تۆ ئەوان ناناسی و بۆ خو ماڤێکی زۆرتر لە وان دادەنێت.). کۆندێرا بەناوبانگبوون بە شایانی ئەکتەران و گۆرانیبێژان

# کۆندێرا دەبێتە خۆناسینەوەیەك بۆ نێو ڕۆمانەکەی و لە تەنیشت کەسایەتیی چیرۆکەکانی دادەنیشێ و لەگەڵیان دەکەوێتە ئاخافتن

و سیاسیکاران دەزانێت و ئەم بڕوایەی هەیە کە: (ئاوازەداربوون بۆ کەسێکە کە وڵام دەداتەوە، نە بۆ کەسێ کە پرسیار دەکات. تیشکی پرۆژێکتور لەسەر ڕووخساری ئەو کەسەیە کە وڵام دەداتەوە. لە حاڵێکدا پرسیارکەر هەمیشە لە تاریکیدایە.). لۆڕا و ئەگنێس دوو خوشکن، هەردووکیان لە بارودۆخێکی جۆراوجۆر لە تێکۆشان بەرەو هەربوونیین. لۆڕا لە بەرامبەر ئەگنێس بە بیر و ڕای جۆراوجۆر بە شوێن هەرمانییە. ئەگنێسیش هەر بەو شێوەیە.

بە هەموو جیاوازیی ڕێگەی ئەم دوو کەسە، هەم لۆڕا هەم ئەگنێس بە هەمیشەمانەوە لە ڕەوتی مێژوو بیردەکەن. ئێستا کورت بێ یان هەتاهەتایی. کە واتە تەواوی کەسەکان و ئیمکانەکانیان، پیشە و پلەیەک کە کۆمەڵگا پێیان دەبەخشێ... هەموو ئەمرازێکن بۆ یارمەتی دانی ئەو لەو ڕەوتەدا. ئێستا جیاوازی نییە کە ئەو بە ملکی هی کەسێک بێ یا کەسانی دیکە هی ئەو بن. ئەو نازانێ کە هەربوونی لە پەنای بێرتراندا دەدۆزێتەوە یان لە جێگایەکی تر؟

کۆندێرا و هەمەنگوای ٢٧ ساڵ دوای مەرگی هەمەنگوای بەرامبەر یەک دەوێستن و لە خۆیان، لە داهاتوو و لە بیر و ڕایان دوای مەرگیان دەڵێن:

گوتە کە زۆتر لە هەمەنگوای مردووە، دەڵێت: (ئێمە مردووین، چونکە بوونمان نییە، بەڵام هەمەنگوای دەیەوێ بەو بسەلمێنێ کە بە هۆی نووسینی کتێب مەحکووم بە هەربوونییە.). کۆندێرا عەشق هەر وا دەبینێ کە نووسەرانی پێشین دەیانبینی. ئەڤین، واتە نەگەیشتن بەو عەشقە، واتە «هەرێم». کۆندێرا حەزی بێتینا بە گۆتە بە عەشق دادەنێ، بەڵام لەمەڕ کریستین دەڵێت: (خەڵک بەو هۆیە بە کریستین وەک عەشقی گۆتە ناڕوانن، چونکە لەگەڵ گۆتە نزیکی کردووە، چونکە گەنجی عەشق و گەنجی نزیککردن لە زاتی خۆیان دژکۆن و زۆر جیاوازن و پێکەوە لە ئەژمار نادرێن.)

(چونکا عەشقی ئاناکارنینا لەگەڵ باورۆڤسکی بە هەوەڵین نزیکی کردنیان تەواو دەبێت.)

کۆندێرا لە درێژەی ئەم گێڕانەوە دەڵێت: (مانای ئەم وتە ئەمە نییە کە عەشقی ئەفلاتوونی عەشقێکی خاوێن، فیریشتەیی، منداڵانە و دەسنەڕەسە. بە پێچەوانە عەشقێکە کە شەیداییەکی دەرخۆر لەم جیهانە گەندەڵە تێدایە.)

مەرگ لە بیر و بڕوای کۆندێرا لە قوناغەکانی ژیاندا خوارترین و کەم بایەخترین پلەی هەیە، تەنانەت ئەگەر منداڵێکی ساوا لە پلەی هەوەڵدا بێ، کۆنەساڵ لە پلەی ئاخری پەیژەی ئەم بایەخە دایە و مردووەکان لەژێر ئەرزن، چونکە مرۆڤ لە یەکەمین ساتی مەرگدا مافی کۆمەڵایەتی نامێنێ و چەن ئاسانە کە بۆ مردووەکان بوختان ساز بکەین؟ ئاخۆ میرات بەرەکانی ئەم مردووانە، هەر ئەوانەن کە ئەو مردووە دەیویست؟ ئاخۆ پارێزەرەکانی بیروبۆچوونی یەک مردوو، بیر و هزری ئەو کەسە دەپارێزن کە خۆی دەیویست؟ کەواتە بۆ ترس لە مەرگ، بۆ ترسی لە دەستدانی ماڤی ژیان لە ڕێگای هەربوونی تێدەکۆشین؟ ئاخۆ بە جێهێشتنی ناوی باش و ئامانج، خەباتگێڕی بۆ ئەوەی کە بە ناوبانگ بمێنێ ناوازە بوون و پلە و مەقام، هەموو بۆ گەیشتن بە هەربوونییە؟.

کۆندێرا تەواوی ڕێ و شوێنی چیرۆک نووسین دەخاتە یەک لا و ڕزگار لە هەر بەربەستێ لە چیرۆک وەها کەڵک وەردەگرێ کە تا ڕادەیەک بە ئامانج و وتەی لە ڕوونکردنەوەی شتێک کە دەیەوێ بیڵێت، یارمەتی بدات

**تێبینی:** تەواوی ئەو دێڕانە کە نێو کەوانەدان و بە فۆنتێکی گەورەتر و ڕەشتر نووسراون، هەر لە ڕۆمانی (هەربوونی) هەڵبژێردراون.

**سەرچاوە:**

گۆڤاری ئەدەبیی « تکاپو»، خولی نوێ، ژمارەی ٥، لاپەڕەی ٧٤، تاران: ١٣٧٢



# سۆفیا لۆرین بە هەوێداری

**غەمگین بۆڵی**

**هیچ شتێکی نوێ لە ژێر رۆشنایی خۆردا روو نادات...**
**(تەورات)**

لە ژیانی هەموو مرۆڤێکدا واقیع هەیە، دەشێت واقیعی هەر تاکێکیش بگێڕدێتەوە، جا چ لە ڕێگەی رۆمانەوە بێت، یاخود لە رێگەی چیرۆکەوە بێت. وەلێ ناشێت گێڕانەوەکە وەک ئاوێنەیەک بێت، بەڵکو دروستکردنی دیمەنێکی تر بێت لەناو ئەو واقیعەدا. گێڕانەوەی هونەرییانە و سەرکەوتوو ئەوەیە، کە ئەو واقیعەی کە هەیە بیرووخێنێت و بە پارچەکانی ئەو واقیعە ڕووخاوە، واقیعێکی تر دروست بکات. دەشێت ناوی بنێین دروستکردنی واقیعی خەیاڵی لە ناو واقیعی دونیادا، یاخود دروستکردنی واقیعی ئایندە و پێشبینی لە واقیعی ئێستا و گوماندا. بە شێوەیەکی گشتی رۆمان و چیرۆکی کوردی زیاتر خۆی لە نێوان دوو بازنەدا قەتیس کردووە.

بازنەی یەکەم: شێوازی گێڕانەوەکان زۆر واقیعین، هەروەک لە شیعری کوردیی ساڵانی حەفتاکاندا بوونی

# ئەگەر نووسەر نەبێتە خاوەن فەزای نووسینی خۆی، باشترە زۆرتر بخوێنێتەوە و کەمتر بنووسێت

هەبووە، کە ئاوێنەیەک بووە بۆ شەقامی کوردی. زۆرجار چیرۆکی کوردییش ئاوێنەی هەلومەرجەکان بووە وەک خۆی و نەیتوانیوە لە ناو ئەو واقیعەی کە هەیە واقیعێکی تر دروست بکات.

بازنەی دووەم: شێوازی گێڕانەوەکان زۆر خەیاڵین، بە واتەی دابڕانی واقیع لە چیرۆکەکەدا، یاخود لادانی چیرۆکنووس لە هەردووک واقیعەکەدا، بۆیە دەشێت بڵێین: ڕۆمان و چیرۆکی کوردی بە شێوەیەکی گشتگیر تەواو نەچووەتە ناو ڕۆحی مادە و کەرستە بێ گیانەکانەوە. دەتوانین بڵێین: لە دەرەوەی ئەو واقیعەدا وەسفی مادەکانی کردووە. وەک ئەوەی باسی ساردوسڕی بەفر بکەی لە پشت پەنجەرەوە.

زۆرجاران لە ناو ئەدەبیاتی کوردیدا ئەو پرسیارە خۆی لەبەردەمماندا قیت دەکاتەوە، کە بۆچی زۆربەی ئەدیبانی کوردی، سەرەتای نووسینیان بە شیعرنووسین بووە و دواتر هەنگاویان ناوە بۆ لقەکانی تری ئەدەبیات. لە کاتێکدا شیعر بەرتەسکترین و چڕترین لقی ئەدەبیاتە. وەلێ خاڵی بنەڕەتی ئەوە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شیعری کوردی هێندە هەژار بووە، هەموو شتێکی پێ نووسراوەتەوە. ئەمە وەک وەڵامی ئەو پرسیارەی کە بووەتە کولتوورێک. وەلێ ئەو شاعیرانەی کە چیرۆک دەنووسن، زمانی گێڕانەوەیان هێندە تۆکمەیە، خوێنەر ناتوانێت تەنانەت یەک تاکە وشەیش لابەرێت، ئاخر چیرۆکەکە خۆی ئەوپەڕی کورتبڕی کردووە و بە کەمترین وشە نووسراوەتەوە. کەواتە زمانی شیعر چییە کاتێک دەنووسین، ئەو چیرۆکە زمانی شیعری بەسەردا زاڵە؟ زاڵبوونی زمانی شیعر بەسەر چیرۆکدا، تاکو چ ئەندازەی خۆی شیاوە، ئەگینا لە فەزای چیرۆک دەردەچێت. یەکێک لەو شاعیرانەی کە کورتە چیرۆکیش دەنووسێت (عەباس عەبدوڵڵا یوسف)ە، کە لە کتێبی (سۆفیا لۆرێن بە هەوێداری)دا چل و پێنج کورتە چیرۆکی کۆکردووەتەوە (١). زمانی شیعر ئەو شاعیرە کۆمەکی باشی کردووە لەسەروەختی نووسینی کورتە چیرۆکەکانیدا. وەک ئەزموونی هەمیشەیی نووسینی ع، ع، یوسفدا کورتبڕی بوونی هەیە، کورتبڕی بە واتەی زۆرترین مانا و ڕووداو، بە کەمترین وشە و گێڕانەوە. ئەمە هەم لە شیعرەکانیدا بە شێوەیەکی گشتگیر، هەمیش لەم کورتە چیرۆکانەیدا. ئەگەرچی بە شێوەیەکی گشتگیر فەزای نووسینەکانی لە ڕەهەندی واقیعی دەرەوە و واقیعی دوورەپەرێزدا دەخولێنەوە، وەلێ فەزاکان بازنەیی نین! فەزاکان مۆرک و جێ پەنجەی ئەویان بەسەرەوەیە. ئەگەر بشێت لەهەر لقێک لە لقەکانی ئەدەبدا بنووسین و نووسەر بین، دەبێت خاوەن مۆرک و تایبەتمەندی خۆمان بین لە نووسیندا. نووسەر دەبێت خاوەن فەزای نووسینی خۆی بێت، ئەگەر نووسەر نەبێتە خاوەن فەزای نووسینی خۆی، باشترە زۆرتر بخوێنێتەوە و کەمتر بنووسێت.

ئەگەر بڕیارە چیرۆک بنووسیت، وەک چیرۆکەکانی (کتێبی لم و چیرۆکێک لە بۆرخیس)ی نووسەر و چیرۆکنووس خۆرخە لویس بۆرخیس و چیرۆکەکانی ناو کتێبی (گەڕان بەدوای قولاییدا)ی چیرۆکنووس پاتریک زوسکیند بنووسە و هەوڵ بدە فەزای نووسینەکەت لە فەزای چیرۆکەکانی ئەوانیشدا تێبپەڕێت، ئەگەرنا چیرۆک بۆ ئەوە مەنووسە کە چیرۆکیش دەنووسیت، لە هەوڵی ئەوەدا مەبە کە هەر دەبێت چیرۆک بنووسیت، ئاخر نەجیب مەحفوز تەنها بەهۆی ڕۆمانی (کوڕانی گەڕەک)ەوە توانیی گەورەترین خەڵاتی ئەدەبیی جیهانی نۆبڵ بە دەست بهێنێت. محەمەد شوکری بەهۆی ڕۆمانی سەرگوزشتەی (نانی ڕووت)ەوە بەرهەمەکەی لەو زمان بۆ ئەو زمان

زۆرجاران لە ناو ئەدەبیاتی کوردیدا ئەو پرسیارە خۆی لەبەردەمماندا قیت دەکاتەوە، کە بۆچی زۆربەی ئەدیبانی کوردی، سەرەتای نووسینیان بە شیعرنووسین بووە و دواتر هەنگاویان ناوە بۆ لقەکانی تری ئەدەبیات. لە کاتێکدا شیعر بەرتەسکترین و چڕترین لقی ئەدەبیاتە

وەردەگێڕدرا، ئەگەرچی سەرەتا لە وڵاتی مەغریبدا هیچ دەزگایەک ئامادە نەبوو بەرهەمەکەی ڕۆمانی (نانی ڕووت) بۆ چاپ و بڵاوبکاتەوە. ڕۆماننووسی پورتوگالی (خۆزە ساراماگۆ) بەهۆی ڕۆمانی «کوێری»یەوە خەڵاتی نۆبڵی جیهانی وەرگرت. ڕۆمانی کوێری لە ڕادەبەدەر ناوبانگی بەخشییە خۆزە ساراماگۆ و وەرگێڕدرایە سەر (٣٠) زمانی دونیا. ئاخر ڕۆمان و نووسینی جوان بە هۆی زمانی پاراوەوە باڵی لێ دەڕوێت و بەهۆی پرۆسەی وەرگێڕانیشەوە دەفڕێت. ماکسێنس فێرمین لە ڕۆمانی (بەفر)دا بە زمانێکی هێندە چڕ و کوتبڕ باسی هایکۆی شیعری یابانی دەکات، هەر دەڵێی لەگەڵ مێژووی شیعری هایکۆی یابانی تاوتوێ دەکات و قسەکردنە لەبارەی شیعری هایکۆوە. ماکسێنس فێرمین هێندە بە کورتی و جوانی باسی هایکۆی کردووە، خوێنەر حەز دەکات کتێبی تریش لە بارەی هایکۆوە بخوێنێتەوە. ئارام شێخ وەسانی لە کورتە ڕۆمانی (سەمای سڕبوون) دا هونەری کورتبڕی پیادە کردووە و هێندەی تر بەرهەمەکەی جوان کردووە. حوسێن ئەحمەد لە چیرۆکی (مریەم خانم)دا هێندە چڕوپڕ چیرۆکەکەی نووسیوە، خوێنەر بەجارێک خوێندنەوە ناتوانێت دەستبەرداری چیرۆکەکەی بێت. کەواتە کە نووسەریت متمانەت بە فەزای ناو نووسینەکانت هەبوو، بیر لەوە مەکەوە کە بەرهەمەکەت لەلایەن دەزگاکانەوە چۆن چۆنی پێشوازی لێدەکرێت، ئاخر ڕۆژگارێک کە چاپ بوو، خوێنەرێکی هۆشیار لەسەر سەرەوەی هەموو بەرهەمێکی جوان چاوەڕێیە و چاوەڕێی بەرهەمەکەی تۆشە. دەشێت ئەمە ئاوێنەیەک بێت بۆ کورتە چیرۆکەکانی عەباس عەبدوڵڵا یوسف. بێگومان تێڕامان و نووسین لە بارەی بەرهەمێکی وەک (سۆفیا لۆرێن بە هەوێداری)یەوە دەشێت کارێکی وەها ئاسان نەبێت و لە چەندین ڕەهەند و دیدگەوە خوێندنەوە و ڕانانی بۆ بکرێت و ڕۆشنایی بخرێتە سەر هەر چل و پێنج کورتە چیرۆکەکانی. بە شێوەیەکی گشتگیر ئێمە چەند تێڕامانێک لە بارەی کۆی کورتە چیرۆکەکان دەکەین و دواتر کورتە چیرۆکێک وەک نموونەی کارەکانی هەڵدەبژێرین و دەیخەینە بەر ڕۆشنایی تیفکرینمانەوە و ڕانانی خوێندنەوەکەمانی بۆ دەکەین.

کورتە چیرۆکەکانی نێو (سۆفیا لۆرێن بە هەوێداری) بە شێوەیەکی گشتگیر بەرجەستەبوونی چیرۆکەکانی ناو فەزای ژیاندۆستی دونیان. زۆرجار کورتە چیرۆکیش خۆیان لە نێو دوو سروشتی جیاوازدا دەبیننەوە، کە چیرۆکنووس بە زمانی چڕ و سادەنووسی دەیاننووسێتەوە. ع. ع. یوسف بە دیدگەیەکی فراوان و زمانێکی چڕ کاری لەسەر سروشتی دەرەوەی خۆی و شتەکانی خۆیدا کردووە. هەروەها لە سروشتی ناوەوەی خۆیشیدا دەرهاوێشتەی بوونی ئەو دونیایە بووە، هەڵبەتە بۆ بەرجەستەیی فەزای نوێتر لەنێو ئەو دونیایەی کە لە کورتە چیرۆکەکانیدا هەن. ئەمە جگە لەوەی زمانی سادە و دەربڕینی وشەی هەولێرییانە لە زۆر شوێندا دەبینرێن، وەلێ لە شوێنی خۆیاندا و بۆ جوانترکردنی فەزای کورتە چیرۆکەکان.

**نموونەیەک لە کورتە چیرۆکەکانی:**

لە لاپەڕە دوانزەدا کورتە چیرۆکێکی جوانی ژیاندۆستی هەیە، بە زمانی منداڵانە نووسراوەتەوە، وەلێ کورتە چیرۆکێکی گەورەی مرۆیەکانە. ئەم کورتە چیرۆکە باس لە دوو منداڵی پارچەڵەی هاوتەمەن دەکات، لە بەیانییەکی سارد و جواندا دەچنە سەر ئەو گۆمە ئاوانەی کە شەختە بەستوونی. ئەوانیش بە خڕکە بەردی بچووک بچووک شەختەی سەر گۆمەکە کون

کون دەکەن، بۆ ئەوەی بۆقەکان لە ژێر شەختەکەدا بێنە دەرەوە و لەو زیندانییە رزگاریان ببێت. دواتریش هەردووک منداڵە خاکییەکە دەچنە سەر گۆمێکی تر. لەگەڵ خوێندنەوەی ئەو کورتە چیرۆکەدا شیعرە بەناو بانگەکەی ئیریش فرۆیدم بیرکەوتەوە کە شیعرەکەیش ئەوەیە:

بێ گاڵتە

منداڵان/ بۆ خۆشی/ بەرد دەگرنە بۆقەکان/ بۆقەکان/ بە ڕاستی دەمرن.٢

لەم کورتە چیرۆکەی چیرۆکنووسدا ژیاندۆستی بوونی هەیە. دونیای پاکی منالانە، خۆشەویستیی منداڵان بۆ ئاژەڵ. ئەگەر ئەم کورتە چیرۆکە لەگەڵ شیعرەکەی فرۆیدا لێکچوونیان بۆ بکەین. ئەوا دوو ئاراستەی فیکری جیاواز لە کرۆکی نووسینەکاندا بوونیان هەیە. ئەمەی عەباس گێڕانەوەی ژیانی تەنزستان و بە زمانی منداڵانە، ئەمەی فرۆیدیش گێڕانەوە ژیانی مەرگەسات بە زمانی منداڵانە. وەلێ (مەرج نییە لە نێوان دوو شتی جیاوازدا ناکۆکی هەبن. هەموو بابەتێک، لەناو خۆیدا کۆمەڵێک ناکۆکی هەڵگرتووە.)٣. ئەم کورتە چیرۆکە وێنای زەمەنێکی داگیرکار دەکات، کە ئەمیش وێنای میللەتی کورد بووە لەژێر حوکمی ڕژێمی بەعسدا. ئەم کورتە چیرۆکە چەندین دەلاقەی تری تێفکرینی هەیە، پێم وایە هەر ئەمەشە تەمەندرێژی بە کورتە چیرۆکەکە بەخشیوە. دەشێت لە چەندین رەهەندی ژیانەوە لەم کورتە چیرۆکە بنۆڕین. لێرەدا دەگەینە ئەو هەقیقەتەیش کە ئێمەی میللەتی کورد جیا لەوەی کە خوێنەری جدیمان کەمە و ئاستی خوێندنەوە بەهۆی جیهانی عەولەمەوە (جوڵەی خێرا) کەم بووەتەوە، وەلێ نووسەر و رەخنەگری خوێنەریشمان کەمە، ئاخر ئەگەر خوێنەری جددی و نووسەر و رەخنەگری خوێنەرمان هەبێت، ناشێت بەرهەمێکی وەک (سۆفیا لۆرێن بە هەوێداری) لە چەندین دیدگەی جیاوازەوە خوێندنەوە و روانینی بۆی نەکرێت. پرۆسەی رەخنەگرتن لە قوڕ و لیتەی شارچییەتی و هاوڕێیەتی چەقیوە و چەندین ساڵە نەیتوانیوە خۆی رزگار بکات. ئاخر ئەوەی هەشە و دەشکرێت، نەبوونیان چەشنی بوونیانە! تەنانەت نالوێت هیچ دەقێکی ئەدەبی بە پێوەری چێژوەرگرتن هەڵسەنگێنین، ئاخر پێوەری چێژوەرگرتن رێژەییە. دەشێت لای تۆ ئەوە دەقەیە چێژی هەبووبێت و لای کەسێکی تر ئەو چێژەیەی نەبێت! کەسێکی تریش هیچ چێژێکی لێ نەکات. لێرەدا دەگەینە ئەو تیۆرەی کە رۆلان بارت بۆ چێژی کردووە: (ئەگەر بمەوێت دەقێک بە پێوەری چێژ هەڵسەنگێنم، ئیدی ناتوانم بڵێم کە ئەم دەقە باشە و ئەم دەقە خراپە. ئیدی نە حورمەتێک هەیە و نە رەخنەیەک)٤.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:


١.سۆفیا لۆرێن بە هەوێداری «کورتە چیرۆک» نووسینی عەباس عەبدوڵڵا یوسف. لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، لقی هەولێر، زنجیرە
(١٠)چاپی یەکەم (٢٠١١). چاپخانەی رۆژهەڵات.

٢.غەمگینم بۆ هەموو شەوێکی بێ ئەڤین- شیعر- ئیریش فرۆید، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: سیروان ڕەحیم. لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، زنجیرەی کتێبی هەنار(٢٤) ساڵی (٢٠١٠)، چاپی یەکەم.

٣.فەلسەفەی هیگڵ / د. محەمەد کەمال - فەلسەفی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگەی چاپ و پەخشی سەردەم. چاپی دووەم ٢٠٠٩. سلێمانی .لا ٣١

٤.چێژی دەق / رۆلان بارت — وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئیسماعیل زارعی. لە بڵاوکراوەکانی دەزگەی وەرگێڕان- زنجیرە (٤٦) چاپی یەکەم ٢٠٠٧ هەولێر چاپخانەی منارە. لا٣٤٧


*ناونیشانی بابەتەکەمان هەمان ناونیشانی کۆ کورتە چیرۆکەکەیە.



# دەستێکم پڕە لە باران

## بوونەوەرەکان لە قەسیدەکانی دەچن

**فتح الله حسینی**

**لە عەرەبییەوە: ئاکۆ کەریم مەعروف**

لە نوێترین کتێبە چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کتێبخانەکان، دیوانی «دەستێکم پڕە لە باران»ی شاعیر (کەژاڵ ئیبراهیم خدر) چاپ و بڵاوکرایەوە.

لەم دیوانەدا (کەژاڵ ئیبراهیم) بەر ئەزموونێکی تر دەکەوێت، پاش ئەوەی کە دیوانێکی تری بڵاوکرایەوە بەناوی (ئاونگی وەرینی گوڵەکان)ەوە.

رووبەڕووی پەرچەکردارێک وەکو زەرورەتێکی حاڵەتی شیعری تەواو دەبینەوە، هەر ئەم حاڵەتەش تایبەتمەندیی شاعیر دەردەخات لەناو ئەو خانمە شاعیرانەی کە بە شێوەیەکی گشتی شیعر دەنووسن؟

لەم دیوانە شعرییەدا ئەزموونی شاعیر بە تەنها بەوەوە نەوەستاوە کە سات و کاتێکی هەبێت وەک گریمانەیەک بۆ بارینی بەفر و شەوبۆ و چرۆکردنی گوڵە نێرگز، بەڵکو شاعیر بۆن بەو جوانییانەوە دەکات کە ڕەنگەکان بە ژیانی دەبەخشن بە مانایەکی تر یاخود بە دەربڕینێکی تر ئەم شاعیرە سێبەرێکی سەرسوڕماوە هەروەکوو بارینی باران غەمبارە».

لە بنەڕەتدا شاعیر پشت دەبەستێت بە ئاسمان بۆ نووسینی شیعرەکانی لەبەرئەوەی ئاسمان سەرچاوەیەکە بۆ بارینی بەفر و باران، هەمیشە سۆزیکی هەیە بۆ ئەو شارەی کە تێدا ژیاوە، وەکو شمشاڵێکی غەمناک ئاوازی بۆ دەچرێت کە ئەو شوێنەش قەڵادزێیەکی بریندارە، ئەو شارە بریندارەی کە بەردەوام لەسەر دەستی رژێمە سەرکوت و دیکتاتۆرەکاندا کاول و وێرانکراوە.

ئەوەتا لە دێرە شیعرێکدا کەژاڵ دەڵێت:

**چۆن سێبەری درەختێکی سەوز**
**لە خەیاڵما، لە ناخمدا، بسرمەوە**

ئەو بوونەوەرانەی لە خەیاڵی کەژاڵی شاعیردان بوونەوەری شەقامن، بوونەوەری نەبینراون، لە باشترین حاڵەتدا ئەو بوونەوەرە پڕ جووڵە و بزیون. گەشتەکانی لە گەشتی زستانەوە دەچن بە زریان و گەردەلوول و بەفربارینەوە.

هەروەک چۆن ئەم گەشتە تا سنووری دووانەی بارینی باران لەیەکدەچن.

کەژاڵ وردە وردە ئەو بوونەوەرە لە ئامێز دەگرێت کە لە خەیاڵدانیدا هەیە، بوونەوەرەکان لە لای کەژاڵ لە شیعرێکی ڕەنگاوڕەنگاو دەچن دێڕە شیعرەکانی کێڵگەیەکن لە عەشق.

ئاوازەکانی ئازاری بێ ئازارە لە شەفاعەتەکانی خودا ئەوەتا کەژاڵ دەڵێت:

**دەزانم درەختی قژم**
**هەر ڕۆژێك بێت**
**دەبێتە سەوزە گیایەکی وشك بوو**
**نە کەس دەتوانێ شانەی بکا و**
**نە کەسی تر بۆنی پێوە بکا؟**
**ئەمە قەدەری ژیانە**
**هەر ڕۆژێك بێ**
**بەدەم گرفتی ڕۆژگارەوە**
**قژی من و دەنگ و ڕەنگم**
**کۆتایی دێ؟**

کەژاڵ لە شعرەکانیدا بە وشەکانەوە دەنووسێت لەبەرئەوەی بێ ریاکاری وردە وردە بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێت، گەرچی هەندێک جار وشەکان دووبارە دەکاتەوە کە ناوەڕۆکی تێکستەکە داگیردەکات، لەگەڵ ئەوەشدا لەم دیوانە شیعرییەدا شیعرەکانی روون و ڕەنگاوڕەنگن، هەروەکو جلوبەرگی ئاڵوالای کچە شۆخە کوردەکان لە ڕۆژی نەورۆزی جوانی و خۆشیدا، لە هەر سروشتێکی کوردستانیدا ژیانێکی نوێ دەبەخشنەوە بە نەخشەیەکی پارچە پارچە کراو.

*ئەم نووسینە لە ڕۆژنامەی الاتحاد ژمارە ٢٨٥٥دا بڵاوکراوەتەوە.

# بانگەواز

# شانزەهەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ

بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ ئاگاداری سەرجەم نووسەرو ئەدیب و ڕەخنەگرو توێژەرەوان دەکات کە فێستیڤاڵی گەلاوێژ بەهەمان شێوەی ساڵانی پێشوو لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا، واتە ٢٠١٢/١١/١٥ سازدەکرێت. بۆیە لە ڕێکەوتی ٢٠١٢/٩/٥ بەدواوە تا ٢٠١٢/١٠/١٠ بەرهەمەکانی (شیعر، چیرۆک، لێکۆڵینەوە) وەردەگیرێن.

وەک دەزانن پێویستە بەرهەمەکان پێشتر بڵاونەکرابێتەوەو بەچاپکراوی بگاتە دەستمان لەڕێگەی ئەم ئەدرەسانەوە:

١. بنکەی رووناکبیریی گەلاوێژ- نزیک فولکەی خاڵەحاجی- بەرامبەر قوتابخانەی گەشەی نموونەیی.
٢. یان لەڕێگە ئەم ئیمەیڵەوە:
- hotmail.com@Bestoon٢٠٠٦
٣. ئەو بابەتانەی لەڕێگەی نوسەرانەوە بەدەستمان دەگات پێویستە لەسەر سیدی (c.d) بێت .